# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

بەرگی چوارەم

# سلێمانی
# شارە گەشاوەکەم

**بەرگی چوارەم**

جەمال بابان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەمال بابان
سلێمانی شارە گەشاوەکەم - بەرگی چوارەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٣
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٣٧ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژینک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-70-6

## پێڕست


پێشەکی ..... 9
پێشەکییەکی کورتی ئەم بەرگە ..... 13
بەرەو مێژوو "مێژووی کۆنی سلێمانی و دەوروپشتی" ..... 15
مێژووی دەربەندی بازیان ..... 17
مێژووی قەڵاچوالان ..... 21

مێژووی سەرای سلێمانی و چەند شوێنێکی تر ..... 31
مێژووی کۆنترین گەڕەکی سلێمانی و ناوی شەقام و گەڕەکەکانی ..... 40
مێژووی ئاشنایەتی بەینی سلێمانی و کفری و تێکەڵاوییەکی گەرم و گوڕ ..... 49
مێژووی تۆپەکەی رەمەزان و ئاگرکردنەوەی گڵەزەرد ..... 56

مێژوی دوانزە سوارەی مەریوان و هەندێک لە نەوەکانیان ..... 63
شاری سلێمانی لەناو بێشکەی چەرخی وریابوونەوەی نوێدا ..... 75
مێژووی ئەو شارەی بۆ ئێمە دەژی ..... 79
مێژووی هێرشی رۆمی بۆسەر سلێمانی و بەرگریی ئافرەت ..... 82
مێژووی دوو سەد ساڵ و چەند رۆژێکی لەمەوبەری.. شار ..... 97

مێژووی پیرەکانی سلێمانی و خانەقاکان و چوونە حەج ..... 107
مێژووی (پیر)ەکانی سلێمانی و دەوروپشتی ..... 109
مێژووی سێ خانەقاکەی سلێمانی ..... 116
مێژووی حەج (چوونە ماڵی خوا) ..... 123

مێژوو- ژمارە ..... 126
مێژووی: بنیاتنانی شاری سلێمانی و بەراوردکردنی... ..... 127
ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی لە سەرەتاوە تا ئەم دوایییە و... ..... 129

دائیرەی نفوس (بەڕێوەبەرێتی رەگەزنامەی باری شارستانی سلێمانی) ......... 134
حوکمدارەکان- موتەسەریف- پارێزەرانی سلێمانی ........ 136
ئەو تۆمۆبیلانەی لە بەڕێوەبەرێتی هاتۆچۆی سلێمانی تۆرمارکراون ........ 141
ڕێژەی باران لە سلێمانی و دەوروپشتی بەتایبەتی لە ساڵەکانی... ........ 149

مێژووی کاروباری ئابووری و رامیاری لە سلێمانیدا ........ 153
مێژووی ئابووری و بازرگانیی سلێمانی ........ 155
شەڕی گەورەی دووەم ........ 166
پارەی کۆن لە شارا ........ 167
زەمانی عوسمانی ........ 168
پوول و رەصیدی بانقە نوط ........ 172
حەواڵەی پارە و (بانق) ........ 172
لێبوردنی رامیاری- لای خۆمان (عفوی سیاسی) ........ 173
مێژووی هەڵسانی ژنی لای خۆمان بە ئیش و کاری سیاسی و دبلۆماسی ...... 178

مێژووی دەستپێکردنی خوێندەواری. نۆشداری و تەندروستی ........ 183
مێژووی خوێندەواری و قوتابخانە لە سلێمانیدا ........ 185
مێژووی دادگا و دادوەرانی سلێمانی ........ 246
مێژووی زانکۆی سلێمانی ........ 261
مێژووی جەندرمە و زەفتیە و پۆلیسی سلێمانی ........ 274
مێژووی شارەوانی سلێمانی ........ 281
مێژووی بەرید (پۆستەخانە)ی سلێمانی ........ 296
مێژووی کارەبا (الکتریق)ی سلێمانی ........ 299
مێژووی دایەرەی کشتوکاڵی سلێمانی ........ 304

مێژووی هاتنی برا دیانەکانمان بۆ سلێمانی ........ 317
مێژووی هاتنی خێزانەکەی (ریچ) بۆ سلێمانی ........ 319
هاتنی مینۆرسکی بۆ سلێمانی ........ 326
بەشی کۆمەڵایەتی-٢ ........ 339

مێژووی شەریفەکانی سلێمانی ........ 341
ژنە دەستڕەنگینەکانی سلێمانی ........ 366
مێژووی ئاهەنگگێڕان بە تەمەنی بیست ساڵەی ژینەوە ........ 378
مێژووی سندووقی دنیا و سینەماکانی سلێمانی ........ 387
بحر الأنساب بۆ حضور عموم سادات کردستان روم و عجم تقدیم ........ 394
مێژووی سەیرانگاکانی سلێمانی ........ 398
مێژووی ئەو (یاری)یانەی روو لە نەمانن ........ 401
ئەو کار و پیشانەی روو لە نەمانن یاخۆ نەماون ........ 404

مێژووی سلێمانی لە روانگەی شیعرەوە ........ 411
تۆزێکی تریش خۆپەرستی لە روانگەی بەراوردکارییەوە ........ 442
مێژووی هەندێک لە رووداو و بەسەرهاتی سلێمانی ........ 461

مێژووی کۆنی سلێمانی و دەوروپشتی: دەربەندی بازیان، قەڵاچوالان، سەیوان، گردی یارە، مێژووی: گەڕەکی مەڵکەنی، گۆیژە، چوارباخ، سابوونکەران، تۆپەکەی رەمەزان و ئاگری گڵەزەردە.

مێژووی: دوانزە سوارەی مەریوان و ناوی سوارەکان و ئەو بنەماڵانەی لەوانن، هێرشی رۆمی بۆ سەر سلێمانی و بەرگریی ئافتاو و خونچە کوڕانی، مێژووی دایەرەکان، دادگا، قوتابخانەکان، تەندروستی، پۆلیسخانە، شارەوانی، تاپۆ..

بەشی دووەم لە بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی و گەلێک شتی تری نوێ و نەبیستراو دەخوێنیتەوە.

## پێشەکی

پێشەکی بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم

دەمێک بوو بیرم لە نووسینی نەک هەر مێژووی سلێمانی دەکردەوە، بەڵکو هەوڵم دەدا تا بتوانم لەسەر هەموو رووپەکی ئەم شارە خۆشەویستەمان بنووسم. کە دەڵێم (دەمێکە) واتا لە چەندەها ساڵ لەمەو پێشەوە، من دەستم داوەتە کەرەستە کۆکردنەوە، لەو رۆژانەوە کە بەڕێوەبەری ناحیە بووم لە ناوچەی کوردستاندا، کە پەیتا پەیتا (نامەم بۆ شارەزایان و پیاوە بەتەمەنەکان و ئەو کەسانەی کە شتیان لایە) دەنارد، داوای مێژووی شارەکە، مێژووی بنەماڵە کۆنەکانی شار، مێژووی گەڕەکەکان و هۆی ناونانیان بەو ناوانەوە کە هەیانە.. شوێنی دێرین، ڕێگای هاتوچۆ.. هەتا دوایی. ئێستا بە دەیەها ئەو وەڵامانەم لایە و هەڵمگرتوون، ئەمە جگە لەوەی کە خۆم جارجار سەری شارم دەدایەوە، سەردانی گەلێک ماڵ و دیوەخانم دەکرد، بۆ قسە وەرگرتن لە دەم زانا و بیرتیژەکان، سەرەڕای چاوخشاندن بە چەندەها سەرچاوەدا لەوانەی کە زانیبێتم لەم رووەوە سوودیان هەیە.

بەمجۆرە لەم ماوەیەدا گەلێک شتی بەنرخم کۆ کردووەتەوە، بەڵام هەر کە ئاوڕیشم دایەوە روانیم وا:

ناوچەوان مەیلی سەر ئەژنۆ ئەکات
کڕنووشی تعظیم بۆ پیریی ئەبات[1]

---

١- بەکورتی باسەکان لە ئەنجامدا هاتنە سەر ئەوەی کەوا لەشکری ئینگلیز کە هاتووە بەرەو دەربەند، خەریتەی سوپایی و تۆبۆگرافی و زانیاریی تری تەواویان پێ بووە و پێویستی بەوە نەکردووە کە موشیری حەمەی سلێمان ڕێگایان پێشان بدا. گوایە=

له کاتێکدا کە هێشتا منیش هیچم بە ئەنجام نەگەیاندووە، بۆیە منیش کەوتمە خۆم.

بەڵێ هەرچەندە لەو ماوەیەدا هەر وا دانەنیشتووم، چەندەها پەرتووک و نووسینم لە خوێندەواری بەڕێز پێشکێش کردووە کە بە دەستیان گەیشتووە و هەندێکیشم ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام بەلای منەوە هیچیان نرخی ئەم پەرتووکەیان نییە، کە پێوەندی بە دایکێکی دڵسۆز و بەڕێزەوە هەیە، کە ئێمەی گۆش کردووە و لە باوەشیا گەورە بووین تا لەم خەم ڕەخساندوینی بەرەڵلای نەکردووین، ئەی گوایە دڵسۆزیی ئێمە و پاداشتدانەوەمان بەرامبەر ئەو دەبێ چی بێ و چەند بێ؟ لە ڕاستیدا هەرچییەک بکەین هێشتا هەر کەمە، بەڵام لەهەمان کاتدا (کاڵا لە قەد باڵا) و بەگوێرەی توانا، خوای گەورەش دەفەرموێ (لا یكف الله نفسا الا وسعها).

کەم شار هەن لە عێراقدا، لەوانە لە ریزی سلێمانیدان یاخۆ خوارتریش هەریەکە کتێبێک یاخۆ کتێبەهای لەسەر نە نووسرابێت و دەرنەچووبێت، جا ئایا سلێمانی، ئەم شارە نازدارە گەشاوەیەمان ئەوە هەڵناگرێ کە رۆڵەکانی بیخەنە ریزی ئەو شارانەی تری وڵاتەکەمانەوە نەک چەپکە گوڵێک بگرە بە سەبەتەی خنجیلانە گوڵی بۆنخۆش و جوان و ڕەنگاوڕەنگی پێشکێش بکەن، لە خۆشی و ناخۆشییا دەست بە سنگەوە لە خزمەتیا بن، زیاتر لەوەش

---

= ئینگلیزەکان لەکاتی خۆیدا (وەک دەڵێن بست بە بستی وڵاتەکەیان پێواوە) و هەموو (احداثیات) و (خەتێکیان لەسەر خەریتە) کێشاوە و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی خۆیان جووڵاونەتەوە نەک بە دوای مشیر ئاغای هەمەوەند کەوتبن.

بەم حسابە کەوابوو بۆیە مشیر ئاغا لێرەدا گوناهبار کراوە: یەکەم لەبەر ئەوەی بەینی لەگەڵ شێخدا سارد بووە و پێوەندییان نەبووە. دووهەم لەبەر ئەوەی هەمەوەند ئەوسا و بگرە تا ئێستاش لە چەمچەماڵەوە بیگرە تاکو بازیانیان تەنیبووەوە و تێدا دانیشتبوون کە مشیر ئاغاش یەکێک بووە لەوانە و لەم چمکەوە ئەم گلەییە رووی تێ کردووە.

بەهەرحاڵ ئەم باسە کاتێکی زۆری دەوێ تا بە لایەکدا ساغ دەبێتەوە..!!

خۆیانی فیدا بکەن.

مێژوونووسی پایە بڵند و مەزنی کورد خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ، یەکەم کەس بوو لەم رووەوە دەستپێشکەری کرد، هەر چەندە ئێمەمانان حەددمان نییە بەو بین یاخۆ رەخنە لەو بگرین، بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە ئەو زیاتر لە رووی مێژووەوە لە سلێمانی دواوە، دوای ئەویش شت زۆر لەسەر شارەکە نووسرا، بەڵام وەک پەرتووک لەم دواییەدا (شاری سلێمانی)یەکەی کاک ئەکرەمی مەحموودی صاڵحی رەشە بوو کە بە دوو بەرگ دەرچوو، کە بەڕاستی کۆششێکی بێ وێنە بوو، ئەو هەرچەندە خۆی دانی پیادەنێ کە ئەم کارە ئیشی ئەو نەبوو، بەڵام خۆشەویستی شارەکە و حەزی لە فۆلکلۆر و گەلێک ئارەزووی تر پاڵیان پێوەنا کە کەرەسە کۆ بکاتەوە و لەگەڵ یارمەتیی کاکی قەڵەم رەنگین د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ دایبڕێژنە ئەو قاڵبە رێکوپێکەوە کە بەڕاستی سەرچاوەیەکی باشە، جگە لەوەی وەک (أرشيف)یش کەلێنێکی باشی پڕ کردووەتەوە..

ئومێد دەکەین ئەم کارانەی ئێمەش لە خانەخۆیاندا کەلێنێک پڕ بکەنەوە. ئێمە هەرگیز ناڵێین ئەم کارانە تەواون، هەر لەبەر ئەوەش لە کەموکوڕی داوای لێبووردن دەکەین چونکە هەر ئەوەندەمان لە بارا بوو. ئومێد دەکەین هەڤاڵانی تر لە خوشک و برا، ئەوەندەی پێیان دەکرێ کەمتەرخەمی نەکەن، هەر کەسە لەلای خۆیەوە هەوڵی خزمەتی شارەکە بدەن تاکو ئەوەندەی تر بگەشێتەوە و پێشکەوێ... باقییەکەی دەست لە دەست و هێز لە خوای گەورە.

تکایەکم هەیە کە خۆم ناگرم ئەگەر هەمیشە دووپاتی نەکەمەوە، لەم نووسینانەمدا کە پێوەندییان بە بابانەکانەوە هەیە، داوای ئەوە دەکەم کە خۆ هەڵکێشانم نەدرێتە پاڵ، بە ناوبردنی باو و باپیرانەوە، چونکە من باسی مێژوو دەکەم وەک نووسەرێک، لام وایە لە پێش هەموو کەسێکیشدا من رەخنەم لەو بابانانە گرتووە کە کارێکی نابەجێیان کردبێ هەروەک لە دووتوێی ئەم بەرگە و بەرگەکانی ترا دەردەکەوێت، جگە لەوەی (نان ئەو

نانەیە، ئەمڕۆ لە خوانە).

بەخۆڕایی لەسەر بەرگی هەر چوار بەرگەکانی ئەم پەرتووکە نەموتووە (سلێمانی: شارە گەشاوەکەم)، بەڕاستی سلێمانی گەشاوەیە بە شوێنی جوغرافی، خاک پاک و بەهێزی، ئاو و هەوای خۆش و باخ و گوڵ و دار و دارستانی، شاخ و دۆڵ و چیای سەرکەشی، پێگەیاندنی سەدەها پیاوی گەورە و بە شکۆ و لێهاتوو لە هەموو روویەکەوە، گەشاوەیە بە دانیشتوانی و شاعیر و ئەدیب و نووسەر و زانا و داناکانیەوە... گەشاوەیە بەڕوومەتی ئاڵ و گەشاوە و قژی کاڵ و چاوی کەژاڵی ئافرەتی جوان و سەلاریەوە... گەشاوەیە بەو رۆڵانەیەوە کە روو لە هەرکوێ بکەن ئاوای دەکەنەوە و دەردەکەون و شان بەشانی رۆڵە پێشکەوتووەکانی جیهان و دراوسێکانی دەڕۆن.

## پێشەکییەکی کورتی ئەم بەرگە

باسەکانی ئەم بەرگە زیاتر لە بەرگەکانی تر مێژووییتر و ئەوەندەی لە توانادا بووبێت هەر باسە لە سەرەتاوە دەست پێ کراوە:

هەر یەکێکیان کەم تا زۆر بەم دەورانەی حوکمی شاری سلێمانییا تێپەڕیون:

١- ڕۆژگاری حوکمی بابانەکان (١٧٨٤-١٨٥٠).

٢- دەسەڵاتی عوسمانییەکان (١٨٥٠-١٩١٧).

٣- سەردەمی ئینگلیز.

٤- سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود.

٥- حوکمی نیشتمانیی عێراق (لە ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە).

ڕەنگ هەیە ڕەخنەمان لەوە لێ بگیرێ کە ئەم باسانە دووپاتکردنەوەی هەندێک لە نووسینەکانی بەرگەکانی پێشوون. بۆیە دەڵێین. ئەمە بۆ ئەوە نییە کە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی پێ زیاد بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە زنجیرەی هەر باسێک بەگوێرەی توانا لە بازنەی ئەو ڕۆژگارانەی حوکمی ئەم دەست و ئەو دەستی شارەکە دەرنەچێت و هەمووی بگرێتەوە کە ئەمەش دوور نییە ببێت بە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە شارەکە.

هەندێک لەو نووسینانەی لەم بەرگەدان بە قەڵەمی ڕەنگینی نووسەرە ئازیزەکانمانن.. جا لەبەر ئەوەی کە هەریەکە سوودی خۆی هەیە، بۆیە لێرەدا کۆمان کردوونەتەوە و پێشکێشمان کردوون. ئەوەندەی بۆمان ڕەخسابێت خۆمان لە پەراوێز دوور خستووەتەوە چونکە بەڕاستی

سەریەشەی بۆ خوێندەوار تێدایە.

ئەمـێنێـتـە سـەر ئـیـمـلا و نـووسـیـنـی ناوەکـان کـە جـاروبار رەنگ هەیە جـیـاوازییـان لەگـەڵ یـەکـدا هەبێ، ئەوەش چـونکە بـەداخــەوە تا ئێـسـتـا ئیملایەکی یەکگرتوو نەچەسپاوە.

لەهەمـان کـاتدا ئەگـەر کـەمـوکـورییـەک یا زیاد و کـەمـێک هەبێ، داوای لێبووردن دەکەم.

لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە ئەم شـارە خۆشـەویستـەمان گەشـاوەتر بکات و دانیـشـتـوانی خـێـری لێ ببـینن. دیسـانەوە لە یەزدانی پاک داوا دەکـەم نیشتمانی عێراقمان و میللەتەکەی لە (وەی) و دەستدرێژیی دوژمن و ناحەز بەدوور کات و هەرگیز هەر بەرەو ئاسۆی خۆشـی و کامەرانی بڕوات.

جەمال بابان - ٢٠٠١/٧/١

# بەرەو مێژوو

## "مێژووی کۆنی سلێمانی و دەوروپشتی"

دەربەندی بازیان- قەڵاچوالان- گردی سەیوان و مامەیارە-

## مێژووی دەربەندی بازیان

## ( .. بابێت .. ئاق دەربەند .. دەمیرە قاپو . ) و بەردەقارەمان

ئەم دەربەندە قاپییەک یاخۆ دەرگایەکە لەگەڵ چەند دەربەندێکی تردا لە زنجیرە شاخی قەرەداغ کە لەم دەربەندەوە دەست پێ دەکات و لە دەربەندی خان کۆتاییپیان دێ. ئەو دەربەندانەش ئەمانەن کە لە ڕۆئاواوە دەست پێ دەکەن بەرەو ڕۆهەڵات:

دەربەندی بازیان، دەربەندی سەگرمە، دەربەند جافەران، دەربەندگۆشان، دەربەند داری زەرد، دەربەند ئەستێل، دەربەند گاوور (تەکیە)، دەربەند باسەڕە، پەیکۆڵی و دەربەندیخان.

لە بەینی ئەم دوو زنجیرە شاخانەی قەرەداغدا و لە بەینی دەربەند سەگرمە و داری زەردا چەم و مێرگ و مێرغوزارێک هەیە کە پێی دەڵێن (قۆپی قەرەداغ) کە بە فێنکی و کانی و ئاوی زۆر و داری سەوزی گەورە بەناوبانگە.

ناوی ئەم (قۆپی) و (باسەڕە)یە لە نووسینی کۆنی سەر پێستدا هاتووە بە زمانی یۆنانی و فارسی و ئەشکانی کە لەناو گۆزەیەکدا لە چیای هەورامان دۆزراوەتەوە و ئێستا لە (متحف)ی بەریتانیادایە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش هاتنی عیسا پێغەمبەر.

لە دەربەندی بازیاندا دیوار و دەرگا هەبووە کە کاتی خۆی دروست کراون، جگە لە خانێک بۆ وڵاخ و بیرو ئاویشی تێدا بووە. نۆبەچی تێدا بووە کە بۆ پاسەوانیەتی دەربەندەکە و باجگریشی لێ بووە.

ئەم دەربەندە لە سەدە مێژووییە کۆنەکاندا ناوی هەبووە و زیاتر لە

یەکێک لە داگیرکەران لە بابەتی پاشاکانی ئاشوور بەتایبەتی (ئاشوور ناسر پاڵ)ی دووەم گوزەریان پێدا کردووە و ناوە کۆنەکەی (بابیتا)یە لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا، هەر لەم شوێنەدا شەڕی گەورەگەورە لە مێژووی کۆن و نوێدا رووی داوە شەڕەکانی ئەورەحمان پاشای بابان و شێخ مەحموود بەڵگەی ئەم قسەیەن.

مامۆستای گەورە خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبی دەڵێت:

کۆنترین ناو لە مێژووی ئیسلامدا بۆ دەربەندی بازیان هاتبێ لە (نزهة القلوب- حمدالله المستوفي ٧٣٤هـ ١٣٣٣ز) کە بە (دەربەندی خەلیفە) ناوی دەبات کە ئەمەش ناوێکی (باطنیة) چونکە (خلیفە) لای ئیسماعیلییەکان بە (امام) دەوترا بەوەدا کە خەلیفەی خوایە لە جیهاندا.

دوای ئەوە دەڵێت:

لە مێژووی عوسمانییەکاندا وەک (دولت عثمانیه تاریخی - گۆڕینی بۆ تورکی لەلایەن محەمەد عەتاوە ئەویش لە هامری وەرگرتووە) ئەم دەربەندە بە (مضیق ایمان شاه) ناوبراوە چونکە ساڵی ٩٤١ک (١٥٣٤ز) سوڵتان سولەیمان قانوونی گوزەری پێدا کردووە. بە بڕوای مامۆستا وەهبی (ایمان)ە کە هەر لە (امام)ەوە، وەرگیراوە بەوەدا کە ناوێکی (باطنیة) و ئەو سەردەمە (باطنیه اسماعیلیه)کان لەو ناوەدا زۆر بوون.

هەروەها مامۆستا وەهبی دەفەرموێت: مێژووی نادر شا کە (جهان گشای نادری)یەو (میرزا مهدی خان) بە فارسی دایناوە ئەم دەربەندە بە (آق دەربەند) واتا (دەربەندی سپی) ناو دەبات بەوەدا کە بەردەکانی سپی بوون. و هەروەها لە سەردەمێکدا تورکەکان (دەمیر قاپو) (قاپی ئاسن)یشیان پێ وتووە. (توفیق وهبي سفرة الی ملەی تاسلوجه).

جگە لە ئاشوورییەکان کە وەک داگیرکەر بەم دەربەندەدا تێ پەڕیون و خواش دەزانێ چەند شەڕ و هەرا و بگری تر لەم شوێنەدا رووی داوە، تا

سەردەمی حوکمی عوسمانییەکان.. ئەوسا و لە سەردەمی والی بەغداد سلێمان پاشا کە لە مانگی دوودا بەهاری ساڵی ١٢٢٣ک (١٨٠٧ز) لەشکرێکی سەد هەزار کەسی ناردە سەر ئەو ڕەحمان پاشای بابان چونکە پاشای بابان بە بۆنەی دانیشتنی ئەو والییە لەسەر تەختی والییەتی نەچووبوو بۆ پیرۆزبایی، پاشای بابانیش کە بەمەی زانی خۆی کۆ کردەوە و لەشکرێکی دوو هەزار کەسی ناردە دەربەندی بازیان لەوێ خۆی و لەشکرەکەی دەستیان کرد بە قایمکاریی دەربەندەکە، تا لەگەڵ لەشکری والییا دەستەویەخە بوونەوە. ئەو ئازایەتی و قارەمانیەتییەی لە لەشکری کورد دەگێڕنەوە لەم شەڕەدا کە چۆن بەو ژمارە کەمەیانەوە ئەوەندەی نەمابوو لەشکری والی تەفروتوونا بکەن هەریەکە بەلایەکدا، تاکو لەدوا کاتدا هەندێک لە لادێییەکانی ئەو ناوە، ڕێگا لە چەند دۆڵێکەوە پێشانی لەشکری والی دەدەن و پێیدا دەڕۆن، کە لەو سەرەوە دەردەچن، ئەوسا تەنگ بە لەشکری کورد هەڵدەچنن، ناچار پاشا بە خۆی و باقی لەشکرەکەیەوە دەگەڕێتەوە دواوە و لەوێوە ڕوو دەکاتە ئێران.

تا ئەم دواییەش هەر دەوترا کەوا مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە، بەرامبەر بە شەڕەکەی شێخ مەحموود لە دەربەندا دژی هێزەکانی ئینگلیز ساڵی ١٩١٩ کەوا ئەویش بە لەشکرەکەیەوە تەنگی بەهێزی ئینگلیز هەڵچنیبوو و ئەوەندەی نەمابوو بڵاوەیان پێ بکات، ئەگەر موشیری حەمەی سلێمان کە یەکێک بوو لە بەگزادەکانی هەمەوەند کە بەینی لەگەڵ شێخدا باش نەبوو، گوایە ئەو ڕێگای لە پشت دەربەندەکەوە پێشانی ئینگلیزەکان داوە کە پێیدا هاتوونە ئەم دیوەوە و دەوری لەشکری شێخیان داوە و شێخ خۆیشی بە برینداری لە پەنا بەردێکی گەورەدا لە دەربەندەکەدا خۆی حەشار داوە، هەر بەهۆی مشیر یا پیاوەکانییەوە لەوێدا بە یەخسیر دەگیرێ و دەبرێ بۆ بەغدا.. لەو ڕۆژەوە ئەو بەردە ناونراوە (بەردە قارەمان).

لێکچوواندنەکەی مامۆستا رەفیق حلمی زۆر بەجێیە کە لێرەدا دەڵێت:

"کردەوەی موشیر کارەساتی دەربەندی تەرمۆبیل ئەخاتەوە یاد (گوایە کە لەشکری ئێران ئەچێتە سەر یۆنانستان و لە (تاسالیا) ئەگاتە بەردەمی دەربەندی تەرمۆبیل لە (ئوینداس)ی قارەمانی اسپارطە بە سێسەد کەسەوە دێت و ڕێی پێ دەگرێت و گوێ ناداتە هەڕەشە و گوڕەشەی شای ئێران.

بەڵام (افیالت)ی اسپارطەیی ڕێگا پێشانی لەشکری ئێران ئەداو لە دەربەندەکە دەیان کات بەو دیوا".

(یادداشت ل١٢٦ بەشی٢ بەرگی یەکەم).

ئەم کردەوەی موشیری حەمەی سلێمان لەم دوایییەدا خرایە بەر شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەتایبەتی لە چەند ژمارەیەکی کۆواری (ڕەنگین) دا و لە بەڕێز د. کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە دەستی پێ کرد و چەند کەسێکی تر بەدوایدا.[1]

---

١. شیعری مەولەوی وەرگێڕانی پیرەمێردە.

## مێژووی قەڵاچوالان

قەڵاچوالان شوێنێکی مێژوویینی گەلێک دێرینە، دەکەوێتە بەشی ژووروو لە ڕۆهەڵاتی سلێمانی و (٣٠) کیلۆمەتر لێوەی دوورە و بە ئەزمەردا بۆی سەردەکەوێ.

قەڵاچوالان لە بەینی ساڵەکانی (١٠٨٠–١١٩٩)ک بەرامبەر بە (١٦٦٩–١٧٨٤ز) پایەتەختی میرنشینیی بابانەکان بووە، تا لە ساڵی ١١٩٩/١٧٨٤ برایم پاشای بابان سلێمانی دروستی کرد و پایەتەختی میرنشینییەکەی گواستەوە سلێمانی. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کەوا قەڵاچوالان پێش بابانەکان نەبووە یاخۆ مێژووی ونە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ناوی قەڵاچوالان لە زۆر کتێب و سەرچاوەدا هاتووە. یەکێک لەوانە کتێبی (کوردستان و ئاینی ئیسلام) کە تیایدا هاتووە دەڵێت: قەعقاع کوڕی عومەر کە یەکێک بووە لە پێشەوای سوپای ئیسلام لەکاتی داگیرکردنی وڵاتاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بیستوویەتی کە لە (قرەجولان) پاشایەک بووە ناوی (جاجور) بووە زۆر بڕوای بەخۆی بووە.

ئەو دەستخەتەی کە ئەو کتێبەی لەسەر چاپ کراوە، هەندێکی بە زمانی واقری و ئەوی تری بە زمان کابرایەکەوەیە کە دەیگێڕێتەوە. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مێژووی قەڵاچوالان دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام.

بەڵام ئایا ناوی قەڵاچوالان لە چییەوە هاتووە؟

– هەندێک دەڵێن لە (قەلاچۆ)وە هاتووە کە بەڵگەشیان دەستدرێژی ئێرانییەکانە و بەتایبەتی نادر شای ئەفشار کە بە وڵاتەکەدا تێ پەڕیوە هەمووی وێران کردووە و زۆر خەڵکەکەی کوشتووە، بەڵام (قەرەجولان)

بەوەدا کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، لەبەر ئەوە ئەم رایە زۆر پشتی پێ نابەسترێ.

هەندێکی تر ناوەکەی جیا دەکەنەوە (قەڵا)ی (چواله) کە ئەمەیش هیچ بەڵگەیەکی چەسپاوی نییە.

- مامۆستای گەورە خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبی لەم بابەتەوە دەڵێت: بە رواڵەتی ناوەکەدا قەڵاچوالان، قەڵای چواله دەگرێتەوە بەڵام لە (مێژووی جودت پاشا)دا لە شێوەی (قەرە چولان)دا هاتووە هەروەها لە کتێبەکەی (ریچ)دا هەر بەو شێوەیە هاتووە.

ئەم ناوە لە بنچینەدا لە (قەراجور-ی ژن) بەڵام لامەکە بووە بە (ڕ). ئینجا ئایا (قەراجور) چییە و چی دەگەیەنێ؟

مامۆستا وەهبی خۆی وەڵام دەداتەوە دەڵێت: بەگوێرەی قسەی (پروفیسور ولیدی) جۆرێک (شێر)ی کۆن لە تورکیادا بووە، بەناوی (قاراجۆی) لە ناوچەی (کوک تورک). ئینجا دەڵێت (قارا) هەرچەند بە ڕەش دەوترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە واتای (زۆردار و تۆقێنەر و بەهێز) دێ وەک (کەڵەپیاو، کەڵەگا، کەڵەشێر). بەشی دووەم (جۆر)ە کە خۆی وشەیەکی هندی- ئێرانییە و لە سانسکریتیشدا (جهور-یکا) بە واتای چەقۆ دێت و لە ئاویستادا (سووره) بە واتای (شێر) دێت. ئینجا دەڵێت وشەی (قاراجوری) لە فەرهەنگی (برهان قاطع)دا سێ واتای هەیە (شێر) و (شێرهەڵگر) و (پێش- برِکێ- سباق) هەر لەو فەرهەنگەدا بە واتای (شێری پۆڵایین) و قراجوریش بە واتای (شیری درێژ و شیر هەڵگر) هاتووە.

دوای ئەمانە هەمووی دەڵێت: قەڵاچوالان لە (قەراچوران)ەوە هاتووە و (قاراچور) ناوی جۆرە (شێر)ێکە و (قەڵاچۆ) بە واتای فەوتاندن (أبادە) دێت، ئیتر ئەو فەوتاندن و قەڵاچۆکردنە بە (شیری قاراجۆر) بێت یاخۆ بە تیر و کەوان و رم بێت (اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة. جمال بابان.

مطبعة الاجيال ١٩٨٩. ل٢٣٣-٢٣٧).

مستر ریچ لە بابەت قەڵاچوالانەوە دەڵێت:

ناوەندی ناوچەی کۆنە لە ئەیالەتی شارەزوور (ل٤٦).

لەبابەتی چەمی قـەڵاچوالانیـشـەوە دەڵێت: ئەم چەمـە هەر چەمـی (تان کـووزی)یە کـە بـە قـەڵاچـوالاندا تێ دەپـەڕێ و لە دواییـدا تێکەڵ بە چـەمی (حـریر) دەبێت و دەرژێتـە (زێی کۆپری)یەوە لـە شوێنێکی تـردا دەڵێت: سمـە پاشـا و عومـەر پاشـا لە ژێر دارە گەورەکەی قـەڵاچوالاندا کوژران (ل١١٦و ٣٢٦).

– مـەبەستی لە تان گۆزی (تاوگۆزی)یەو لـە (زێی کـۆپری) مـەبەست (زێی کۆیە)یە.

### قەڵاچوالان لە کتێبی شێخ محەمەدی خاڵدا

خـوا لێـخـۆشـبـوو شێـخ مـحـەمـەدی خـاڵ لە کـتـێبی (الشـیخ مـعروف النودهي البـرزنجي، مطبـعـة التمـدن، بغـداد ١٩٦١)دا لە بابەت قـەڵاچوالانەوە دەڵێت: قـەڵاچوالان شارۆچکەیەکی گەورە بوو پێش دروسـتکردنی شـاری سلێمـانی. لەو کـاتەوە ئەمـارەتی بابان بـووە قەڵاچـوالان پایەتەخـتـیـان بووە. جگە لەوەی شـاری زانین و زانایان بووە، خـەڵک لە هـەموو لایەکی کوردسـتـانەوە رووی تێ دەکرد، مـزگەوت و قـوتابخـانەی زۆری تێدا بووە. خانووی مـیرەکـانی بابان و گـەورە پیـاوان و ناسـراوان و زانایـانی تێدا بووە. کـتـێبـخـانە بەناوبانگەکـەی بابانەکـانی تێدا بووە، کـە دەسـتـخـەتی دانسـقـەی بە عـەرەبی و فـارسـی تێدا بووە. پیـاوی خـەتخـۆش بۆ شـوێنە دوورەکان وەک قاهـیـرە و مەککەو سـەنعا و تاران و ئەسفەهـان دەنێررا بۆ کڕینی کتێب و نووسینەوەیان ئەو کتێبخـانەیە نزیکەی شـەش هـەزار بەرگی لە کتێبە دانسقەکان تێدابوو، چونکە میرەکانی بابان حـەزیان لە زانیـاری و شـیـعر و ئـەدەب بوو. یارمـەتی زانـا و شـاعـیـر و قـوتابخـانە و مـزگەوتـەکانیـان دەدا و هەتا بیـانتـوانیـایە دایەرەی زانیـارییـان

فراوان دەکرد.

هەر مزگەوتێک لە مزگەوتەکانی قەڵاچوالان زانایەکی ئاینی بەسەرەوە بوو کە ئەرکی پێش نوێژی و وانە وتنەوەی دەگرتە ئەستۆ لە ڕێی خوادا و بێ ئەوەی چاوی لە پاداشتەوە بێ و بۆ خۆشی بە ئارەقی ناوچەوانی، خۆی ماڵ و منداڵی بەڕێوە دەبرد. بەڵکو ئەرکی بەخێوکردنی قوتابییەکانیشی دەگرتە ئەستۆ.

بەمجۆرە کۆمەڵێک زانای بەناوبانگی تێدا هەڵکەوت لە بەرزنجەیی و جوڕی و مەردۆخەیی و قزڵجی.. بەمجۆرە قەڵاچوالان مایەوە تا برایم پاشای بابان کوڕی ئەحمەد پاشا لەساڵی ١١٩٩ک ١٧٨٤ز شاری سلێمانی دروست کرد و پایتەختی میرنشینی بابانی بۆ ئەم شارە نوێیە گواستەوە.

دوای گواستنەوەی پایتەختی بۆ شاری نوێی سلێمانی، قەڵاچوالان رووی کردە کزی و بەدەست جەوری ڕۆژگارەوە دەینالاند..

ساڵی ١٩٥٤ من و خوا لێخۆشبوو مەلا نەجمەدین بۆ زیارەتی ئەم شوێنە مێژووییە چووین، بەڵام چی ببینین؟

لە گۆڕستانێک کە کێلی گۆڕەکانی روویان کردبووە حەوا وەک شکات بەرنە بەر عاسمان و نارەزایی خۆیان لە کەسوکاری مردووەکانی ناو قەبرەکان دەرببڕن.. کە بۆچی وایان بەسەر ئەو شارە گەورەیە هێنا کە مابووەوە چەند کووخێک لە گوێ چەمەکە، لەوە زیاتر هیچمان نەدی.

دوای ئەوەی کە دروستکردنی (کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون- الجمعیات السکنیة) دەستی پێ کرد ئەو پرۆژەیە قەڵاچوالانیشی گرتەوە، بەوە قەڵەباڵغی تۆزێک بەخۆیەوە دییەوە.

قەڵاچوالانی ئەمڕۆ وەک جارانی لە هەموو سەرێکەوە لێ هاتووەتەوە و دەستی بەخۆیا هێناوەتەوە.

**مێژووی گردی سەیوان و گردی یارە..**

گردی سەیوان کۆنترین دۆست و فیداکاری شاری سلێمانی بووە. هەرچەند لەوەپێش ڕەز و باخ و جۆرەها میوەجاتی تێدا بەرهەم هێنراوە. بەڵام هەر زوو گەردنی خۆی کردەوە و سنگی خۆی دایە بەر پیک و پاچ و خاکەنازی گۆڕهەڵکەن تاکو رۆڵەکانی شارەکەی تێدا بگرێتە باوەش.

سەیوان بەواتای چەتر دێت. ناوەکەش هەر بریتییە لە خۆفیداکردن و هەڵگرتنی ئاڵای پاراستن لە سەرماو گەرما و بەفر و باران و رووداوی تر. بێگومان سەیوان لەوەپێش واتا پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی باخ و باخات بووە. لەم بۆچوونەماندا مامۆستای خوا لێخۆشبوو عومەر عەبدولڕەحیم لەگەڵماندایە. ئەوەتا لە کۆواری کاروانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٩٨٥دا لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەی دوو سەد ساڵەی بنیاتی سلێمانیدا چیرۆکەکەی بەمجۆرە هێناوەتەوە:

(پاشا و سوارەکانی دوای پشوودانێکی یەک دوو سەعاتی دیسان سوار دەبنەوە و بە دەستە چەپدا پێچ دەکەنەوە بۆ لای گردی سەیوان، گردی سەیوان ئەوسا باخ و ڕەز بووە. بەشێوەیەکی ئەندازیارانە لەکانی شەکراوی لای هۆمەرە کوێرەوە ئاویان بۆ ڕاکێشاوە..).

بەڵام (جیمس بیللی فریز) کە گەشتیارێکی ئینگلیز بووە، کتێبی (رحلة في كردستان وما بين النهرين)ی لە لەندەن ساڵی ١٨٤٠ دەرکردووە. لە تەورێزەوە هاتووە لە ٢١ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٤دا هاتووەتە سلێمانی لە کاتێکدا کە سلێمان پاشای بابان فەرمانڕەوا بووە. چووەتە سەر یەکێک لەو دوو گردەی نزیک شارەکە بۆ ئەوەی لە بەرزییەوە سلێمانی ببینێت دەڵێ: (.. گوێم لە دەنگی ژنێک بوو، کە بە دەنگی بەرز ئەگریا و دەیلاوانەوە و بەدەست ئەیدا بە خۆیا و خەریکی ڕێکخستنی گۆڕێک بوو لە بەردەمیا.. وردەوردە بەردی لەسەر ڕێز ئەکرد. دیاربوو کە چەند پەرۆش بوو

بۆ مردووەکەی).

بەڵام دوای ئەوەی سلێمان پاشا لە ساڵی ١٨٣٨دا فەرمانی یەزدان بەجێ دەهێنێ، لە گردی سەیوان دەنێژرێ و دەبێ یەکەم کەس بێ لە پیاوە گەورە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە کە لەوێ نێژرابێت.

ئەم مێژووی وەفاتی سلێمان پاشایەش بەو چەند بڕگە بەرزەدا دەردەکەوێ لە چامە بەنرخەکەی نالیدا کە دەڵێت:

تا سولەیمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
ئەحمەدی موختاری ئێمەش شاهی تەخت ئارا نەبوو

قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە، شاهی من کەوا
عادیلێ بوو، قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو

شاهی جەم جا (نالیا) (تأریخ جم) تأریخیە
دانەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

(جەم جا) جێنشینی جەمشید. واتا سلیمان پاشا کە پاشایەک بوو، جێگەی جەمشیدی گرتبووەوە، مێژووی مردنی بە حەرفی ئەبجەد دەبێ بە ڕستەی (تأریخ جم) کە دەکاتە ١٢٥٤ک (١٨٣٨ز).

بەگوێرەی کتێبی (الشیخ معروف النودهي البرزنجي) نووسینی شێخی خاڵ لە لاپەڕە (٨٧)ی ئەو کتێبەدا دیسان مێژووی وەفاتی شێخ مارفی نۆدێ دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٨ بەڵام دوای وەفاتی سلێمان پاشا بە بەڵگەی ئەوەی هەر لەوێدا دەڵێت: (لە گردی سەیوان بە تەنیشت گومەزەکەی سلێمان پاشای بابانەوە نێژرا)[٢].

---

٢- لەم ساڵانەی دواییەدا (لە هەشتاکانا) دائرەی ئەوقاف گومەزی لەسەر گۆڕی شێخ مارف دروست کرد. بەڵام گومەزەکەی سلێمان پاشا هەرچەند ساڵێک جارێک لەلایەن بەرەی ئەو پیاوەوە تەعمیر دەکرێتەوە و دەستی پێدا دەهێنرێتەوە، ئەو گومەزەش =

سالّی ١٩٤١ كه (جەمال بابان) وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی بوو، فەرمانی دا كە شوورە (سیاج)ێك بە دەوری گردەكەدا بكەن بۆ ئەوەی وڵاخ و ئاژەڵ نەچنە سەر قەبرەكان، ئەو شوورایە چونكە لە تەختە كرابوو، ئەوەندەی بەرگە نەگرت بەتایبەتیش ئەوسا ئەو گردە وا قەڵەباڵغ نەبووبوو.

بەڵام لە شەست و حەفتاكانی سەدەی ڕابوردوو بە دواوە هەر سەیوان بوو كە زیاتر مردووی شارەكەی تێدا دەشاررایەوە بەجۆرێك لەم ڕۆژانەدا لە سالّی ٢٠٠١دا وای لێ هاتووە كە بە دەگمەن جێگای مردوو شاردنەوەی تێدا دەدۆزرێتەوە. زۆری گۆڕەكان چەتریان بە شیش و بە ئاسن لەسەر دروست كردوون و ڕازاندوویاننەوە، كە بەوە جێگای زۆریان داگیر كردووە[٣].

---

=ئەوەندە بەڕێز و پیرۆز بوو تەنانەت كە(عەزمی بەگ) كوڕەزای سلێمان پاشا وەفاتی كرد نەبرایە ناو گومەزەكەوە كەچی لە سالّی ٢٠٠٠دا كە (صباح نوری بەگ) مرد قفڵی دەرگای گومەز شكێنرا و ئەو مەیتەیان لەوێدا ناشت كە هیچ پێوەندییەكی بە سلێمان پاشاوە نییە و بەرەو وەچەی سلێمان پاشا بەوە رازی نەبوون و نین.

با بگەڕێینەوە سەر گردی سەیوان. دوای ئەو ڕۆژانە ئیتر دانیشتوانی شارەكە روویان كردە گردی سەیوان و مردووەكانیان لەوێ دەشاردەوە.

٣- ئەوەی شایانی باسە و بەداخەوە گۆڕستانی لای ئێمە زۆر بێ سەروبەرە، هەرگیز ڕێكخستن (تنظیم)ی تێدا نییە، ئەگەر گۆڕەكان لەسەر چەند هێڵێك بەڕیز بوونایە و هەر مردووەش ناوی خۆی لەسەر كێلی قەبرەكە لەگەڵ رۆژی وەفاتی و هەندێ زانیاری تری لێ بنووسرایە ئەوسا جێگا ئەوەندە داگیر نەدەكرا، رەنگ هەیە جێگای ئەوەندەی تر گۆڕی تێدا ببوایەوە.

بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی كە (سەیوان) پڕبووەتەوە، بۆیە پێویستە شوێنی بەرینی تر لە لایەن ئەوقاف یا شارەوانییەوە دیاری بكرێ بە مەرجێك لەسەر رچەو بەڕێكوپێكی دابمەزرێ و رێگا نەدرێ بە دروستكردنی كۆشك لەسەر گۆڕەكان وەك ئێستا پەیڕەو دەكرێ، كە ئەمە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش لای خۆش نییە. دەسا با ئەگەر لە ژیاناو حاڵی حەیاتا یەكسانی و دیموكراتییەت نەبووبێ و نییە. خۆ مردن دیموكراتییە و كەس نابوێرێ و پاشا و گەدای لا وەك یەكە، با گۆڕەكان كەشخە و فەنتازی تێدا نەبێت و هەموو وەك یەك داڕێژرێن بەڵام داڕشتنێكی پتەو و جوان و ڕێكوپێك.

### گردی یارە (گردی مامەیارە)

ئەم گردە دەكەوێتە بەشی ڕۆهەڵاتی سلێمانی و هەر لە ریزی گردی سەیوانە و بە سەركارێزی وەستا شەریفدا دەڕوانێ.

لەوەپێش واتا پێش ئەوەی مامەیارە لەوێ بنێژرێ، گردەكە گردی (گولان) یان پێ وتووە نەک گردی (گوڵان) وەک هەندێ کەس ناوی دەبەن.

گولان کۆی (گول)ە (گول)یش نەخۆشییەکی پێستە، هەندێ کەس (خۆرە)شی پێ دەڵێن. نەخۆشی پێست واتا (حەساسیەتی پێست) ساری نییە و واتا ناتەنێتەوە، بەڵام ئەو نەخۆشییە کاتی خۆی تەنیوەتەوە و چەند کەسی کوشتووە و بۆئەوەی لاشەی مردووەکان دوورخەنەوە تاکو کەسی تری لێوە تووش نەبن، بۆیە بردوویانن لەو گردە ناشتوویانن.

لە مامۆستای شاعیر عەلی عارف ئاغا بیستراوە ئەویش هەر وتوویەتی ئەو گردە گردی (گولان)ەو ئەوانەی تووشی نەخۆشی (گولی) دەبوون لە بانە و سەقز و ئەو دوورەوە دەردەکران، رووەو سلێمانی دەهاتن و ڕێیان دەدرا بێنە شارەوە و لەو دەشتە چادریان بۆ هەڵدابوون و خەڵک خۆراکی بەخێر بۆ دەبردن، کە دەمردن لەو گردە کەلایە دەنێژران. لەبەر ئەوە بە گردەکە دەوترا گردی گولان.

مامەیارە هەر لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەکاتی ژیانیدا، دوای مردنی لەسەر ئەو گردە نێژراوە. گوایە ئەو گردەشی بۆیە هەڵبژاردووە کە بە هەردوولادا دەڕوانێ بەلای سلێمانیدا و بەلای شارباژێردا و جگە لەوەی لە دامێنی گردەکەدا کارێزی وەستا شەریفە کە ئاوێکی روون و جوانی هەیە.

لە بابەت مامەیارە خۆیەوە گوایە (یار ئەحمەد) کوڕی خدر بەگی هۆمەر ئاغای خەڵکی دێی (وەندەرێنە)ی سەر بە ناوچەی سرۆچکە بەڵام لەم دواییەدا هەر بە خەڵکی (کانی دڕکە)ی شارباژێر دەدرایە قەڵەم و خۆی چاوەشی تۆپچی بووە لە لەشکری ئەحمەد پاشای باباندا دوای بڵاوەکردنی

لەشکری ئەحمەد پاشا لە دەشتی کۆیەدا و لە ئەنجامی فرۆفێڵی نەجیب پاشای گویزلکلی کە والیی بەغدا کە خەریک بووە لەشکرەکەی بشکێ رووی کردووەتە پیاوە ئاینییەکان و فەتوای پێ دەرکردوون کە ئەوەی چەک لە رووی لەشکری خەلیفەی عوسمانی هەڵگرێ کە خەلیفەی ئیسلامە تەلاقی دەکەوێ. بۆیە لەشکرەکەی ئەحمەد پاشا بڵاوەی لێ دەکەن بەڵام مامەیارە کە چاوەشی تۆپچی بووە هەر دەست لە تەقە هەڵناگرێ هەتا گوللە تۆپەکانی تەواو دەبێت ئەوسا خۆی دەدا بە دەستەوە. بەکورتی سەرچاوە زۆرە بۆ روونکردنەوەی هەڵسوکەوتی مامەیارە و ئازایەتی و چابوکسواری وەک (فارس)ێک لە مەیدانا.

دوای کۆچی دوایی شاعیری گەورە و فەیلەسووفی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، هەر ئەویش لەسەر راسپاردەی خۆی، لەدوای وەفاتی لە ساڵی ١٩٥٠دا لەگردی یارە نێژراوە لەلایەن وەچەی پیرەمێردەوە لە دواییدا گومەزی بۆ کرا.

هەروەها دوای کۆچی دوایی خوا لێخۆشبوو جەمیل سائیب رۆژی ١٩٥١/ ١٠/١٣ ئەویش هەر لە تەنیشت پیرەمێردی خاڵیەوە لە گردی مامەیارە شارراوەتەوە. جەمیل سائیبیش یەکێک بوو لە نووسەرە قەڵەم ڕەنگینەکانی بەرەی یەکەم (ساڵەکانی بیستەکان) لە سلێمانیدا.

کەواتوو گردی یارە بەگردێکی مێژوویین و پیرۆز دادەنرێ و لەسەر دانیشتوانی سلێمانی پێویستە هەمیشە بە ڕێز و بەرز پێدا روانینەوە سەیری ئەم گردە بکەن کە بێجگە لەو زاتانەی لە دوو توێی ئەو گردەدا شاررانەوە، دامێنی گردەکەش کاریزی وەستا شەریف بوو، هەمیشە لە رۆژی نەورۆز و سەرەتای بەهارا شوێنی زەماوەند و هەڵپەرکێ و جەژنە پیرۆزەی دانیشتوانی شارەکە بوو کە پیرەمێردی نەمر بەخۆی و گاڵۆکەکەی دەستی و سدارە رەشەکەی سەری و ریشە سپییە نوورانییەکەیەوە سازی دەدا و سەرپەرشتی دەکرد.

## مێژووی

سەرای سلێمانی و چەند شوێنێکی تر

کۆنترین گەڕەکی سلێمانی

مەڵکەنی و گۆیژە و چوارباخ و سابوونکەران

ئاشنایەتی سلێمانی لەگەڵ کفری

تۆپەکەی ڕەمەزان و ئاگری گڵەزەردە

## مێژووی سەرای سلێمانی و چەند شوێنێکی تر

هەرچەندە لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ ئەم باسە کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لێی بدوێین و حەقی خۆی بدەینێ دەڵێین: سەرای سلێمانی کە ئێستا پۆلیسخانەیە!

پێش دروستکردنی شاری سلێمانی بە سێ ساڵ واتا لە ساڵی ۱۷۸۱دا مەحموود پاشای مامی برایم پاشا هات گردێکی دروست کرد و لەسەر ئەو گردەش قەڵایەکی دروست کرد، گوایە بۆ ئێشکگرتن. ڕەنگ هەیە ئەویش هەر بیری لە گواستنەوەی ناوەندی میرنشینی لە قەڵاچوالان کردبێتەوە، چونکە ئەم بیر و رایە لە سەردەمی سلێمان پاشای گەورەدا چەکەرەی کرد بەڵام بەهۆی کوشتنی لەلایەن فەقێ برایم ناوەوە، شتەکە نەهاتە دی. ئەو قەڵایە وەک (مەخفەر) پاسەوانی تێدا دانرا. کە برایم پاشا لە ساڵی ۱۷۸٤دا سلێمانی دروست کرد، ئەو قەڵایەی کرد بە (قشڵە) بۆ لەشکرد، تاکو حەمامێکیش لە دواییدا دروست کرا بەناوی حەمامی قشڵەوە کە راست دەکەوتە سەر شەقامی مەولەوی. ئەو حەمامەش هەر بۆ خۆشتنی سەربازەکانی لەشکرگاکە بوو. ئەو قەڵایە کە قشڵەشیان پێ دەوت، ناوبانگی بە (دەبۆ کۆنە)کەش دەرکردبوو. مایەوە تاکو لە سەردەمی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموودیشدا وەک (لەشکرگا) بەکار دەهێنرا، بەڵام ئێستا شوێنەواری نەماوە و لە جێگاکەیدا دووکانەکانی شارەوانی دروست کراون کە دەکەونە دەستی راستی ئەو کەسەوە لەبەر دەرگای سەراوە بەرەو ڕێگای کەرکووک واتا بەرەو باخچەی گشتی بڕوات.

بە حسـاب گوایە گوندی مەڵکەندیی کۆن لەم ناوچەیەدا بووە، بۆیە

مەحموود پاشا ئەو گرد و قەڵایەی لەلای دێیەکەوە دروست کرد. بەڵام دوای دروستکردنی شاری سلێمانی و لەبەر ئەوەی کە دانیشتوانی دێیەکە خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن بوون، کە ئەوەش دوای بنیاتنانی شارەکە، دەسی نەدەدا، لەبەر ئەوە دێی مەڵکەندی گوێزرایەوە شوێنەکەی ئێستای، واتا لای مزگەوتەکەی ئێستای عەلی کەمال.

سەراکەی ئێستای سلێمانی کە لەم ڕۆژانەدا بوو بە پۆلیسخانە لە سەردەمی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشادا دروست کرا کە دوا میری بابان بوو.

ئەحمەد پاشا دنیادیدە بوو، جگە لەوەی بەکار و زەبر و زەنگ بوو، لەشکرگایەکی نوێی لە ناوچەی سەرچناردا دروست کرد و هەوڵی دا ئەوەندەی بۆ بڕەخسێ بە چەکی تازەی ئەو ڕۆژە سەربازەکانی چەکدار بکات. دوای ئەوە بیری لە شوێنێکی تازە کردەوە کە بیکات بە سەرای میری، ئەم شوێنەی ئێستای سەرای هەڵبژارد کە بەگوێرەی ئەو ڕۆژە ناوەڕاستی شار بوو. وەستاباشی و ئەندازیاری زیاتر لە ئێرانەوە هێنا لە (سنە)وە کە خەتی سەراکەی بۆ بڕێژن و دروستی بکەن.

بەڵگەمان بۆ دروستکردنی ئەم سەرایە لەلایەن ئەحمەد پاشاوە ئەوەیە، کە لەوەو پێشتر واتا لە سەردەمی برایم پاشا و ئەوڕەحمان پاشا و مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشادا نەبووە، چونکە ئەگەر ببوایە، مستەر ریچ کە ساڵی ١٨٢٠ هاتووەتە سلێمانی و نزیکەی سێ مانگ بە خاو و خێزانەوە تێیدا ماوەتەوە و هەموو کون و کەلەبەرێکی شارەکە گەڕاوە، هێجگار بۆ جێماوی کۆن و شتی کۆن دۆزینەوە. ئەگەر ئەو سەرایە ببوایە، بێگومان دوور و درێژ باسی دەکرد وەک باسی هەموو شتێک تری کە دیوە لە کتێبەکەیدا (رحلة ريج في العراق سنة ١٨٢٠ ترجمة بهاءالدين نوري) بە پوختی باسی کردوون و لێیان دواوە.

رەنگ هەیە ئەحمەد پاشا لە بەینی ساڵەکانی ١٨٣٨- ١٨٤٢دا، بەردی بناغەی سەرای سلێمانی دانابێت، وا دیارە لە سەردەمی عوسمانییەکانا دەستێکی پێدا هێنراوەتەوە.

مێجەر سۆن کە بە خۆ گۆڕین بەناوی (غلام حسین شیرازی)یەوە هاتووەتە سلێمانی لە کتێبەکەیدا (رحلة متنكر الي بلاد مابين النهرين و كردستان. ترجمة فؤاد جميل ١٩٧٠) لە چەند جێگایەکدا باسی (سەرا) دەکات، لە لاپەڕە (٢٤٦)دا کە دەڵێت (لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا فەرمان دەرچوو بۆ هەموو بازرگانەکان کە لە (سەرا) (مەقەری حکومەت) ئامادەبن.

لە لاپەڕە (٥٠ی بەرگی دووەم)دا کە (غلام حسین) بەگیر دەهێنن، جەندرمەی عوسمانی راپێچی دەکەن بۆ (سەرا) (قاپی حکومەت) دەیبەنە ژوورێکەوە دای دەنێن، دوای ئەوەی بە رێڕەوێکی تاریکدا دەیبەن بۆ ژوورێکی تر کە (تابوور ئاغاسی) لێ بووە و کە (پەساپۆرت)ەکەی سەیر دەکات، (هەرچەند سەربەرەو خواریش گرتوویەتی چونکە ئینگلیزی نەزانیوە...) لە دواییدا بۆیان مۆر کردووە و لە سەرا هاتووەتە دەرەوە.

## سەرا لە سەردەمی ئینگلیز و شێخ مەحموددا

هەموو سەرچاوەکان وای دەردەخەن کە شوێنی رەسمیی میجەر سۆن کە لێی دادەنیشت و حوکمی دەکرد قوتابخانەی فەیسەڵییەی جاران بوو ماڵەکەشی لە خانووی ئەم دواییەی (میرزا فەتاحی حاجی شەریف، دوای ئەو بوو بە موڵکی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا) بەرامبەر ئۆرزدی باک، سەرا لە سەردەمی ئینگلیزدا مەحکەمە و دائیرەی تاپۆ و پۆلیسخانە و بەندیخانەی تیادا بووە. لە سەردەمی شێخ مەحموددا ناوی نەهاتووە.

## سەرا لە سەردەمی حکومەتی عێراقیدا

ساڵی ١٩٢٥ حکومەتی عێراق لە شاری سلێمانیدا دەستی بە حوکمڕانی کردووە ئەوەبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بە (متصرف- محافظ) دانرا و لە رۆژی ١٩٢٥/٣/٧دا بۆ یەکەم جار دەستی بە ئیش کرد و وردە وردە دەستگا جۆرەوجۆرەکانی میریی تێدا دامەزرا و بۆ هەر دەزگایەکیش فەرمانبەر و سەرۆکی دەستگا دانرا و دەست کرا بە بەڕێوەبردنی ئیش و کار.

وەک لە خوا لێخۆشبوو تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابانم بیستووە، لە سەردەمی حکومەتی عێراقیدا سەرا ساڵی ١٩٢٧ (سەرلەنوێ) بە بەرد و گەچ دروست کراوەتەوە و ئەندازیاری ئیشەکەش، (حەمە عەلی ئەفەندی) ناو بووە کە پیاوێکی هەرچەند (شەل) بووە، بەڵام زۆر بەکار بووە و ئیشەکە هەر ئەو بەڕێوەی بردووە. ئەندازیاری تری ئەو سەردەمە (مەحموود جەودەت) و مستەفا سائیب بوون. رەنگ هەیە ئەوانیش یاریدەدەر بووبن.

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا کە لە ل٦٣دا بە هەڵە وتوومانە کە لە ساڵەکانی (١٩٢١-١٩٢٤)دا ئەو سەرایە سەرلەنوێ دروست کرایەوە چونکە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥دا سلێمانی خستە ژێر ئاڵای عێراقەوە.

دوای دروستکردنەوەی سەرا، ئیتر لەوە بەدواوە، هەمیشە هەر دەستی پێدا هاتووەتەوە، تاکو لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بەشێکی تر لە حەوشەی سەرا و شوێنی (نادي عسكري) کە راست بە تەنیشت سەراوە و لە حەوشەی سەرادا بوو، کرا بە بینایەکی گەورە، موتەسەریف- پارێزگار و (ئیدارەی محەلی) و چەند دایەرەیەکی تر گوێزرانەوە ئەوێ.

ئەو دەزگا میرییانەی لە ١٩٢٥وە تا نزیکەی ١٩٦٠یش بەدواوە کە لە سەرادا بوون: دایەرەی موتەسەریف و دایەرەی قایمقامی مەرکەزی سلێمانی و خەزینە و تاپۆ و ئەملاک و نفووس و ئەشغال و مەحکەمە و

(پۆلیسخانە کە بەشی دواوەی سەرای داگیر کردبوو)، بەندیخانەش هەر لەوێدا بوو، تا لە دواییدا بەندیخانەی سەرەوە دروست کرا. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووا (حەمامی فاتمەخان) (استملاک) کراو تێکدرا و خرایە سەر سەرا لە بەشە تازە دروستکراوەکەی کە باسمان کرد دایەرەی پارێزگار و ئیدارەی محلی تێدا بوو، لە دواییدا لە دوای ئەو بینا نوێیەوە دەستەیەکی تر دروست کرا، مەحکەمە و دایەرەی ئاسایشی تێ چوو.

ئەو بەشە تازانەی کە لە حەوشەی سەرادا دروست کران لە شەستەکانی سەدەی رابوردوو بەدواوە بوو. واتا پارێزگار تا ساڵەکانی ١٩٨١ و ١٩٨٢ لە بەشە تازەکەی سەرا دادەنیشت. دوای ئەوەی گواستییەوە شوێنی تازەتر کە لە تەنیشت ماڵی پارێزگار (موتەسەریف)ی کۆنەوە بەرامبەر بە باخچەی گشتی دروست کرا و تا ئێستاش پارێزگاری سلێمانی هەر لەوێ دادەنیشێت.

ماڵی موتەسەریف (پارێزگار) لە شوێنەکەی گوێزرایەوە بۆ ئەو خانووە تازەیەی کە لەسەر گردەکەی ڕێگای سلێمانی- کەرکووک بۆی دروست کرا و لە ساڵی ١٩٦٨دا تەواو بوو پارێزگار چووە ناوی.

خانووە کۆنەکەشی کرا بە شوێنی سەرۆکایەتی (جامعة- زانکۆ)ی سلێمانی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا لە سلێمانی کرایەوە، زانکۆ خۆی لە سەرەوە لە سەرەتادا لە بینای قوتابخانەیەکی ئامادەییدا بوو بەڵام چۆڵ بوو، ئەو بینایە وەرگیرا بۆ (زانکۆ). ئیتر وردە وردە گەلێک بەش و بینای تری خرایە سەر، تا لە ساڵی ١٩٨١دا قاپی زانکۆ لە سلێمانی داخرا و گوێزرایەوە هەولێر.

بە چۆڵبوونی بیناکانی زانکۆ گەلێک لە دەستگا حکومەتییەکان گوێزرانەوە ئەوێ، یەکێک لەو دائیرانە شارەوانی بوو، کە ئەویش لە شوێنەکەی خۆی هەڵکەنرا و شوێنەکەی کرا بە ئۆتێل ئاشتی، شارەوانیش

له سـەرەوە نـەمـا، بەتايبـەتی دوای کـردنـەوەی زانکۆ لە سـاڵی ١٩٩٢دا، لە ساڵی ٢٠٠٠دا شـارەوانی گواسـتییـەوە بینایـەک لە ریزی باخـچـەی گشـتی لەسەر شەقامی سالم.

شـوێنی زانکۆ گـەلێک ئـاوەدان بووەتەوە و بینـای گـەورە و ڕێکوپێکـی لێ کراوە و بوو بە شارێکی بچووک.

ئێستا سەرای کۆن هەر تەنها پۆلیسخانەی تێدا ماوەتەوە.

شوێنی دووەم: قوتابخانەی (فیصلیة)ی کۆن کە ئێسـتا شوێنەکەی بازاڕی (عـەصـری)یە. وەک لە هـەندێک لـە سـەرچاوەدا دەردەکـەوێت، گـوایە لە سـەردەمی عـوسـمـانییـەکـاندا دروست کـراوە. وەک دەڵێن ئـەوسـاش هەر قوتابخانە بووە.

بیناکـە دوو قـات بوو. قـاتی ژێرەوەی ڕاڕەوێکی پـان و بەرین بـوو چوار ژووری لەسـەر بوو. قـاتی سـەرەوەش چوار ژوور بێجگە لە جامـخـانەیەکی بەرزتر کە بەسەر شەقامەکەدا دەیڕوانی. ئاودەست (تواليت)و مەرکانەی ئاو لە قورنەیەکی قوتابخانەکەدا واتا لە حەوشەکەدا بوون.

ئەم بینایە لە سـەردەمی حـوکمی مـیـجەرسـۆندا لە سلێمـانی (حـوزەیرانی ١٩١٩ تا سـاڵی ١٩٢١) شـوێنی دانیشـتنی حـاکمی سـیـاسی بووە تا دوو سـاڵ. واتا ئەو قـوتـابخـانەیە (نەک سـەرا) شـوێنی حـوکـمـڕانی بوو. دوای کـۆتـایی حـوکـمی ئینگلیـز، دیسـانەوە کـرایـەوە بە قـوتـابخـانـە و لە دوای دامـەزراندنی حـوکـمی نیـشـتـمـانـی (پاشـایەتی- ملكي) و بە ناوی مـەلیک فەیسەڵی یەکەمەوە ناونرا قوتابخانەی فەیسەڵییە.

من خـۆم (نووسـەری ئەم کـتـێبـە) قـوتـابخـانەی سـەرەتایی (ابتدائي)م لە فـەیسەڵییـە تەواو کرد. لە سـەرەتاوە (مـامۆسـتا سـاڵح قـەفتـان) دوای ئەو بۆ پێنـج سـاڵ (عـەلی ئـاغـا)و دوای ئـەویش (فـوئاد ڕەشـید بـەکر) بـەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوون.

بەداخەوە ئەم شوێنە فۆلکلۆرییە کۆنە رووخێنرا و کرا بە بازاڕ کە دەبوایە وەک جێماوێکی کۆن بمایەوە و دەستی پێدا بهێنرایە بۆیە دوعا بۆ شوێنە کۆنەکانی تر دەکەین کە ئەوانیش وەک قوتابخانەی فەیسەڵییەیان لێ نەیەت کە ئێستا ناویشی لە کوولەکەی تەڕا نابرێ.

بێگومان ئەودەمەی کە ئەم شوێنەیان ڕووخاند ئەگەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ئارادابوایە نەیدەهێشت ئەم شوێنە کۆنە فۆلکلۆرییە ئاوەها بڕوات.

شوێنی سێهەم: خانووی تۆفیق ئەفەندی بەرامبەر ئۆرزدی

ئەم خانووە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەلایەن خاوەنەکەیەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دروست کراوە. خاوەنی ئەم خانووە (ئەمین ئەفەندی مەلا قادر) بووە کە لەم دواییەدا خانوەکە بوو بە موڵکی (میرزا فەتاح حاجی شەریف)و دوای ئەویش بوو بە موڵکی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا و ئێستا (یانەی وەرزشی)یەکی تێدایە.

کاتی خۆی میجەرسۆن لەم خانووەدا بووە و وەک دەڵێن دوای ئەویش شێخ مەحموود هەر لەوێدا بووە.

ئەم شوێنانەی باسمان کردن مێژوویین لە رووی رامیاری و کارگێڕییەوە.

بەهەرحاڵ شوێنێکی کۆنی وەک سەرای سلێمانی کە ئێستا پۆلیسخانەیە پێویستە وەک یادگارێکی کۆن بمێنێتەوە و دەستی (فني) پێدا بێتەوە، وەک لە وڵاتان دەست بەجێماوی کۆندا دەهێنرێتەوە و بەلای منەوە بەشە کۆنەکەی سەرا پێویستە چۆڵ بکرێت و (جێماوی دێرین)ی تێدا بێت و هەر گەشتیار یاخۆ بێگانەیەک کە دێتە شارەکەوە ببرێت ئەو شوێنەی وەک جێماوێکی دێرین پێشان بدرێ. بەڵێ تەمەنی زۆر درێژ نییە، بەڵام لەگەڵ تەمەنی شارەکەدایە، لەبەر ئەوە بە (آثاري قديمة) دادەنرێت.

## مێژووی کۆنترین گەڕەکی سلێمانی و ناوی شەقام و گەڕەکەکانی:

لە بەرگی یەکەمی (سلێمانی شارەکە گەشاوەکەم ل٤٥)دا وتوومانە کەوا گەڕەکی (گوێژە) بە سابوونکەران و قاوەخانەی سەرچیمەن و گاورانەوە کۆنترین گەڕەکی سلێمانییە و لەوێوە بنیات و خانوو دەستی پێ کردووە، دوای ئەوە گەڕەکی دەرگەزێن.. دوای ئەوان گەڕەکی کانێسکان ئینجا گەڕەکی چوارباخ کە لەسەردەمی ئەحمەد پاشا (دوای میری بابان) لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠دا زیاتر ئاوا کراوەتەوە. بەڵام پێش ئەوانە چوارباخ و دێی مەڵکەندی هەر هەبوون.

مستەر (ریچ) کە خاوەنی کتێبی (رحلة ريج في العراق سنة ١٨٢٠ ترجمة بهاء الدين نوري) لە لاپەڕە (٨٣)ی ئەو کتێبەیدا دوای ئەوەی باسی گردێکی کۆن دەکات لە سلێمانیدا کە تەخت کرا بۆ ئەوەی بناغەی ئەو کۆشکەی تێدا هەڵکەنن کە ئەوڕەحمان پاشای ئامۆزای برایم پاشا، بەردی بناغەی تێدا دانا. ریچ دەڵێت (لە دەوروپشتی ئەو گردە دێیەک هەبوو ناوی ملکندی- مەلیک هندی- دێی مەلیکی هندی) بوو، مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا ئاگاداری کردم گوایە لە کاتێکدا کە ئەو گردەیان لەگەڵ زەوی تەخت کردووە. گۆزەی گەورە گەورەیان تێدا دۆزیوەتەوە کە هەمووی پڕ بوون لە ئێسک، جگە لەوەی (لەوحە)یەکیشیان تێدا دۆزیوەتەوە کە شتی لەسەر نووسرابوو، لەبەر ئەوەی نووسینەکەیان بۆ نەخوێنراوەتەوە، لەوحەکەشیان فڕێ داوەتە لاوە..

خوا لێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: ڕەنگ هەیە ناوەکە لە بنچینەدا (مەلیک گوندی) بێت واتا دێی مەلیک و وردە وردە بووە بە مەڵکەندی. بەڵام ئایا ئەو مەلیکە کامەیە و کێیە و کەی ئەو لەو ناوەدا حوکمی کردووە، ئەمە دیار نییە. هەندێکی تر دەڵێن ئاغاژنی ئەم دێیە (خاتوو مەلکە)ی ناو بووە و

بەناوی ئەوەوە ناونراوە مەڵکەندی.

خوا لێخۆشبوو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش دەڵێت: لام وایە مەڵکەندی یاخو مەڵکەنی لە (ملکان- ملکانی- ملکانیە)وە هاتووە کە ئەمانە بنەماڵەیەکی کورد بوون لە (حصن کیفا- حسن کیف) حوکمیان کردووە، ئەوانە ئەو کوردانەن کە چوونەتە سەر ئاینی عیسا لەسەر مەزهەبی (ملکا) کە یەکێک بووە لە سەرۆکی مەزهەبە ئاینییەکانی دیانەکانی ڕۆهەڵات کە (ملکائیة، ملکانیە)یان پێ وتوون، لە دواییدا بایانداوەتەوە سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام ناوی ملکانییەیان هەر بەلاوە ماوە، هەروەک چۆن زۆر لە کوردەکان چوونە سەر ئاینی عیسا پێغەمبەر- مەزهەبی یەعقوب، پێیان وتوون یعاقبە و چوونەتە سەر مەزهەبی نسطوریوس پێیان وتوون (نساطرە) بەلای منەوە ئەم ڕایانەی لەوانی تر لەجێترە تا لە پاشەڕۆژدا ڕاستییەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بۆیە ئەو ڕایانەی تر، بەتایبەتی ئەوەی کە دەڵێت: ناوی مەڵکەندی لە (مەل)ی گوێ (کەند)ەکەوە هاتووە، کە ئەمە لێکدانەوەیەکی وشەیی بێ بناغەیە و هیچی تر. ئەوەی شایانی باسە گەڕەکی مەڵکەندی دەکەوێتە بەشی ژووری شاری سلێمانی. وا دیارە سلێمانی کۆنیش لە ژوور گەڕەکی مەڵکەندییەوە (مزگەوتەکەی ئێستای عەلی کەمال) دەستی پێ کردووە، بەرەو خوار هاتووە تاکو گەڕەکی پیرمەسوور (پیر مەنسوور) ئینجا بەرەو ڕۆهەڵات تا گەڕەکی (سابوونکەران و لەوێوە بەرەو خوار بووەتەوە لەلایەکەوە بەرەو مزگەوتی ئەورەحمان پاشا- سەی حەسەن- کتێبخانەی ئەوقاف)ی ئێستا، لەوێشەوە بەرەو خوار بووەتەوە بەرەو قاوەخانەی سەرچیمەن.. (سەیری ل٤٢ لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە: ل٣٥٤ لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە بکە).

ئیشوکاری دانیشتوانی مەڵکەندی کشتسازی ، مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و تاشین و هێنانی بەردی گردە گڕوێ و چاڵی بەفر پڕ کردنەوە لە زستاندا و هێنانی ئەو بەفرە لە هاویندا بۆ ناوشار بۆ فرۆشتن لەکاتێکدا کە کارگەی سەهۆڵ و (بەستەڵەک- ثلاجة) نەبوون.

**گەڕەکی چوارباخ:**

لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا (ل٣٥٧) وتوومانە کە ئەم گەڕەکە ناوەکەی لە چوارباخەوە هاتووە کە ئەحمەد پاشای بابان دروستی کردوون.

بەڵام وا دیارە من لەوێدا بەهەڵەدا چووم چونکە لە کتێبەکەی (مستەر ریچ)دا، دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٨٢٠دا چوارباخ هەبووە. چونکە ریچ لە یاداشتی رۆژی ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٨٢٠دا دوای ئەوەی لە سەردانی کوردستانی ئێران گەڕاوەتەوە دەڵێت:.. سەعات دە گەیشتینە چادرەکانمان لە باخچەی پاشا (لە چوارباخ). واتا لە سەردەمی مەحموود پاشای مامی ئەحمەد پاشادا ئەم چوارباخە هەبووە، رەنگ هەیە هی پێش ئەویش بێت. کەوابوو گەڕەکی چوارباخ لە تەمەندا دووەم گەڕەکی سلێمانییە.

ناوەکەشی هەر بەکتێبەکەی ریچدا وا دەردەکەوێ کە لە (جارباغ)ی (اصفهان)ەوە هاتبێ کە زۆر بەناوبانگ بووە و وەک ریچ دەڵێت لە رۆژهەڵاتدا وێنەی نەبووە.

هەڵبەت لاسایی ئەو (جارباغ)ە کراوەتەوە لە کاتی خۆیدا کە گوایە ئەوە و هەندێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان.

(رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠ص ١٤٢ و ١٨٩).

ئەمەی لە مەودوا دێت ناولێنانی گەڕەکەکانی سلێمانی و هەندێک لە شەقامەکانیەتی:

**ناونانی شەقامەکانی ناوشار و هەندێ گەڕەک**

لەماوەی بەینی ١٩٦٧/١٢/٢٣ تاکو ١٩٦٩/١٠/١٠ نووسەری ئەم کتێبە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بوو.

لەو بەینەدا هەندێک لە شەقامەکانی ناوشار لەوە پێشتر ناونرابوون و لەکاتی سەرۆکایەتی خوا لێخۆشبوو شاکیر فەتاحدا زیاتر ئەو ناوانە

چەسپێنران و باقی شەقامە نوێکان تەنها ناوەکانیان بە هەڵدان بوو، وەک شەقامی سالم دەیانوت شەقامەکەی لە شارەوە بۆ کەرکووک دەچێت یاخۆ شەقامی برایم پاشا، شەقامی سەددە کۆنەکەیان پێ دەوت.

جا بۆ ئەوەی شەقامەکان بێ ناو نەمێننەوە و بۆ ئەوەی ناوی رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان لەوانەی کە خزمەتی گەل و شارەکەیان کردووە، ئەوانیش ناویان زیاتر دەرکەوێ و هەمیشە لەسەر زمانی خەڵک بن، بۆیە ئەنجومەنی شارەوانی لە رۆژی ١٩٦٨/٦/٥دا لەسەر داوای سەرۆکی شارەوانی کۆبووەوە و ئەو پێشنیازەی کە سەرۆک پێشکێشی کردن بۆ ناونانی شەقامەکان و گەڕەکەکان پەسند کرا کە بەمجۆرە بوو، ئێستاش هەر ئەو ناوانەن بەسەر زمانی خەڵکەوەن:

– شەقامی سالم: لەلای باخچەی گشتییەوە تا کارگەی جگەرە. (ئەوسا سنووری شار لەوێدا یاخۆ تۆزێک بەولاوە دەبڕایەوە).

– شەقامی مەولەوی: (ئەم ناوە هەر هەبوو). لەبەردەمی سەراوە تا لای باخچەی گشتی.

– شەقامی کاوە: لەبەر دەرگای سەراوە بەرەو خوار تا فولکەکەی سەرشەقام (ئەم ناوەش هەر هەبوو).

– شەقامی شێخ مەحموود: لە بەردەمی حەبسخانەوە تا کارێزی شێخ مەحموود.

– شەقامی گۆران: لەلای بانقی رافیدەینی لای سەراوە بەرەو رۆژهەڵات تاماڵی رەشید سەلیم میران (واتە شەقامەکەی ئورزدی باکی لەسەرە).

– شەقامی بێکەس: لەبەر دەرگای سەراوە تا مزگەوتی گەورە.

– شەقامی نالی: لە ئەسحابەسپییەوە تا گەراجی جەمالی حاجی فەرەج.

– شەقامی سەیوان: لەپشت (ئینحساری کۆنەوە) تاگەراجی جەمالی حاجی فەرەج.

– شـەقامی ئەمین زەكـی: ئەو شەقـامـەی بە بەردەمی یانەی فـەرمانبـەراندا دەڕوات تا فولكەی كانی ئاسكان (فولكەی ئاسكەكان).

– شـەقامی بابان: (لەوەپێش هەبوو، لەسـەردەمی خـوا لێخۆشـبوو شـاكیر فـەتاحـدا ناونرابوو) لە (سـەركـاریز)ی كـۆنەوە تـا كـۆتایی شـەقـامـەكـەی مەڵكەنی.

– شـەقـامی زێوەر: لە مـاڵی مەجید بەگی حاجـی رەسـووڵ بەگەوە (ئـەوسـا) تا مزگەوتەكەی عەبدوڵڵا لطفی.

– شـەقامـی كاك ئەحمەدی شـێخ: بە تەنیشت مزگەوتی گـەورەدا تێدەپەڕی بەرەو ژوور تا (گردی جۆگای ئەوسا).

– شـەقامی سـەرشـەقام: (هـەر هـەبوو).

– شـەقامی دارۆغا: لە مزگەوتی دارۆغاوە تا گەڕەكی ئازادی.

– شـەقامی برایم پاشـای بابان (برایم پاشای بنیاتنەری شـاری سلێمانی: شـەقامـێكی دوولایییە بۆ هاتن و رۆیشـتن لەسـەر سـەددە كۆنەكەی لای شـار دروست كرا لە رژهـەڵاتی سلێمانی.

– شـەقامی مـەحـوی: لە خـانووە كۆنەكـەی بابا عـەلی شـێخ مـەحـمـوودەوە خـوار مزگەوتی گەورە تا مەیدانی مـاست فرۆشـەكانی جـاران و تا دەداتەوە شەقامی سەیوان.

– شـەقامی حـاجی مەلا عـەلی: ئەو شـەقامـەی بەلای خانەقـای حاجی مـەلا عەلیدا تێدەپەڕێ تاكو قوتابخانەی ناوەندی كۆماری ئەوسا.

– شـەقامی حەمدی: (ئەحـمـەد بەگی ساحـێبقران) لە پشت نەخۆشـخـانەی جمهوری كۆنەوە تاكو دائیرەی (ئیشـغاڵی جاران) واتا تا (شارع قەنات).

– شـەقامی پیرەمێرد: لە تەنیشت سەراوە بەرەو ژوور تا بەر دەرگای سجن.

– شـەقـامی كەریم عـەلەكە: لە گەڕەكی گـاورانەوە تا كـارێزی دایكی پاشـا (ئەوسا).

**گەڕەکەکان:**

– ناونانی گەڕەکی قەرەج ئاوا بە (گەڕەکی خەبات).

– ناونانی خانووە قوڕەکان یاخۆ گەڕەکی فەرراش ئاوا بە (گەڕەکی ئازادی).

– گەڕەکی عەقاری بە گەڕەکی (شۆڕش).

– گەڕەکی کانی ئاسکانی کۆن بە گەڕەکی ئەزمڕ.

تێبینی:

بێگومان لە ساڵی ١٩٦٨وە تا ئەمڕۆ چەندەها گەڕەکی نوێ هاتووەتە ناو ناوانەوە، هەزارەها خانوو و ساختمان دروست کراون، گەلێک شەقام بنیات نراون. شارەوانی ناوی ئەوانەی ناوە یان هێشتا، بەڵام خۆزگە شارەوانی کە ناوی گەڕەکێک یا شەقامێک دەنێت زیاتر ناوی ئەو رۆڵانەی شارەکەی لێ دەنا کە خزمەتیان کردووە چ بەیارمەتیی هەمەجۆرە وەک (عەلی کەمال) کە لە پیاوەتیدا ناوی بەسەر هەموو زمانێکەوەیە، یا بەنووسین و کتێب دانان لەسەر شارەکە، یاخۆ هەر لە کۆنەوە (لە سەردەمی عوسمانییەوە) خزمەتی شارەکە و رۆڵەکان و میللەتەکەیان کردووە وەک (سەعید پاشای خەندان و شەریف پاشای کوڕی کە خزمەتیان لەم کتێبەدا دوور و درێژ باس کراوە) یاخۆ تۆفیق وەهبی کە خزمەتێکی زۆری مێژووی کۆن و زبانی کوردی کردووە..

ئەمەش دوا ناوی گەڕەکەکانی شاری سلێمانییە وەک لە ساڵنامەی ١٩٩٨دا هاتووە:

گەڕەکانی شاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| بنکەی ١ | مامەیارە، ئازادی، یەکگرتوو، شەهیدانی ئازادی، تووی مەلیک، هەوارەبەرزە، گۆیژەی تازە-١ |
| بنکەی ٢ | ابراهیم پاشا- ئازادی-٢ (بێ سەریەکان) مەڵکەندی-٢، علی کمال. تووی مەلیک-٢، گۆیژەی تازە-٢. |
| بنکەی ٣ | توی مەلیک-١، تووی مەلیک-٣، أسکان، هەواری تازە، مەجیبەگ-١، مەجیبەگ-٢، سلێمانی تازە. |
| بنکەی ٤ | ئاشتیی، مامۆستایان، کارێزە وشک |
| بنکەی ٥ | شەهیدانی زەرگەتە، زەرگەتەی گۆن، بەرانان، شێخ عبدالقادری چوێسە. |
| بنکەی ٦ | شۆڕش، شێخ محێدین-١، کانێسکان، مەڵکەندی-١، شێخان، کارەبای-١، کارەبای-٢. |
| بنکەی ٧ | خەبات، هۆمەرەکوێر، دەرگەزێن، سەیوان، حاجیاوا. |
| بنکەی ٨ | شێخ فتاح، شارەوانی، چوارباخ، سەرشەقام، جوولەکان، وڵوبە، شێخ عەباس. |
| بنکەی ٩ | بەختیاری، ڕزگاری، کارگەی جگەرە، ئابلاخ- سەربەرزی، پیر شێخ، شێخ محێدین-٢، ئاسایش (قالاوا) |
| بنکەی ١٠ | خانوەکانی کارگەی شەکر، قلیاسان، گردی سەرچنار، سەرچنار، شەهیدانی سەرچنار، کانی سپیکە، کانی کوردە. |

## مێژووی سابوون و سابوونکەرانی سلێمانی

گەڕەکی سابوونکەران دەکەوێتە رۆهەلاتی سلێمانی و تا ئێستاش ڕاستە شەقامەکەی و زۆر لە ماڵە کۆنەکانی ئەوسا ماون. گەڕەکەکە بۆیە ناونراوە سابوونکەران چونکە پیشەی گەلێک لە ماڵە ناسراوەکانی ئەوسا، سابوون دروستکردن بوو.

به پێویستی نازانم دوور و درێژ باسی چۆنیەتی سابوون دروستکردنەکە بکەم کە چۆن مەنجەڵی گەورە گەورە، یاخۆ کوورەی لە خڕە بەرد و گەچ و قسڵ دروست کراون و بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراون. سەرچاوەش هەن بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ دوور و درێژ لە چۆنیەتی سابوون کردنەکە بکۆڵنەوە لەوانە نووسینێک لەلایەن (رووناک مەحموود لە ل٩٣-٩٦، کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٨ ساڵی ١٩٨٥) و نووسینێکی تر لەلایەن (وەستا عەباسی دارتاشەوە لە کتێبی سلێمانی لە بیرەوەرییەکانمەوە ساڵی ١٩٩٩ ل٥١-٥٤-٨٩) باسێکی تێر و تەسەلی تێدایە.

هەر بەگوێرەی ئەو دوو سەرچاوەیە، ئەو پێویستییانەی بۆ دروستکردنی سابوون بەکارهاتوون: (چەوریی ناوسکی گاو گۆتاڵ و مەڕ و بزن) و (قسڵ) و (قلیە). قلیەش بابەتێکە نە (چەو)ەو نە گڵە لەو شوێنانە دەست دەکەوێ کە پێی دەڵێن (شینکە و کەوەل) و دەبێ ژێر ئەو شینکە و کەوە لە ئاو بێت. چونکە ئەو قلیەیە مادەیەکی فێنکی تێدایە کە لە دوای تێکەڵکردنی لەگەڵ قسڵە تیژەکەدا، لە تیژییەکەی کەم دەکاتەوە، ئەوسا هەردوو دەبن بە هەوێن بۆ ناو چەوری ئاژەڵەکە بۆ مەیاندنی، کە ئەم شتانەیان تێکەڵ دەکرد واتا چەوری و بەز و قسڵ و قلیە و ئاو دەیانکوڵاند و ئەو کەف و چەورییەی وەک سەرتوێژ دەکەوێتە لاوە، ئەمەیان دەگرت و پێیان دەوت سابوونی سەرکەف بۆ سپیکردنەوەی دەست و دەم و چاوی ئافرەت بەکار دەهێنرا و لەوانی تریش سابوونەکە دروست دەکرا.

بۆ ئەم مەبەستانەش ئەم شتانە بەکار دەهێنران.

١- تیان: مەنجەڵی گەورەی لە مس دروستکراو، کەرەسەی خاوی تێدا دەکوڵێنرا.

٢- ماڵۆک: حەوزێکی بە خشت یا بەرد دروستکراوە بە گەچ و قسڵ یا چیمەنتۆ سواغ دراوە: دوای کوڵانی کەرەسە خاوەکە دەڕژایە ئەم حەوزەوە.

٣- کووره: مەنجەڵی مسەکەی لەسەر دادەنرا و ئاگر دەدرا.

٤- مۆڵک: حەوزێکە لە شێوەی لاکێشدا، نیوەی بە خشت پڕکراوەتەوە لەسەر قەراغی نیوە بەرزەکە بۆ سەر نیوە بەتاڵەکە دوو مەرکانەی گەورە دادەنرا، هەریەکە لە دامێنەوە پلووسکێکی پێوە بوو بۆ ناو نیوە بەتاڵی حەوزەکە (لەناو مەرکانەکانا تیژاو هەبووە و لە پلووسکەکانەوە بەریان دەدایە ناو حەوزەکە) سەری دوو مەرکانەکەیان بە دوو لەوحی کونکونکراو دەنایەوە، لە سەروو ئەم لەوحانەوە دوو مەرکانەی تر دادەنران. کە بەو دوو مەرکانەیەی سەرەوەیان دەگوت (چۆرک) پاشان چوار دەوری مەرکانە سەر و خوار سواغ دەدرا.

٥- سێ بەرمیلی گەورەیان بەکار دەهێنا. بۆ تیژا و تێکردن کە لە حەوزەکەیان هەڵدەیەنجا. ئەم تیژاوانەش پلەی دیاریکراویان هەبوو لە تیژیشدا فەرقیان هەبوو.

پێوانەی کەرەسە خاوەکانیش بەمجۆرە بوو: سێ تەنەکە قسڵ و سێ تەنەکە قەلیی و سێ تەنەکە پیو و یەک تەنەکە چەوری (بەز) کە لە مەنجەڵە گەورەکەدا دەیان کوڵاند.

ئەو ماڵانەی سابوونیان دروست دەکرد بەگوێرەی نووسینی (ڕووناک مەحموود)

١- ماڵی سەعیدی خەجەخان.

٢- ماڵی تایەری خاڵەلە.

٣- ماڵی ئەحمەدی عەزیز ئاغا.

٤- ماڵی حاجی کەریم حەتەم

٥- ماڵی حەمەی ڕەسوڵ

٦- ماڵی حسێنی سەعیدی میرزا

٧- ماڵی میرزا ساڵحی حەسەنی سابوونچی.

هەندێک ماڵی تر بەگوێرەی کتێبەکەی وەستا عەباسی دارتاش:

١- ماڵی حەمەی چاومار.

٢- ماڵی میرزا عەبدوڵڵا.

٣- ماڵی حاجی عەبدولڕەحمان.

٤- ماڵی شێخ زەینەدین کە دووکانەکەی لە دەرگای قەیسەری غەفوور ئاغادا بوو و شێخ زەینەدین خۆی یەکێک بوو لە خاوەن کوورەی سابوون.

هەر بەم بۆنەیەوە وەستا عەباسی دارتاش دەڵێت: ئەو چەورییەی دەهاتە ماڵەکان بۆ سابوون دروستکردن، ئافرەتان تێی دەورووکان، دەستیان دەکرد بە لێکردنەوەی ئەو وردە گۆشتەی کە بەسەر چەورییەکەوە بووە. ئینجا تەختە و قیمەکێشیان ئامادە دەکرد و گۆشتەکە قیمە دەکرا، و قیمەکە بۆ دروستکردنی کفتە بەکار دەهێنرا کفتەی پڕ لە گوێز و بادام و کشمیش و هەمەجۆر بەهارات و گۆشتی پەراسوو بۆ شۆرباکەی. ئەم کفتەیە بۆ ئەو کارکەرانە ئامادە دەکرا کە خەریکی کاری کوڵاندن و پێکهێنانی سابوون بوون. کەوابوو کفتەی بەناوبانگی سابوونکەران لەمەوە پەیدا بووە.

## مێژووی ئاشنایەتی بەینی سلێمانی و کفری و تێکەڵاوییەکی گەرم و گوڕ:

خوا لێخۆشبوو مستەفا نەریمان لە کۆواری ڕۆشنبیری نوێدا ژمارە (١٠٦ ساڵی ١٩٨٥ ل١٢١-١٢٧) باسێکی بەنرخی بەناوی (پەیوەندییەکانی نێوان سلێمانی و کفری) بڵاو کردبووەوە وا ئێمەش لێرەدا هەندێ بڕگەی ئەو باسە بڵاو دەکەینەوە.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر باسەکەی مامۆستا نەریمان دەڵێین: کفری شارێکی کوردانە سەر بە پارێزگای (لیوای) کەرکووک بوو، لەم دواییەدا خرایە سەر پارێزگای (دیالی- بعقوبة) جگە لە دەشت و دەورو پشتەکەی کە

هەموو هەر کوردن. بەڵام شاری کفری چەند بنەماڵەیەکی تورکمانی تێدایە و کاتی خۆی چەند خێزانێکی جوولەکەشی تێدا بوو.

کفری خۆی نزیک بە خەتی شەمەندەفەری بەینی بەغدا و کەرکووکە هەروەها نزیک ڕێگای گشتیی ئۆتۆمبیلی بەینی کەرکووک و بەغدایە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (صلاحیە)یان پێ دەوت، ئەم شارە خۆی نوێیە و پێش ئەو (ئاسکی کفری- کفری کۆن) شار بوو کە ئێستا ئێستگەی شەمەندەفەرە.

گەڕەکە گەورە و بەناوبانگەکانی کفری: گەڕەکی ئیسماعیل بەگ و گەڕەکی سەیدەکان و ئیمام محەمەد و گەڕەکی تازەی حەڤدەی تەمووزە.

لە سەردەمی زۆر کۆندا کفری شوێنەوارێک بووە کە ناوی لە نووسینە بزمارییەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوور (٢٠٥٠- ١٩٥٠ پێش هاتنی عیسا) بە (کیماش) ناوی هاتووە.

ناوی کفری خۆشی پێوەندی بە (کفرو لە ئاین وەرگەڕان نییە) بەڵکو کفر.. بنەدارێکی بچووکە لە گوێ چەمی کفری. ئەم داری کفرە دەبێت بە خەڵووزێک لە بابەت قیر یاخۆ خەڵووزی بەرد کە بە گردەکانی (ناصالح)ی نزیک کفرییەوە زۆرە و دارەکەش خەڵکەکە بۆ سووتاندن بەکاری دەهێنن.

ئینجا بگەڕێینەوە سەر (باسەکەی مامۆستا نەریمان) کە دەڵێت:

کفری دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای باشووری سلێمانی و ئەگەر ڕاستەوخۆ شەقامێک دۆڵ و چیاکانی نێوان ئەم دوو شارەی تەی بکردایە ئەوسا هەر تەنها دوو سەد کیلۆمەترە لە یەکەوە دوور دەبوون.

پێش ئەوەی شاری سلێمانی لە ئارادا بووبێت، کفری بڕێتی بوو لە ئێستگەیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پۆستە (برید)ی نێوان بەغدا و کەرکووک. ئەوحەلە نزیکەی دوو سەد ماڵێکی تێدا بووە. پاش بنیاتنانی سلێمانی، کفری کەوتە سەر شا ڕێگەی نێوان (سلێمانی- بەغدا) لە هەفتەیەکدا

کاروانێک دوو کاروان لە سلێمانییەوە بە بارەتووتن و مازوو و کەتیرە و پێستەوە دەکەوێتە ڕێ، بە سێ قۆناغ دەگەیشتنە کفری، لەوێشەوە بە چوار قۆناغ دەگەیشتنە بەغدا. کاروان لە ڕۆژێکدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، نزیکەی ٥٠- ٦٠ کیلۆمەتری دەبڕی. قۆناغەکانی ئەو حەلەش ئەمانە بوون (سلێمانی- دێی تیمار- گرپچنە- خانی برایم خانچی- کفری- قەرەتەپە- دەللی عەبباس- خان بەنی سەعد- بەغداد). هەر ئەم کاروانە لەو سەرەوە بە ئەنواعی کەلوپەل و خواردەمەنی نوێ و شەکر و چاوە دەگەڕایەوە، چ لەم سەرو چ لەوسەر دەبوایە ئەو خەڵکە لە کفری لابدەن. شەوێک دوو شەو بمێننەوە. بازرگان و کاروانچی و ڕێبوارەکان لە کاروانسەراکاندا باریان بخستایە و بچوونایە لەگەڵ دانیشتوانی کفریدا یەکدگیر بوونایە. ئەوانیش بەڕووی خۆشەوە پێشوازییان لێ دەکردن و دەرگایان بۆ دەخستنە سەر گازی پشت، لە سەرەتای دامەزراندنی ئیمارەتی بابانەوە، کاربەدەستانی ئەو ئیمارەتە، چەند جارێک هەوڵی ئەوەیان داوە، کفری بخەنە ناو جغزی خۆیانەوە، لە ساڵی ١٨١٢ ئەوڕەحمان پاشای بابان بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی برد و کفری خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە، والی بەغداش بەهێزێکی گەورەترەوە هات و لەوبەری رووباری کفری کە (دەوڵخانە)ی پێ دەڵێن، شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو لەشکردا پەیدابوو، لە ئەنجامدا لەشکری ئەوڕەحمان پاشا شکستی هێنا.

پاش هەرەسهێنانی ئیمارەتی بابان لە ساڵی ١٨٥١دا، چەند میرێکی دیاری لەو بنەماڵەیە لە کفری نیشتەجێ بوون وەک (قادر پاشا) و (ئیسماعیل بەگ)ی برای، ئیسماعیل بەگ لەناو شاردا چەند خانووبەرەیەکی دروست کرد و خەڵکەکەش لە دەوری کۆبوونەوە و خانوویان دروست کرد تا ئێستا گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی کفری بەناو ئەو (ئیسماعیل بەگ)ەوە هەر ماوە. قادر پاشاش لە دەوروپشتی کفری زەویوزاری لە دەوڵەتی عوسمانی ئیلتیزام کرد و ئاوەدانی کردەوە، پاش خۆی (مجید

پاشا)ی کوڕی جێی گرتەوە، مەجید پاشا لە پێشدا قایمقام بوو، لە کۆیە و ڕانیە و شامییە قایمقامەتی کردووە، کە باوکی کۆچی دوایی کرد. دەستی لە وەزیفــە بەرداو هاتە شــار، کــۆشک و ســەرایــەکی دوو نهــۆمــی زۆر گــەورەی دروست کـرد، لەو کۆشکەدا بیست ژوورو ســەردابێکی گەورە هـەبوو، لەناو ســەردابـەکـەدا فـوارەیـەکی ئاو لەنـاو حـەوزێکی مــەڕمــەڕدا هـەبوو، زۆربەی ژوورەکانی ناو ئەو کۆشکە، بە کاشانیی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابوونەوە، جگە لەم کۆشکە (مـەجید پاشـا) کاروانسەرایەکی سێ ژووری لای دەرگای سەرەڕێی سلێـمـانـی دامــەزراند بۆ ئەوەی بـازرگـان و ڕێبـوارەکـانی سلێـمـانی تێدا بحـەسێنەوە. پاشـا لـەو سـەردەمـەدا کـتـێـبخـانەیەکی باشـی هـەبوو. زانا و ئەدیب و شـاعـیـرانی ئەو سـەردەمـەی تیـادا کـۆ دەبوونەوە. (شـێخ ڕەزای تاڵەبانی) بە تورکی ستایشی کردووە و دەڵێت:

شــخص کـامل ئەگــەر بـولونەبـوگن
مــەرحــەمــەتلو مــجـیـد پاشـا در
دودمـــــــــــان ملـوک بـابـانـک
قـاڵمـە بر شــەمـسی عـالـەم ئارادر

واتە ئەگەر لە شوێنەوار و وەجاغی بابانەکان یەکێک مابێتەوە ئەوە مەجید پاشایە کە وەک هەتاو ئەو ناوچەیەی ڕووناک کردووەتەوە.

دوای ئەوە مـامـۆسـتـا نەریمان بـاسی بنەمـەڵە ناسـراوەکـانی تری کـفری دەکات دەڵێت: جگە لە بابانەکان لە سلێمانییەوە لقێک لە ساداتی بـەرزنجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕوویان کردووەتە کفری.

سەید عومەر ناوێک لە ئەولادی (شێخ علی وەندەرێنە)یە هاتووەتە کفری و لە مــاوەیەکی کـورتـدا، ئەو بنـەمـاڵـەیە بەهۆی ژن و ژنخـواسـتـنەوە لەگـەڵ هـۆزەکـــانی (جـــاف و زەنگنە و وەنداوی) بوونـەتە یـەکـــێک لە بنـەمـــاڵـە ناودارەکانی کفری. لەو دواییەشدا (سەید حسێن ئاغا) خوشکی (مەجید

پاشـای بابـان)ی مـاره کـردووه، ئەمـەش پێـوەندی ئەو دوو بنـەمـاڵەی کـە لە سـەرچاوەوە هەردوولا لە سلێمـانییـەوە هـاتوون، زیاتر بەهێـز کرد، یەکێک لە هەرە نـاودارەکـانی سـەیدەکـان (سـەید مـوحـسـین ئاغـا) بوو کـە شـێخ مەحموودی گەورە و نەمر دوو جار لە دیوەخانەکەیدا میوان بووە. جارێکیان کە لە شعێبە گەڕاوەتەوە و جاری دووەمیان لە ئەسارەت بەردراوە.

سەید موحسین ئاغا سەرۆکی شارەوانی بووە و خاوەن کتێبخانە و دەست و مەقـام بووە و گەڕەکێکی دیکەی کفری تا ڕۆژی ئەمڕۆمـان بەناوی گەڕەکی (سـەیدەکان)ەوەیە. کاک ئەحمـەدی شـێخ (١٢٠٧–١٣٠٥) کـە چووەتە حـەج بەم شـارەدا تێـپـەڕیوە و ئەمـری داوە مـەدرەسـەیەک و مـزگەوتێک دروست بکرێ. لـەو سـەرەوە کـە گـەڕاوەتەوە، فـەرمـایـشـتـەکـەی بەجێ هێـنراوە و تا ئێسـتـا ئەم مـەدرەسـە و مزگەوتـە ماون. شـێخ عـومـەری نەقشـبـەندی (شـێخ ضـیاء الدین ١٢٥٥– ١٣١٨) سـاڵی ١٣٠٧ کۆچی دێتـە کفری و ئەمر دەکات خـانەقایـەک دروست بکرێ، دەسـتـبـەجێ مـەجید پاشـا پارچە ئەرزێکی خـۆی لەناو شاردا پێشکێش دەکات و خانەقاکەی بەباربووی خەڵک لەسەر دروست دەکرێ، شێخـی ضـیـائەدین بەم کردەوەیە گەلێک دڵگەش دەبێت، بۆیە (نظام الدین)ی کوڕی لەوێ بـۆمـاوەیەک دەهێـڵێـتـەوە، ئەوسـاش مـوفـتـی کفـری کـە (ئیسـمـاعیل ئەفەندی) دەبێت کـچـی خـۆی لـێ مـاره دەکات، ئێـسـتـا کـوڕ و کـوڕەزاکانی لـەو ئافرەتەی خـەڵکی کـفرین و پێوەندییـان گـەلێکە لەنێـوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا.

هـەر لە سلێـمـانییـەوە جگە لەو دوو بنـەماڵەیە و ئەو دوو زاتـە بەناوبانگانە، دەیەهـا کـەس بـۆ کـاسـبکاری روویان کـردووەتـە کـفـری. زۆربەی بەرگـدروو چەخـمـاخـسـاز و زین و بەرگدرووەکـانی کـفـری خـەڵکی سلێـمـانی بوون. لە قـەرەداغـیـشـەوە دەیـەهـا خـێـزان بەرەو خـوار بوونەتەوە و روویان کـردووەتە کفری و تیایدا سامـانێکی باشیان بەدەست هێناوە و ناویان دەرکردووە وەک (حـاجـی ڕەشـیـد) و (ئـەمین چەلەبی) برای کـە لە سـەردەمـێکدا سـەرۆکی

شارەوانی بووە.

ئینجا مامۆستا نەریمانی خوا لێخۆشبوو دێتە سەرباسی فیتنەی مووسڵ کە شێخ سەعیدی تێدا شەهید کرا و مایە فیتنە (بەها فەنی) خەڵکی کفری بوو دەڵێت: پاش لەناوچوونی ئیمارەتی بابان ئەستێرەی شێخانی بەرزنجە درەوشایەوە. پیاوانی وەک کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ سەعید شێخ مەحموودیان تێدا هەڵکەوت. شێخ سەعید لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا ناوبانگی دەرکردبوو، چەند جارێک چووبووە ئەستەمبۆڵ و هەندێک لەو زانایان و رۆشنبیرانی لەگەڵ خۆی بردبوو. لەوێ چاویان بە سوڵتان کەوتبوو، پێوەندییان لە بەینا بەهێز بووبوو. کە بەرەی (اتحادو ترقی) لە ساڵی ١٩٠٨دا عەبدولحەمیدیان لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە. لقی ئەو حیزبە لە سلێمانی دەستی دایە شکاتکردن لەبەرەی شێخان، لە ئەنجامی پلانێکدا، شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی و شێخ مەحموود بانگ کرانە مووسڵ، لە مووسڵ ئەڵقەیەک لەو پیلانە بەکار هێنرا و ئەوەبوو شێخ سەعید خۆی و شێخ ئەحمەدی کوڕی کوژران و شێخ مەحموود دەرباز بوو، کوردستان هاتە جۆش و خرۆش، شاری کفریش بۆ ئەم کارەساتە هەستایە سەر پێ، (میرزا خەلیل منەوەری شاعیر) کارەساتەکەی بە دوو سەد دێرە شیعر دەربڕی و چووە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە و داستانێکی دڵتەزێنی ئەوتۆی هۆنییەوە کە کەس تا رۆژی ئەمڕۆمان وەک ئەو شیعرەی لە کارەساتدا بەکار نەهێناوە.

دوای ئەوە مامۆستا نەریمان دەڵێت: شاری کفری هەر بەمەوە نەوەستا بەڵکو یەکێک لەو کەسانەی کە مایە فیتنە و داردەستی بێگانە بوون خۆی کوتابووە ئەم شارە، سەیدەکانی کفری لە نیوە شەودا چوونە سەری و (بەها عبدالله)ی ئاژاوەگێڕیان لە تۆڵەی شێخدا شەقوپەق کرد.

کە لە ساڵی ١٩١٨شدا شێخ مەحموود حوکمڕانی گرتە دەست لە

گـەرمـیـان و دەوروپشـتی کـفـرییـەوە ئەم ناودارانە چوونە لای شـێخ و پیرۆزباییان لێ کرد و پشتگیریی خۆیان پیشان دا وەک (برایم خانی دەلو، عـەلی ئاغـای زەنگنە، کـەریم بەگی جـاف، رەفـعـەت بەگی داودە، سـەید محـەمـەدی جـەباری). دوای تێکچوونی شـێخ مـەحـموود لەگـەڵ ئینگلیزدا ئەوەبوو لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٩دا لە دەربەندی بازیان شێخ بە برینداری بە دیل گیرا و لە بەغدا حوکمی ئیعدامی درا دوای ئەوە حوکمەکەی گۆڕا و بە دیلی ڕەوانەی هندسـتان کـرا. دوای ئەوە ئەو نیـشـتـمـان پەروەرانەی لە گـەرمـیـان سـەر بە شـێخ بوون. قسـەیان کـرد بـە یەک و راپەڕینی سـاڵی ١٩٢٠ی گەلی عـێراقیـان بە گونجاو زانی و ئالای شـۆڕشیـان هـەڵکرد، لە ١٤ی ئابی ١٩٢٠ لە خـانەقین بە سـەرۆکایەتی خورشـید بـەگی دەلو شـاری خانەقینیان ڕزگارکردو لە ٢٠ی ئابیشدا شۆڕشگێڕانی (دوزخورماتو) بە سـەرۆکـایەتی (رەفعـەت بەگی سمـایل بەگی داودە) شـاری دوزیان لە چنگ بەریتـانیـا دەرهێنا و لـە ٢٢ی ئابیـشـدا (برایم خـانی دەلۆ) بە هاوکـاری بەشێک لە جاف شاری کفرییان رزگار کرد و (سلمنت)ی جێگری حاکمی ئینگلیزیان بە دیل گرت. مەرجی برایم خان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بۆ بەردانی (سلمنت) بەردان و گەڕانەوەی شێخ مەحموود بوو لە هندستان.

جـا وەک مـامـۆسـتـا نـەریمان دەفـەرمـوێ گـوایـە ئەم هـەمـوو راپەڕین و بزووتنەوانە بۆ گـەڕانـەوەی شـێخ مـەحـمـوود بوو. ئـەوەبوو لە دواییـدا ئینگلیزەکان ناچار بوون شـێخ بگێڕنەوە کوردستـان.. رۆژی ٢١ی ئەیلولی ١٩٢١ ڕۆژێکی پـرشنگدارە لـە مـێـژووی شـاری کـفـریدا، لـەو ڕۆژەدا دانیـشـتوانی شـار بە گـەورە و بچـووکـەوە، بـە سـوارە و پیـادەوە رژابوونە ئێـستگـەی شـەمـەندەفـەری (کنگربان) کـە بە حـەوت کـیلـۆ مـەتر لە خـوار کفـرییـەوەیە، سـوارەی هـۆزەکانی دەوروپشـتی کـفری بە کـورد و عـەرەبەوە لەوێ بوون، هـەرکـە شـەمـەندەفـەر وەسـتـا و دیمـەنی شـێخ دەرکـەوت، درا لـە تەپڵ و تەقـەی تفـەنگ دەست پـێ کـرا و سـۆزی دەروێش و بانگ و ئاوازی ئەو

خەڵکەو هۆسەی عەرەبی دەنگیان چووبووە ئاسمانەوە و گوێی دوژمنیان کەڕ کردبوو، بەرەو شاری کفری بە سێ سەعات گەیشت، لە دەرگای شاردا ژنان بە هەلهەلە و منداڵان بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لە شێخ کرد. شێخ سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ماڵی سەید موحسین ئاغادا پێشوازی خەڵکی دەکرد و سوپاسی دەکردن.. شێخ کەوتەوە ڕێ ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢١ گەیشتە سلێمانی. بەهەمان دەستوور لەوێ پێشوازییەکی گەرمتری لێ کرا.

لام وایە مامۆستا نەریمان لێرەدا زیاتر (عاتیفەی نەتەوایەتی) بەکار هێناوە. وەک لە پیاوە بە تەمەنەکانی کفری و هەروەها دوای پێداچوونەوە بە نامیلکەکەی مامۆستا موکەرەم تاڵەبانیدا (ابراهیم خان ثائر من کردستان) ئەوەم نەبیست و نەخوێندەوە لە هەڵسانی برایم خانی دەلۆ لەبەر بەردان و هێنانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بووبێت. هەڵسانەکانی ناوچەی گەرمیان دژی ئینگلیز بوو، بەڵام لەوە ناکات هیچیان پێوەندییەکی ئەوتۆیان بووبێت بە هێنانەوەی شێخ مەحموودەوە. بەڵێ هەڵسان لە سلێمانی و دەوروپشتی بۆ ئەم مەبەستە بوو و تیایدا سەرکەوتن.

## مێژووی تۆپەکەی ڕەمەزان و ئاگرکردنەوەی گڵەزەرد

کاتی خۆی کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هەیتوهووتی ڕاگەیاندن و دەنگوباس گواستنەوە نەبوو، هەواڵ گەیاندن لە دوورەوەی وڵات هەر زۆر قورس و گران بوو و زۆر دوادەکەوت. یەکێک لە هەزارەها لەوانەی کاتی خۆی بۆ خوێندن و سەربازی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە تورکیا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنایە، جاری وا هەبوو دوای ساڵێک کەسوکاری پێیان دەزانی، ئەویش ئەگەر ناسیاوێکی ئەو بنەماڵەیە لەوێوە بهاتنایەوە و ئاگاداری بکردنایە.

ئەم بارە لەناو شارەکەشدا هەر وابوو، بەڵام چونکە ئەوسا سلێمانی بچووک بوو، بە هاتوچۆ و هەواڵ ڕاگەیاندن بە یەک، ئەرکەکە تۆزێ سووک دەبوو، هەواڵەکەش ئەوەندە دوا نەدەکەوت.

مزگەوتەکانی ناوشار لەم رووەوە ئەرکی بانگدانی پێنج فەرزەیان گرتبووە سەر شان، هەروەها خەڵکەکەی لە ئیفتارکردنەوەی بەربانگ و لە پارشێو- پاششێودا، هەر گوێیان لە بانگ دەگرت، بەتایبەتی ئەو ماڵە هەژارانەی کە (سەعات- کاتژمێر)یان نەبوو.

خوا لێخۆشبوو شێخ حەسەنی گڵەزەردە کە کەشناس (فەلەک)یەکی شارەزا بوو، داوودەزگای خۆی لە چیاکانی گڵەزەردەدا پێکهێنابوو، کە رەمەزان بهاتایە و جەژنی رەمەزان و قوربان بە دوایدا و بە بۆنەی هەندێ شتی ترەوە لە ژیانی خۆیدا، لەسەر شاخە بەرزەکە ئاگرێکی وای دەکردەوە کە شەوقەکەی لە سلێمانی و ئەملا و لایەوە ببینرایە. دوای وەفاتی ئەو پیاوە زانایە، خزم و خوێش و دانیشتوانی دێیەکە، لەسەر ئەم نەریتە رۆیشتن و لە رەمەزان و جەژنەکاندا ئاگریان دەکردەوە. ئەم باسە لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا زیاتر لێی دواوین.

ئەوەتا مستەر ریچ لە یادداشتەکەی رۆژی ١٠ تەموزی ساڵی ١٨٢٠دا کە لە سلێمانی بووە، نووسیویە دەڵێ: (ئاگرێکی بەتین لەسەر گردەکانی بەرامبەری شار کرایەوە، کە ئەوەی وای دەگەیاند کە مانگ لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ئاگرەکەیان کردووەتەوە بینراوە، کەوابوو بۆ سبحەینێ جەژنە).

بێگومان مەبەستی لە گردەکانی بەرامبەر لووتکەکانی شاخی گڵەزەردەیە (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠ ص١٠٤).

شێخ حەسەنی گڵەزەردە وەک لە جێیەکی تری ئەم کتێبەدا باسی کراوە، پیاوێکی (کەشناس) بووە. لە ساڵی ١٦٦٧ هاتووەتە جیهانەوە. هەر بەهۆی (کەشناسی)یەوە (کەشف و کەرامات)ی هەبووە و تا رادەیەکی باش تێدا سەرکەوتووە.

لە (ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانیدا ل٥١-٥٢) باسی ئەم پیاوەی تێدایە

دەڵێت: شێخ حەسەن کوڕی سەید محەمەدی نۆدێیە، وێڕای ئەوەی کە مامۆستایەکی ئایینی و شێخێکی تەسووف بووە، زانایەکی فەلەکیش بووە، لە سەردەمی خۆیا جگە لەو (بورج)ەیی لە مزگەوتی گڵەزەردە، ڕۆژ ژمێرێک (تقویم)ێکی دروست کردبوو بە گەچ لەسەر دیواری ژوورەکەی و لەسەر تیشکی خۆر سەرەتا و کۆتایی وەرزەکان و چلە و ڕۆژانی چلەی پێ دیاری کردووە. کە ئەمانە هیچیان نەمان و فەوتان.

لە بەڵگەنامەیەکدا کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دۆزیویەتەوە موتەسەڕیفی سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ داوا لە مودیری ناحیەی سەرچنار دەکات کە دانیشتوانی گڵەزەردە راسپێرێ بۆ مانگ بگەڕێن. ئەمەش دەقی ئەو نووسراوەیە:

نمرە ٣/١٩/١٢ ڕۆژی ١٩٢٦/٣/١٠ بۆ جەناب مدیر سەرچنار.
لطفا ئەمر بکەن بە أهلی گڵەزەردە بر معتاد ڕۆژی یەک شەممە ١٤ مارت وقت ایواری بچنە سەر شاخەکە و بە دقت ترصد هلال رمضان بکەن و اگر هلالیان چاو پێ کەوت دەستبەجێ ئاگرێکی گەورە بکەنەوە کە علاقی چاوپێکەوتنی هلال بێ، کذا دەستبەجێ دوو کەسی معتبریان بێنە شار لای جنابی قاضی افندی شهادت رؤیتی هلال بدەن.

متصرف سلیمانی

ئیش و کار بەمجۆرە دەڕۆیشت تا عوسمانییەکان کشانەوە و وڵاتیان چۆڵ کرد. بەڵام میراتی ئەوان کە بۆ شارەکەیان بەجێ هێشت لوولە تۆپێک بوو، کە بۆیان نەبرا و بەکاریشیان نەدەهات.

دانیشتوانی ناوشار و بەتایبەتی چەخماخسازەکان دوای دەستکاریکردنی ئەو لوولە تۆپە، توانییان وای لێ بکەن کە سوودی لێ وەربگیرێ.

جـا فـەرمـوون بۆ نـووسـینە بەنرخـەکـەی وەسـتـا عـەباسی دارتاش لە بیرەوەرییەکانیدا لاپەڕە (٩٦-٩٧) لەم بابەتەوە کە دەڵێت:

لە میراتی عەسکەرە تورکەکان لوولە تۆپی کورت و تایەی ژێر تۆپەکەیان دەسـتکەوت بوو، ئەو لوولە تۆپە درێژییـەکـەی نزیکەی دوو مـەتر دەبوو و خڕیەکەی بیست و پێنج سانتیمەتر دەبوو، لای خوارووی لوولە تۆپەکەیەوە کونێکی بچووکی تێدا بوو ئەو کونە (کونی تێز)یان پێ دەوت. با باس لە دابەستنی ئەم تۆپە بکەین. لە پێش هەموو شتێکدا دوو داری چوار پاڵووی چوارمەتر درێژ ئەم دوو دارەیان بەتەنیشت یەکەوە قایم کردبوو، دوو تایە میراتییەکەیان لەژێر دوو دارەکەدا بەستبوو، ئینجا لوولە تۆپە میراتەکەیان لەسەر ئەو دوو دارە دابەستبوو بە سێ چوار پشتێنی ئاسن لوولە تۆپەکەیان قایم کردبوو ئینجا با باس لە داگرتنەوەو تەقاندنی بکەین. لە پێش هەموو شتێکدا لە کیسەیەکدا بە قەدەر کیسە خەنە، کیسەیەک بارووتیان دەخستە ناو لوولە تۆپەکەوە و بە دارێکی درێژ پاڵیان بە کیسـە بارووتەکەوە دەنا تا دەچووە بنەوە. دوای ئەوەی دوو تەنەکـــە ئاویان دانابوو، پارچەکـــە گونییەکیان لوول دەکرد و لە تەنەکە ئاوەکەیان هەڵدەکێشا و دەیانخستە ناو لوولەی تۆپەکەوە بە دوای بارووتەکەدا، ئینجا بەو دارە درێژە پاڵیان بە گونیەکەوە دەنا و دوو سێ کەس بە نۆرە بەو دارە درێژە دەیانکوتا کە ئەمە پێیان دەوت: (داگرتنەوە)، دوای ئەوە لەولاوە بە دوو سێ چڵ دار ئاگرێکیان دەکـردەوە بۆ ئەوەی کـەڵە پشکۆی ئاگـرینی لێ پەیدابێ، دوای ئەوەی بە دەزووی سێ چوار لۆ شـاپڵـیتـەیان بۆ ئامـادە دەکرد، شـاپڵـیتـەکـەیان تەڕ دەکرد و بارووتی ڕەشیان تێوە دەدا و سەرێکی ئەو شاپڵتەیان دەخستە ناو کونەکەی لای خوارووی لوولە تۆپەکەوە تا ئەو شاپڵیتەیە دەگەیشتە ناو ئەو کیسـە بارووتەی کە لەناو لوولەی تۆپەکەدا بوو، ئا بەم شێوەیە تۆپ ئامادە دەکرا بۆ تەقاندن لە سێ ڕۆژی مانگی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژنەکاندا، ئینجا ئێواران کـە سـەید حـەسـەن بانگی دەفـەرموو حاجی سـەعیدی تۆپچی، بە

مقاشە درێژەکە، کەڵە پشکۆیەکی هەڵدەگرت دەینا بە شاپڵیتەکەوە، تۆپ زرمەی دەکرد و منداڵان لە خۆشییا هاواریان بەرز دەبووەوە، بەرەو ماڵ رایان دەکردەوە. ئەو تۆپە لەسەر گردی دەبۆکە دابەسترابوو، دەمی لوولەکەی بەرەو ماڵی خواجا فەندی و شێخ بابا عەلی بوو، حاجی سەعیدی تۆپچی مەشهوور بوو دانیشتووی گەڕەکی کانی ئاسکان بوو، کوڕێکی گەورەی هەبوو ناوی محەمەد بوو تا حەفتاکانیش ئەمدی. من لە سییەکاندا ئێواران دەچووم بۆ سەیری تەقاندن و داگرتنەوەی ئەو تۆپی رەمەزانە و بۆ پارشێوانیش هەر تۆپ دەتەقێنرا و لە مزگەوتەکانیشەوە بۆ کاتی پارشێو سەلا دەکرا.

وەستا عەباس بە ڕاستی وەسفێکی جوان و تەسەلی ئەم تۆپەی رەمەزانی کردووە من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) یەکێک بووم لەو منداڵانەی وەستا عەباس باسیان دەکات، کە ئێواران لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەچووین بۆ سەیری داگرتنەوە و ئاگردانی تۆپەکە، کە لە دەبۆ کۆنەکەی لای حەمامی قشڵەی جاران، شوێن دووکانەکانی شارەوانی کە بەسەر شەقامی مەولەویدا دەڕوانێ و دەکەوێتە دەستی ڕاستی ئەو کەسەی لەبەر دەرگای سەراوە بەرەو باخچەی گشتی بڕوات. ئەوەندەم لەبیرە کە ئێوارانی ڕەمەزان تۆپەکە ئاگر دەدرا، بەجارێک پارچە پەڕۆ و لەتە گونیە دووکەڵ بەو ناوەدا بڵاو دەبووەوە تا تۆزێک کەس کەسی نەدەناسییەوە.

وا دەزانم ئەوەی کاروباری ئەم تۆپ تەقاندنەی گرتبووە ئەستۆ، لە ڕۆژانەی حاجی سەعید و کڕینی بارووت و پێویستییەکانی تر. شارەوانی سلێمانی بوو.

بێگومان ئێستا ئەو تۆپە نەماوە و تۆپی باشتر و نوێتر هاتووەتە جێگای، جگە لەوەی هۆی راگەیاندن و کاتژمێر (رادیۆ و تەلەفزیۆن و موکەبەرەی مزگەوتەکان و زۆر شتی تر پەیدابوون) ئەوەندە پێویستی بە تۆپ نەماوە.

جگە لەوەی ئاگرەکەی گڵەزەردەش خۆی لە خۆیدا نەما و کۆتایی هات.

داگرتنەوەی تۆپی رەمەزان و تەقاندنی شتێکی بیر خستمەوە هەر لەم بابەتە: ساڵی ١٩٥٤ بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بووم بۆ قەرساندن (تخمین)ی توتن بەو دێهاتانەی هەورامانەدا دەگەڕاین تاکو ڕێمان کەوتە دێی (دەرەی مەڕ) کە پڕ بوو لە ئەشکەوتی پان و بەرین خوا لێخۆشبوو حەمە سەعید بەگی ئەفراسیاب بەگمان لەگەڵدا بوو کە هەندێ پارچە زەوی لە دێیەکەدا هەبوو. حەمە سەعید بەگ پرسیاری (دەروێش حەمە ئەمین) ناوێکی کردو وتی بڕۆن بانگی بکەن، بڵێن هەر ئێستا بە چەک و هەیتوهووتەوە بگاتە ئێرە، وا دوژمن دەورەی داوین.. منیش سەرم سووڕما ئەوەندەم زانی پیاوێکی بە تەمەنی گردەڵەی تێکسمڕاوی کاکۆڵ سپی و سوورفل بە خۆی و تفەنگێکی کۆنی کەڕواوی لوولە درێژ، دووسێ کوولەکەی وشکی بچووک بەملا و لای پشتێنەکەیدا هەڵواسرابوو، یەکێکیان بارووتی تیا بوو، یەکێکیان تەرەقەی و کۆتوکوێکیش لەبابەت پەڕۆی شڕ و لۆکە و پارچە گونیە لە باخڵیا بوو.. ها دەروێش وا دوژمن هات فریاکەوە.. دەروێش حەمەمینچاپووکانە بارووتی کردە شوێنی خۆیەوە لە تفەنگەکەدا و کوتوکوڵک بە دوایدا و بە شیشێ تفەنگ لە لوولەکەی دایگرتەوە و تەرەقەی خستە سەر و، نیشانی لە دوژمن گرتەوە، هەر کە پەلەپیتکەی پێدا هێنا پیرە تفەنگ ناڵەی کرد، بەڵام چ ناڵەیەک، جارێ ئەو ناوەی هەموو کرد بە دووکەڵ تا یەکدوو خولکە کەس کەسی نەدەدی، دوای ئەوە کە سەیری دەموچاوی دەروێش حەمەمینیان کرد وەک لە خەڵووزان هاتبێتە دەرەوە وا ڕەش بووبوو. جگە لەوەی هەر پەڕۆی سووتاو بوو تا بەینێک بە ئاسمانەوە دەخولانەوە. ئەمە گوایە دەروێش حەمە ئەمین دوژمنی راونا و دووری خستنەوە..

# مێژووی

- دوانزە سوارەی مەریوان و هەندێک لە نەوەکانیان
- شاری سلێمانی لەناو بێشکەی چەرخی وریابوونەوەی نوێدا
- ئەو شارەی بۆ ئێمە دەژی
- هێرشی رۆمی بۆ سەر سلێمانی و بەرگری ئافرەت
- دوو سەد ساڵ و چەند ڕۆژێکی لەمەوبەری شار.

## مێژوی دوانزه سوارەی مەریوان و هەندێک لە نەوەکانیان

وشـەی (سـوار) لێرەدا (سـوارچاک- شـۆڕە سـوار) دەگـرێتـەوە لـەوانەی لە سواری و شەڕی دوور و شەڕی دەستەویەخەدا دەستێکی باڵایان هەبێ، واتا سـوارچاکی (قـارەمـان)یـەتیش هـەر سـفـەتـیـان بێت. کە ئـەمـە بەرامـبـەر بە (الفارس)ی عەرەبی و بەرامبەر بە (Knights)ی ئینگلیزی دێت.

مـەریـوان: ناوچەی مـەریـوانە لە ئێـران و پێنجـوێن سنووری لە مـەریوان دەگەڕێتەوە واتا هاو سنوورن.

زۆر بنەمـاڵـە هەن لە سلێـمـانـیـدا و رەنگ هەیە لـە دەور و پشـتـیـشـی کـە هەموو دەم شـانازی بەوەوە دەکەن کەوا دەچنەوە سەر یەکێک لەو سوارانەی مەریوان. لە ڕاستیشدا ئەو ئازایەتییەی ئەو سوارانە دژ بە لەشکری ئێران لە مـەریواندا نواندوویانە، کـەوا دوانزە سـوار لـەشکرێکی گـەورە بە هەمـوو چەک و تۆپ و تۆپخـانەوە ڕاوبنێت و جبـەخـانەیان بگرێت، هـەردەم شـایانی شانازی و بەرز پێدا ڕوانینە.

جا با بزانین ئایا ئەو پاڵەوانانە کێ بوون؟ و لە دواییدا دێینە سـەر باسی شـەڕەکە.

کـاتی خـۆی من (نووسـەری ئەم کتێبـە) دوو نووسـینم لە کۆواری (بەیان) ژمـارە (٥ کـانوونـی دووەم ١٩٧١ و ژمـارەی دوای ئەو)دا لە ژێرنـاوی (چەند سـەرنجێک دەربارەی دوانزە سوارەی مەریوان) بڵاو کردووەتەوە و وتوومە:

زۆرکــەس ڕووداوەکـەی مــەریـوان بە (اسطورة) دادەنێن گـوایە چۆن بە دوانزە ســوار لەشکرێکی گـەورەی دوانزە هـەزار کـەسـیـی دەشکێنـێ؟ بۆیە ڕوونکردنەوەی ئەم چمکە شـاراوەیەی مـێژووی مـیللەتەکـەمـان شـتێکی نەک

هەر بەسوودە، بەڵکو پێویستیشە.

حوسێن نازم بەگ دەڵێت: ئەم کارەساتە لە مەریوان رووی داوە کە ئەو دوانزە سوارەیە سوپای سەلیم بەگیان شکاندووە و بە سەریاندا سەر کەوتوون.

مێجەر لونگریک لە (چوار سەدەی ئەم دواییە لە مێژووی عێراق)دا دەڵێت: ئەم کارەساتە لەکاتی فەرمانڕەوایی (سلێمان بەبەی کوڕی ماوەند)دا واتا لە ساڵی ١٠٨٨ک/ ١٦٧٧ز رووی داوە. مستەر ریچ هەر لەم رووەوە دەڵێت: شوێنی رووداوەکە نزیک بە (احمد مکوان)ی لای پێنجوێن بووە و ئەویش وەک لونگریک دەڵێت لەکاتی فەرمانڕەوایی (سلیمان بەبە)دا بووە کە بڕوا وایە لە بەینی (١٠٧٧-١٠٩٢ک) (١٦٦٦-١٦٨١ز) حوکمی کردووە، کە لەم کاتەدا حوکمی ئێران بەدەست شا حسێنی یاخۆ سوڵتان حوسێنەوە بووە.

ئەمین زەکی بەگیش دەفەرموێ: دوای ئەوەی سەلیم پاشای بابان لە یەکێک لە شەڕەکانیدا لەگەڵ هێزی والی بەغدا- سلێمان پاشای ئەبی لێلە لە ساڵی ١١٦٧/١٧٥٣ز دا شکا، خۆی و پیاوەکانی روویان کردە ئێران و سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا لە قەڵاچوالان لە شوێنەکەی دانیشت. سەلیم بەگ دوای ئەوەی دوو ساڵ بە ئێراندا سووڕایەوە کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکرد. گوایە کەریم خانی زەند سوپایەکی لە دوانزە هەزار کەس بۆ رێک خستووە و ناردوویەتی بۆ سەر وڵاتانی بابان بەڵام لە ئەنجامدا هیچی دەستگیر نەبووە.

تۆفیق قەفتانیش لە باسی هاتنی سوپای کەریم خانی زەندا بۆ سەر خاکی بابان دەڵێت: (.. ئەم لەشکرە بە نهێنی و بێ دەنگ هات تا گەیشتە ناوچەی مەریوان، لەبەر ئەوەی هاتنەکەیان کوتوپڕ بوو، بۆیە حکومەتی بابان لە سەرەتاوە ئاگادار نەبوو، بەڵام هەر کە هێزەکە، گەیشتە مەریوان،

سەرداری قزڵجە خێرا قەڵاچوالانی ئاگادار کرد.. سلێمان پاشا وا راهاتبوو نیـوەڕوان دەنووست، وای رووی دا لەو کـاتەدا بـوو کـە تەتەر گـەیشـتـە قـەڵاچوالان، سـەرۆکەکـانی بابـان لێکیـان دایەوە بەم دەسـتـوبردە هێـزێکی وەهایان بۆ کـۆ ناکرێتـەوە کە بەرەنگاریی ئەم سـوپا گەورەیەی ئێـرانی پێ بکەن، دواخسـتنی کۆکردنەوەشـی کارێکی پڕ مـەترسـی بوو، کەسـیش زاتی ئەوەی نەبووە مـیـر لـە خـەو هەسـتێنێ!! دوژمنیش هەمـوو دە سـەعـات رێ لە قـەڵاچوالانەوە دوورە. ئەمـانیش بەتەنـهـا و بەبێ راوێژی پاشـا هیـچیـان بۆ نەدەکـرا . بۆیـە تەواو شـپـرزە بوون. نـاچار خـەبەری دەکـەنـەوە، کـە تێی دەگـەیەنن دوژمـن گـەیشـتـۆتە سنووری قـەڵاچوالان و سـەرۆکـەکـانـی بابان چاوەڕوانـی فـەرمـانن. پاشـا رقـی هەڵدەسێ و بـەو کـەسـەی کـە خـەبەری دەکـاتەوە دەڵێت: گـەورەکانی بابان چاوەڕوانی من بۆ دەکـەن؟ قـارەمـانانی بابـان لەمـە غـیـرەت دەیانگرێ، ئەوانـەی کـە بە دوانزە سـوارەی مـەریوان ناوبانـگیـان دەرکردووە، هـەریەکـەیان بە خـزمـەتکارێکەوە بەرەو ئوردووی دوژمن دەکەونە رێ.

دوای ئەوە تۆفیـق قـەفتـان دەڵێت: هـەر ئەم گیانە بوو وای لـێ کردن هەتا ئێـوارەی ئەو رۆژە شـەست کـیلۆمـەترە ببـڕن و ئێـوارەوەخـتـە بگەنە نزیک ئۆردوگای دوژمن. پیلانی هێرشەکەیان وەها دانابوو، کە هـەر دەستەیەکیان لە لایەکـەوە، پەلامـاری دوژمن بـدەن. بۆ ئەوەی لە هـەر چوارلاوە هـێـرشـەکـە دواخـەن، دەبێ دوو بەشـی شـەو بڕوات، بە مـەرجـێک لـە کـاتی هێـرشـدا هـەرکـەسـە لـە راسـتـی خـۆی دەنگ بە ناوی خـواوە بـەرز دەکـاتـەوە، پیـادەکـانیشـیـان هـەرکەسـە لە جێگای خـۆیەوە لە تەپڵ لێـدان نەوەسـتن، بۆ ئەوەی دوژمـن وا بزانـێ کـە لە هەمـوو لایـەکـەوە بە سـوپایـەکی گـەورەوە پەلامـاری دراوە. ئیـتر لە کات و سـاتی خـۆیدا لە هەمـوو لایەکەوە پەلاماری دوژمن دەدەن، بە جـۆرێک کەوتبوونە کوشـتن و بڕین لەوە دەچوو سـوپایەکی بێ شـومـار پەلاماری دابن سوپای ئێران کە لە خـەوی شـیـریندا بوون تەواو

شـپرزە بـوون.. لە قارەمـانانی بابان نۆیان کوژران.. سـەلیم بەگ و ئەکرەمی مەلا هـەمـزە و جوامـێراغـای رەنگینە و ئەحمـەد ئاغا و زولاڵ ئاغـا و مـحـەمـەد بەگی مـەرگە و سـیـانی تر... سلێمـان پاشاش خـۆی لەگەڵ هێز دەڕوات کـە دەگاتە قـزڵجە لەوێ ئاگاداری دەکەن کە چۆن ئەو دوانزە قـارەمـانانە، دوانزە هـەزار نەفەری سوپای ئێرانیان شکاندووە..

پیـرەمـێـرد لە دوانزە سـوارەی مـەریواندا رووداوەکـە بە جـۆرێکی تر دەگێـڕێتـەوە. بەڵام ئەنجـامـەکەی لەگـەڵ ئەوانی تردا هـەریەک دەگـرنەوە کە ئەوەش سـەرکـەوتنی دوانزە سـوارەکـەیە بەسـەر لەشکری ئێـرانـدا.. هەر چۆنێک بێت جـەنگەکـە (فڕوفـێڵ واتا خـدعـەی حرب)ی تێدا بووە، جگە لە ئازایەتی و هەڵمـەتدانی بێ وێنە... پیـرەمـێـرد دەڵێت: ئەوسـا فـەرمـانڕەوا ئەحـمـەد پاشـای بابان بووە کـە ناوبانگی بە (شـاغـازی ئەحـمـەدی لەشکرشکێن) دەرکـردبوو جگە لەوەی ناوی چواردە سـوار دەبات لـەجیـاتی دوانزە.

شێخ سەلامـیش لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ شاخی (مەلکەوە)دا دەڵێت: دوانزە سـوارەی مـەریوان سـەرگورشـتـەیەکی مێژوویینی زۆر گـەورەی لەسـەرە. وا مـەشـهـووره کـە لە تـاریخی ١٠٨٨ی هیـجـریدا (١٦٧٧ز) نزیکەی دوانزە سـواری کـوردی بابان لە ژێر فەرمـاندەیی سـەلیم بەگی مـامی حـاکمـدا کـە مـەشـهـووره بە سـەلیم سێ تەنگە لە قـەڵای مـەریواندا دوانزە هـەزار سـوار لەشکری ئێرانـیان شکاندووە.. ئەوەندە هـەیە ئەوکاتـە چەک زیاتر شمشێر و قـەرەبینا بـووە.. شـەو شـەبەیخـوون دەکـەن بـۆ سـەر لەشـکری ئێـران.. بە رەنگێک ئەو لەشکرەی ئێران شپرزە دەکەن خۆیان لە خۆیان دەکوژن چونکە بە شـەو لـە دوانزە شـێری بێـشـەی کوردسـتـان بە دوانزە تەپڵـەوە هەڵمـەتی شێرانە دەبەنە سەر لەشکری نووستووی بێ خەبەری عەجەم.

لەم سەرچاوانە هەمـوو بۆمان ئاشکرا دەبێت کەوا رووداوی دوانزە سوارە

راستـه و (اسطورة) نیـیـه و کـارەسـاتـەکـەش لە بەینی لەشکری ئێـران و سـوارەی بـەبەدا رووی داوە، بەڵام ئایا لە کـەی و چ سـاڵێکدا بـووە؟ ئەوە بە تـەواوەتـی روون نـەبـووەتـەوە، ئـەوەتـا سـەرچـاوەیـەک دەڵێت: لـە کـاتـی فـەرمـانڕەوایی (سلیمـان بـەبە)دا بووە کـە دەکاتە سـاڵی ١٠٨٨ک (١٦٧٧ز). بەگـوێرەی قـسـەی (ریـچ) لە بەینی سـاڵی ١٦٦٦-١٦٨١دا بووە. بەقـسـەی ئەمین زەکی بەگ لـە سـاڵی ١١٦٧ک (١٧٥٣ز) دا رووی داوە. تۆفیق قـەفتـان دەڵێت: لـەکاتی فـەرمـانڕەوایی کـەریم خـانی زەند لە ئێـراندا هـەراکـە رووی داوە. کەریم خان لە ساڵانی (١٧٤٦-١٧٧٤) واتا (٢٨) ساڵ حوکمی کردووە لە دوای ئەویش لوتفعەلی خـانی زەند لە بەینی ساڵەکانی (١٧٧٤-١٧٩٠) بۆ ماوەی شـانزە ساڵ حوکمی کردووە. دەبێ ئەوەندەش بزانین کە حوکمی بەبە لە قـەڵاچـوالان لە بـەینی سـاڵەکـانی ١٦٦٩-١٧٨٣دا بوو. چـونکە لەوەدوا پایەتەخت گوێزرایەوە سلێمانی کە لە ساڵی ١٧٨٤دا دروست کرا.

لێرەدا قسەی ریچ و لونگریک یەک دەگرن کە لە بەینی ساڵەکانی ١٦٧٧-١٦٨١دا شەڕی دوانزە سوارە رووی داوە.

بەقسـەی ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق قـەفتـان لە بەینی سـاڵەکانی (١٧٥٣-١٧٧٤)دا بووە.

من خـۆم (نووسـەری ئـەم کـتـێـبـە) رای لونگریک و ریچم لا پەسندترە. چونکە ئەوەندەی کتێبی (پاڵەوانی زەند)ی (حـەسـەن فـەهمی جـاف)م سـەیر کـرد هیچ ئـامـاژەیەکی بۆ ئـەم رووداوە تێـدا نەبوو جگە لەوەی لێکۆڵینەوە و شـیکردنـەوەی (ڕیچ)م زیاتر لـەلا عـیلمـیـتـرە. لـەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم خـاڵە دەهێڵینەوە بۆ زانایان کە ئەوان زیاتر روونی کەنەوە.

**دوانزە سوارە کێ بوون؟**

بەگوێرەی قسەی حسێن نازم بەگ:

١- سەلیم سێ تەنگە (سەلیم بەگ بابان).

٢- جوامێر ئاغا.

٣- زلاڵ ئەحمەد ئاغا.

٤- محەمەد بەگی مەرگەیی.

٥- مەحموود بەگ.

٦- ئەحمەد رەشی دارۆغا.

٧- ئەکرەمی مەلا هەمزە.

لای تۆفیق قەفتان:

١- سەلیم سێ تەنگە.

٢- جوامێر ئاغا.

٣- زلاڵ ئەحمەد ئاغا.

٤- محەمەد بەگی مەرگەیی.

٥- مەحموود بەگ.

٦- حەمە رەشی دارۆغا.

٧- ئەکرەمی مەلا هەمزە.

٨- بریندار ئاغا.

لای پیرەمێرد:

١- سەلیم سێ تەنگە.

٢-جوامێر ئاغای رەنگینە.

٣- زلاڵ ئاغای مەرگەیی.

٤- مەحموود بەگی باشچاوەش.

٥- داراغای میرەدێ.

٦- میران بەگی وەڵەدبەگی.

٧- ئەکرەمی مەلا هەمزە.

٨- ئاغاڵ ئاغای سیوەیلی.
٩- زەینەڵ بەگی مەسرەف.
١٠- سوار ئاغای بەڵباس.
١١- مامەند ئاغای میراودەلی.
١٢- شاپور ئاغای بەختیاری.
١٣- فەراموززی زەنگەنە.
١٤- چەلەبی قەدیمی هەمەوەند.

لای شێخ سەلام:
١- سەلیم سێ تەنگە.
٢- جوامێر ئاغای رەنگینە.
٣- زولاڵ محەمەد ئاغا.
٤- محەمەد بەگی مەرگەیی.
٥- مەحموود بەگی ساحێبقران.
٦- ئەحمەد رەشی دارۆغا.
٧- ئەکرەمی مەلا هەمزە.
٨- بریندار ئاغا.؟
٩- ئەحمەد بەگی کەنەسوورە.
١٠- وەسمان بەگی میرەدێ.
١١- سۆفی یارە.

ئەو سوارانەی لە نووسینی حوسێن نازم و تۆفیق قەفتان و پیرەمێرد و شێخ سەلامدا ناویان هاتووە، ئێمەش بێ سێ و دوو قبوڵمانن و تەواون کەوا سوارەی راستی مەریوان و مەردی مەیدان بوون کە ئەم زاتانەن:

١- سەلیم بەگی بابان (سەلیم سێ تەنگە) کە گوایە ئەو سەرکردە بووە.

٢- زولاڵ ئاغـا (زولاڵی ئەحـمـەد ئاغـا یا مـحـەمـەد ئاغـا یا زولاڵ ئـاغـای مەرگەیی).

٣- جوامێر ئاغا (لای هەندێکیان جوامێر ئاغای ڕەنگینە) کە لە ئـازایەتیدا وتوویانە:

جوامێری ئاغای ڕەنگێنە - پڵنگی چنگ بە خوێنە.

٤- محەمەد بەگی مەرگەیی (کە لە نووسینەکەی پیرەمێردا نییە).

٥- مەحموود بەگ (مەحموود بەگی ساحێبقران یاخۆ باشچاوەش).

٦- ئەحمەد ڕەش دارۆغا (یاخۆ حەمەڕەش کە لە نووسینی پیرەمێردا نییە).

٧- ئەکرەمی مەلا هەمزە (مەلا هەمزەی ئەوغانی).

شـێخ سـەلام سـۆفی پارەشـی داناوە. جـا ئەگـەر مـەبەسـتی مـامـەیارەی بەناوبانـگ بێت، بێگومـان لەوەدا بە هەڵە چووە چونکە مـامـەیارە لە سـوپای ئەحـمـەد پاشـای دوامـیـری باباندا تۆپچی بوو واتـا لە سـاڵەکـانی ١٨٣٨- ١٨٥٠، دەبێ مـەبەسـتی لە سـۆفی یارە یەکێکی تر بێت بـەڵام لە هیچ لایەکی تر ناوی نەهاتووە.

هەندێک لەو بنەماڵانەی سەر بە یەکێکن لە دوانزە سوارە:

١- ئەوەندەی بۆم دەرکـەوتووە سـاحـێبـقـڕانـەکانی سلێمـانـی دەچنەوە سـەر مەحموود بەگی ساحێبقڕان کە یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان.

٢- زولاڵ ئاغـاش گـوایە سـەرۆکی عـەشـیـرەتی (شـاقـولی) بووە کـە لە دەوروپشـتی شـاری (سنە)ی ئێران دانیـشـتـبـوون. زولاڵ ئاغـا خـزمی مەحموود بەگی ساحێبقڕان و خانمی وەسمان پاشا (عادیلە خان) بووە. کـەوابـوو زولاڵ ئاغـا مـەرگـەیی نیـیـە، دووریش نـیـیـە وەک دەڵێن برای جـوامـێـر ئاغا ڕەنگێنە بووبێت، گـوایە هەردووکـیـان پێکەوە لەو دیوەوە هاتوون، لەبەر بەرزی کەسـایەتـی و ئازایەتییـان پاشـای بابان زۆر ڕێزی

گـرتوون و لەخـۆی نزیک خـسـتـوونەتەوە، تاکـو ناوچەی بـازیان بە زوڵاڵ ئاغا دەبەخشێ و ئەویش لە (بی بی جەکی وەیس) دادەنیشێت.

دەبێ هـەر ئەم زوڵاڵ ئـاغـایەش بووبێت کـە (گۆرانی شـەڕ)ی وتـووە چونکە گوایـە دەنگی زۆر خـۆش بووە. وەچـەی ئەم قـارەمـانـە ئەمـڕۆ لە سلـێـمـانـیـدا، مەجید ئەفەندی سەلیم ئاغا و مامۆستا عەزیز فەرەج و کوڕ و کوڕەزاکانیان تاکو دوو کوڕی مەجید ئەفەندی بەناوی جوامێر و زوڵاڵەوە ناونراون و کوڕی عەزیز ئەفەندی ناویان شێرکۆ و سمکۆیە.

٣- لە نـەوەی مـــیـــران بەگی وەلەد بـەگی- بـەگـــزادەکـــانی جـــاف (وەلـەد بەگ)یەکان وەک (حەمە سـەعید بەگ، حەسـەن بەگ، عەلی بەگ، ئەحـمەد بەگ، حـەمـەد بەگ، و حـسـێن بەگە برای عـەلی بەگ و حـەمـە ئەمین بەگ عـــەباس بەگ و کـــوڕ و کـــوڕەزایـان (تاریخـی جـاف ل٢٠٠ کـــەریم بەگ جاف).

٤- بنەماڵەی مـەلا حەمـە ئاغا و حسێن ئاغا: ئەم دووبرایە کوڕانی عەبدوڵڵا ئاغـای حاجی برایماغـای کوڕی مـسـتەفـاغای کـوڕی حەسـەناغای کـوڕی حسـێناغـای کوڕی مـوراد بەگن. حـەسـەن ئاغـا یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان و بە (فەرامورزی زەنگەنە) بەناوبانگ بووە.

نەوەی ئەم دوو برایە: کەریم ئەفـەندی و عەلی ئاغا و مەحـموود (باشکاتبی مەحکەمە) و ئەنوەر (مامۆستای ئامادەیی).

دەروێش ئاغـا باوکی شـاعـیـری بەناوبانگ ئەحـمـەد دەروێش (ئەخـۆل) و عەبدوڵڵا دەروێشە.

غەفوور ئاغا باوکی حاجی عەبدول و مستەفا.

حسێن ئاغا باوکی دکتۆر کەمال حسێن و باوکی جەمال ئاغای بانق.

رەشید ئاغا باوکی سەروەر.

٥- بنەماڵەی حاجی رەسوڵی حەماغا.

حاجی رەسوڵئاغا کوڕی مەحمووود ئاغا کوڕی گورون ئاغا کوڕی ڕۆستەماغا کوڕی زۆراباغا کوڕی زوڵاڵ ئاغایە. کە ئەمیش یەکێک بوو لە دونزە سوارەی مەریوان.

حاجی رەسوڵ پێنج کوڕی هەبووە عەبدوڵڵا و مەحموود و محەمەد و مەلا قادر و ئەحمەد ئەفەندی،، مەلا قادر باوکی حاجی فەتاحە و ئەمیش دەبێ بە باوکی میرزا ئەوڕەحمان باوکی سەردار و دکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاح باوکی دلاوەرە و کوڕی سێیەم حاجی ئەمینە.

ئەحمەد ئەفەندی حاجی رەسوڵ دوو کوڕی هەبووە، مەزهەر و سدیق.

مەزهەر ئەفەندی دوو کوڕ و سێ کچی هەبووە، دکتۆر کەمال مەزهەر و جەلال.

٦- لە نەوەی سەلیم بەگی بابان (سەلیم سێ تەنگە) کە ئەمڕۆ کەسیان لە سلێمانیدا نەماون هەموو بڵاوەیان لێ کردووە و زۆریان لە بەغدا دادەنیشن.

ئەحمەد موختار بابان و فازڵی برای کە ئەوانە کوڕی حەسەن بەگ کوڕی فەتاح بەگ کوڕی عەبدولقادر بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی سوبحان بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی (سەلیم بەگ)ن.

ئەحمەد موختار بابان (سراب)ی کچی لە پاش بەجێ ماوە و فازڵ (ئەیاد)ی لە دوا بەجێ ماوە.

هەروەها مەحامی عادل بابان و مەحامی سەلیم بابان کوڕانی محەمەد عەلی بەگ کوڕی خورشید بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی محەمەد ئەمین بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی سوبحان بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگن.

بەکورتی نەوەی خانە بەگ کە چوار کوڕی بووە محەمەد ساڵح بەگ و محەمەد ئەمین بەگ و داود بەگ و عەبدولقادر بەگ هەموو دەچنەوە سەر

سەلیم بەگ (سەیری کتێبی بابان في التاريخ و مشاهير البابانيين شجرەی رقم ٤ نووسینی جمال بابان چاپخانە حوادث ساڵی ١٩٩٣ بکە).

سەرنج: ئەمانە ئەو بنەماڵانەن کە تا ئێستا ئێمە بۆمان ساغ بوونەتەوە، بێگومان بنەماڵەی تریش هەن کە دەچنەوە سەر ئەو پاڵەوانانە، یاخۆ خۆیان بە نەوەی ئەو پیاوە مەزنانە دەزانن، کە ئێمە ئەوە نازانین. بۆیە داوای بەخشین دەکەین و لێرەدا ناومان نەهێناون.

## شاری سلێمانی لەناو بێشکەی چەرخی وریابوونەوەی نوێدا

ئەمە نووسینێکە لەلایەن کاک (غەفوور میرزا کەریم)ەوە لە رۆژنامەی (العراق/ بەشی رۆشنبیریی کورد/ رۆژی ١٩٨٤/١١/٧) بڵاو کراوەتەوە. ئەم نووسینە سەرنجێکی زانیاری و مێژووییی تێدا بەدی دەکرێ لەبارەی بنیاتنانی شاری سلێمانییەوە. بۆیە بڵاوکردنەوەی بە سوودە. کاک غەفوور دوای پێشەکییەکی دوور و درێژ دەڵێت:

هەر شارێک چ کۆن بێ یا تازە، لەژێر سایەی بارودۆخێکی تایبەتی و هەلومەرجێکی دیاریکراوی گونجاودا سەر هەڵئەدا و دائەمەزرێ و دێتە کایەی ژیانەوە و هەریەکەیان بە ناونیشانێکی تایبەتی ناوئەنرێ و لە مەیدانێکی دیاریکراودا دەوری سەرەکی ئەبینێ کە لە ئەنجامدا بەو ناوەوە لە کۆمەڵدا ناو دەرئەکا.

رۆژگاری چاو هەڵهێنان و لە دایکبوونی شاری سلێمانی ١٧٨٤ بە جیهانی کۆمەڵگای کورد نوخشە جاڕی بانگ و بارودۆخێکی تایبەتی و هەلومەرجێکی دیاریکراوی گونجاودا بەگوێدان وە چاو پشکوتوی و هاتنە ناو ژیانیەوە بە وێنەی پایتەختی میرنشینێکی سەربەخۆی ئازاد، رێکەوتی بارودۆخێکی ئاڵۆزاوی و دژواری تایبەتی پڕ لە قەوماوی جەرگ بڕی مەزنی ناو خۆیی رووداوی گرنگی دووبەرەکی و بەیەکاهاتن و شەڕ و شۆڕی خوێناوی دوو دەوڵەتی گەورەی جیهانی ناوچەکە و سەرهەڵدانی گرنگی

شـارسـتـانی و کڵـپـە سـەندنی ئاگـری ڕاپەڕین و وریابوونەوە و بـەرپابوونی شـۆڕشـی پیـشــەسـازی لە جـیـهـاندا ئەکـات. بە پێـچـەوانـەی زۆر شـاری کـوردنشـینی ترەوە کـە بە ئاسـانی و ئارامـی دێنە ژیـانەوە، هێـڵی شـێنەیی ڕۆژگـار دەگرێتـە بەر و لە دواییـدا ئەکـەوێتـە بازنەی ئۆقـرەی پێـشکەوتن و سەرکـەوتنی تایبەتـی خۆیەوە. شـاری سلێمانی لـەناو ژانی کۆمەڵگای کوردا بەدەم ئازار و دەردی کـوشندەی ناوخـۆ و لە ژێر پـاڵەپەسـتـۆی سـەرکـەوتن و هـەورازی پێشکەوتـنی میرنشـینی بەبەدا. چاو و گوێی کرایەوە بە بیر و ڕای کوردایـەتی مـەڵاشـووی هەڵدرایەوە و زمـانی بـە سـەربەخـۆیی و ئازادی پژا. ئیـتـر هـەر لەبەر ئەم هۆیە تایـبـەتـیـیـەی ژیـانە کە ژیانی سـەرتـاپای دوو سـەد سـاڵەی پڕ بە پێـسـتی ڕۆژانی لە دایکبـوونیـەتی و هـەرگـیـز لە مـیـراتی شـۆڕشگێڕی باو و بـاپیری لانادات. کـورد واتەنی (گـیـا لەسـەر بنجی خـۆی دەڕوێتەوە یاخۆ مشتێک نموونەی خەروارێکە).

شـان بەشـانی هەمـوو دەرد و کـوێرەوەرییـەک و گـیـروگـرفـتی قـووڵی کۆمـەڵگای مـیرنشـینی بەبـە بە زاڵبوون بەسـەر گـابەردی تـەنگ و چەڵەمـەی سـەخـتی ڕۆژگـاردا، سـەرەڕای ئەو هـەمـوو تیـروشـیـر لەیەک سـواندنە و دووبەرەکـی و ناکـۆکی و شـەڕی براکـوژییـە. مـیـرنشـینی بەبە توانـی بە سـەرکەوتـوویـیـەوە لە پێناوی بەرفـراوانکردنی دەسـەڵاتیـدا و گـەورەکـردنی قەوارەی فەرمـانڕەواییدا، بەسەر هەورازی پێشکەوتندا زاڵبێ و سەرکەوێ و لە مـەڵبـەندی بنەچەیی بێـشکـەی چاو هەڵهـێنانەوە لـە دێی دارەشـمـانەوە پایتـەخت بۆ مـاوەت لە دواییدا بۆ قـەڵاچوالان بگوێزرێتـەوە. کە ئەم ڕەوتە لە بواری کـاروانی پێشکەوتنی مرۆڤدا بە نوخشـە جـارێکی مـەزن و سـەرەتای سـەرکـەوتنێکی بێ هـاوتا و بەدیـهێنانی دەسـتکـەوتێکی گـرنگ و تایبـەتی لە مـێـژووی مـیـرنشـینی بەبەدا لـە قـەڵـەم ئەدرێ. ئیـتـر لەگـەڵ ئەم خـەرمـانی گـیروگـرفتـانە و لەناو بـارگەی ئەم شـەڕ و هەرای براکـوژییـە بیـرکـردنەوە لەلایەن میرەکانی بەبەوە، بەتایبەتی بیری تیژ و ئاسۆی بەرفراوانی دەماخی

ئیبراهیم پاشا بۆ بنچینە دانانی شارێکی گەورەی پایتەختنشین بە دیاریکردنی و هەڵبژاردنی بەرفراوان و پڕ کانی و کارێز و مەڵبەندی باو و باپیرانی (زاماواو لولوبیان) سلێمانی پشت بەستن بە هێزی بازووی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، ئەم خالانە نەک بەتەنها بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی پێشکەوتن و بەرفراوانی دەسەڵاتداریەتی زیادبوونی هێز و توانای میرنشینی بەبە دائەنرێ و بەس، بەڵکو لە مێژووی کوردیشدا بە دیاردەیەکی شارستانی و ئاوەدانی و پێشکەوتن لە قەڵەم ئەدرێ و ناوی لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردا تۆمار دەکرێ کە بێگومان نەوەی ئەمڕۆش بە شانازییەوە رێزی لێ ئەگرن و دەوری بالای لەم مەیدانەدا دەنرخێنن.

ناکۆکی و دووبەرەکی بەتین و تیژ و شەڕ و هەرای خوێناوی دوور و درێژی نێوان سەفەوییەکان و دەوڵەتی عوسمانی، کوردستانی بەمەرەیەک بردبوو، کە پوپووی وێرانکردن و ماڵ وێرانی و هەژاری، باڵی رەشی بەسەر مەڵبەندێکی فراواندا کێشابوو. زیادە وتن نییە ئەگەر بڵێین کە لە ئەنجامی ئەم شەڕ و هەرایە و ئەو بارودۆخە ناهەموارەدا بوو کە دەزگای میرنشینی بەبە وەکو قەوارەیەکی نیشتمانی هیوا و ئومێدبەخشی کوردایەتی هاتە مەیدانی خەباتەوە کە توانی بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی و دووبەرەکی، هەردوو دەوڵەت بە سەرکەوتوویی زیاتر لە دوو سەدە فەرمانڕەوایی لە مەڵبەندێکی گەورەی ئیستراتیجی کوردستاندا بەڕێوەبەرێ و دەستکەوتی مەزن بۆ کورد لە هەموو مەیدانێکا بهێنێتە دی. جا ئیتر هەرچۆنێک بێ لەناو جەرگەی ئەم بارودۆخە ناهەموارەدا، ئیبراهیم پاشای بەبە، بۆ بەرفراوان کردنی دەسەڵاتی میرنشینیەکەی فەرمانی بنچینە دانانی ئەم شارە گەورەیەی بۆ گەلی کورد بەجێ هێنا کە بەمە شاری سلێمانی وەکو دەستکەوتێکی گرنگ، هاتە پاڵ شارە مەزنەکانی کورد و شان بە شانی مهاباد و دیاربەکر بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن کەوتە هەنگاونان. هەروەها بنچینە دانانی شاری سلێمانی ١٧٨٤ ئەکەوێتە ناو جەرگەی رۆژگاری

سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوەساڵی ١٧٥٠-١٨٥٠ ئەم شۆڕشەی کە چینی سەرمایەداری لە وڵاتی ئەوروپادا دژی ڕژێمی بۆگەنی دەرەبەگایەتی بەرپا کرد کە لە ئەنجامدا لەگەڵ کەلوپەلی تازەی کارخانەکاندا پزیشکی بیروڕای تازە سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆیی لە ڕێگەی ئەستەمبوڵەوە گەیشتە کوردستان.

جا هەرچەندە بناغەی شاری سلێمانی بە چەند ساڵی پێش بەرپابوونی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ کەوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترووسکەی سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی لە مەیدانی کۆمەڵایەتی بازرگانی، بیروباوەڕدا، دڵ و مێشکی بەرەی ڕۆشنبیرانی دەوڵەتی عوسمانی و میرەکانی کوردی هەژان.

ئیتر ئەم بارودۆخە تازەیەی جیهان دەوری گونجاو و کاریگەری کردە سەر کۆمەڵگەی کورد کە لە دواییدا میرەکانی بەبەی بە ئاگا هێنا و زیاتر پاڵی پێوەنان بۆ بیرکردنەوە لە پێشخستنی قەوارەی میرنشینەکەیان بۆیە بوو بەهۆی بڕیاردان لەسەر بناغەی دانانی بنچینەی شاری سلێمانی. بەم ڕەنگە چەند بارودۆخ و هەلومەرجێکی گونجاو و کاریگەر دەوری تایبەتی لە بنچینەدانانی شاردا گێڕاوە و نواندووە، بۆیە شاری سلێمانی هەر لە نوخشەجاری دامەزراندنییەوە بەرگی نەتەوایەتیی پۆشیوە و ئەم تانوپۆی تایبەتییەی لە ڕەوتی هەمیشەیی شاردا بە ڕوونی دەبینرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین کە شاری سلێمانی ناوی لەناو شارەکانی کوردستاندا بە شاری نەتەوایەتی دەرچووە و ناسراوە، بۆیە پێی دەوترێ شاری هەڵمەت و قوربانی.

تێبینی: بەرامبەر بەم بۆچوونەی نووسەر

کاک غەفووری میرزا کەریم لە ڕوانگەی شیکردنەوەی پێشکەوتنخوازانە، یاخۆ بە شێوەیەکی مارکسی لەنینی ڕای خۆی بەرامبەر بە بنیاتنانی شاری

سلێمانی دەربڕیوە. بەڕاستی ئەو خاڵانەی ئەو شی کردوونەوە و لەسەر بنچینەیە را و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە ئەوانە هەموو پەسند و جێی بەرز پێدا روانین. هەر بەشێوەیەکی زانیاریی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخوازانە ناونانی سلێمانی بە (شاری هەڵمەت و قوربانی) شی کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە رای کاک غەفوورە و هەرکەسەش ئازادە لە را دەربڕیندا بەرامبەر بەهەر خاڵێک کە پێوەندی بە ڕارودۆخی ئێستا و دوارۆژی میللەتەکە و شارەکە و هەر شتێکی گرینگی ترەوە هەبێ..

## مێژووی ئەو شارەی بۆ ئێمە دەژی

ئەو سەرناوەی سەرەوە گۆڕینی نووسینێکە لەژێر ناوی (یادی دوو سەد ساڵەی ئەو شارەی بۆ ئێمە دەژی) بەبێ دەرخستنی نووسەر کە وادیارە هەر لێپرسراوانی کۆوارەکە (کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (٧٩ ل٨٢-٨٤) نووسیویانە). لەبەر نرخ و سوودی نووسینەکە ئەم بەشەمان بە تۆزێک دەستکارییەوە، گواستەوە بۆ ئەم بەرگە چونکە بۆ سلێمانی نووسراوە و دەڵێت:

بەپێی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی بەدەستمان گەیشتوون و لە ئەنجامی پشکنین و دۆزینەوەی پاشماوەی دێرین و ئەشکەوت و ئاودێری کە لە وڵاتی ئێمەدا کراون و ماونەتەوە.

کوردستان بەلانکەی مرۆڤایەتی و یەکێک لە هەرە شوێنە ئاوەدانەکانی جیهانی کۆن دەژمێررێ. زنجیرەی جەوهەری مرۆڤی کورد و دیاردە شارستانییەکانی لە گەلێک جاردا بە زۆردارەکی پچڕێنراوە. بەڵام ئەو دابڕانە تا سەر نەبووە و ئاکام قوڵفەکان پێک گەیشتوونەتەوە و بۆ جارێکی نوێ خەبات بۆ خۆ سەپاندن و دروستکردنەوەی ژیان کراوەتەوە.

لە میراتی نەتەوەیی میللەتی کورددا زۆر شتمان هەبووە و ناویان نەماوە و زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بارەیانەوە پێ نەگەیشتووە. بە پێچەوانەوە

گەلێک کەلەپوور و سامان پارێزراون و گەورەیی و مەزنیی کوردیان وەک حەقیقەتێکی مێژوویی و بوویەکی زیندوو لەگەڵ خۆیاندا هەڵ گرتووە، لەپێش هەمووویانەوە زمانی شیرینی کوردی و ئەدەبیاتە بەفەڕەکەی. هەر لە پاڵ ئەوانیشدا دیاردەی شارستانیمان لە زۆر شوێناندا ماونەتەوە وەک هەولێری بزورگ و رەواندزی دیاریی سۆران و بتلیس و دەرسیمی خۆشەویست و شارەزووری لەمێژینە.

لە چارەگی چوارەمی چەرخی هەژدەی زایینیدا، بەتەواوەتی لە ساڵی ١٧٨٤دا بیری کامڵ و هەست بە خۆ دروستکردن و گەیشتن بە کاروانی میللەتان بەنیازی مانەوە بەپێوە، شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری شکۆدار، شاری دیار و یادگاری هەتاهەتاییی بابانەکان دروست کرا، دروستکردنەکەشی هەر لەپێناوی شار و ئاوەدانییەکی رووتدا نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو ببێتە شاری شاران و سەری ناو سەران و هێنانە دی ئامانجە هێجگار گەورەترەکان.. بەڵام هەی موخابن.

سلێمانی ئارەزووی تەنها کەسێک و بەهەرەمەکی نەهێنراوەتە وجوود لەبەر خاتری ئەم و بۆ چاوی کاڵی ئەو پەیدا نەبووە. وەک ئەوە وابووە لەم لاشەوە بە قسەکردنی (خاتوو مەلکە) و لە ترسی رۆهەڵات و بۆ نزیکبوونەوەیەکی کوێرانە لە رۆئاوا و ئەستەمبوڵ نەبووە. بەڵکو لە ئاکامی پێشکەوتن و گەشەکردنی لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و پێداویستەکانی چەرخ، ئەو شارە سەربەرزە بنیات نراوە، ئاسۆ گەشی و دوور روانین و ئاوات و هیوای مەزن وایان کرد بناغەی سلێمانی لێ بدرێ. ئاوڕدانەوەی لە کۆن و بەخۆدا چوونەوە و هەر چاوێک بە چەند چاوێک کردن و هەر هەنگاوێک بە چەند هەنگاوێک کردن و مەڵاشووی سلێمانی هەڵدایەوە. بەڵام کە ئامانج ئەو کاتە نەهاتبێتە دی. مانای ئاماج و کرووزانەوەی بێدەسەڵاتانە نییە، چونکە وەک بەهاری سروشت هەیە، بەهاری ئاوات و تێکۆشانیش هەیە، کەواتە ئێمە دڵخۆشین و ئێمە بۆ هیوا

دەژین و هەر هەوڵدەدەین، لە ئەنجامیشدا هەر دەگەینە جێ.

سلێمانی بانگەوازێکی بەرز و دەنگێکی دلێری گەیاندە ئاسمان بەهۆی (نالی)یەوە کەڵە موفەکیر و شاعیرەوە، بانگەوازی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی بۆ سەرجەم میللەتی کورد راگەیاند، کە تا لەسەر ڕێوشوێنی ئەو زمانە یەکگرتووە نەڕۆین و بیرمان یەک نەخەین، هەرگیز نانمان بە دۆ ناگات و یەکمان بەدوو نابێ. لە سلێمانیدا سەرەتا و بەردی بناغەی پیشەسازیی خۆماڵی موتابچییەتی و دەباخچییەتی و سابوون دروستکردن دامەزرا، ئێستا لەگەڵ پێشکەوتن و هەڵسووڕانی چەرخ و هاتنە پێشەوەی رۆژگاردا ئێمە بەرەو لووتکە برۆین، کەچی بەخۆمان رەوا نەبینی و پارێزگاریمان بۆ نەکرا و ئێستاش زۆر بە زەحمەت بەو پیشە خۆماڵییە چاکانەوە دەگەینەوە لە هەمان کاتدا. هەرگیز دروست نییە بێ ئومێدبین، چونکە زەبوونی لە پیاوی ناو پیاوان ناوەشێتەوە.

لە سلێمانیدا و بۆ ماوەی نیو چەرخ یا پتر، هەموو بارودۆخێکی ژیان روویان لە بەرزی بوو، تەنها لە چوارچێوەی روویەکی جوغرافیدا نەمایەوە، بەرەو یەکەتی نەتەوە دەچوو بەرەو پێشەوە تا وای لێ هات چاوی ئاوات لەوێدا ئارامی دەگرت و ماندوویەتی ڕێگا لەوێ دەردەکرا و دیسانەوە چوونە پێشەوە دەستی پێ دەکردەوە، بە ئەندازەیەک سلێمانی بوو بە (دڵ) و مەڵبەندی شانازییس مێژوو بۆ هەموو کوردان.

تێبینی: ئەم نووسینە بەنرخە کۆتاییەکەی بەوە دێتەوە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵ بەسەر بنیاتی شاری سلێمانیدا، پێویستە لە بیرەوەری ئاوەها گەورەدا ئاهەنگ بگێڕرێ و کۆبوونەوە بکرێ و لیژنەی جۆرەوجۆر دامەزرێ لە شارەزا و پسپۆڕ لە ئەندازیاران، مێژوونووسان، جوغرافیازان، ئەدیبان و پیاوانی دنیادیدە، بۆ ئەوەی هەر لیژنەیەک لەلای خۆیەوە لێی بکۆڵێتەوە و دەیان راپۆرتی زانستییانە ئامادەبکەن. بۆ

پێشکەوتن و رازانەوە و دامەزراندنی شارەکە.

منیش نووسەری ئەم کتێبە دەڵێم: وا دوو سەد و حەڤدە ساڵ بەسەر بنیاتنانی شاری سلێمانیدا تێپەڕی کە لە ساڵی ١١٩٩ک (١٧٨٤ز)دا دروست کرا، لەگەڵ ئەو هەموو بەسەرهاتە جۆرەوجۆرە جەرگبڕانەی کە بەسەریدا هاتووە و دامێنی گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، سوپاس بۆ خوای گەورە و مەزن کە دانیشتوانی ئەوەندە تێکۆشەر و خۆڕاگر و زیندوون کە بەسەر ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و نەنگیانەدا زاڵ بوون و بەهەنگاوی گەورەگەورە بەرەو پێشەوە دەڕۆن و شارەکەش رۆژ بە رۆژ گەشاوەتر و ئاوەدانتر ئەبێتەوە خانوو کۆشکی جوان و بازاڕی سیخناخ لە هەموو بابەتێک و شەقامی رێکوپێک و کۆڵانی چیمەنتۆ رێژ.. کە ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ مرۆی زیندوو کە خۆی رادەگرێ و دەیەوێ بژی و بەشداربێت لە بنیاتی مرۆڤایەتی و شارستانییەتدا، لەم جیهانە بەرینەدا.

## مێژووی هێرشی رۆمی بۆسەر سلێمانی و بەرگریی ئافرەت

**بەتایبەتی ئافتاو و خونچە کوڕانی..**

برای بەڕێزم کاک (ع. بەسۆز. عەبدوڵڵای کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی).

ساڵی ١٩٧٩ نامەیەکی بۆ ناردم کە وەڵامی نامەیەکی من بوو لەو نامەیەدا گەلێک شتی مێژوویینی بۆ نووسیبووم. یەکێک لەوانە تایبەت بوو بە رووخانی میرنشینی بابانەوە لە بەینی ساڵەکانی ١٨٤٧-١٨٥١ وا بڵاوی دەکەینەوە لەوەپێش لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٨٧٠ رۆژی /١٢/١٩٨٦ ١٨)دا بڵاوم کردووەتەوە، چونکە پاڵەوانیەتی و قارەمانی هەندێک ئافرەتی ئەو سەردەمەی سلێمانی پیشان دەدا. هەرچەندە لە ناوەکاندا هەندێک هەڵەی تێدایە، ئێمە راستمان کردووەتەوە. وەک ئەوەی کە (مامەلی) بۆ کاک عەبدوڵڵای گێڕاوەتەوە گوایە میری بابان ئەودەمە (محەمەد پاشا) بووە و بە

(جـقـەدار) ناوبـانگی دەرکـردووە ئەمـەش وانیـیـە چونکە ئەو دەمـەی ئەم کـارەسـاتەی تێدا رووداوە ئـەحـمـەد پاشـای کوڕی سلێـمـان پاشـای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان میر و کاربەدەستی سلێمانی بووە. ئەو ئەحمەد پاشـایەیە کـە حـەزرەتی نالی باسـی دەکـات و لە شـوێنێکی تر لەم بەرگـەدا هـەندێک لە شیعرەکە بڵاو کراوەتەوە کە دەڵێت:

تا سلێـــمانان نەگەیشتـــنە تەختی.. ئاخیرەت

ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

ئەمـە ئـەو ئەحـمـەد پاشـایەیە کـە رۆڵەیەکـی تری وەک ئەو لـە ئیـدارە و ئازایەتی و پیـاوەتیدا بە دەگمـەن هـەڵکەوێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لـە بەختـی رەشـی ئەوا، کـاسـەی سـیـاسـیـەتـی ناو دەوڵەتان، لە سـەری ئـەوا شکایەوە و مـیـرنشـینی بابان لە کاتی فەرمـانڕەوایی ئەوا کۆتایی پێ هات. جـا ئەگەر خـوێنـەری بەڕێز چاوێک بەو باقی کـتـێـبـانـەی لە کـتـێـبـخـانـەی ئـەوقـافی سلێـمـانیـدان (ئەگەر ئەوانیش مـابن!) بگێڕێ، بۆی دەردەکەوێ، کە زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە کە لە بنچینەدا زیاتر لە شەش هەزار بەرگ کتێبی (بەنرخ بوون) بەگوێرەی رۆژگاری خۆی و بگرە بـەگوێرەی ئێسـتـاش، ئەو ئەحـمـەد پاشـایە دوای دوور خـسـتـنەوەی بۆ (ئاسـتـانە)و لەدواییـدا دامـەزرانـدنی بە والی یـەمـەن کـە مـاوەی چواردە سـاڵ بـە والیـەتی لە یـەمـەن مـایـەوە، ئەو کتێبـانەی ئەو لە ئاسـتـانە و یەمەن و شـوێنی ترەوە دەیناردن بۆ کتێبخـانەی بابان لە سلێمانی.

بێینەوە سەرەوکاری کاک عەبدوڵڵای بەڕێز کە لە ساڵەکانی بەینی (٩٣٠-٩٤٠)دا لەوسـاوە کە قـوتابییـەکی سـەرەتایی بووە، خـۆشـەویسـتی نەتەوە و نیشتمان وای لێ کردووە کە عەوداڵی مێژووی وڵاتەکەی بێت.

بە قسەی خۆی مامێکی پیری هەبووە کە ئەوسا تەمەنی هەشتا ساڵ بووە و مێردێکی پووریشی کە ناوی مام (ئەولێ) بووە. کە زۆری ئەمەی لەمەودوا

دەینووسـین قـسـەی مـام (ئەولێ- عـەلی)ن گـوایە مـام ئەولێ سـاڵی ١٩٣٥ تەمـەنی (١٠٥ سـاڵ بووە و لـە سـاڵی ١٩٣٧دا وەفـاتـی کـردووە. کـاک عـەبدوڵڵای بەڕێز دەڵێ: کـە لە (مـام ئەولێ)م دەپرسـی باسـی رووداوی سەردەمی عوسمانییەکان و شەڕەکەیان لەگەڵ بابانەکاندا، لە وەڵامدا ئەیوت (جا ئەوە دوێنێ بوو) و وتوویەتی: من ئەوساکە تەمەنم (٢١) ساڵ ئەبوو، بۆ کـڕین و فـرۆشـتن ئەمـواڵمان بە کـاروان ئەهێنا بۆ سلێـمـانی چونکە ئەم مەملەکەتی بابانەمان لا خۆشتر بوو. لەبەر ئەوە هەر جارێک بیست رۆژ یا مانگ زیاتر ئەماینەوە چونکە لەگەڵ باوکمدا (چەرچیەتی)مان ئەکرد لەم دێهاتانەدا. هەر جارێک لەو جارانە بوو کە لە سلێمانیدا مابووینەوە لە پڕ مقومـۆیەک بڵاوبووەوە کە گوایە ئۆردوی رۆمی (ئەوسا بە عوسمانییەکانیان ئەوت ڕۆمی) بەرەو وڵاتی بابان هێرشـیان هێناوە ئەمەندەش زۆرن مـەگەر خوا دەرەقەتیان بێ تۆپ و جبەخانەیەکی هێجگار زۆریشیان پێیە، بەهەر جێگایەکیشدا تێپەڕن، هەر کوشتن و برین و تاڵانە، باوکم نیازی وابوو کە ئێمە شار بەجێ بهێڵین و بڕۆین، بەڵام (پاشا) فەرمانی دەرکرد و جاڕچی بڵاوی کردەوە، کە نابێ هیچ کەس شار بەجێ بهێڵێ. لەمەشدا مەبەست ئەوەبوو، کە نەوەک بە هۆی مەترسییەوە شارەکە چۆڵ بێ و خەڵک پەراگەندە ببێ، هەروەهاش عەسکەر و هەیتەی ژەندرمەی کورد دەرفەتی یاخیبوونیان دەستکەوێ، یا جاسووس و جەردەو خراپەکاران بکەونە جمـوجووڵەوە. باوکیشم ناچار وازی لە گەڕانەوەمان هێنا بابزانین خوا چی دەکات.

بەڵێ ئەماندی پاشا و هەندێ لە میرەکانی بابان لە پاش جەماعەتی نوێژ و یا لـە دەشـتـەکـەی کـانێـسکان و حـەوشـەی مـزگـەوتی گـەورە و لە دەشـتـاییـیـەکـەی سـەروو مـاڵی حـاجی شـێخ ئەمـینەوە و لە گـەڕەکی سـابوونکەران و شـوێنانی تر، خـەڵکەکـەیان کـۆ ئەکـردەوە راوێژو پرس و مشاوەریان لەگەڵ ئەکردن، نوتقیان بۆ ئەدان. ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانەش بە سەلاواتدان، دوای ئەوە بە رمبازی و شیربازی و غارغارێن دوایی ئەهات.

له بیرمە (هەر قسەی مام ئەولێیە) کەم کەمەیەک هەبوون ئەیانگوت با شەڕ نەکەین و تەسلیم ببین، یا نابێ شەڕ لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامییا بکرێ، بەڵام زۆربەی خەڵکەکەو پاشا خۆشی و میرەکان، هەموو بڕیاریان لەسەر شەڕ بوو دەیانوت مادام ئەوان دێنە سەرمان و دێن بەگژماندا و یەخەیان گرتووین، ئەمە بەڵایە، کەوابوو (دفع البلاء) واجبە و گوناهی ئێمەی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ناچار نییە، پێویستە ئێمەش بە شەڕ بەرەنگاریان ببینەوە، لە ئەنجامی ئەم ڕاڕایەتییەدا، دووبەرەکی کەوتە ناوەوە و خەڵکە ئەچوون بەگژ یەکدا.

زۆربەی خەڵک دەیانوت نەخێر تەسلیم نابین و سەر شۆڕ ناکەین، ئەی ئێمە ئیسلام نین؟ ئەگەر ئەوان گەڕانە دواوە و وازیان لێ هێناین و ئێمەش دوایان ناکەوین و شەڕ ناکەین ئەگەر وازیشیان لێ نەهێناین وا ئێمەش دەست لە دەست و هێز لە خوا.. یاڵڵا درووود و سەڵاوات بەن لە دیاری پێغەمبەر و دوژمن کوشتنە، کافری ڕۆمی کوشتنە و غەزایە، ڕۆژێکە و ئەمڕۆ.. سەری پاشا خۆش بێ بەسەریانا سەردەکەوین و هەر ئەم جارەیە.. ئینجا کاک عەبدوڵڵا دەڵێت: وتم مام ئەولێ، وا دیارە ئەو ڕۆژانەت هاتۆتەوە بەرچاو خەریکی گەرم ئەبیت.. دە باسی پاشا و لەشکر و.. شەڕەکانم بۆ بکە. وتی: کوڕم ئەمانیش بووە بوون بەڵام بچووکتر بوون لە چاو دەوڵەتێکی (معظمە)ی وەک عوسمانیا. ئەمانیش لەشکر و ئاڵا و زابت سەرا و دایەرە و تۆپ و جبەخانە و بارگە و دەبۆ و خێوەت و جۆقی مۆسیقە و سەلام و تەپڵبازییان هەبوو.. کە پاشا بچوایە بۆ شوێنێک ئاڵا و لەشکر و سوارە و تاقمی موزیقە لە پێشەوە ئەڕۆیشتن هەر میرێک بۆ شوێنێک بچوایە تەپڵیبازی لە پێشەوە ئەچوو، پاشا و زۆربەی میرەکان و خەڵک لەگەڵ بەرەی شەڕکەرانا بوون، لەبەر ئەمە بە گەرمی کەوتبوونەخۆ لەشکر کۆ کردنەوە و جبەخانە ئامادەکردن و تۆپ دابەستن و لەشکر ناردن بۆ بەرەنگاریی لێشاوی هێرشی ڕۆمییەکان لەلای چەمچەماڵەوە بە شەڕێکی خوێنین

بەرەنگاری یەک بوون و کـوردەکـان بەسـەر ئەواندا زاڵ بوون و (١٦) دیل و بارگەی (٥) ئێستریان چەک و ئەرزاق و یەک تۆپیشیان لـێ زەوت کردبوون، ناردیانەوە بۆ بەردەمی پاشا و ئیتر لە شارا بوو بە هەڵپەڕکێ و رمبازی و خـەڵکەکە خۆشییان تێ کەوت و خوێنیان گەرم بوو، لەولاشەوە رۆمییەکان تینیان دابووە خۆیان و هاتنەوە پێش لەشکری پاشا و عەشایەری هەمەوەند و شـوان هـەڵیـان کـوتایە سـەریان و راویان نانەوە هەتا نزیک کـەرکـووک، دووبارە پاشـاش لەشکرێکی تری بۆ پاڵپـشت ناردە چەمـچـەمـاڵ و بانی مەقان.

ئینجا کاک عەبدوڵڵا دەڵێت: پرسیم پاشا کێ بوو، سەرلەشکری کورد و هی رۆمییەکان کێ بوون؟ وتی: پاشای خۆمان (محەمەد پاشا) بوو پێیان ئەوت (جقەدار) سەرلەشکری کوردەکان چوزانم لەو قۆڵەدا زۆر بوون (لطف الله بەگ) و (سیف الله بەگ) کە بە شێرکوژ مەشهوور بوو، (عەلی بەگ) و (برایم بەگ) هەبوو کوژرا سەر ئۆردوی رۆمییەکانیش (نەجیب پاشا)ی ناو بوو. نەجیب پاشا لە کەرکووک مایەوە و خەڵک دڵنیا بوو گوایە ئیتر شکاوە و شـەڕی تر ناکـات، بەڵام وا نەبوو فـێـڵـی کـرد، پاش بیـست رۆژێک بە لەشکرێکی زۆر گەورەی ترەوە هاتەوە مەیدانی جەنگ و هێرشیان هێنا و بە شـەڕی پچڕپچڕ گەیشتنەوە چەمچەماڵ و لەوێوە تا دەربەندی بازیان و لە ناوچەی شـیـوە سـووردا زۆر بـە گـەرمـی بەرەنگاری کـوردەکـان ئەبوون و کـوردەکـان کـوشـتـارێکی زۆریان لەوان کـرد. بە سـوونگی و بـە شـمـشـێـر بەربـوونە یەکـتـری و دوو تۆپ و دوو زابت و (٢٠) عـەسکەریان لێ بـە دیل گرتنەوە، بەڵام هێز و لێشاوی رۆمییەکان لەوەدا نەبوو کە بە کوشتار و دیل گرتن کەم ببنەوە، ئەوان هێجگار زۆر بوون و تفاقیان پتر بوو.

رۆمـیـیـەکـان دەگـەنە بـەردەمی دەربەندی بـازیان بە شـەڕ و بە فـڕوفـێڵ قشڵـەکە دەگـرن سـەیفوڵڵا بەگ لەو شـەڕەدا ئـەکوژرێت بەڵام پاش دوو رۆژ لەشکری پاشا قشڵـەکە ئەگرنەوە، جـارێکی تریش تورکەکان قـشـڵـەکە لە

کوردەکان ئەسێننەوە، بەڵام ئەمجارە کوردەکان بە فێڵ قشڵەکە چۆڵ ئەکەن و تەسلیمی ئەکەن چونکە دەستەیەک هەر لە کوردەکان خۆیان ئەکەن بە فیداکار لە زێراب و زیندانەکەیا خۆیان حەشار ئەدەن تا ڕۆمییەکان دێنە ناوی و تیا دائەمەزرێن، ئەمجارە شەو لەشکری پاشا جارێکی تر ئەداتەوە بەسەر قشڵە و سەراکەدا، ئەو تاقمەش کە لە ناوەوە خۆیان شاردبووەوە، دێنە دەرەوە تورکەکان ئەکوژن و چەک و ئەرزاقەکانیان بۆ ئەمان ئەمێنێتەوە ئەوسا نەجیب پاشا ئەیانداتە بەر تۆپ و سەراکەیان بەسەرا ئەڕووخێنێ و شەڕیش جارێکی تر رائەگرێت هەتا یارمەتی تری بۆ دێ. کوردەکان لەم دیو دەربەندەکەوە سەنگەر دائەبەستن ئەنجام ئۆردووی تورک دێتە ئەم دیو دەربەند و کوردەکان لەبەر زۆری و قووەتی تورک خۆیان لەوە زیاتر پێ راناگیرێ لەگەڵ ئەم هەموو غیرەت و ئازایەتییەدا، چونکە ئەمان کەم هێز و کەمیش بوونەوە و زۆر عەشایەر لە شەڕ ئەتەکێنەوە، دەنگ وا بڵاو بووەوە کەوا لەشکری رۆمی ئەیەوێ، لە شاری کۆیەوە بە وڵاتی پژدەرا و دەشتی (بتوێن)دا و بە ئاوی (زێ) و دۆڵی سووورداشەوە هێرش بهێنن و سلێمانی زووتر بگرن، چونکە لایان وابوو کە کوردەکان بۆ لەمەودوا، هەموو هێز و توانای خۆیان گرد ئەکەنەوە، نەک هەر نەیەڵن تەنها شاری سلێمانی نەگیرێ، بەڵکو لە هەموو وڵاتی باباندا دەریان بکەنە دەرەوە، لەبەرئەوە ویستیان لە چەند لایەکی تریشەوە پەلامار و گەمارۆی هەموو وڵاتی بابان و سلێمانی بدەن و بەم هۆیەشەوە لەشکری کوردەکان پچڕ پچڕ دەبێ و بێ هێزتر دەبێ، لەبەر ئەمە محەمەد پاشای جقەداریش بە خۆی و جبەخانە و لەشکر و تۆپەوە بە دۆڵی سووورداشا کەوتە رێ بۆ بەرەنگاریی ڕۆمییەکان. من بە تەواوەتی لە ئەخبار و هەواڵی پاشا و لەشکرەکەی و شەڕی لای کۆیە و ئاوی (زێ) تێ نەگەیشتم بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە کوردەکان دەستە دەستە سوارە و پیادە لە شاری سلێمانی و میری ناوچەی سووورداش و بازیان و سمایل عوزەیری و عەشایەرەوە، هەموو بە (نۆرە) ئەنێررانە ناوچەی شەڕ،

لەبەرئەوەی کە کەم هێز و کەمتر بوون لە تورک نزیک شار و لە (مسکێنان) هەڵیاندا. دوای ئەوە (مام ئەولێ) وتی:

لە بیـــرم دێ کـــە نـەجـــیب پاشـــا پیـــاوی ئەناردە ناو شـــار و داوای تەسلیمبوونیان لێ ئەکردن، کەچی دەستە دەستە لە ئەهالی و عەسکەری کورد جانفیدایان ئەکرد و شەو و ڕۆژ هەڵیان ئەکوتایە سەر ئۆردووگای ڕۆمییەکان و زیانیان پێ ئەگەیاندن. پاشا و ئەهالی گوێیان نەئەدایە پڕوپاگەندەی نەجیب پاشا مەترسیی کوشتار و ڕق و داخی تورکەکان لە شار بڵاو بووەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خەڵک و حکوومەت بە پیاو و ژن و گەنج و پیرەوە زۆر خوێن گەرم و شەڕئەنگێز بوون، هێشتا لە غارغارێن و ڕمبازی و شیر و تیر وەشاندن و تەقەکردن نە دەکەوتن و هەر باکیشیان نەبوو، دەتوت هەر ئەمانیش نین کە شکاون. نەخێر شەڕ گەیشتە (مشیراوا) و ناو شار. عالەم لە بەرەبەیاندا لە گرمەی تۆپ و قاووقیژ و ترپەترپی سوار خەبەری بووەوە، عەسکەری سوارە و پیادەی کورد پیاو و ژن، منداڵ و گەورە کەوتنە جموجووڵ و زرموکوت، شەڕ و پەلامار و دەرچوون و ڕاکە و گریان و هاوار و هەرا. هەر بە تەواوەتی بوو بە ڕۆژی حـــەشـــر، کـــەس کـــەسی نەئەناسییەوە، گرمە و ناڵەی تۆپ و شریخەی تفەنگ و ترپەی پێی وڵاخ و هاتوبرد و بگرە و بکوژە و زریکوهوڕ و قاووقیژ و بانگ و سەڵا و تەپوتۆز و هەرا کەوتە گەڕەکی کانێسکان و چوارباخ و وەیس. بە دار و بە بەرد و بە قامیش و بە قۆچەقانی و بە تیروکەوان و بە خەنجەر و چەقۆ و شیر، نێر و مێ، گەورە و بچووک شەڕیان ئەکرد.. وەڵڵاهی ئەوەی کە ژن کردوویە بە لەشکری ڕۆمی بە داستانی ڕۆستەم ناگێڕڕێتەوە.

کاک عەبدوڵڵا لێرەدا پرسیار لە (مام ئەولێ) ئەکات، کە ئاخۆ ئەو ژنانە چۆن و چییان کردووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: دوو خوشک هەبوون، شوویان نەکردبوو، ناویان (ئافتاو) و (خونچە کوڕانی) بوو. بۆیە بەمیان ئەوت (خـــونچـــە کـوڕانی) چونکە لە کوڕی هەرزەکاری ئازا ئەچوو، زۆر

بەکاربوو، بە سواری ولاخەوە رمبازێن و شیربازی ئەکرد و تیری ئەوەشان. بێزی نەئەهات شوو بە کەس بکات، میرەکان تفەنگێکیان خەلات کردبوو، خۆی ئافرەتێکی بالا گردەڵەی چاو سەوزی جوان بوو، هەردوو خوشکەکە لەگەڵ حەوت ئافرەتی ترا کە زۆربەیان کچ بوون. بە شەو هێرش ئەبەنە سەر خێوەتێکی رۆمییەکان بە زابت و عەسکەریانەوە ونجڕ ونجڕیان ئەکەن و چەکەکانیشیان ئەبەن.

خونچە بەرگی زابتەکە ئەکاتە بەر و هەر بەو شەوە ئەچێتە سەر خێوەتێکی تری دوورتر، لەبەر ئەوەی تورکی نەزانیوە بە ئیشارەت بانگی عەسکەرەکانی ئەکات، کە بە چەکەکانتانەوە هەموو وەرنە دەرەوە بۆ ئەم (شیو)ەی ئەملا. لەوانیش وایە کە ئەمە زابتی خۆیانە، بە دەنگییەوە ئەچن و خۆیان لە شیوەکەدا مەلاس ئەدەن. خۆشی لێیان دوورئەکەوێتەوە و دەست ئەکات بە تەقە لێیان و کچەکانی تریش فریای ئەکەون و هەموویان ئەکوژن، ئەنجام دوای دوو ڕۆژ ئەم خونچە کوڕانییە بەسەر گوێسوانەیەکەوە رائەوەستێ بەرامبەر بە (شەڕ)ێک بە دەست و بە هاوار بانگ ئەکات و غیرەت ئەنێتە بەر کوردەکان و جۆشیان تیا گەرم ئەکا و ئەڵێ: ئەمە شەڕی یەخەگیرییە و ناچارییە، بە ناهەق هاتوونە سەرمان، کوڕە ئادەی مەترسن ئینسان هەر جارێک ئەمرێ، پشت بە خوا ئەیان شکێنین و سەریان شۆڕ ئەکەین، ئێمە چەندجار عەجەممان شکان ئەم کافرە سوورفلانە چین؟ لەو کاتەدا، لە لایەکەوە گوللەیەکی بۆ ئەچێ و ئەکوژرێ. ئافتاوی خوشکی کە ئافرەتێکی کەڵەگەتی سوور و سپی چاوکاڵ، زۆر لە خونچە جوانتر بوو، بۆ ئەوەی کە بتوانێ تۆڵەی خونچەی خوشکی و کوردەکانی تر بسێنێ، بە فێڵ بۆ سبحەینێ خۆی تەسلیم بە تورکەکان ئەکات و ئەڵێ ئەبێ بمبەنە لای زابتی ئەم لەشکرە، ئەم شەو خەوێکم دیوە، هەر تەنها بۆ سەر لەشکر خۆی ئەگێڕمەوە، تەرجومان خەوەکەی بۆ تەرجومە ئەکەن ئەڵێن: من ئەمشەو لە خەوما شووم کردبوو بە لاوێکی جوامێر وەک تۆ، کە بە بووکی بردیانم

سەیرم کرد زابتێکە و تاجێکی بەناوچەوانەوەیە، جا خۆ منیش کەسم نەماوە خاوەنداریم بکات لەبەر ئەوە خۆم دا بەدەست ئەوەوە من بەم جوانییە تۆش هەروەها، بە خوا هەر بۆ یەک باشین، با تۆش بەو پایەی تاجدارییە بگەی. ئیتر کەیفی خۆتە. زابتەکەش جوانیی کچەکە و مانای خەوەکەشی بەدڵ ئەچێ و کچە مارە ئەکات و بڕیار ئەدا ئەبێ بۆ سبەی شەو بیگوێزێتەوە هەر لەسەر بڕیاری ئافتاویش شوێنی زاوا و بووک ماڵی چۆڵکراوی ئافتاو خۆیان ئەبێ لە گەڕەکی چوارباخ. شەو بە دەم سەرخۆشی و ماچ و مووچەوە زابتەکە ئەنوێ، دیارە ئافتاویش هەر کچ بووە و نەیهێشتووە لاقەی بکات. هەر لەوێدا بە دەمانچە زابتەکە ئەکوژێ و نۆبەتچی بەردەرگاکەش ئەکوژێ و بۆی دەرئەچێ و کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو.

ڕۆمییەکان بەم کارە زۆر ڕقیان هەڵئەستێ، لە تۆڵەی ئەوەدا چەند کەسێک ئەکوژنەوە، کچێکی تر کە وابزانم کچە (پرنس) ئەبێ کە ناوی (شیرین خان یاخۆ شەرافەت خان) ئەبێ، سەرپەرشتیی ژنە ئاو کێشەکان ئەکات لە مەیدانی شەڕا وەکو سەرکار، بەڵام دەمانچەیەک و خەنجەرێکی ئەبێ، هەریەکەی لەژێر گۆی هەیاسەکەیا ئەشارێتەوە. کە بردیانە لای زابتەکە لە ناکاو گوللەیەک ئەنێ بەسەریەوە و ئەیکوژێ، هەتا عەسکەرەکان خەریکی ئەو ئەبن، ئەم بە خەنجەرە بچکۆڵەکەی بەرئەبێتە سەر سنگی خۆی و لە پێش مردنیا ئەڵێت: داخی ئێوە، دەک ئەم بە خەنجەرەیە بە جەرگم. لێی ئەپرسن بۆچی هێشتا ماوتە؟ ئەڵێت: بەڵێ مابووم هەی کافرینە بەڵام فریا نەکەوتم چونکە من تەنها یەکێکتانم کوشت لەباتی مەحموود بەگی برام (کە بە خولیل بەگ ناوئەبرا) و هەر تەنها تۆڵەی ئەوم پێ سەنرا لەکاتێکدا کە من ئەمویست تۆڵەی هەموو میران و کورد زبان بکەمەوە و هەمووتان بکوژم، ئەها گوێ بگرن لەم هەموو زرم و کوت و شیوەن و گریانە بزانن بە ناهەق چیتان بەم شارە بەستەزمانە کرد. سەیری جۆگەلەی خوێن بکەن، ئیتر لەم کاتەدا داوای ئاو ئەکات نایدەنێ و ئەمرێ. دوای ئەم کچە دایکەکەی کە

ناوی (لەعلی خان) ئەبێ، ئەچێتە مەیدانی جەنگەوە، هەر بۆ ئاو کێشان و خزمەت ئەڵێ: لە حەسرەت ئەو قومە ئاوەی کە ڕۆمییەکان بە کچەکەمیان ڕەوا نەبینی و بە تینوێتی سەری مەرگی نایەوە، شەرت بێ تا مردنم ئەبێ بە ئاوکێشی بۆ تینووان و سەرپەرشتی ئاوکێشەکان و خزمەتگوزارانی ناو مەیدانی جەنگ بم. جگە لەمانیش دەستە دەستە ژنان بە ڕێگە و هات و بردەوە بوون بۆ هەموو جۆرە یارمەتییەکی جەنگاوەران و بریندااران و لێقەوماوان بە بردن و فریاخستن و ئاودان و کەلوپەل و باروت و ساچمە و پێویستی تر وەک دەرمان و تیمارکردنی بریندااران و هاندان و غیرەت نانەبەر و دڵنەوایی و دووعا بۆ کردنیان.

دوای ئەمانە کاک عەبدوڵڵا پرسیاری ئەنجامی شەڕ و شکاندن و هەواڵی لێ دەپرسێت، مام ئەولێ لە وەڵامدا دەڵێت: سەراکەی محەمەد پاشا لە شوێنی سەراکەی ئێستادا بوو، کۆشکی ماڵی خۆیان لەو دیوەوە بەلای ڕاستیا و بە تەنیشت حەمامی فاتمە خانەوە بوو، لایەکی ماڵەکەی سێ قات بوو. لە شەڕێکی وەهادا کە دوو حکومەت و ئەهالی و دوژمنی بێ ڕەحمی وا لە شارێکی بچووکی فەقیرحاڵدا وەک سلێمانیی ئەوسا، دیارە دەبێ ببێ بە ڕۆژی حەشر و کەس نەیپەرژێتە سەر کەس، جگە لە شەڕکردن و خۆپاراستن و پەلامارادان و تۆڵە سەندنەوە و دەرفەت دۆزینەوەی دەرچوون نەبێ، نەک هەر من، بەڵکو کەس نەیزانی پاشا چی لێ هات و بۆ کوێیان برد؟ هەریەکە قسەیەکیان ئەکرد، ڕۆمیش دەستیان کرد بە زەماوەن کەوا شاری سلێمانی (فەتح) کراوە، ئینجا ناردیان بە دوای گشت کاربەدەستانی سەردەمی پاشا کە مابوون وەک (لطف الله بەگ و ئەشرەف خانی ژنی) و (میران بەگ) و (ئیحسان بەگ و سوبحی خانی دایکی و ماهتاب خان) و (خەسرەو بەگ) و (ئەوڕەحمان بەگی سالم). بەڵام عەزیز بەگ کە لە شوێن پاشا بوو نەهات، هەرچەندە تکایان لێ کرد بێ سوود بوو، هەر خەریکی دامودەزگای شەڕ و عەسکەر و عەشایەر کۆ کردنەوە و دەوام پێدانی شەڕ بوو، خۆی تەسلیم

نەکرد و ئەو لەشکرەی کە چووە ژێر فەرمـاندەیەوە، بردیە دەرەوەی شار و ئەیویست پایتەخت بەرێتەوە قەڵاچوالان بەڵام میرەکانی تر زۆری تریشیان نەهاتن و یاخی بوون لەگەڵ هەندێ لە مەئموور و کاربەدەستانی تری زەمانی بابانەکان.

هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ عەزیز بەگ و هەندێکیان بەرەو... بەڵام ئەوانەی کە هاتنە لای نەجیب پاشا، هەندێکیان لە شار و شوێنانی ترا بە مەئموور دامەزران و هەندێک بە دەرکردن و بە دیل گرتن و رەوانە کرد یا کوشتن، زۆریشی لێ رەوانە کردن بۆ ناو عێراق بۆ شاری (رمادی) و (حلە) و (ناصریە) و (بەغدا) و (کەرکووک) یا رەوانەی ئەستەمبوڵی کردن، ئێستاش وەچەی ئەو کوردانەی سلێمانی لەو شارانەدا ماونەتەوە. حەمامێک لە شاری ناسرییەدا ماوە ئەمڕۆ مەشهوورە بە (حمام احمد بگ الكردي).

دوای ئەمانە هەمووی مامۆستا (ع. بەسۆز) دەڵێت: کەشکۆڵێکی دەستنووسی مەلا نەجمەدینم لایە کە بە ناوی (یادی شەوێکی بەکرەجۆ)وە بۆی نووسیومەتەوە، لە بەرگی یەکەمیا دەڵێ: کە رۆمییەکان سالم بە دیل ئەگرن و ئەینێرنە شاری (حلە) لەوێ لە دوای ماوەیەک لەسەر وەزیفەیەکی میریی دایئەمەزرێن.. زۆر شیعری لەوێ بە عەرەبی و کوردی وتووە، لەم شیعرە چەند بەیتێکی ئەنووسین کە نارەزایی خۆی و ئەسپەکەی دەرئەبڕی بەرامبەر بە ماڵی خانەخوێکەی و لە دەست تەقدیر و قسمەت ئەڵێ:

ئاخ و داخ غافڵە نازانێ قیسمەت چی ئەکا
ئەمڕۆ وا لێرەم، بەڵام ئاخۆ بەیانی کوێم ئەبا

(شاتر)ی تەقدیر کە پێشکەوت، ڕاتئەکێشێ و تۆ ئەڕۆی
کاتێ دەیزانی کەوا خستووتیە ناو داوی بەڵا

(حیللە) خورمایە، منیش مێشکی شیرین پەرست
نەفسی سەرکەش ڕوو لە خورمای کوردکوژەی شیرین ئەکا

ڕەهبـــەری قـــیـــســـمـــەت جـــڵـــەوکـــێش، بردمـــیـــە مـــاڵێ
کـــاشکی هـــەرگـــیـــز نەچوومـــایە، بـــەڵام چی بکەم چارم نەمـــا

**هەڵسەنگاندن و وردبوونەوە لە قسەکانی مام ئەولێ**

– لە ڕووی مـێـژووەوە مـام ئـەولێ کـە قسـەکـانی بۆ کـاک عـەبدوڵڵا بەسـۆز گێڕاوەتەوە، گوایە تەمەنی (١٠٥) ساڵ بووە و لە کاتی هێرشی عوسمانی بۆ سەر سلێمانی لەژێر فەرماندەی نەجیب پاشای گوێزلکلی (عەینەک لەچاو) تەمەنی (٢١) ساڵ بووە. و هێرشەکەی عوسمانی ساڵی ١٨٤٨–١٨٥٠ بووە و قسە گێڕانەوەکەی مام ئەولێ بۆ کاک عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٣٥ بووە و مام ئەولێ ساڵی ١٩٣٧ وەفاتی کردووە. ئەمە لەجێیە و حسابەکە تەواوە و یەک دەگرنەوە.

– وا دیارە مام ئەولێ و باوکی کاتی خۆی لەودیوەوە واتا لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کاسبی هاتوون بەم دیوا، بەڵام دواجار شەڕ داوێنیان دەگرێ و لە شاردا دەمێننەوە.

– زۆر لە جـێـیـە کە کـاتی هێـرشی ڕۆمـیـیـەکان، پاشـا ڕاکـردن و شـار چۆڵکردن قـــەدەغـــە بکات، لـە ڕووی ئـاســـایـش و بـەرزکـــردنـەوەی هێـــزی دەروونەوە.

دانیشتوانی شار بەتایبەتی و دەرەوەی شار بە گشتی هەموو غیرەتی نیشتمانپەروەری و بەرگری لە مافی ژیان هانیان دەدا هەموو بڕیار بدەن (دفع البلاء) بەرەنگاریی هێرش بکەن و وڵات بپارێزن.

– وەک مێژوو باسی دەکات هێرشی عوسمانی لە کەرکووکەوە دەستی پێ کردووە بەڵام بەرگری کوردەکان لە دەربەندی بازیاندا گێڕاویاننە دواوە، بۆیە عوسمانییەکان هێرشەکەیان گواستەوە ڕێی کۆیە و لە زێ پەڕیونەتەوە و بە ناوچەی سووررداشا بەرەو سلێمانی هاتوون. واتا شکانی لەشکری

بابان لە (کۆیێ)یەوە دەستی پێ کرد، یەکێک لە تۆپچییەکانی لەشکری کورد (مامەیارە)ی بەناوبانگ بوو کە ئەویش گوللە تۆپی نەما لەسەر تۆپەکەی هاتە خوارەوە و خۆی بە دەستەوە دا.

– ئەو ناوانەی مام ئەولێ یەکە یەکە ژماردوونی وەک (لطف الله بەگ و سیف الله بەگ و عەلی بەگ و برایم بەگ و ئافتاو و خونچە کوڕانی و شیرین یاخۆ شەرافەت خان و خولیل بەگ و لەعلی خان و میران بەگ و ئیحسان بەگ و سوبحی خان و ماهتاب خان و خەسرەو بەگ) هەموو ناوی نەبیستراو و نوێن، تەنها ناوی ئەوڕەحمان بەگی سالم و عەزیز بەگی بابان ناسراو و بەناوبانگ بوون. لەو بڕوایەشدا نیم (مام ئەولێ) لەخۆیەوە ئەو ناوانە و ئەو حەکایەتە ڕێکوپێکانە و ئەو پاڵەوانانەی بە خەیاڵ دروست کردبێ. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا لە تەمەنی (١٠٥) ساڵیدا چۆن لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا وتوویەتی (وا ئەزانم دوێنێیە)؟ ئەمەش بۆ زەلامی ئەو سەردەمە کە هەموو تەندروست و بیرو هۆش بە هێز، داهاتی ئەم ڕۆژانە تەمەڵی نەکردبوون و تەندروستیانی تێک نەدابوو، بۆیە بڕوا تا ڕادەیەکی زۆر بە قسەکانی دەکرێ.

– نەختێک دوودڵی بەرامبەر بە سەرگورشتەکەی ئافتاو و خەونەکەی لەگەڵ زابتە ڕۆمییەکەدا هەیە..!!

– شیعرەکەی عەبدولڕەحمان بەگی سالم لەم بابەتەوە دوور و درێژ لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە لێکدانەوەی واتاوە هەمووی نووسراوە کە وەک شریتێکی سینەما کارەساتەکە دەخاتە پێش چاو. هەر سالم شەڕەکەی عەزیز بەگی بابان کە تەسلیم بە ڕۆمییان نەبوو باس دەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە پیرەسوور بەرامبەر داگیرکەر وەستا و شێرانە جەنگا تاکو گوللە تۆپێک کۆتایی بە ژیانی هێنا.

**به کورتی:**

ئەگەر ئەم هەقایەتە هەمووی ڕاست نەبێ، بەڵام بە بیر و بڕوای من لە ٧٠٪ی ڕاستە چونکە زۆری لەگەڵ سەرچاوەی مێژوویینی ترا یەک دەگرنەوە، زیاتر نرخەکەی لەوەدایە کە زۆر شتی نوێ باس دەکات کە لەوەپێش نەبیستراوە.

بە ڕاستی هونەری ئەم کارە بەنرخە زیاتر بۆ کاک (ع. بەسۆز. عەبدوڵلای کەریم ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە) دەگەڕێتەوە کە ئەویش وەک باوکێ بە تەنگ مێژووی شاری سلێمانییەوەیە. لە بابەت بە تەنگەوەبوونی باوکی واتا (کەریم ئەفەندی) سەیری لاپەڕە (٣٣٩-٣٥٤) لە بەرگی (دووەم)ی سلێمانی کاک ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە بکە.

لە پرسیارەکەی کاک عەبدوڵڵا لە بابەت (ئەحمەد پاشاوە نەک محەمەد پاشا)، وەک لاپەڕەکانی گەلێک سەرچاوە پێشانی دەدا، ئەحمەد پاشا خۆی و دەستە و دایەرەی برانە (ئاستانە- ئەستەمبوڵ) لەوێ زۆر بە قەدر و ڕێزەوە سەیر کران و ئەحمەد پاشا کرا بە والی یەمەن لە دواییدا گەڕایەوە ئەستەمبوڵ، وەفاتی دیار نییە لە کوێ بووە، بەڵام وەچەی لە تورکیا زۆرە یەکێک لەوانە خەلیل خالید بەگ بووە، کە کرا بە مامۆستای سوڵتان ڕەشاد و دوای ئەوە کرا بە باڵیۆز.

ئەوەی شایانی باسە، ئەمڕۆ لە تورکیا و بەتایبەتی لە ئەستەمبۆڵ و ئەنقەرە، ئەوەندە بابان هەن لەوانەی سلێمانی و کفری و بەغدا ڕەنگ هەیە زیاترین هەمووی نەوەی ئەو بابانانەن کە وەختی خۆی عوسمانییەکان نەفییان کردن بۆ تورکیا، بەڵام لەوێ هەموویان پێگەیشتن، هەر لە وەزیر (ئیسماعیل حەقی بابان و جهاد بابان) و بازرگان و ملیۆنێر نوورەدین بابان و کایە بابان و پرۆفیسۆر شوکری بابان و دەیەها گەورە پیاوانی تر پێ گەیشتن (سەیری کتێبی "بابان في التاريخ ومشاهير البابانيين، نووسینی جمال بابان" بکە).

**روونکردنەوەی هەندێک وشە و شتی تر :**

– جقە: لە بنچینەدا (جوقە)یە کە وشەیەکی مەغۆلییە و عوسمانییەکان بۆ روتبە و نیشان بەکاریان هێناوە، گوایە لە بنەڕەتدا وەک ئەستێرە یاخۆ تاج بووە. لە مووی کلکی ولاخ دروست کراوە. ئەم روتبەیەیان داوە بە پاشاکان.

وادیارە هەر عوسمانییەکانیش لەکاتی خۆیا داویانە بە ئەحمەد پاشا.

– وەک لە بەرگەکانی ئەم کتێبەدا روون کراوەتەوە، دوای پەیمانی ئەرزورۆم ساڵی ١٨٤٧ کە ئێران و عوسمانی رێککەوتن هەر ناکۆکییەک لە بەینیاندا بێت بە گفتوگۆ و لەسەر مێزی (مفاوضات) جێبەجێی بکەن نەک بە شەڕ و لەشکر لەیەککردن. بۆیە دوای ئەو پەیمانە هەموو میرنشینەکانی تری کورد (نەک هەر تەنها میرنشینی بابان) یەک لە دوای یەک قەڵپ بوونەوە.

– ئەوسا بە عوسمانییەکانیان دەوت ڕۆمی. چونکە لەوە پیش (ئاستانە– ئەستەمبوڵ– قسطنطينة) بە دەست رۆمانەکانەوە بوو قووستەنتەنیە بە ناوی قوسطەنطینی رۆمییەوە ناونراوە، عوسمانییەکان بە دڕی و هاری لێیان زەوت کردن و رۆمییەکانیان کردە دەرەوە.

– قشڵەکەی دەربەندی بازیان: مەبەست لەو قشڵەیە بووە کە لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابان لەوێدا وەک (مەخفەر)ێک دروست کراوە بۆ ئێشکچی و دایەرەی گومرگ و هەندێ کاربەدەستی تر.

– مشیر ئاوا: بەناوی موشیرێکی عوسمانییەوە ناونراوە کە بارەگای سەربازییەکەی لەو شوێنەدا دامەزراندووە. کە ئەوساکە وەک قاپییەک بووە لە دەرەوەی شار.

– حەمامی فاتمە خان: لە تەنیشت سەرای کۆنەوە بوو لە دواییدا (استملاک) کرا و خرایە سەر سەرا.

– کچە پرەنس واتا (میرکچ) کچی یەکێک لە میرەکان.

## مێژووی دوو سەد ساڵ و چەند رۆژێکی لەمەوبەری.. شار

مامۆستای خوا لێخۆشبوو عومەر عەبدولڕەحیم لە کۆواری (کاروان ژمارە-٢٩ی ساڵی ١٩٨٥) واتا دوای دروستکردنی شاری سلێمانی بە دوو سەد ساڵ و چەند رۆژێک ئەم نووسینە بە نرخەی بەو بۆنەیەوە بڵاو کردووەتەوە کە نووسینێکە هەمووی بە شایەت و بەڵگەوە، کە لە دەم ئەو کەسانەی بیستووە کە ناوی هێناون. ئێمەش لێرەدا بە شانازییەوە بڵاوی دەکەینەوە. بۆ ئەوەی دانیشتوانی سلێمانی بەرامبەر بەم مامۆستا فۆلکلۆرییە پێزانینی خۆیان دەرخەن و فاتیحەی بۆ بنێرن و لە خانەی نەمرانی شارەکەدا لەگەڵ رۆڵە نەمرەکانی تردا سەیری بکەن. مامۆستا عومەر دەڵێت:

خوێنەری بەڕێز: ئەم بەسەر هاتەی بەم بۆنە پیرۆزەوە پێشکەش بە ئێوەی مەزن دەکرێ، بەسەرهاتێکی فۆلکلۆرییە کە لە دەموپلی پاراوی ئەم کەسانەم بیستووە:

١- حەبیبەی قالەی حەمەی سەوزە. کە حەمەی سەوزەی باپیری بازەوانی ئیبراهیم پاشا بووە. کاتێ من مناڵ بووم، ئەو تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەڕیبوو ئێستاش نەوە و وەچەیان لە سلێمانیدا ماون.

٢- حەبیبەی ئەمین کە ئەمیش باپیری لە قەڵاچوالانەوە هاتووە و ئەوساکە تەمەنی نەوەد ساڵ دەبوو، ئێستاش نەوە و وەچەی ماون.

٣- دەروێش حەمە رەشی قالە حەبتە. کاتی منالیی من تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو، بە وەجاخ کوێری سەری ناوەتەوە.

**٤-** قالە شایەری تەوەکەلی، کە خەڵکی تەوەکەلی شارەزوور بووە و هەر لە زەمانی منالیی مندا سلێمانی بەجێ هێشتووە و بۆ کار و کاسبی، چووە بۆ هەولێر و ئیتر نەمدیوەتەوە.

خوێنەری بەڕێز: هەموو بەسەرهاتێکی فۆلکلۆریش جێگای باوەڕ و متمانە نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەم جۆرە بەسەرهاتانە لە راستی بەدەرنین و لە

خـۆیانـەوە نەهاتوون.. بـەڵام دوای پشکنین و لێکۆڵینـەوەیەکی زانیـاریـیـانە ئەوەی بـە ڕاست دەردەچێ تێکەڵ بـە مـێـژووی نەتـەوەکـەمـانـی بکـەین و ئەوانەش لە ڕاستی دوورن بیانخەینە زیندانی لەبیر چوونەوەوە.

ئەمسـاڵ (مـەبەستی سـاڵی ١٩٨٥) بووە. یادکردنەوەی لە دایکبوونی دوو سەد ساڵەی شارێکە، نە زۆر و ستـەم، نە خەفـەت و خەم، نە باو و بۆران، نە زێڕ و سامان، نە گێژەڵووکە و گەرداوی زەمان نەیانتوانیوە لە ڕێڕەوی خۆی لابدەن و تۆزی نەنگیی و شوورەیی لە تەوێڵی پاک و بێگەردی بنیشێ.

دوای ئەمانە مامۆستا عومـەر عەبدولڕەحیم دێتە سەر ناوەڕۆکی باسەکە و دەڵێت: دوو سەد ساڵ و چەند ڕۆژیک لەمەوبەر لە پێش گەردوگوڵی بەیانا، لە پێش جـــریوەی مـــەل و قـــاســـپـــەی کـــەوی لاپاڵ و ســـەرمـــلانا، دەنگی ئەڵڵاهوئەکـبـەری مـەلای دوانزە عـیلم و فـــەقـێی گـەلاڵـە بوو، لە هـەمـوو مزگـەوتەکـانی قـەڵاچوالانی پـایتـەخـتی باباندا تێکەڵ بووبوون کە هێشتـا گزنگی خۆر نەکەوتبووە سەرەتاتکێ لەگەڵ (سەرسیر) و لووتکە بـەرزەکانی پشتی (قوڵەڕەش و خەمزە و قەیوان)دا.

ئەمـیناغـای تەپڵـژەنی برایم پاشـا لە بەردەمی مـاڵی پاشـادا سـواری ئەسپەڕەش بووبوو. جووت تەپڵی لەملا و لای قەڵپوزی زینی ئەسپەڕەش قایم کردبوو، بە دەستی چەپ لغاوەکـەی گرتبـوو، بە دەستی ڕاسـتـیش جـووت تەپڵی لێ دەدا، چ لێدانێک؟ ساوای ناو لانکە و پیرەمێردی نەوەد سـاڵەی هێنابووە جۆش و خرۆش، بە ئاشکرا چۆڵەکەی گوێسوانەکانیش کەوتبوونە هەلەکە سەما و هەڵفڕ و دافڕیان بوو.

لەم لا تریشـەوە حـەمـەی سـەوزەی بازەوان، سـواری ئەسـپـەشێ بووبوو دەستکێشی چەرمی لە دەستی ڕاستی هەڵکێشابوو، بازی تەواری بە پەتی پێ بەستـەوە لـەسـەر دەستی خۆی ڕاگرتبوو (وەیسە)ی مـەیتـەری پاشـاش ئەسـپـە بۆرەی پاشـای بە ڕەخت و ڕەشـمـەی ئاوریشـمـینەوە زین کـردبوو.

چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی پاشای ئەکرد. سوارگەل کۆبوونەوە و کوڕ و کاڵ و نیمچە پیاوان سێ سێ و دوو دوو تانجییەکانیان رست کردبوو، قوروسکە قـوروسکی تانجی و حیلە حـیلی ئەسپ و پرمـە پرمی وڵاخی تەراڵ. چەهـ چەهـی باز و دەنگی جـووت تەپڵی ئەمـیناغـا برایم پاشـایان لە کـۆشک و سەرادا کەمەنکێش کرد و هاتە دەرەوە. چی بێتە دەرەوە؟ تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، برۆ پەیوەست، سمێڵ قەترانی، مەچەک ئەستوور و سنگ پان و ناوقەد باریک، تاجی پاشایی لەسەر کەللەی سەری چەسپاندبوو جـووت شـمشێری لەملاولای کەمەری قایم کردبوو، خەنجەری دەسک مـاهی بە ریشتێن و تەزبیحی کارەبای تێ ئاڵاوی شایانی (نامەخوا) بوون. سەلامێکی کرد و رۆستەم ئاسا لەناو خانەی زینی سەرپشتی ئەسپە بۆرەدا لێی دانیشت.

ئینجا بە دەنگێکی تێر و زوڵاڵەوە وتی:

براینە ئەمڕۆ راوی (چەوتەی سیتەک و چاڵە بەفرەکانی گۆیژە)مـان بە دەستەوەیە، کوڕ ئەو کورەیە نێچیر بە پاشکۆی ئەسپەکەیەوە هەڵواسرابێ. ئیتر ئاوزەنگی لە وڵاخ درا. خرمەی چوار ناڵەی سەر کەرە گەڵا و گیزەی بەردی دەرچووی ژێر ناڵی وڵاخ سیمفۆنییەکی نەبیستراویان دروست کردبوو. لە ئاوی قەڵاچوالان پەڕینەوە بۆ بەری تەگەران. لێرەدا دەنگی تەپڵ کپ کرا و راو دابەسرا. پاشا خۆی سەر راو و (خاڵە شاماری پڵنگەیی) ژێر راوی گرتبوو. بە دەم راوەوە بە شانی (سیتەک)دا بەرەو (چەوتە) هەڵگەڕان زۆریان نەمـابوو بگەنە ئاوەڕێژی (چەوتە) خـاڵە شـامـار بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و شادییەوە هاواری کرد: خـوڵامی سەری پاشام. پاشـا ئاوزەنگی لە ئەسپ دا و خـۆی گـەیاندە ئەو دەوە تەلانەی کـەروێشکەکـەی تیـا بوو. چەرخەیەکی بە دەورا کرد و وتی: تکایە کەس رستی تانجی بەرنەدا. ئەبێ ئەم کـەروێشکەم بە زیندوویی بـۆ بگرن. کـەروێشک گـوێی لە زووڕە زووڕ و قـوروسکە قـوروسکی تانجی بوو، لەلان دەرپەڕی، کـەروێشکی چی؟ سـوورە

کەروێشک بەقەد گیسکێک، چەمۆڵە کورت چاوگەش و سوور تیسک درێژ، جوان و گوێ قوت ژێر سک سپی، کوڕە کوڕە و شۆڕە سواری بابان نیشتنە سەری. لە چاڵە بەفرەکانەوە دایانشکانەوە بە رووکاری (دۆڵەمیران)دا. کەروێشک رووی کردە بەرۆژی بەیانییانی (دۆڵەمیران) و سەرکەوتە سەرەوە. بە خیچکەی بەفر فرۆشەکاندا رووەو مەڵکەنی هاتە خوارەوە، بەڵام بێ سوود بوو، پاشا و سوارەکانی وەک مێمڵ و رەقیب هەر بە دوایەوە بوون، هەتا کردیان بەناو ماڵەکانی مەڵکەندییا. کەروێشک لەوێدا لە پەلوپۆ دەکەوێ و بە دەم هاژینەوە خپ دەبێ. بە فەرمانی مەڵکەخانی بێوەژن کە کچی سەرەک تیرەیەکی بێسەرییە و ئەم دێیەی کردووە بە بنکەیەک بۆ بەخێوکردنی رووەک و ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی خەلە و خەرمان. سەبەتەیەک ئەکرێ بەسەر کەروێشکەکەدا و بەردێک دەخرێتە سەر سەبەتەکە.

ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، سوار ئەرژێنە ناو ئاواییەوە، مەڵکەخان دەچێ بە پیر پاشاوە. بە دوو چاوی پڕ لە شەرمەوە، بە دەم و گفتێکی شیرین و گەرمەوە خۆشهاتنی پاشا دەکات و دەڵێ: پاشام خاترجەم بە، کەروێشکەکە لە ژێر ئەو سەبەتەیەدا و زرپ و زیندووە، فەرموون دابەزن بام لە خزمەتتاندا قاوەڵتی بکەین و وڵاخەکانیشتان لەناو ئەم مێرگانەدا تۆزێ بلەوەڕێن. بەڵام چاوی مەڕیی و بە ژن و باڵا و سڵسڵە و پڵپڵەی دەوری مانگی روو، مێخەک بەندی هەژدە گورزەیی سەرباخی سینە و جووت هەناری ژێر دوگمە و دۆلاب و کەمەرە و هەیاسەی لە قەد ئالاوی مەڵکە خان پاشایان وەک کەوی هەڵۆ لێدراو بە سەر ئەسپەکەوە وڕ کردبوو، هیچ وەڵامی نەبوو.. لەم ماوەیەدا یەکێک لە پیاوەکانی ویستوویەتی کەروێشکەکە لە ژێر سەبەتەکە دەربێنێ و بیکات بە دیاریی دەستی خۆی و پیشانی پاشای بدات. کەروێشکی حەساوەش لە ژێر سەبەتەکەدا رووەو سەرچاوەی کانێسکان دەرپەڕیوە. سوارەکان نیشتوونەتە سەری، بۆیە مەڵکە خان دەڵێ: پاشا کەروێشکەکە بەربووە و، ها سوارەکانت لە کوێ تۆز دەکەن؟.

پاشـا بـە دەم و پلێکی بێ هەسـتـانەوە وەڵامـی ئەداتەوە و ئـەڵێ: با ئەو کەروێشکە بۆ ئەوان بێ، من لێرەدا کەروێشکی شـۆخترم دیاری کردووە. بەم زووانە دەبێ لە کۆشک و تەلاری شاییا لەنجە و لار بکات.

مـەڵکە خانیش وەک ئافرەتێکی کوردی بێسـەری زمان پاراو و سـەربەست دێتە وەڵام ئەڵێ: پاشـام ببم وەسیاقەت. ئەو کـەروێشکەی تۆ بە هیوای هەیت لێرەدا بیگریت کێوییە و لەگەڵ خوای خۆیدا مەرجی کردووە بە کوشتن نەوێ ناگیرێ.

لێرەدا پاشـا وەک شووڵێک بە سـەری لووتیپا بماڵی رادەچەنێ و بە دەست خواحـافیزی لە مەڵکە خان دەکا و ئاوزەنگی ئاوقای لاقەبرغەی ئەسـپە تۆرە ئەکـا و باڵی لێ پـەیدا ئەبێ و ئـەگـاتە سـوارەکـانـی. کـەروێشکیش بەسـەر بەردەبازەکانی سـەرچاوەی کانێسکاندا ئەپەڕێتەوە و ڕووەو (چەمی گـەورە) تێی دەتەقێنێ، ئەنیـشنە سـەری و خـۆیان لە عـەرەقـدا شـڵـپـەیان دێ و ئەسـپەکانیشیـان وەک قـەترانی رەش، رەش هـەڵگەڕاون، کەروێشک خۆی ئەگەیەنێتە سەر چەمی گەورە و بە نیوە پرووکاوی و هاژینەوە وەک پەڕۆ شل دەبێ و دەم ئـەخـاتە ناو ئاوەکـەوە پاشـاش هەر بـە سـەر سـوارییـەوە دائەنەوێتـەوە بە دەسـتی راست هەردوو گوێچکەی کـەروێشکەکە ئەگـرێ و بەرزی ئەکاتەوە. لەم کاتەدا تـانجـەکەی سەری بـەرئەبێتـەوە و ئەکـەوێتـە ناو ئاوەکـەوە و ئاو راپێچی ئەکات. سـوارگـەل کـە چاویان لەمـە ئەبێت هەمـوو هاوار ئەکەن (تانج ڕۆ- تانج ڕۆ) واتا تـاجـەکەی پاشـاڕۆ. لەم بەسـەرهاتەدا ئەڵێن گوایە لەو رۆژەوە ئەم چەمـە ناونـراوە (تانجـەڕۆ) ئەگینا لەوەپێش هـەر چەمی گەورە بوو.

دوای ئەوەی کـە تانجـەکـە بۆ پاشـا ئەگـرنەوە، دائەبەزن. ئـەسـپـەکـانیـان بەرەڵلای ئەو گـوێ چـەم و ئاوە ئەکـەن. خـۆشـیـان دەست ئەکـەن بـە نان خـواردن. پـاش پشـوودانێکی یەکدوو سـەعـاتی. دیسـان سـوار ئـەبنەوە و بە

دەستە چەپدا پێچ ئەکەنەوە و بۆ لای گردی سەیوان، گردی سەیوان ئەوسا باخ و رەز بووە، بەشێوەیەکی ئەندازیارانە لە (کانی شەکراو)ی لای هۆمەرە کوێرەوە ئاویان بۆ راکێشاوە، وا دیارە ئەم باخەش ئەبێ هەر هی مەڵکە خان بووبێ. کابرایەکی رەقەکاری ریش ماش و برنج باخەوانی بووە، باخەوان کە پاشا ئەبینێ، بێڵەکەی سەر شانی لەناو باخەکەدا ئەچەقێنێ و ئەچێ بە پیر پاشاوە. خۆشهاتنێکی گەرمی خۆی و سوارەکان ئەکات. پاشا لێی ئەپرسێ:

– سۆفی ناوت چییە؟

– قوربان، سۆفی بارام.

– تەمەنت چەندە؟

– قوربان ئەو ساڵەی کە سەلیم پاشای بابان حەسەن عەلی خانی والی سنەی گرت و بە کۆت و زنجیرەوە هێنایان بۆ قەڵاچوالان من تازە خەتم دابوو.

باشە، سۆفی. من دەمەوێ قەڵاچوالان بەجێ بێڵم و لە نزیک ئەم دێیەی ئێوەوە شارێک دروست بکەم، تۆ ئەڵێی چی؟

– قوربان. فەرمایشتەکەت زۆر بەجێیە. ئەم شوێنە کانی و ئاوی زۆرە. خاکەکەی هەتا بفەرموویت بە پێز و پڕ و فەڕ و بێرە، بەڵام ئێمە بەم خاک و ئاوە یێژین (چاڵی گەندووم و گۆڕی مەردووم). واتا دەغڵ و دانی باشی تێدا هەڵئەکەوێ بەڵام مرۆڤی تەمەن کورتن، چونکە بایەکی بەتینی هەیە کە خۆمان پێی یێژین (ڕەشەبا). ئەم رەشە بایە لە هاویندا هیچی کاو کۆتەڵی خەلە و خەرمانمان ناهێڵێ و گیانمان پڕ ئەکات لە تەپوتۆز. لە زستانیشدا کار لە مۆخمان ئەکات و تووشی رەقیتە و کۆڵنج و برک و نەخۆشیمان ئەکات.

ئیتر خواحافیزی لە سۆفی بارام ئەکەن و بە دەم نەرمە غار و قەتار و

ئەڵلاوەیسی وتنەوە رووەو قەڵاچوالان ئەگەڕێنەوە.

دوای ئەم بەسەرهاتە، حەفتە ناخایەنێ، جگە لەو بەناو خانووسازانەی لە قەڵەمڕەوی پاشادا بوون، پاشا ئەنێرێ لە سنە و سابلاخ و سەقزەوە چەند بەناباشییەکی بۆ دێ و دەست ئەکەن بە رەنگڕشتنی سەرا و کۆشکی شاهی و حەرەمسەرا و میوانسەرا و مزگەوتی گەورە و حەمامی فاتمە خان شێخان و کاربەدەستان و گەورەپیاوان و بۆرەپیاوانیش زەوییان بەسەردا دابەش ئەکرێ و دەست ئەکرێ بە خانووکردن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش پاشا فەرمان ئەدات بۆ هەموو دێهاتەکانی دەوروپشتی سلێمانی کە ئەبێ هەموو ماڵێک یەک تەغار دەستەک بهێنن چونکە پاشا شار دروست ئەکا. ئیتر بە درێژایی رۆژ لە هەموو لایەکەوە هەر خر و هووڕی بارە دەستەک بوو ئەهات. تەنانەت رۆژێکیان کە پاشا سەرقاڵی خانوو دروستکردن و سەرپەرشتی وەستا و کرێکاری ئەکرد، خوشک و برایەکی (زەیۆمەر)ی لای قەرەداغ لەبەردەمیا قوت دەبنەوە. براکە نۆ دەستەکی تەڕی بە کۆڵەوەیە و خوشکەکەش نۆ دەستەک. (قسەکە موبالەغەی تیایە و ئافرەتێک تەغارێک دەستەکیان بە کۆڵ لەوێوە بۆ نایەتە شار). لەبەر هەژاری (گوێدرێژ)یان نەبووە، لە زەیۆمەرەوە ئەو تەغارە دەستەکەیان هێناوە بۆ سلێمانی. براکە ناوی حەمەڕەش بووە، خوشکەکەش ناوی گوڵە بووە. پاشا کە چاوی بەم برا و خوشکە پاڵەوانە ئەکەوێت. خۆشەویستییان لە دڵیا جێگیر ئەبێ. فەرمان ئەدات گوڵەخان ئەبرێ بۆ حەرەمسەرا و حەمەڕەشیش ئەکات بە پیاوی خۆی.

ساڵی نەخایاند شارۆچکە خنجیلانەکەی سلێمانی تەواو بوو، قەڵاچوالان بەجۆرێک چۆڵ بوو، تەنانەت دەرگای مزگەوتی گەورەی ئەوێیان هێنابوو بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی کە دوو تاک قاپی زۆر گەورە بوون، قوببە قوببەی ئاسنیان پێوە بوو، دوای ئەمەی کە شێخ مارفی نۆدێ ئەهێنرێ بۆ سلێمانی و ئەکرێ بە خەتیب و مودەڕیسی مزگەوتی گەورە، ئەوسا شێخان

له هەمـوو لایەکەوە بـۆی دێن. کوڕە شـێخـێک کە ناوی شـێخ سـەمـەد بووە حـەزی لە گوڵەخـانی زەیۆمـەری کـردووە، کەسـوکاری خـۆی رائەسـپێرێ کـە خوازبێنی لە پاشا بۆ بکەن. پاشا رازی نابێ و ئەڵێ:

– ئەم کـچـە برای هەیە و براکـەشـی بێ ژنە. با شـێخ سـەمـەد خـاتوو حـەلیـمـەی خـوشکی بدات بە حـەمـەڕەش، ئەوسـا من رازی ئەبم. نـەریتی ئەوسـای شێخانیش ئەمە بووە کە بۆیان هەبووە کچە مسکێن بهێنن، بەڵام نابێ کـچە شـێخ شـوو بە ئۆمـی و مـسکێن بکات، لەبەر ئەمـە کـاری خـێری شـێخ سـەمەد ماوەی چەند مـانگێک ئەکەوێتە گێژاوەوە، هـەتا شێخ سـەمەد ئاگری دڵداری زۆری بۆ ئـەهێنێ و کەسوکاری خۆی رازی ئەکات کە ئەم ژن بە ژنە بکرێت. ئەوسا لەسەر حسابی برایم پاشا مەسرەفی هەردوو بووکەکە ئەکرێ و گوڵە خان لە شێخ سەمەد و خاتوو حەلیمەش لە حەمەڕەش مارە ئەکرێ. ئەمەش جێگای شانازییە بۆ برایم پاشا کە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر ویسـتوویەتی ئەم رچەیە بشکێنێ و ئەم جـیاوازی چینایەتیـیـە گۆڕبەگـۆڕ بکات.

تێبینی:

دیسـانەوە ئافەرم بۆ مـامۆستا عومـەر کە سـەر و بنی ئەم رووداوانەی ئاوا جـوان و رێکوپێک وەک زنجـیـرێکی هـۆنراوە دەنک بە دەنک لـە یەک داوە. بەڕاسـتی کاک عومـەری خـوا لێخـۆشـبوو بە شـێوەیەکی فۆلکلۆریی بەرزی خـۆمـانـە، چیرۆکـەکـە بەجـۆرێک دەگـێڕێتـەوە، پیـاو هـەر حـەز دەکـات نەک جارێک، بگرە جارەهای جار چاوی پێدا بخشـێنێتەوە. بەندەش لێرەدا یەک دوو سەرنجم هەیە حەز دەکەم دەریانببڕم.

یەکەم: ئەو قسـەیە زۆر دووپات بووەتەوە کەوا ئیبراهیم پاشا لەبەر خاتری (چاوە جـوانەکـانی مـەڵکە خـان وەک کـاک عـومــەر وەسـفی داوە) هـاتووە قەڵاچوالانی بەجێ هێشتووە و سلێمانی دروست کردووە. کە ئەم قسـەیە لە

بەرگەکانی تری ئەم کتێبەدا و لە نووسینی ترا رەد دراوەتەوە:

دووهەم: رای راستتر لە بابەت ناوی تانجەرۆوە کە لەوەوپێش وەک کاک عومەر دەفەرموێ (چەمی گەورە)یان پێ وتووە، ئەوەیە کەوا (زەوی و ئاوەکە- میریی بووە یاخۆ موڵکی سوڵتان بووە کە ئەوسا سوڵتان (تاج) بوو، (روود)یش وشەیەکی فارسییە بە واتای (چەم) دێت- ناوەکە بوو بە (تاج- روود) واتا (چەمی میریی) و وردە وردە بوو بە تانجەرۆ، بەڵام (تاجی پاشارۆ) زیاتر لێکدانەوەیەکی ساکارانەی ناوەکەیە. (سەیری کتێبی "اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة ی جمال بابان" لاپەڕە ٨١ بکە) دوور و درێژ ئەم باسەی گرتووەتە خۆ و هۆنیویەتەوە.

سێیەم: شایانی (نامەخوا) واتا شایانی ماشەڵڵا بوو.

چوارەم: لە سەردەمی (سواری- فروسییەت) پیاوی گەورە یاخۆ لەشکر بە سواری چەند تەپڵبازێکیان لەگەڵدا لە پێشەوە بوو، هەریەکە دوو تەپڵ بەملا و لای (قەڵپوز)ی زینەکەوە قایم دەکرا و لەو تەپڵانە دەدرا بۆ شکۆ و خۆ دەرخستن..

پێنجەم: باسی ئیبراهیم پاشا دەکات (کەڵەگەت) برۆ پەیوەست، سمێڵ قەترانی.. خۆزگە کە هەیکەلەکەیان دروست کرد لەبەر دەرگەی سەرا، پرس بە دوو کەسی وەک خوا لێخۆشبوو کاک عومەر دەکرا، من خۆم یەکێک بووم کە زۆر بە شوێن ئەو هونەرمەندەدا گەڕام کە هەیکەلەکەی دروست کرد نەمدۆزییەوە، کە هەندێک لە بابەت هەیکەلەکەوە سوودی پێ بگەیەنم.. ئێستاش نەمدیییەوە.. بەرای من دەبوایە هەیکەلەکە بە سواریی بوایە، چونکە ئەو سەردەمە، لەسەر کورسی دانیشتن ئەوەندە باو نەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: سوپاس و دەستخۆش بۆ هەموو لایەک.

شەشەم: تەغارێ دەستەک دەکاتە (٣٠) دانە و دێی (زیۆمەر- زید عمر) لە ناوچەی قەرەداغە.

حەوتەم: لە راوە کەروێشکدا، کە سوارێک کەروێشکێک بەدی دەکات کە خۆی مات داوە، بە دەنگی بەرز هاوار دەکات: (خولاّمی سەری ڕاوکەرانم)، بۆیە لەوێدا وتراوە خولاّمی سەری پاشام، چونکە ئەو کەسە کەروێشکی بەدی کردووە.

# مێژووی

# پیرەکانی سلێمانی و خانەقاکان و چوونە حەج

چەند شەخسێک هەن کە (قسن)یان بۆ کراوە و تا ئێستاش هەندێک لەو قسنانە ماون. کە هەریەکە گۆڕ یا جێ نزرگەی پیرێکن کە لای خەڵکەکە گەلێک پیرۆزن و لە کۆنەوە بگرە تا ئەمڕۆش (بەلام کەمتر) مرۆ دەچن بۆ زیارەتیان و نەخۆش دەبەنە سەریان بە هیوای چاکبوونەوەیان. جا ئایا ئەو پیرانە یاخۆ وەک لای خۆمان پێیان دەڵێن ئەو شەخسانە کێن؟

**پیرەمەگروون**

بەرزترین چیای نزیک سلێمانییە و بەرزاییەکەی (٩٧٠٠) پێیە لە رووی دەریاوە. چیایەکی بە شان و شکۆ و بە سام کە لە دوورەوە خۆی دەنوێنێ و بەفری سەر هەندێ لووتکەی ساڵ دوانزە مانگ ناتوێتەوە.

خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ لە (نامیلکەی: سفرة من دربندي بازيان الى ملەی طاسلوجە)دا دەڵێت (پیرەمەگروون و شاخەکانی تری وەک لووتکەکانی (چادر) و (باخیان) و (تەلان) هەموو لەو پاڵەپەستۆیە هاتوونە کایەوە کە لە خوارووی و رۆئاوایەوە بۆی هاتووە لە ئەنجامی رۆچوونی ئەو زنجیرە چیایەی ناوەڕاست کە سێ دۆڵی لێ پەیدا بووە، دۆڵی قزلەر و دۆڵی مێرگەپان و دۆڵی سووورداش).

دوای ئەوە مامۆستا وەهبی دەڵێت: ئەو شاخە لووت بەرزە سەرکێشە بەرامبەر بە هەموو رووداوێک وەستا لە کاتێکدا کە خوا دەشتی سلێمانی و چیاکانی و دۆڵەکانی و چەمەکانی، بە ئاژاڵ و کشتوکاڵیانەوە، پیرەمەگروونی بۆ کردبوون بەسەنگەر تاکو بیانپارێزێت. پیرەمەگروونی

پیرۆز کە چەندەها شیعر و گۆرانی پێدا هەڵدراوە و بەرزاییەکەی (٢٦٨٤) مەترە.

مامۆستا د. تەها باقر و فواد سەفەریش لەم بابەتەوە دەڵێن پیرەمەگروون بەرزترین چیای نزیک سلێمانییە و لە کتێبی گەشتیارەکاندا و خەریتە کۆنەکاندا ناوی بە (پیر عمر گدرون- واتا باپیرە عومەری وەلی) هاتووە. هەندێک لە نووسەران وا دەزانن کە ئەمە چیای (نصیر) کە گەمێی نوحی بابلییەکان (اوتونبشتم) لەسەر گیرساوەتەوە و ئەم چیایە بەناوی (نصیر شاخی گوێی)، بە ناوی گووتییەکان کە لەگەڵ (لولو)ەکاندا لە زووا لە ناوچەی سلێمانیدا ژیاون.

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە بابەت پیرەمەگروون خۆیەوە دەفەرمووێ:

پیرەمەگروون یەکێکە لە (پیرەکانی "باطنی" ئیسماعیلی کۆن، یاخۆ پیرەکانی کاکەیی و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی کۆچ، رەنگ هەیە ناوەکەی خۆی "پیر عەنبەری گودروون" بێت کە لە بنەچەدا "گوردوون"ە، کەوا لە دامێنی لووتکەیەک لە لووتکەکانی شاخەکەدا نێژراوە، کە ئەو لووتکە سەرکێشە لە دەوری بەرددا دەیانپەرست، دوای ئەوە بوو بە پەرستگایەک کە قوربانییان بۆ خوای نەتەوە کۆنەکان تێدا پێشکێش دەکرد، "المرشد الی مواطن الاثار و الحضارة. - الرحلة الرابعة").

هەروەها مامۆستا وەهبی دەڵێت (رەنگ هەیە شای بابل نەبوخذ- نصر (کە ئێمە بەخت نەسری پێ دەڵێین) کە بورجی عەجایبی بابلی دروست کرد، لاسایی ئەم لووتکە بەرزەی کردبێتەوە، بۆ ئەوەی ژنە خۆشەویستەکەی (آمیتیس) کچی ئیمپڕاتۆری ئێران، شای مادەکان (ئیشتوفێگو) پێ رازی بکات، کە سەر دەکەوتە سەری بۆ ئەوەی خواپەرستیی خواکەیان (دیاوس پیتەر) بێنێتە جێ، کە (خوای عاسمان) و خوای رووناکی و پەیمان و راستیی، پشتگیریی هەموو دۆڵ و دەر و گوند و دەشت (میثرە)ی بوزورگ بوو.

ئەوەبوو، ڕۆژگـاری وای هـێنایەوە کـە تۆفـیق وەهبی خـۆی و لەسـەر ڕاسپاردەی خۆی دوای وەفاتی لە لەندەنەوە بەو هەموو ڕێگا دوور و درێژەی فڕۆکە و ئۆتۆمبێل و هەڵگرتنی بەسەر شانەوە هێنرایەوە سلێمانی، بۆ ناشتنی لە پاڵ پیرەمەگروونی ڕۆژی ١٥/١/١٩٨٤دا بوو. لەم بابەتەوە کەمال ڕەئووف محەمەد نووسیویە دەڵێت (هەرچەندە ئەو ڕۆژە سەرەتای چلەی زستان بوو، ڕۆژێکی مێژوویی بوو، چونکە پیرەمەگروونی دێرین و پیرۆز، وەک ساڵان بەرگی بەفری ماتەمینی نەپۆشیبوو. نەوجەوان و پیرەکانی کوردستان و سلێمانی.. وەک پڵنگ بە چیادا هەڵدەگەڕان.. دڵگەرم، یەکبوون. بە لێدانی دڵ، بە هەناسە، بە تەماشا، بە بڕوا.. دیارە پەنهانییەک هەبوو، تۆ بڵێی خەم بووبێت؟ باوەڕ ناکەم، بەڵکوو دەڵێم، هەموو لە ئاهەنگێکدا بوون، کە بۆنی هەزاران ساڵی پێشووی لێ دەهات، بۆ ناشتن نا، بۆ پێشوازیی پرشنگێکی ڕۆژی پێشکەوتن کە هاتەوە لای باپیرە گەورەی، کە چەند ساڵ بوو، بە جەستە، نەک بە گیان، لانەواز بوو.. تۆفیق وەهبی لە لەندەندا، دڵی جەستەی لە گیانەڵادا بوو، بە دوا هەناسەیشی دوا وشەیی نووسی کە وەسیەتی کرد: بچێتە ئامێزی پیرەمەگروون.

مەلا عەبدوڵڵای (زێوەر) کە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی شارەکەیە، پیرەمەگروونی لەبیر نەکردووە، ئەوەتا ئاوا پیایدا هەڵدەدا کە کردوویەتی بە ڕەمز و دەڵێت:

پیرەمەگروون مەقەدەسی- دۆستی دایمی کوردی
بەم مەنظەرەی شیرینەوە- دافعی سەد نەوع دەردی

قامەتی بەرزی تۆ، دامەنی سەوزی تۆ
نیشانە و ڕەمزی تۆ، باعیسە لەبۆ نەهێشتنی میحەن

فەصلی زستان بەرگی سپی، ئەپۆشێ و چوویتە ئاسمان
سەیری هەموو دنیا دەکەی، تۆی شاهەنشای شاخەکان

کــــــۆمـــــــەڵی گـــــــەوهــەری، هــەیکــەلی زەفـــــــەری
لابەری کـــەدەری، باعــیــســـە لە بۆ پێــشکەوتنی وەتەن

چونکە دۆســتی ئـەجـــدادمـــانی، نووری چاوی کـــوردانی
بەردت هـەمــوو دانـەی گـەوهـەر، لائقی فــەخــر و شـــانی

ئەم شــیـعـره کـرابـوو بە گـۆرانـی (نەشــیـد)ی قــوتابخـــانە، لەســـەر وەزنی گۆرانییەکی تورکی (بزبرنجی آلا بدنز) دەوترا.

ئەوەی شـایانی باسـە مســتـەر ریچ شـاخی پیرەمەگروون بە (غـودرون) ناو دەبات و دەڵێ لە دوورەوە چیـایەکی تاریک دیارە و بەردانیــیــە و لـە تەوقــە ســەرەکەی چاڵاییـیـەک یا حـەوزێک هەیە کـە بەفری تێدا گـرد دەبێتـەوە و دەیبەستێ (ل ٤٦)و لە هاویندا بەکار دەهێنرێت.

ئێـمـەش لێرەدا کـە ئەوەندەی باسی شـەخسـەکەی پیرەمـەگروون خـۆیمان کردووە، ئەوەندەشـمان پیا هەڵدانی چیا بەرزە سەرکێشەکەی پیرەمـەگروون نەخـستـووەتـە پشـتگوێ چونکە لە راسـتـیدا، ئەوەنـدە لە هـەمـوو سـەرێکەوە تێکەڵن ناوی هەرکامیان بهێنرێ ئەوی تریان دەگرێتەوە.

**پیر میکائیل:**

شـەخسێکە (یاخـۆ جێنزرگـە و مـەقامی) شـەخسێکە لە رۆهـەڵاتـی سلێمـانی بەسـەر بەرزاییـیـەکەوەیە نزیک رێگای (قرگە و هۆمـەرە کوێر). مامۆسـتا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە (یادی مەردان)دا دەفەرموێت:

پیرمیکائیل یەکێک بووە لە ئەولیا و صـاڵحانی رۆژگـار، ئەم زاتە لە نەوەی خـەلیـفـەی سێیـەم حـەزرەتی عوسـمـانـی کوڕی عـەففـانە و لە سـاڵی ٣٨ی ک (١٣٣٧ز)دا کـۆچـی کـردووە بۆ ناوچـەی (جـوانرۆ)ی ســەر بە شـارسـتـانی (سنە) لە کـوردسـتـانی ئێران و بەڕی نموونی کردنی مـوسـوڵمـانان لە دێی (دەودان) کە دێیەکە لە نزیک چەمی سیروان لە ناوچەی جوانرۆ دانیشتووە

و لەوێ کـۆچی دوایی کـردووە و قـەبری لەوێیـە، پاش خـۆی بە مـاوەیەک نەوەکەی هاتوون بۆ ناوچەی قەرەداغ و سەنگاو لەوێ نیشتەجێ بوون.

ئەم نووسینە لە باسی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)دا دەهێنێتەوە کە دەڵێت: (مەولانا ناوی خالید و کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسەینە و لە تیرەی جافی مکایەڵییە و دایکی مەولانا ناوی فاتمەیە و لە ساداتی پیر خدرییە. مکایەڵی تیرەیەکن لە جافی کۆچەری لە نەتەوەی پیر میکائیلن کە مەشهوورە بە پیر میکائیلی شەش ئەنگووس (شەش پەنجە)، کۆزی زستانەیان لە ناحیەی قەرەداغی سەر بە شارستانی سولەیمانی ئێستا بووە. بە هاوینانیش چوون بۆ کوێستانە تایبەتییەکانی خۆیان لە کوردستانی ئێران، بەڵام ئێستا خانەنشین بوون و گەرمیان و کوێستان ناکەن. و دەڵێت: مەولانا لە ساڵی ١١٩٣ی هیجری (١٧٧٩ز) لە شاری قەرەداغ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢٤٢دا وەفاتی کردووە (١٨٢٦ز).

پیر میکائیل بەهۆی بەرزیی شوێنەکەیەوە کە بەسەر هەموو لایکدا دەڕوانێت، خەڵکی بۆ زیارەت بێ یاخۆ بۆ سەیران ڕوویان تێ دەکرد، هێجگار لە بەهاردا، دەبوو بە شایی و هەڵپەڕکێ.

بۆیە فائق بێکەس بەم پارچە شیعرە رازاوەیە یادی کردۆتەوە:

پیرمیکائیل ببینە
دڵگیر و خۆش و شینە
هەروەک تاووس ڕەنگینە
جێی بەزم و هەڵپەڕینە
سەیران و پێکەنینە
پڕ ناز و نازەنینە

**شێخە باس ( شێخ عەباس )**

ئەم شێخە باسە (قطب)یان پێ وتووە. شەخسێک بوو لە خوار سلێمانییەوە نزیک بە رێگای (قەرەتوغان) و بەرامبەری ماڵەکانی (وڵوبە). لە کاتی خۆیدا دارەکەی شێخە باس لەسەر گردێکی پان و فروان بووە. دارەکە ئەوەندە گەورە بووە کە بە ئاسانی لە چەند لاوە گوریسیان پێدا هەڵواسیوە بۆ جۆلانە و بۆ دیلانی بەڵام دوای هاتنی عوسمانییەکان، دارەکەی شێخە باسیان بڕیوەتەوە، ئیتر شوێنەکەی لە بیر چۆتەوە.

حەزرەتی نالی لە دێرە شیعرێکیدا دەپرسێ:

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخەباس؟

یا بێ نەواوو بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور؟

ئەمە ئەو شوێنە بوو کە لە دواییدا بوو بە گەڕەکی جوولەکان لە خوار شاری سلێمانییەوە. شێخە باس (شێخ عەباس) خۆی یەکێکە لە کوڕەکانی شێخ عیسای بەرزنجە کە دوانزە کوڕی بووە کە ئەمانەن:

حەسەن، حسێن، بایەزید، شێخ عەباس، سەید محەمەدی رۆخانە، سەید سادق (سەید سادقی رێگای هەڵەبجە بەناوی ئەمەوەیە و گۆڕەکەی لەوێیە)، عەبدولکەریم، وەسالدین، سەید ئیسحاق (سوڵتان ئیسحاقی کاکەییەکان)، کەمالەدین و جەمالەدین.

سەید عیساش کوڕی سەید بابا عەلی هەمەدانییە کە لە ٦٧٣ ک کۆچی دوایی کردووە.

**پیرمەسوور**

لە ژووروی شاری سلێمانی و لە گەڕەکی مەڵکەندی شەخسێک هەیە پێی دەڵێن (پیرمەسوور) کە کورتکراوەی (پیر منصور)ە.. شوێنەکە گۆڕێکی تێدایە لە ژێر پیرەدارێکدا و بە بەرد وشکەکەڵەکی لە دەور کراوە. لقوپۆپی

دارەکە زیاتر قوماشی سەوز و سپی پێوەیە. ئەم شەخسە زەیوانی هەیە زەیوان ئەو کەسەیە کە خزمەتی قسنەکە دەکات و کە خەڵکیش دەچن بۆ زیارەتی، دەست دەبەن شتێکی دەدەنێ.

لە چلەکاندا زەیوانەکەی (باجی ئامینە) ناوێک بوو کە خانووەکەی نزیک بە قسنەکە بوو.

حەزرەتی نالی لە چامە دوور و درێژەکەیدا کە ئەحواڵی سلێمانی دەپرسێت، دارەکەی پیرمەسووری لە بیر نەچووە هەر کە دەڵێت:

داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی سەرشەقام؟

پیرو فتادەتەن نەبووە داری پیرمەسوور؟

لە بابەت شەخسی پیر مەنسورەوە پرسیارم لە ڕێی کاکە حەمەوە لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی باوکی کرد. هەروەها پرسیارم لە مامۆستای خوا لێخۆشبوو ڕۆژبەیانی کرد و گەلێک سەرچاوەشم پشکنی هیچم دەست نەکەوت. تەنها وەختی خۆی یەکێک لە تەمەن درێژەکانی سلێمانی پێی ڕاگەیاندم کەوا: پیرمەگروون و پیر مەنسوور و پیر میکائیل و شێخە باس (شێخ عەباس) ئەمانە چوار ئەبدال (چوار قوتب) بوون ئینجا با بێینە سەر واتای (پیر) کە ئاوتای ناوی ئەم زاتە پیرۆزانەیە:

پییر: بەگوێرەی فەرهەنگی خاڵ بەرگی یەکەم ل٢٦٤ دەڵێت (گیاندار و درەختی بەساڵاچوو. پیاوی باشی خواپەرست کە بە ئامۆژگاریی، مەردوم بهێنێتە سەر ڕێی چاکە).

پییر بەگوێرەی فەرهەنگی (مهاباد) ل١٥٧: (الهرم، شایب، مسن، شیخ، قدیس، مرشد) دەگەیەنێ لەوە دەکات پیر بەرامبەر بە (باوە)ی کاکەییەکان بێت لە بابەت (باوە یادگار) و (باوە خۆشتین)و... هی تر.

هەروەها ڕەنگ هەیە بەرامبەر بە (موغ)ی زەردەشتییەکان بێت. کە ئەمانە هەموو پلە و پایەی پیاوی ئاینین لە مێژوودا.

لەم بۆچوونانەمدا ڕەنگ هەیە هەندێ ڕاستیم دەرخستبێ و دووریش نییە کەوتبمە هەڵەوە کە لەوەدا داوای لێبووردن دەکەم و تکا لەو کەسانە دەکەم کە لەم بابەتەوە هەر زانیارییەکییان هەیە، بڵاوی بکەنەوە، با ئەم کەلێنە بە تاریکی نەمێنێتەوە و سوپاس.

## مێژووی سێ خانەقاکەی سلێمانی

**یەکەم: خانەقای مەولانا**

بە ناوی مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوەیە و مەحموود پاشای بابان ساڵی ١٨١٧ بۆی دروست کرد.

مستەر ریچ لە یاداشتەکەی ڕۆژی ٢٥/١٠/١٨٢٠دا ل٢٢٧- ٢٢٨: دەڵێت:

(ئەم بەیانییە شێخ خالیدی بەناوبانگ بە دزییەوە سلێمانی بەجێ هێشت و ڕای کرد و هەر چوار ژنەکەشی لەگەڵ خۆی دەرکرد. کەس نازانێ ڕووی کردووەتە کوێ؟ کوردەکان پێش چەند ڕۆژێک لە شێخ عەبدولقادری گەیلانییان بەرزتر دادەنا. پاشا دەست لەسەر سنگ لە حزووریا دەوەستا و سەبیلی بۆ دائەگیرسان. بەڵام وا ئەمڕۆ بە کافری دائەنێن و زۆر شتی لێ ئەگێڕنەوە.. ئەم پیاوە دوای ئەوەی کە وتبووی کوڕە نەخۆشەکەی پاشا چاک دەکاتەوە و بەڵام هیچی بۆ نەکرا، گوایە لە لایەکی ترەوە ویستوویەتی دووبەرەکی بخاتە بەینی پاشا و براکانییەوە کە بڕیار وابووە بە ئامادەبوونی شێخ خالید هەموو بەرەو ڕوو ببنەوە. هەندێکی تر وتوویانە گوایە ویستوویەتی بناغەی مەزهەبێکی نوێ دابنێ، ویستوویەتی خۆی ببێ بە دەستبەسەری وڵات.. بەمجۆرە زۆر شتی دراوەتە پاڵ کە لایەقی شانی ئەو نەبوو، جگە لەوەی زانا و شێخەکان و لە ژوور هەموویانەوە شێخ مارف هەموو ڕقیان لێی بوو چونکە کە ئەو لە پێش بوو، ئەوانی تر کەسیان دەفیان دەنگی نەئەدا.

هەروەها یوسف بەگ کە برای شێخ خالید و حاکمی پشدەر بوو ئەویش رای کرد بەو دیوا.

شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەیدا (الشيخ معروف النودهي البرزنجي ل٣٨-٥٣)دا دەڵێت:

(مەولانا خالید دوای ئەوەی رووی کردە هیندستان و چووە خزمەت شێخ عەبدوڵلای دەهلەوی و ساڵێک لە خزمەتیا مایەوە و ئیجازەی دایە.. گەڕایەوە سلێمانی لە ساڵی ١٨١١دا، دوای ئەوە چووە بەغدا و لەوێ لە (تەکیەی قادری) نزیکەی پێنج مانگ مایەوە، ئینجا جارێکی تر گەڕایەوە سلێمانی و ئاڵای گەورەی سۆفیەتی هەڵکرد و خەڵک دەستە دەستە دەچوونە ژێر ئاڵاکەیەوە، کە ئەمە رقی هەندێ کەسی هەڵسان لە رێگرانی تەریقەتی قادری و لای حاکمی کوردستان بۆی تێ چێنرا بەڵام ئەو ئەم کردەوانەی هەر بە دوعا رەت ئەکردەوە، لە دواییدا ناچار سلێمانی بەجێ هێشت و لە ساڵی ١٨١٣دا رووی کردەوە بەغدا و لە قوتابخانەی (الاحسائية کە ئەمڕۆ تەکیەی خالیدی پێ ئەڵێن) دابەزی دوای ئەوەی داود پاشای والی بەغدا دەستی بۆ پیا هێنایەوە، ئیتر لە هەموو لایەکەوە روویان تێ کرد و رێبازی نەقشبەندی لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا بڵاو بووەوە، لەم کاتەدا خواوڕاستان مەحموود پاشای بابان هاتە بەغدا و کە بەو جۆرەی دی کە چەندەها کەس دەوریان داوە بە تکا و پاڕانەوە گەڕانییەوە بۆ سلێمانی و خانەقاکەی بۆ دروست کرد و چەند دێ و رووباری لەسەر خانەقاکە وەقف کرد و دەستی کرد بە ئیرشاد و دەستگرتنی خەڵک بۆ سەر رێگای راستی ئایین، بەمجۆرە لە رۆهەڵات و رۆژاواوە روویان تێ کرد.. عەرەب و عەجەم.. ئەمەش دیسانەوە بووەوە بە هۆی رق هەڵسانی هەندێک کەس لێی لەو کاتەشدا پەیوەندی بەینی بەغدا و وڵاتی بابان پچڕابوو، مەحموود پاشاش لەوە ئەترسا کە بە هۆی ئەم پیاوەوە کاری لە دەست دەرچێ، شێخ خالید خۆشی هەستی بەمە کرد و بۆ ئەوەی نەبێ بە هۆی خوێن رشتن لە

ولآتەکەیدا لە ١٨٢٠/١٠/٢٥دا سلێمانی بەجێ هێشت و رووی کردە بەغدا لە (تەکیەی خالیدی) دابەزی، و خەلیفەکەی خۆی کە شێخ عەبدوڵلای هروی بوو لە خانەقای مەولانا لە سلێمانی لە شوێنی خۆی دانا.. ئیتر لەوێشەوە چووە شام و لەوێ جێگیر بوو.. بە جۆرێک دەنگی دایەوە و ناوی بلآوبووەوە کەس بەو جۆرە و ئەو پایە بەرزەی وەرنەگرتووە).

خوا لێخۆشبوو شێخی خاڵ ناخۆشیی بەینی مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێ بەمجۆرە دەداتە قەڵەم (.. شێخ مارفی نۆدێ لەو رۆژانەدا زانایەک بوو، لە خەڵک دابڕابوو، لە گۆشەیەکی قوتابخانەکەیا، خەریکی دەرس و دەوری خۆی بوو، لە جیهان و یارییەکانی بە دوور بوو، هەندێ کەس لە شەیتانەکان چوونە بن کلێشەی، ئەویش بێئەوەی بە تەواوەتی بچێتە بنج و بناوانی تێچاندنەکەیان، برِوای پێ کردن بەلآم لە دوای ئەوەی کە زۆر کەس بۆ بەرگریکردن لە مەولانا خالید راپەرِین.. لە دواییشدا شێخ مارف راستی بۆ دەرکەوت و هەستی کرد کە بە هەڵەدا چووە.. بۆیە پەشیمان بووەوە و داوای لێبووردنی لێ کرد و لەم رێگایەوە مەلا حسێنی قازی (مەلای جامی و مەلا ئیسماعیل بەرزنجەیی) کرد بە واسیتە و ئیتر ئەویش دڵی چاک بوو. ئەوی دەیەوێ زیاتر لەم باسە بگات کتێبی ناوبراوی شێخی خاڵ بخوێنێتەوە. هەموو شتێکی دوور و درێژ تێدایە.

خانەقای مەولانا وەک ئەو نووسینەی بەسەر دەرگای خانەقاکەوە بوو، خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ نووسیبووی گوایە لە ساڵی (١٨١٧)دا دروست کراوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە، دوای دروستکردنی خانەقاکە، جارێک دەستێکی پیا هێنراوەتەوە، بەلآم لەم دواییەدا و لە کاتی ژیانی محەمەدی خاڵدا کە هیمەتی نواند بۆ پارە کۆ کردنەوە.. دەستێکی تری بە باشی پێدا هێنایەوە و وای لێ هاتەوە کە نوێژی هەینی تێدا بکرێ. خوا جەزای باتەوە و گۆرِی پیرۆزی پرِ لە نوور بێ.

**خانەقای مەحوی**

مەحوی نازناوی (مەلا محەمەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی کوڕی مەلا عوسمانی گەورە، کوڕی مەلا عەلی گردە کوڕی پیر مەحموود کوڕی پیر خدر کوڕی شێخ ڕەش (شێخ ڕەش و شێخ مەند) دوو برا بوون لە ناوچەی ماوەت، گۆڕەکانیان لە بەینی (بایزاوا و کارێزە)دایە لە سنووری دێی (باڵخ) کە سەر بە ناوچەی ماوەتە. ئەم دوو برایە زانا و مورشیدی ڕێبازی قادری بوون، بەڵام لە شێخ عوسمانی باوکی مەحوییەوە ڕێبازی (نەقشبەندی)یان گرتووە، ئەویش لە ئەنجامی پێوەندیدا لەگەڵ مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە.

ئەوەی زانراوە خانەقای مەحوی لە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیددا ساڵی ١٣١١ک (١٨٩٣ز) و بە فەرمانی سوڵتان ئەو خانەقایە لە سلێمانیدا دروست کراوە. سەیری (دیوانی مەحوی) بکە.

مەحوی لە ساڵی ١٨٨٣دا چووە بۆ حەج و لەوێوە چووە بۆ ئەستەمبوڵ و لە ڕێگای پیاوماقووڵانی کوردەوە لە ئەستەمبوڵ بە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتووە. سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێ گرتووە و فەرمانی داوە خانەقایەکیان لە سلێمانی بۆ کردووەتەوە کە ئەوەتە ئێستا بە (خانەقای مەحوی) بەناوبانگە و مەعاشێکیشی بە ناوی خزمەتکردنی هەژارانەوە بۆ بڕیوەتەوە. کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی تا مردنی لە سەرەتای شەشەڵانی ١٣٢٤ (تشرینی یەکەمی ١٩٠٦)دا هەر خەریکی دەرس وتنەوە بە فەقێ و بڵاوکردنەوەی ئاین و خزمەتکردنی موسوڵمانان و بڵاوکردنەوەی گیانی سۆفیەتی بووە. لە یەکێک لە ژوورەکانی خانەقاکەی خۆیدا بە خاک سپێرراوە.

ئەوەی شایانی باسە خانەقای مەحوی دەکەوێتە گەڕەکی سەرشەقام و لە گوزەری ئاسنگەرەکان و سەر ئەو شەقامەی لە مزگەوتی گەورە بەرەو خوار دەبێتەوە بە ژێر پردەکەدا تا دەداتەوە لە شەقامی سەرشەقام بە دەستە ڕاستدا.

لەوەپێش بەڕێوەبردنی خانەقاکە هەر بە دەست بنەماڵە و نەوەی مەحوی خۆیەوە بوون، تا ئەم ساڵانەی دوایی کە نەوەیان بە سەریەوە نەماوە و دائیرەی ئەوقاف و کاروباری دینی سەرپەرشتی و بەڕێوەی دەبات.

خانەقای مەحوی لەوەپێش بە مزگەوتی مەلا عوسمانی باڵەخی و پێش ئەویش بە مزگەوتی مەلا عوسمانی گەورە ناسراوە کە دەبێتە باپیری مەحوی و مێژووی تەواوەتی ئەو خانەقایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنیاتنانی شاری سلێمانی.

**خانەقای حاجی مەلا عەلی**

د. کەمال مەزهەر لە (لاپەڕە ١٠-١٢ی کاروانی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٨٣دا) دەڵێت: کە برایم پاشا شاری سلێمانی بنیاتنا و بارەگای میرنشینی بابانی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە ئەوێ، محەمەد ئاغای نەوەی زولاڵ ئاغا یەکێک بوو لەو پیاوماقوولانەی بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە لە تەکیا هاتە شاری نوێی کوردستان. پاش دوازدە ساڵ. واتە دەوروبەری ساڵی ١٧٩٦خوا ڕەسووڵی بەخشی بە محەمەد ئاغا.

ڕەسووڵ زوو وەک لاوێکی بەخشندە و زیرەک و وریا و دادپەروەر و هێجگار لە خواترس ناوی دەرکرد و رووی کردە مەککە و مەدینە و پاش گەڕانەوەی بووە حاجی ڕەسووڵ. هەر لەوساشەوە ڕێبازی نەقشی دای لە کەللەی و بووە موریدێکی دڵسۆزی. زۆری نەبرد حاجی ڕەسووڵ خانەقایەکی لە تەنیشت ماڵی خۆیەوە دروست کرد و هەموو ئەرکی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆی خۆی. ئیتر دەنگوباسی حاجی ڕەسووڵ کەوتە سەر زاری پیاوچاکانی شار و دەوروبەری.

سەودای نەقشی بوو بە کێچ و کەوتە کەوڵی، بە پەرۆشەوە رووی کردە بیارە و چووە خزمەتی شێخی سەراجەدین، شێخی گەورەی نەقشیش، حاجی ڕەسووڵی دەچێ بەدڵا و زۆر بە ڕێزەوە ئیجازەی ئیرشادی پێ

دەبەخشێ دوای وەرگرتنی ئەو بەڵگەنامەیە، حاجی رەسووڵ زیاتر کەوتە کۆشش بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی رێبازی نەقشبەندی. ئەو کارە رقی ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکەی لێ هەڵساند و لەتاوا ناچار بوو شاری سلێمانی بەجێ بهێڵێ و روو بکاتە (گورگەدەر)ی ناوچەی سوورداش کە گوندی خۆی بووە و تا کۆچی دوایی لەوێ نیشتەجێ دەبێ. پاش مردنی لە ساڵی ١٢٨٦ک (١٨٦٩-١٨٧٠ز) تەرمی حاجی رەسووڵ دەهێنێتەوە سلێمانی و لە گردی مەعفوانی گۆڕستانی سەیوان دەینێژن.

بەرلەوەی سلێمانی بەجێ بهێڵێ، حاجی رەسووڵ خانەقاکەی بە مەلا عوسمانی باڵەخی دەسپێرێ کە زانایەکی ناسراو و سەر بە رێبازی نەقشبەندی.. بووە و دوای کۆچی دوایی حاجی مەلا عەلی کوڕی دێتە سەری کە ئەویش زانایەکی پایە بڵند بووە و لەو ساوە ئیتر خانەقاکە دەبێتە (خانەقای مەلا عەلی) کە تا ئێستاش هەر ماوە.

لێرەدا مامۆستا سۆران مەحوی هەر لە کۆواری (کاروانی ژمارە ٢١ ساڵی ١٩٨٤ لاپەڕە ٢١-٢٣) دوای ئەوەی ئاماژەی بۆ ئەو نووسینەی د. کەمال مەزهەر کردووە دەڵێت: مەلا عوسمانی باڵەخی، سەر بە گوندی باڵخی ناحیەی ماوەتی شارباژێڕە و باوکی شاعیری مەزن مەحوییە و رەچەڵەکدا دەچنەوە سەر زانا و پیری ناودار (شێخی ڕەش) کە بە پیرێکی گەورە و زانایەکی مەزن لە ناوچەی شارباژێڕدا شۆرەتی سەندووە. بەڵام مەلا عوسمانی باوکی حاجی مەلا عەلی دەبێتە کوڕی حاجی ئیسماعیلی کانی کەوەییی و لە بنچینەدا لە تیرەی میکایلی (جاف)ە. خانەقای حاجی مەلا عەلی کە پێشتر مزگەوتی مەلا عوسمانی کانی کەوەییان پێ وتووە، دوورترین مێژووی بنیاتنانی دەچێتەوە بۆ سەردەمی حاجی رەسووڵی نەقشبەندی کە دیارە ئەویش هێندە دوور نییە.

بە هەر حاڵ وا دیارە لێرە دا تێکەڵاوییەک لە ناوەکانا بووە، چونکە هەردوولا مەلا عوسمان و هەردووکیان نەقشبنەندی و سەر بە شێخانی

بیاره بوون. بەڵام من (نووسەری ئەم کتێبە) بەگوێرەی ئەو زانیارییەی کاتی خۆی لە مەلا جەلال کە کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحە و یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی (حاجی مەلا عەلی)م وەرگرتووە. ئێستاش لەلام ماوە و لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا لە لاپەڕە ٧٤-٧٥دا بڵاوم کردۆتەوە. ئەو مەلا وەسمانی کانی کەوەیییە کە کاک سۆران مەحوی باسی دەکات (مەلا وەسمان کوڕی حاجی ئیسماعیل کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا فازڵ کوڕی مەلا حسێن کوڕی مەلا میرەیە و بنەماڵەکەیان لە دێی (دەرگەزێن)ەوە هاتوون و لە نەوەی (بابا طاهر عوریان)ن. مەلا وەسمان خۆی پیاوێکی ئەدیب و شاعیر و نووسەر و نازناوی شیعری لە پێشدا (حەزین) و دوای ئەوە بوو بە (فائق) و دیوانی شیعری گوایە چاپ کراوە و شیعری بە عەرەبی و فارسی و کوردی هەیە و لەقەبی شێخیەتیشی (عماد الدین) بووە حاجی مەلا عەلی لەقەبی شێخیەتی (جلاء الدین) بووە.

مەلا ساڵحی مەلا وەسمان شاعیر بووە و نازناوی شیعری (شەیدا) بووە. مەلا ئەحمەدی مەلا ساڵح شاعیر بووە و نازناوی شیعری (حلمی) بووە. مەلا ئەبوبەکر شاعیر بووە و نازناوی شیعری (فیکری) بووە.

هەر بە قسەی مەلا جەلال گوایە مەلا فازڵ لە دەوروبەریساڵی ١٧٢١ز هاتووەتە جیهانەوە، پیاوێکی ئاینی بووە و ڕێبازی (نەقشبەندی) گرتووە و هاتووەتە قەڵاچوالان و دوای دروستکردنی سلێمانی ئەویش لەگەڵ میری باباندا هاتووە و لەگەڵ بنەماڵەکانی تردا پێکەوە گەڕەکی (دەرگەزێن)یان لە شاری سلێمانی ئاوا کردووەتەوە و تێیدا دانیشتوون. مزگەوتێکیان بۆ دروست کردووە ئەمڕۆ بە مزگەوتی (مەلا مەحموود) بەناوبانگە کە کوڕی حاجی عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا فازڵە. دوای مەلا فازڵ مەلا ئەحمەدی کوڕی (١٧٥٦-١٨٠٢ز) شوێنی گرتووەتەوە.

ئەو مزگەوتەی باسمان کرد جیایە و لە گەڕەکی دەرگەزێنە و خانەقای حاجی مەلا عەلی لە گەڕەکی سەرشەقامە.

## مێژووی حەج (چوونەماڵی خوا)..

بەوەدا کە دانیشتوانی سلێمانی و ناوچەکەی بە شێوەیەکی تایبەتی و کورد بە گشتی لە رووی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە گەلێک بڕوایان بەهێزە و هەریەکە (فرائض)ی ئیسلام، ئەوەندەی پێی بکرێ بەجێ دەهێنێ و پەیڕەوی ئەو رێکخراوە ساکارەی شێخ (عبدالسمیع) کە خواناسێکی کورد بووە دەکەن کە دەڵێ:

پێنج فەرزەی ئیسلام با بزانین چییە؟
باوەڕیان پێ بکەین، ئەمری ڕەبییە
یەکەم کەلیمەی شەهادەت ئیمان
دووهەم پێنج فەرزە. بە شەرتی ئەرکان
سێهەم سی ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان
چوارەم زەکاتە لەگەڵ سەرفترە
پێنجەمین حەجە ئەو لەگەڵ عەمرە

.......

ئەو کوردەی کە چوار فەرزەکەی هەمیشە بەجێ هێناوە، ئەوەندەی بۆی کرابێ و ئەوەی کە توانای زیارەتی (کەعبە)و ماڵی خوای بووبێت، هیچ رانەوەستاوە و بەو ئەرکە هەستاوە، هی وا هەیە، نەک جارێک بەڵکو چەند جارێک چووە بۆ حەج.

مستەر ریچ لە یاداشتەکەی رۆژی ٢٠ی ئایاری ساڵی ١٨٢٠دا لە (ل٨٠)دا دەڵێت:

کوردێکی بەساڵاچووی بەڕێز کە تازە لە مەکەوە گەڕابوەوە هاتە لام بە میوانداری، هەموو حاجییە کوردەکان کەشیدەی سپی بەسەریانەوە ئەبەستن دوای ئەوەی لە حەج دەگەڕێنەوە. لەم سێ ساڵەی دواییدا لە ناوچەی

سلێمانیدا نزیکەی دوو هەزار کەس چووبوون بۆ حەج.

هەروەها لە کتێبەکەیا باسی چەند حاجییەک دەکات وەک (حاجی قاسم بەگ و حاجی ئەحمەد و حاجی عومەر..)

بە کورتی: حەجی ئەو رۆژگارە کە هەمووی بە پێ رۆیشتن و بەسواری ولآخ و حوشتر و بەناو ئاودا بە (گەمێ) زۆر قورس و گران بووە، بەڵام خەڵکەکە هەر بەو ئەرکە ئاینییە پیرۆزە هەڵساون و هەرگیز دوانەکەوتوون.

# مێژوو- ژمارە

**مێژووی بنیاتنانی سلێمانی و هەندێک لە شارەکانی تری**
**عێراق- ژمارەی دانیشتووان لە سەرەتاوە تا ئەم دواییيە- ژمارەی**
**پارێزەران- هەموو شتێک بە ژمارە-**
**ڕێژەی باران لە ماوەی چل ساڵ**

میـژووی: بنیـاتنانی شـاری سلێـمـانی و بەراوردکـردنی لەگـەڵ بـنیـاتنانی شارەکانی عێراقدا

| ساڵی کۆچی | ساڵی زاینی | ناوی شار | بنیاتنەری شارەکە |
|---|---|---|---|
| کۆتایی هەزارەی سێیە | پێش زایین | بابل | بنەماڵەی زنجیرەی دووەم |
| | ٢٥٠٠ -٣٠٠٠ پ.ز | بدره | سۆمەریەکان یاخود ئەکەدیەکان |
| سەدەی نۆهەم | پێش زایین | بعقوقە | ئارامییەکان |
| سەدەی سێیەم | پێش زایین | اسکندریە | ئەسکەندەری مەقدۆنی |
| لە هاتنی | ئیسلاما | زوبێر | زبیر کوڕی عەووام |
| ٣٣ | ٦٥٢ | مقدادیە | مقداد |
| ٨٣-٨٦ | ٧٠٢-٧٠٥ | واسط | حەججاج کوڕی یوسف |
| ١٣٢ | ٧٥٠ | هاشمیە | عەبدوڵڵای سەففاح |
| ١٤٥ | ٧٦٢ | بەغداد | ئەبو جەعفەری مەنسور |
| ٤٩٥ | ١١٠٢ | حلە | سەیف ئەلدەولە سەرۆکی بەنی فریەد |
| ٥٣٧ | ١١٤٢ | عمادیە | عماددەین زەنکی |
| ٤٤٧-٥٩٠ | ١٠٩٥-١١٩٢ | قزلجە(قزل- جا) | قزل ئەرسەلانی رۆمی |
| ٥٨٥-٦١٣ | ١١٨٩-١٢١٦ | نعمانیە | نعمان کوڕی مونذیر (ئەبو قابوس) |
| ١٠٥٥ | ١٦٤٥ | سنە (سنندج) | باپیرە گەورەی أمان اللّە خان |
| ١١٦٠ | ١٧٤٧ | دیوانیە | محمود ئال حەمەد ئال عباس (سەرۆکی خزاعل) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١٧٥ | ١٧٦٢ | سوق الشيوخ | شێخ سوەیی (ثوینی حمد) باپیرە گەورەی سمدونەکان |
| ١١٩٩ | ١٧٨٤ | سلیمانی | برایم پاشای بابان |
| ١٢٢٧ | ١٨١٢ | کوت | (سبع کوڕی خمیس شێخ راڵمیاا ح) |
| ١٢٣٢ | ١٨١٦ | حی | ئال علی خان |
| ١٢٧٨ | ١٨٦١ | عمارە | عبدالقادری قائمقام لەگەڵ سوپای عوسمانی |
| ١٢٨١ | ١٨٦٦ | علی الغربی | نعمە کوڕی عەررار عەشیرەتی (بنی لام) |
| ١٢٨٢ | ١٨٦٦ | عزیزیە | فتح اللّٰە بەگی عمادیە کە قائمقام بوو بە ناوی سوڵتان غبدالعزیزی عوسمانیەوە. |
| ١٢٨٣ | ١٨٦٧ | قلعە صالح | صالح ناو پیاوێکی سوپایی بووە بەرەگەز(نجد)ییە بووە. |
| ١٢٨٦ | ١٨٦٩ | ناصریە | ناصر پاشای سعدون بە هاندانی مەدحەت پاشای بەناوبانگ |
| ١٢٩٠ | ١٨٧٣ | قلعە سکر | سکر کوڕی مشلب سەرۆکی عەشیرەتی (الطوقیە) |
| ١٢٩٣ | ١٨٧٦ | حجر الکبیر | شێخ صیهود لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی (ابو محمد). |
| ١٣٠٠ | ١٨٨٢ | نعمانیە | شێخ شفلح یاخود شێخ عجم لە عەشیرەتی (الزبید) |
| ١٣١١ | ١٨٩٣ | رفاعی | حاجی عەبباسی کەڕرادی (خەڵکی کەڕرادەی بەغدا). |
| ١٣١٥ | ١٨٩٧ | شامیە (لەوەپێش حمیدیە) | سوڵتان عەبدولحەمیدی عومانی |

**سەرنج:** لە ئەنجامی بەراوردا دەردەکەوێ کە سلێمانی لەم (قائمە)دا (١٦)هەمین شارە و (٧)مین شارە لە دوای بەغداد (١٣) شاری لە دواوەیە. شاری سلێمانی نزیکەی (١٠٢٢) ساڵ دوای بەغدا بنیات نراوە. شاری عەمادیە و شارۆچکەی قزڵجەی لای خۆشمان. لە سلێمانی کۆنترن.

ئەمە جگە لە کەرکووک و هەولێر کە ناویان لێرەدا نەهاتووە. بەڵام هەر زۆر کۆنترن لە سلێمانی و لە شارەکانی تری عێراق.

**ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی لە سەرەتاوە تا ئەم دواییییە و دایەرەی نفووس..**

مستەر ریچ لە ساڵی ١٨٢٠ کە هاتووەتە سلێمانی (واتا دوای بنیاتنانی شارەکە) بە (٣٦) ساڵ.

ژمارەی دانیشتووانی بە (دە هەزار) کەس خەمڵاندووە، جگە لە پێنج خان و دوو مزگەوتی تەعمیرکراو و حەمامێکی زۆر جوان. دوای ئەوە لە شوێنێکی کتێبەکەیدا کە گوایە راستترین مەزندەیە دەڵێت: سلێمانی (٢٠٠٠) ماڵی ئیسلام و (١٣٠) ماڵە جوولەکە و (٩) ماڵی دیانی کلدانی و (٥) ماڵی ئەرمەنی و پێنج خان (کاروان سەرا) و پێنج حەمام و پێنج مزگەوتی تێدا بووە.

جا ئەگەر ماڵەکان هەموویان کۆ بکەینەوە دەکاتە (٢١٤٤) ماڵ. بەگوێرەی هەموو لێکدانەوەیەک هەر ماڵەی تێکرا بە پێنج کەس دابنێین. ئەوە دەکاتە: (١٠٧٢٠) هەر نزیکە لە ژمارەکەی پێشوویەوە.

دوای بابانەکان کە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٨٥٠ بە دواوە دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرت، وەک لەم بەرگە و سێ بەرگەکەی پێشووی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێ، شارەکە بەگوێرەی (تقدم و تطور) دەبوایە بەرەو پێشەوە بڕۆشتایە و ئاواتر بوایەوە و ژمارەی دانیشتووانی زیادی بکردایە،

کەچی وا نەبوو، دەتوانم بڵێم لە کاتی (سەفەربەر- شەڕی گەورەی یەکەم) کە سلێمانی لەژێر رکێفی عوسمانییەکاندا بوو ژمارەی دانیشتووانی لەوەی سەرەوە کەمتر بووە بەهۆی مردنی دانیشتووانی لە برسا، چونکە خواردەمەنی نەبوو تۆوچین (فەلاح) هەموو بران بۆ مەیدانی شەڕ، وەک ئێستاکەش بە ئاسانی برنج و ئارد و شەکر و چا و رۆن و شتی تر لە دەرەوە کێش نەدەکرا ئەو ماڵانەی تۆزێک زەخیرەیان هەبووایە (زەفتیەی عوسمانی) دەچوو بەزۆر لێی دەسەندن.. بەمجۆرە لە پێش شەڕی گەورەی یەکەمەوە بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٩٠٧ ژمارەی دانیشتووانی (٨٧٠٣ موسڵمان) و (٢٦٠ ناموسڵمان) کە دەکاتە (٨٩٦٣) کەس. بێگومان دوای ئەوە ژمارە زیادی کردووە، ئەوەتا (ئیبراهیم حلمی) ناو وەک لە (ل٢٠٢-٢٠٣) بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە ژمارەی دانیشتووانی هەموو لیوای سلێمانی بە (٥١٦٠٠) کەس داناوە کە (٤٨٦٠٠) یان موسڵمان و (٩٠٠) یان دیان و (٢١٠٠) یان جوولەکەن. ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی ساڵی ١٩١٣ بە (٢٦ هەزار) کەس داناوە لەوانە (٢٤٨٢٥) یان موسوڵمان و (١٠٠٠) جوولەکە و (١٧٥) دیانن.

دوای عوسمانییەکان واتا لە سەردەمی ئینگلیزدا، بەگوێرەی ژمارەکانی رۆژنامەی (پێشکەوتن ٢٧ و ٢٨ و ٢٩ و ٣٠ و ٣١ی ساڵی- ١) کە هەموویان لە ساڵی ١٩٢٠دا دەرچوون، وا دەگەیەنێت کە ئەو سەرژماردنانەش لەو ساڵەدا کراون. ئەو ژمارانەی کە کۆی هەموو لیوای سلێمانییە کە ئەوسا برێتی بووە لە (سەرچنار، تانجەرۆ، قەرەطاغ، سوورداش، سرۆچک، شارباژێڕ، شیوەکەڵ، قامیش، چەمچەماڵ، بازیان، زاب، جەباری، سەنگاو، ئەلەبجە، پێنجوین، خورماڵ، هورین و شێخان، رانیە، خەلەکان و چناران و قەلعەدزە، مەرگە و ناودەشت) گوایە ٦٣٧٢٢ کەس بوون.

ئینجا لە ژێرەوە لە پێشکەوتنی ژمارە (٣١ی ٢٥ نوڤمبر/ تشرین ثانی ١٩٢٠) ژمارەی نفوسی سلێمانی خۆی بە دە هەزار کەس داناوە و دەڵێت

(٤٠٠٠) و ئەوەندە خانووە کە (١٨٠٠)ماڵی نیشتەنییە و ئەوی تری تێکچوو وێرانەیە. جافیش (٢٥٠٠٠) نفوسێک دەبێ.

ئینجا ئەم ژمارەیە زیاتر زوڵم و زۆری عوسمانییەکان باش دەردەخات، کە ئەگەر ئەو ژمارەی خانووانە راستبێ ٤٠٠٠ بێ و تەنها ١٨٠٠ی بە کەڵکی دانیشتن مابن و ئەوانی تر واتا ٢٢٠٠ خانووی رووخابێ و وێران بووبێ. کێ وێرانی کردوون؟ بۆ چی وێران کران؟

– ژمارەی دانیشتووانی سلێمانی لە ساڵەکانی ١٩٢٥-١٩٢٦ بریتی بووە لە ١٢ تا ١٤ هەزار کەس (ل٢٦٦ بەرگی دووەمی ئەم کتێبە) سەیر بکە.

– ژمارەی نفووسی سلێمانی ساڵی ١٩٣٤ بە پێی قەیدی تاپۆ سێ هەزار و پێنج سەد ماڵە. ئەوە پێنج جاری گەورە بکە ٣٥٠٠×٥= دەکاتە ١٧٥٠٠ حەڤدە هەزار و پێنج سەد کەس. سەیری (ل٢٨٩ و ٣٠٠ی بەرگی دووەمی ئەم کتێبە) بکە.

ئیتر دوای ئەوە لە کاتی فەرمانڕەوایی حکومەتی عێراقدا لە ساڵی ١٩٣٧وە سەرژماردن هەر دە ساڵ جارێک دەستی پێ کرد واتا:

١٩٣٧ و ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ١٩٦٥ و ١٩٧٦ و ١٩٨٨ وا لێرەدا کوژایەوە.

ئێستا لە بەغدا ساڵی (١٩٥٧) بە گرینگ گیراوە و هەرکەس لەو ساڵەدا لە بەغدا ناوی قەید نەکرابێ، ناتوانی لە بەغدا موڵک بکڕێ، بەڵام دەتوانێ بیفرۆشێ. ساڵی ١٩٦٥ نەک هەر سەرژماردن بەڵکو ژماردنی زۆر شتی تری لەگەڵا بووە. لەسەر ئەوە (المجموعة الاحصائية السنوية) دەرچوو لە ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٨دا کە ژماردنی زۆر شتی تێدایە . بەگوێرەی ( الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦- محمود فهمي درويش).

سلێمانی کە (٣) قەزا و (١١) ناحیەیە. ژمارەی دانیشتووان بەمجۆرەیە:

| | نێرینه | مێیینه | کۆی هەموو |
|---|---|---|---|
| سلیمانی و ملحقات | ٣٢٢٨٠ | ٢٩٥٩٤ | ٦١٨٧٤ |
| هەڵەبجە | ٢٤٣٣٨ | ٢٠٢٩٦ | ٤٤٦٣٤ |
| شهربازار | ١٢٦٣٤ | ١١٤٨١ | ٢٤١١٥ |
| کۆی هەموو | ٦٩٢٢٢ | ٦١٣٧١ | ١٣٠٦٢٣ |
| نەژمێرراو | | | ٤٥٠٠٠ |
| | | | ١٧٥٦٢٣ |

- ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٧دا بەگوێرەی سجلی رەسمی: (٣٣٤٧٥) کەس.

- ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٧دا بەگوێرەی سجلی رەسمی. (٤٨٨١٢) کەس.

- ژمارەی خانووەکانی سلێمانی بەگوێرەی قەیدی تاپۆ (٣٥٠٠) ماڵ (حوزنی موکریانی. ل٢٨٨ بەرگی دووەمی ئەم کتێبە).

لە سەرچاوەیەکی ترەوە (سلێمانی- کۆواری شارەوانی ژمارە-٩- ساڵی ١ـ ل٦١) ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لەبەر رۆشنایی (ئاو) بەکارهێنانی جەدوەلێک بەمجۆرە بۆ کردووە کەوا:

| ژمارەی دانیشتوان | ساڵ |
|---|---|
| ١٢٠٠٠ | ١٩١٥ |
| ٢٠٠٠٠ | ١٩٣٠ |
| ٢٦٠٠٠ | ١٩٣٤ |
| ٣١٠٠٠ | ١٩٤٥ |
| ٣٤٠٠٠ | ١٩٤٧ |
| ٤٨٠٠٠ | ١٩٥٧ |
| ٥٣٠٠٠ | ١٩٦٠ |
| ٨٧٠٠٠ | ١٩٦٥ |
| ١٠٠٠٠٠ | ١٩٦٨ |

ئەمە بەگوێرەی تەقریرێکە کە لیژنەیەکی ئاو کە بەگوێرەی بڕیاری وەزارەتی شارەوانییەکان لە ساڵی ١٩٦٨دا پێک هاتووە، ئەو لیژنەیە ئەم ژمارانەی داناوە کە گوایە بەگوێرەی قسەی سەرۆکی شارەوانی و مودیر تەسجیلی (احوال مدني) لە سلێمانی کەوا دانیشتووانی شارەکەیان بە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس داناوە لەو ساڵەدا (واتا ساڵی ١٩٦٨).

وەک لەو هەموو ژمارانەدا بۆمان دەردەکەوێ سەرژماردنەکان بەتایبەتی تا پێش ساڵی ١٩٤٧ زۆری سەرپێیی بوون یاخۆ بە خەمڵاندن بوون لە ١٩٤٧دا کە بەڕێوەبەری گشتیی نفووس (ابراهیم الخضیري) بوو، ئەو زیاتر خۆی ماندوو کرد و سەرژماردنەکانی سەردەمی ئەو نەختێک لە ڕاستییەوە نزیکتر بوون دوای ئەویش (امین الهلالي) دەکات کە ئەم پیاوە زۆر خۆی ماندوو کرد و سەرژماردنی ساڵی ١٩٥٧ و ساڵی ١٩٦٥ لە کاتی دەستبەکاریی ئەوا کرا کە دەتوانرێ بووترێ شتێکی پوختەتر بوو لەوانەی پێش خۆی.

– ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی بەگوێرەی ساڵنامەی ۱۹۹۸ی شاری سلێمانی (ل٥٣)، بەمجۆرەیە:

| | |
|---|---|
| ـ ژمارەی دانیشتووانی شاری سلێمانی | ٥٤٨٧٤٧ |
| ـ ژمارەی دانیشتووانی سنووری پارێزگای سلێمانی | ١١٢٧٢٢٦ |
| ـ ژمارەی خێزان لەناو شاردا | ١١٠٣٦٠ |
| ـ ژمارەی دانیشتووان لە سنووری پارێزگای سلێمانی | ٢١٧٢٢٠ |
| ـ ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی | ٥٨ |

**دائیرەی نفوس (بەڕێوەبەرێتی رەگەزنامەی باری شارستانی سلێمانی)**

– دائیرەی نفوس لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە سلێمانیدا هەبووە، ئەمەش بەگوێرەی ساڵنامەی ١٣٠٧ک (١٨٨٩ز) کە ئەوسا سلێمانی لیوا بووە و سەر بە ولایەتی مووسڵ بووە. هەرچەندە کاربەدەستەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی، دەرنەخستووە، بەڵام ئاماژە بۆ کاتبی نفوسی قەزای بازیان (واتا چەمچەماڵ) دەکات کە ئەوسا سەر بە سلێمانی بووە، دەڵێت: (دەرویش ئەفەندی) بووە. هەروەها دەڵێت کاتبی نفوسی قەزای معمورة الحمید (واتا پشدەر) ساڵح بەگ بووە. و مەئموور نفوسی قەزای شاربازێڕ (شهربازار) عارف ئەفەندی و کاتبی نفوس مەحموود ئەفەندی بووە.

ـ دائیرەی نفوس لە سەردەمی ئینگلیزدا هەبووە. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە، ئەو سەرژماردنەیە کە بۆ دانیشتووانی ناحیە و قەزاکانی سلێمانی کراوە، وەک لە رۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارە (٢٧–٣١)ساڵی یەکدا ئاماژەمان بۆ کردووە.

لە سەردەمی شێخ مەحموودا هیچ شتێکی ئەوتۆمان بەرچاو نەکەوتووە کە ئاماژەی بۆ بکەین.

ـ لە سەردەمی پاشایەتیدا یەکەم ئاماژە بۆ دائیرەی نفوس ئەوەیە کە

(رەشـيـد مـسـتـی ئـەفـەندی) لە ١/١٠/١٩٣٧دا مـوديری نفـوس و تەجنيـدی سلێمانی بووە. دوای ئەو عەزمی بەگی بابان..

دوای ئەويش بـۆ مـاوەيەكی زۆر عـەبدولڕەحـمـان بەگی بابـان مـەئمـووری نفوسی سلێمانی بوو لە ژوورێك لە ژوورەكانی سەرادا بوو، دوای ئەو تاهير بەگ جـەمـيل بەگ بابان تا ناوەڕاسـتـی پەنجـاكـانـی سـەدەی رابوردوو، دوای ئەو محەمەد عەلی شێخ (محەمەد مەلا عەلی مامە شێخە) بۆ ماوەيەكی كەم، دوای ئەويش يوسف ئەمـين رەسـوولْ ئـەويش بۆ مـاوەيەكی كـەم (ئەو دووانـەی دواييی عنوانيـان مـديری نفـوس بـوو) كـاك يـوسف لە سـاڵی ١٩٦٠ دا بوو. دوای ئەو راضـی كەمـونە ئينجا عەبدولباقی هانی لە سـاڵی ١٩٦٢دا موديری نفوسی سلێمانی بووە.

دوای ئەو ئەحمەد عـوبێد كە لە سـەرەتاوە هـەر لە دايەرەی نفـوسدا دامەزرا و تا گەيشتە پلەی موديری نفوس.

ـ كـاتبی نفـوس بەگوێرەی ئەو سـەرچاوانـەی بەرچاومـان كـەوتوون عـەلی بەگ مـستـەفا بەگ، شـێخ سـەلامی شـاعـير، حەسـەن محـەمەد خـومخـانەچی، يەعقوب عەبدوڵڵا (جوولەكە بوو).

ـ لە سـاڵی ١٩٦٩دا ناوی دائيـرەی نفـوس گـۆڕا، بوو بە (مـديرية الاحـوال المدنية العامة– بەڕێوەبەرێتی رەگەزنامـەی باری شارسـتـانيەتی سـلێمـانی). ئيتر دەفتـەری دائيرەی نفوس بوو بە (پـێناسـە– هوية)ی باری شارسـتانی و لەم دوايـيـيـەدا دائيرەی نفـوس و دائيـرەی جنسـيـەی عـێراقـی كـە سـەر بە دەسـتگای پۆليس بوو، بـوون بە يەك لە ژێر ناوی (مـديرية الجنسـية والاحـوال المدنية العامة).

**حوكمدارەكان- موتەسەریف- پارێزەرانی سلێمانی**

لە بەرگی دووەمی ئەم كتێبەدا لە (ل٤٠٤- ل٤٠٩) ناوی حوكمدار یاخۆ حاكم و موتەسەڕیفەكانی سلێمانییان برد لە ڕۆژی دروستكردنیەوە، واتا لە برایم پاشای بابانەوە كە لە ساڵی ١٧٨٤دا شارەكەی دروست كرد و كردی بە ناوەندی میرنشینی بابان تا هاتینە سەر دوا موتەسەڕیف كە عەبدولموتەڵیب ئەمین هاشمی بوو.

لێرەدا دیسانەوە لە موتەسەڕیفەكانی سلێمانییەوە لە سەردەمی پاشایەتییەوە دەست پێ دەكەینەوە تا ئەمڕۆ:

| ناوی موتەسەریف- پارێزەر | لە ڕۆژ/ مانگ/ ساڵ | هەتا ڕۆژ/ مانگ/ ساڵ |
|---|---|---|
| أحمد بەگ توفیق بەگ | ١٩٢٢/٣/٧ | ١٩٢٧/٤/١٩ |
| أحمد عثمان ئەربیللی | ١٩٢٧/٤/١٩ | ١٩٣٠/٥/١٠ |
| تۆفیق وهبی بەگ | ١٩٣٠/٥/١١ | ١٩٣٠/٨/٢٢ |
| كابتان گاون مفتشی اداری: جێگر | ١٩٣٠/٨/٢٣ | ١٩٣٠/٩/٢٧ |
| أحمد بەگ تۆفیق بەگ (دووەم جار) | ١٩٣٠/٩/٢٨ | ١٩٣٥/٤/٢٤ |
| صالح زەكی بەگ ساحێبقران | ١٩٣٥/٥/١ | ١٩٣٦/٧/١٢ |
| ناجی علی هورمزی (جێگر) | ١٩٣٦/٧/٢٥ | ١٩٣٧/٩/٣٠ |
| عبدالمجید الیعقوبی | ١٩٣٧/١٠/١ | ١٩٣٩/٢/١٧ |
| حاجی رمضان پاشا | ١٩٤٠/٣/١٣ | ١٩٤٠/٧/١ |
| عبدالحمید عبدالمجید صرصر | ١٩٤٠/٧/٨ | ١٩٤١/٥/٥ |
| حسین فوزی پاشا | ١٩٤١/٥/٥ | ١٩٤١/٦/٢٧ |
| شێخ مصطفی قرەداغی | ١٩٤١/٦/٢٨ | ١٩٤٣/١٠/٢٢ |
| وفیق حبیب | ١٩٤٣/١٠/٣١ | ١٩٤٤/٢/٥ |

| | | |
|---|---|---|
| بهاءالدين نورى | ١٩٤٤/٢/١٢ | ١٩٤٤/٨/٥ |
| معروف جياووك | ١٩٤٤/٨/٧ | ١٩٤٦/٤/٣ |
| موسى شاكر | ١٩٤٦/٤/١٨ | ١٩٤٦/٦/٢٧ |
| شێخ حسن طالبانى | ١٩٤٦/٨/١١ | ١٩٤٨/١/١٧ |
| سيد على حجازى | ١٩٤٨/١/١٩ | ١٩٤٨/٤/١٣ |
| جميل رشيد/ مديرى پۆليس/ جێگر | ١٩٤٨/٥/١١ | ١٩٤٨/٩/١٢ |
| داود سلمان البياتى/ جێگر | ١٩٤٨/٩/٢١ | ١٩٤٨/١١/٤ |
| نجم الدين صائب | ١٩٤٨/١١/٥ | ١٩٥٠/١١/٢١ |
| جلال خالد | ١٩٥٠/١٢/٢ | ١٩٥٢/٢/٣ |
| مزاحم ماهر | ١٩٥٢/٢/٨ | ١٩٥٤/٧/٢٠ |
| شامل اليعقوبى | ١٩٥٤/٧/٢٢ | ١٩٥٤/٩/١٦ |
| عمر على | ١٩٥٤/٩/١٧ | ١٩٥٧/٥/١٦ |
| عبدالمطلب امين الهاشمى | ١٩٥٧/٥/١٧ | ١٩٥٨/٩/٤ |
| هادى رشيد چاوشلى (جێگر) | ١٩٥٨/٩/٥ | ١٩٥٩/١/٢ |
| عادل جلال | ١٩٥٩/١/٢١ | ١٩٥٩/٨/١٣ |
| عبدالمطلب امين الهاشمى (دووەم جار) | ١٩٥٩/٨/٢٠ | ١٩٦٠/٥/٣ |
| حامدالالوسى (جێگر) | ١٩٦٠/٥/٤ | ١٩٦٠/٦/١٠ |
| باقر الدحيلى | ١٩٦٠/٦/١١ | ١٩٦١/٥/١٣ |
| حامد الالوسى (جێگر/ دووەم جار) | ١٩٦١/٥/١٤ | ١٩٦١/٨/٩ |
| عبدالهادى صالح | ١٩٦١/٨/١٠ | ١٩٦٣/٥/١٦ |
| شێخ مصطفى قرەداغى | ١٩٤١/٦/٢٨ | ١٩٤٣/١٠/٢٢ |
| وفيق حبيب | ١٩٤٣/١٠/٣١ | ١٩٤٤/٢/٥ |

| | | |
|---|---|---|
| عبدالرزاق السيد محمود | ١٩٦٣/٦/٦ | ١٩٦٤/١٢/٧ |
| محمد رشاد الحمامی | ١٩٦٤/١٢/٧ | ١٩٦٥/١٠/١١ |
| حميد الياسرى (جێگر) | ١٩٦٥/١٠/١١ | ١٩٦٥/١١/٥ |
| جميل السعودى | ١٩٦٥/١١/٦ | ١٩٦٦/٤/٧ |
| ابراهيم عاجل (جێگر) | ١٩٦٦/٤/٧ | ١٩٦٦/٥/١١ |
| عامر الحسک | ١٩٦٦/٥/١٢ | ١٩٦٦/١٠/٨ |
| بایز عزیز دزەیی | ١٩٦٦/١٠/١٥ | ١٩٦٨/٧/١ |
| کریم حسن قرەنی | ١٩٦٨/٧/٧ | ١٩٦٩/١٠/٢٧ |
| سيروان عبدالله جاف (جێگر) | ١٩٦٩/١٠/٢٨ | ١٩٧٠/١/٢٤ |
| شکری صبری الحدیثی | ١٩٧٠/١/٢٤ | ١٩٧١/١/١٥ |
| احمد النقشبندی (جێگر) | ١٩٧١/١/١٦ | ١٩٧١/٢/٢ |
| علی عبدالله امین | ١٩٧١/٢/٢ | ١٩٧٤/٣/١ |
| احمد النقشبندی (جێگر) | ١٩٧٤/٣/١٢ | ١٩٧٤/٣/٣١ |
| نوری رشید محمود | ١٩٧٤/٤/١ | ١٩٧٤/٤/٢٣ |
| بابکر محمود پشدەری | ١٩٧٤/٤/٢٤ | ١٩٧٤/١٠/١٠ |
| حاجی رسول محمد | ١٩٧٤/١٠/١١ | ١٩٧٥/٦/٣٠ |
| محمدامین محمد احمد | ١٩٧٥/٧/١ | ١٩٧٧/٢/٢٠ |
| محمد صالح عنبر | ١٩٧٧/٣/٢٣ | ١٩٧٧/٦/٢٧ |
| عدنان مصطفی حسین (جێگر) | ١٩٧٧/٦/٢٨ | ١٩٧٧/٨/٢١ |
| ارشد احمد محمد زیباری | ١٩٧٧/٨/٢٢ | ١٩٨٠/٨/٢٠ |
| ولید محمود الخشالی (جێگر) | ١٩٨٠/٨/٢١ | ١٩٨١/٢/١٦ |
| جعفر عبدالکریم البرزنجی | ١٩٨١/٢/١٨ | ١٩٨٩/٩/١ |

| | | |
|---|---|---|
| کاکل محمد مولود | ١٩٨٩/٩/١٥ | ١٩٩١/٣/٨ |
| نجم الدين زين الدين نقشبندى | ١٩٩١/٤/٢٥ | ١٩٩١/١٠/١٦ |
| هۆشمەن مصطفى فتاح (جێگر) | ١٩٩١/١٠/١٧ | ١٩٩٢/٩/٤ |
| جمال عبدول محمد | ١٩٩٢/٩/٥ | ١٩٩٤/٣/٥ |
| سالار عزيز اسماعيل | ١٩٩٤/٣/٦ | ١٩٩٧/١/٣١ |
| عبدالكريم حاجى كاكه حمه (جێگر) | ١٩٩٥/٦/٥ | ١٩٩٥/٧/٢٥ |
| ئاسۆ نورى ڕەزا (جێگر) | ١٩٩٦/٦/٤ | ١٩٩٦/٧/٢٧ |
| فريدون عبدالقادر فرج | ١٩٩٧/٢/١ | ١٩٩٧/٧/١٣ |
| ئاسۆ نورى ڕەزا (جێگر) | ١٩٩٧/٧/١٥ | ١٩٩٧/٩/٢٧ |
| قادر حمه جان عزيز | ١٩٩٧/٩/٢٨ | |

تێبینی:

– لەم موتەسەریف و پارێزەرانە:

ـ ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ و تۆفیق وەهبی بەگ و سالّح زەکی بەگ و حاجی رەمەزان پاشا و شێخ مستەفای قەرەداغی و کەریم حەسەن قەرەنی و نووری رەشید مەحموود و بابەکر مەحموود پشدەری و محەمەد سالّح عەنبەر و جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی و نەجمەدین زەینەدین نەقشبەندی و هۆشمەن مستەفا فەتاح و جەمال عەبدول محەمەد و سالار عەزیز ئیسماعیل و عەبدولکەریم حاجی و ئاسۆ نووری ڕەزا و فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج و قادر حەمە جان عەزیز. ئەمانە هەموو خەڵکی سلێمانی خۆی یاخۆ خەڵکی ناوچەی سلێمانین.

ـ لەمانە: "توفيق وهبي، حاجي رەمەزان پاشا، حسين فوزي پاشا، بهاءالدين نوري، عمر علي، عبدالمطلب امين الهاشمي، عادل جلال، عبدالهادي صالح و عبدالرزاق السيد محمود، محمد رەشاد الحمامي، جميل السعودي،

عامر الحسک، کریم حسن قرەنی، نوري رشید محمود، محمد صالح عنبر، ارشد احمد محمد زیباری، کاکل حمد مولود و نجم الدین نقشبندي" هەموو سوپایی (عسکری) بوون. هەروەها: "سید علي حجازي و جمیل رشید و مزاحم ماهر" بەڕێوەبەری پۆلیس بوون و کراون بە موتەسەریف یاخۆ جێگر.

ـ لەمانە: ساڵح زەکی بەگ لە قایمقامەتییەوە و شێخ مستەفا قەرەداغی لە (قاضی– قازی)یەتییەوە، مەعرووف جیاووک لە (حاکم– قاضي)یەتییەوە، شێخ حەسەن تاڵەبانی لە مودیری ناحیە و قایمقامیەتییەوە، شامل یعقوبي لە سەرۆکایەتی شارەوانییەوە، هادی رەشید چاوشلی لە مودیریەتی ناحیە و قایمقامییەتیەوە، باقر الدجیلي لە ئیدارەوە، بایز عەزیز دزەیی لە مودیریەتی ناحیە و قایمقامییەوە، بابەکر مەحموود پشدەری پارێزەر (محامي) بوو، حاجی رەسوڵ لە مودیری ناحیە و قایمقامییەوە بوون بە موتەسەڕیف.

ـ کاپتان گاون: ئینگلیز بوو، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی بەر دەرگای سەرای سلێمانی– رۆژی رەشی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ ئەو جێگری موتەسەریف نەبوو موتەسەریف تۆفیق وەهبی بەگ بوو، پێش هەڵبژاردنەکە دووریان خستەوە. کاپتان گاونیش سلێمانی بەجێ هێشت، (البان) ئینگلیزی لە شوێنی خۆی دانا واتا ئەو جێگری موتەسەریف بوو لەو ڕۆژەدا نەک (گاون).

هەموو شتێک بە ژمارە

| هەرشتێک | ژمارە |
|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٨٨ | ٥٤٨٧٤٢ |
| ژمارەی دانیشتوانی سنووری پارێزگاری سلێمانی | ١١٢٧٢٢٦ |
| ژمارەی خێزانەکانی ناوشاری سلێمانی | ١١٠٣٦٠ |
| ژمارەی خێزان لە سنوری پارێزگی سلێمانی | ٢١٧٢٢٠ |
| گەڕەکەکانی شاری سلێمانی | ٥٨ |

ئەو تۆمۆبیلانەی لە بەڕێوەبەرێتی هاتۆچۆی سلێمانی تۆمارکراون

| | |
|---|---|
| ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی لە ژمارە | ١- ١٤٦٥٨ |
| ئۆتۆمۆبیلی کرێ لە ژمارە | ١- ١٢٣٠٠ |
| ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر لە ژمارە | ١- ٩٧٥٠ |
| کارتی زانیاری لە ژمارە | ١- ١٠٢٩٢ |
| کۆی گشت | ٤٧١٠٠ |
| ئامێری کشتوکاڵ (تراکتۆر و کومباین) | ١- ٤١٩٠ |
| شوفل و گرێدەر | ١- ٢٦٦ |
| مزگەوت | ١٥٢ |
| کنیسەی کلدانی | ٢ |
| خوێندنگای سەرەتایی لە شاری سلێمانی | ٩٧ |
| خوێندنگەی ناوەندی | ٣٩ |
| خوێندنگەی دواناوەندی | ١٢ |
| خوێندنگەی ئامادەیی | ١٣ |
| باخچەی ساوایان | ١٢ |
| ئامادەیی بازرگانی | ٣ |
| ئامادەیی پیشەسازی | ٣ |
| ئامادەیی کشتوکاڵ | ١ |
| ئامادەیی دراساتی ئیسلامی | ١ |
| پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان | ١ |
| پەیمانگای هونەرە جوانەکان | ١ |
| پەیمانگای هیوا بۆ کەڕوڵاڵ/ چاودێری کۆمەڵایەتی | ١ |

| | |
|---|---|
| پەیمانگای ڕووناکی بۆ نابینایان | ١ |
| پەیمانگای ئاوات بۆ بیرکۆڵ | ١ |
| پەیمانگای ڤنسنت بۆ کەم ئەندام | ١ |
| خانەی بەخێوکردنی ئەو جەوانانی کوڕان | ١ |
| خانەی بەخێوکردنی ئەو جەوانانی کچان | ١ |
| خانەی ئۆلف بالمێ | ١ |
| خانەی تێبینی مناڵان | ١ |
| نەخۆشخانەی گەورە | ٥ |
| بنکە تەندروستییەکان | ١٦ |
| نەخۆشخانەی ئەهلی | ٥ |
| عیادەی پزیشک | ١٦٥ |
| عیادەی پزیشکی ددان | ٨ |
| دەرمانخانەی ئەهلی | ٢٨ |
| برین پێچ و دەرزی لێدەر | ٨٣ |
| بنکەی ئاگرکوژانەوە | ٢ |
| کەرتی پۆلیسی ناوشار | ٧ |
| بانکی حکومی | ٧ |
| سەڕاف | ٨٣ |
| هۆڵی کۆبوونەوە | ٤ |
| هۆڵی ئاهەنگ و شایی | ٥ |
| کتێبخانەی گشتی | ٣ |
| تەلەفۆن و فاکسی جیهانی | ٢٦ |

| | |
|---|---|
| سەیرانگە | ٤ |
| باخچەی گشتی | ١ |
| سینەما | ٣ |
| یانەی خواردن و خواردنەوە | ١٣ |
| مەلەوانگە | ٧ |
| ئوتێل | ١٨ |
| حەمام (گەرماو)ی گشتی | ١٥ |
| یاریگەی وەرزش | ١ |
| گۆڕەپانی وەرزشی | ٥ |
| هۆڵی وەرزشی سەرگیراو | ٢ |
| هۆڵی جوانی لەش | ١٣ |
| یەکێتییە وەرزشییەکان | ١٠ |
| یانە وەرزشییەکان | ١٠ |
| تیپی وەرزشی میللی | ١١٢ |
| تاقیگەی شتنەوەی وێنەی فۆتۆگرافی | ٨ |
| تۆمارگەی دەنگی (تسجیلات) | ٣٢ |
| وێنەگری ڤیدیۆ | ٥٦ |
| وێنەگری فۆتۆگرافی (ستودیو) | ٨٠ |
| وێنەگری فۆتۆگرافی گەڕۆک | ١٦٦ |
| مۆرهەڵکەن | ٦ |
| نووسینگەی فۆتۆکۆپی | ٤٧ |
| نووسینگەی کۆمپیوتەر | ١١ |

| | |
|---|---|
| چاپخانە و ئۆفسێت و چاپی سکرین | ٤٧ |
| چاپ و ڕۆنیو و استنساخ | ٧٤ |
| چاپخانەی حکومی | ٢ |
| عیادەی پزیشکی بیطری | ٢٨ |
| فرۆشیاری مریشکی زیندوو | ٦٧ |
| فرۆشیاری باڵندە و ماسی زیندوو | ١١ |
| قەسابخانە | ١ |
| قەسساب | ١٥٧ |
| بەقاڵی سەوزە و میوە | ٤٦٣ |
| بەقاڵی ووشکە | ٢٧٤ |
| نانەواخانە | ٤٤٦ |
| فرنی سەموون | ٣٣ |
| لۆقەنتە | ٩٦ |
| کەبابخانە | ٨٢ |
| جگەرخانە | ٤٦ |
| گص و همبرگر | ٤٧ |
| سەروپێ خانە | ١٠ |
| چایخانە | ٢٤٦ |
| گازینۆ | ١٧٣ |
| عەتتاری و معلبات | ١١٩٨ |
| ترشیات فرۆش | ٩ |
| ماست فرۆش | ١٤٦ |

| | |
|---|---|
| دوكانی جگەرە فرۆش | ١٨٢ |
| جگەرە فرۆشی دەستگێڕ | ٢١٩ |
| توتن فرۆش | |
| گونیە فرۆش | |
| دەلاک | |
| ئارایشتگەی ژنان | |
| فرۆشیاری کمالیات | |
| شەتلگەی گوڵ و میوە | |
| شەکراوی بووک و زاوا | |
| فرۆشیاری خواردنەوە | ٤١ |
| فرۆشیاری فەرش و ڕاخەر | ٥٣ |
| فرۆشیاری کەل و پەلی ناوماڵی | ٤٣٦ |
| سەعات فرۆش | ٤٢ |
| فرۆشیاری جلوبەرگی ژنان و پیاوان | ٣٣٧ |
| فرۆشیاری جلوبەرگی کۆنە (کۆنە فرۆش) | ٣٥٢ |
| بەرگدرووی ژنان | ١٢٦ |
| بەرگدرووی پیاوان | ١٨٨ |
| بازرگانی قوماش | ٤٦٤ |
| پێڵاوفرۆشی ژنان | ١٥٦ |
| پێڵاوفرۆشی پیاوان | ٢١٤ |
| کتێبخانە | ٢٤ |
| پەڕاوگە | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| خۆشنووس | ١٩ |
| زەڕەنگەر | ٢٢٩ |
| خومخانە | ٦ |
| خەڵوزفرۆش | ٧ |
| خوری فرۆش | ١٦ |
| عەلاف | ١٧٢ |
| ئاردفرۆش | ٤٧ |
| ئاشی گەنم هاڕین | ٤٥ |
| ساردەمەنی و شیرینی فرۆش | ٣٠٨ |
| دارتاش | ١٦٩ |
| ئاسنگەر | ٢٠٥ |
| تەنەکەچی | ٢٦ |
| مزگەر | ١ |
| فافۆن فرۆش | ٥٣ |
| هەلاج و لێفەدروو | ١٣ |
| کەڵاشفرۆش | ١٣ |
| سەڕڕاج | ٤ |
| ئەرزوحاڵچی (عەریزەنووس) | ٤٢ |
| تجلیدی کتێب | ٥ |
| باسکیلچی | ١٧ |
| دروستکردنی سویچ و کلیل | ١٧ |
| چاویلکەسازی | ٦ |

| | |
|---|---|
| نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو | ١٧١ |
| چاککردنی ماکینەی خەیاتی | ٦ |
| چاککردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن | ٢٢٨ |
| چاککردنی سلاجە و مجمدە و طباخ | ٩٧ |
| فرۆشیاری شریتی ڤیدیۆ و تسجیلات | ٨٩ |
| فرۆشیاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت | ١٤٢ |
| فرۆشیاری سەلاجە و مجمدە و طباخ | ١١٢ |
| شووشەچی پەنجەرە | ٤٣ |
| بۆیەی دیوار و بزمار | ٨٧ |
| کەرەسەی بیناسازی | ٢٢٩ |
| کەرەسەی ئاو | ١٢١ |
| کەرەسەی کارەبا | ٢٤٣ |
| لف و چاکردنی ماتۆڕی کارەبا | ٥٠ |
| پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل | ٢٧ |
| بەنزینخانەی حکومی | ٥ |
| چاککردنی ئۆتۆمۆبێل | ٥٠٤ |
| شحن کردن و فرۆشتنی باتری ئۆتۆمۆبێل | ٣١ |
| فرۆشیاری کەلوپەلی ئۆتۆمۆبێل | ٤٣٧ |
| بۆیلخچی ئۆتۆمۆبێل | ٨١ |
| تایە فرۆشی | ٥٨ |
| کوشنچی ئۆتۆمۆبێل | ٣٢ |
| پەنچەرچی و ڕۆن گۆڕ | ١٠٥ |

| | |
|---|---|
| تۆڕنەچی | ٢٠ |
| کارگەی ئەلەمنیۆم | ٢٦ |
| کارگەی فلنکۆت | ١ |
| کارگەی سۆندە | ٣ |
| کارگەی پێڵاوی چەرم | ١٠ |
| کارگەی پێلاوی لاستیک | ٤ |
| کارگەی کیسەی  نایلۆن | ٥ |
| کارگەی معجونی پەنچەرە | ٢ |
| کارگەی گەچ | ١ |
| کارگەی بلۆک | ١٦ |
| کارگەی کاشی | ١٢ |
| کارگەی خشتی سوور | ١ |
| کوورەی خشتی سوور | ١٠ |
| کارگەی بەردی مەڕمەڕ | ١٢ |
| کارگەی پووشی مبردە | ٣ |
| کارگەی شەکری کەللە | ٦ |
| کارگەی لوقم و مەسکەت | ١٧ |
| کارگەی بیبسی کۆلا | ٨ |
| کارگەی سەهۆڵ | ٩ |
| کارگەی پڕکردنەوەی غاز | ١ |
| کارگە حکومەتییەکان | |
| کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن | ١ |

| | |
|---|---|
| کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار | ١ |
| کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو | ١ |
| کارگەی مافوری سلێمانی | ١ |
| کارگەی خوێی یۆدی بازیان | ١ |
| کارگەی شەکر | ١ |

**تێبینی:** وا دەزانم ئەم ژمارانەی لەم سەرچاوەیە (کە ساڵنامەی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە)دا هاتووە ژمارەی هەموو پارێزگای سلێمانییە، نەک تەنها شاری سلێمانی. چونکە سلێمانی (١٥٢) مزگەوتی تیانییە، یاخۆ (٣٩) خوێندنگەی ناوەندی (متوسطة) لە شارەکەدا نییە و دەبوایە ساڵنامەکە ئەمەی روون بکردایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیشێکی زۆر باشە و شایانی سوپاسە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی سەردێرەکەی (بانکی زانیاری دەربارەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٨)دا دەبوایە (دەربارەی ناوچەی سلێمانی) بنووسیایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە و ئەگەر هەڵەیەک لە ژمارەکاندا هەبێت پێویستە راست بکرێتەوە.

**ڕێژەی باران لە سلێمانی و دەوروپشتی بەتایبەتی لە ساڵەکانی ١٩٥٨ وە تاکو ١٩٩٨**

| ڕێژەی باران بە(ملم) | ساڵ |
|---|---|
| ٤١٤/١ | ١٩٥٨ |
| ٥٧٥ | ١٩٥٩ |
| ٤٩٤ | ١٩٦٠ |
| ٨٢٠ | ١٩٦١ |
| ٦٣٠/٥ | ١٩٦٢ |

| | |
|---|---|
| ١٩٦٣ | ٩٧٧ |
| ١٩٦٤ | ٤٩٣ |
| ١٩٦٥ | ٤٩٢ |
| ١٩٦٦ | ٣٨٣/٤ |
| ١٩٦٧ | ٦٥٧/٤ |
| ١٩٦٨ | ٧٧٤/٢ |
| ١٩٦٩ | ١١٣٦ |
| ١٩٧٠ | ٤٣٢ |
| ١٩٧١ | ٧٦١ |
| ١٩٧٢ | ٨٢٥/٤ |
| ١٩٧٣ | ٥٦٢/٥ |
| ١٩٧٤ | ٩٩٤/٨ |
| ١٩٧٥ | ٦٤٠/٦ |
| ١٩٧٦ | ٧٤٥ |
| ١٩٧٧ | ٦٦٢/٢ |
| ١٩٧٨ | ٧٠٥/٣ |
| ١٩٧٩ | ٦٨٨/٥ |
| ١٩٨٠ | ٦٨٥/٣ |
| ١٩٨١ | ٧٨٢ |
| ١٩٨٢ | ٩٧٣/١ |
| ١٩٨٣ | ٤٨٤/٤ |
| ١٩٨٤ | ٧١٠/– |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٥ | ٧٣٠/٥ |
| ١٩٨٦ | ٧٨٩/٨ |
| ١٩٨٧ | ٦٨٣/٤ |
| ١٩٨٨ | ٩٢٠/٧ |
| ١٩٨٩ | ١٣٤٧٥/٥ |
| ١٩٩٠ | ٩٤١ |
| ١٩٩١ | ٩٣٠/٦ |
| ١٩٩٢ | ١٠٣٢/٣ |
| ١٩٩٣ | ٨٧٣/٣ |
| ١٩٩٤ | ٩٥٢/٨ |
| ١٩٩٥ | ٧٢٣/٨ |
| ١٩٩٦ | ٩٩٩/٥ |
| ١٩٩٧ | ١٠٤٢/٣ |
| ١٩٩٨ | ٦٢١/٦ |

سەرچاوە: ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٨ ل٧١,

# مێژووی
# کاروباری ئابووری و رامیاری لە سلێمانیدا

ئابووری و بازرگانی
پارەی کۆن
پوول و (رصیدی بانقەنوط)
حەواڵەی پارە و بانق
لێبووردنی رامیاری
هەڵسانی ژن بە کاروباری سیاسی و دبلۆماسی

ئابووری نەک هەر ئەمڕۆ، بەڵکو دەتوانرێ بوترێ هەر کاتێک پێش هەموو جووڵانەوەیەکی تری هەر میللەت و وڵاتێک بووە. ئەو نەتەوە و میللەتەی باری ئابووریی خۆی ساز کرد، توانی خواستی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێ، هەتاکو ئەگەر نیشتمانیشی نەبووبێت، هەر میللەتێک لە رووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندبێ، ئەوە لە هەموو جیهاندا ئیش و قسەی دەڕوات و رۆڵەکانیشی لە کەش و هەوایەکی فێنک و خۆشدا دەژین. ئەم شتەش زیاتر بە بەروبوومی وڵات و گورج و گۆڵی و کارامەیی رۆڵەکانییەوە بەندە.

جا ئایا ناوچەی سلێمانی/ یاخۆ شاری سلێمانی کە شارێکی نوێیە لە فەرهەنگی شاراندا لە چ رادەیەکدایە لەم رووەوە.

پێش نیشتەجێبوونی خەڵکی وڵات، کۆچ و رەو باو بوو، بە جۆرێک شارستانییەت و دانیشتن و خۆبەستنەوە بە زەوییەوە. کارێک بوو بەگوێرەی سەیرکردنی ئەو سەردەمە بە شتێکی (سووک) دەدرایە قەڵەم. کۆچ و رەو بە دوای ئاژەڵدا بەرەو لەوەرگەکانی ئێران باو بوو، کە خێڵ باری دەکرد، شتی خۆمانەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بەودیودا و لە گەڕانەوەدا شتی ئەوێیان دەهێنا بەمدیودا، ئەمە بێجگە لە بەرهەمی ئاژەڵ لە پەنیر و رۆن و کەرە و ماست و.. زۆر شتی تریان لەگەڵدا دەهێنایەوە و دەیانفرۆشت.

ئەو کۆچەرییانە ئەوسا (کورد)یان پێ دەوتن: ئەوانەی کە هاتنە سەر زەوی بۆ چاندن و کشتسازی (گۆران) بوون. کوردەکە گۆرانەکەی بە سووک دەهاتە پێش چاو و گاڵتەی پێ دەکرد و دەیوت: "مانگەشەوە، تەق لە دەوە- گۆرانە حیزەی چاو لە خەوە".

بێگومـان جـیـهـان هەر لە پێـشکەوتندایە و مـرۆ بن و بنچـینەی هەمـوو کـارێکە.. دوای دروسـتکردنی شـاری سلێـمـانی، ورده ورده شـارسـتـانییـەت، بەسـەر کـۆچ و رەودا سـەرکـەوت و خـەڵک ئەوەنده باری ئاڵـۆزی رامـیـاری و ئاسایش رێی دابن کـەوتنە تۆوچێنی و کەسـابەت و هـاتوچۆ بەروبوومـی وڵات دەهات و دەچـوو. هـەر لـە بەری دارەوە، جـــەوت و بـەڕوو و مـــاز و جـــەوی و کـەتیرە تاکـو سـێو و هەنار و هـەرمـێ و قـۆخ و هەنجـیـر و ترێ و هەڵووژە، گەزۆ، سەعلەب، دار، خەڵووز، ئینجـا تووتن، گەنم و جۆ، برنج، نیسک و نۆک و مـاش و قۆزاخـەی لۆکـە، دوای ئەوانە، ریخـۆڵە و پێسـتە و خـوری و گـەلێک شـتی تر ئەمـانە جگە لە سـاغکردنەوەیان لەناو خـۆمـاندا بەرەو وڵاتـانی دەرەوەش دەنێردران و لەو سەریشەوە شت کێش دەکرا..

**لە سەردەمی بابانەکاندا:**

مستەر ریچ لە لاپەڕە (٢١٧-٢١٨) لە گەشتنامەکەیان دەڵێت: بازرگانییەت لە سلێمانییا زۆر بڵاو نەبوو، بەڵکو لە بەینی سلێمانی و ئەم شوێنانەدا بوو ئەویش لە رێی قافڵە و قەتارچییەوە:

تەورێز: مانگی جارێک لێرەوە ئەو خورما و قاوەیەی لە بەغداوە دەیانهێنا بۆ ئەوێیـان دەبرد، لەو سـەرەوە، ئاوریشـمی خـاو و قومـاشی ئاوریشـمـیان کێش دەکرد. قوماشەکە لە کوردستان خۆیدا بڵاو دەبووەوە، بەڵام ئارویشمە خاوەکە بۆ بەغدا دەنێررا.

ئەرزرۆم: سـاڵی قـافڵـەیەک دەردەچوو، خـورمـا و قـاوەیان دەبرد، لەو سـەرەوە. ئاسن و زەرد و باشـترین هێـسـتری ئەو وڵاتەیان لەگـەڵ خـۆیان دەهێنایەوە.

هەمەدان و سنە: مانگی قافڵەیەک لەو دوو شارەوە دەهات، بارەکەیان رۆن و مـیـوەی وشـک و هەنگوین و ئەو پۆڵایەی لە ئەترافی (قـەزوێن) هەبوو، دەیانهێنا.

کەرکووک: ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کەرکووکدا هەمیشە بەردەوام بوو، بەڕاستیش کەرکووک بازاڕێکی بە رەواج بوو بۆ بەرهەمی کوردستان کە برێتی بوو لە پاقلەی وشک و هەنگوین و مازوو و ترشی سماق و میوەجات و برنج و رۆن و لۆکە و مەڕومالات، لەو سەریشەوە پێڵاو و قوماشی لۆکەی زبریان کێش دەکرد.

مووسڵ: لەگەڵ مووسڵیشدا هەمیشە سەوا و موعامەلە هەبوو، بەڵام لە چاو کەرکووکدا کەمتر، لەوێوە پێڵاو و جامانە و خام و قوماشی لۆکەی رەنگاورەنگ و شتومەکی شاری شام و دیاربەکر، لێرەشەوە، مازوو و شتی تریان دەنارد.

بەغدا: لەگەڵ بەغدایشدا هەمیشە ئاڵوگۆڕ هەبوو. لەوێوە خورما، قاوە، بەرهەمی وڵاتەکانی هندستان و ئەوروپا و قوماش. لە سلێمانیشەوە پاقلە، تووتن، پەنیر، رۆن، ترشی سماق، کەتیرە، دووگ و سابوونی بەزی دەڕۆیشت.

هەروەها مستەر ریچ لە (ل٩٩ و ١١٣)دا دەڵێت:

کەرکووک بازاڕی سەرەکی ئەم بەشەی کوردستانە، نەک هەر لە لایەن ئەهلی شارەکەوە، بەڵکو لە کەرکووکیشەوە بۆ ئەم مەبەستە (شت کڕین و فرۆشتن) دێنە سلێمانی، پارەی (سەلەم) دەدەن بە تۆوچێنەکان لە بری چەڵتووک و هەنگوین و شتی تردا. کوردستان باشترین جۆری هەنگوین دێنێتە بەرهەم. کە هەموو هەنگەکان لە کوورەی قوڕدا پەروەردە دەکرێن. هەروەها باشترین جۆری (مازوو) بەتایبەتی لە دارستانەکانی (بەڕوو)ی قەرەداغدا. کە ئەم شتە زیاتر بۆ کەرکووک و مووسڵ دەنێرن. ئەو دارانەش کە (صمغ عربي) دێنێتە بەرهەم لەو کێوانەدا هەن گوڵەکانیان شەرابی رەنگن و (گەوەن)یان پێ دەڵێن.

گەزۆ: لە دار بەڕوو پەیدا دەبێت. ئەو گەڵایانەی گەزۆ دەردەکەون لە

دارەکە دەکرێتەوە و وشک دەکرێنەوە، ئەوسا لەسەرخۆ دەتەکێنرێن گەزۆکە دەوەرێننە سەر پارچەیەک قوماش. بەمجۆرە گەزۆکە دەنێررێتە دەرەوە کە گەڵای هێشتا تێکەڵاوە، ئەوسا دەکوڵێنرێ و پوختەکەی جیا دەکرێتەوە. جۆرێکی تر لە گەزۆ هەیە کە لەسەر بەرد دەدۆزرێتەوە، ئەو جۆرەیان سپی رەنگە و لە جۆری سەر گەڵاکە بەنرخترە. کاتی گەزۆش ئاخری مانگی حوزەیرانە و وا باوە کە لەو کاتەدا ئەو شەوەی ساردتر بێت بۆ بەیانییەکەی گەزۆ دەبارێ.

عومەر ئاغا ناوی هەندێ دار و درەخت و ئاژەڵی پێ وتم بەمجۆرە:

گوێژ، خوزیلک، شیلان، سێ پەڕە، هێرۆ، گوڵەبەڕۆژە، دیزیلک، کنر، لاولاو، سپیدار، شۆڕەبی، دارەبەن، قەزوان (لەمانە ئەو چوارەی دوایی نەبێ کە دارن، ئەوانی پێشوو لە سێ پەڕەوە تاکو لاولاو هیچیان دار نین).

ریچ لە گەشتی رۆژی ١٧ی تەمووزی ١٨٢٠دا ناوی هەندێ داری تر دەبات کە (عومەر ئاغا) بۆی باس کردووە وەک: چنار، داری خەنە، گوێژ، بی، رەزی ترێ، هەڵووژە، قۆخ، داری توو، هەنجیر و داری زەیتوون.

**لە سەردەمی عوسمانییەکاندا:**

ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٩٠٧ دەڵێت: لە سلێمانی و دەوروپشتی میوەی سەوزەی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی هۆی گواستنەوەی باشی تێدا نییە، بۆیە ناردنی بۆ دەرەوەی شار زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان بێ کەڵک دەمێنن، بەڵام تووتن بە شێوەیەکی زۆر بۆ دەرەوەی وڵاتی سلێمانی دەنێررێن.. جگە لە تووتن لە سلێمانییەوە مازوو، کەتیرە، سەختیان و خوری رەوانەی دەرەوەی عێراق دەکرێت، بێجگە لەمانە مەڕوماڵاتێکی زۆر لەم لیوایەدا بەخێو دەکرێ وەک: مەڕ و بزن و مەرەز، لە خوری ئەم ئاژەڵانە قاڵی و کلیم دروست دەکرێت و هەندێکی بۆ دەرەوە دەنێررێت.

هەر لە شوێنێکی تری ئەو ساڵنامەیەدا دەڵێت: سلێمانی لە جێی

عەمبارێکی بازرگانییە لە نێوان تورکیا و ئێراندا. ئەو بەرهەمانەی بە زۆری ڕەوانەی دەرەوە دەکات تووتنە، ئینجا هەرمێ، لە ئێرانیشەوە کەلوپەلی بۆ دێ (سەیری ل١٩٧ و ١٩٩) لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە بکە).

بارودۆخی شارەکە زۆر ساز نەبوو، ئەو شتانەی بەرەو بەغدا و مووسڵ و ئەرزڕۆم و کەرکووک لە ڕێی کەرکووکەوە دەچوون یا دەهاتن لەبەر نائەمینیی ڕێگای کەرکووک (بەینی بازیان و چەمچەماڵ) بە سەلامەتی ڕزگاریان نەدەبوو، لەبەر دەست وەشاندنی چەتە. ئەمە لە لایەکەوە، لەولاشەوە بەتایبەتی لە کاتی شەڕی گەورەی یەکەمدا و دوای ئەویش بە دووسێ ساڵ، باری ئابووری سلێمانی بە تەواوەتی تێکچوو، هەر پیاوێک ئیشی پێ بکرایە دەخرێتە ژێر چەکەوە و دەنێررا بۆ مەیدانی شەڕ، بۆیە کشتوکاڵ و بەروبوومی ئاژەڵ هاتنە کزی و لە دواییدا نەمان. ئەوەی هەبوو، زەفتییەی عوسمانی دەچوون لە ماڵان بە زۆر بێ یا بە خواهیشت لە ماڵیان دەردەهێنا و دەیانبرد. بۆیە گرانی (سەفەربەر- سەفەربەرلک) کە دەستی پێ کرد. ڕۆژ نەبوو لە سلێمانیدا چەند کەسێک لە برسا نەمرن. بەڵام پێش شەڕی گەورەی یەکەم. بازرگانەکانی سلێمانی، قەتاری باروبارگەی بازرگانیەتییان، لە ڕێی ئێرانەوە وەک خورما و شەکر و چا و قامیشە جگەرە و خوری و پێستە و تووتن و لۆکە و شتی تر لەوێ ساغیان دەکردەوە و لەو سەرەوە لە شاری (استراخان کە لای خۆمان هەستەرخان)ی پێ دەڵێن، سەماوەری زەردیان دەهێنا کە ناوبانگی بە (سەماوەری هشتەرخان) دەرکردبوو، هەروەها لە (وارشۆ) سەماوەری زیوییان دەهێنا کە (سەماوەری وەرشاو)یان پێ دەوت. کە بە ئێراندا قافڵەکە دەگەڕایەوە (قۆری عەجەم کە ڕەسمی شاکانی قاجاریان پێوەبوو) هەروەها پیاڵە و ژێر پیاڵە و گوڵدان و گوڵاوپڕژێن، گوڵدانەکانیان (مجسم) بوون و دەستێکی لەسەر دەرهێنرابوو، جگە لەوەی سندووقی هەشتەرخان و کاشی و بلوور و زۆر شتی تر کە هەندێکیان ئێستاش لەو ماڵانەدا ماون کە شتی کۆنیان خۆش دەوێ و

هەڵیان گرتوون.

رشتەی مرواری باسی چوونی یەکێک لە بازرگانە ناودارەکانی سلێمانی دەکات بۆ (وارشۆ) کە ئەویش (حاجی ئەمینی کاکە حەمە)یە لەگەڵ بازرگانێکی جوولەکەدا، جگە لەو پیاوە بازرگانە ناودارەکانی تری سلێمانی ئەمانە بوون:

خواجە کەریمی عەلەکە، حاجی برایماغا، حاجی سەعیدی قادراغا، حاجی مەلا سەعید و ئەحمەد ئاغا کەرکووکلی زادەی برای و میرزا فەتاح و میرزا کەریم و میرزا محیەدین لە سلێمانی و میرزا فەرەجی برایان لە بەغدا، حاجی ساڵحی خەفاف، حاجی مەلا سەعیدی شاڵی، حاجی فەتاحی قادر، حاجی فەرەج حاجی حامید، حاجی ئەحمەدی پیرۆز، حاجی کەریمی عەمبەرخان، حاجی کاکە حەمە، مەلا ئەمین ئەحمەد بەقاڵ، حاجی رەشیدی وەسمان چاوەش، حاجی سەعید ئاغا و حاجی حەمە ئاغا و حاجی مەلا محێدین، ئاغا فەتحوڵڵا، حاجی فەقێ شالی، حاجی ئەحمەد قەزاز، حاجی عەزیزی شەرعی، ساڵحی رەشە و کورەکانی، میرزا تۆفیق قەزاز و... زۆری تر.

– مێجەرسۆن کە بە خۆ گۆڕین لە ساڵی ١٩٠٨دا هاتووەتە سلێمانی لە کتێبەکەیدا (رحلة متنكر ل٢٠١ ب١) دەڵێت.

هەڵسوکەوت و مامەڵەی بازرگانی بە (نیو ملیۆن لیرە) هەموو ساڵێک خەملاوە بەڵام ئێستا (مەبەستی ١٩٠٨–١٩٠٩)یە بەرزترین ژمارەی لە چوارسەد هەزار لیرە تێ ناپەڕێ و ئەم ژمارەیەش هەتا بێت روو لە کەمییە.

– هەر لە بابەت بازرگانەوە دەڵێت لە ساڵی ١٨٨٠وە بیست بازرگانی هەمەدانی لە فارسەکان لە سلێمانیدان و تێیدا ماونەتەوە.

**له سەردەمی ئینگلیزدا:**

دوای دامرانەوەی ئاگری شەڕ، هاتنی ئینگلیز، بەتایبەتی لە سەردەمی مێجەرسۆندا، برسییەتی و هەژاری و بێ ئیشی بە تەواوەتی کۆڵەی خەڵکەکەی کوتابوو.

مێجەرسۆن کە سەیری کرد هاتووەتە شاری پێست و ئێسقان، شاری برسی و وێران.. دەستی کرد بە هێنانی ئارد و خورما و زەخیرەی تر و بە بیانووی ڕێگا راکێشان و پرد دروستکردن و شتی ترەوە، پارەی بڵاو کردەوە.. ئیتر دوای بەینێک خەڵکەکە ئاهێکیان تێ گەڕا و وردە وردە بووژانەوە و بازرگانەکان دەستیان کردەوە بە شت هێنان لە دەرەوە دوای ئەوەی باجی گومرگیان لەسەر هەڵگیرا هەر بۆ هاندانیان کە شت کێش بکەن.

بەم جۆرە خەڵکی ناو شار گورج بوونەوە و خەڵکی لادێ دەستیان کردەوە بە چاندنی تۆو، لە گەنم و جۆ و چەڵتووک و.. بە بەسەرکردنەوەی ئاژەڵ. بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاسایش باڵی کێشا بەسەر وڵاتدا و ترووسکەی هیوا بە دوا رۆژێکی گەشاوەتر دڵی دەهەژان.. جگە لەوانە دەست کرا بە گرتنی سەرباز و پۆلیس و مووچەخۆر و دامەزراندنیان بە مانگانە لەناو شار و لە قەزا و ناحیەکاندا.

ئەم بارودۆخە دوای ئینگلیزەکانیش دەوامی کرد، واتا لە سەردەمی شێخ مەحموودیشدا، هەرچەندە بەهۆی ئەو ناکۆکییەی بەینی شێخ و ئینگلیزەکان زۆرجار بارودۆخی شار و ناوچەکە دەئاڵۆزکا و خەڵکەکە جارجار سارد دەبوونەوە و دەستیان نەدەچووە ئیشەوە، بەڵام هەر باشتر بوو لە سەردەمی سەفەربەری بەدناو.

**له سەردەمی شێخ مەحموددا :**

بارودۆخی ئابووری ئەو سەردەمە لەم شیعرەدا رەنگ دەداتەوە:

له رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ٨٨ی رۆژی ٢٩ی دیسێمبەری ١٩٢١ لەژێر سەرناوی (اقتصادي) ئەم شیعرە جوانە بەرزەی خوا لێخۆشبوو (جەمال عرفان)ی تێدا بلاو کراوەتەوە کە بەڕاستی زۆربەی بەروبوومی ولاتەکەی گرتووەتەوە دەڵێت:

مـــاهە هـۆمـــەر، ســـەد شـــوکـــر تۆ، قـــوەت و چاوت هەیە
هەر لە دێیـــەک چەن ڕەز و چەن عـــەرد و بەراوت هەیە

تووتنەکەت قیـمـەت نەکـا، سـەد ئیـشی تر بۆت قـابیلە
دێبـــەرت زەرعی پەمـــوکـــەیت، ئەوە ڕیس و جـــاوت هەیە

تووتنەکەت قیمەت نەکا، مازوو و گەزۆ و پێستە و خوری
شـــاڵی زۆر جـوانـی نەجـیـبی دەشـتـی خـۆشناوت هەیە

قـۆڵ لە پەسـتـەک هەڵبکێشی، بچـیـە کـێـویی بۆ شکار
بۆ تیـــجـــارەت وەک دەڵەک وەک ڕێوی، صـــەد ڕاوت هەیە

خـــەڵقی گـــوندی ڕۆخـی زێی بادین و کـــۆی وانێک مـــەبە
تۆش فستقی زۆر و گۆشتی ماسی و پێستی سەگلاوت هەیە

شـازدە کـوننەی قـوڕ و پێنجـصـەد برچار بوو بە کـەڵەک
هەر بە بـا ئەڕواتـە بەغـــــدا چـونکـە تۆش ئـاوت هەیە

مـــەســـرەفت گـــەر زۆرە، چاییی لێ مـــەنێ بۆ دەعـــیـــە
باســـوق و سنجـــوق و گـــوێز و مـــێـــوژی خـــۆلاوت هەیە

هەرچی مـــیـــوەی ناو بەهەشـــتـــە تۆ لە دنیـــادا هەتە

کـــاڵەک و شـــووتـی و ترێ و هـەنجـــیـــری خـــۆڵاوت هەیـە

عـــادەت و چـاولێکـەری وا چـای بە حـــــورمـــــەت کــــردووە
فـــەضلـەیە بیـــخـــۆیتـــەوە، دۆشـــاو و خـــۆشـــاوت هەیـە

قـــۆندەرەت بـا هـەر نـەبێ، چی لـێ ئـەکـــەی لـەو قـــون دزە
یـەمـــەنـی، کـــەوش و کـــەڵاشـی چەرم و پێـــتـــاوت هەیـە

بەو ســـەروپێـــچــە زلە و پشــتــێن هەشــتــا زەرعـــیـــیـــە
بـۆ کـــــۆڵەنجـــە مـــــخـــــملـە لـو چـی ئـاهـ تـونـاوت هـەیـە

جەمال عرفان

لەم شـیـعرەدا زیاتر یاسـا یاخـۆ ڕێڕەوی ئابووری (الاکتفـاء الذاتي) پەیڕەو کردووە. کەوا بۆ هەر بەروبوومێکی وڵاتەکە نموونەیەکی هێناوەتەوە.

تووتن، پەمـۆ، رەز (ترێ)، خوری و ریس و جـاو (بۆ دروسـتکردن و چنینی شـاڵ و جـاو)، مـازوو و گـەزۆ، پێـسـتـە (رێوی و دەڵەک، سـەگـلاو) بسـتـە، گـۆشـتـی مـاسـی، باسـوق، سنجـوق، گـوێز، مـێـوژ، کاڵەک، شـووتی، ترێ، هەنجیر، دۆشاو، خۆشاو، کاڵە و پێتاو.

ئینجا دەڵێت شـانزە کوننە ریزکە و بەدار ئەمـلا و لاو سەری بگرە دەبێ بە (کەڵەک)و لە زێی گـەورە و زێی مـاڵیـاتی بازرگـانـی بخـە سـەر و بەرەو رووی بەغدا مل بنێ، هەر (با) پاڵتـان پێوە دەنێ و دەتانبـات. چـای خـواردنەوە بۆ دەعیە و فیـزە، لەجیاتی ئەوە دۆشاو و خۆشاو بخـۆ و بخۆرەوە. قۆندەرەت با هەر نەبێ، کاڵە و پێتاو ببەسـتە، سەری زل مـەپێچە، پشـتێنی هەشتا گەزی لە قـەدت مـەئاڵێنە کوڵنجـە (وەک هێلەک) وایە و لە خـورییـە و لەبەرکـە. سـەد شوکر تۆ ناوت هەیە.. ئیتر بۆچی توخنی شتی زیادە دەکەوی..

**له سەردەمی حکومەتی عێراقدا:**

وەنەبێ بە هاتنی عێراق و دەستگرتنی لە ساڵی ١٩٢٥دا بەسەر سلێمانیدا، شارەکە حەوابێتەوە و لە برسییەتی و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی رۆژ بە رۆژی دانیشتوانی شارەکە، دڵ ئارامی و دڵنیایەک بڵاو بووبێتەوە چونکە کاروباری ئابووری و بازرگانی پێوەندیی یەکسەرییان بە دامەزراوی وڵات و باری ئاسایشەوە هەیە.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سکاڵانامەیەی کە (اشراف و پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی) لە رۆژی ١٩٢٦/٨/٣١دا بە عەرەبی داویانە بە (اولیاء الامور فی بغداد) کە باسی حوکمی ناڕەوای دەوڵەتی عوسمانی و قاتوقڕی (سەفەربەر) و ئینجا سەردەمی ئینگلیز و دوای ئەوە رۆژگاری حوکمی شێخ مەحموود... دەکات.

دوای ئەوەی باسی بارودۆخی دانەمەزراوی رامیاری و دواکەوتنی وڵات دەکات لە هەموو سەرێکەوە.. کە چۆن دزی و جەردەیی و رووتاندنەوەی خەڵک بوو بە کردەوەیەکی رۆژ بە رۆژ.. هەرچەندە وا نزیکەی دوو ساڵ بەسەر تەشکیلاتی حکومەتدا لە شارەکەدا تێپەڕی، کەچی رۆژ نییە دێیەکی پاڵ شار تاڵان نەکرێ و دەست لە قافڵەیەکی بارو بارخانە نەوەشێنرێ بەجۆرێک خەڵکی دەرەوە کەوتنە سەر ساجی عەلی، دەوڵەمەندەکانیان نانێکی شەویان لە ماڵدا نییە و بازرگان نەدەتوانێ هیچ بهێنێتە شارەوە، نە هیچ بنێرێتە دەرەوە. ئەو بازرگانانەی کە بە سەدان هەزار روپیەی هەبوو، ئێستا سەری سوڕماوە لەوەی چۆن ماڵ و منداڵی بەخێو بکات.. هتد

تێبینی: ئەوەی دەیەوێ (دەق)ی سکاڵا نامەکە بە تەواوەتی بخوێنێتەوە سەیری لاپەڕە (٢٥٩-٢٦٤) لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە بکات لە ساڵی ١٩٣٤دا کە خوا لێخۆشبوو حوزنی موکریانی هاتووەتە سلێمانی لە بابەت (تیجارەت)ی سلێمانییەوە، ئەمەی نووسیوە:

خەڵکی سلێمانی زۆرتریان بە (تووتن، مازوو، خوری، کەتیرە، رۆن، گەزۆ، پێستی رێوی و دەڵەک، گەنم، جۆ، برنج) تیجارەت دەکەن.

بەمجۆرە رۆژگار بەسەر شاری سلێمانیدا تێپەڕی، لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی رابوردوودا تۆزێک خەڵکەکە ئاهێکی تێ گەڕا. دەتوانرێ ئەو چەند ساڵە بە (ڕۆژگاری ئاڵتوونین و گەشاوەترین سەردەمی شارەکە دابنرێت).

ئەو سەردەمە پارە (ڕوپیە و لە دواییدا دینار) کەم بوو، بەڵام نرخی پارە هێجگار زۆر بوو، پۆلیسێک کە مانگانەکەی (٣) دینار و مووچەخۆر و فەرمانبەر کە مانگانەکەیان (٦-٨-١٠-١٢) و پلەی گەورەتر (١٥-١٨-٢١-٢٥-٣٠) دینار بە باشی و ئەوانەی دوایی بە رەفاهییەت پێی دەژیان. چونکە کەللەی شەکر بە (٣٧) فلس (ئیزرەم- یوزدرهەم کە لە کیلۆیەک زیاتر بوو، گۆشت، بە (٣٠-٤٠) فلس، هۆقەی رۆن (سێ کیلۆ و نیو) رۆنی (جۆریی پاک) دەگەیشتە (سێ ڕوپی)-٢٢٥ فلس)، ربەی گەنم (٣٠-٣٢) کیلۆ بە دوو روپیە (١٥٠) فلس، کەبابی باشی وەستا تۆفیق وەستا فەرەج بە دوو فلس، واتا قاوەڵتییەکی کەباب کە تێروپڕ بخواردایە، بە ماستاو و ترشیات و چا و لەواشەی گەرمەوە (١٦) فلسی تێ دەچوو (کە چوار عانە بوو).

بەکورتی مووچەخۆرێک کە سەری مانگ مەعاشەکەی وەردەگرت، دەچووە ناو بازاڕ پێویستی مانگێکی لە خواردن و جل و بەرگ و پێویستی تر دەکڕی، هەمووی دوو دیناری تێ دەچوو. بە (حەماڵ) دەیهێنایەوە و زۆر زۆر بیست فلسی بدایە بەو کۆڵهەڵگرە، سەد سوپاسی دەکرد.

بەڵێ راستە پارە کەم بوو، بەڵام هەموو شتێکیش هەرزان بوو، کۆڵهەڵگر رۆژی (٥٠) فلسی دەستکەوتایە، کرێکاری قوڕ ئەویش هەر رۆژانەکەی (٥٠) فلس بوو، رۆژگاریان بە ئاسوودەیی پێ دەبردە سەر. رۆژ و مانگ و ساڵ بەم جۆرە تێدەپەڕین، تاکو غەزەبێک دژی هەموو مرۆڤایەتی لە ئەڵمانیا

سـەری هەڵدا و بوو بە ئاگـر و بەربووە تەمـەنی هەمـوو خـەڵکی جیـهـان کـە ئەویش هیتلەر بوو..

## شەڕی گەورەی دووەم

ئەو قاتوقڕی و برسییەتی و ناخۆشییەی لە ئەنجامی شەڕی گێتیی دووەمدا داوێنی هەمـوو جیـهـانی گـرت و کە یەکێک لـەو ناوچانەش وڵاتی سلێـمـانی بوو، کـە ئەمـەمـیـان دوور و درێژ لە لاپەڕە ۳۰۹–۳۱۲ی بەرگی دووەمی ئەم کتـێبـەدا نووسـیـوە، نامـانەوێ جـارێکی تر دووپاتی بکەینـەوە، بەڵام هەر بۆ نموونە باسی دوو سێ خاڵ دەکەین بۆ ئەوەی خوێنەواری بەڕێز باش بچێتە بنج و بناوانی بارودۆخی پێش شەڕ و کاتی شەڕ.

کـەللەی شـــەکـرەکـە وتمان بە (۳۷) فلس بوو گـەیشـتـە (دینـارێک) و ئەو شەکرە جوانە پاکو تەمیزە نەما، شەکرێکی وردەی سووری وەک قوڕاو دەدرا بە خەڵکەکە.

وەزارەتی (تەموین) دامەزرا و پێـویستییەکانی ژیان ئەوانەی کە لە دەرەوە دەهاتن وەک شەکر و چا و قوماش کران بە (بطاقة)و لەمەشدا کاربەدەست و مـــووچەخـــۆری دز و بێ ویژدان، ناپیـــاوییـــان لەگـــەڵ ئـەو رەش و رووتە بەتایبەتی ئەوانەی لادێ زۆر دەکرد.

بۆ مووچەخۆر (غلاء المعيشة) دانرا. (لە سێ دینارەوە بەرەو ژوور دەبوەوە) بەگـوێرەی (مـعـاشـي أصلي) ئەوەی سێ دینار مـووچەی بـوو سێ دیناری بۆ زیاد کرا.. بەمجۆرە..

تاکو لە رۆژی (۸) مایسی ساڵی ١٩٤٥دا چەکی ئەڵمـانیا دامـاڵرا و دوای ئەوە وردە وردە خـەڵکەکـە پشـوویەکی پێـدا هاتەوە، بەڵام نرخـی شـتـومـەک ئێسـتا و ئـەوسا نەگەڕایەوە سـەر باری ئەوسـای و لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی ئابـووری تر دەسـتـی پێ کـردەوە و ئەویـش وردە وردە بەرەو گـەشـــانەوەی رۆیشت، جـــمـــوجـــووڵـی ئابـووری تا دەهـات روو لە زیـادیی بـوو.. شــــاری

سلێمانی و دەوروپشتیشی بەرەو ئاوەدانی ڕۆیشتن بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨دا و دوای ١٤ی تەمووزی ئەو ساڵە، ئیتر وەک باری رامیاری گۆڕا، بێگومان چمکەکانی تری ژیانیش (بیانەوێ و نەیانەوێ) ئەوانیش بەو پێیە گۆڕان کە ئەوەش ڕۆژگارێکی زۆر دوور نییە و زۆر کەس لە بیریەتی و ئەوی لە بیریشی نییە یاخۆ نەیدیوە لە کەسوکاری بیستووە، بۆیە لێرەدا ئەم باسەمان وەستان.

## پارەی کۆن لە شارا

لە سەردەمی بابانەکاندا ناوی هیچ جۆرە پارەیەک نەهاتووە، تەنها (تۆمان)ی ئێرانی و جارجار لیرەی عوسمانی، گۆڕینەوە یاخۆ کڕین و فرۆشتن (شت بە شت= مقایضة) بووە. بەڵام بۆ کاروباری بازرگانی زیاتر لیرە بەکارهێنراوە. جگە لە (کیسە) کە ساڵ بە ساڵ وەک باج دەدرا بە والی بەغدا. لە کتێبەکەی (سۆن) کە بە خۆ گۆڕین بە ناوی (میرزا غلام حسین شیرازی)یەوە ("رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان. تعريب فؤاد جميل، مطبعة الجمهورية ١٩٧٠"، لاپەڕە ٢٥٠-٢٥٢ کە هاتووەتە سلێمانی) باسی پارەی ئەو سەردەمە بەمجۆرە دەکات:

- بێچوو: لە زیو دروست کراوە.
- پوول: لە زەرد دروست کراوە.
- پێنج شاهی. هەروەها سێ شاهی (شایی) کە دەیکردە یەک قڕان
- مەجیدی
- قڕان- فارسییە
- دوو قڕان تارانی پێ دەڵێن ئەویش فارسییە
- جووتە
- دەیارە
- غازی

- قەمەری
- قرِانی ڕەش
- قەمەری کە زیاتر بەکاردەهێنرا= ٤ پوول بووە
- بێچوو کە ئەویش زیاتر بەکاردەهێنرا= ٧ پوول بووە
- بێچوویەک= یەک (پنس)ی ئینگلیزی (لەو زەمانەدا)
- تارانی بۆ ئیشوکار و ئاڵوگۆڕی گەورە بەکار دەهێنرا. کە دەیکردە= پێنج بێچوو و دەیکردە= ٣٥ پوول.

یەک قرِان= ٣ شایی (شاهی)

بێگومان لیرەی ئاڵتوونیش رەشادی و حەمیدی هەبووە.

کاک ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە لە لاپەڕە ٣٨٨-٣٩٠ی شاری سلێمانی بەمجۆرە باسی پارەی کۆن دەکات:

## زەمانی عوسمانی

- لیرەی رەشادی = ١٢ روپیە
- غازی زیو= چواری بە لیرەیەک
- نیو غازی زیو= هەشتی بە لیرەیەک
- چارەکە غازی زیو= شانزەی بە لیرەیەک
- بێچووی زیو= ١٩ پوول
- بێچووی زیو= ٢ نۆ پوولی
- نۆ پوولی مەعدەن= ٢ نیکلی قەمەری
- ٨ نیکلی قەمەری مەعدەن= ٢ نیکلی وردە
- نیکلی وردە مەعدەن= ٢ پوولی مەعدەن
- یەک پوولی مس
- بیش لغ مس= دوو عانە و نیو

من ئەوەی مێجەرسۆن (میرزا غلام حسێنی شیرازی) بە راستتر دەزانم بێجگە لەوەی کاتی عوسمانی و تا ئەم دوایییەش زیاتر غازیی ئاڵتوون هەبوو کە لە جیاتی خەرجکردنی وەک پارە ژنی خواپێداو دەیاندووری بەسەر کڵاو و لە ناوەڕاستدا پێنج لیرەییەک یاخۆ لیرەیەکیان پێدا دەدووری بەوەیان دەوت (کڵاو ئاڵتوون)، بەڵام کڵاوی ژنی لادێ زیاتر غازیی زیویان پێدا دەدووری.

ئەمە جگە لە پێنج لیرەیی کە ئەویش هەبوو تا ئێستا ماوە و بۆ کڵاو ئاڵتوون یاخۆ ئەڵقەی تێ دەخزێ و زریزەی پێوە دەکرێ و دەکرێتە ملی ئافرەت.

ئینجا کاک ئەکرەم باسی پارەی زەمانی ئینگلیز دەکات دەڵێ:

– روپێی زیو و روپێی کاغەز هەبوو. کاغەزەکانی وێنەی مەلیکەی بەریتانیایان پێوە بوو.

روپێیەک ٧٥ فلس بوو. سەد روپێیی و دە روپێیی و پێنج روپێیی کاغەز هەبوو. یەک روپێیی و نیو روپێیی مەعدەن هەبوو دوای ئەوە باسی عانە و دوو پوولی و یەک پوولی دەکات.

کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی باسی پارەی سەردەمی عوسمانی دەکات دەڵێ:

ئەو پارەیەی ئەوساکە هەبوو، هەندێکی ئاڵتوونی ساغ وەک پێنج لیرەیی و دوو لیرە و نیوی و یەک لیرە و نیو لیرە و چواریەکی لیرە. هەندێکی تر لە زیوی ساغ بوون وەکو مەجیدی (کە غازیشی پێ دەوترا). هەروەها نیو مەجیدی و چواریەکی مەجیدی و یەک قرۆشیش هەبووە. و لە مەغشوشەکان (بیشلع) یەعنی پێنج قرۆش و دوو قرۆش و نیوی هەبوو کە قڕانی رەشیشیان پێ دەوترا. لە ساڵی ١٩٠٩دا مسکوکاتی مەعدەنی (نیکل) لە پێنج پارەیی و چل پارەیی، یەک لیرە بە (١٠١) قرۆش دەچوو کە دەکاتە

٩٦٠ فلس. یەک مەجیدی بە (١٩) قرۆش و هەر قرۆشێک ٩ فلس بوو. هەروەها قرۆشێک دەیکردە چل پارە. هەروەها لەمیش یەک پوولی و دوو پوولی هەبوو، هەر پوولێکی دەیکردە فلسێک. لە مسکوکاتی ئێرانی لە زیوی خالیس جووتە تارانی و یەک تارانی هەبوو. لەمیش یەک پوول و دوو پوول هەبوو. هەر لە زیو و بێچوو هەبوو. لە بابەت رەواجەوە لە دەوائیری رەسمی و بازاڕ و معامەلەدا هیچ نەوعە جیاوازییەک لە بەینی پارەی عوسمانی و ئێرانیدا نەبوو. ئینجا کەریم ئەفەندی دەڵێت:

ماڵێکی ساحێب خێزان بە رەفاهییەتی تەواوەوە رۆژی بە دوو تارانی کە دەکاتە ٣٧/٥ی فلسی ئێستا دەژیان. موتەسەریفێک مەعاشەکەی دوو هەزار قرۆش بوو کە دەیکردە هەژدە دینار و حەوت سەد و پەنجا فلسی ئێستا. کاتبێکی مەحکەمە مەعاشەکەی سێ سەد قرۆش بوو کە دەیکردە دوو دینار و هەشسەد فلسی ئێستا. حۆقەیەک گۆشت (٣/٥ کیلۆ) بە دوو تارانی واتا ٣٧/٥ فلسی ئێستا. حۆقەیەک رۆنی خالیس بە سێ قران (٥٦) فلسی ئێستا (شاری سلێمانی. بەرگی دووەم، ئەکرەمی ساڵحی رەشە ل٣٤٦–٣٤٨).

من (نووسەری ئەم کتێبە) دەڵێم: کە ئینگلیز هاتنە عێراقەوە و دوای دانانی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق، دەمودەس پارەی خۆیی ئامادە نەکرا. (روپیە) پارەی ئینگلیز بوو کە بۆ هندستانی ئەوسایان پێک هێنابوو، ئەو پارەیەشیان هێنایە عێراقەوە، بەڵام دوو پوول و یەک پوول و عانە هی سەردەمی حوکمی نیشتمانی بوو، چونکە ئەوانە هەمووی رەسمی مەلیکی عێراقیان لەسەر بوو. پولیش نەبوون بەڵکو (فلس) بوون.

**پارەی سەردەمی مەلیک:**

ئەم پارانە بە کاغەز و مەعدەنەوە هەموو وێنەیەکی مەلیکی عێراقیان پێوە بوو بریتی بوون لەمانە:

ـ سـەد دینـاری کـە ئەمـە زۆر بـڵاو نەبوەوە چونکە زۆر بە نـرخ بوو و لای هەموو کەس دەست نەدەکەوت.

ـ دە دیناری کاغەز.

ـ یەک دیناری کاغەز (کە دەیکردە سیانزە ڕوپێ و ٢٥ فلس).

ـ نیو دیناری کاغەز.

ـ چارەکە دیناری کاغەز.

ـ ڕیاڵی مس= چوار پەنجایی (چوار درهەم) بوو.

ـ پەنجا فلسی مەعدەن (جاروبار– واشەر–یشیان پێ دەوت).

ـ بیست فلسی مەعدەن.

ـ دە فلسی مەعدەن.

ـ ٤ فلسی مەعدەن (عانە).

ـ ٢ فلسی مەعدەن (زەرد).

ـ ١ فلسی مەعدەن (زەرد).

لەسەر پارەی کاغەز نووسرابوو کە (عملة ورقية قابلة للتحويل الى..).

واتا پارە (عملة)ی عێراق (پاڵپشتی هـەبوو) کە ئـەویش پاوەنی ئینگلیـزی بوو. کە لەم دواییـیەدا عێراق لە (منطقة ی ئیستـەرلینی) دەرچوو، ئیتـر ئەو (ئەرخە)یەی نەمـا و بوو بە پارەیەکی ئازاد. بەڵام نابێ ئەوە لە بیـر بکەین کە پارەی ئێـران بەتایبـەتی (تمەن– تومـان) لە ئاڵوگـۆڕی بازرگـانیـدا لەگـەڵ ئێراندا بەکار دەهێنرا.

– ئەوەی شـایانی باسـە (کۆ)ی هـەموو پارەی عێـراق، لە ڕۆژی ٣١ ئاداری ساڵی ١٩٣٥دا برێتی بووە لە (٣/٦٠٤٣٢١) دینار و کاروباری پارەی عێراق لیـژنەیەک بەڕێوەی دەبرد کـە بەگـوێرەی یاسـا سـەربەخـۆ بوو لە حکومـەتی عێراق. ئەو لیژنەیە لە (لندن) کۆ دەبوونەوە و هەڵدەستا بە ئەرکی سەرشـانی خـۆی، کە ئەو ئەرکەش ئەوە بوو چی پێویست بێت بەجێی بهێنێ بۆ (سکە)

لێدان و (طبع)ی پارەی کاغەز و سوود وەرگرتن لەو (پاڵ پشت)ەی کە دانراوە بەرامبەر بەو پارەیەی کە لە مامەڵەدایە. نوێنەری حکومەتی عێراق لەو لیژنەیەدا کاربەدەستێک بوو کە (مأمور عملة) یان پێ دەوت و بانقی شەرقی بەو ئەرکە هەڵدەستا.

پارەی خۆمان (واتا "عملة وطني") لە مانگی نیسانی ١٩٣٢وەوە کەوتە ئیش و هەرچی (پارە هندی)یەکان هەبوون هەموو کێشرانەوە و رەوانەی هندستان کرانەوە.

## پوول و رەصیدی بانقە نوط

- پوول کردستان

ئەمڕۆ پوول چوار روپیەیی و روپیە و نیوی و یەک روپیەی طبع کرا و خرایە "موقع تطبیق"ەوە.

- تشبثات مالیة

لە پاش دروستکردنی پوول رئیسی مالیە بە جدی خەریکی تەدارکی میقدارێکی زۆر ئاڵتوونی سکەدار و بێ سکەیە لە صندوقدا بە تأمینات دابینێ و بە مقابل ئەو ئاڵتوونە بانقە نوط چاپ بکات و بیخاتە موقعی تطبیقەوە.

(امید استقلال ژمارە (٢٠) رۆژی ٢٧ مارت ١٣٤٣).

## حەواڵەی پارە و (بانق)

(بۆ اطلاعی عمومی. خەبەر دەدرێ کە بە واسطەی استرن بانق کە بانقی مشرقییە، انتظامێک کراوە بۆ حەواڵەی پارە لە بەغداوە بۆ سلێمانی. ئەگەر تجارێک پارە تسلیم (استرن بانق) بکات و قبضی حەوالە وەربگرێت بینێرێت بۆ وەکیلی لە سلێمانی و وەکیلەکە لە سلێمانی دەتوانێ قبضەکە نشان خزینە بدا و بەو قبضە پارەکە وەرگرێت یاخۆ پارە تسلیم بانق بکرێت

و تلغراف له لایەنی بانقەوە بۆ خەزینەی سلێمانی بنووسرێت، بەو رەنگەیش دیســان پارە تسلیم كـراوەكــە دەدرێت. پاش حــواله بـانق ســەدی و دوو دەسێنێت، تجاری سلێمانی كە ئەیانەوێ وكیلیان له بغداد پارە بۆ سلێمانی حەواله بكات دەبـێ بە وكیلی خۆیان اطلاع بدەن كە ئەوان بە مدیری اسـترن بانق مراجعت بكەن).

(پێشكەوتن ژمارە-٨٠- رۆژی ١٠ نوڤمبر ١٩٢١).

ئەم تەرتیبـاتە لە كـاتێكدا كراوە كـە لە سـلێمـانیـدا (بەنك) نـەبووە و بۆ راپەڕاندنی كـاروباری بـازرگانی ئەم (حـەوالە)یە لە بەغداوە بۆ سـلێمـانی لە بەینی (استرن بانقی شرقی) و (خەزینەی سلێمانی) رێكخراوە.

## لێبوردنی رامیاری- لای خۆمان (عفوی سیاسی)

**- سەردەمی بابانەكان**

میرنشینی بابان وەک لە بەرگەكانی تری ئەم كتێبەدا روونمان كردووەتەوە، سـەر بە والی بەغدا بوو، كە والی بەغداش سـەر بە (ئاسـتان- ئەسـتـەمبـول) بوو، میری بابان لە بەینی دوو ئاگر یاخۆ دوو دەوڵەتی كۆنەپەرستی بێ قسە و پەیمان و بێ ویژدان بەتایبـەتی والیـیـەكانی بـەغدا كـە پیاو لە سـەرچاوە مێژووییەكاندا هەڵسوكەوتیان دەخوێنێتەوە قێزی لێیـان دێتەوە، هـی وایان هەبوو عـاشـقی (هـەتیوی لووس) دەبوو. هـەموو كـاروباری عێـراقی دەخستـە ژێر پێی (حمـادي ابو الصقلین)ەوە كە لووسكەیەک بوو.. ئەمـەش پاڕانەوە و بەرگری نییە لە بابانەكان كە ئەوانیش پیاوی خراپیان تێدا بوو، بۆ كورسی و گـەیشـتنە تەخـتی پاشـایی خـۆیان بە هـەرزان دەفـرۆشت.. هەرچـەند بە داخەوە هێشتا گڕی ئەو ئاگرانە خۆشتر بووە و كز نەبووە..!!

مستەر ریچ لە یادداشتەكەیا دەڵێت:

داود پاشای والی بەغدا سوێندی بۆ یەكێک خواردبوو كە وتبووی:

– (بە خوا و بە سەری یوسفی کوڕم سوێند دەخۆم کە مەحموود پاشام "مەبەستی لە مەحموود پاشای بابانە کە ئەو کاتە حاکمی سلێمانی بوو" بە قەدەر یوسفی کوڕم خۆش دەوێ، خۆشەویستیی من بۆ ئەو، خۆشەویستی باوک و کوڕە، هەموو ئیشێکی ئەو لای من دەڕوات) هەر لەم کاتەدا لە ژێرەوە کنەی لە (حەسەن بەگ) برای مەحموود پاشادا دەکرد کە لە براکەی هەڵی گێڕێتەوە، بە داخەوە لەوەدا سەرکەوت، حەسەن بەگی بەدزییەوە کێش کرد بۆ بەغدا و بەینێک لەوێ هێشتییەوە، بەڵام لە دواییدا کە سەیری کرد بەمجۆرە هیچی بۆ ناکرێ، زۆر بە ئاسانی (حەسەن بەگ)ی تەسلیمی مەحموود پاشای برای کردەوە و تا فرۆشتییەوە بەبێ هیچ مەرج و قەیدێک. جا لێرەدا ریچ دەڵێت: لە شانس و بەختی حەسەن بەگدا بوو، کە مەحموودی برای نە تورک و نە ئێرانی بوو، بەڵێ هەرچەندە حەسەن بەگ لە دایکی مەحموودیش نەبوو بەڵکو دایکی ئەو خوشکی کەیخوسرەو بەگ جاف بوو (بەڵێ دایک و برا لە پێشترە لە دایک جیا)وە، لەگەڵ ئەوەشدا لێی بورد (ل٧٥ لە رحلة ریچ).

جگە لەوە هەر لەو یاداشتەدا مستەر ریچ باسی عەبدوڵڵا پاشای مامی مەحموود پاشا دەکات کە ئەویش خیانەتی لە برازاکەی کردووە و دەڵێ: "کە مەحموود پاشا بە ناچاری خۆی دا بەدەست تورکەکانەوە.. لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمانی برای چوونە لای شێخ خالیدی بەناوبانگ و هەرسێکیان سوێندی دڵسۆزییان لەسەر دەستی ئەو پیاوەدا بۆ پاشا خوارد کە خیانەتی لێ ناکەن. سوێندیان بە قورئان و تەڵاق و خەنجەر خوارد. کەوا هەریەکێکیان ئەگەر لە ژێرەوە لە ئێرانەوە یاخۆ لە تورکیاوە نووسراوێکیا بۆ هات، بیهێنن بۆماڵی شێخ خالید لەوێ بیکەنەوە. عوسمان بەگ یەکەم کەس بوو کە لە شازادەی ئێرانەوە نامەیەکی بۆ هات کە بچێت بۆ کرماشان و لە دواییدا لەسەر تەختی پاشایەتی سلێمانی دابنرێ، دەستبەجێ عوسمان بەگ هەردوو براکانی ئاگادار کرد کە نامەیەکی وای بۆ

هاتووه. هەروەها عـەبدوڵڵا پاشـاش نامـەیەکی لەو بابەتە بۆ هات بەڵام شاردییەوە، گورج والی بەغدا کە بەو نامەیەی زانیبوو، مەحمەوودی ئاگادار کرد و داوای لێ کرد کە مامی بگرێ، بەڵام مەحمەوود بڕوای نەکرد و دوای ئەوەی مامی خستە ژێر چاودێرییەوە بۆی دەرکەوت راستە، ئەوسا گرتی..

ئینجا ریچ دەڵێت: ساڵی رابوردوو پاشای بەغدا، عەبدوڵڵا پاشای تەسلیم بە مەحمەوود پاشا کردەوە. واتا ناپیاوی و غەدری لێ کرد، عەبدوڵڵا کەوتە ژێر رەحمەتی مەحمەوودی برازایەوە کە ئەگەر بیویستایە حەقی لێ بکاتەوە، بە دزیەوە یا بە ئاشکرا دەیتوانی لە ناوی بەرێ بەڵام ئەمە هەرگیز بە بیری ئەو پیاوەدا نەهاتووە، بەڵکو پیاوانە لەگەڵیدا جووڵایەوە و قەرزەکانیشی بۆ دایەوە و ناوچەیەکیشی بەرەو روو کردەوە کە بەروبوومی بخوات.

(ل١٠٣-١٠٤ لە "رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠").

## لە سەردەمی ئینگلیزدا

لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ٥٨ رۆژی ٢ جون ١٩٢١ تلغرافێک بڵاو کراوەتەوە کە لە بەغداوە هاتووە.. بەندی یەکەمی باسی ئەو کەسانە دەکات کە ئینگلیزیان کوشتووە و وەک شێخ ضاری کە لیچمنی کوشت.

لە بەندی دووەمیدا دەڵێت: "ئەوەی دەیەوێت رەسما داوای عفو بکات مراجعت بە نزیکترین مأموری ئینگلیز یا جنابی مندوب السامی بکات. لازمە بزانرێت ئەم اعلانە بۆ ئەوانە نیە کە لە پاش تەواوبوون و اقدامات عسکر لە ساڵی ١٩٢٠دا خراپەیان کردووە و هێشتا لە فراردان".

پ. ز سر پرسی کوکس مندوب السامی

هەر لە دوای ئەو ئیعلانە ئەم خەبەرەی تێدایە.

(بۆ زانین/

لەلایەن او اعلان و تلغرافی حضرت مندوب السامی یە کە لەم نسخەیە دا

چاپ کـراوه (مـەبەسـی لـەو اعـلانەی ســەرەوەیە) جناب حـاکم سـیـاسـی سلیمانی کە ئێستا لە بەغدایە بۆ خصوصی شێخ محمود لەگەڵ مندوب السامی قسە و باسی کردوە. حضرتی مندوب السامی بەردانی شێخ محمود قبوڵ ناکات.

دوای ئەوە رۆژنامەی (بانگ کردستان ژمارە (٧) رۆژی ٢٢ ایلول ١٩٢٢).

ئەم هەواڵەی تێدا بڵاو کراوەتەوە:

بۆ جنابی شیخ عبدالکریم

یوم چوارشەممە لە کفری ١٣ ایلول ٣٣٨

ئەمڕۆ شێخ محمود و شێخ غریب دەگەنە بغداد. بە ئەوەڵین فرصت بۆ کفری حرکت دەکەن. بەڵام لە پێش بزوتن بۆ بەعزێ ئیش لازمە مندوب السامی مشاوەرەی لەگەڵ بکات. هەتا خەبەری ترتان بۆ ئەنێرم انتضاریتان لە کفری پێویستە. هەچ وەختێک شێخ محمود بۆ کفری حرکت دەکات خبرتان بۆ دەنێرم. حاکمی سیاسی میجر گولدسن.

هەر لە (بانگ کردستان ژمارە (٩)ی تشرینی أول ١٩٢٢).

هەواڵی گەیشتنی شێخ مەحمود کە لە کفرییەوە هاتووەتە داریکەلی و لەوێوە رۆژی ٣٠ ئەیلول ١٩٢٢ هاتۆتەوە سلێمانی و دوور و درێژ باسی بە پیرەوە چوون و دروستکردنی (تاقی مظفر) و هاتنی عەشائر و سەرۆکەکانیان بۆ ئەم مەبەسە دەکات..

کە ئەمە حوکمی دووەم جاری شێخ مەحمودە کە لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢وە دەست پێ دەکات.

ڕۆژنامەی (امید استقلال ژمارە (٤) ڕۆژی ١١ی تشرینی أول ٣٣٩) (قراری مجلس میللی و عفوی عالی ملوکانە)ی بڵاو کردۆتەوە بەمجۆرەی خوارەوە:

بۆ حضور عدالت دستور شوکتماَب حضرت ملک کردستان دام اجلاله ژمارە (٥)

قراری مجلس میلی وایە ئەوانەی لەبەر خوف بومباردومان ویا بعض ئیش کە خلافی حقوقی وطن بێ کردویانە مجرمن قسما بە عائلەوە فراریان کردوە بۆ کرکوک و بغداد و مواقع سائرە بۆ ئەمەی کە بێنەوە مسکن و مأوای خۆیان حضرت شوکتماَب عفوی عمومی صادر بفرموێ لەسەر قراری مجلس عرض کراوە. ئیتر أمر أمری جلالت تانە.

٨ تشرین أول ٣٣٩

رئیس مجلس ملي و رئیس داخلیة

غریب (مەبەست لە شێخ محەمەد غەریبە)

وەڵامی ئەو قەرارەی سەرەوە بەمجۆرە بوو:

بۆ جنابی رئیس مجلسی میلی

جواب ٨ تشرین اول ٣٣٨ و ژمارە (٥) قراری مجلس.

ئەوانەی کە لەبەر خوف بومباردومان و یاخود لەبەر افعالی خۆیان سۆظنیان حاصل بوەو بە واهمە بە ماڵەوە هجرتیان کردوە. غیر از ئەوانە کە لە ئەشکەوتەوە فیرار بوون من عفوم اعلان کرد بۆیان لەسەر تکلیفی ئێوەو غایەی خۆم ئەمجارەیش عفوەکەیان تکرار ئەکەمەوە، چونکە معلوم جهانە ئەم فداکاریەیە کە هەتا ئێستا اقتحام کراوە صرف بۆ ترقی و سعادت ئەم ملتەیە، غیری ئەم جهەتە مشروعە نەبێ ئەمەلێکی تر تعقیب نەکراوە. وا لازم ئەکات ئەمانەیش بۆ حاصل بونی ئەم ترقی و سعادتە و

نجاتی خۆیان بە قەدەر ئێمە سعی بکەن و هەموو بێنەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان و مشغولی دۆزینەوەی ڕێگەی سعادت و کسابت خۆیان بن بەم صورتە تکرار اعلانی بکەنەوە.

١٠ تشرین اول ٣٣٩
ملک کوردستان. محمود

تێبینی:

ئەگەر بەراوردێکی ئەو لێبوردنانەی بابانەکان لەناو خۆیاندا و شێخ مەحموود بەرامبەر بە راکردووەکان بەرەو کەرکووک و بەغدا.. لەگەڵ کردەوەی والی عوسمانی کە برای لە برا هەڵگێڕاوەتەوە و لە دواییدا، زۆر بە ئاسانی تەسلیمی کردووەتەوە ئەم کردەوانە لەوسا و ئێستای ئەو وڵاتە هەر دووپات دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی بە کار و کردەیەکی بە لای کەمەوە بێ ئەخلاقی دابنێین. بگرە ئەمە لە رەوشتی سیاسیشەوە بەدوورە، بەڵام دەڵێی چی؟

## مێژووی هەڵسانی ژنی لای خۆمان بە ئیش و کاری سیاسی و دبلۆماسی

**یەکەم: لە سەردەمی بابانەکاندا**

ژنەکەی مستەر ریچ لە لاپەڕە (رحلة ريچ في العراق سنة ١٨٢٠)دا کە لە نزیک کفری لایان دابوو بۆ پشوودان کە بەرەو سلێمانی لەگەڵ مێردەکەیدا روویان تێ کردبوو. دەڵێت:

ئەمڕۆ رۆژێکی گەرم و ناخۆش بوو.. وا چاوەڕوان دەکرا کە دایکی مەحموود پاشا سبەینێ بگاتە ئەم شوێنە کە بەرەو بەغدا دەچوو، دەڵێن بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ داود پاشای والیا دەچێت لە بابەت ئاسایشی بەینی هەردوولا قسەی لێ بکەن، عوسمانی کوڕە بچکۆڵەی هەتا سنووری لەگەڵیا

هاتبوو، ئەوان رێگای (گەلی سەگرمە)یان گرتبوو کە ئەوە راستە رێگایە بە سەرکەوتنی شاخەکەدا کە بە ئیبراهیم خانچیدا تێپەڕ بوون و نزیکەی هەزار کەس لە دانیشتووانی دێهاتەکانی ئەوناوە رێگاکەیان بۆ خۆش دەکردن، ئەگەر وا نەبوایە، نەیان دەتوانی بەو چیا سەرکەشەدا گوزەر بکەن..

دوای ئەوە مستەر ریچ خۆی لە لاپەڕە (٧٥)ی هەر ئەو کتێبەدا دەڵێت: "پیاوێک دوێنێ شەو کە لە لای پاشای بەغداوە هاتبووە سلێمانی و ئەو هەموو رێگایەی بە سێ رۆژ بڕیبوو هاتبوو هەواڵی گەیشتنە بەغدای (دایکی) بە مەحموود پاشا بگەیەنێت کە لەلایەن پاشای بەغداوە بە گەرمییەکی هێجگار زۆر پێشوازی کراوە و دوورنییە والی هەموو پێشنیازەکانی مەحموود پاشای قبوڵ کردبێ و پێشەکی والی ناوچەی (قەرەحەسەن)ی پێشکێش بە مەحموود پاشا کردووە و حەسەن بەگی براشی بۆ ناردووەتەوە. قسەشی داوە کە ناوچەی (هەولێر و ئاڵتوون کۆپری)ش بداتە پاڵ میرنشینییەکەی.

**دووەم: لە سەردەمی ئینگلیزەکانا**

خانمی وەسمان پاشای جاف لە هەڵەبجە (عادلە خان لە بەگزادەی ساحێبقڕانەکانی سنە کە دایکی تاهیر بەگ و ئەحمەد موختار بەگی جاف و هەردووکیان شاعیری بەناوبانگ)ن. خانم لە ژنە هەڵکەوتووەکانی کوردە و کاتێک کە وەسمان پاشای مێردی سەرۆکی عەشرەتی جاف و قایمقامی هەڵەبجە بوو، خانم زۆربەی ئیشوکاری عەشایەری و کارگێڕی بەڕێوە دەبرد هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە تا سەردەمی ئینگلیز.

مێجەرسۆن پێش ئەوەی بە حاکمی سلێمانی (١٩٢٠-١٩٢٢) کە بە خۆ گۆڕین بەناوی (غلام حسێنی شیرازی)یەوە گەیشتە ناوچەی سلێمانی و لەوێوە بۆ هەڵەبجە بە میوانی لە ماڵی پاشادا لە هەڵەبجە مابووەوە و

بەجـۆرێک رۆژێک لـە قسـەکـردنا تـاهیـر بەگ هەسـتی پێ دەکـات کـە ئەمـە شیرازی نییە و ئینگلیزە.

دوای ئەوەی مـێـجـەرسـۆن (غـلام حـسـێنی شـیـرازی) بوو بە حـاکـمی سلێمانـی پەیوەندی لەگەڵ بـەگزادەی جـافدا لـە هەڵەبجە بەهـێز بوو، خـانمی ئەوەندە لا پەسند بوو، نـاوی دا بە کاربەدەسـتـانی ئینگلیـز خـۆیان، ئەوانیش بۆ پاداشـت نازنـاوی (خـان بهـادور)یان دایە، کـە ئەمـەش نـازناوێک بوو کـە وەختی خۆی ئینگلیزەکان لە هندستاندا دەیاندا بە (راجا)کانی هند.

بەم بۆنەیەوە لە (پێشکەوتن ژمـارە (٢٢) رۆژی سـبـتـمـبـر ١٩٢٠)دا ئەمـەی بڵاو کردووەتەوە کە بەڵگەیەکە بۆ نزیکیی بەینی ئەو دوو لایەنە:

(چەند رۆژێک لەمـەوبەر بـە تحـریکی هـەنێ لە دوژمنـەکـانی خـان بـهـادر عادلـە خانم لە ئەلەبجـە، چەند نەفەرێک بە شـەو جەسـارەتێکی وایان کـرد کە چەند تـفـەنگێکیـان نـا بـە خـانوەکـەیەوە، چونکە دەست بەجێ دەرکـەوت کـە ئەمـانـە لە أهـالی دزڵی بـوون. بۆ سـبـەینێ بـەیانی دوو (طیـارە) لـە بەغـداوە هێنرا، چوونـە سـەر هەورامـان ئاوایی (بارامـاوا- بەڵخـە) بـە بۆمـبـا بە تەواو خـراپ کـران تا ئەم (لات و لوتانـە) نەخـتـێک تأدیب ببن. لـە پاشـا جـعـفـر سلطان و شـێخ علاءالدین بیـارە لەگـەڵ مـحـمـد بەگ و ئەوانی تـر هـاتنە لای حاکمی ئەلەبجە داوای بەخشین و عفو دەکەن لە لایەن دزڵییەکانەوە).

**سێیەم: لەم دواییەدا**

حـەپسـە خـانی نەقـیب بـرووسکەیەکـی لە رۆژی ٧ی سـێـپـتـەمـبـەر (ایلول) ١٩٣٠دا بە (نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەوسا) کە (عصبة الامم)یان پێ دەوت لە بابەت مـافی کوردەوە وەڵامـەکـەشـی رۆژی (٥) ئۆکـتـۆبـەر (تشـرینی یـەکـەم، ١٩٣١) بۆ هـاتەوە کـە ئەمـە کـورتەکـەیەتی (ئەنجـوومـەنی کـۆمـەڵی میللەتان بـەگـــوێرەی بـڕیارەکــــانی رۆژی چـواری ئـەیلولـی ١٩٣١ و بـەگـــوێرەی پێـشـنیـازەکـانی لیـژنەی ئینتـیـداب فـەرمـانم دراوەتێ کـە پێتـان بڵـێم کـەوا

عـەریزەکـەتان کـە ڕۆژی ٧ ایلول ٩٣٠ ناردبووتان سـەیر کـرا و کـۆمـەڵی میللەتان هەر لەسەر ئەوە دەڕوات کە ڕێز لە مـافتـان بگرێ و لەو بڕوایەداین کە کورد هەرگیز لە خزمەتی ئاسایشی وڵات و سەرکەوتنی حکومەتی عێراق درێغی ناکات..).

هەروەها لە ڕۆژنـامـەی ژیان ژمـارە (٢٥٤) ٢٨ تەمـووز ١٩٣٠دا دەڵێت کە گوایە (داوا)یەک پێشکێش بە فەخـامـەتی مەندوبی سامـی عێراق و بەغداد تایمس و عالم العربي و العراق و البلاد لە لایەن ژنانی کوردەوە ڕۆژی ٢٤ی تەمـووز ٩٣٠ کـراوە کـە دەڵێن داوای مـافـی ڕەوای کـوردسـتـان دەکـەین، ئەو مـافـانـەی کـە کۆمـەڵەی مـیللەتان پێمـانـی بەخشـیـوە، داوای خـاوەنداریتـان دەکەین.

حـەلاوە ڕەمـزی ئەفـەندی، ئامـینەی غـەفـوور ئاغـا، حـەپسـە خـانـی نەقیب، ناهیدەی ساڵح ئەفەندی و حەپسەی قادر ئاغا.

بەراستی ئەم هەنگاوانەی ئافرەتانی کورد لە سلێمانی لە ١٨٠ ساڵ زیاتر لەمەو پێشـەوە ناویانە و کە تا ئێستـاش تەمی نەڕەواوەتەوە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ جـووڵانەوەی ئافرەتانی جیـهـانی سـێیەمـدا، ئەگەر لە پێشـەوە نەبێ، دوانەکەوتووە، کـە ئەمەش دڵی مرۆ هێجگار خـۆش دەکات، ئەوە دایکی مەحمـوود پاشـای بابان کە بۆ گفتوگۆی سیـاسـی لەگەڵ والیا چووە بۆ بەغدا و لە ئەرکەکەیان سـەرکەوتوو بووە.

ئەوەش خانمی وەسـمـان پاشا کە لە کاتی خۆیدا لە نـاوچەی هەڵەبجە و لە بەشێک لە ئێراندا و لە سلێمانیدا سـەنگی خۆی هەبووە و قسـەی ڕۆیشتووە. ئینجـا حـەپسـە خـانی نەقیب و باقی ژنەکانی تر کە داوای مـافـی مـیللییـان کردووە. ئەمانە هەموو کاروباری سیاسین کە ئەو ئافرەتانە پێی هەڵسـاون لە ساڵی ١٨٢٠وە تا ئەم دواییە.

## مێژووی

**دەستپێکردنی خوێندەواری. نۆشداری و تەندروستی**
**دادگا و دادوەرانزانکۆی سلێمانی.**

## مێژووی

**دامەزراندنی دایەرەکان- تاپۆ (تسجیلی عقاری).**
**جەندرمە و زەفتیە و پۆلیس. شارەوانی. گومرگ. پۆستە.**
**کارەبا. کشتوکاڵ. ئینحساری توتن. کارگەی چیمەنتۆ.**
**کارگەی جلوبەرگ. ئاو و ئاوی ژێر زەوی..**

## مێژووی خوێندەواری و قوتابخانە لە سلێمانیدا

**پێشەکی :**

بێگومـان زانیـاری و ئەدەب سـەرچـاوەی بەرزی و گـەورەیی هـەر مـیللـەتێکن. هـەروەهـا پێوانەی شـارستانیەت و پێشکەوتن. بەکورتی ئاڵای ڕۆشنی گەلن. زانا و داناش هەڵگری ئەو ئاڵایانەن.

جـا با پێش شـاری سلێـمـانی باسـێکی کـورتی قـەڵاچـوالان بکەین کـە لە سـاڵی ١٦٧٠وە ناوەند (مـرکز)ی مـیرنشـینی بابان بـوو تا سـاڵی ١٧٨٤ کە چۆڵ کرا و سلێمانی دروست کرا.

**قەڵاچوالان :**

مـامـۆسـتـای خـوا لێخـۆشـبـوو شـێخ مـحـەمـەدی خـاڵ لە ل١٢-١٤ لە کـتـێـبی (الشیخ معروف النودهي البرزنجي)دا دەڵێت: قەڵاچوالان پێش دروستکردنی شـاری سلێـمـانی زانیـاری و زانایان بووە، خـوێندەوار لـە هەمـوو لایـەکی کوردسـتانـەوە ڕوویان تێ کردووە، مزگـەوت و قـوتابخـانەی زۆری تێدا بووە، کتێبخـانە بەناوبانگەکەی بـابانەکانی تێدا بـووە کە گەلێک دەسـتـخـەتی بێ وێنـەی بە عــەرەبی و فــارسی تێــدا بووە، کــاربەدەســتــان و نووســەر و خـەتخـۆشـیـان دەنـارده قـاهـیـرە و مـەککە و سـەنعـا و تـاران و ئەسـفـەهـان بۆ کڕینی کتێب یاخـۆ نووسـینەوەی، بەجـۆرێک ئەو کتێبـخـانەیە وای لێ هـات شــەش هـەزار بەرگی لە کــتــێــبی دانســقــە تێــدا بوو. لە هـەمــان کــاتدا کـاربـەدەسـتـان حـەزیان لە زانین و زانیـاری بوو، بۆیە هێجگار ڕێزی زانا و شاعیر و ئەدیبان دەگرن، قوتابخانە و مزگەوتیان دروست ئەکرد.

ئینجا شێخی خاڵ دەفەرموێ: لەهەر مزگەوتێکدا لە قەڵاچوالان زانایەکی ئاینین، ئەرکی پێش نوێژی و فێرکردنی دەگرتە ئەستۆ.. بەجۆرێک کۆمەڵێک لە زانا و ئەدیبی تێدا هەڵکەوت لە (بەرزنجەیی و چوڕی و مەردوخەیی و قزڵجی..) گەلێکی تر. لەوانە مەلا ئەبوبەکری مەسنیف و شێخ مارفی نۆدێیی بۆ نموونە باس کردووە.

دوای ئەوە شێخی خاڵ داخی ئەوە دەخوات کەوا لەبەر دانەمەزراوی باری رامیاری و ئابووری و بە هۆی ناکۆکیی ناو کاربەدەستانەوە زۆر لە زانا و شاعیر و پیاوە گەورەکان شارەکەیان بەجێ هێشتووە وەک سبغەڵڵا ئەفەندی حەیدەری بەرەو بەغدا و مەلا عەبدوڵڵای بێتوشی بەرەو نەجدو ئەحساء و مەلا جەرجیسی ئەربیلی بەرەو مووسڵ و موفتی زەهاوی (محمد فیض) بەرەو بەغدا و مەلا خدری نالی بەرەو ئەستەمبۆڵ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەرەو شام. بەڵام گەلێکیش مانەوە وەک شێخ مارفی نۆدێ و سەدەهای تر کە وڵاتیان بەجێ نەهێشت.

ئینجا مامۆستای خاڵ لە ل٦٤-٦٥ی هەر ئەو کتێبەدا باسی ئەو زانا و شاعیر و پیاوە هەڵکەوتووانەی تر دەکات کە لە سەدەی دوانزە و سیانزەدا سەریان هەڵدا وەک "مەلا محەمەدی ئیبن الحاج و مەلا محمدی غەزایی، مەلا جەلالی گولعنبەری، مەلا برایم بیارەیی، مەلا مەحمود غەزایی، مەلا صالحی تەرەماری، قازی عبدالکریم تەڕەماری، شێخ محمد وەیسی گەورە، مەلا محمدی گلولالی، عەلی کوڕی زەکی، سەی عبدالکریمی بەرزنجەیی، شێخ عبداللەی خەرپانی، مەلا عبداللەی بێتوشی و کوڕی رەسوڵ زەکی، مولانا خالیدی نقشبندی، شێخ مارفی نودیی، شێخ عبداللطیف قرەداغی، محمد فیض زەهاوی و مەلا خدری نالی و سەدەهای تر کە هەریەکە خزمەتێکی زۆری لە رێی نووسین و کتێب دانان و ئیشی هونەرییەوە بە نیشتمانەکەی گەیاندووە و هەرگیزاو هەرگیز ئەوانە ناویان بە ئاسمانی کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە.

هەروەها شـێـخی خاڵ لە پەراوێزی لاپەڕە (٢٠)ی کـتـێبی (البیـتوشي- چاپی ١٩٥٧)دا دەفەرموێ.

ئەوەندە قوتابخانە و مزگەوت لە کوردستاندا هەبوون نایەنە ژماردن لەهەر کوێرە دێیەکەوە بیگری هەتا دێهاتی گەورە و ئاوا مزگەوتێک و قوتابخانە و مەلا و قوتابی تێدا بووە کە خۆیان بۆ خزمەتی زانیاری تەرخان کردبوو، کە هەموو جۆرە زانیارییەکی ئیسلامی بە ڕێکوپێکی تێدا دەوترایەوە، بەجۆرێک لە رووی رۆشنبیرییەوە لە قوتابخانەکانی شارە شارستانییەکان کەمتر نەبوون، ئەمانە وەک تەون هەموو بەیەکەوە بەسترابوونەوە وەک دانشگایەکی گـەورەی بە لق و پۆپ کـە ئەوانە هەمـوو کـارێکی زۆریان کـردە سـەر هەر کوردێک کەم تا زۆر و پێیان گەیاندوون و بەرەو شارستانییەت بردوویانن.

ئینجا مامۆستای خاڵ دەڵێت: کەوابوو لەسەر رۆڵەکانی ئەمڕۆمان پێویستە کە بە چاوێکی پڕ ڕێز و بەرز پیا روانینەوە ئاوڕ لەو قوتابخانانە و لە پێگەیشتووانی لە زانا و مامۆستایان بدەنەوە.. نەک وەک هەندێک کە رواڵەت و کـاری ناپەسـەندی وای لێ کـردوون خـۆیان لـە بیـر بچـێتەوە و ئەوەشیان لە بیر بچێتەوە، کە لەو سەردەمانەدا کورد و کوردستان بە چ بارێکی تاریک و نالەباردا تێپەڕیون.

**دوای بنیاتنانی سلێمانی:**

دوای دروستکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤دا ئیتر قەڵاچوالان بەجارێک چۆڵ کرا و قوتابخانە و مزگەوت و قوتابی و مامۆستا و مەلا و زانایان و هەموو خەڵکەکە هاتنە شاری تازەوە و تیا دامەزران، هەر لە رێوە مزگەوتێکی گەورە لەگەڵ دروستکردنی شارەکەدا لە لایەن برایم پاشاوە بناغەی هەستا، جگە لە مزگەوتی حاجی شێخە مین و تەکیە و لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشادا مزگەوتی سەید حەسەن و بابا عەلی و لە لایەن مەحموود پاشای کوڕیەوە خانەقای مەولانا و لەلایەن عەبدوڵلا پاشاوە مزگەوتێکی

قامیشیان، بەکورتی هەر لە سەردەمی بابانەکاندا پانزە مزگەوت بە مزگەوتی گەورە و خانەقای مەولاناوە دروست کرا و هەریەکە مامۆستا و پێش نوێژی بۆ دانرا. حاجی شێخ مارفی نۆدێ بە مامۆستا و ئیمامی مزگەوتی گەورە دانرا. کتێبخانەکەی قەڵاچوالان هەمووی گوێزرایەوە مزگەوتی گەورە. ئەورەحمان پاشا خۆشی جگە لەوەی میر و کاربەدەست بوو، لە هەمان کاتدا زانا بوو ئیمامەتی دەکرد لە مزگەوتەکەی خۆیدا (مزگەوتی سەی حەسەن) و دەرسیشی تێدا بە قوتابیان دەوتەوە. دوای ئەوەی وردە وردە شار پەرەی سەند و لەگەڵ ئەویشدا مزگەوتی تر دروست کرا بە قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییەوە. هەتا ئێستا کە ژمارەیەکی هێجگار مزگەوت لە شارەکەدا دروست کراوە و تەمی مزگەوت بنیاتنان نەرەوییوەتەوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات.

ئێمە بۆیە ئەوەندە باسی مزگەوت دەکەین، چونکە ئەو سەردەمە خوێندن هەر لە مزگەوتەکاندا بووە (استاذ و مدرس و معلم) هەر مەلاکان بوون. قوتابی هەر (فەقێ)کان بوون. (جامعة) و (كلية) و (معهد) و (مدرسة) هەر قوتابخانەی مزگەوتەکان بوون.

قوتابی ئەمڕۆ کە دەچنە دەرەوە بۆ خوێندنی بەرزتر و باڵاتر (بكالوريوس، ماستر، دکتۆراە). ئەوسا فەقێ شارە و شار بە دوای مامۆستای بەناوبانگدا دەگەڕا کە زانینی لێوە فێربێ، بە شارە گەورەکانی لای خۆماندا (سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، موسڵ، بەغدا، کۆیە، عمادیە..) و شارەکانی ئەو دیو (سنە، سابلاخ، هەمەدان.. تا دەگەیشتنە تارانیش) دەگەڕان بە دوای فێربووندا تا (إجازة)یان وەردەگرت کە ئەوە بەرامبەر بە شەهادەتی ئەمڕۆیە؟.

ئەو خوێندنگایانەی کە لە سەردەمی بابانەکاندا لە شاری سلێمانیدا هەبوون لە (ل١٤٤-١٥٢)ی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتووە بەکورتی ئەمانە بوون:

١- خوێندنگای مزگەوتی گەورەی قەڵاچوالان.

٢- خوێندنگای مزگەوتی ئەورەحمان پاشا (مەدرەسەی شێخ ابوبکر- لەم دواییەدا مەدرەسەی مزگەوتی بابا عەلی قەرەداغی).

٣- خوێندنگای خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە مەحموود پاشای بابان ساڵی ١٨١٧ بۆ مەولانا خالیدی دروست کرد لە گەڕەکی سەرشەقام.

٤- خوێندنگای مزگەوتی سەید حەسەن کە لەگەڵ مزگەوتەکەدا ئەورەحمان پاشای بابان دروستی کرد.

٥- خوێندنگای مزگەوتی موفتی.

٦- خوێندنگای مەڵکەندی کە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەبووە.

٧- خوێندنگای حاجی حان (ئەحان).

٨- خوێندنگای حاجی شێخ ئەمینی خاڵ.

٩- حوجرەی خواجەفەنی.

هەر بەم بۆنەیەوە: هەر نامە یا وەسیقە یا عەهد و پەیمانێک کە لە بەینی دوو کەس یا زیاتردا بنووسرایە لە سەردەمی بابانەکاندا نزیکەی بیست تاکو سی مەلا و مودەریسی ناوچەکە ئیمزایان دەکرد. کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر لە دێهاتەکان فێرگەیان تێدا بووە، ئەگینا هیچ مەعنایەکی نییە کابرا مۆرێکی خڕ یاخۆ چوارگۆشەیی بە وەسیقە دابنێ کە مودەڕیسێکی زەقی لێ هەڵکەنراوە.

(سەیری ل١٤٢ لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بکە).

### خوێندنگا و قوتابخانە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا

مێژوو نووسی گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (تأریخ السليمانية و انحائها-١٩٥١ ل٢٠٤) و بەدواوە باسی خوێندنگای مزگەوتەکان و

قـوتـابـخـانـه رەسـمـيـيـەكـان و گـەڕەك و ژمـارەی قـوتـابيـيـەكـان و ناوی مامۆستاكان دەهێنێ و دەفەرموێ:

خـەرجی سـاڵانەی (معـارف)ی لیـوای سلێـمـانی لە سـاڵی ١٣٠٧دا تەنـها سـەد و پەنجا لیرە بـووە كە ئەم پارەیەش هەر خـەرجی مـانگانەی یەكێك لە قـوتـابـخـانەكـانی روشـدییـەی مـوڵكی بووە و بەس، بـەڵام خــەرجی بـاقی قوتابخانەكانی لیوای سلێمانی برێتی بووە لە بەخشینی خەڵك و دایەرەی ئەوقاف و دەڵێت:

داهاتی لیـوا كـەم نەبوو، بەڵكو هـەمـوو سـاڵێك دوای هـەمـوو خـەرجـیـیـەك زیاتر لە دە هەزار دینار دەمایەوە كە لە جیاتی ئەوەی بۆ پێویستی ناوچەكە خـەرج بكرێ، بڵاوكردنەوەی زانین و زانیـاری و رۆشنبیری، كـەچی ئەو پارە زێدەیە دەنێردرا بۆ (استانة) یاخۆ دەچووە گیرفانی كاربەدەستانەوە.

ئەمین زەكی بەگ جـەدوەڵێكی لە (تقـویمی وەزارەتی گـشـتـیی مـعـارفی عـوسـمـانی سـاڵی ١٣٣١ڕۆمـی) دەرهێناوە وا لێـرەدا وەك خـۆی پێـشـانی دەدەین.

| ژ | جۆری قوتابخان | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستایان | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | روشدیەی عەسكەری | ١٠٦ | ١٣ | ساڵی ١٣٠٩ ڕۆمی دروست كراوە |
| ١ | سەرەتایی | ؟ | ؟ | ساڵی ١٣١٦ ڕۆمی دروست كراوە |

| خوێندنگا | گەڕەک | ناوی مامۆستا | ژمارەی قوتابی | دامەزرێنەر |
|---|---|---|---|---|
| خانەقای مەولانا | سەرشەقام | مەلا موسا | ١٥ | مەحموود پاشا |
| باشچاوس | سەرچیمەن | حاجی مەلا | ؟ | عبدالرحمن ئاغا |
| خانەقای مەلا عەلی | سەرچیمەن | مەلا مەحموود | ٥ | مەلا عەلی نظامی |
| شێخ عبدالكريم | خوار تەكیە | شێخ عبدالكريم | ٧ | شێخ عبدالكريم |
| شێخ عبدالكريم | شێخ عبدالرحمن | مەلامین | ٨ | بەخشینی خەڵک |
| تەكیە | تەكیە | مەلا سمایل | ٦ | حاجی بەگ |
| شێخ عبداللّەی ئەربیلی | شێخ عبداللّه | مەلا حمەمین | ١٤ | شێخ عبداللّه |
| مەلا عزیز | مەیدان | شێخ عبدالرحمن عازەبانی | ٥ | بەخشینی خەڵكی گەڕەک |
| حاجی مەحموود | سەرشەقام | مەلاقادر | ٥ | حاجی مەحموود |
| خانەقای مەلا عوسمان | خانەقا | مەلا صالح | ١١ | مەلا عوسمانی حاجی سمایل |
| مەحموودە سوورە | سەرشەقام | مەلا حۆسین | ٩ | مەحموودە سوورە |
| شێخ یوسف | سەرشەقام | شێخ احمد | ٨ | مەلا علی |
| مەلا علی | سەرشەقام | مەلا غفور | ٥ | حاجی مەحموود |
| زبیدە | چوارباخ | مەلا عومەر | ٧ | زبیدە |
| حاجی ئەورەحمان | مەیدان | حاجی احمد | ٨ | حاجی ئەوڕەحمان بەگ |
| مزگەوتی گەورە | كانێسكان | مەلا احمد | ٦ | عبدالرحمن پاشا |
| بن تەبەق | بن تەبەق | مەلا عبداللّەی عیرفان | ٦ | مەلا عوسمان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شێخ قادر گولانی | قامیش | شێخ مصطفی | ٧ | عبدالرحمن پاشا |
| مەلا گودرون | کانێسکان | مەلا گورون | ٣ | عبداللّه پاشا |
| شێخ سەلام | کانێسکان | مەلا عزیز | ٣ | شێخ سەلام |
| حاجی حان | گۆیژە | مەلا مارف | ٥ | حاجی حان |
| محمود ئاغا | گۆیژە | مەلا حمەمین | ٦ | محمود ئاغا |
| مەلا أحمد | بن تەبەق | حاجی مەلا صالح | ٥ | سلیمان پاشا |
| نقیب | مزگەوتی نقیب | سەی أحمد | ٣ | عبدالرحمن پاشا |
| موفتی | سەی حسین | مەلا مستەفا | ٣ | عبدالرحمن پاشا |
| شێخ عبدالرحیم | شێخ محمد | سەی محمد | ٧ | سلیمان پاشا |
| شێخ خالد | خانەقا | شێخەمین | ٧ | سلیمان پاشا |
| حمزاغا | گۆیژە | شێخەمین | ٧ | سلیمان پاشا |
| شێخ ابوبکر | سەرچیمەن | مەلا علی | ٣ | شێخ عبدالرحمن شێخ ابوبکر |
| جامع | سەرچیمەن | حاجی امین | ٣ | محمود دارۆغا |
| خیاطیە | دەرگەزێن | مەلا احمد | ٦ | حاجی عزیزی خەیات |
| چاومار | گۆیژە | حاجی امین | ٦ | مەلا محمدی چاومار |
| شێخ احمد | گۆیژە | مەلا محمودە کەرە | ٤ | عزیز |
| قوتابخانەی کلدانی سەرەتایی لە سلێمانی | | | ١٣ | ساڵی ١٢٣٥ ڕۆمی کراوەتەوە |
| قوتابخانەی جولەکەی سەرەتایی لە سلێمانی | | | ٢٥ | |

هەمـوو قـوتابخـانـە و خـوێندنگاکـانی شـاری سلێـمـانی سی و حـەوت و قـوتابییـەکـان (٢٤٠) قـوتابی دوای ئەوە ئەمـین زەکی بەگ جـەدوەلێکی تری نووسـیوە کـە برێتـییـە لە قـوتابخـانە (ڕەسـمـی)یەکـانی کـۆتایی رۆژگـاری عوسمانییەکان بەمجۆرە:

| ژمارەی قوتابییەکانی | ژمارەی مامۆستا | قوتابخانە |
|---|---|---|
| ٧٠ | ٧ | ئامادەیی موڵکی |
| ١١٠ | ٧ | روشدیەی عەسکەری |
| ١٠٠ | ٤ | سەرەتایی بۆ تازە پێگەیشتوان |
| ٥٠ | ٢ | سەرەتایی دووەم |
| ٢٧ | ١ | سەرەتایی لە سیتەک |
| ٣٠ | ١ | سەرەتایی لە هەڵەبجە |
| ٣٠ | ١ | سەرەتایی لە چەمچەماڵ |
| ٢٥ | ١ | سەرەتایی لە پێنجوێن |
| ١٧ | ١ | سەرەتایی لە ئاغجەلەر |
| ٩١ | ١ | سەرەتایی لە پشدەر |
| ٥٥٠ | ٢٦ | هەمووی |

وا دیاره خــوا لێــخــۆشــبــوو ئەمـین زەکی بەگ خــۆی یەکــێک بووە لە قـوتابییـەکانی قـوتابخانەی روشـدییـەی عەسـکەری کە لە مـانگی ئابی سـاڵی ١٣٠٩ی رۆمـیدا کـراوەتەوە وەک لەمـەودوا بـاسـمـان کـردووە ئەوسـا دوو پۆل بووە. قـوتابیـەکانـی پۆلی یەکەم لـە سالّی (١٣١١)دا نێـرراونەتە قـوتابخـانەی ئامـادەیـی عـەسکەری لە بەغـدا و دوای (٣) سـاڵ واتا لە سـاڵی ١٣١٥ رۆمی قوتابی ئەم پۆلە بە قوتابخانەی (حربية) لە ئاستانە وەرگیراون.

ئینجا زەکی بەگ دەفەرموێ (من خـۆشم یەکێک بووم لەو قـوتابیانە). ئیـتر بۆ ئەوەی خوێندەواری بەرێز زیاتر لەو قـوتابخانە رەسمییانەی لە سـەردەمی عـوسـمـانیـیـەکـاندا لە سلێـمـانی کـراونەتەوە شـارەزا بێت. لێـرەدا وەک لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراوە باسیان بەمجۆرە دەکەین:

### قوتابخانەی ئیبتدائی و روشدییەی عەسکەری و ئەعدادی موڵکی

قـوتابخـانەی سـەرەتایی و روشـدییـەی عـەسـکـەری لە سلێـمـانی بە هیـمـەت و کـۆشـشـی (هـەرە گـەورە پیـاوی کـورد سـەعیـد پاشـا کـوڕی حـوسـێن پاشـای خەندان) کرایەوە.

هەرکە میرنشـینی بابان لە لایەن عوسمانییەکانەوە لەگەڵ باقی میرنشینە کوردییەکانی تر تێکدرا لە ئەنجـامی بەستنی (معاهدەی ئەرزوڕۆم)ی دوایی، ئەحــمــەد پـاشــای دوا مــیــری بابان لەگــەڵ هاوڕێکانی لە پیـاوە ناســراوە کاربەدەسـتەکانی ئەوسای سلێمانی گوێزرانەوە بۆ (ئاسـتانە- ئەستەمبوڵ) بۆ ئەوەی جارێکی تر بیر لە دامەزراندنی مـیرنشینی نەکەنەوە. ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ پاشـادا بوون یەکێکیان (حسین بەگ یاخۆ حسین پاشای) خەندان بوو کـە دوای پاشــای بابان کـەوت. سـەعـیـد کـوڕی حـوسـێن بەگ ئەوسـا هـەرزەکـار بوو ئەویش دوایان کـەوت، هـەرچەندە باوکی لەگەڵیدا خـەریک بوو کە بیگێـڕێتەوە و لەگەڵیـاندا نەچێت بێ سـوود بوو، کـە دەگەنە ئەسـتـەمبوڵ، سوڵتان زۆر رێزیان لـێ ئەگرێت و ئەحمەد پاشـا بە والـی یەمەن دادەمەزرێنێ

کە دوانزە ساڵ لە یەمەن بە والییەتی مایەوە، سەعید کوڕی حوسێن پاشا خرایە قوتابخانەی سەر بە دۆستەکانی سوڵتان لەوێ خوێندی و دەرچوو، وردە وردە، پایە بە پایە بەرزبووەوە تا گەیشتە پلەی سەرۆکی شورای دەوڵەت (رئیس مجلس أعیان) و وەزیری دەرەوەی عوسمانی.

ئەم پیاوە گەورەیە بوو بە بنکە و داڵدە بۆ هەموو کورد بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی. هەر بە کۆشش و هیمەتی ئەم زاتە بوو کە قوتابخانەی روشدییەی عەسکەری لە سلێمانیدا کرایەوە و وەک چەپکێ گوڵی رازاوە پێشکێشی هاوڵاتییانی خۆی کرد. ئەم قوتابخانەیە تەنها لە ئاستانە و بەغداد و سلێمانیدا هەبوو نە لە کەرکووک و هەولێر و مووسڵ و نە لە شوێنەکانی تر نەبوو. لە دواییشدا هەر بە فەرمانی ئەم خانەدانە (اعدادیەی مولکی مقابل بە متوسطەی ئێستا) و هەروەها (ابتدائی مولکی) هەر لە شاری سلێمانی کرایەوە.

ئیبتدائی (سەرەتایی) مولکی، سێ ساڵ بوو، بەڵام ئەعدادیە (ئامادەیی) پێنج ساڵ بوو کە تەواو بکرایە ئەو کەسە دەچووە (حقوق) یا مەکتەبی سوڵتانی یاخۆ بە مووچەخۆر دادەمەزرا.

روشدییەی عەسکەری سێ پۆل بوو، دەرسەکانی بە تورکی دەوترانەوە کە زمانی رەسمی ئەو سەردەمە بوو. چونکە هەموو وڵات لە ژێر چنگی عوسمانیدا بوو شوێنەکەشی قوتابخانەی (فیصلیة)ی جاران بوو کە ئێستا بازاڕی عەسرییەو لە دامێنی سەرای کۆندایە. ئەم قوتابخانەیە نزیکەی ٣٠-٤٠ ساڵ دەوامی کرد بێجگە لە مامۆستا تورکەکان، خواجەفەنی (عەزیزی وەسماناغا) مامۆستای (خەت) بوو، مەلا سەعیدەفەنی کابان مامۆستای (دین) بوو، زێوەرەفەنی شاعیر مامۆستای عەرەبی و قەواعیدی عەرەبی بوو، عیرفانەفەنی (برنجی معلم- مامۆستای یەکەم) بوو. بەڕێوەبەر سەردەمێک (حاجی فتاح افندی) بوو. ئەو پیاوە گەورانەی لەم قوتابخانەیە خوێندوویانە تۆفیق وەهبی، تەها ئەمین یومنی (مامی حسین ناظم)، ئەمین زەکی بەگ،

حاجی مستەفا پاشای یامولکی. نورەدین مەحموود و.. گەلێکی تر.

هەرچی بچوایە ئەم قوتابخانەیە، بە ئەفسەر دەردەچوو، وەک وتمان سێ ساڵ لە سلێمانی دەیخوێند. دوای ئەوە لەسەر حسابی میریی دەنێردرایە بەغدا لەوێش سێ ساڵ دەیخوێند، ئینجا دەنێردرا بۆ ئەستەمبوڵ، لەوێش سێ ساڵ دەیخوێند. کە تەواوی دەکرد ئەگەر ئەو کەسە زیرەک بوایە و (درجە)ی بەرزی بهێنایە، دەخرایە کۆلیجی ئەرکانەوە کە ئەویش دوو ساڵ بوو. ئەوانەی چوونە ئەرکانەوە (ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی بەگ، نورالدین محمود، حاجی مستەفا پاشای یامولکی، فرج فهمی کوڕی سەی مەحمود کە ئەویش لە دواییدا لە ئەستەمبوڵ بوو بە (خزينة ناظري- وەزیری مالیە) و لەم دوایییەشدا عەبدوڵڵای عەزیزی لاوە بوو بە پاشا و سەرۆکی ئەرکانی سوپا. مێژووی کردنەوەی روشدییەی عەسکەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣١١ک (١٨٩٣ز) و مێژووی کردنەوەی ئەعدادی مولکی ساڵی ١٣٢٥ک (١٩٠٧ز) بوو. ژمارەی قوتابییەکانی روشدییە گەیشتە (١١٠) و هی ئەعدادی (٧٠) قوتابی بوو.

تێبینی لەم رووەوە سەیری کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (٩٠ ساڵی ١٩٨٢) ل٧٦-٧٩ نووسینی غەفووری میرزا کەریم و کۆواری رەنگین ژمارە ١٤١ ساڵی ٢٠٠٠ ل٦-٧ نووسینی جەمال بابان بکە.

### قوتابخانەکانی سەردەمی ئینگلیز

لە کاتی حوکمی ئینگلیز (مێجەرسۆن)دا وەک سەرچاوەکان باسی دەکەن بەتایبەتی رۆژنامەی پێشکەوتن کە زمانی حاڵی ئەو سەردەمە بوو: قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) کراوەتەوە کە مێجەرسۆن خۆی جاروبار دەرسی کوردی تێدا وتووەتەوە. مامۆستا رەشید کابان بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بووە و رەفیق حلمی مامۆستا بووە (لە ٢٠اب/١٩٢١دا) هەروەها قوتابخانەیەکی تر لە گەڕەکی دەرگەزێن لە خانووەکەی (حاجی

احمدی جادر)دا كراوەتەوە و قوتابخانەی (أولية)یان ناوناوە كە مامۆستا (سعيد زەكی كوڕی حاجی فتاح) بەڕێوەبەری بووە و لە دواییدا ناوەكەی لە (أولية)ەوە بووە بە (قوتابخانەی نموونەی عيرفان).

مامۆستایان سەعید سدقی كابان و مەلا عەبدوڵڵای زێوەر كە لەوەپێش مامۆستای قوتابخانەی عوسمانی بوون، لەم دواییەدا هەردووكیان بوون بە مامۆستا لە قوتابخانەی (نموونەیی سەعادەت). هەر لە بەینی ئەم مامۆستایانەدا ئاڵوگۆڕ بووە لە قوتابخانەیەكەوە بۆ قوتابخانەیەكی تر.

ئەوەی شایانی باسە دیاری پێشكێش كراوە بە قوتابییە پێشكەوتووەكانی ئەو قوتابخانەیە هەریەكە سەعاتێكی دەست بەو قوتابیانەی پێشكەوتوو بوون وەك ئەنوەر سائیب لە پۆلی چوارەم. فوئاد رەشید بەكر لە پۆلی سێیەم.

رەشیدی مارفاغا لە پۆلی دووەم. ئەحمەدی حاجی فەرەج (احمد رفيق) لە پۆلی یەكەم و جوولەكە عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا بنەشی ئەویش هەر لە پۆلی یەكەم.

(سەیری ل٣٦٦ لە بەرگی سێیەمی ئەم كتێبە بكە).

- محەمەد باشقە موفەتیشی مەعاریف و لە كەركووك نوێنەری ناظر بووە.
- كابتان هۆڵت معاونی حاكم سیاسی دەرسی ئینگلیزی وتووەتەوە و سەیری مەكتەبەكانی كردووە. ئینجا فەرموون بۆ ئەو ئیعلانانەی كە رۆژنامەكانی ئەو رۆژانە لە بابەت قوتابی و قوتابخانەوە بڵاویان دەكردەوە:

(بۆ زانین)

دار المعلمين لە بغداد رۆژی ١٥ ایلولی ١٩٢٠ دەكرێتەوە. ئەوانەی لە بیست ساڵ گەورەتر نین و شتێكیان خوێندوە و رەوشتیان چاكە. بچن بۆ بەغدا، لەم مكتبەدا قبوڵ دەكرێن.

بۆ ئەوانەی لەم مکتبە قید دەبن خواردن و خواردنەوە و جێگای باش و چرایان دەدرێتێ لەگەڵ مانگی پانزە روپیەش بۆ خەرجی.

خوێندن لەم مکتبە دوو یا سێ ساڵە. لە پاش دەرچوون لە مکتب ئەوەڵجار مانگانەیان لە (١٥٠ و ١٣٠) روپیە کەمتر نابێ. هەرکەس حەز دەکات بچێتە ئەم مکتبە. بێتە دائرەی سیاسی تەماشای شرائطی داخل بوون بکات. ئەگەر ویستی بچێت بۆ بغداد.

کپتان کستلینر: معاونی حاکمی سیاسی
(پێشکەوتن ژمارە-١٣- رۆژی ٢٩ جولای (تموز) ١٩٢٠)

(بۆ زانینی هەموو)

وەکو لە تعلیماتنامەکەدا نووسراوە مکتب نموونەی سەعادەت دەستی کرد بە نووسین و گلدانەوەی قوتابیان، هەموو ڕۆژێک پێش نیوەڕۆ لە سەعات یەکەوە هەتا پێنج و پاش نیوەڕۆ لە سەعات هەشتەوە تا سەعات دە، هەیئەتی مکتب لە مکتبدا دائەنیشن قوتابی قەید و ڕادەگرن. بۆ ئەوەی منداڵتان هیچ نەزان دەرنەچێت بە خۆڕایی فێری خوێندن و نووسینی عربی، فارسی، انگلیزی و کوردی و گەلێک شتی زۆر چاک بـبن. منداڵتان سەعاتێ زووتر بنێرن و قیدیان بکەن و لەم ئیشە باشە بێبەشیان مەکەن.

کپتان دگلس. معاون حاکمی سیاسی
(ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە-١٧-
رۆژی ١٩ اوگست (اغطس) ١٩٢٠).

(بۆ زانینی هەموو کەس)

لەبەر گەورەیی شاری سلێمانی و ئارەزوو و شەوقی اهالی و بۆ خاتری مناڵیان زیاتر لە معارف بەش وەرگرن و لە دەوری ڕێگاویان سەرما و گەرمای زۆر نەچێژن. وا چاک بینرا کە مەکتەبێکی تر بکرێتەوە. لەبەرئەمە

لە گەڕەکی دەرگەزێن، ماڵی حاجی احمدی چلبی موصلی چاک و پاک کرایەوە و کرا بە مەکتەبی اولیە.

ئەو مەکتەبە چوار صنفی دەبێت، ئەو دەرسانەی کە لە دوو صنفی اولیە و دوو صنفی (ابتدائی مکتب نموونەی سعادت دا ئەخوێنرێ لەوێشا دەخوێنرێن. ئەو کەسانەی کە ماڵیان لەوێوە نزیکە لە أول رۆژی پاش جەژنەوە هەتا ئاخری مانگ اوکتوبر (تشرین اول) مناڵیان بەرن و بیان نووسن.

کپتان دگلس. معاونی حاکمی سیاسی
(پێشکەوتن ژمارە–١٨– رۆژی ٢٦ اوگست/اغسطس ١٩٢٠).

(اعلان)

ئێمە کە بە شەو لە مکتب دەرسی ئنگلیزی ئەخوێنین. بۆ معلومات اعلانی ئەکەین، هەرکەس مەیلی فێربوونی ئنگلیزی هەیە، مانگی (٣) ڕوپیە بدا، استفادە ئەکات، ئەوانەی کە طالبن شەوی یەک شەممە مراجعت بە مکتب بکەن.

شاگردانی مکتبی شەو
(پێشکەوتن ژمارە–١٠٧–
رۆژی ١١می/مایس/١٩٢٢).

**قوتابخانەکانی سەردەمی شێخ مەحموود**
**(٣٠ / ٩ / ٩٢٢ تاکو ٧ / ٣ / ٩٢٥ پچڕ پچڕ)***

لەم کاتەدا ریئاسەت یاخۆ وەزارەت پێک هات. میر لیوا حاجی مستەفا پاشای یامولکی بوو بە رەئیسی معارف. جگە لەوەی کە هەر ئەو پیاوە دامەزرێنەری (جمعیەتی کوردستان) بوو. لەم رووەوە سەیری (ل٢٣٨–٢٤٠) لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە بکە.

قوتابخانەکان ئەمانە بوون:

مەکتەبی اعدادی: مدیر/ رەفیق حلمی ئەفەندی

معلمی مەکتەبی اعدادی: ساڵح ئەفەندی قەفتانچی، زێوەر ئەفەندی، ئەمین ئەفەندی، شێخ محەمەد، مەلا مەحموود ئەفەندی (بێخود)، جەلال ئەفەندی (صائب)، سەعید قەزاز ئەفەندی، رەمزی ئەفەندی، قادر رەشید ئەفەندی.

مەکتەبی محمودیە: معلم/ حەمدی بەگ، قادری عەزیز ئەفەندی، عەبدوڵڵا ئەفەندی، حەمە کاکە ئەفەندی.

مەکتەبی قادریە: مدیر/ سەعید زەکی ئەفەندی.

معلم: عبدالعزیز افندی، مەلا سەعید ئەفەندی.

مەکتەبی لەطیفیە: معلم/ شیخ ئەحمەد ئەفەندی، سەعید ئەفەندی سەرکاتبی مەعاریف: حاجی قادر ئەفەندی (رەنگ هەیە براکەی حاجی مستەفا پاشا و باوکی دکتۆر ئەکرەم یامولکی بێت).

بەڵام کاک ئەکرەمی ساڵحە رەشە لە کتێبی (شاری سلێمانی- ل٤٥٠ بەرگی دووەم) بەمجۆرە باسی قوتابخانەکان و مامۆستاکانیان دەکات کە ئەویش لە رۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە-١١- رۆژی ١٩٢٢/١٠/ ٢٩یەوە وەرگرتووە.

یەکەم: قوتابخانەی ناوەندی مەحموودی

١- رەفیق حیلمی- بەڕێوەبەر

٢- ساڵح رەفعەت- مامۆستا

٣- خواجە فەنی- مامۆستا

٤- سەعید سدقی- مامۆستا

٥- زێوەر ئەفەندی- مامۆستا

٦- سەعید ئەدیب قەزاز- مامۆستا

دووەم: قوتابخانەی سەرەتایی قادری

١- شیخ مەحموود زوهدی- بەڕێوەبەر

٢- سەعید زەکی- مامۆستا

٣- عەزیز ئەفەندی- مامۆستا

سێیەم: قوتابخانەی سەرەتایی رەئووفیە

١- سەعید عاکف- بەڕێوەبەر

٢-ئەحمەد ئەفەندی- مامۆستا

٣- محەمەد رەمزی رەحیم- مامۆستا

چوارەم: قوتابخانەی سەرەتایی لەطیفیە

١- ئەحمەدی عەزیز ئاغا- بەڕێوەبەر

٢- فائق ئەفەندی- مامۆستا

پێنجەم: جەنابی رەشید زەکی کابان مفتش عام

(بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (١)ی وەزارەتی زانستی کە رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەم بە ئیمزای وەزیری زانستی حاجی مستەفا پاشا دەرچووە).

شوێنی قوتابخانەکان:

١- ناوەندی مەحموودی لە شوێنی مەدرەسەی روشدییەی عەسکەری- شوێنی خەستەخانە خوارەوە.

٢- قادری لەماڵی حاجیساڵحی خەفاف.

٣- رەئووفی سەرشەقام ماڵی حاجی فەرەج حاجی حامد.

٤- لەطیفیە لە ماڵی حوسێن مەزڵوم پشت مزگەوتی مفتی بووە.

### قوتابخانەکانی سەردەمی حکومەتی عێراق

لە ساڵی ١٩٢٥ و بە تەواوەتی لە مانگی مارتەوە بۆ نیسان و مایس، سلێمانی بە تەواوەتی هاتە ژێر ئاڵای حکومەتی عێراقەوە چونکە لەوەپێش جارجار بە دەست شێخ مەحموودەوە و جارجار بە دەست ئینگلیزەوە بوو.

لەم ساڵانە بە دواوە و پێش ئەوەی بێینە سەر باسی قوتابخانەکان و تا (چ) رادەیەک پێشکەوتوو بوون یا لە دوای دواوە بوون لە زانستی قوتابخانەکانی تری هەموو عێراقدا!! بۆیە لەم رووەوە باسی دوو راپۆرتی نوێنەری پەرلەمان ئەمین زەکی بەگ دەکەین. یەکێکیان لە بابەت قوتابخانەکانەوە دەڵێت: (لە هەموو لیواکانی موسڵ، اربیل، کرکوک و سلیمانی (لەم کاتەدا) ٣٨ قوتابخانە هەیە کە بە زمانی کوردی لە سەرەتایی و سانەویدا ئەخوێنن، لە بەینی (٥٨) کتێبدا کە ئەخوێنرێت تەنها یەک دانە لەو کتێبانە بە کوردیە و باقی بە عەرەبین.

لە راپۆرتی دووەمدا دەڵێت (ئەگەر وارداتی لیواکانمان لەگەڵ خەرجی بووجەی معارفدا بەراورد کرد هینی ساڵی ٩٢٧/٩٢٦ سەیر ئەکەین ئەو پارەیەی بۆ لیوای بەغدا دانراوە لە ٣٨٪ لە کۆی هەموو داهات و بۆ موسڵ ١٩٪، بۆ کربلاء ١٢,٥٪، دلیم ١٠٪، کرکوک ٩٪، دیالی و بصره ٨٪، منتفک ٧٪، کوت ٥,٤٪، حله ٥,٣٪، اربیل ٣,٢٪، دیوانیە ١٠٪، سلێمانی ١٪ (رۆژنامەی ژیان ژمارە ١٢٩ ایلولی ١٩٢٨) هەر لەسەر ئەو بڕوایە لە حوزەیرانی ١٩٢٨دا، نوێنەرانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی یاداشتێکییان دا بە وەزارەتی مەعارف، داوای چاوگێڕانەوەیان کرد بە کاروباری خوێندندا. داوای پێکهێنانی لیژنەیەکیان کرد بۆ دانان و وەرگێڕانی کتێب بە زمانی کوردی و دانانی دەستگایەکی تایبەتی کە چاودێری کاروباری زانیاری لە ناوچە کوردییەکاندا بکات و قوتابخانەی کچان و سەرەتایی تر و ئامادەیی لەو شوێنانەدا بکرێنەوە کە پێویستیان هەیە.

دوای ئەوەی دەست کرا بە داواکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا و قوتابخانەکان و لە ئیش و کاری تردا کە پێویستە بە زمانی ناوچەکە خۆی بێت.. ئەم داوایانە یەک لەسەر یەک بێ ئەوەی تەمیان برەوێتەوە دەکران. ئیشەکە کە گەیشتە پەرلەمان و حکومەت و گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا. تاکو لە ئەنجامدا بڕیار درا لەسەر (قانون اللغات المحلية رقم ٧٤ لسنة ١٩٣١) لە دادگاکان و قوتابخانە ئەوەلییەکان و سەرەتاییەکانی ئەو شوێنانەی کە زمانی زگماکیان چی بێ، ئەوانیش ئازاد بن لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی خۆیاندا.

(لەم رووەوە سەیری ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیانی ئەو سالانە و سەیری "وقائع العراقية" ی ژمارە ٩٨٩ رۆژی ١٩٣١/٦/١ بکە).

ئیتر دوای نەمانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و وەستانی بۆمبابارانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و دانانی (متصرف- محافظ) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە ئەویش خوا لێخۆشبوو تۆفیق بەگ بوو. دوای دانانی دەستگاکانی تری میریی لە سلێمانی و گەڕانەوەی ژیانی نیمچە ئاسایی قوتابخانەکانیش کەوتنە دەوام و وردە وردە زیادیان کرد بەو جۆرەی کە لە دواییدا دوور و درێژ باسیان دەکەین.

بەلام ئێستا فەرموون بۆ خوێندنەوەی ئەو داواکردن و هەوالانەی لە رۆژنامەکانی ئەو رۆژانەدا بلاودەکرانەوە کە بەتایبەتی رۆژنامەی (ژیانەوە) بوون.

**(داوای کردنەوەی مکتەبی کچان و و صنائع..)**

مدەتێک بوو سلێمانی لەبەر نقلاب و احوال معارف بێبەش بوو- علم و معارف لە داخل و خارج چاوەڕوان بوون کە لە خصوص معارفەوە خەبەرات بزانن. لازمم بینی ام معروضاتە تقدیم دارەخانە بکەین لطفا لە گۆشەیەکی غەزەتەکە، دەرجی بفەرمون.

له أول مارت ۹۲٥ بنا لەسەر قراری حضرتی متصرف معاریف پەروەر و جنابی مفتشی اداری رسما مکتبێکی ابتدائی کرایەوە و معلماتی بۆ تعیین فرمورا. مکتب کە شکڵی رسمی قبول کرد جنابی مدیری معارفی منطقەی کرکوک تشریفی هاتە سلیمانی، هەرچەند مدەتێکی کەم تشریفی بەند بوو، ئەمما لەو زەمانە کەمەدا، ئەوی بۆ مکتب و هیئەتی تدریسیە پێویست بێ قیدی کرد، أوامری لازمەی شفاها بیان فەرموو، لە پێش عەودەتی بارێکی وشتری کتێب و خەریتە و دەفتەر و لوازمات مکتبیان ڕەوانە کرد. لە پاش بەینێ کتێبخانەی ستیار جنابی مفتشی منطقەی کرکوک و دیالی سید نورالدین افندی تشریفی هێنایە سلێمانی. هەشت ڕۆژ تشریفیان مایەوە، لەم مدەتەدا بۆ أرشادی معلم و شاگردان لەسەر اصولی تازە بە کەماڵی بەشاشەت و اجتهاد و سەعیان فەرموو، بە اخلاقی حسنەی خۆی، هیئەتی تدریسیەو أهلی مملکتی ممنون و مسرور کرد، دوبارە جەنابی مفتش نواقصی مکتبی گرت، لە پاش هەفتەیەک ناردیان. ئەمڕۆ مکتبی سلێمانی عبارەتە لە پێنج صنف چواری أولی و یکیکی ابتدائی، موجودی طلبة ۱۱۰ و معلم شەش و خدمەیەک. وعدیان فەرموە کە لە ابتدائی سنەی تدریسات مکتبێکی آخریش لە سلێمانیا بکرێتەوە. اومید ئەکەین کە حکومەتی عیراق لەسەر تشبثات و غیرەتی معبوثاتی تازەمان بمان خەنە ڕیزەی باقی لیواکانی عیراق. احوالی سابق فرامۆش بکرێ، هەرچەندە ئەم دوو مەکتەبەی حاڵی حاضر بۆ منداڵەکانمان کافیە. فقط لازمە کچەکان و منداڵە فقیرە بێ باوک و دایکەکانیشمان بێ خوێندن و صنعەت نەمێننەوە. وەکو لیواکانی تر مکتبێکی اناث و صنایع بکرێتەوە (ژیانەوە ژمارە-۳۰- ڕۆژی ۱۰ تموزی ۱۹۲٥) معلم: زێوەر ئافەریم بۆ خوا لێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵا زێوەر کە لە پێش هەموو کەسێکی تر لە دانیشتوانی شارەکە، بە شێوەیەکی نەرمونیان لەسەرخۆ، داوای کردنەوەی مەکتەبی کچان و مەکتەبی صنایعی کردووەتەوە کە ئەمە جێی بەرز پیا روانینە، لە کاتێکدا کە خۆشی معلم بووە

و سڵی لەوە نەکردووەتەوە کە لەسەر ئەم نووسینە بیانووی پێ بگرن.

ئەوەی شـایانی باسـە: ئەو نـورالدین افندیـەی مـفـتش مـعـارف کـە باسی دەکـات، ئـەوە (سـیـد نوری برزنجی کـوڕی سـیـد فـتـاحی برزنجی مـام و خەزووری کاک فؤاد عارفە).

## (هاتن)

٢٢ی مـانـگی جـاری ڕۆژی سێ شـەممە مـفـتـشی مـعـارف جنابی مـصطفی افندی بۆ تفتیش و تدقیقی احتیاجاتی مکتب تشریفی هێناوەتە سلێمانی، عرضی تبریک و بەخێرهاتنی ئەکەین.

ژیانەوە: لە تعیینی مصطفی افندی بـە مفـتشی وزارەتی جلیـەی مـعارف جدا أصابتی فـەرمووە. چونکە مومی الیە "مقتدر، وطنی، و معارف پەروەر، گـەلێک خـزمـەتی بۆ مملەکـەتەکـەمـان سـبـقـتی کـردووە. لە ڕێـی مـعـارف و وطنیەتدا ئومێدی گەلێک شتی لێ ئەکەین".

(ژیانەوە-٤١- ڕۆژی ٢٤ ایلولی ١٩٢٥).

مەبەست لە مصطفی مظهری خوا لێخۆشبووە.

## (ئەنجومەنی معارف)

صـورتی قـراری ئەنجومـەنی مـعـارف ژمـارە-١- تاریخ ٩٢٥/١١/١٢ ڕۆژی پێنـجـشـەمـە پـاش نیـوەڕۆ، ئەنجـومـەنی مـعـارف لەژێر ئـاسـتی سـعـادتی مـتـصـرفـدا گـرد بوەوە. اولا لە طرف جنابی مـتـصـرفـەوە لطفیکی مـخـتـصـر ایراد و لەو نطقـەدا تبریکی مجلس و تمنای ترقی مـعـارف و ابذالی مسـاعی هـەمـو لایەک بۆ ترقی مـعـارف بیـان فـەرمـورا. لە پاشـا مـوادی آتی قـرارگیـر بوو:

١- لەسـەر طلبی دائرەی مالیـە تنظیمی بودجـەی ساڵی ٩٢٦ مـعـارفی لیوای

سلیمانی له مکتبی اول داوا کرابوو. مدیری مکتبی مذکور لەسەر ئەمە بە مرجعی خۆی کە مدیریەتی معارفی کرکوکە و مراجعتی کردوە. ئەم کیفیەتە بالتذکیر انتظاری جوابی مدیریتی معارفی کرکوک و لە ئاخردا تاکید کردنی لە طرف مدیریتی مکتبەوە بە مناسب و موافق بینرا.

٢- لەبەرئەوەی کە آثاری مطبوعە بە زمانی کوردی بۆ وڵاتەکە و با خصوص بۆ مکاتبی کوردی تأثیرێکی گەورەو موستەحسەنی هەیە بۆ ترجمەو تألیفی آثاری کوردی لە طرف متفکرینی قەومەوە، ترغیبات و تسهیلات کردن بە لازم بینرا. بۆ تامینی ئەم مقصدە ترجمەی احواڵی تاریخی رجال أسلام و ئەوانەی تعلقیان بە عێراقەوەیە، موافقی منهجی صنفی دوەم اولی لە طرف مؤلفیەوە بۆ تدقیق و تصحیح تودیع بە ئەنجومەن کراوە. سبب بە أهمیەت و مصلحەتی ئەم مسئلەیە لە پاش تدقیق و بۆ تشبث بە طبع کردنی أثری مذکور لزومی بە اجتماعی جلسەیەکی فوق العادة لە تأریخ ٢٦/١١/٩٢٥دا متفقا بە موافق بینرا.

٣- لە مکتبی دووەمی سلێمانی دا (٢١) طلبەی موسەوی موجودە، تا ئێستا أولیاتی ئەم اطفالە بە دفعات داوای تعیینی معلمێکی دینییان کردوە، لە نفسی الامردا طلب واقع معقول ولو (٢١) طلبة تعیینی معلمێکی دینی مناسبە. لەبەر ئەمە بۆ تعیینی معلمێکی کوردیزانی موسەوی لە کرکوک و باکیفیت تنسیب حوالەی ئێرە بکرێ بۆ تبلیغ قبوڵ و امتحان و یا انتخابی معلمێک وەها لە مدیریتی معارفی منطقەی کرکوک بە موافق و بو استحصالی موافقتی قراردرا.

شێخ محمدی گولانی. مدیری تحریرات. رئیسی ئەنجومەن: متصرف
معلم أول مکتبی دووەم. مدیری مکتب أول

(ژیانەوە ژمارە-٥٠- رۆژی ٢٦ تشرینی ثانی ١٩٢٥)

**ئەو قوتابخانانەی دوای ساڵی ١٩٣٠ کرانەوە:**

پێش ئەوە بێینە سەر باسی ئەو قوتابخانانەی لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە لە سلێمانیدا کرانەوە دەڵێین:

– قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم هەبوو کە لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی دووی ناوەندی تێدا بوو، لە خانووەکەی شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ مەحموودا خوار مزگەوتی گەورە و بەڕێوەبەری ساڵحی قەفتان بوو.

– قوتابخانەی سەرەتایی دووەم کە تاکو پۆلی چواری تێدا بوو لە خانووەکەی یەکتابەگدا لە ڕێگای سابوونکەران نزیک مزگەوتی سەید حەسەن (کتێبخانەی ئێستای اوقاف) بەڕێوەبەری تۆفیق فکرەت بوو.

ئەو قوتابخانانەی دوای ساڵی ١٩٣٠ کرانەوە ئەمانە بوون:

یەکەم: قوتابخانەی ناوەند (متوسطة)ی کوڕان کە دوای ساڵی ١٩٣٠ کرایەوە. دامەزراندن و کردنەوەی ئەم قوتابخانەیەش وەک لە کتێبی شاری سلێمانی، کاک ئەکرەمی ساڵحی ڕەشەدا هاتووە بەمجۆرە بووە:

مەکتەبی یەکەم کە پۆلەکانی زیادی کرد. ناوەندییان لێ جیاکرایەوە، چوونە بیناکەی لای نەخۆشخانەی سەرەوە کە ئێستا قوتابخانەی (جمهورية)یە، شوێنی مەکتەبی (غازی) جاران، دوایی ئەم قوتابخانەیە بوو بە (متوسطە و سانەوی).

بەڕێوەبەرەکانی ئەم قوتابخانەیە ئەمانە بوون:

١– ڕەشید کابان

٢– عەبدوڵڵا نوری موهەنەدی ١٩٣٥.

٣– کەمالەدین داود.

٤– عەبدولڕەحمان نورجان.

٥- مەعروف دەلی.

٦- رەفیق حلمی.

٧- وینع فەتحوڵڵا میرزا.

دووەم: قوتابخانەی سەرەتایی (فیصلیة) لە یەکەوە تا پۆلی شەشی تێدا بوو، لە شوێنی بازاڕی عەسری ئێستا، کە ناوەندییان لێ جیاکردەوە بوو بە قوتابخانەی سەرەتایی بەڕێوەبەرەکانی:

١- ساڵح قەفتان.

٢- عەلی شەوقی.

٣- فوئاد رەشید بەکر.

٤- جەلال محەمەد سەیفوڵڵا.

سێیەم: قوتابخانەی گۆیژە: لە پۆلی یەکەوە تا شەشی تێدا بوو، بەرامبەر سینەمای گۆیژە و شوێنەکەی بازاڕی زێوەری ئێستا.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- عەزیز فەرەج سەلیم.

٢- عەبدولغەفور مەلا عەلی مەڵکەندی.

٣- رەوف حاجی ئەمین.

چوارەم: قوتابخانەی (ایوبیة) لە گەڕەکی سەرشەقام بوو (نەک وەک کاک اکرم ئەبی لە گەڕەکی چوارباخ).

بەڕێوەبەرەکانی:

١-عەلی شەوقی- عەزیز میرزا ساڵحی گورون.

٢- جەمال مەجید سەلیم ئاغا.

پێنجەم: (قوتابخانەی خالدیة): لە دەرگەزێن لە ماڵی حاجی ساڵحی قاسم

خوار سینەمای دڵشادی ئیمرۆوە بوو.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- عەبدولواحید نوری.

٢- مەجید عەلی.

٣- مستەفا مەولود.

٤- یونس تۆفیق.

شەشەم: قوتابخانەی کانێسکان: لە گەڕەکی کانێسکان لە بازاڕە بچکۆڵە شوێنی قوتابخانەی ڕێزانی کچان.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- تۆفیق فکرەت.

٢- عەزیز فەرەج سەلیم.

٣- ئەبوبەکر شێخ جەلال (أ. ب هەوری)

حەوتەم: قوتابخانەی ئەمیر عەبدولئیلاه: لە گەڕەکی دەرگەزێن ماڵی عومەری سامانئاغا.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- حوسێن ساڵح ئاغا.

٢- عەلی مزەفەر.

هەشتەم: سانەوی کوڕان. ساڵی ١٩٤٧ بیناکەی لە گەڕەکی چوارباخ تەواو بوو لە پشتی نەخۆشخانەی سەرەوە گواستیانەوە ئەم شوێنە تازەیە کە ئێستا هەروەک خۆی سانەوی کوڕانە.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- جەلال نهال ساڵی ١٩٤٧.

٢- موسا سەمەد ١٩٤٩.

٣- سلێمان مەلاح ١٩٥٣.

نۆیەم: قوتابخانەی غازی: کە لەپێشدا لە جوولەکان بوو بەڕێوەبەری جەلال محەمەد سەیفوڵڵا بوو. لە دواییدا گواستیانەوە بۆ گەڕەکی دەرگەزێن لای کۆنە فرۆشەکان، بەڕێوەبەری فەوزی رەشید بوو. دوایی لە ساڵی ١٩٤٧دا کە سانەوی گواستیانەوە بۆ گەڕەکی چوارباخ ئەم قوتابخانەی (غازی)یە چووە شوێنەکەی.

بەڕێوەبەرەکانی:

١- عەزیز فەرەج سەلیم.

٢- مەجید سەعید ئەحمەد.

٣- عەلی محەمەد سدیق.

٤- عەلی مزەفەر.

دەیەم: قوتابخانەی مەڵکەندی: لە گەڕەکی مەڵکەندی لە ماڵی عەونی ئەفەندی حاجی گوروندا بوو. بەڕێوەبەری رەشید کەریم ئەفراسیاب، لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ گەڕەکی گاوران.

بەڕێوەبەری عەزیزی میرزا ساڵح بوو.

**قوتابخانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٦دا**

(بەگوێرەی "الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ ص٥٨٨")

لە سلێمانیدا (١٨) قوتابخانەی کوڕان و (٣)ی کچان کە هەمووی دەکاتە (٢١) قوتابخانە هەبووە. هەروەها

- قوتابخانە (ناوەند) بۆ کوڕان.

ئەم قوتابخانانەش لە کردنەوەدان:

قوتابخانەی سەرشەقام.

قوتابخانە لە دێی جافەران لە ناوچەی قەرەداغ.

قوتابخانە لە دێی (هەڵەدن) لە ناوچەی سووورداش.

قوتابخانە لە مەرگە- پشدەر.

قوتابخانە لەناو عەشرەتی جافدا (ئەبێ مەبەستی لە قوتابخانەی "رحالة" بێت کە ئەوسا هەبووە.

قوتابخانەی کچان لە تەوێڵە.

- هەروەها قوتابخانەی نەخوێندەواران (أمية) هەبووە کە برێتی بووە لە (٧) پۆل و (٧) مامۆستا و (١٨٢) قوتابی.

- قوتابخانەی (بعثة) بابا عەلی شێخ مەحموود بووە کە بۆ ئەمەریکا نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز.

بێجگە لەوانە دوای ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٥٨ ئەم قوتابخانانەش کرانەوە:

- سەرشەقامی سەرەتایی: بەڕێوەبەر- محەمەد رەشید مەحموود.

- سەلاح الدینی سەرەتایی: بەڕێوەبەر- محەمەد تۆفیق عەزیز.

- فەیسەڵییەی سەرەتایی (شەو): بەڕێوەبەر- جەلال محەمەد سەیفوڵڵا.

- ناوەندی کوڕان: لە دەرگەزێن لە ماڵی عومەری سامانئاغا ساڵی ١٩٥٤ بەڕێوەبەر: (ئەحمەد ئیبراهیم فەتاح- احمدی قازی).

- ناوەندی پیشەسازی (صناعة) لە١١/١١/١٩٥٤دا دامەزراوە بەڕێوەبەر:

١- ناجی جەعفەر سندوق.

٢- عەبدولحەمید جاسم.

٣- عەزیز سەعید عەباس.

- خانەی مامۆستایان (دار المعلمين)ی سەرەتایی کوڕان لە گەڕەکی شۆڕش لە شوێنی قوتابخانەی یەکیەتی ساڵی ١٩٥٦ کرایەوە بەڕێوەبەر

کەمال محەمەد ئەمین بوو.

– ناوەندی کشتوکاڵ (زراعة) لە کانێسکان ساڵی ١٩٥٧ کرایەوە. بەڕێوەبەر: عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەراج بوو.

دیسانەوە قوتابخانە سەرەتاییەکان:

– قوتابخانەی سەرکەوتن– فەیسەڵییەی کۆن– بەڕێوەبەر: جەلال محەمەد سەیفوڵڵا.

– بێکەس: بەڕێوەبەر– تاهیر یەحیا بابان.

– وەتەن: بەڕێوەبەر– هاشم سدیق.

– زێوەر: بەڕێوەبەر– ئەحمەد سەعید مەولود.

– جمهوری: بەڕێوەبەر– حەسیب شێخ ئەحمەد.

– سەیوان: بەڕێوەبەر– عەزیز میرزا ساڵح.

– دەرگەزێن: بەڕێوەبەر– رەئوف حاجی ئەمین.

– بەرزان (عبدالالەی کۆن): بەهجەت سەعید کابان.

– سەرچنار لە سەرچنار: محەمەد عارف عەبدولڕەحمان.

– بەکرەجۆ: لە بەکرەجۆ: ئەنوەر توفی.

– پیرەمەگروون (غازیی کۆن): عەبدولغەفوور مەلا عەلی.

**یەکەم خوێندنگا لە سلێمانیدا:**

راهێنگای سەرەتایی– تەتبیقاتی ئێستا و فەیسەڵییە و قوتابخانەی یەکەمی پێشوو:

بەکورتی لە کۆواری (دەنگی مامۆستا– ژمارە–٤– ساڵی–١– تشرینی یەکەم (١٩٧١) قوتابخانەی فەیسەڵییە بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم (سەردەمی تورک) بۆ یەکەم جار (رشدية)ی سوپایی بووە. لە ساختمانی تیمارگەی ناو بازاڕ و لە دەرچووانی بۆ تەواوکردنی خوێندن و گەیشتن بە

پایەی سوپایی دەچوونە بەغدا و ئاستانە.

ئەوەی کە ئێستا کراوە بە بازاڕی نوێ، لە ساڵی ١٩١١دا بە باربووی دانیشتوان و هاوکاری سەرۆکی شارەوانی ئەوکاتە دروست کراوە و (ئامادەی موڵکی) تیا کراوەتەوە، مامۆستا فائق ویسەڵ بەڕێوەبەری بووە. لە ١٩١٤دا کراوە بە بارەگای فەرماندەی سوپا و جارجار نشینگەی رامیاری-سیاسی بووە.

لە ١٩١٦دا لە تیمارگەی ناوبازاڕ بە ناوی (تشویقیة)وە کراوەتەوە و مامۆستاکانی زێوەر ئەفەندی، مەلا سەعید، شێخ عەبدولڕەحمان و عەلی ئەفەندی دانیشتووی کوردستانی باکور و عەبدولجەبار ئەفەندی و سەید ئەحمەدی بەرزنجی بوون. لە ١٩١٧دا کراوە بە بارەگای شێخ مەحموودی نەمر.

لە ١٩١٨دا بووە بە (نموونەی سەعادەت) لە خانووی تۆفیق ئاغا، لە سووڕی داگیرکردنی ئینگلیزدا، لە فێرکارانی مامۆستا رەشید کابان و شێخ عەبدولڕەحمان و مەلا سەعید و محەمەد باشقە و محەمەد زەکی کابان و زێوەر ئەفەندی بوون.

لێرەوە هەر بەو ناوەوە لە ١٩١٩دا گوێزراوەتەوە بۆ کانێسکان لە خانووی نەجیب ئەفەندی، هەر لە خولی داگیرکردنی ئینگلیزدا، لە فێرکارانی مامۆستا سەبری بووە.

لە ١٩٢٠دا کراوە بە نشینگەی مێجەرسۆن و چاپمان و هولدو لاین و خوێندنگا گوێزراوەتەوە بۆ قشڵەی جاران و مامۆستا عەبدوڵڵا نووری بەڕێوەبەری بووە. لە ١٩٢٠دا، مامۆستا سەعید زەکی لە ١٩٢٢دا. پاش ئەوە ناوەکەی گۆڕراوە بە مەکتەبی یەکەمە لە کانێسکان لە خانووی ئێستای بابا عەلی بەرامبەر بە مزگەوتی گەورە لە سەردەمی عیراقدا تا ساڵی ١٩٢٤ هەر بەم ناوەوە ماوەتەوە. حەوت پۆلی هەبووە و لە فێرکارانی: عەبدوڵڵا عەزیز

هەولێری کە ئەلف بای کوردی و دیدەوانی ئەوتەوە و مەلا سەعیدی کابان قورئان و ئاین و عەزیز فەرەج سەلیم زولالی ژمێرە و گۆرانی و مستەفا مەولود وەرزشی وەرگرتووە.

لە ١٩٢٨-١٩٢٩دا کراوە بە دوو خوێندنگا، یەکەمیان چۆتەوە شوێنی پێشووی لە بینای سیاسیدا، نهۆمی سەرەوەی پۆلی پێنج و شەش و یەک و دووی ناوەندیشی بووە. قوتابیەکانی دووی ناوەندی چوار خوێندکار بوون، یەکێکیان ئەحمەد رەفیق بووە لە ئامادەیی جەرگەیی بەغداوە هاتبوو. قاتی خوارەوە، چوار پۆل بووە، تۆفیق فکرەت بەڕێوەبەریان بووە.

خوێندنگای دووەمیان لە حەوشی گەورە. بەرانبەری خانووی غەفوور شاڵی لە دەرگەزێن و دوایی گوێزراوەتەوە خانووی سەعیدی مارف لە مەیدانی ماستەکە کە ئێستا (خان)ە، پێی ئەوترا (خوێندنگای دووەم) لە بەڕێوەبەرانی مامۆستایان تۆفیق فکرەت و عەلی ئاگا بوون. لە ١٩٣٠دا، خوێندنگای یەکەم، گوێزرایەوە بۆ سابوونکەران، بۆ خانووی یەکتابەگ و بریتی بووە لە چوار پۆل، بەڕێوەبەری تۆفیق فکرەت و مامۆستاکانی رەفعەت ئەفەندی و مەلا سەعیدی کابان و خالید رەشید و عەبدوڵڵا و شاکر سەید حەکیم بوون. تا ساڵی ١٩٣١ لە سابوونکەران ماوەتەوە بەناوی خوێندنگای یەکەمەوە.

لە ١٩٣١-١٩٣٢ لە پایزا گوێزراوەتەوە بۆ خانووی جەمیل سائیب نزیک بە مزگەوتی گەورە تەنیشتی خانووی شێخ قادری حەفید. بریتی بووە لە چوار پۆل، بەڕێوەبەری تۆفیق فکرەت و فێرکارانی:

نەزهەت ئەفەندی، واحد ئەفەندی، خالید ئەفەندی، شێخ کەریم، عەزیز فەرەج سەلیم و شاکر سەید حەکیم بوون.

لە ١٩٣٣، ساڵی لافاوە گەورەکە لکێکی تری لێ کرایەوە بەناوی شوعبەوە و چۆتە خانووی حاجی ساڵحی قاسمەوە و بوو بە قوتابخانەی خالدیە.

بەڕێوەبەری خوێندنگای یەکەم/ مامۆستا ساڵح قەفتان بووە و فێرکارانی مامۆستا ئەحمەد فەهمی و ساڵح سەعید و فوئاد رەشید و حەمە پاشا و عەبدولڕەحمان شەرەف و رەشید کەریم و ساڵح عەلی و بەهادین عارف و جەلال محەمەد خالید سەعید و فەوزی رەشید و رەمزی قەزاز بوون.

له ١٩٣٤دا ناوی خوێندنگاکان گۆڕا. یەکەمیان بوو بە (فیصلیة) و دووەم بوو بە (أیوبیة) و گوێزرایەوە بۆ لای گومرگە سووتاوەکە، بۆ خانووی حاجی محەمەدی لاوە و قوتابخانەی شوعبە بوو بە (خالدیة).

مامۆستا ساڵح قەفتان تا ساڵی ١٩٣٦ لە خوێندنگای یەکەم واتا فەیسەڵییە ماوەتەوە، راژەیەکی وای بەجێ هێشتووە کە دەبێ بکرێ بە دروشم و نیشانەی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری کە هەموو مامۆستایەک پەیرەوی بکات.

دوای ئەو مامۆستا عەلی ئاگا، لە ساڵی ١٩٣٦دا بوو بە بەڕێوەبەری فەیسەڵییە، زۆر نەماوەتەوە و مامۆستا فوئاد رەشید هاتۆتە جێگەی لە ٩٣٦/١٢/١ وە تا ٩٣٤/٦/٢٤ بوو بە پشکنیاری پەروەردە و ئێستا خانەنشینە. دوای ئەو مامۆستا فوئاد رەشید لە ٩٣٦/١٢/١دا بوو بە بەڕێوەبەری هەتا ٩٤٧/٢/٦ بە دوای ئەودا مامۆستا جەلال مەلا کاکە حەمە لە بەڕێوەبەرێتیدا تا ساڵی ١٩٦٦.

لە سەردەمی مامۆستا جەلالدا، لە شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨دا کە کۆتایی بە چاخی شاهانە هێنرا و یاسای کۆماری دامەزرا، ناوی فەیسەڵییە گۆڕا بە (العزة)، پاش ماوەیەک بە (سەرکەوتن)، ماوەیەکی تر بە (سلیمانی) ناونرا. دوای کۆچی مامۆستا جەلال مامۆستا بەهجەت سەعید کابان لە ١٩٦٧/٩/١٧دا کراوە بە بەڕێوەبەری ئێرە و هەر لەم ساڵەدا ناوەکەی گۆڕا بە راهێنگای فێرکارانی سەرەتایی (تطبیقات دار المعلمین). کاک بەهجەت تا ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ی خایان، تاکو کرا بە پشکنیار لە بەڕێوەبەری پەروەردە

له یەکێتی ڕاهێناندا، مامۆستا عەبدوڵڵا ئەژدەر جێگری بوو. له ١٩٧٠/١/ ١٧دا کەریم زەند هات و مامۆستا عەبدوڵڵا ئەژدەر و بۆ ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١ مامۆستا ڕەشید ئەحمەد بەرزنجی بوون بە یاریدەدەری، ئێستاش بەمجۆرەیە.

بەپێی ئاگاهی پەروەردە ٩٧٠/٩/٢٩ ناوی پێشکەوتنی بەسەرا برا. بەڵام دووبارە چووەتەوە دۆخی خۆی و بەڕاهێنگا و نموونەیی ماوەتەوە. دوای تەقەلا و کۆشش ٤٣٦/١٣ مەتر مورەبەع خرایە سەر ڕووبەرەکەی، فراوان کرا، دوای بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی بە یارمەتی ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی کاک عەبدول سۆران، کە ئەو ڕاژەیە، جێی سوپاسی بێ پایانە. له مامۆستاکانی: عەبدوڵڵا شێخ خالید، فائق ئەحمەد، عوسمان خاڵ، عومەر محەمەد قادر، کەمال عەزیز، ڕەشید هەورامی، جەبار غەفوور، حەمە عەزیز ئەمین، عزەت عەزیز، عەلی ڕازی و چەند مامۆستایەکی ترن کە بەناو لەسەر ئەوێن.

ئەمە بوو سەرگوزشتەی قوتابخانەی (فیصلیة)ی کۆن.

ئەم نووسینەی مامۆستا کەریم زەند گەلێک بەنرخە (هەرچەندە کەمێک تێکەڵ و پێکەڵە) بەڵام مێژووی ئەو قوتابخانەیەی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا هاتووە.

- بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵ کە لەم نووسینەدا هاتووە دەڵێین:

هەر لەم باسەدا زۆرجار ئاماژە بۆ ئەم قوتابخانەیە و ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەر خۆی و مامۆستاکانی و ناوەکەیا هاتووە. کراوە کە ئەمە پوختەکەیەتی:

- لە سەرەتادا (ڕوشدیەی مولْکی) - (بارەگای فەرماندەی سوپای عوسمانی) - (بارەگای ڕامیاری- مێجەرسۆن) - (بارەگای ڕامیاری شێخ مەحموود) - (مەکتەبی یەکەم) - (مەکتەبی فیصلیة) - (العزة) -

(سەرکەوتن) – (سلیمانی) – (تطبیقات دار المعلمین) – (سەرکەوتن)..

– ناوی رەشـید کـابان و مـحـەمـەد زەکی کـابان هاتووە، لام وایە هەردوو ناوەکـە هـەر (رەشـیـد زەکی کـابان)ە چونکە ناوە کـۆنەکـانی سـەردەمی عوسمانی (مرکب– واتا دوو ناو بوون).

– مامۆستا سەبری مەبەست لە (عبدالله صبری امین)ە.

– عەبدوڵڵا عەزیزی هەولێری مامـۆستا بوو لە دواییدا بوو بە مـودیری ناحیە.

– ئەحمەد رەفیق (قوتابی) مەبەستی لە ئەحمەد رەفیقی حاجی فەرەج حاجی حامیدە.

– نەزهەت ئەفـەندی مـەبەست لە (نزهت فـتـاح)ە کـە باوکی جـەلال و حوسامەدین بوو.

– واحید ئەفەندی مەبەست لە عەبدولواحید نوورییە.

– خالید ئەفەندی مەبەست لە خالید سەعید عەبدوڵڵایە.

– ئامادەیی جەرگەیی (وەرگێڕانی اعدادی مرکزی بەغدایە) بە کوردی!!

– من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) (خوێندنی سەرەتایی)م لە قوتابخانەی فەیسەڵییە تەواو کرد.

لە ١٩٣٥دا سـاڵح قـەفـتـان بەڕێوەبەر بوو. ئێسـتـاش ئەو ڕۆژەم لەبیـر ناچێتەوە لە پۆلی یەک بووین. وا دیاربوو ساڵحە فەنی گوێی لە تاو و تێژی منداڵە ورتکە بووە. ناردی بە شـوێنمـانا کـە پێی بڵـێین کێ ئەو هـەرایەی کردووە، کـەس نەیدەزانی کێیە چونکە ئەگەر وا بوویێ هەمـوومـان بووین، یەکی سـەر چوار حـەیزەرانی مـزری بە لەپی دەسـتـمـان دا. تا دوو ڕۆژ ئاوساوییەکەی نەنیشتەوە. دوای ئەو مـامـۆستـا (عـەلی ئاگـاھ) هات. بەڕاسـتی مـامـۆسـتـایەکی دەرهاتوو بوو لە بەڕێوەبردنی قـوتابخـانەدا (هەرچەندە سەری خۆی و مناڵەکانی بە چەقۆ ئەتاشی)، لە ساڵی ١٩٤٠دا

فوئاد رەشید بوو بە بەڕێوەبەر. ئەوسا من گەیشتبوومە پۆلی شەش.

– مامۆستاکانمان لە بیرم مابن. ساڵح عەلی. عەبدولڕەحمان ناو (عەرەب بوو قاچێکی شکابوو، دەبوایە دەست بە کڵاوەی ئەژنۆیەوە بگرێ ئینجا بڕوا)، خالید ئەفەندی سەعید عەبدوڵڵا. رەشید کەریم ئەفراسیاب، یەعقوب ئەفەندی لە دیانەکانی عینکاوە بوو، عەزیز محەمەد قادر لە دواییدا چوو خوێندنی باڵای تەواو کرد هەروەها فازڵ عیرفان، عوسمان سەعید مەلا عەباس، ئەحمەد فەخری ئەمین، فلیب بەشیر، جەلال محەمەد سەیفوڵڵا و ساڵح سەعید (ئەویش لە دواییدا چوو خوێندنی باڵای تەواو کرد) و هەندێکی تر.

– قوتابخانەی فەیسەڵییەی لە سەرەوە چوار ژووری هەبوو بۆ چوار پۆل و لە خوارەوە چوار ژوور دوانیان بۆ پۆلی یەک و دوو، دووانەکەی تر ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە و ژووری مامۆستاکان بوون. لە دەرەوە واتا لە حەوشە (ئاودەستخانە) و (مەرکانەی ئاوخواردنەوە هەبوو).

**هەندێک لەو قوتابیانەی لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی شەشەم لە قوتابخانەی فەیسەڵییە لە گەڵماندا بوون:**

محەمەد سەعید ئیبراهیم، حەمەی سەید برایم (مراقبمان بوو) مەحموود ئەمین چتیر (مەحمودی لالە مین)، ئەکرەم سەید ئەمین، فایەق عارف، عەلی قادر سابوونکەرانی، موراقیبمان بوو، فەوزی نەشئەت، کەمال حاجی ئاغا، کازم موسا، مەزهەر جاسم، (باوکی کارەبای سلیمانی ئیش پێ ئەکرد)، ساڵح ئەمین باڵدار، ئیبراهیم سەعید (حمون). محەمەد فوئاد مەجید، کامل جەمیل ساڵح (باوکی مدیری برید بوو)، شامل ساڵح زەکی (باوکی متصرف- پارێزگاری سلێمانی بوو)، رەشید مەجید (برای محەمەد فوئاد مەجید بوو)، ئەنوەر عارف مەجید، حوسێن تۆفیق ئەحمەد، قوتبەدین زەینەدین، عەلی حوسێن بەگی جاف، محەمەد محیەدین، ساڵحی وەستا

مەحموود (ئەویش هەر مراقبمان بوو)، عەبدولستار عەبدولجەبار و بەدیع عەبدولجەبار ئەلشیخلی، سدیق عەبدوڵڵا سەبری و مەجید عەبدوڵڵا سەبری.
جەمال قادر عەزمی (جەمال عەبدلقادر عەزمی بابان).

**چۆن قوتابخانە- بۆ کچان (لە سەرەتاوە) کرایەوە؟**

یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانیدا کرابێتەوە، لەسەر دەستی گوزیدە خانمدا بوو کە خێزانی عەبدولعەزیز یامولکی کوڕی حاجی مستەفا پاشای یامولکی بوو.

کاک غەفوور میرزا کەریم لە رۆژنامەی هاوکاری رۆژی ١٩٨٣/٦/٢٣دا بەمجۆرە باسی کردنەوەی مەکتەبی کچان دەکات کە ئەویش لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (١٣) ساڵی ١٩٢٦ی وەرگرتووە:

مەکتەبی کچان

لە ئیعتباری ٢١ نیسانی ١٩٢٦ رۆژی چوارشەممە، مەکتەبی کچان دەستی کردووە بە قەید و قبوڵی قوتابی. ئەوانەی حەز ئەکەن کچەکانیان بخەنە مەکتەبەوە. لە تاریخی مذکورەوە موراجەعەت بە ئیدارەخانەی مەکتەب بفەرموون لە خانوەکەی علی بەگ فتح الله بەگ.

هەر لەو رۆژنامەیە و لە هەمان ژمارەدا شتێک نووسراوە (ژن و تأسیراتی لە حیاتی مدنیەتدا بە قەڵەمی مودیرەی مەکتەبی کچان گوزیدە عزیز خانم).

لە دواییدا گوزیدە خانم بڕیاری دا کە سەرکەوتن و پێشکەوتنی ساڵێکی قوتابیەکانی، بەتایبەتی لە رووی نەخش و نیگار و دروومانەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بایەخدان بە کۆششیان، ئەمانە بخاتە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵک تاکو لە سەرێکەوە قوتابیەکان پشت ئەستوور بن بە خۆیان و باشتر ئەرکی سەرشانیان بەرن بەڕێوە و چاکتر خۆیان پێ بگەیەنن و پێشکەون، لە لایەکی ترەوە ئەو کارە ببێتە پاڵ پێوەنەر بۆ پیاوان و دایکانی کورد، تاکو بۆ

فراوان و گەورەکردنی ئەم دەستکەوتە لە کۆشش نەکەون. بۆ ئەم مەبەستە لە ژیانی ژمارە (٧٢)ی ساڵی ١٩٢٧دا ئەم ئاگادارییەیان بڵاو کردەوە:

(ئیعلان)

سەنەی تەدریسیەی ١٩٢٦-١٩٢٧ی مەکتەبی کچانی سلێمانی تەواوبوو. ئەو نەخش و درومانەی کە لە ساڵی مەذکوردا بەدەست و سەعی قوتابیەکان هاتۆتە وجود، رۆژی جومعە و شەممە کە تصادفی ٨-٩تەمموز ١٩٢٧ ئەکات بۆ پیاوان و رۆژی یەک شەممە و دوو شەممە کە بەر لە ١٠-١١ مانگ ئەکەوێ بۆ ژنان لە بینای مەکتەبدا ئەخرێتە ساحەی تەماشاوە لە ژن و لە پیاو، ئەو کەسانەی ئارەزووی بینینی ئەکەن، لە میعادی موعەین دا، تشریف بفەرمون.

مدیرەی مەکتەبی کچان

جا لەبەر ئەوەی بینای مەکتەبی کچان بەرپووت و بێ کەڵک بوون لەگەڵ ئارەزووی پێشکەوتنی قوتابیەکاندا نەدەگونجا، بۆیە رۆشنبیرانی کورد بۆ دابینکردنی جێگایەکی تایبەتی کەوتنە کۆشش تا لە ئەنجامدا بە تەقەڵای هەموو لایەک و لە سەرووی هەموویانەوە مامۆستا ئەمین زەکی بەگ ئەم ئاواتەی هێنایە دی. بۆیە رۆژی ٢٠ی ئەغستۆس ساڵی ١٩٢٧ وەزیری مەعاریف ئەمین زەکی بەگ بۆ دانانی بەردی بناغەی مەکتەبی کچان، هات بۆ سلێمانی. بەم بۆنەیەوە رۆژنامەی ژیان ژمارە-٧٩-ی ئەغستۆسی ساڵی ١٩٢٧ لە سەروتاردا بە ناونیشانی (بە مناسەبەتی دانانی بەردی بناغەی مەکتەبی کچانەوە مەراسیمی ئیحتیفال) وتارێکی بڵاو کردەوە کە وا رۆژی شەممە رێکەوتی٢٠ی ئەغستۆسی ١٩٢٧ بە سەرپەرشتی وەزیری مەعاریف پەروەر مامۆستا ئەمین زەکی بەگ و بە بەشداربوونی بەرێز موتەسەریف و کاربەدەستانی شار و رۆشنبیرانی تێکرا لەسەر بناغەی قوتابخانەی کچان

کۆبوونـەوە. لە پێشدا لەلایەن خـەتیبی مـزگـەوتی گـەورەوە، وتارێکی بەنرخ خـوێنرایەوە کـە بە ئایـەتی قـورئانی پیـرۆز و حـەدیسی پێـغـەمـبـەر (د.خ) پیشانیدا کە پیاو و ژن پێویستە، بە یەک چاو تەماشا بکرێن لە کۆمەڵگەدا و خـوێندن و فـێربوون بۆ هەردوولا پێویسـتـە، پاشـان مـامـۆسـتـا ئەمین زەکی بەگ، بە دەستی پیرۆزی یەکەمین بەردی بناغەی ئەم بینایەی دانا و وتەیەکی کورتی بـەنرخی جـوانی خـوێندەوە، تێدا بـایەخێکی زۆری بە کـردنەوەی ئەم مـەکـتـەبە دا و سـوپاسـێکی زۆری ئـەو کـەسـانەی کـرد کـە لە کـردنەوەی ئەم قوتـابخانەیەدا بەشـدارییان کـردووە. لە دواییدا لەلایەن بەڕێز فـائق زێوەرەوە وتارێکی پوخت خوێنرایەوە ئیتر کۆتاییی بە کۆبوونەوەکە هێنرا.

لە دواییـدا بۆ پـاڵ پێـوەنـان و هـاندانـی برا و بـاوکــان ناردنی خــوشـک و کچەکانیـان بۆ قوتابخانە و فێربوون لەناو قوتابیـانی قوتابخانەدا، ئەم دەنگە دلێـرەی خـوارەوە بۆ کـچـانـی هـەژاری کـورد دەرچوو.. تا کـچـانیـش تەوقی نەزانین بشکێنن و بەرەو ترووسکەی خـوێندەواری برۆن، بەشداری خۆیان لە کاروانی پێشکەوتن و سەرکەوتنی نیشتمانیدا بنوێنن.

ژیـانی ســـاڵی (٢) ژمـــارە (٢٥٨٧) ٢٥ تـشـــرینـی ئەوەڵ ١٩٢٧ (تـازە وریابـوونەوەی کــورد ئەی بـاوک و براکــانمان ورد ورد لێکی بدەنەوە بزانن ئەمسـاڵ لـەگەڵ پار، لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەرامبەر راگرن، تێدەگەن چەندی فـەرقـە. وەکـو ئێـسـتـا وریابـوونەوە ئەگـەر بە لایەنی کـەمـەوە، پەنجـا سـاڵ لەمــەوپێش ئەم فکرەتان بکردایە وا لە ژێر ئـەسـارەتدا نـە ئەڕزان و لە ژن و پیـاو هـەزاران فـیدایی وەتەن خـادیم و خـادیمەی میللەت و مـعـارف پەروەردە ئەکرا.

ئێسـتـاش هـەر باشــە، تعصب و فکری کۆنی تعقیـب مـەکـەن، بمان نێرنە مکتـبی ئەجنـەبیـەکـان قـەدری وەتـەن و لەزەتی مـعـارف تـێـبگەن و کـەڵکی وەتەنەکـەمـان بگرین. چونکە ئەم کەڵکە لەسـەر ژن و پیـاو، کچ و کورِ فـەرزە بەناوی هەموو کچە هەژارەکانەوە عەرزم کردن

مەکتەبی کچان– صنفی ٣– شفیقە سعید.

جا بۆ ئەوەی بۆ خوێندەواری بەڕێز روون بێتەوە، کە ئایا ئەم قوتابخانەی کچانە چی بەسەر هات و چەند جێگۆڕکێی پێ کرا..؟ وا لێرەدا روونی دەکەینەوە:

ئەم قوتابخانەیە لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ لای مزگەوتی گەورە و ناوی (زەهرا)ی لێ نرا کە ئەمیش لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ سەرگۆل لە گەڕەکی دەرگەزێن و بەڕێوەبەری فاتمە خانی محیەدین ئەفەندی بوو.

قوتابخانەی (صدیقة) هاتە جێی (زهرا) سەروو مزگەوتی گەورە و بەڕێوەبەری (زەهرە خان کچی حاجی مستەفا پاشا و لەم دواییەدا ژنی عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف) کە بە (زارا زێڕین تاج) ناودەبرا.

– جا وەک کاک ئەکرەمی سالحی رەشە هەر لە سەرچاوەی پێشوودا کە ئاماژەمان بۆ کردووە دەڵێت: دووەم قوتابخانەی سەرەتایی گۆیژەی کچان لە گەڕەکی قەزازەکان لە گەڕەکی گۆیژە بوو. بەڕێوەبەرەکانی ئەم قوتابخانەیەش:

١– مەلیحە خانی شێخ سەلام (مەلیحە خانی کچی شێخ قادر نووری و خێزانی عەبدوڵڵا نووری کە مامۆستای عەرەبی بوو لە سانەوی).

٢– زینات خان کچی ئەحمەد موختار قازی.

٣– ئامینە خانی حەسەن ئاغا خێزانی کەمال بەگی عەزمی بەگی بابان.

– قوتابخانەی سەرەتایی عیراقیە: لە کۆڵانی پشت مزگەوتی گەورە لە خانوەکەی ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ (متصرف). بەڕێوەبەری:

١– زەکیە رزوقی قەسطو.

٢– پەروین مستەفا.

٣– صەبریە حسێن ناظم.

**قوتابخانەی ناوەندی کچان- سانەوی کچان**

وەک کاک ئەکرەم نووسیویە: لە ساڵی ١٩٣٨ بۆ یەکەم جار لە شوێنی (صدیقة)ی سەرەتایی کراوەتەوە و بەڕێوەبەری زارا خانی کچی حاجی مستەفا پاشای یامولکی و دوای ئەویش عەتیە گرابێت خێزانی وەدیع فەتحوڵڵا میرزا بوو.

(صدیقة)ی سەرەتایی کە کرا بە ناوەندیی گوێزرایەوە پشت ماڵی بابا عەلی شێخ مەحموود بۆ خانووەکەی حاجی مەلا فەرەج.

ئەوسا بەڕێوەبەری: فاتمە خانی ساڵح قەفتان بوو، دوای ئەوەش قوتابخانەکە گوێزرایەوە تەنیشت ماڵی فەقێ رەشیدی قەشان لە گەڕەکی چوارباخ و بەڕێوەبەری لە ساڵی ١٩٥٣دا شەفیقە سەعید خێزانی عوسمانی قادر ئاغا بوو.

لە پاش ساڵی ١٩٤٧ سانەوی کچان کرایەوە هەر لە شوێنی (متوسطة) کە بەڕێوەبەری:

١- گوڵنار ئەحمەد موختار.

٢- نەزیلە سەعید شێخ حوسێن.

٣- سەبیحە حەسەن جەراح (ژنی سلیمان ملاح مووسڵاوی بوون).

٤- نەسرین مستەفا مەزهەر ساڵی ١٩٥٨.

٥- درەخشانی حەفید.

* دوای ئەوەندەش ئەم قوتابخانانە کرانەوە:

- سەرەتایی مەلیکە عالیە لە ئەسحابەسپی و بەڕێوەبەری شەفیقە سەعید بوو.

- سەرەتایی (تاج) لە خانووەکەی رەفیق حلمی نزیک ئەسحابەسپی بەڕێوەبەری شەفیقە مەحموود ژنی عوسمانی سەعیدی مەلا عەباس بوو.

- سەرەتایی مەڵکەندی لە پیرمەسوور بەڕێوەبەری ئەختەر ساڵح مەلا عەباس بوو.

- خانەی مامۆستایان (دار المعلمات)ی سەرەتایی کچان ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا. شوێنەکەی لە خانووەکەی نووری بەگی حەمە بەگدا بوو لە شەقامی مەولەوی، بەڕێوەبەری غەنییە خان کچی مێژوونووس عەباس عەزاوی و خێزانی غەفووری حاجی ئاغا بوو.

- قوتابخانەی تێکەڵاو (مختلطة) پشت باخی گشتی، بەڕێوەبەری سوعاد حەکیم بوو.

- باخچەی منداڵان- روضة الاطفال- لە شوێنی باخی میللی بەرامبەر مزگەوتی گەورە بەڕێوەبەری کافیە خانی رەفعەت ئەفەندی بوو.

- قوتابخانەی هونەری ماڵداری (مدرسة الفنون البيتية) ساڵی ١٩٥٧- ١٩٥٨ کرایەوە. لە پێشدا شوێنەکەی سانەوی کچان بەرامبەر ماڵی شێخ قادر بوو. ئەوسا بەڕێوەبەری نەسرین خان مستەفا مەزهەر لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ لە دواییدا گوێزرایەوە شوێنی مەخزەنی مەعاریف و بەڕێوەبەری گەلاوێژ عەزیز فەرەج بوو.

دوای ساڵی ١٩٥٨ ئەم قوتابخانانەی کچان کرانەوە:

- قوتابخانەی نیشتمان: تەنیشت ماڵی فەقێ رەشیدی قەشان (حديقە کۆن)، بەڕێوەبەر- شەفیقە سەعید بوو.

- قوتابخانەی سەربەستی (مەلیکە عالیەی کۆن)، بەڕێوەبەری بەهیە فەتحوڵڵا بوو.

- قوتابخانەی گوڵاڵە: لە گەڕەکی دیانەکان (زەهرای کۆن)، بەڕێوەبەری مەعسومە ساڵح بوو.

- قوتابخانەی رووناکی: لەپشت یانەی فەرمانبەرانەوە، بەڕێوەبەری رافدە نەشئەت ئەحمەد بوو.

– قوتابخانەی خانزاد: لەسەر شەقام شیوی قازی، بەڕێوەبەری مونیرە ساڵح قەفتان بوو.

– قوتابخانەی خەبات: نزیک ماڵی حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا لە گەڕەکی گۆیژە، بەڕێوەبەری لەتیفە نووری قەفتان بوو.

– قوتابخانەی ئازادی (تاجی کۆن)، بەڕێوەبەری شەفیقە مەحموود بوو.

– قوتابخانەی بڵێسە: پشت یانەی فەرمانبەران، لەگەڵ قوتابخانەی رووناکیدا یەکیان گرت، بەڕێوەبەری بەدریە عەلی خێزانی حەمە ساڵحی عەنبەر بوو.

– قوتابخانەی ئازادیی ئێواران، بەرامبەر ئەسحابەسپی، بەڕێوەبەری مەلیحە کەریم بوو.

قوتابخانەکان بەگوێرەی گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٧

(لە کتێبی شاری سلێمانی)یەوە:

| قوتابخانە | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|
| سانەوەی کوڕان | ١ | ٣٢٠ | ١٤ |
| ناوەندیی کچان | ١ | ١٠٠ | ٣ |
| سەرەتایی کوڕان | ٨ | ١٦١٠ | ٥٢ |
| سەرەتایی کچان | ٥ | ٧٦٠ | ٢٩ |
| هەمووی | ١٥ | ١٧٩٠ | ١٠٩ |

ژمارەی قوتابخانە و جۆر و پلە و ژمارەی مامۆستا و
قوتابیەکانی دەوروپشتی ساڵەکانی ١٩٥٤-١٩٥٦ بەگوێرەی
(فایل)ی ئەو سەردەمە:

| قوتابخانە | پلەی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابی | گەڕەک |
|---|---|---|---|---|
| سانەوی کوڕان | ئامادەیی | ٢٥ | ٥٦١ | چوارباخ |
| ناوەندی کوڕان | ناوەندی | ٩ | ١٣٥ | دەرگەزێن |
| سانەوی کچان | ئامادەیی | ١٥ | ٢٦٥ | کانیسکان |
| پیشەسازی کوڕان | ناوەندی | ١٧ | ١٥٨ | چوارباخ |
| دار المعلمین ابتدائی | دار المعلمین | ٢ | ١٠٤ | چوارباخ |
| دار المعلمات کچان | دار المعلمات | ؟ | ٣٩ | کانیسکان |
| سانەوی شەو کوڕان | ئامادەیی | ؟ | ١٨٢ | گۆیژە |
| فصیلیەی کوڕان | سەرەتایی | ١١ | ٣٥٤ | گوێژە |
| گۆیژەی کوڕان | سەرەتایی | ١٠ | ٢٩٧ | گۆیژە |
| غازی کوڕان | سەرەتایی | ١٢ | ٣٧٦ | مەڵکەندی |
| خالدیەی کوڕان | سەرەتایی | ٨ | ٢٥٣ | سەرشەقام |
| أیوبیەی کوڕان | سەرەتایی | ٧ | ٢٤٢ | چوارباخ |
| کانێسکانی کوڕان | سەرەتایی | ١١ | ٢٣٠ | کانێسکان |
| امیر عبدالاله کوڕان | سەرەتایی | ٧ | ١٩٧ | گۆیژە |
| صلاح الدین کوڕان | اولی | ٧ | ٢٣٤ | گۆیژە |
| هەمووی | | ١٤١ | ٣٧٢٧ | |
| سەرشەقام- کوڕان | سەرەتایی | ٧ | ١٩٦ | سەرشەقام |
| صدیقەی کچان | سەرەتایی | ٩ | ٢٣٥ | چوارباخ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گۆیژە کچان | سەرەتایی | ١١ | ٣٠٨ | مەڵکەندی |
| زهراء- کچان | سەرەتایی | ٨ | ٢٨١ | دەرگەزێن |
| عراقیەی کچان | سەرەتایی | ٩ | ٢٢٦ | کانێسکان |
| مختلطەی کچان | سەرەتایی | ١٠ | ٣٠٩ | کانێسکان |
| تاج- کچان | سەرەتایی | ٧ | ٢٣١ | کانێسکان |
| مەلیکە عالیە-کچان | سەرەتایی | ٥ | ١٢٦ | گۆیژە |
| مەڵکەندی کچان | سەرەتایی | ٥ | ١٤٩ | مەڵکەندی |
| هەمووی | | ٢٢١ | ٥٧٨٨ | |

ژمارەی قوتابخانە و جۆر و پلە و ژمارەی مامۆستا و قوتابیەکانی (دوای ئەو سالانەی سەرەوە) بەگوێرەی (فایل)ی ئەو سەردەمە:

| قوتابخانە | پلەی | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|---|
| سانەوی کوڕان | ئامادەیی | ٢٣ | ٦٣٩ |
| سانەوی کچان | ئامادەیی | ١٩ | ٤٥٠ |
| متوسطەی کوڕان | ناوەندی | ١١ | ٢٦٦ |
| متوسطەی شۆڕش | ناوەندی | ٦ | ١٣٥ |
| دار المعلمات کچان | ناوەندی | ٣ | ٩٤ |
| الفنون البينيه کچان | ناوەندی | ٤ | ٥٥ |
| دار المعلمین کوڕان(ئێواران) | | ١٣ | ٢٠٢ |
| دار المعلمین کوڕان ئێواران | | ٠٠ | ٥٧ |
| متوسطه الصناعه مع | | ٢٤ | ٢٤٤ |
| الصف المسائی کوڕان | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| اعداديه الزراعه كوڕان | | ١٢ | ١٤٨ |
| سانەوی نقابەی مامۆستایان کوڕان/ ئێواران | | ٢٧ | ٢٩١ |
| دەورەی تەربەوی بۆ پیاوە ئاینییەکان | | ١٤ | ١٢٨ |
| باخچەی منالآن | اولی | ٣ | ٦٠ |
| ڕووناکی کچان | سەرەتایی | ١١ | ٣٠٠ |
| نیشتمانی کچان | سەرەتایی | ١١ | ٣٢٥ |
| نیشتمانی کچان ئێواران | سەرەتایی | ١٧ | ١٠٥ |
| گۆیژەی کچان | سەرەتایی | ١٥ | ٤٤٠ |
| گولآڵەی کچان | سەرەتایی | ١١ | ٢٥٢ |
| عیراقیەی کچان | سەرەتایی | ٩ | ٢١٤ |
| سەربەستی کچان | سەرەتایی | ١٠ | ٢٧٣ |
| ئازادی کچان | سەرەتایی | ٧ | ١٩٠ |
| ئازادی ئێوارانی کچان | سەرەتایی | ١٩ | ١٦٣ |
| مەڵکەندی کچان | اولی | ٦ | ١٥٤ |
| خانزاد کچان | اولی | ١٠ | ٢٤٠ |
| خانزاد کچان ئێواران | اولی | ١٦ | ٢٣٢ |
| بڵێسەی کچان | اولی | ٦ | ١٩١ |
| خەبات کچان | اولی | ١١ | ٣٥٤ |
| سەرکەوتن- کوڕان | سەرەتایی | ١٢ | ٣٥٦ |
| سەرکەوتن- کوڕان ئێواران | سەرەتایی | ٢٤ | ٣١٨ |
| پیرەمەگرون کوڕان | سەرەتایی | ١٢ | ٣٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پیرەمەگرون کوڕان ئێواران | اولی | ١٩ | ٢٩٨ |
| گۆیژەی کوڕان | سەرەتایی | ١٠ | ٣٠٢ |
| سەیوان کوڕان | سەرەتایی | ١١ | ٣١١ |
| خالدیەی کوڕان | سەرەتایی | ١١ | ٣٥٧ |
| خالدیەی کوڕان ئێواران | اولی | ١٦ | ١٢٤ |
| أیوبیە کوڕان | سەرەتایی | ٩ | ٢٨٣ |
| أیوبیە کوڕان ئێواران | اولی | ١٦ | ٢٨١ |
| کانیسکان ئێواران | سەرەتایی | ٩ | ٢٨٦ |
| کانیسکان ئێواران | سەرەتایی | ١٧ | ٢٦٨ |
| بارزان- کوڕان | سەرەتایی | ٩ | ٢٤٢ |
| بارزان- کوڕان ئێواران | اولی | ٨ | ٩٩ |
| سەرشەقام کوڕان | سەرەتایی | ١٥ | ٤٩٣ |
| صلاح الدین کوڕان | سەرەتایی | ٨ | ٢٠٤ |
| صلاح الدین کوڕان ئێواران | اولی | ٧ | ٥٦ |
| بێکەس کوڕان | سەرەتایی | ١٠ | ٢٤٧ |
| جمهوریە کوڕان | سەرەتایی | ٨ | ٢٠٩ |
| زێوەر کوڕان | سەرەتایی | ٧ | ٢٠٨ |
| مەولەوی کوڕان | اولی | ٥ | ١٥٣ |
| النجاح کوڕان | سەرەتایی | ٧ | ٥٢ |
| مرکز مکافحەی امیە بۆ پۆلیس | اولی | ١ | ٢ |
| مرکز مکافحەی امیە بۆ بەندیخانەی سلێمانی | اولی | ٥ | ٦٠ |

ژمارەی قوتابخانە و جۆر و پلەیی و ژمارەی مامۆستا و
قوتابیان لە هەموو پارێزگای سلێمانی:

| قوناغەکان | ژمارەیان | ژمارەی مامۆستا | | | ژمارەی قوتابی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پیاو | ژن | کۆ | کوڕ | کچ | کۆ |
| باخچەی ساوایان | ١٧ | | ١٧٠ | ١٧٠ | ١٤٧٤ | ١٥٦٩ | ٣٠٤٣ |
| سەرەتایی | ٧٢٥ | ٣٥٦٩ | ٦٠٤٤ | ٩٦١٣ | ٦١٠٦٦٣ | ٨٤٨٤٦ | ٢١٩١٢٨ |
| دواناوەندی | ١٩٢ | ١٢٧٨ | ١٣٥٢ | ٢٦٣٠ | ٣٢٦١٦ | ٢٧٤٧١ | ٦٠٠٨٧ |
| پەیمانگا | ٣ | ٨١ | ٥٢ | ١٣٣ | ٦٦٥ | ١٠٧٤ | ١٧٣٩ |
| پیشەیی | ١١ | ٢١٣ | ١٩٣ | ٤٠٦ | ١١٣١ | ٨٤٣ | ١٩٧٤ |
| کۆی گشتی | ٩٤٨ | ٥١٤١ | ٧٨١١ | ١٢٩٥٢ | ٢١٤٢٥٢ | ١١٥٦٠٣ | ٥٢٥٨١٢ |

سەرچاوە: ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی

**بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی سلێمانی (مدیریی معارف- مدیری تربیە لە سەرەتاوە):**

- (معارف)ی سلێمانی ساڵی ١٩٣٤ هەتا ١٩٣٦ بە کەرکووکەوە بەندبوو.
- رەشید کابان ساڵی ١٩٣٦
- مصطفی مظهر ساڵی ١٩٣٩
- صالح سعید قادر ساڵی ١٩٤٧
- احمد رفعت دوغرەمچی ١٩٥٣
- عبدالمجید حسن وەلی ساڵی ١٩٥٤
- عزیز محمد قادر ساڵی ١٩٥٤
- شاکر علی تکریتی
- عبدالمجید حسن وەلی (بۆ جاری دووەم)

- صالح سەعید قادر (بۆ جاری دووەم) ساڵی ١٩٥٧
- موسا صمد سعدالله ساڵی ١٩٥٩

سەرچاوە: کتێبی شاری سلێمانی ل٤٦٤

**ئاهەنگی نەقابەی مامۆستایان**

رۆژی ١٩٦٨/٦/٣٠ نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی لە یانەی فەرمانبەران ئاهەنگێکی بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە گێڕا کە زیاتر لە نیوەی ژیانی خۆیان بۆ فێرکردنی قوتابیانی نەتەوەکەمان بەخت کردبوو. لەم ئاهەنگەدا زیاتر لە (٢٠٠) کەس لە مامۆستایان و کاربەدەستان و دانیشتووانی شار بانگ کرابوون. نەقیبی مامۆستایان دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار ئەلجواری و نوێنەری نەقابەی مامۆستایانی هەولێر مامۆستا عومەر ساقی و سەرۆکی لقی نەقابەی مامۆستایان لە مووسڵ هاتبوون.

لەم ئاهەنگەدا مامۆستا موسا سەمەد بەڕێوەبەری پەروەردە و کەمال محەمەد ئەمین موفەتیشی پەروەردە و سکرتێری نەقابە و مامۆستا ئەحمەد ئیبراهیم موفەتیشی پەروەردە و مامۆستا فوئاد رەشید بەکر وتاریان خوێندەوە ئینجا دکتۆر جواری دەستی کرد بە دابەشکردنی خەڵات بەسەر ئەو مامۆستایانەی ناویان لەمەودوا دێ و خەڵاتەکان بریتی بوون لە دروشمێکی نەقابەکە لەسەر زێڕ وێنەی کێشرابوو لە پشتەکەشی نووسرابوو (نقابة المعلمين في السليمانية تكرم العاملين في خدمة التعليم).

ئەو مامۆستایانەی کارکەنار کرابوون لەم ئاهەنگەدا خەڵاتیان وەرگرت ئەم چواردە مامۆستایانەی خوارەوە بوون:

١- مامۆستا فؤاد رشيد بكر: موفەتیش.

٢- مامۆستا احمد صالح موصلي: بەڕێوەبەری قوتابخانەی نەجاح.

٣- مامۆستا طاهر يحيى بابان: بەڕێوەبەری قوتابخانەی بێکەس.

٤- مامۆستا رشید کریم افراسیاب: یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەیووبیە.

٥- عەبدالخالق خالد سعید: مامۆستای قوتابخانەی جمهوری.

٦- شفیقە سعید: بەڕێوەبەری قوتابخانەی وەتەن.

٧- مصطفی عەبدولرەحیم: ژمارياری قوتابخانەی سانەوی کوڕان.

٨- صالح قفطان: بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٩- علی کاکە امین: مامۆستا.

١٠- عبدالرحمن نسیب: مامۆستا.

١١- بدریە عباس: بەڕێوەبەری قوتابخانە.

١٢- فاطمە عەلیە محێدین: بەڕێوەبەری قوتابخانە.

١٣- بهیجە عزیز: مامۆستا.

١٤- احمد فخری: مامۆستا.

(لە گۆڤاری سلێمانی بڵاوکراوەی شارەوانی
ژمارە "٢ ساڵی ١٩٦٨" بەکورتی وەرگیراوە).

**مێژووی نوشداری و تەندروستی لە سلێمانیدا:**

لە سەرەتاوە نەک هەر لە سلێمانیدا، بەڵکو لە گشت لایەکی کوردستاندا بڕوا زیاتر بە (پیر) و (شێخ) و (سەید) و (مەلاو نوشتەی مەلا) و (قسن) و (جێ نزرگە- نزرگا) و (مەرقەدی پیران) و... گەلێک شتی تر لەم بابەتە بووە خەڵکی بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشی و (مقصود حاصل بوون) دەچوونە زیارەتی (پیرەمەگروون) و (پیرمەسوور- پیر منصور) و (سەی سادق) و (میری سوور) و (پیر میکائیل) و (کانی با).. ئینجا سەردان و زیارەتی گۆڕی پیرۆزی فلان شێخ و فلان سەید.. کە ئەمانە هەموو لە بڕوایەکی ئاینی بێگەردەوە هەڵدەقوڵان و لە ناخی دەروونەوە ئاراميیەکیان تێ دەگەڕا،

له کاتێکدا، که ئەو پیاوه ئاینییه بەڕێزانه هەرگیز خۆیان به پزیشک و نۆشدار نەناسیوه. تەنها لەم دواییەدا نەبێ کە هەندێک لەوانه بۆ پەیداکردنی دەسەلات و دەستکەوتی ماڵی گەلێک شتی وایان دەکرد که زۆر دوور بوو له ڕێڕەوی تەندروستییەوه و تا ئێستاش لەسەری دەڕۆن و بەدوای کتێبی (داودەرمانی کۆنا) دەگەڕێن و ئەو دەرمان و شتانەی که هەن دەیدەن بەو خەڵکه بەستەزمانانه. له کاتێکدا که دەرمان دروست دەکرێت لەلایەن هاوکاری و دەستگا تەندروستییەکانەوه چەندەها تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێ و به پاک و تەمیزی دەکەوێته بازاڕەوه، نەک بەو شێوه پیس و کۆن و ناشیرینەی که ئەو کەسانەی باسمان کردن دەیدەن به خەڵکی هەژار.

وەک بیستوومه و خوێندوومەتەوه پیاوێکی ئاینی گەوره و پیرۆزی وەک (حاجی شێخ مارفی نۆدێ) هەرگیز بەلای ئەم شتانەدا نەچووه، بەڵێ دوعای خێر و چاکبوونەوەی بێگومان بۆ ئەو نەخۆشانه کردووه کە چوونه لای بەڵام دەرمانی نەداونەتێ، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیه ئەو نامەیەیه کە حاجی شێخ مارف له کاتی خۆیدا بۆ (مستر ریچ)ی ناردووه و ریچ له یاداشتەکەی ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٢٠دا له ل٢٢٦ باسی دەکات کەوا هەر دەقەکەی به عەرەبی دەنووسینەوه:

الى كبير قومه باليوز بك

(السلام على من اتبع الهدى، الذي أباركه و ارجوا له هدايته الي الصراط المستقيم: في بدني طفح جلدي مستديم منذ عدة اشهر. فأملي ان تكتبوا الي وصفة قد اشفي باستعمالها فادعو لكم بالخير. و لدي صديق حميم وهو الآن مثقل بالضعف البدني الحاد. فاذا كان لهذا الداء من دواء فأرجو ان تبينوا لنا خصائصه فيعود مريضنا مسرورا الى حالته السابقة وارجو الا تقطع الرجاء للاهتداء الى عبادة الله و الى نوال السعادة التامة).

الفقير: معروف

کە مستەر ریچ هاتووەتە سلێمانی وەک لە شوێنێکی تری کتێبەکەدا باسمان کردووە. نەخۆشی ئاوڵە بڵاو بووەتەوە بەتایبەتی لەناو منداڵاندا. ریچ خۆی و ژنەکەی دەستی نۆشدارییان هەبووە، جگە لەوەی نۆشداری باڵیۆزخانەشیان لەگەڵ بووە. هەوێنی دەرمانی کوتانی ئاوڵەیان هێناوە یاخۆ کێش کردووە. بەڵام کارێکی ئەوتۆی نەبووە. تەنها دوومنداڵ نەبێ رزگاریان بووە و باقی هەموو ئەمانەی کە تووش بوون بە نەخۆشی ئاوڵە مردوون.. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پزیشک یاخۆ نۆشداری خۆیی بێ خوێندن و بێ نەخۆشخانە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئیشکردن (ممارسة) زانیارییان کەم تا بێژێک وەدەست هێناوە.. ئەمەی لەمەودوا دێت ناوی هەندێک لەو هونەرمەندانەیە لە سەردەمی بابانەکاندا:

– کەرەم بەخش ناو لەسەردەمی سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالاندا پێش دروستکردنی شاریدا بووە.

– میرزا ئەلبەدیعی حەکیم باشی (باباجان) لە سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشادا (١٨٢٩–١٨٣٨) تا سەردەمی عەبدوڵڵا پاشا واتا تاکو ساڵی ١٨٤٥ دەوامی کردووە.

– حسێن ئەفەنی کوڕی میرزا بەدیعی باباجان کە تاکو ساڵی ١٩٢٠یش بەدواوە ژیا (١٨٧٠–١٩٢٤) و خوێندنی نۆشداریشی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردبوو.

حەکیمەکانی ئەم دواییە (واتا لە سەردەمی عوسمانی بەدواوە) ناودارەکانیان ئەم زاتانە بوون:

سەید مستەفای سەید قادر و سەید عەلی کوڕی، حەکیم برایمی جوولەکە و ژنەکەی و عەزەی کوڕی، شێخ فەتحوڵڵا و شێخ رەشیدی کوڕی، حەمەی نادر (باوکی عوسمان کە ئێستا کوڕەزاکەشی هەر نۆشدارە)، حەمەی نادر گژوگیای لە ئیشەکەیا زۆر بەکار هێناوە، ئامە تەتە، خەجێ شەل، مامەمین،

مەولەوی (ئەمە مەولەوی شاعیر نییە)، دەروێش قادری کانی وەیسە، میرزا خاس، مەحموود بەگ و کەریم بەگ کوڕانی ئەمین بەگ، تۆفیق عەنتەر، ئەحمەد ئاغای چاوبڕ، مەلا شەریف، شێخ عەلادینی بیارە و شێخ عوسمانی کوڕی، هۆزی شێخ هیدایەت لە هەورامان، جافری شێخ فەتاح لە نەوەی شێخ عەلی تەوێڵە.. چەند کەسێکیش لە بنەماڵەی (میسری) کە دەستڕەنگین بوون لە بەکارهێنانی گژوگیادا بۆ چاک بوونەوەی نەخۆش.

بەکارهێنانی گژوگیا: هەرچەندە ئەم باسەمان لە بەرگێکی پێشووتری ئەم کتێبەدا بڵاو کردووەتەوە بەڵام جێی خۆیەتی کە لێرەشدا باسی بکەینەوە و بڵێین، ئەوەی ئێستا و لەو ساڵانەدا لە ڕۆئاوا و لای خۆشمان سەری هەڵداوە بەکارهێنانی گژوگیایە.. هەر دەرمانخانەیەک دەچیت سەیر دەکەی گژوگیا لە سەبەتە یاخۆ شووشەدا بەجوانی و ڕێکوپێکی هەڵگیراوە.. ئەمە لە کاتێکدا کە باقی دەرمانی تر کە هاوکارییەکانی دەرمان دروستی دەکەن، ئەوانەش زۆریان لە گژوگیا و بەری داری سەوز و گوڵ و گیای شاخەکان و بەر تاڤگەکان و گوێ جۆگەکان و.. دەشت و دەرە.

- نموونەی گژوگیای دەرمانی لای خۆمان (گیای قەیتەران بە عەرەبی- کرفس البير. بە فارسی پرسیاوشان یاخۆ سیاپوز و لە ناوچەی ڕەواندز- گیابالوکە)، کە ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی و بۆ پەڕاندنی بالوکە شتێکی گەلێک بەکارە.

هەروەها (خاک شیر- بە عەرەبی لە بازاڕی شۆریجەی بەغدا- خوبیە عجم- بەناوبانگە و بۆ چارەسەری (حساسیەت) بەکاردەهێنرێت..

**لە سەردەمی عوسمانییەکاندا:**

میجەرسۆن کە بە خۆ گۆڕین ۱۹۰۸-۱۹۰۹ هاتووەتە سلێمانی بە ناوی میرزا غولام حوسێنی شیرازی لە ل٤٢ ل٢ کتێبەکەیان (رحلة متنكر..) باسی (طبيب رجال) دەکات.. کە ئەو پیاوە غولام حوسێن بە نۆشدار یاخۆ

شارەزا لە نۆشداریدا تێ گەیشتووە و پێی وتووە پێکەوە خەریکی دەرمان دروستکردن بن لە گژوگیا پارەیەکی باش وەدەست دێنن. ئینجا باسی (خوێی ئنگلیز- املاح ابیوم/ و (فیناستین)ی بۆ کردووە کە ئەمانە دەرمانی تری لێ دروست بکەن بەلام غولام حوسێن تێ گەیشتووە کە ئەمە کابرایەکی ساختەچییە لەبەر ئەوە رووی نەداوەتێ..

**لە سەردەمی ئینگلیزدا:**

بە رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، وا دەردەکەوێت کە ئەو سەردەمە حەکیم باشی هەبووە، بۆیە هەر لەو رۆژنامەیەدا بلاو کراوەتەوە. کە نابێ کەس ئیشی نۆشداری و دانسازی و هیچ ژنێکیش ئیشی مامانی بکات تا مراجەعەت بە حەکیم باشی نەکات و (موافقتی ممارسەی مهنە) لەو وەرنەگرێت.. ناوی یەک دوو کەس لەو حەکیمانە هاتووە وەک: دکتۆر نایر، دکتۆر زەیدولعابدەین و حسێن خانی هندی..

نۆشدارەکانی ئەم دواییەش هەتا دەگەنە نۆشداری چەند ساڵێک لەمەوپێش ئەمانە بوون:

"د. احمد هەولێری، د. حمدی ئاوچی کەرکووکی، د. عیسی نوری، د. محمود صاحب، د. جمیل ئاوچی، د. پۆڵ بی مالیک، د. جورج (یونانی)، د. نوری فتوحی لە دیانەکانی سلێمانی و لە دایکەوە لە بنەماڵەی عەلەکە بوو، د. نصوری عەلەکە (ئەمیش لە بنەماڵەی عەلەکە بوو)، د. عیزەت عارف برای رەشاد عارف بوو، د. هاشم دوغرەمەچی هەولێری، د. جمال عبدالقادر حمودی هەولێری، د. جمال رشید فرج، د. کمال عبدالله ناجی، د. عبدالرحمن عبدالله، د. قادر شاڵی، د. حمد علی حسین، د. حسەن اسماعیل، د. شوقی مروک صبری، د. نهاد أبتر، د. لطیف امین، د. نوزاد صالح رفعت، د. جمیل علی رشید، (ئەمانە زۆربەیان سەرۆکی تەندروستی بوون)".

ئەجزاچییەکان و برین پێچەکان لە ساڵەکانی بیستەکانی سەدەی پێشوو بە دواوە: "حـەمـە وەفـا کـوڕی مـام ریش (برین پێچ)، رؤف نجـیب فـتـاح (ئەجـزاچی)، نوری علی (ئەجـزاچی)، أسکندر و دیکران (دوو برا بوون ئەجزاچی و ئەرمەنی بوون). رشید نجیب (کە گەیشتە پلەی متصرف، لە سەرەتادا برین پێچ بوو)، ستـار افندی خاڵی دکتـۆر جـمال (برین پێچ)، جمال رشید، رەؤف لێفە، صالح فخری، محمد حلمی، أحمد شوکری (د. شـۆ)، حەمـە أمین أفندی، مـحـمـد عـبدالرحـمن (ئەمـانە هـەمـوو برین پێچ بوون)".

عەلی قەفتان (موظف صحي) بوو.

لە کۆتایی چلەکاندا: سوبحی عارف، حلمی جەمال، خاتوونە خڕەی ژنی یوسف و ناهیدە (دیان بوون) ئەمانەیش هەر برین پێچ بوون.

- ئەو نۆشدارانەی کە لە (ساڵەکانی ١٩٩٠-١٩٩١) لە سلێمانیدا بوون لە ل٢٩٢-٣٠١ی جـزمـی دووەمی ئەم کـتـێـبـە دوور و درێژ هـەمـوویان تۆمـار کراون.

**دانسازی و پزیشکی ددان**

لەبیرمە زۆر باش کە منداڵ بووم، باوکم لە قەرەداغ لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی رابوردوودا فەرمانبەر بوو. کە زەلامێک دانی بیەشایە، هانایان بۆ ناڵبەند دەبرد کە گازی تیژ و درێژی ناڵبەندی هەبوو، ئەو گازەی بەو پیسییە (واتا تعـقـیـم نەبوو) کـە چەند جـار بزمـاری نـاڵی ژێر پێی کـەر و مـاین و ئێستری پێ دەرهێناوە، یەکسەر دەیکرد بە دەمی ئەو مرۆیەدا و بەبێ (بەنج و سـڕکـردن) ئەو دانەی بە دوو سێ تەکـان دەردەهێنا، یاخـۆ هەمـووی بۆ دەرنەدەهات نیوەی دەشکا، کابرا هەر بەو ژان و ئازارەوە دەتلایەوە، سەر و چاوی دەئاوسا. ئەوسا ناچار دەچوو بۆ شار، سا لەوێش یان چار دەکرا یا نەدەکـرا.. جـاری وا هەبـوو دەزوو یا پەتێکی قـایم دەخـرایە دانەکـەوە و

خاوەنەکەیان رادەکێشا بۆ دواوە بۆ ئەوەی سەری پەتەکە کە لەو سەرەوە بە پەنجەرەیەک یا کۆڵەکەیەکەوە بەسترابووەوە، توند بێ و دانەکە راکێشێتە دەرەوە. دوای دەرهێنانی دان بەو کولەمەرگییە، ئینجا خوێنی بەر دەبوو، ئەوسا خوێیان دەکردە جێگاکەی.. ئا بەمجۆرە و زۆر جۆری تر لەم بابەتە ددان و دانیەشە چار دەکرا تاکو لەم دواییەدا دانساز هاتە سلێمانییەوە یاخۆ لە سلێمانی خۆیدا سەریان هەڵدا، لەوانە:

- شێخ لەتیفی شێخ عەبدولکەریم (١٨٨٨-١٩٤٨) کە بە شێخ لەتیفی دانساز ناوی دەرکردبوو، یەکێک بوو لە بلیمەتەکانی شارەکە و زۆر شتی لە دانسازی دەزانی. لە تیمارکردنی برینی دەم و دان و ددان هەڵکێشان و تاقم دروستکردندا گەلێک سەرکەوتوو بوو، هەروەها شێخ عەبدوڵڵای کوڕی کە پیشەکەی باوکی فێر بوو، تا ئێستا هەر پیشەی دانسازییە، شێخ سەعیدی کوڕی دیسانەوە پزیشکی ددانە و لە کۆلێجی دانسازی دەرچووە.

جگە لە شێخ لەتیف، فوئاد زەکەریا (دیان) بوو، ئەمیش دانسازی (شعبي) بوو لە ساڵەکانی چلی سەدەی رابوردوو، هەروەها سەعید سەلمون کە لە مووسڵەوە هاتبوو دوای ئەوان لە پێگەیشتووەکانی وڵاتی خۆمان مەحموود شەوکەت سەعید زەنگەنە و محەمەد مەمەند و شێخ سدیق و سدیقی جەمیل و چەند کەسێکی تر لەم پیشەیەدا سەرکەوتن. بەڵام پزیشکەکانی ددانی ئەم دواییەی سلێمانی، ئەوانەن کە لە ل٣٠٤ی بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا ناویان هاتووە.

### مامان و منداڵبوون

لە سەردەمی مێجەرسۆندا لە سلێمانی و بەگوێرەی رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (١٢) رۆژی ١٥ی تەمموزی ١٩٢٠ پێویست کرا لەسەر (هەر کەس فێر و تێکەڵی ئیشی حەکیمی بووبێت وەیا خەریکی تێکەڵبوونی بێ یا دەست بکات بە کردەوە و رەوشت و لقب وە یا نیشانەیەکی پێ ببڕێت کە ئەمە

پیاوێکی حەکیمە، جەراحە، مامانە، یا حەکیمی دانە، بێ ئەمە کە بە قانون ئیزن درابێ، یا قانون بڵێ ئەم ئیشە لەم پیاوە دێت یا بێ ئەوەی ناوی خۆی بۆ ئەم ئیشە نووسیبێت وە دانانی لەلایەن گەورەی حەکیمانی شارەوە، جەریمە دەکرێت، کە جورمەکەی دەرکەوت لەلای حاکم بە جەریمەیەک لە هەزار روپیە زیاتر نەبێ، یا حەبس دەکرێت لە شەش مانگ زیاتر نەبێت ئەو حەکیمە با ئافرەتیش بێ دیسان بەو رەنگە جەریمە دەکرێت).

– مامانە خۆییەکانی شاری سلێمانی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابوردوودا هێجگار زۆر بوون، بەڵام ئەوانەی کە ناویان زیاتر دەرکردبوو (ئامەی خاتوون) و (عاسەی سەکینە) و (باجی گوڵچین) و.. هەندێکی تر بوون.

ئافرەت کە منداڵی دەبوو، ئاگاداریی پاک و تەمیزی گرتنی رێڕەوی تەندروستی ئەوەندە نەبوو. کە منداڵەکە دەبوو. بە چەقۆیەکی پیس یا قەڵەمبڕێکی ژەنگاوی (ناووک– حبل الصرة) یان دەبڕی و منداڵدانەکە (مشیمة)یان بە (کوت کوت) دەهێنایە دەرێ، (قەیماغ)یان بۆ ژنە زەیستانەکە دەکرد. کە برێتی بوو لە حەلوای ئارد و دۆشاو یا شەکر. ئینجا ئێشکچی بەدیار مناڵەوە بە نۆبە ئێشکیان دەگرت نەوەک (شەوە) مناڵەکەی بخنکێنێ لە کاتێکدا کە هۆی خنکاندنی منداڵ (ئەگەر رووی بدایە) بەهۆی مناڵەکە خۆیەوە بوو یاخۆ پیس و پۆخڵ راگرتنی کە بەوە تووشی نەخۆشی و مردن دەبوو، نەک بە هۆی کار لێکردنی دەرەوە.

ئێستا خوا نەیبڕێ: نەخۆشخانەی منداڵبوون (مستشفى الولادة) هەیە و نەخۆشخانەی منداڵان (مستشفى الاطفال) هەیە و دەرمان و کوتان و پاککردنەوە و چارەسەرکردنی منداڵ و نەخۆشییەکانی بە شێوەیەکی زانیاری و دروست هەیە، دەرمانێکی زۆری جۆراوجۆر لە نەخۆشخانەکان و لای نوشدارەکان هەیە کە منداڵی پێ پەروەردە و رزگار دەکەن.

– له رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (٥١) رۆژی ٤ ابریل– نیسان ١٩٢١ ئەم ئیعلانە بڵاو کراوەتەوە:

(وەکو بیستراوە بعضێ کەس بەبێ مـأذونیەت اجرای طبابت و مرادای نەخۆش ئەکات، طبابت و جراحی بە کلی ممنوعە. هیچ کەس نابێ نە طبابت نە جراحی هیچ نەخۆشێک بکات. هەرکەس ئارەزووی هەیە لە فەنی جراحی و طبابت ئەزانێ مراجعت بە بلدیە بکات. لە پاش امتحان کردنی لەلایەن دوقتورەوە، ئەگەر چاک بوو، لە طرف بلدیەوە مـأذونیتی ئەدرێتێ و ئەگەر مناسب نەبینرا نابێ کەس دەست لەو ئیشانە بدات. هەر کەس پێچەوانەی ئەم اعلانە بڕوا جەزای بە شدەتی لێ ئەسێنرێ.

رئیس بلدیة: محمود

**ئاوڵە و کوتان**

نەخۆشی ئاوڵە کە لە قضای ڕانیە ظهوری کردبو– ئەسەفە کە بە تەواوەتی معلوم بوو کە لەم هەفتەیەدا سیرایەتی کردۆتە شاری سلێمانی. لە نسخەی پێشووی پێشکەوتنا لە لایەن دوقتۆرەوە اعلان کرابوو کە هەموو ڕۆژێک لە خەستەخانە (مجانا) اجرای عملیاتی کوتان ئەکرێت. بەڵام زۆر کەسی وا هەیە ئەوەندە أهمیەتی بەم مسئلەیە نەداوەو خۆی نەکوتاوە. فکرێکی تریش لە عموم دا هەیە کە منالێک یەکێک جارێک کوترابێ ئیتر تا ئاخری عومری تأثیر ئەم کوتانە دەوام ئەکات. لاکین وانیە. تأثیر هەوێنی ئاوڵە کە انسانی پێ دەکوترێت لە حەوت ساڵ زیاتر دەوام ناکات.

(ئەو فکرە کە من بە منداڵی کوتراوم ئیتر ایجاب ناکات بکوترێم) غلطە و ڕاست نیە.

نەک بۆ خاطری خۆی، بەڵکە بۆ خاطری ئەوە کە خەڵکی تریش لێی امین.

بن. فرضه هەمو کەسێک خۆی بکوتێت مخصوصا لەم ڕۆژانەدا کە ئەم نەخۆشیە بە شدەت ظهوری کردوە.

هەمو ڕۆژێک لە بەینی سەعات پێنج و حەوتی ڕۆژا لە خەستەخانە عملیاتی کوتان دەکرێت. لە سبەینێوە تشریف بفەرمون و خۆتان بکوتن چاکترە.

(پێشکەوتن ژمارە ٠٩٧- ڕۆژی ٢ مارچ ١٩٢٢)

(اعلان)

بە موافقی منشوری وەزارەتی صحیە ژمارە (٥) و مادە -٢٨- (حقی سعی خستە خانە).

ئەو کەسانەی بۆ تداوی دێنە خستەخانە ئەگەر زۆر فقیر نەبن دەبێ بە موافقی مندرجاتی لای خوارەوە پارە بدەن:

بۆ هەموو معایەنەیەک کە لە خەستەخانە دەکرێت چوار (آنە) و بۆ هەر شووشە دەرمانێک لە هەشت ئانەوە تا روپیەیەک قیمەتی دەرمان بەبێ قیمەتی ئەو شتانە کە تێ دەخرێت کەم و زیادی دەبێ. مامورین حکومت و محتاجین لەم مادەیە مستثنان.

دوقتوری سلیمانی

(پێشکەوتن ژمارە-١٠١- ڕۆژی ٦ ابریل ١٩٢٢)

تعیین

لە حەفتەی رابوردوا لە تازە پێگەیشتوانی سلێمانی جنابی رؤف افندی نجیب افندی بە اجزاچیەتی خەستەخانەی ملکی سلێمانی تعیین کرا.

(ژیانەوە-٣٥- ڕۆژی ١٣ اغستوس ١٩٢٥).

هاتن

دوقتور جنابی حمدی بەگ لە مدیریتی صحەی عمومیەوە بۆ صحیەی ئێرە تعیینی تنسیب فەرموورابوو، ڕۆژی سێشەمە (٣)ی مانگی جاری بۆ سەر وظیفەی تازەی تشریفی هێناوەتە سلیمانی..

(ژیانەوە-٤٧- ڕۆژی (٥) تشرین ثانی ١٩٢٥)

**نوشداری و تەندروستی لە سلێمانیدا ساڵی ١٩٣٦**

(بە گوێرەی- "الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦- محمود فهمي درويش")

- دکتۆر پۆل مالیک لە بنچینەدا خەڵکی (ورمێ)یەو لە (امریکا) خوێندوویەتی- ئێستا سەرۆکی تەندروستی سلێمانییە.
- دکتۆر عیسی نوری الله ویردی (کلدانی/ نۆشدارە و لە دواییدا جارێکی تر هاتەوە سلێمانی و بوو بە سەرۆکی تەندروستی).
- نیکوغوس الکسندریان: خاوەنی دەرمانخانەیە لە سلێمانی (ئەمە بە اسکندری ئەجزاچی ناوی دەرکردبوو).
- فازڵ حاجی حسێن یاریەدەری (صیدلی) بوو.
- مارگرێت مروکی مامان.
- نۆشداری (مجاز): میرزە الامیر.
- نەخۆشخانەی سلیمانی لەم ساڵەدا بنیات نراوە (٣٤) قەرەوێڵەی تێدایە.
- نەخۆشخانەکانی ناوچەی سلێمانی.
- نەخۆشخانەکانی فەیسەڵی یەکەم.
- مستوصف لە سلێمانی.
- مستوصف لە چوارتا.
- مستوصف لە هەڵەبجە.

- مستوصف له پێنجوێن.

- مستوصف له تەوێڵە.

- مستوصف له قەرەداغ.

**- نەخۆشخانەکانی سلێمانی**

**له سەردەمی عوسمانیدا:**

ساڵی ١٨٩٢ بینایەک دروست کرا لەسەر شەقامی کاوەی ئێستا بەرامبەر بە مزگەوتی موفتی (شوێنی مستوصفی خوارەوە، یاخۆ ناو بازاڕ) بە ناوی (روشدیەی عسکری) کە بۆ قوتابخانە دروست کرا، لە کاتی شەڕی گەورەی یەکەمدا کرا بە نەخۆشخانەی عەسکەری و هەر بەمجۆرە مایەوە تا ساڵی ١٩٢٣، لە ساڵی ١٩٢٦دا بەشێکی لێ جیاکرایەوە بۆ مەکتەبی زانستی و لە ساڵەکانی ١٩٣٨-١٩٣٩ هەمووی سەر لە نوێ بینایەکی تازە کرا بۆ مستەوسەفی مەرکەزی کە بە خەستەخانەی خوارەوە دەناسرا و لە ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٢ هەمووی رووخێنرا و کرا بە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و ئێستا زەوییەکەی فرۆشراوە و ئیشی تێدا دەکرێ کە بکرێت بە باڵاخانەیەکی چەند قات و رەنگ هەیە ژێرەکەشی هەر بکرێتەوە بە (پارکی سیارات).

**له سەردەمی حکومەتی عێراقیدا:**

خەستەخانەی سەرەوە بەناوی (المستشفى الملكي) لە ساڵانی ١٩٣٤-١٩٣٥ دروست کرا کە تازەترین نەخۆشخانەی ئەو سەردەمە بوو، ئیتر وردە وردە و بەگوێرەی پێویست و توانای میریی بەشی تازەی لێ دروست دەکرا وەکو (قاوش و تاقیگە و گەنجینەی دەرمان و. هەندێ شتی تر. لە دوای ١٩٥٨ ناونرا (نەخۆشخانەی جمهوری).

- لە ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٥ نەخۆشخانەی سنگ (صدرية) لە بەشێکی

نەخۆشخانەی سەرەوەدا دروست کرا (جێگەی مەڵبەندی تەندروستی علی کمال).

- هەر لە سالآنی ١٩٤٤–١٩٤٥ بینایەک دروست کرا بەناوی (پاراستنی ساوایان– حماية الاطفال) کە ئێستا شوێنی عیادەی شەعبییە، بەرامبەر بە نەخۆشخانەی جمهوری کۆن.
- لە سالآنی ١٩٥٤–١٩٥٥دا لە گەڕەکی سابوونکەران بینایەک بەناوی (چاودێری دایکان و منالآن– رعاية الامومة و الطفولة) دروست کرا کە بە نەخۆشخانەی شیرەکە ناسراوە و ئێستا بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تەندروستی و ژینگە پارێزییە.
- ساڵی ١٩٥٤–١٩٥٥ مستەوسەفی چوارباخ لای فولکەی مامەڕیشەوە دروست کرا و ئێستا تازە کراوەتەوە و کراوە بە (رعاية امومة و نەخۆشیە درێژخایەنەکان).
- ساڵی ١٩٦٩ قوتابخانەی ممرضات بۆ دەرچوانی سەرەتایی لە نەخۆشخانەی جمهوری کرایەوە.
- ساڵی ١٩٧٣ نەخۆشخانەی منداڵان لە چوارباخ کرایەوە کە ئێستا نەخۆشخانەی نەشتەرگەریی چوارباخە و نەخۆشخانەیەکی ئەهلییە.
- ساڵی ١٩٧٥ بینای چاودێری تەندروستی و ژینگە پارێزی کرایەوە.؟
- ساڵی ١٩٧٦ نەخۆشخانەی (تعليمي– فێرکاری) کرایەوە.
- ساڵی ١٩٨٦ بینای (دار التمريض) لە ساحەی نەخۆشخانەی جمهوری کۆن دروست کرا، بەلآم لەم دواییەدا کرا بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن (طوارئ).
- ساڵی ١٩٩٠ نەخۆشخانەی (طوارئ) گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی (التعليمي).
- ساڵی ١٩٧٧ کۆلیجی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانیدا کرایەوە، بەلآم

گـوێزرایەوە بۆ هەولێـر، لەم دواییـیەدا هەر لە زانکۆی سلێـمانی هەمـان کۆلیج کرایەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٩دا ئامادەیی نەخۆشەوانی کرایەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٩دا (معهدي مهني صحي عالي) کرایەوە، لە دواییدا گەلێک بەشی تری تێدا کرایەوە و ئێستا بووە بە (معهدي فني).
- لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ ئامادەیی (تمریض)ی تێکەڵاو کرایەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٠دا ئامادەیی (تمریض)ی کچان و ئامادەیی منداڵ کرایەوە.
- لە سـاڵی ١٩٩٧دا بەشی هاوڕێی منداڵان بۆ مـنداڵبوون لـە نەخۆشـخـانەی منداڵان کرایەوە.

(سەرچاوە- ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٨
نووسینی د. قادر شاڵی).

**نەخۆشخانەکانی سەر بە سەرۆکایەتی تەندروستی سلێمانی ساڵی ١٩٩٨**

١- نەخۆشخانەکانی ناو شاری سلێمانی.

نەخۆشخانەی فێرکاری.

نەخۆشخانەی گشتی.

نەخۆشخانەی منداڵان.

نەخۆشخانەی لە دایکبوون.

نەخۆشخانەی چوارباخ

٢- مەڵبەندە تەندروستییەکانی ناو شاری سلێمانی (١٦) مەڵبەند.

٣- نەخۆشخانەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی لە سنووری پارێزگادا:

- نەخۆشخانەی چوارتا
- نەخۆشخانەی قەڵادزێ
- نەخۆشخانەی رانیە

- نەخۆشخانەی پێنجوێن

- نەخۆشخانەی هەڵەبجە

٤- مەڵبەندە تەندروستییەکانی دەرەوەی شار لە سنووری پارێزگادا (٢٠٧) بنکە.

٥- دەزگا تەندروستییەکان لە کارگە و شوێنە حکومەتییەکاندا.

- دەزگای تەندروستی لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.

- دەزگای تەندروستی لە کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە.

- دەزگای تەندروستی لە کارگەی جل و بەرگی سلێمانی.

- دەزگای تەندروستی لە کارگەی پوختەکردنی تووتن.

- دەزگای تەندروستی وێستگەی بەرهەم و گواستنەوەی وزەی کارەبا لە دوکان.

- دەزگای تەندروستی کارگەی کانە بەردەکانی بازیان.

- دەزگای تەندروستی منداڵانی بێ دایک و باوک.

(سەرچاوە- ساڵنامەی سلێمانی ١٩٩٨).

## مێژووی دادگا و دادوەرانی سلێمانی

ئەم مێژووە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە دەست پێ دەکات. لەوەپێش واتا لە رۆژی دروستکردنی سلێمانییەوە و لە سەردەمی بابانەکاندا، دادوەر و پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکان بوون کە ناکۆکی ناو خەڵکەکەیان ساز دەکرد، سا ئەو ناکۆکییە لەسەر زەویوزار و ماڵی بەر دەست و گوێزراوە (عقار و اموالي منقولة) یاخۆ لەسەر شتی شەرعی بوایە وەک ژن هێنان و تەڵاقدان و رێککەوتن و (نفقە) و شتی تری زۆری لەم بابەتە. ئەو پیاوە ناسراوانەی ئەو کاتەی ناو شار مەلا یاخۆ زانا گەورەکان بوون لە بابەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و دەیەها

بگره سەدەها زانای تر کە ناویان دوور و درێژ لە کتێبە بە نرخەکەی شێخ محەمەدی خاڵی رەحمەتیدا هاتووە کە (الشیخ النودهي البرزنجي)یە.

ئەو کارەی کە (رامیاری) بوایە و پەیوەندی بە ناکۆکی (مدني و شرعي و جزائي)یەوە نەبوایە پاشای سەردەم سەیری دەکرد و بڕیاری لەسەر دەدا. ئێمە لێرەدا باسی ئەو قازی و حاکم و موفتییانە دەکەین لە سەردەمی عوسمانییەوە، وردە وردە بەرەو خوار دەبێتەوە تا ئەم نزیکانە:

– لە ساڵنامەی ١٨٨٩ی عوسمانیدا کە ئەوسا سلێمانی لیوایەک بووە سەر بە ویلایەتی مووسڵ:

قازی: یوسف سینان ئەفەندی و موفتی عەزیز ئەفەندی و ئەحمەد ئەفەندی بوون.

هەیئەتی عەدلییەش برێتی بوون لە سەرۆک: نائب سەید ئەبوبەکر فکری ئەفەندی، أعضاء: یەحیا بەگ، حاجی ئیبراهیم ئاغا. أعضاء ملازمی: جەمیل بەگ، کاتبی ضبط: محەمەد بەگ " مباشر ساڵح ئاغا (ئەمانە دائرەی حقوق) بوون".

دائرەی جزا: رئیس (منجل– شاغر) بووە.

معاونی مدعی عمومی: شەعبان زوهدی ئەفەندی بووە.

أعضاء: مستەفا بەگ، شلومو ئەفەندی، باشکاتب: دەروێش ئەفەندی.

کاتبي ضبط: شێخ محەمەد ئەفەندی بووە.

اعضاء ملازمي: حسێن ئەفەندی، کاتبي ضبط: مستەفا ئەفەندی و محەمەد بەگ و محرري مقاولات و باشکاتبی محکمة: دەروێش ئەفەندی، شێخ محەمەد ئەفەندی و مستنطق (محقق): تۆفیق ئەفەندی بوون.

مأموری اجرا: نەجیب ئەفەندی بووە.

**قازییەکانی سلێمانی**

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ناوی هەندێک لە قازییەکانی سەردەمی بابانەکان نووسراون (ل١٣٢–١٣٣). جگە لەوانە:

- شێخ حسینی قازی کە لە ساڵەکانی ١٨٤٧–١٨٤٨دا قازی بووە.
- شێخ عەبدولسەلام: کە مزگەوتی شێخ سەلامی بەناوەوەیە، چونکە هەر خۆی خەتیب و ئیمام و مودەریسی ئەو مزگەوتە بووە.
- شێخ عەبدولسەمەد کوڕی سەید عەلی بەرزنجی.
- یوسف سینان ئەفەندی لە ساڵی ١٨٨٧دا قازی بووە.
- شێخ مستەفا کوڕی شێخ عەبدولسەمەدی قازی کە لە دەوروبەری ١٩١٥دا کۆچی دوایی کردووە.
- صبغة الله ئەفەندی لە ساڵەکانی ١٩١٤–١٩١٥ قازی سلێمانی بووە.
- مەلا مارف (مەلا معروف وهبی) حاکم و قازی بووە (لە ساڵەکانی ١٩١٨–١٩١٩ تاکو ئەم دواییەش).
- شێخ مستەفا قەرەداغی ساڵی ١٩٢٥–١٩٢٦ لە دواییدا بوو بە موتەسەریفی سلێمانی لە ٩٤١/١/٢٨ وە تاکو ٩٤٣/١٠/٢٣.
- ئەحمەد موختار قازی لە سەردەمی ئنگلیزەکانیشدا و لەم دواییەشدا هەر قازی بووە. لە ساڵی ١٩٣٧دا خانەنشین کراوە.
- شێخ ئیبراهیمی نەقیب، خەڵکی کەرکووک بوو، لە ساڵی ١٩٣٩دا قازی سلێمانی بووە.
- شاباز ئەفەندی حەیدەری، لە ساڵی ١٩٤٠وە قازی سلێمانی بووە تا ساڵی ١٩٤٥ کە فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

شێخ محەمەدی خاڵ: لە ساڵی ١٩٤٥وە قازی سلێمانی بووە تا ساڵی ١٩٦٧ کە خانەنشین کراوە.

لەو بەینەدا چەند جارێک گوێزراوەتەوە بۆ چەمچەماڵ و مووسڵ و دادگای تەمییزی شەرعی سوننی و زووزووش گێڕراوەتەوە بۆ سلێمانی.

– عەبدوڵڵا موفتی و رەشاد ئەفەندی و.. کە هەموو هەولێری بوون ئەوانیش هەر قازی بوون لە سلێمانی.

– ئەوەی شایانی دووپاتکردنەوەیە، ئەوەیە کەوا مەلا مارفی سیرەیی (باوکی رەمزی شاعیر و نووری ئەفسەر) ناوی لە رۆژنامەی (اميدي استقلال) ژمارە (١) ساڵی (١) رۆژی ٢٠ ايلول ١٩٢٣/١٣٤٢ واتا لە سەردەمی حوکمی شێخ محمودا) ناوی بە (رئيس محكمة بدايت سليماني. معروف) هاتووە. لە پێش ئەوەشدا لە (رۆژی کردستان ژمارە (٩) رۆژی ١٧ کانونی ثانی١٣٤١/ ١٩٢٢ ناوی بەمجۆرە هاتووە: (وكيل ناظر شرع و رئيس عدل– معروف).

– هەروەها قازی ئەحمەد موختار لە ژمارە (٢٦)ی پێشکەوتن رۆژی ٢١ تشرين أول ٩٢٠ واتا سەردەمی ئینگلیز ناوی وەک (قاضي) لە زۆر ئیعلاناتی مەحکەمەدا بەرچاو دەکەوێ.

**ناوی کاربەدەستانی دادگا و دائیرەکان بەگوێرەی رۆژنامەکان:**

**لە سەردەمی ئینگلیز و حوکمی شێخ مەحموودا:**

– ناظری محکمە: محەمەد نەجیب پێشکەوتن ساڵی (١) ژمارە (٢) ٦ مایس ١٩٢٠.

– مأموری اجرای سلێمانی– ئیبراهیم "ئەبێ ابراهيم افندی برای نجيب افندی (محمد نجيب)" و لە دواییدا بوو بە قازی. پێشکەوتن (٤) رۆژی ٢٠ مایس ١٩٢٠.

– مديری أيتام: سەید ئەحمەد. پێشکەوتن (٨) ١٧ حوزەیران ١٩٢٠.

– مدیری طاپو: فائق (فائق بەگ علی بەگ بابان). پێشکەوتن (١٦) رۆژی ١٢ ئۆگستۆس ١٩٢٠.

- مـأمـوری اجرای سلێـمـانی: ئیبـراهیم، پێشکەوتن (٢٠) ٩ی سێپتەمبەر ١٩٢٠.
- مدیری ایتام: سەید ئەحمەد، پێشکەوتن (٤٠) ٣ فێبریوەری ١٩٢١.
- حاکمی منفردی مـحکمەی سلێمانی: سدیق مزەفەر، پێشکەوتن (٧٦) ٦ ئۆکتۆبەر ١٩٢١.
- مـأموری ئیـجرای سلێمانی باشکاتب: مـحـەمـەد وەهبی، پێشکەوتن (٩٢) ٢٦ جەنیوەری ١٩٢٢.
- مـأموری ئیـجرا و باشکاتبی مـحکمـه بداءة سلێـمـانـی: مـحـەمـەد وەهبی، پێشکەوتن (٩٦) فێبریوەری ١٩٢٢.
- مـحـەمـەد نەجیب مـعـاونی حـاکمی منفـرد (هەر ئەوەی سـەرەوەیە نجیب افندی فتـاح افندی) لێرەدا بوویە مـعـاون حـاکمی مـونفـەرید، پێشکەوتن (١١٧) ٢٠ تەمووز ١٩٢٢.
- رئیس شـرع و عـدل: شـێـخ عـەلی و شـێخ عـەبدولڕەحـمـان (زەمـانی شـێخ محمود) بانگ کردستان ژمارە (١٣) ساڵ (١) ٣ تشرين الثاني ١٩٢٢.

وکیل رئیس شـرع و عدل: ئەحـمـەد مـوختـار (رۆژی کـردسـتـان ٦ کـانون اول ١٩٢٣/١٣٤٢).

تێـبـینی: ئەوانـەی سـەرەوە لە سـەردەمـی ئینگلیـز و لە سـەردەمـی شـێخ مەحموودیشدا هەر لەو شوێنانەی خۆیاندا بوون.

لەم بـابەتەوە سـەیری ژمـارەکـانـی رۆژنامـەی پێـشکەوتن و ئومـێـدی ئیـسـتـیـقـلال و رۆژی کـوردسـتـان بکە. لـە بابەت دادگـا و دادوەران و باقی کـاربـەدەسـتـانـی دایەرەکـانـی سـەر بـە دادگـا زیاتـر شـتـی ترت بۆ روون دەبێتەوە.

هەر لە سـەردەمی مـیجـەرسـۆن (ئنگلیـز)دا ئەگەر شـتێکی ئەوتۆ ببـوایە لە بابەت شـەرعـەوە لە رۆژنامـەی پێشـکەوتندا کە زمـانی حـاڵ بوو، لە شـێـوەی

پرسـیـاردا بڵاو دەكـرایەوە، ئـەوسـا دەسـتگا یاخـۆ دادگـای شـەرع كـە ئەندامـەكانی چەند كـەسێک بوون وەڵامـیـان دەدایەوە، ئینجا ئیش بەگوێرەی ئەو وەڵامە دەكرا. ئەندامانی شەرع كە لە وەڵامدانەوەدا بەشدارییـان دەكرد: مـەلا عـەبدولعـەزیزی مـوفـتی، مـەلا حـوسـێنی پیسـكەنی، شـێخ بابا عـەلی قەرەداغی، حاجی مەلا رەسوڵی دێلێژەیی.. جگە لە قازی ئەحمەد موختار.

بۆ نموونـە لە بابەت (دەرگـای خـەزێنـەی ئاوای حـەمـامی گـشـتـیـیـەوە) مـێـجـەرسـۆن ئەم پرسـیـارەی لە پێـشكەوتنی ژمـارە-٣٨- رۆژی ١٣ جەنیوەری/ كانوونی ثانی/١٩٢١دا بڵاو كردووەتەوە دەڵێت:

(وام بیست لەسـەر عرضحـاڵی خلق بلدیە خـزینەی حـەمامـەكانی دیسـان كـردۆتەوە، لە بیـرم دێت پار لە مـجلسی شـاردا تۆفـیق وهبی افندی هەوەل شت كە هێنایە پێشـەوە ئەم باسە بوو كە خەزێنەی حمـام زۆر نەخۆشی لێوە دێت. وا چاكـە وەک حلب.. شـام.. بیـروت و شـارانـی تر داخـرێت. دیسـان دێتەوە بیرم، لە پاش دوانێكی كەم هەمو اعضاكانی مجلس كە ئەوسا میرزا فـرج و حـاجی برایماغـاو تۆفیـق وهبی افندی و غـفور ئاغـا بوون، یەكێـتی بیـریان بۆ ئەمـە نواند كـە دابخـرێت. ئێـسـتـا لەبەر حـەزی خلق كـردنەوەی دیسان قبوڵ كرا.

چونكە عرضحـاڵچیەكان وتبویان بۆ (غسل) خـزینە واجبە كـە لەو ئاوەدا تەواو نوقم ببێ و خـۆی تێ هەڵكێشـێت. دیارە هـەمـو كـەسـیش ئەیزانـێ كـە حـمامـەكانی حلب و بیروت و زۆر شارانی تر هـیچ خزینەیان نیـە، لەبەر ئەوە حەز دەكەم دوو سؤال لە ئەهلی عیلم پرسیار بكەم:

١- ئایا غسلی حلبی، بیروتی، أطنە و جێگاكانی تر بێ خزینە دروستە یان نا؟

٢- ئەگەر دروسـتـە بۆ چ عرضحـاڵ نووسـەكان دەڵێن خزینە واجبە (غسل)ی ڕاست و دروست بـێ خـــزینـە نابـێ. جگە لـە فـــێـــربوون و زانـین هـیچ

مقصودم نیە. لە بیرما نیە مداخلەی ئیشی بلدیە بکەم. بەڵام بۆ زانینی خۆم پرسیار دەکەم. هەروەک لەمەوپێش بۆ هەندێ شتی وا لە عالمەکانم پرسیوە. ئەوانیش لطفا جوابیان داوەتەوە.

سۆن

وەڵامی ئەم پرسیارە لە پێشکەوتنی ژمارە-٤٠- رۆژی ٢٧ جنیوەری/کانون ثاني ١٩٢١دایە کە دەڵێت:

جوابی سؤالی جەنابی حاکمی سیاسی

س١- ئایا غسلی حلبی و بیروتی و اطنە و جێگاکانی تر بێ خزێنە دروستە یان نا؟

ج١- بەڵێ دروستە، چونکە وەک بیستومانە حەمامی ئەو شارانە باش دروست کراون، بەلوعەیان زۆرە و بەرزیش تێخراون و لەراستی ئەو بەلوعانە بەردێکی گەورە و پاک دانراوە، ئەوی غسل بکا، یا لە پاش نۆشتن خۆی پاک بکاتەوە، دەچێتە سەر ئەو بەردە، ئاو پاکی ئەو بەلوعەیە بەسەر خۆیدا دەڕێژێ بە پاکی دەچێتە دەرەوە، ئێرەش ئەگەر وا بوایە زۆر ڕەحەت دەبوو.

س٢- ئەگەر دروستە عرضحاڵ نووسەکان بۆ چ ئەڵێن خزینە واجبە، غسل دروست و ڕاست بێ خزینە نابێ؟

ج٢- بۆ غسل (خزێنە) واجب نییە. بێ خەزینەش دروست ئەبێ هەر ئەمە لازمە کە ئەو ئاوە (طهور) بێ، یعنی پاک و پاکەوەکەر بێ، بێ کەسێ بزانێ و شارەزای شرع بێ بەگوێرەی ئەوە غسل ئەکا. هەڵبەت عرضحاڵ نووسەکان بۆیە وایان وتووە چونکە جوڕنەی حمامی ئێرە بچوکن قولەتین نابن، کە شتێکی پیسی تێکەوت پیس ئەبێ، ئیتر غسلی پێ دروست نابێ و بەڵکو ئینسانیش پیس ئەکات. و لەبەر ئەمەی کە بەلوعەکان کەمن و قەڵەباڵغیان زۆر لە دوورە پێک نایەت لە

ئاوی بەلوعەکە بە کاسە ئاو بەسەر خۆیا بڕێژێ و پریشکو شتیی تر پیس نەبێت و بە پاکی بچێتە دەرەوە. ئیتر امر أمری خۆتانە.

مفتی پێشوو
عبدالعزیز

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مدرس | مدرس | مدرس | مدرس | مدرس | مدرس |
| جلال الدين | عمر | حسين | بابا علی | سید احمد | عبده رسول |

– هەر لە پێشکەوتن ژمارە (٤٧ ڕۆژی ١٧ی مارت ١٩٢١)دا دەڵێت:

(هەواڵی شار: شرعیە):

لە یەکی مارتەوە هەتا هەشتی مارت (٥) حجەی اثباتی وراثت (٤) وکالەت. (٦) أذن نامەی نکاح. (١) نفقە (١) طاعە. (١) دانە. (١) مصالحە. (١) وصایەت (٢) اعلام حکم بۆ اثباتی مهری مسمی. (١) بە مهر مثل (١) بە سەندنەوەی کەلوپەلی ئەمانەت دراوە.

ئەوەی سەرەوە ئەو ئەرکانەیە کە مەحکەمەی شەرعیەیی سلێمانی لە ماوەی حەفتەیەکدا پێی هەڵساوە کە بۆ ئەو دەمە و بەو کادیرە کەمەوە شتێکی باشە و شایانی تەقدیرە.

لەمەو پێش باسی (صدیق مظهرمان کرد کە حاکمی بدایت بوە لە سلیمانی. بە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارە (٦١)ی ڕۆژی ٢٣ جون/ حزیران ١٩٢١دا دەرئەکەوێ کە (جناب صدیق مظهر افندی کە تازە حاکم منفرد و صلح سلیمانی تعیین کراوە لە موصلەوە هات ڕۆژی ١٩ جون تشریفی گەیشتە سلیمانی).

حاکم سدیق مەزهەر دوای دەستکردنی بەکار لە سلێمانی ئەم (اعلان)ەی لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتنی ژمارە ٦٣ ڕۆژی ٣٠ حوزەیران ١٩٢١) بڵاو کردەوە کە تیایدا دەڵێت:

(لەمەولا دائر بە دعاوی حقوقیە و تجاریە، عین و دین کە مقدار و قیمەتی تا پەنجا لیرەو ئەو دەعوایەی کە متعلق بێ بە حق مرور و حق مسیل و حق شرب و رفع ید وتقسیم اموالی غیر منقولە و تخلیەی مأجور کە هەموی رؤیتی عائد بە محکمەی صلحە جائزە بێ عرضحاڵ. و لەم مقدارە زیادەترو بە غیری ئەمانە. هەر کەس دەعوای ببێ لازمە بە عرضحال رأسا مراجعت بە حاکم منفردی محکمەی بدایتی سلیمانی بکات، بۆ دەعوا و معاملات کە عائد بە عدلیە و محکمە بێت دائرەی حاکمی سیاسی اشغال نەکرێ.

٢٨ حزیران ٩٣١ حاکم منفرد محکمە بدایت سلیمان صدیق مظهر

ئەم ئیعلانە روونکردنەوەیەکی دڵسۆزانە و زیرەکانەیە بۆ ئەو خەڵکەی کە نەیان دەزانی بۆ سەندنەوەی حەقی خۆیان رووبکەنە کوێ؟ دائیرەی حاکمی سیاسی (ئینگلیزەکان) یاخۆ مەحکەمە جگە لە ئامۆژگاری لە رووی جیاکردنەوەی ئیش و کاری مەحکەمەی سوڵح لەگەڵ مەحکەمەی بیدایەت.

**لە سەردەمی شێخ مەحموودا**

بەگوێرەی رۆژنامەی (بانگ کردستان):

- رئیس شرع و عدل- (شیخ علي شیخ عبدالرحمن) (ژمارە ١٣ ساڵ تشرین الثاني ٩٢٢)
- وکیل رئیس شرع و عدل- (أحمد مختار) (ژمارە ٢ رۆژی ٦ کانون أول ١٣٤١).
- وکیل ناظر شرع و رئیس عدل معروف- (ژمارە ٩ کانون دوەمی ١٣٤١).
- حاکم منفرد- (صدیق مظهر).
- مأمور طاپۆ- فایەق بەگ.
- مأموری اجرا- محەمەد وەهبی.
- رئیس محکمە بدایت سلیمانی (معروف) (امید استقلال سال ١ ژمارە

(١) ايلول ٣٤٢ دواى ئەم تاريخە ئيتر ناو نەنووسراوە. تەنها ئەوەى نووسراوە (دائرة محكمة، دائرة طابو، دائرة اجراء..)

(ئەو (معروف)ەى لە سەرەوە ناوى هاتووە، مەلا مارفى سيرەييية كە لەمەوپێش باسمان كرد و ناوى زۆر جار هاتووە).

كاتب محكمة: شێخ رشيد، شێخ احمد، خليل ناو بوون

- بەگوێرەى ياداشتى خوا لێخۆشبوو مامۆستا رەفيق حيلمى (ل٥٢٤ بەرگى پێنج) هەر لە سەردەمى شێخ مەحمموودا حاجى مەلا سەعيدى كەركووكلى زادەش (رئيس محاكم و شرع) بووە.

تێبينى: لەو ماوەيەى دەسەڵات و حوكمى شێخ مەحمموودا ناوى چەند كەسێك دێتە بەرچاو كە بوون بە رئيسى شرع و عدل واتا (وزير عدلية)ى ئەمڕۆ، بە (أصالەت ياخۆ وكالەت) جا لەبەر ئەوەى رۆژى دانان و لاچوونى هەر يەكێكمان نەزانى، بۆيە نەمانتوانى زنجيرەيەكى ڕێكوپێك بۆ دەسەت بە ئيشكردنيان و لابردنيان بهۆنينەوە.

**دادگا و دادوەران لە سەردەمى حكومەتى عێراقدا**

دادگا كە بە شێوەيەكى زياتر قانونى دامەزرابێت و بەڕێوە چووبێت لە ساڵى ١٩٢٥وە بوو كە حكومەتى عيراق هاتە سلێمانييەوە.

وەك لە رۆژنامەى (ژيانەوەى ژمارە ٤٤ ساڵى ٢ رۆژى ١٥ى تشرينى يەكەمى ساڵى ١٩٢٥)دا دەردەكەوێت، هەيئەتى مەحكەمە بەمجۆرەى كە رۆژنامەى ناوبراو نووسيويەتى، پێكهاتووە:

(لە مقتدرين عدليە حقوقپەروەر جەنابى جمال الدين بگ بابان بە حاكمى منفردى محكمەى سليمانى و جنابى شێخ مصطفى افندى قەرەطاغى بە قاضى و جنابى صالح زكى افندى بە باشكاتبى عدليەو كاتب زادە جنابى فتاح افندى بە كاتب شرعيە

تعيين كراون. رۆژی چوار شەمە ١٤ی مانگی جاری بۆ مباشرت بەم وظیفە تازەیان تشریفیان هێناوەتە سلیمانی. لە پاش عرضی تبریک و بەخێرهاتن. تەمەنای موفقیتیان ئەکەین).

هەر لە رۆژنامەی ژیانەوە ژمارە ٢٤ رۆژی ٩ نیسان ٩٢٥ ئیعلانێکی مەحکەمەی شەرعیەی تێدایە بۆ فرۆشتنی خانوو بە موزایەدە بۆ بژاردنی مافی (رهن) کە ئەمە ئیشی مەحکەمەی شەرعییە نییە، و لە ژمارەی ٢٨ی رۆژی ٢٦ حوزەیرانی ١٩٢٥ هەواڵێکی لەلایەن مەحکەمەوە تیایە کە ئەمەیە (ابراهیم افندی قاضی پێشوی شاربازێر تعیین بوو بە قاضی بۆ قضای شاربازێر و شێخ مصطفی افندی شێخ نجیب افندی بە قاضی قرەداغ و شێخ جلال افندی مفتی شاربازێر بە کاتب محکمەی قضای شاربازێر تعیین بوون..).

هەر لەو ژمارەیەدا (مقرراتی محکمەی جزای درجە اولی سلیمانی تیایە و لە ژمارە ٣٢ رۆژی ٢٣ تموز و ژمارە ٣٤ی رۆژی ٦ی اغستوس و ژمارە ٣٥ی ١٣ی اغستوس ژمارە ٣٧ رۆژی ٢٧ی اغستوس و ژمارە ٣٨ی رۆژی ٣ ایلول و ژمارە ٣٩ رۆژی ١٠ ایلول و ژمارە ٤٤ رۆژی ١٥ تشرینی اولی ئەو (مقررات)ی (محکمةی جزای درجة اولی) هەیە کە حوکمی چەند کەسێک لەسەر (مخالفات و جنحة) حوکم دراون بە (جەزا یاخۆ حبس). بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە ئەو دادگایانە و دادوەرەکانیان سیفەتی تەواوی دادوەریان هەبووبێ. رەنگ هەیە ئینگلیز بووبن کە ئەمە نەختێک دوورە، یاخۆ پیاوی ئاینی بووبن کە ئەمە زیاتر رێی تێ دەچێ.

دوای ئەوە، هەر لە (ژیانەوەی ژمارە ٤٥ رۆژی ٢٢ تشرینی اول ١٩٢٥)دا ئەم دوو ئیعلانە بڵاو کراوەتەوە:

اعلان (اعتبارا لە رۆژی ١٤ی تشرینی اول ١٩٢٥ لە لیوای سلیمانیدا محکمە تشکلی کردوە. ام محکمەیە صلاحیەتی بینینی هەمو دعوایکی (صلح، بدایت، شرعیة، جزا، کبری)ی

هەیە و بە پێی قانون هەموو محاکماتیش بە ئاشکرایی ئەبینرێ، هەمو کەسێکیش بە کمالی سەربەستی (بە او شرطە کە رعایت بە داب محاکمە بکات) ئەتوانێ لە محاکماتدا حاضر ببی و گوێ لە محاکمات بگری).

حاکم منفرد لوای سلیمانی

اعلانەکەی تر ئەمەیە:

(لەو ڕۆژەوە کــە لە سلیـمـانـی مـحکمــە تشکلی کـردوە، چند استدعایک تقدیمی محکمە کراوە. لەبەرئەمەی کە موافق قانون نەنوسـرابون مجبور بە قبوڵ نەکردنی ئەو استدعایانە بوین. ئەمەش موجبی ضرری صاحب دعوایە کە بێ فائدە پارە و پول و کرێی عرضحـاڵ یان لە کیس دەچی. لەبەرئەمـە بۆ مـحـافظەی حقوقی اهالی اعلان ئەو کەسانە ئەکەین کە عرضحال دەنوسن لەمەو پاش هەر کەسێک مراجعتیان پێ بکات لازمە حقیقت دعواکەیان تێ بگەن ئەمجا بینوسن، و ئەگەر نەیانتوانی تێ بگەن بۆ تێگەیشـتنی تصـویر ئەو دعـوایە مـراجـعت بە قلمی محکمە بکەن و لە پاش ئەوە عرضحال بنوسن و ئیللا محکمە پارەو پول و کـرێی ئەو اسـتدعـایانە کـە مـوافق قـانون نەبێ و محکمە قبوڵی نەکا لێی تضمین و تسلیم بە صاحێبی دەکات. لەگـەڵ ئەمـەیش هەر لە دەعـوای صلحـدا مـحکمـە ئەتوانێ بێ استدعا دعوا قبوڵ بکا بەو شرطەی صاحب دعوا بە قلم محکمە مراجعت و دعواکەی ضبط بکات.

عرضحالچیەکان ئەگەر بۆ محکمە لە استدعا نوسینی غیر اصول اصرار بکەن. لە عرضحالچیەتی منع دەکرێن).

حاکم منفرد لوای سلیمانی

دەستپێکردنی مەحکەمە بەمجۆرە، قاپی مەحکەمە کرابێتەوە بۆ محاکەمەی ئاشکرا و هەموو دەعوایەکی بیدائی و جەزائی و سولْحی و شەرعی و کوبرا ببینرێ و هەر مەحکەمە خۆی یارمەتی خەڵکەکە بدا بۆ نووسینی عەرزوحاڵ واتا (أقامەی دعوی) و ئامۆژگاری عەرزوحاڵچییەکان بکات بۆ نووسینی دەعوا بەشێوەیەکی دروست، ئەمە چاوەڕێی ئەنجامێکی سەرکەوتووی لێ ئەکرێ و هەر واشبوو.

وەکو بیستوومە ئەوسا معاونی پۆلیس کە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس بوو (ح.ش) وەک لە لاپەڕەکانی (٢٥٩ بۆ ٢٦٤) لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا هاتووە، ئەوەندە بەرتیلخۆر و ئازاری خەڵکەکەی بە خۆڕایی دەدا، تاکو پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی هەموو شکاتیان لێ کرد، هەر لەو شکات و عەریزەیەدا وتوویانە کە مەحکەمە ویستوویەتی ئەو کابرایە لە سنووری خۆیدا رابگرێ، چووە خەڵکی راسپاردووە کە شکات لە مەحکەمە بکەن کەوا حاکم سەر بە شێخ مەحموودە کە لەو رۆژەدا ئەوە تۆمەتێک بوو دەدرایە پاڵ خەڵک، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا مەحکەمە کابرای لغاو کرد و لە شوێنی خۆیدا رایگرت تاکو گوێزرایەوە و دوورخرایەوە.

دوای ئەوە لە سەرچاوەیەکدا ناوی (قازی سوننی ابراهیم سید حسن)م بەرچاو کەوت کە لە رۆژی ١٩٢٦/٦/١دا لە مەحکەمەی شەرعیەتی سلێمانی دەستی بە ئیش کردووە.

دوای ئەوە لە سلێمانیدا (ملا محمد صدیق افندی- مەلا صدیق) لە رۆژی ٩٣٠/٥/٦وە وەک معاونی حاکمی مونفەرید دەستی بە ئیش کردووە و ئەوە بوو ماوەیەکی زۆر لە سلێمانیدا مایەوە بەڵام لە رۆژی ١٩٣٠/١٠/١٧دا (محمد شاکر افندی عبدالعزیز) دەستی بە ئیش کردووە وەک (حاکمی منفرد). هەروەها (عبدالعزیز خلوصی) لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابوردوودا و هەروەها عارف عەلی ئەسغەر برای مەعرووف جیاووک.

ئەویش هەر لە سلێمانیدا حاکم بوون.

پێش ئەوانە هەر لە رۆژنامەی (ژیان ژمارە ٤٩ رۆژی ١٩ی تشرینی ثاني ٩٢٥) ئەم هەواڵەی تێدا بوو:

(لە تازە پێگەیشتووانی وطن جنابی فتح الله افندی کە بۆ مترجمیتی محکمە تنسیب کرابوو تشریفی بە سلیمانی گەیشت. عرض تبریک بەخێرهاتنی ئەکەین).

ئەم پیاوە (فتح الله أسعد)ی نووسەر و کاتب بە تورکی و عەرەبی و موتەرجمی کتێبی موزەکەراتی (سلمان فائق) کە باوکی حیکمەت سلیمانە. فەتحوڵڵا ئەسعەد باوکی فەرەیدون فەتحوڵڵا بوو کە ئەویش هەر لە سلێمانی حاکم بوو.

- هەر لە ژیانەوە ژمارە (٥٦) (رۆژی ١٤ی کانون الثاني ١٩٢٦دا ئەڵێت (بۆ مقیدی محکمەی بدایتی سلیمانی جنابی طاهر مصطفی افندی تعیین و لە وەزارەتی جلیلەشەوە وظیفەی تصدیق کراوە) ئەمە تاهیر مستەفایە کە لە دواییدا خزمەتی گواستەوە و بوو بە مودیری ناحیە. برای فائق هۆشیار و ئەحمەد زرنگە.

- بەگوێرەی (دلیل عیراق ساڵی ١٩٣٦) ئەم زاتانە (حاکم) بوون لە سلێمانی:

- عبدالعزیز خلوصی حاکمی منفردی سلێمانی (باوکی دکتور صفاء خلوصی و برای عبدالمجید لطفی) یە.

- أحمد مختار عبدالله: هەر ئەوەیە کە لەوەپێش ناوی هاتووە.

- توفیق بندنیجی: حاکمی سوڵحی هەڵەبجە بووە.

- محمد نجیب فتاح (نجیب فتاح افندییە کە لەوەپێش ناوی هاتووە).

- عبدالفتاح عبدالکریم.

- اسحق میر منشی (ئەم اسحق میرە جوولەکە بوو، زوو لە محکمە دەرچوو

بوو بە پارێزەرێکی بەناوبانگ لە شارەکەدا).

- ئەوەی شایانی باسە لێرەدا (محکمە) هەر لە سەرای کۆندا لە خوارەوە بەلای دەستە راستدا چەند ژوورێکی گرتبوو هەر لەوێدا مایەوە تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابوردوو، ئەوسا لە پشت سەراوە بینایەک دروست کرا (محاکم) گوێزرایەوە ئەوێ، ئەو بینایەی ئێستای مەحکەمە لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا دروست کرا کە دەکەوێتە سەر شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ سەروو مزگەوتی گەورە.

**حاکمەکانی تری سلێمانی**

لەبەرئەوەی مێژووی بە تەواوەتی دەست بە ئیشکردنی ئەو حاکمانەمان نەزانی بۆیە هەروا ناوەکان دەنووسین کە بێگومان پێش و پاشیان تێدایە و هەمووشیان نین:

مەلا سدیق- فایەق تۆفیق (فایقی تاپۆ لە دواییدا بوو بە سەرۆکی محکمەی استئناف لە کرکوک)- عەبدولڕەحمان سەعید (سەرۆکی محکمە)- ڕەشاد عارف (لە دواییدا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی سیادە لە سەردەمی عبدالکریم قاسمدا)- فایەق هوشیار- سوعاد موراد موبارەک- مەسعود محەمەد (لە دواییدا بوو بە وەزیر)- بەهادین قوتب- موزەفەر نەقشبەندی (لە دواییدا بوو بە سەفیر)- ئیسماعیل قیردار- فەتاح مەحموود (بوو بە ئەندامی دادگای تەمییزی عیراق)- ئەحمەد ساڵح قاسم (باوکی د. بەرهەم)- بەکر ئیسماعیل (بوو بە ئەندامی تەمییز)- فەریق عەقراوی (حاکمی بداءة و ئەندامی استئنافی اصلاحی زراعی)- شەوکەت ئەحمەد بابان- عومەر حەبیب محەمەد ئەمین چەلەبی- ئیبراهیم محەمەد عەلی (استئنافی اصلاحی زراعی)- شێخ لەتیف شێخ تەها (سەرۆکی جنایات)- محەمەد ساڵح سەعید (سەرۆکی جنایات)- شێخ لەتیف شێخ سەعید- کەمال ڕەشید عەلی.

**ناوی خاوەن نووسینگە و عەرزوحاڵ نووسەکان**

ئەم زاتانەی کەم و زۆر پێوەندییان بە دادگاوە هەبوو، بەوەدا کە (عرضحال- عریضة) یاخۆ (استدعاء دعوی) یان بۆ خەڵک دەنووسییەوە و هەندێکیان شارەزاییەکی تەواویان لە کاروباری جۆرا و جۆری مەحکەمەدا هەبوو:

– مەلا عەلی مەڵکەندی- عەرزوحاڵ نووسین و مۆر هەڵکەندن.

– عارف ئەفەندی- خالید بەگ- شێخ محەمەد ئەمین- مەلا سمایل- تەڵعەت- جاوید- عومەرە شەل- ئەسعەد رەباتی- عوسمان دانش- نوری ئەفەندی حاجی قادر (نووسینگەی هەبوو)- ئەخۆل (احمد دەروێشی شاعیر- لە ژووری محامییەکان دائەنیشت)- نوری مەلا عەلی- عەباس سەعید دزکوژ.

لەکاتی خۆیا عەرزوحاڵچییەکان هەریەکە لە تاقێک لە تاقەکانی سەرای کۆندا دادەنیشتن و سندوق لەبەردەمیاندا کە قەڵەم و کاغەز و شتی تریان تێ دەخست، هەتا سەردەمی موتەسەریف (عبدالحمید صرصر تەمووزی ٩٤٠ تا مایسی ٩٤١) کە هەموویانی کردە دەرەوە و لە تارمەکەی بەردەمی سەرای کۆندا جێگای کردنەوە کە لەوێدا ئیشی خۆیان ببین.

## مێژووی زانکۆی سلێمانی

لە پێشەکی (رێبەری ڤێستڤاڵی هەشتەمی زانکۆی سلێمانی)دا هاتووە دەڵێت: پێش سی و دوو ساڵ لە وەرچەرخانێکی بێ وێنەی رووناکبیریدا ناوی زانکۆ کەوتە فەرهەنگی زانست و ژیار و شارستانی کوردەوە. ساڵی ١٩٦٨ بووە مێژووی هەڵگیرسانی یەکەم مەشخەڵی خوێندنی باڵا لە سەرتاسەری کوردستاندا، بەمەش خەوی لەمێژیینەی دەستەی رووناکبیری کورد هاتە دی. شاری سلێمانی کە لە دروستبوونیەوە لانکی راچەنین و پێشڕەوی زانست و زانیاری بووە و چەندین زانا و بلیمەت و شاعیر و

سەرکردەی تێدا هەڵ کەوتووە.. زانکۆی سلێمانی شوێنی شیاوی خۆی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا کردەوە و چڵ و پۆپی لێ کەوتەوە..

من (نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٨دا کە زانکۆ کرایەوە بە اعارە کە لە وەزارەتی بلدیات معاون مدیر عام بووم لە ساڵی ١٩٦٧وە کرام بە سەرۆکی شارەوانی سلیمانی) ئەوسا چەند وەزیرێکی ئەو سەردەمە کە یەکێکیان جەنابی تەها محێدین مەعروف بوو لەگەڵ وەزیری (تعلیمی عالی یاخۆ تربیە) و وەزیری ثقافە هاتن بۆ سلێمانی و (د. محمد محمد صالح یشیان لەگەڵدا بوو). بڕیار درابوو لەسەر دامەزراندنی (جامعە)ی سلێمانی. بینای حازر نەبوو مەکتەبێکی سانەوی گەورە لە سەرەوەی شار دروست کرابوو ئەو بینایە کە ئێستا بووە بە (المدینة الجامعیة) ئەوە وەرگیراوە بەم بۆنەیەوە شارەوانی ئاهەنگێکی نان خواردنی بۆ ئەو بەڕێزانە و بە بۆنەی کردنەوەی (زانکۆ)وە کە ئەوسا (دانشگا)ی پێ دەوترا سازدا و سەرۆکی شارەوانی (کە بەندە بووم) وتارێکی شایان بەو پیاوانە و شیاو بە کردنەوەی (جامعەی سلیمانی) خوێندەوە. هەر ئەوساش بڕیار درا کە خانووەکەی (متصرف– محافظ) بەرامبەر بە باخچەی گشتی بۆ سەرۆکایەتی (زانکۆ) دابنرێ چونکە لەسەرەوە جێگا نەبوو.

ئینجا با بگەڕێینەوە بۆ گۆواری سلێمانی کە شارەوانی دەری دەکرد و بەتایبەتی بۆ ژمارە (١) ساڵی (٢) لاپەڕە (١٨–٢٧) کە سێ کەس لەو کەسانەی لە گۆوارەکەدا ئیشیان دەکرد پرسیار و وەڵامیان لەگەڵ سەرۆکی جامیعە د. محەمەد محەمەد ساڵح (محەمەدی حاجی حەمە ساڵح بەگی حەمە عەلی بەگ کە خۆشی خەڵکی سلێمانییە) و لەژێر ناوی (دانیشگای سلێمانی)دا بڵاو کرایەوە کە ئەمە پوختەکەیەتی: دوای پێشکێشکردنی پیرۆزبایی بە بۆنەی کردنەوەی زانکۆوە سەرۆکی دانشگا دەڵێت: ئەمساڵ واتە ساڵی ١٩٦٨ سێ کولیە کراوەتەوە (هندسە و علوم و زراعە). تا ئێستا نزیکەی (٥٠٠) قوتابی وەرگیراوە لەمانە زۆربەیان کوڕن لەو قوتابیانەن کە

له دانیشتووی ناوچەی سلێمانین و دوای ئەوان ناوچەی کەرکووک و هەولێر دێت و له ناویاندا ٥٠-٦٠ قوتابی عەرەبی تێدایه. لەپێشدا هەولمان دا بەشی ناوخۆییمان بۆ کچان ئاماده کرد و بۆ کورانیش له تەواوبووندایه. بۆ تەرخانکردنی شوێن بۆ دانیشگاکه وا نیازه له دەوروپشتی بەکرەجۆ و سەرچنار بێت که نزیکەی ده ملیۆن دیناری تێ دەچێت. بۆ ساڵی ئایندەش هەر سێ کولیه دەبێت ئەمەش لەسەر توانا و کار هەڵسووڕان وەستاوە، دەبێ هەوڵ بدەین مامۆستای تەواو و موختەبەراتی باش وەدەست بێنین. دوای ئەوه بیر له کردنەوەی کولیەی تر بکەینەوە. دانیشگای بەغدا هەموو توانایەکی خستووەته بەر دەستمان تەنانەت (٣٠) میکرۆسکۆبیان داینێ چونکه له بازاڕی ناوخۆدا ئەوانه دەست نەدەکەوتن. متەسەریفی سلێمانی ئەوپەڕی یارمەتیمان دەدا، خەڵقیش شادمانی خۆیان دەربڕیوه بەرامبەر دانشگا. له پرسیارێکیشدا له بابەت رادەی زانیاری مامۆستاکانی دانیشگاوه سەرۆک وەڵامی دایەوە بەمجۆرە:

مامۆستا سەرەکییەکانمان هەموویان ڕادەی زانیارییان دکتۆرایه لەمانه:

- یەکێکیان دکتۆرای هەیه له جیۆلۆجی له ئەڵمانیا.
- یەکێکیان ماجستێری هەیه له هەندەسه له تۆکیۆ (یابان).
- یەکێکیان دکتۆرای هەیه له هەندەسەی مەدەنی (میکانیك التربة) له ئینگلتەرا.
- یەکێکیان دکتۆرای هەیه له کیمیا له دانیشگای چارلس له چیکۆسلۆڤاکیا.
- یەکێکیان دکتۆرای هەیه له کشتوکاڵ له بوڵغاریا.
- یەکێکیان دکتۆرای هەیه له کیمیادا له ئینگلتەرا.

ئەوانی تریش دەرچووانی کولیەکانی دانشتگاکانن به دەرەجەی (جید جدا و ممتاز) دەرچوون.

دوا قـــســـەی ســـەرۆکی دانیــشگا ئـەمـــە بوو (کـــردنـەوەی دانیـــشگا دەسـتکەوتێکی گـەورەیە، تکام وایە لـەلایەن هـەمـوو کـەسێکەوە پشـتگیـری بکرێ و دەسـتی بگرێ و پێش بخرێت تاکو دانیشگاکـەمـان ببێتـە نموونـە لە وڵاتەکـامـاندا.. هـەروەهـا داوام لە قوتابیـەکـان ئەوەیە کـە گـیـانـی برایەتی و هـەوڵ و کـۆشـش و خـوێندەواری تیـایاندا بـەهێـز بێ و پێـوەندییـان لەگـەڵ مامـۆسـتـایاندا پتەو بێت لە رێی خێر و خۆشـیی خۆیاندا و سـوود وەرگرتنی وڵاتەکەمان و میللەتەکەمان لێیان.

بەمـجۆرە زانکۆ بەرەو پێشەوە هـەنگاوی ورد و لەسـەرخۆی دەنا و دەسـتی بە خـــۆیدا هێنا. تاکــو لـە ســـاڵی ١٩٨١دا و بـە پیـــلانی پیـــاوخـــراپان، مامـۆستایەکی زانکۆ کوژرا، بەوە باری ئاسایش تێکچـوو هـەر لەسـەر ئەوە و لەبەر هـەندێ هۆی تر زانکۆ گوێزرایەوە بۆ (هـەولێر) بەناوی (زانـکۆی صـلاح الدین)ەوە.

- بەگوێرەی رێبەری ڤێستڤاڵی هـەشتەمی زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠
- لە ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی سلێمانی دامەزرایەوە.

وردەوردە هات تا ساڵی ١٩٩٨ بەمجۆرەی خوارەوە:

یەکەم: کۆلێجی کشتوکاڵ: کە ئەم بەشانەشی گرتووەتە خۆی:

بەشی بەروبوومی کێڵگەیی.

- بەشی باخداری.
- زانستی خاک.
- بەشی بەروبوومی ئاژەڵی.

لقی تووتن

ژمارەی مامۆستا ٢٨

ژمارەی خوێندکاران ٤٢٥.

ژمارەی دەرچووان لە ١٩٩٤-١٩٩٩ (٢٥٨) قوتابی.

دووەم: کۆلێجی زمان- بەشەکانی:

- بەشی کوردی.
- بەشی عەرەبی.
- بەشی ئینگلیزی.

ژمارەی مامۆستاکانی: ٢٤

ژمارەی خوێندکاران: ٨٥٢

ژمارەی دەرچووان لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٩ (٨٠٢)

سێیەم: کۆلێجی پزیشکی- لقەکانی:

- لقی هەناوی.
- لقی نەشتەرگەری.
- لقی نەخۆشییەکانی منداڵ.
- لقی ژنان و منداڵسبوون.
- لقی توێکاری و شانەزانی.
- لقی فارمۆکۆلۆجی.
- لقی فسیۆلۆجی.
- لقی مایکرۆبایۆلۆجی.

ژمارەی مامۆستاکانی (٤٠)

ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ (٥٤١) قوتابی.

ژمارەی دەرچووان لە ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٩ (١٤٧) کەس.

چوارەم: کۆلێجی زانستی مرۆڤایەتی- بەشەکانی:

- خوێندنی ئیسلامی.

– جوگرافیا.
– مێژوو.
– کۆمەڵناسی.
– پەروەردەی وەرزش.
ژمارەی مامۆستایان (٤٨)
ژمارەی خوێندکاران (٥٨٥)
ژمارەی دەرچووان لە ساڵی ١٩٩٦–١٩٩٩ (١١١) کەس.

پێنجەم: کۆلێجی زانست– بەشەکانی:
– جیۆلۆجی.
– ماتماتیک.
– کیمیاء.
– بایۆلۆجی.
– فیزیاء.
– کۆمپیوتەر.
ژمارەی مامۆستایان (٥١)
ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ (٦٠٦) قوتابی.
ژمارەی دەرچووان لە ساڵی ١٩٩٧–١٩٩٩ (١٢٠) کەس.

شەشەم: کۆلێجی ئەندازیاری– بەشەکانی:
– بەشی ئاودێری.
– بەشی بیناکاری.
– بەشی تەلارسازی.
ژمارەی مامۆستایان (١٩)
ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ (٣٩١) قوتابی.

ژمارەی دەرچووان بۆ ساڵی ۱۹۹۹–۲۰۰۰ (۲۲) کەس.

حەوتەم: کۆلێجی ڤێتێرنەری (پزیشکی)– لقەکانی:

– زانستە بنچینەییەکان.

– توێکاری و بایۆلۆجی.

– مایکرۆباثۆلۆجی.

– لقی کلینک و نەشتەرگەری.

ژمارەی مامۆستایان (۷) + (۲ وانەبێژ).

ژمارەی خوێندکاران لە ساڵی ۱۹۹۹–۲۰۰۰ (۹۱).

هەشتەم: کۆلێجی پزیشکی ددان– بەشەکانی:

– بەشی نەشتەرگەری پووک.

– بەشی دروستکردنی ددان.

– بەشی ددان چاککردن.

– بەشی نەخۆشییەکانی پووک.

ژمارەی مامۆستایان (۲) + (۱۲) وانەبێژی کۆلێج.

ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی ۱۹۹۹–۲۰۰۰ (۱۰۲) قوتابی.

نۆیەم: کۆلێجی یاسا– هەر تەنها یەک بەشی هەیە ئەویش

– بەشی یاسا کە ساڵی ۱۹۹۸–۱۹۹۹ کراوەتەوە.

ژمارەی مامۆستاکانی (٥) + (۷) وانەبێژی کۆلێج.

ژمارەی خوێندکاران (١٦٧) قوتابی.

دەیەم: کۆلێجی هونەر– ساڵی ۱۹۹۸–۱۹۹۹ دامەزراوە

تەنها یەک بەشی هەیە کە برێتییە لە:

- بەشی شێوەکاری.

ژمارەی مامۆستایان (٨).

ژمارەی خوێندکاران (٥٥) قوتابی.

یانزە: کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ دامەزراوە دوو بەشی هەیە:

- بەشی ئابووری.

- بەشی ئامار.

ژمارەی مامۆستاکان (٩)

ژمارەی قوتابیان (٩٢)

دوانزە: کۆلێجی یاسای ئێواران- ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ کراوەتەوە.

تەنها بەشی یاسای هەیە.

ژمارەی مامۆستایان (٤) + (٨ وانەبێژ).

ژمارەی خوێندکاران (٢٧٥).

سیانزە: کۆلێجی بازرگانی: تەنها دوو بەشە ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ کراوەتەوە:

- بەشی ژمێریاری.

- بەشی ئامار و کۆمپیوتەر.

ژمارەی مامۆستایان (١٨).

ژمارەی خوێندکاران (١٩٤).

ژمارەی قوتابیانی خوێندنی باڵای هەموو زانکۆی سلێمانی بە هەموو کۆلێجەکان و لقەکان و بەشەکانیانەوە (١٢٢) قوتابی.

سەرۆکەکانی زانکۆ لە رۆژی دامەزراندنیەوە:

١- دکتۆر محەمەد محەمەد ساڵح محەمەد عەلی.
٢- دکتۆر حیکمەت تۆفیق فکرەت.
٣- دکتۆر تاریق حەسەن عەمادی.
٤- دکتۆر تاریق رەشاد عەبدوڵڵا.
٥- دکتۆر کەمال محەمەد سەعید خەیات.
٦- دکتۆر جەلال شەفیق عەلی.
٧- دکتۆر کەمال سەمەد بایز خۆشناو.

**مێژووی دامەزراندنی دائیرەی تاپۆ (تسجیل عقاری) لە سلێمانی:**

- دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٢٧٤ک (١٨٥٨ز) (نظارەی دەفتەری خاقانی) لە ئاستانە دامەزران بۆ تۆمارکردنی عەقار و لە کاتی مەدحەت پاشای والی عێراقدا لە ساڵی ١٢٨٧ک (١٨٧٠ز) (بەڕێوەبەرێتی دەفتەری خاقانی) لە بەغدا دامەزرا و دوای ئەوە دایەرەی تاپۆ لە گشت لیواکانی تردا دامەزرا.

- لە سەردەمی حکومەتی عێراقدا قانونی ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٥ بەناوی ("قانون تسجیلي اموالي غیر منقولة" لە تاپۆدا) دەرچوو دوای ئەوە ("نظامی طاپۆ ژمارەی (٢٦) ساڵی ٩٤٣ دەرچوو ئیشی پێ کرا تا (نظامی ژمارە ٦٤ ساڵی ١٩٥٩") دەرچوو. دوای ئەوە (قانوون تەسجیلی عەقاری ژمارە ٤٣ ساڵی ١٩٧١) دەرچوو لە کاتێکدا کە (فائق هوشیار) بەڕێوەبەری گشتی بوو، ناوەکەشی لە (تاپۆ)وە گۆڕا بە (تسجیلي عقاري) وەک لە هەندێکی تر لە دەوڵەتانی عەرەبدا هەر بەو جۆرە ناودەبرێت.

کەوابوو دەزگای تۆماری (عقار) کە لەوەپێش (تاپۆ) بوو، لە سلێمانی و ناوچەی سلێمانیدا کۆنە. بە بەڵگەی ئەوەی دەسەڵاتداران لە زووەوە زەویوزاری خانووماڵیان تۆمار کردووە.

– ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بابانەکان لە قەڵاچوالان و لە سلێمانی واتا لە ١٦٧٠–١٧٨٣ لە قــــەڵاچوالان و لە ١٧٨٤ بەدواوە تا ١٨٥٠ لە سلێمانی، ئەگەر مەبەستێکی گرینگ بوایە بۆ تۆمارکردنی زەویوزار یاخۆ چەم و بەراو بەناوی هەر جیهەتێکەوە، سەنەدێکی دوور و درێژ دەنووسرا و پاشای سەردەم لە پێش هەموویاندا مۆری دەکرد. ئینجا زانا دینییەکانی ئەو کاتە ئەوانیش هەموو مۆریان دەکرد و، ئەوە دەبووە بەڵگەنامە (سەنەد)ی تاپۆ وەک ئەو بەڵگەنامەیەی کە سلێمان پاشای گەورە لە قەڵاچوالان و بەڵگەنامەی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا بە مۆرکراوی ماوەتەوە و هەرچی موڵک و زەویوزاریان هەبووە هەموویان (وقف) کردووە. لەم ڕووەوە سەیری کتێبی (بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين ل٨٠–٨١) نووسینی جەمال بابان بکە.

– دوای بابانەکان، عوسمانییەکان وەک وتمان لە کاتی والییەتی مەدحەت پاشادا دائیرەی تاپۆیان لە هەموو عێراقدا دامەزران. زەویوزار بەناوی دەست ڕۆیشتووەکانەوە تۆمار دەکرا، جاری وابووە، لێپرسراوی تاپۆ داویەتییە بەری، لەم بەری چیاوە بۆ ئەو بەری چیا، یاخۆ لەم دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵە، یاخــۆ لەم گــردەوە بۆ ئەو گــردە و لەم چەمــەوە بۆ ئەو چەم، واتا ئیشەکەیان زۆر ورد نەبووە، (مساح) و هەیتوهووتی فەنییان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەیان بە تورکی دەرکردووە و سنووری هەر زەوییەک یا شوێنێک بێ لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژەیان بۆ کردووە.

ئەوەندەی بیستوومانە (غەنی ئەفەندی) ناو بەڕێوەبەری تاپۆ بووە لە سلێمانی (ئەڵێن قەرەداغی) بووە.

لە ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٨٨٩دا باسی (سلێمان بەگ) ناوێک دەکات کە (کاتبی تاپۆ)ی هەڵەبجە بوو و (ئیسماعیل ئەفەندی) ناو کاتبی تاپۆی (معمورة الحميد– پشدەر) بووە.

– له سـەردەمی ئینگلیـزەکـاندا: مـودیری تاپۆی سلێـمـانی فـایەق بەگ–(فائق بەگی علی بەگی بابان) بووە.

هەر له سـەردەمی ئینگلیـزەکـاندا واتا لـه سـەردەمی مـێـجـەرسـۆندا له رۆژنامـەی (پێـشکەوتن)دا شـتـێک لـه بابەت ئیـشـی تاپۆوە بەمـجـۆرە بڵاو کراوەتەوە.:

لەو وەقتەدا کە دائیرەی تاپۆ ئیشی نەدەکرد. زۆر کەس بواسطەی اعلامی شرعی معاملەی کڕین و فرۆشتنی ملّکیان کردوە، شەرت وابوە کە هەتا شەش مانگ له پاش کردنەوەی دائرەی طاپۆ (اعلام) بهێنن معاملەو قیدی بکەن. له رۆژی ٢٨ مانگ فبروری ٩٢٢ (شباط) ئەم شەش مانگە تەواو بووە، بەڵام لەبەر انواعی سـبب بۆ هەمـو کـەس ممکن نەبوە لەم مـدەتەدا اعـلام بەرێت و مـراجـعت بـه دائرەی طاپۆ بکات و ئیـشی خـۆی جـێـبـەجـێ بکات. بواسطەی ام اعـلانەوە کە له خـوارەوە چاپکراوە لە لایەنی حضـرت مندوبی سامییەوە مهلەی شەش مانگی تر درا.

**قراری مندوب السامی:**

لەبەرئەمـە کە لازم بینراوە ئەو مدەتە مـعینـه کە بۆ قـیدکردنی مـعامـلاتی فرۆشتنی ملک بواسطە (بیان تأیید البیوع غیر المسجلة بۆ ساڵی ١٩١٩). کراوە لە لیوای سلێمانیدا تزیید بکرێت.

ئەوا من مێجەر جنرال سیر پرسی کوکس بواسطەی ئەو صـلاحیـەتە کە بەصفت مندوب السامی بە من دراوە ئەم اعلانە نشر دەکەم:

ناوی ئەم اعلانە (بیاني تأییدي البیوع غیر المسجلة هینی لیوای سلێمانی ساڵی ١٩٢٢)ە. مادە (٤) هینی بیان تایید البیوع غیر المسجله بۆ ساڵی ١٩١٩ لە لیوای سلێمانی جاری نابێت.

لەباتی ئەم مـادەی چوارەی مـادەیەکی تر کـە لە خـوارەوە بیـان کـراوە لە

جێی ذکر کراوە داخل بۆ لیوای سلێمانی جاری دەکرێت. یعنی کە دەبێ اعلامی کڕین و فرۆشتنی ملک پێش رۆژی ٢١ أوگست (اب) ١٩٢٢دا بۆ دائرەی طاپۆ بهێنرێت.

(پێشکەوتن ژمارە ٩٩ رۆژی ١٦ مارت ١٩٢٢)

ئەم بەیانە برێتییە لە درێژەپێدانی تسجیلی معاملاتی موڵک لە طاپۆ بۆ شەش مانگی تر، بۆ ئەو کەسانەی کە لەکاتی نەبوونی دائیرەی طاپۆ لە سلێمانیدا بەگوێرەی اعلامی شەرعی و سند نووسین معامەلەی موڵکیان کردووە.

(سەیری ل٣٨٠-٣٨١ لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە بکە)

– لە سەردەمی شێخ مەحموودا، مودیری تاپۆ دیسانەوە فائق بەگ بووە و پێنج یاریدەدەری هەبووە (واتا معاونی تاپۆ) کە ئەوانیش هادی سائیب و مەلا سەعید ئەفەندی و عەلی بەگ و غەفوور ئەفەندی و ئەحمەد بەگ بوون.

– هادی سائیب کوڕی مەلا ئەحمەدی سائیب و برای جەلال سائیب و جەمیل سائیب بوو.

– مەلا سەعید ئەفەندی: بە مەلا سەعید ئەفەندی کابان تێدەگەم.

– عەلی بەگ: کوڕی مستەفا بەگ برای یەکتا بەگ بوو.

– ئەحمەد بەگ : ئەحمەد بەگی کەریم بەگ واتا ئەحمەد بەگی تاپۆ باوکی ئەمین بەگ و عومەر بەگ و عەبدوڵڵا بەگ و عەباس بەگە.

– هەر لە رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (١٢) رۆژی ١٥ جولای ١٩٢٠دا ئەم هەواڵە بڵاو کراوەتەوە:

بۆ زانینی هەموو: لە پێشا جاڕ درا و بە هەمو کۆڵانێکدا زانان هەڵواسرا، کە مأموری طاپۆ چوارلای خانو اگرێ، هەمو کەس لەوەختا کە نۆرە هاتە سەر سندی طاپۆ نیشانی ئەو مأمورەی بدا. هەتا ئێستاش هیچ کەس کە داوای سندیان لێ کردووە یا ئەڵێ نیمە یا ئەڵێ ون بووە. ئەوا

ئەمجارەش بێژرا هەچ کەسێک کە سندی ببێ و نیشانی نەدا تووشی جریمەی زل دەبێ.

کبتان رایت: معاون حاکمی سیاسی

- دیسانەوە لە رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (٧٤) رۆژی ٢٢ سێپتەمبەر ١٩٢١ ئەم ئیعلانە بڵاو کراوەتەوە:

(هەر کەسێ بە اعلام و وکالت و یا بە صورتێکی تر أراضی کڕیوە و تا ئێستا معاملەی طاپۆی نەکراوە، صاحیبی ئەو نوعە معاملانە لەم خصوصەوە هەر اعلام و وثائقێکیان هەیە، بۆ ئەمە یەک لیستە تنظیم بکرێ لە تأریخ ئەم اعلانەوە تا بیست رۆژی تر ئەو وثائقانە پیشانی دائرەی طاپۆ بدەن.

فائق: مأموری طاپۆی سلێمانی

**بەڕێوەبەرەکانی تاپۆ**

وەک وتمان لە سەردەمی عوسمانیدا (عبدالغنی قەرەداغی باوکی عبدالحمید کە سەردەمێک بەڕێوەبەری پۆلیس بوو). دوای ئەو زیاتر ناوی فائق بەگ هاتووە. دوای ئەویش:

- شێخ عەزیزی شێخ رەشید، سلێمان ئەفەنی کەرکووکی یاریدەدەری بوو.
- مستەفا مەجید عەزیز کە ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی مایەوە و دوای ئەوە گوێزرایەوە بۆ بەغدا، ئەم پیاوە بە تواناترین کادری تاپۆ لە هەموو عیراقا دادەنرێ و جگە لەوەی کە چەند کتێبی لەسەر کاروباری (تسجیلی عقاری) نووسیوە کە بوون بە سەرچاوە لەم رووەوە.
- جەلال بەگ حەمدی بەگ.
- سەعید بەگ شەفیق بەگ.
- (صلاح بەگ علی بەگ بابان و گەلێکی تر لە بەرگی داهاتوودا دەیان

نووسین).

باقی ئەو کەسانە کە لە تاپۆی سلێمانیدا ئیشیان کردووە:

- عەلی ئەمین یاریدەدەری تاپۆ- رەشید ئەحمەد خەفاف یاریدەدەر.
- عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەمین (محاسبی تاپۆ) لە دواییدا بوو بە مودیری تاپۆی دهۆک- فائق رەشید عەبدولکەریم (مساح).

## مێژووی جەندرمە و زەفتیە و پۆلیسی سلێمانی

### سەردەمی عوسمانی

- جەندرمە یاخۆ ضبطیە (زەفتیە) یاخۆ دەرەک هەموو بەو هێزە دەوترا کە بەگوێرەی ماددەی پانزە لە (نظام الولایات ١٨٦٤) کە ئاسایشی پێ سپێرراوە کە لە (مرکز)ی هەر ولایەتێک لە ولاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێکی گەورە کە (ئالای بەگی- گەورەی ئالا) یان پێ دەوت لە مەرکەزی (سنجق)ەکانیشدا لقی هەبوو. ئەم هێزەش هاتە جێی هێزی (هایتە- حەیتە، یاخۆ باشیبۆزخ- باشی بوزق غیر نظامي) لە سەردەمی والییەتی مەدحەت پاشادا لە بەغدا. ئەم (ئالا)یە برێتی بوو لە فەوجی پیادە و سوارە کە ژمارەیان دەگەیشتە (٦٤٠٠) کەس و لە ساڵی ١٨٧٠ ژمارەیان گەیشتە (٧٠٠٠) کەس. ساڵی ١٨٧٥ ئەم هێزە سیانزە فەوجی لێ پێکهات، هەر فەوجیش دوو (سرية).

سریەی پیادە و سریەی سوارە کە لە ژێر دەستی (طابور ئاغاسی- ئاغای تابور)دا بوون. دوو فەوج لە سلێمانیدا دامەزرا یەکێکیان بۆ پاراستنی سنووری رۆژهەلات، فەوجەکەی تر بۆ پاراستنی سنووری لەگەڵ ئێراندا.

هێزی جەندرمە لەژێر دەستی ئەفسەری سوپادا بوون و پلەی روتبەکانیان بەمجۆرە بوو:

میرئالای (عمید)

قۆڵ ئاغاسی (طابور ئاغاسی) (رائد)

یوزباشی (بلوک ئاغاسی) (نقیب)

مانگانە هەر جەندرمەیەک لە پیادە (٨٠) قرۆش و هی سوارە (ئێستر سوار) (١٨٠) قروش کە ئەمە بۆ خۆی خواردن و هەیتوهووتی وڵاخەکەی بوو.

(سەرچاوە: "الادارة العثمانية في ولاية بغداد. د. جميل موسى النجار، ص٢٧٩-٢٨٤").

- پۆلیس: لە دەوروبەری ساڵی ١٨١٩دا ناوەند (مرکز)ی ولایەت کە بەغدا بوو دامەزرا تاکو لە ساڵی ١٩٠٧ پەرەی سەند وەک لەمەودوا باسی دەکەین:

سەرقۆمیسەر (مفوض شرطة درجة أولى) ئەمە مودیر بوو.

لە (سنجق)ەکان، قۆمیسەری دووەم لەگەڵ دوو پۆلیس هەبوون. و لە قەزاکان قۆمیسەری سێیەم لەگەڵ تەنها یەک پۆلیس هەبوو. کە ئەمانە هەموو سەر بە والی بوون. ئەو دایدەمەزراندن و دابەشی دەکردن. بەڵام لە ساڵی ١٩١٣دا دانان و لابردنی بەڕێوەبەری ئەم دەسگایە درا بە (نظارەی داخلیە).

مانگانەی سەرقۆمیسەر (١٠٠٠) قروش و قۆمیسەری دووەم (٥٠٠) و قۆمیسەری سێیەم (٣٠٠) و پۆلیس (٢٠٠) قروش بوو (سەرچاوەی پێشوو ل٢٨٦-٢٨٨).

لە سلێمانی لە سەردەمی عوسمانیدا جەندرمە یاخۆ زەفتیە ئەرکی پۆلیسیان دەبینی کە بریتی بوو لە پاراستنی ئاسایش و (تبلیغات) و کۆ کردنەوەی باج وە دوورکەوتنی جەردە و پیاو خراپ و ئێشکگرتن.. لە راستیدا جەندرمەی سەردەمی عوسمانی ناوێکی پیسیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت و باو و باپیر بۆ کوڕ و کوڕەزایان گێڕاوەتەوە کە ئەوانە چەند دڵڕەق و تەماعکار و هیچ نەزان بوون و هەمیشە بۆ بیانوو گەڕاون لە خەڵک

که بەرتیلیان لێ بسێنن. جگە لەوەی کە نەک هەر تەنها زەفتییەکانی خۆیان بەڵکو وەک مێجەرسۆن لە (رحلة متنكر ل٥١-٥٢ ب٢)دا دەڵێت تاکو: (طابور ئاغاسییەکەیان) (پەساپۆرتەکەمی سەیر ئەکرد. بەڵام سەر بەرەو خواری گرتبوو. قۆمیسەری پۆلیس نەیدەتوانی (مۆر یاخۆ ختم)ی مەرکەزەکانی خۆیان بخوێنێتەوە، ئەیدایە کوردەکان کە لەوێدا وەستابوون بۆی بخوێننەوە..) چونکە هەموو نەخوێندەوار بوون.

ئەوەی زەفتیە و جەندرمە لە کاتی شەڕی گێتیی یەکەمدا لە سلێمانیدا کردیان، پیاو کە بۆی دەگێڕنەوە یاخۆ دەیبیستێ مووچڕک بە ئازایا دێت. کە چۆن دەچوونە ماڵانەوە، ئەوەی لەو قاتوقڕییەدا تۆزێک زەخیرەی لە ماڵدا بووبێت وەک ئارد و برنج و رۆن.. بە زۆر لێیان سەندوون و ئەگەر بەرامبەریان وەستابن کوشتوویانن..

## سەردەمی ئینگلیز

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩وە تاکو ساڵی ١٩٢١ کە ئینگلیز راستەوخۆ حوکمی سلێمانی دەکرد و مێجەرسۆن ئەمجارە نەک بە خۆ گۆڕین بەڵکو بە ئاشکرا حاکمی سلێمانی بوو، ئەو پیاوە چەند کەسێکی لە شێوەی زەفتیەدا دامەزراندبوو وردەوردە زیادیان کرد. زەفتییەی تایبەتی پاراستن و بەردەستی مێجەرسۆن (شريف أفندي مختار) و چەند کەسێکی تر بوون.

- بەڕێوەبەری پۆلیس لە کاتی مێجەرسۆندا، حاجی ئاغای حەسەن ئاغا بوو، هەر کە لەو جێگایە لابرا و کرا بە مودیری ناحیەی قەرەداغ، عەونی ئەفەندی حاجی گورون خرایە شوێنی و لە دواییدا ئەویش کرا بە مودیری ناحیەی سەرچنار.

لە ساڵی ١٩٢٠دا پۆلیسی پیادەی زەمانی ئینگلیز کە قەید دەکران مانگی (٢٠) روپیە واتا دینار و نیوێک مەعاشیان بوو. پۆلیسی سوارە چونکە ئەرکیان زیاتر بوو مانگی (٤٠) روپیە بۆ خۆیان و (١٠) روپیەش بۆ ئالیکی

ولاخەکانیان دەبرایەوە.

ئەرکی سەرشانی پۆلیسی پیادە نۆبەتچییەتی (ئێشک گرتن- حراسة) بوو لەناو شاردا، بەلام پۆلیسی سوارە بۆ ئیشی دەرەوە کە بریتی بوو لە (تبلیغات) و گرتنی گوناهبار و هێنانی بۆ بەردەمی دادگا و گەلێک ئەرکی جۆراو جۆری تر. بۆیە هەر کەسێک ئازا و هەڵکەوتوو نەبوایە، نەیدەتوانی ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ. لەبەر ئەوە لە کورە ئازا لێهاتووەکان نەبوونایە ئەم ئەرکەیان پێ نەدەسپێرا.

لە ٢٧ تەمووزی ١٩٢٢دا (رئیسی پۆلیسی سلێمانی برادفۆرد بووە کە ئینگلیز بوو)..

(پێشکەوتن ژمارە ١١٨ رۆژی ٢٨ تەمووز ١٩٢٢).

هەروەها لە رۆژی کوردستان ژمارە (١٣)ی رۆژی ١٧ شوبات ١٣٤١دا ئەم (إعلان)ە بلاو کراوەتەوە:

(بلوکێکی ئێسترسوار قەید ئەکرێ. هەر کەسێ طالبە بە ئێستری چاکی خۆیەوە مراجعت بە رئاسی امنیەتی عمومی بکات).

دیسانەوە (مستر شبرد) کە ئینگلیز بووە لە ١٩٢٥/٩/١٦دا (موفەتیشی شورتەی سلێمانی) بووە.

لە سەردەمی شێخ مەحموودا، سەید ئەحمەد بەرزنجی (مرخص) بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو.

- لە سەردەمی پاشایەتیدا بە تەواوەتی لەو کاتەدا و یەکەم جار کە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی سلێمانی بوو، یەکەم کەس کە لە لێپرسراوی پۆلیس دانرا معاونی پۆلیس هەمزە شاسوار (هەمزە بەگی دەلو) کە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس بوو. بەینێک مایەوە تا لە دواییدا:

- کابتن شبرد (شەبەرد)ی ئینگلیز لە رۆژی ١٩٢٥/٩/١٦دا بە موفەتیشی پۆلیس دانرا.

هەروەها معاونی پۆلیس نوری ئەمین خەیات لە ١٩٢٧/٨/١دا و محەمەد عەلی مەحموود لە ٩٢٨/٥/١دا بە معاونی پۆلیسی سلێمانی دانراون. عەبدولحەمید عەبدولغەنی قەرەداغی بەڕێوەبەری پۆلیس بووە.

موراد بەگ لە ٩٢٧/١١/٣ لە سلێمانی وەک بەڕێوەبەری پۆلیس دەستی بە ئیش کردووە.

هەروەها سەید عەلی حیجازی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بووە لە چلەکانی سەدەی رابوردوا و لە ١٩٤٨دا بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی.

(عەلی غالیب کە باوکی ئەحمەد و ئەکرەم بوو لە خانووەکەی میرزا ئەحمەدی حاجی سالحی خەفافدا بوو، خەڵکی کەرکووک بوو، لە چلەکانی سەدەی رابوردوودا بەڕێوەبەری پۆلیس بوو.

- هەروەها سەبری عەبدوڵڵا کە خەڵکی کۆیە بوو، باوکی (فؤاد) و (جمیل) ئەویش ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی لە چلەکاندا واتا لە ١٩٤٤ وە بۆ ١٩٤٦ بەڕێوەبەری پۆلیس بوو.
- جەمیل رەشید (جەمیل بەگ) ئەویش خەڵکی کەرکووک بوو ئەویش ماوەیەکی زۆر مایەوە، پیاوێکی دەست پاک و ڕاست بوو، دانیشتوانی سلێمانی خۆشیان دەویست. هەر لەسەر داوای هەندێ کەس لە دانیشتوانی شارەکە. ئەم پیاوە ماوەیەکیش واتا لە ١٩٤٨/٥/١١ وە تاکو ١٩٤٨/٩/١٢ بوو بە جێگری موتەسەڕیف.
- سەید عارف لە سەردەمی موتەسەڕیف جەلال خالیدا بەڕێوەبەری پۆلیس بوو واتا لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٢.
- عەلی حاجی عەبدولڕەحمان خەڵکی مووسڵ بوو لە ١٩٥٢-١٩٥٤ لەو کاتەدا بوو کە (مزاحم ماهر متصرف یاخۆ پارێزەری سلێمانی بوو) لە شوباتی ١٩٥٣وە تا تەمووزی ١٩٥٤).
- ساڵی ١٩٥٥ مستەفا حەبیب مودیری پۆلیس بوو، بەڵام بەینێک بە (إیفاد)

چوو بۆ تورکیا، (سالّح خۆشناو) کە معاونی پۆلیس بوو ئەو جێگری بوو.

– ساڵی ١٩٦٠ عەبدولجەبار عەبدولەجید بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ (تحریاتي جنائية) لە بەغدا.

– حەسەن حاجی محەمەد عومەر لە ٩٦١/١/١٩ لە سلێمانی بەڕێوەبەری پۆلیس بوو (ئەمە جگە لە یاسین دەروێش و عەبدولقادر جەلال و نوری عەزیز بەگ و گەلێکی تر کە لە بەرگی داهاتوودا دەیان نووسین).

**معاونەکانی پۆلیسی سلێمانی**

– محەمەد سەعید عەبدولغەنی ساڵی ١٩٤٥.

– حامید فەرەج حەسەن ئەفەندی (کرکوکی).

– عەبدولڕەحمان نەجیب ژنبرای مەحموود ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی.

– عارف مەحموود (باوکی عومەر و عیرفان).

– مەزهەر ئەحمەد (باوکی د. کەمال).

– شێخ رەزای شێخ محەمەدی گولانی ساڵی ١٩٥٥ معاونی پۆلیسی سەرشەقام بوو.

– حەسەن نەجمەدین لە مانگی ١٩٦٢/١٢دا معاونی پۆلیسی مەرکەزی سلێمانی بوو.

– حەسەن عەبدولجەبار معاونی (أمن- ئاسایش)ی سلێمانی لە ١٩٥٨/١٢/ ٢٥دا بوو.

– فەتحوڵڵا محەمەد عەلی معاونی (أمن- ئاسایش) بوو، گۆڕرا بۆ بەغدا لەگەڵ حەسەن عەبدولجەبار بۆ جێگای یەکتر.

– مفەوەز (قۆمیسەر)ەکانی ئەوسای سلێمانی

تۆفیقە رەش مەلا نوری (نوری محەمەد باوکی کەمالی نووسەر)، عەلی عەباس، حەمە سەعیدی قازی (محمد سعید علی بەرزنجی) کە لە دواییدا

بوو بە معاون، عەلی بەگ مەحموود بەگ بابان کە ئامیر مەفرەزەی تەعقیبی خولەپیزە بوو، سدیق ئەحمەد برای مەزهەر ئەفەندی، حەمدی عەبدولقادر واتا حەمدی ئەفەندی کوڕی قادر ئەفەندی گەورە کە لە شەڕی بەرزاندا پێکرا، ئەحمەدی ساڵح ئەفەندی عەلی وردیان، عومەر بەگ ئەحمەد بەگ تاپۆ کە یەکەم کەس بوو کرا بە لێپرسراوی ئاسایش سەر بە پۆلیسی سلێمانی و لە دواییدا بوو بە معاونی پۆلیس.

نابێ خاڵە مچەشمان لەبیر بچێت (مستەفا حاجی برایماغا) کە لەم دواییەدا مودیری ماڵ بوو لە سلێمانی. لە سەردەمی میجەرسۆندا (بەگوێرەی بەرگی دووەم/ بەشی یەکەم لاپەڕە ٣٨ یاداشت (رفیق حلمی) مفەوەز بوو.

**رەئیس عورەفا کۆنەکان کە ناویان هەبوو :**

بابا شێخی قەرەداغی، حامید ئەسعەد، سەعید ساقی (کەرکووکی بوو) عەلی ئایشە خان (پۆلیسی گومرگی بوو)، حەمەی مەلای دەنگ گەورە، (حەمە سوور و حەمە بچکۆڵ هەردووکیان سێ خەت و تاج بوون و کوڕی مەلای دەنگ گەورە بوون). حسێن ئەسعەد، عەبدوڵلا مارف، محەمەد جەبار، ڕەزا کۆیی و کەریم کۆیی (برا بوون)، حەمە تەورێزی، نادر کۆیی، میرزا حەبیب، عەلی مارف چوارتایی.

**پۆلیسی هاتوچۆ (مرور)**

ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٤٤دا لە سلێمانیدا دامەزرا لە کاتێکدا کە (صبری عبدالله) کۆیی مودیری پۆلیسی سلێمانی بوو. ئەو بەشە پێی دەوترا (قسم نقلیات المرور) و (مفوض) عەلی عەباس ئەحمەد کە (قۆمیسەر)یشیان پێ دەوتن کرا بە لێپرسراوی ئەو بەشە و تۆفیقی محەمەدی مەلای دەنگ گەورە یەکەم پۆلیسی هاتووچۆ بوو لەو بەشەدا. لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشی (نقلیات

المرور) بوو بە دەستگایەکی تایبەتی سەربەخۆ و ناونرا (بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی) و بەسترا بە بەڕێوەبەرێتی گشتی هاتوچۆوە لە بەغدا و فراوانییەکی تەواوی وردەوردە بەخۆوە دی (سەرچاوە: ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی ل١٦٩) پۆلیسەکانی هاتوچۆ: تۆفیقی حەمەی مەلا (سێ خەت و تاج).

- برایم دەروێش، مەحموود عێراقی، تۆفیقی حەسەنە قووچ، شێخ ئەحمەد عومەر و شێخ ئەحمەدی خاڵە شێخ غەفوور، قالە شەوقە، حەسەن ساقی، حەمە گەورە، ئەمینی ساڵح نەریمان. غەریب ئیسماعیل، برایم ئەولێ.

- بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٣٩دا چەتری پۆلیسی هاتوچۆی بەر دەرکی سەرا و چەتری ئەسحابە سپی لەلایەن شارەوانییەوە دروست کران. چەتری بەر دەرگای سەرا جارجار دەستی پیا دەهات و سەرلەنوێ دروست دەکرایەوە و رووناک دەکرایەوە، جار جاریش کزۆڵە و بێ شەوق دەمایەوە و لە پرێکدا هەر بە تەواوەتی هەڵدەگیرا و بەڵام سەد شکور لەم دواییەدا دانرایەوە، ئەوە نابێ دەستی لێ بدرێ چونکە بووە بە یەکێک لە شوێنە ناسراوە ناودارەکانی سلێمانی.

## مێژووی شارەوانی سلێمانی (بلدية)

بەگوێرەی کتێبی (الادارة العثمانية في ولاية بغداد- تألیف الدكتور جميل موسى النجار- دار الشؤون الثقافية العامة ٢٠٠١).

دانانی شارەوانی لەو وڵاتانەی سەر بە ولایەتی بەغداد بوون لە سەردەمی مەدحەت پاشای والییەوە دەستی پێ کردووە و وردە وردە پەرەی سەندووە بەتایبەتی دوای دەرچوونی (قانونی بلديات) لە ساڵی ١٨٧٧دا.. بەمجۆرە شارەوانی لە ناوەندی شارەکان و قەزاکاندا دامەزراوە. هەر بەگوێرەی ئەو کتێبە گوایە یەکەم شارەوانی لە ئەستەمبوڵدا لە دوو گەڕەک ساڵی

١٨٥٨دامەزراوە و لە بەغدا ساڵی ١٨٦٨ (كە سەرۆكەكەی ابراهیم افندی الدفتری) بووە و بەگوێرەی یاسای ناوبراوی سەرەوە كە ساڵی ١٨٧٧ دەرچووە شارەوانی لە شارەكانی تر دامەزراوە و مەرج بووە بەگوێرەی ئەو یاسای ئەنجوومەنی شارەوانی كە ئەندامەكانی لە شەشەوە بۆ دوانزە كەس بن و بە هەڵبــژاردن دابنرێن و لەناو ئەوانەدا مــیــریی یەكــێك دادەنێ بە سەرۆكی شارەوانی كە پێویستە هەر دانیشتوو واتا خەڵكی ئەو شارەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ بە مەرجێك (خاوەن موڵك بێت و تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ زیاتر بێت و بتوانێ كە توركی قسە بكات و هیچ پێوەندییەكی بە خزمەتی دەوڵەتێكی بێگانەوە نەبێ و نە ئەفسەر و نە لە هێزی زەفتییەدا بێ. هەر لەو یاسایەدا ئەركی شارەوانی روون كردووەتەوە..

بە قسەی (غلام حسینی شیرازی- مێجەرسۆن) كە لە ساڵی ١٩٠٩دا لە سلێمانی بووە و لە لاپەڕە (٢٤٩)ی كتێبەكەیدا دەڵێت:.. لەو كاتەدا غەفوور ئاغا سەرۆكی شارەوانی بووە. بەڵام وەك لە كۆواری شارەوانی سلێمانی ژمارە (١) ساڵی ١٩٦٨ دەردەكەوێت (ل١١) كە پێش غەفوور ئاغا سێ كەسی تر سەرۆكی شارەوانی بوون:

یەكەم: عەلی بەگ حەمە بەگ (علی بەگ محمد بەگ خالد بەگی بابان) باوكی فائق بەگ.

دووەم: سەید ئەحمەدی بابا رەسوڵ.

سێیەم: ئاغا فەتحوڵڵا (باوكی تۆفیق افندی).

چوارەم: غەفوور ئاغای حاجی عەبدوڵڵا (باوكی احمد ئاغا و كمال ئاغا).

دوای ئەوان هەروەك لە سەرچاوەی ناوبراودا هاتووە:

پێنجەم: محیەدین ئەفەندی قادر ئەفەندی (مودیری رێژی و وەكیلی سەرۆكی شارەوانی) لە ساڵی ١٩١٤دا.

شەشەم: ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕان (حەمدی شاعیر) ساڵی

١٣٣٥ کۆچ (١٩١٦ز).

حەوتەم: عەبدوڵڵا بەگی حاجی حسێن ئەفەندی (باوکی مەجید یاوەری حاکم) لە کاتی فەرمانڕەوایی مێجەرسۆندا لە حوزەیرانی ١٩١٩وە تاکو مانگی مارتی ١٩٢١.

هەشتەم: بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ رۆژنامەی پێشکەوتن ژمار-٣٧- رۆژی ٦ جەنیوەری/کانونی دووەم/ ساڵی ١٩٢١ بۆمان دەردەکەوێ کە وەک دەڵێت (چەن وەختێک بوو (رئیس بلدیەی سلێمانی) وەفاتی کردبوو.. وا بە باش بینرا کە خۆ ولاتییەکان بە بیری خۆیان یەکێکی چاک هەڵبژێرن و دانرێت..

هەر بەگوێرەی پێشکەوتن دە کەس خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەو ئیشە و دوای دەنگدان بەمجۆرە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەرکەوتووە:

(عیزەت بەگ عوسمان پاشا: ٧ دەنگ).

(عەبدولحەمید ئەفەندی حسێن ئەفەندی: ١٠ دەنگ).

(حەمەغای ئەوڕەحماناغا: ٢٨ دەنگ).

(رەمزی ئەفەندی: ٤ دەنگ).

(عەبدولڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا: ٣٥ دەنگ).

(عەزمی بەگ بابان: ٢٠ دەنگ).

(سەعید بەگ حاجی رەسوڵ بەگ: ٦ دەنگ).

(غەفور ئاغا: ٨ دەنگ).

(مەحموود ئەفەندی سەرمیرزا: ٣٨ دەنگ).

(حسێن نازم ئەفەندی: ٣٣ دەنگ).

کەوابوو مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا کە سەر میرزا بووە واتا سەرۆکی نووسەرەکانی شارەوانی بووە ئەو هەڵبژێرراوە و ئەو بە سەرۆکی شارەوانی بۆ (جاری یەکەم) دانراوە.

هەروەها ناوی عەبدولڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا لە هەشتەمین کەسدا لە کۆواری شارەوانی سلێمانیدا هاتووە. ئەمە هەڵەیە چونکە هەر لەو ڕۆژنامەیەدا لە ژمارەی (٤٥ی ڕۆژی ٣ مارتی ١٩٢١)دا دەڵێت: جەنابی عەبدولڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا بوو بە قایمقامی شارباژێڕ و جەنابی ڕەزا بەگ بوو بە حاکمی قەزا (وا دیارە ڕضا بەگ قایمقامی شارباژێڕ بووە و گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی).

بەڵێ عەبدولڕەحمان ئاغاش سەرۆکی شارەوانی بووە و دەبێ دوای مەحموود ئەفەندی بووبێت.

نۆیەم: عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف ٥ حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣.

دەیەم: سەید کەریم ئەفەندی سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣.

ئەمەش لێرەدا جۆرە چەواشەیەکی تێدا هەیە چونکە نابێ عیزەت بەگ تەنها بۆ دوانزە ڕۆژ دابنرێ بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و وا گورج لابرێت.

یانزە: مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا (یەکەم جار) لە ٢١ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٤ لە کاتی (چەیمەن)دا.

وتمان ئەمە هەڵەیە و هەواڵەکەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن ڕاستترە لە نووسنەکەی کۆواری شارەوانی سلێمانی.

دوانزە: یەکتا بەگی مستەفا بەگ لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١وە تا ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٥.

سیانزە: مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا (بۆ جاری دووەم) لە ٣٠ تشرینی دووەمی ساڵی ٩٣٥وە کە لە مودیریەتی ئەموالی قاسرینی کەرکووکەوە گوێزراوەتەوە بۆ شارەوانی سلێمانی و تاکو ٣٠ مایسی ١٩٤٤ ماوەتەوە.

چواردە: قادر ئاغای حاجی مەلا محیەدین (یەکەم جار) لە ١٩٤٤/٥/٨وە

تاکو ١٩٥٠/٨/٢.

پانزه: ڕەشید غەفوور لە ١٩٥٠/٨/٣وە تاکو ١٩٥١/١٢/١.

شانزه: قادر ئاغای حاجی مەلا محیەدین (دووەم جار) لە ١٩٥١/١٢/١وە تا ٩٥٤/٨/٢١.

حەڤدە: فائق هوشیار لە ٩٥٤/٨/٢١ تا ١٩٥٦/٨/٥.

هەژدە: عەبدوڵڵا بەگی حەمە عەلی بەگ (وکیل).

نۆزدە: حەسەن ڕەفعەت لە ١٩٥٦/١١/٦هوە تا تەمووزی ١٩٥٨.

بیست: شاکر فەتاح لە ٩٥٨/٨/٥وە تا ١٩٦١/١٢/٢٤.

بیست و یەک: محەمەد ساڵح ژاژیلە(وکیل)١٩٦١/٨/١هوە تا١٩٦٣/٦/٩.

بیست و دوو: عیزەت سەعید کابان لە ١٩٦٣/٦/٩هوە تا ١٩٦٧/١٢/٢٦.

بیست و سێ: جەمال عەبدولقادر بابان لە ٩٦٧/١٢/٢٣وە تا ١٩٦٩/ ١٠/١٠.

بیست و چوار: هوشیار بابان.

بیست و پێنج: عەبدول سۆران*.

شارەوانی لە هەر وڵاتێکدا بۆ خزمەتی ناو شار لە هەموو ڕوویەکەوە دادەمەزرێ، ڕووناککردنەوەی شار و گەیاندنی ئاو بۆ هەموو ماڵێک و شوێنێک و پاک و تەمیزی و ڕێگا ڕاکێشان و قیرتاو، ڕێکوپێکی بنیات و خانوو لەسەر نەخشەیەکی هونەری و ئاگر کوژانەوە و باخ دروستکردن و ناشتنی دار لە قەراغ شەقامەکان و لە شوێنی ترا و دەیەها ئیشی تری لەم بابەتە..

---

* لە کاتی خۆیا زۆر هەوڵم دا لە ڕێی خوالێخۆشبوو نوری وەشتییەوە ناوەکانی تری سەرۆکی شارەوانی و ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەست بە ئیشکردنیان و دەست هەڵگرتنیانم پێ بگات. بەڵام بەداخەوە وەفاتی ئەو برادەرە بوو بەهۆی ئەم کەموکورییە. ئومێد دەکەم لە بەرگی داهاتوودا ئەوانیش تۆمار بکەم.

لەبیرمە لە سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی پێشوو، قیرتاوی شەقامەکان بە دەست و (بە تیرۆکی گەورە) دەکرا، ئاوڕشێنی شەقامەکان لە لایەن کرێکارەکانی شارەوانییەوە بە تەنەکەی ئاو دەکرا. کۆڵانەکانی ناو شار هەر لەو ساڵانەدا تەنانەت بەردڕێژیش نەکرابوو، هەموو بە زستان قوڕاو و چڵپاو و لە هاویندا تۆز و خۆڵ بوون. لە سەرەتاوە شەقامەکان و هەندێ لە کۆڵانەکان بە چرای نەوت ڕووناک دەکرانەوە تا لە ساڵی ١٩٢٨دا کارەبا هاتە سلێمانییەوە، ئەوساش (عمود)ی کارەبا (دار) بوو نەک ئاسن. کە پڕۆژەی ئاو نەهاتبووە شارەوە (واتا پێش ساڵی ١٩٢٨) ژنان بە تەنەکە و بە گۆزە و بە سەتڵ ئاویان لەو ماڵانەوە دەبرد کە حەوزیان تێدا بوو یا لە کارێزەکانەوە.. خۆڵ و زبڵی ماڵان بە (کەر) دەگوێزرانەوە کە شارەوانی یەکسەر یا بە قۆنتەرات گواستنەوەی زبڵی پێ جێبەجێ دەکردن هەر (کەر)ێک (شەڵتە)یەکی دەم کراوەی بە پشتەوە بوو کە ئەو زبڵەی تێ دەکرا..

شەقامی سەرەکی لەناو شاردا تەنها شەقامی (سەرشەقام) و شەقامی سابوونکەران و یەکدوو شەقامی تر بوون ئەوانیش خواروخێچ و ناڕێک، تاکو (مەجید یەعقوبی) هات و بوو بە (متصرف- محافظ)ی سلێمانی کە تەنها ساڵێک و چوار مانگ مایەوە واتا لە (١/١٠/١٩٣٧- ١٧/٢/٩٣٩) ئەو پیاوە لەو ماوە کەمەدا (کە پارەش ئەوەندە نەبوو) نەک هەر لەناو شاری سلێمانیدا، بەڵکو لە هەموو قەزا و ناحیەکانیشدا شوێنەواری ئاواکردنەوەی دیارە.

مەجید یەعقوبی شەقامی (مەولەوی) و (شەقامی پیرەمێرد بەرەو بەندیخانەی سەرەوە) و (خانووی موتەسەڕیف کە لەم دواییەدا بوو بە شوێنی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی) کە لەو ڕۆژانەدا ئەو جۆرە خانووانەی لە شاردا نەبوون، هەروەها ئەو (باخچەی گشتیی) دروست کرد، کە ئەو سەردەمە ئەو شوێنانە، هەموو دەرەوەی شار بوون. شەقامە سەرەکییەکانی تر وەک شەقامی کاوە و شەقامی نالی دوای ئەو دەستی پێ کرد (سەیری بەرگی دووەمی ئەم کتێبە ل٢٢٧-٢٣٤) بکە.

باسی ئاو و ئەلەکتریکمان لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا کردووە و مێژووی هێنانیان بۆ شار، پێویست ناکات دووپاتی بکەینەوە.

- لە (الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ص٢٧٥)دا هاتووە کەوا:

شارەوانی لە لیوای سلێمانیدا تەنها لە (سلێمانی) و (هەڵەبجە) و (پێنجوێن)دا هەبووە.

لەو ساڵەدا واتا (١٩٣٦) هەزار دیناری ئەوسا بۆ چاکردنی پرۆژەی ئاو و کارەبا دانراوە.

هەروەها دە هەزار دینار لە بودجەی عێراق بۆ کردنەوەی شەقام و سەرگرتنی ئاوەڕۆی سلێمانی دانراوە.

سلێمانی لە چاو شارەکانی تری عێراقدا و لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتی و دانەمەزراویەی کە بەخۆیەوە دیوە و بە چاو تەمەنی کەمیدا (بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ شاری کەرکووک و هەولێر)دا بەراورد بکرێ، لە هەموو روویەکەوە لەوان پێشکەوتووتر نەبێ، دواکەوتوو نییە.

ئێستا تا بڵێی گەورە بووە و پەرەی سەندووە بەتایبەتی بەرەو ژوور گەیشتووەتە دامێنی گۆیژەوە بەرەو رۆژئاوا گەیشتووەتە چەقی قلیاسان و نزیک سەرچنار، بەڵام بەرەو رۆهەڵات و بەرەو خوار کەمتر پەرەی سەندووە.

شەقامی هەموو قیرتاو و کۆڵانەکانی هەموو چیمەنتۆرێژ و ئاوەڕۆی تەواو کە ئەمانە هەموو ئەرکی سەرشانی شارەوانین.

ئەوسا (با بڵێین لە ساڵی ١٩٠٥ واتا نیو سەدە لەمەوبەر) سلێمانی بریتی بوو لە شەش گەڕەکی سەرەکی (گۆیژە، مەڵکەندی، کانی ئاسکان، سەرشەقام، دەرگەزێن و چوارباخ بێجگە لە گەڕەکی جوولەکان لە خوارەوە). ئێستا بریتییە لە (٥٨) گەڕەک. هەر لەو ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٤٥-٥٥ هەزار کەس بوون بەڵام ئەمڕۆ لە نیو ملیۆن زیاترن.

سنووری سلێمانی هەر لەو ساڵەدا لە باکورەوە تا (سجن- بەندیخانە) و

لە باشـوورەوە تا دامـێنی گـەڕەکی سـەرشـەقـام و لە رۆهەڵاتەوە تـا گـەڕەکی (دیان)ەکـان و سـابوونکەران و لە رۆئاواوە لـە مـاڵی (مـتصـرف) و بـاخـچـەی گشتی کەمێک تێپەڕی کردبوو، بەڵام ئێستا بەو جۆرەیەو لەو سنوورەدایە کە لە سـەرەوە باسمـان کردووە.

کتێبی (العراق الشمالي) کە (عبدالهادي الدفتر) دایناوە لاپەڕەی (٣٧٨)ی سـەرنجی راکێـشـام کـە لە دامـێنەکـەیدا دەڵێت سلێـمـانی لەمـەوپێش وەک دێیـەکی گـەورە وابوو، لـە هـەمـوو روویەکی پێشکەوتن و گـەشـانەوە مـەحـروم بوو، هیچ رواڵەتێکی شـارستانیـەتی و ژیاریی پێوە دیار نەبوو کـەمێک نەبێت بەڵام ئەمـڕۆ خـەریکە رێگای خـۆی دەکاتەوە بـەرەو پێشـەوە و بەرگی کـۆنی فـڕێ داوە و بەرگی نوێ ئەکـات بـە بەرا.. ئـەمـەش ئەنجـامی ئـەو هـەوڵ و تەقەلادانە زۆرەیە کە لەم رێگایەدا بەکاردەهێنرێت.. تاکو دەڵێت (رەنگ هـەیە رۆژانی ئاینده سلێـمـانیـیـان وەک بووکـێکی رازاوە لەناو شـارەکـانی تری عێراقی ئازیزدا بدا بە دەستـەوە). هـەرواشـە گـەشبینیی ئەو پیاوە زۆری تری وەک ئەو هـاتـە دیی، بەوە دا کـە سلێـمـانی وەک شـارەکـانی تری عـێـراق لە هـەموو روویەکەوە ئاوایە و بگرە لە هـەندێکیشیان پێشکەوتووترە.

**کۆواری شارەوانی سلێمانی**

لە سـاڵی ١٩٦٨ لە مـانگی تەمـووزدا یەکـەم ژمـارەی دەرچوو تا ژمـارە (٣) سـاڵی (٢) واتا (١٥) ژمارەی لێ دەرچوو کە ناوەکەی بەمجۆرە بوو:

- سلێـمـانی: بڵاوکراوەی شـارەوانی سلێـمـانی مـانگی جـارێک دەردەچێ. جگە لە کـاروباری شـارەوانی گـەلێک چمکی وێژەیی و هونـەری و شیـعـر و... شـتی جـۆراوجـۆری گرتبـووە خۆی بـە جۆرێک ئەو سـەردەمـە کـاک ئیـحسـان شێرزاد وەزیری شـارەوانییەکان بوو، نووسینێکی بڵاو کردەوە بەسـەر هـەموو شـارەوانییەکـانی عێراقدا کە چاو لە شارەوانی سلێمانی بکەن بۆ دەرکردنی کۆوارێکی ئاوەها کە خزمەتی شارەوانی و دانیشتوانی شارەکان بکات.

ئەندازیارەکانی شارەوانی

| ڕۆژ و ساڵ | ناو |
|---|---|
| ١٩٢١/٢/١٠ | مهندس بلدیه قادر افندی |
| ١٩٣٣/١٠/١ | رئیسی مهندسین عزت افندی که به ادارەی ملوکانه دامەزرا و له دواییدا بوو به کاتب تحریری شاربازێر |
| ١٩٣٥ | کریم بەگ سعید بەگ (زانستی). |
| ١٩٣٥/١١/١٢-١٩٣٦/١/١٤ | مصطفی صائب |
| ١٩٣٦/١/١٤-١٩٣٦/٦/٦ | محمدامین افندی محمد |
| ١٩٣٦/٦/٦ | جلال میرزا |

سەرچاوە: کۆواری شارەوانی ژمارە (٤) ساڵی (١) ١٩٦٨

- بێجگە لەوانە (مەحموود جەودەت) موهەندسی شارەوانی بووە.

**شارەوانی سلێمانی ساڵی ١٩٦٨ (٣٣ ساڵ لەمەوبەر)**

هەر بۆ زانینی دانیشتوانی ئەمڕۆی سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی و بۆ شارەزایی ئەندامانی ئەمڕۆی شارەوانی ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و بەشەکانی ئەو ڕۆژانەی شارەوانی دەنووسین هەر تەنها بۆ (بەراورد) لەگەڵ شارەوانی ئەم ساڵانەی دواییدا. سەرۆکی ئەنجوومەن: سەرۆکی شارەوانی جەمال بابان.

ئەندامەکان:

ئەحمەد فەخری ئەمین (مامۆستای پێشووی قوتابخانە).


د. جەمال غەفوور پزیشک.

بەهجەت محەمەد بابان: پارێزەر (پشتیوان).

سدیق شاوەیس: ناسراوەکانی شار.

نوری مستەفا (ئەفسەری پێشوو).

عەباس ئەفەندی (ئەفسەری پێشوو).
قەشە یوسف پەری (نوێنەری دیانەکان).
ئەمین بەگ ئەحمەد بەگ تاپۆ (ناسراوانی شار).
ئەندازیار و (مساح)ەکان و کارگێڕانی ئەم بەشە:
سەرۆکی ئەندازیارەکان: هوشیار تاهیر یەحیا بابان (لە دواییدا بوو بە سەرۆکی شارەوانی).
عومەر رەمزی مەعروف: موهەندسی کارەبا.
ئەحمەد شێخ مستەفا قەرەداغی: ئەندازیار.
دارا محەمەد ئەمین دارتاش: ئەندازیار.
عەلی بابان ئیسماعیل شاوەیس: ئەندازیار.
حاتەم سەعید.
عوسمان کەریم (لە دواییدا بوو بە سەرۆکی شارەوانی).
نەژاد عەبدە.
مەحموود زێوەر.
رەئووف ئەحمەد خەفاف.
کاربەدەستانی تری شارەوانی:
- محەمەد مستەفا کوردی.
- موحەرەم محەمەد ئەمین.
- نوری دەشتی.
- عوسمان محەمەد باقی.
- ئیسماعیلی لێپرسراوی ئاو.
- شێخ رەزای شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی.
- شێخ محەمەد.
خاڵە رەجەبیش گوڵی بۆن خۆش مەلای مەزبوورەی قسە خۆشی دەسگاکە بوو.
- زۆری تر لە برادەران ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.


سەرۆکی شارەوانی
ئاگرکوژێنەوە
ژمێریاری
ئەنجوومەنی شارەوانی
کارگێڕی و خۆیەتی
کارەبا
ئەندازیار
ئاو
خزن
صندوق
مدققەکان
عەدادەکان
فەنییەکان
فیتەرەکان
عەدادەکان
حقوق
انضباط
اوراق
ذاتیە
تخطیط
تصمیم
تنفیذ
صیانە
فەرمانبەران و مستەخدمەکان
کرێکارەکان

شـوێنـی شـارەوانی: تا ئێـسـتـا شـارەوانی چەند جـێگایەکی گـۆڕیوە لە سـەرەتاوە لـە بینا کۆنەکـەی ناو بازاڕدا بوو تاکو لەلایـەن خـوا لێخـۆشـبـوو شـاکر فـەتاحـەوە کـە سـەرۆکی شـارەوانی بوو بینای چـوار قـاتی بۆ دروست کرا کە ئێستا ئوتێل ئاشتییە (فندق السلام)، لەوێوە گوێزرایەوە بۆ یەکێک لە بیناکانی زانکۆ (دوای گواستنەوەی زانکۆ بۆ هەولێر)، ئێستا لەو بینایەدایە کە لەسەر شەقامی (سالم) لە ڕێکی باخچەی گشتییە.

### مێژووی دائیرەی گومرگ لە سلێمانی

ئەم دایەرە بەگوێرەی ساڵنامـەی دەوڵەتی عوسـمانی کە لە سـاڵی (١٨٨٩)دا دەرچووە ئـامـاژە بـۆ ئەم دایەرەیـە دەکـات کـە بە تورکـی (رژی) و ئێـمـە کـردوومـانە بـە (ڕێژی) و بەڕێوەبـەری (جـمـعـە جـمـیل افندی) نـاو بووە و باشکاتب محیـەدین ئەفەندی کاتب ثانی سەعید ئەفەندی و قنطارچی تۆفیق ئەفەندی بووە.

بەگـوێرەی سـاڵنامـەی عـوسـمـانی سـاڵی ١٩٠٧ گوایە داهـاتی گومـرگی سلێمانی هەر لە تووتن نزیکەی شەست هەزار لیرە بووە.!!

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆنتر (سەردەمی بابانەکان). هەندێک سـەرچاوە دەری دەخـەن (کـە هەر لەم بـەرگـەدا لـە باسی دەربەندی بـازیاندا ئـاماژەمـان بۆ کردووە) کە لە کـاتی حوکمڕانی ئەورەحمـان پاشای باباندا لە دەربەندی بازیان کـە (ئەو دەمـە سنووری سلێمـانی بووە بۆ کـاروباری باج- گومرگ). ئەوسا مـەخفەرێک هەبووە کـە ئێشکچی و کـاربەدەستی گومرگ و هـەنـدێک کـار پێـسـپـێـرراوی تری تێـدا بووە، چونکە زۆربەی بەروبـوومی سلێمانی بەرەو بەغدا و مووسڵ و کەرکووک و تورکیا یاخۆ لەو شـوێنانەوە دەهـات بـەو دەربـەنـدەدا تـێ دەپـەڕی، جگـە لـەوەی هـەنـدێـکی تـری لـە ڕێـی (سـەگـرمـە)وە دەهـات و دەڕۆیشت، جگە لـەو (مـاڵانەی) بـەرەو ئێـران و بەولاترەوە دەڕۆیشت و دەهات باجیان لێ دەسێنرا.

بێگومـان ئەوەی لای خۆمـانـەوە ڕۆیشـتـووە باجی کـەمـتـر لێ سـەنراوە بۆ هاندانی شت ناردنە دەرەوە و ئەوی لە دەرەوە هـاتووە باجی زیاتری خراوەتە سەر.

مێجەرسۆن کە بە خۆ گۆڕین سـاڵی ۱۹۰۸–۱۹۰۹ هاتووەتە سلێمانی بە ناوی (میـرزا غـولام حـسێنی شیـرازی)یەوە لە کتـێبـەکـەیدا (رحلة متنکر.. ل٢٤٩ ب١)دا دەڵێت: لە ساڵی ۱۹۰۹دا رەسمی گومرگ ١٥٪ زیاد کرا.

**لە سەردەمی ئینگلیزدا**

لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ٧٤ سـاڵی ٢ کە ڕۆژی ٢٢ سێبتـەمبـەر ساڵی ٩٢١ دەرچووە ئەم ئیعلانەی تێدایە.

(قـونطـەراتی عارەق لـە سلیـمـانی لە ابتـدای (۱)ی اکتـوبر ٩٢١ هـەتـا ئاخـری مــارت ٩٢٢ بە وەعـدەی شــەش مــانگ لە داخلی شرائطـی کە لە گومـرگدا مـوجودە ئەخرێتە مزایدەوە، هـەرکەسی طالبـە لە ئەمـڕۆوە هـەتا ئاخـری مـانگ هـەمـوو ڕۆژی سـاعـەت ٩ انگلیزی هـەتا سـاعەت ١٢ی ئنگلیزی مـراجعت بە مفتش گـومرگ بکات).

مفتش گمرگ

هـەروەها ئیعلانێکی تر هـەر لە دوای ئەوەوە بەمجۆرە بڵاو کراوەتەوە دەڵێت:

(لە اول مـانگی اکتـوبری ١٩٢١وە هـەرکـەسێ عرق ئەفـرۆشێ و بیـعیـە رائـەگرێ لازمـە بۆ هـەمـوو مـانگێ دە ڕوپیـە رسم بدا کـە ساڵی ئەکاتە سـەد و بیست ڕوپیە).

مفتش گومرگ

وە لە ژمـارەی (١٠١)ی سـاڵی (٢)ی پێـشکەوتن ڕۆژی ٣٠ مـارت ١٩٢٢ ئەم ئیعلانە هەیە:

(له ۱۳ی مارت ۱۹۲۲ له دێی عیسادا که تابع به ناحیەی قامیشە و لەسەر پردی تەیتە نقطەی گمرگ دانرا.

١- هەر اشیاو امواليك ئایا له طرف تجار وەیا له طرف أهالیەوە بڕوا بۆ عجم و یا له عجمەوە بێت لازمه بچێتە نقطەی گمرگی عیساوا.

٢- له بەینی دەربەندی قلعەدزە و عیساوا له بەینی عیساواو سپیدارە هەر کاروانێک بڕوا بۆ عجم و یان بێت ممنوعە.

٣- هەر کاروانێک ئایا له عجەمەوە بێت و یا بڕوا دەبێ بچێ بۆ نقطەی گمرگی سپیدارە یان عیساوا.

٤- هەروەکو نقطەی گومرگی سپیدارە کاروان بچێ بۆ نقطەی عیساوا لەوێ پاص وەربگرێ.

هەر کەس به پێچەوانەی ئەم اعلانە معاملەی کرد موافقی قانونی گمرگ که له ۲ی دیسمبری ۱۹۱۸دا اعلان کراوە له حقی تطبیق دەکرێ.

مفتشی گومرگ و رسومی سلیمانی. ک اتوەترتر

دیسان له (پێشکەوتن)ی ژمارە (۱۰۳)ی ساڵی (۳)ی ڕۆژی ۱۳ی ئیبریل ساڵی ۱۹۲۲ ئەم ئیعلانە بڵاو کراوەتەوە:

- (له اعتباری ۳ی نیسانەوە بعضێ ئەشیا که تابعی رسمی گمرگ رسمیان زیادکراوە. بۆ اطلاعی تجار و اشخاصی تر که ارتباطیان هەیە له ئیشی تجارەتدا، لیستەی ئەو شتانە لەناو بازاڕا به بعضێ جێگادا الصاق دەکرێ، له وەقتی دەوامی دائرەی گمرگیشدا ئەگەر مراجعت بکرێت تفصیلات به همو کەس ئەدرێت).

مفتش گمرگ سلیمانی

هەروەها ئەم ئیعلانە له پێشکەوتنی ژمارە ۱۱٦ ساڵی (۳) ڕۆژی ۱۳ی

تەمووزی ١٩٢٢دا دەرچووە کە دەڵێت:

(بەپێی ئەمرێک کە صادر بوە رسمی گمرگ لەسەر توتنی وردە، شاور، زەرد، شاوری ڕەش کە زرع دەکرێت لە لیواکانی عیراق و لیوای سلیمانیدا کیلۆی (ئانەیەک، یعنی لە هەشت ئانەوە بۆ نۆ ئانە) زیاد کراوە. ئەویش لەسەر هەمو حاصلاتی ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ییە.

معلومی هەمو زراع و تجاری توتن بێ، هەرچی توتن هەتا ١٥ اغستوس کە لە پێشمانەوەیە نەهێنرێتە دائرەی حکومەت (گمرگ) بۆ رسم کردن وەک حاصلات ١٩٢٢ تەماشا دەکرێت.

أ.ج. سیفرلیت

مدیری عمومی گمرگ

دیسان لە رۆژنامەی (ژیانەوە)ی ژمارە ٤٧ ساڵی ٢ کە لە پێنجی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٥دا دەرچووە ئەم ئیعلانەی گرتووەتە خۆی (ئەمە سەردەمی حکومەتی عیراقە):

(لەمەولا هەر امواڵێک کە لێرەوە بۆ داخلی عیراق دەچێ لازمە صاحیب ماڵەکە مراجعت بە دائرەی گمرگ بکا و پاصی ئەو ئەمواڵە وەربگرێ. نابێ هیچ ئەمواڵێک لێرەوە بێ پاص بۆ ممالکی عیراق بچێت).

**لە سەردەمی شێخ مەحموودا**

دائیرەی ڕێژی لەو دەمەدا برێتی بوون لە سێ کەس:

یەکەم: عەلی بەگ.

دووەم: مارف ئاغا.

سێیەم: ئەحمەد ئەفەندی.

**له سەردەمی حکوومەتی عێراقدا:**

ئەو زاتانەی لە گومرگدا ئیشیان دەکرد: ئەمین بەگ مەحموود بەگ و نوری بەگ محەمەد بەگ و مەجید ئەفەندی.

- لە (الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦)دا هاتووە کەوا:

لە (دوکان) دەست کرا بە بنیاتنانی مەخفەرێکی پۆلیس و نوقتەی گومرگ، بەڵام بە هۆی هاتنی زستانەوە ئیشەکە وەستا.

## مێژووی بەرید (پۆستەخانە)ی سلێمانی

کۆواری (سلێمانی کە شارەوانی دەری دەکرد لە ژمارە (١) ساڵی (٢)دا ئاماژە بۆ ساڵی ١٨٩٧ دەکات واتا بۆ سەردەمی عوسمانی، لەوە دەکات لەو سەردەمەدا دەزگای پۆستەخانە لە سلێمانیدا دانرابێت. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە بە تەواوەتی جارێ دڵنیا نین بۆیە یەکسەر دێینە سەر ئەو هەواڵەی کە لە رۆژنامەی پێشکەوتنی سەردەمی ئینگلیزەکاندا دەردەچوو لە ژمارە (٦٤)ی رۆژی ١٤ جولای (تموز)ی ساڵی ١٩٢١دا بڵاو کراوەتەوە کە دەڵێت لەژێر ناوی (پۆستەی سلێمانی):

> (لەم رۆژانەدا مفتشی پۆستەخانە هاتە سلێمانی و جەنابی حاکم لەگەڵی خەریک بوو بۆ چاک کردنەوەی ترتیبات هاتوچۆی پۆستە بۆ شار. ئێستا لەبەر هەوڵدانی ئەوان وەها دانراوە کە هەموو رۆژێک پۆستەیەک بێتە سلێمانی و ئەو پۆستەیە کە لە سلێمانی دەرئەچێت بە (٣) رۆژ بگەیەنرێتە بەغدا. هەڵبەتە ئەم پۆستە گورج و خێرایە، باعثی زیادبوونی مصاریف پۆستەخانە دەبێت و امید دەکرێت کە تجاری سلێمانی زۆرتر استعمالی بکەن تاکو واردات پۆستەسخانە ئەم مصاریفە هەڵبگرێت).

لەم هەواڵەدا روونترە کە لەوەپێش پۆستە و بەرید هەبووە، بۆیە موفەتیشی

پۆستەخانە هاتووە کە چاکی بکات و تەرتیباتی زیاتری بۆ بکات، بەڵام ئایا پۆستەخانە چەند لەوە پێشتر هەبووە؟ جارێ ئەو وەڵامەمان پێ نادرێتەوە ئینجا فەرموون بۆ ئەم هەواڵانەی تر.

ڕۆژنامەی (بانگ کردستان ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٤ ئەیلول ١٩٢٢) کە دەڵێت: (لە اذکیای گەنجانی وطن مفتش پۆستە و تلغراف جنابی احمد نوری افندی کە مدەتێک بوو لە کەرکوکەوە بۆ تفتیش بۆ سلێمانی هاتبوو، ڕۆژی یەک شەممەی پێشوو عودەتی کردەوە بۆ کرکوک خواحافظی بێت).

هەروەها لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان ژمارە (١) ڕۆژی ١٥ی تشرینی ثانی ١٩٢٢) لەژێر ناوی (ارادات)دا لە برگەی چوارەمدا ئەمە نووسرابوو:

(٤- لە ئەربابی اقتدارو صنعت شاکر محرم افندی تعیین بوو بە مفتش فن تلغراف و معاملات پوستە، خدا لە هەمویان مبارک بکات و همولایەک موفق بفەرموێت).

لە دوای هەمـــووانەوە لە ڕۆژنامـــەی (ژیانەوە ژمـــارە -٤٢- ڕۆژی (١) تشرینی اول ٩٢٥) ئەم ئیعلانە بڵاو کراوەتەوە:

(لە اعتباری یەکی تشرینی اولەوە ئەو قاقەزانەی کە لە پێشەوە حەقی پۆستەی تأدیە نەکرێت، لە دائرەی پۆستە قبوڵ ناکرێت و نانێرێت). وادیارە ئەوکاتە هێشتا پوولی بەرید دەرنەچووەو لە جیاتی ئەوە پارە وەرگیراوەو (طمغە) لە کاغەزەکە دراوە).

ئەوەی شایانی باسە، ئیعلانەکەی پێشکەوتن هی سەردەمی ئینگلیزە و بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان هی سەردەمی شێخ مەحمودە و ئەوەی ژیانەوەش هی سەردەمی حکومەتی عێراقە.

من خۆم لەبیرمە (پۆستەخانە) لە سییەکاندا شوێنەکەی لە خانوویەکی کۆن بەرامبەر سەرا پشت بانقی رافیدەین.

لە دواییدا بینایەکی تازەیان بۆ کرد لە تەنیشت سینەمای رەشیدی

ئێستاوە (شوێنی هەیکەلی برایم پاشا).

مدیری بەرید ئەوساکە کەرکووکی بوون، یەکێک لەوانە (جمیل افندی) بوو کە چەند کوڕێکی هەبوو گەورەکەیان (کامل) هەڤاڵی قوتابخانە بووین پێکەوە ئێستا دوکتۆرە.

- بە تەواوەتی هاتنی تەلەفۆن بۆ سلێمانی دیار نییە بەڵام لەوە دەکات ساڵەکانی سییەکانی سەدەی رابوردوودا بێت. چونکە وەک لە (الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ ص٥٠٥)دا دەردەکەوێت. تا ئەو ساڵە ژمارەی تەلەفۆن لە هەندێ شوێنی عێراقدا (نەک هەموو) بەمجۆرە بووە:

| شار | ژمارەی تەلەفون کە لە ساڵی ١٩٣٦دا هەبووە |
|---|---|
| بەغداد | ١٥١١ |
| خانقين | ٣٤ |
| كوت | ٢٦ |
| كربلاء | ١٠ |
| سلێمانی | ١٨ |
| اربيل | ٢٥ |
| رواندز | ١٤ |
| كويسنجق | ٦ |
| موصل | ١٧٥ |
| عماديه | ٣ |
| هەڵەبجە | ٣ |

لەو ساڵەدا لە هەموو عێراقدا (٣١٩٤) تەلەفۆن هەبووە.

- خوا لێخۆشبوو حوزنی موکریانی کە لە ساڵی ١٩٣٤دا لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێرد هاتووەتە سلێمانی دەڵێت: تەلگراف و تەلەفۆن لەمەو

پێش لە سلێمانیدا هەر هەبووە بەڵام بەهۆی شەڕ و شۆڕ و ئاوی بارانەوە تێک چووە. لە ساڵی ١٩٢٦دا دەست بە دامەزراندنی تەلگراف و تەلەفۆن کراوە، خەتێکی باش پەیدا بوو، ئێستا زۆر جوان لەگەڵ هەموو گۆشەیەکی عێراقدا کار دەکات. لە ساڵی ١٩٢٨دا خەتێکی تێل لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە و پێنجوێن و چوارتا ڕاکێشرا.

پۆستەخانە تێک چووبوو، ساڵی ١٩٢٥ نەختێک رێک خرایەوە بە دەستوورێکی زۆر شپرزەیی هەتا ١٩٢٩ هاتووچوونی پۆستە کرا، لەپاش ئەوە رووی لە چاکی کرد و ئەمنیەت پەیداکراوە و ئەوەڵ جار هەفتەی جارێک لە پاشان هەفتەی دوو جار دانرا، ئێستا هەموو رۆژێک، سبەینە پۆستە دەڕوات، نیوەڕۆ بۆی دێت، لە ساڵی ١٩٢٨دا لە هەڵەبجە و پێنجوێن و چوارتاش دامەزرا.

## مێژووی کارەبا (الکتریق)ی سلێمانی

پێش ئەوەی بگەینە ساڵی ١٩٢٩ کە بۆ یەکەم جار دوو ماکینەی کارەبا هێنرایە سلێمانی و دوای ئەوەش وردە وردە ئەو ماکینانە گۆڕان و گەورەتر لە جێگایان دانرا، با بزانین لە سەرەتای ساڵەکانی بیستی سەدەی رابوردوودا، کارەبا لە سلێمانیدا هەبووە یان نا؟

لە رۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە ٧٦ رۆژی ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا لە بابەت کارەباوە ئەم هەواڵە بڵاو کرابووەوە لەژێر ناوی (الکتریق)دا:

(یەکێک لەو پێویستانەی بۆ وڵات و شار بە کەڵک دێت ئەلکتریقە ئەمە چرایەکی وایە کە روناکییەکی زۆر بڵاو دەکاتەوە، وەک چراکانی تر شووشە و بۆریە شکاندنی نییە، جر و سەر کڵاو و تێکچوونی نییە، بردنە لای تەنەکەچی و لەحیم کردنەوەی پێ ناوێت. لە جیاتی نەوتی سپی و نەوتی رەش و زەردبوونی تێدا نییە، گڕگرتن و تەقینی تیا نییە. دەست نانە نەوت بە مەقەست

پڵـیتـه بڕین، شاپڵـیتـه و بۆڕی پاککردنەوەی ناوێت. نەوت بەسـەر فـەرش و جـێگادا نـاشکێت، لار بـوونەوە و قـلّپ بـوونەوە نیـیـه.. نییـه.. نییـه... نییـه. هیچ کوێرەوەری ناوێت، به دەسـتێک چرای شـــارێک هـەڵدەکــرێن بـەڵام چ چرایەک، ئـەگــەر نەخــتــێکی تر رووناکـی بـدایـه، پـەکی رۆژی دەخــــست. ئـەم چرایـه لـه وڵاتـان دەمێکه داهـاتووه و هـەیـه. وا ڕادەپەرموڕێت کە وڵاتی ئێمەش بەم نزیکانه بـەم چرا پاک و جــوانه بـڕازێنرێتــەوه. جـا خـوا بـکات هـەڵسـوڕێت و بـکرڕێت و لەم شـتـه جوانەدا بـێ بەش نەبین). هەر لە پێـشکەوتنی ژمـاره ۷۹ی رۆژی ۲۷ ئۆکـتـۆبەری سـاڵی ۱۹۲۱ ئەم (اعلان)ە، بڵاو کراوەتەوە.

(بۆ تنـویری جـاده و خـانـوەکـانی ناوشـار، بلدیه فکری هـەیه کـه ماکینەیەکی الکتریک لـه بغداوه جلب بکا بۆ ئەمـەی که واردات و مـصـارفـات ئـەم مـاکـینەیە و راکـێـشـانی تەل و دامــەزراندنی لامپاکانی مـوازەنه و تدقیق بکرێ، لازمـه له ئەوەڵەوه بزانرێ کـه چەند کـەس طـالبی چەند چرا ئەبن کـه بیبـەن بۆ مـاڵی خـۆیان و خـانوەکانـیـان بۆ ئەو جێگایە کـه مـاکینەکەی لـێ دائەنرێ چەند مـەتره دووره. بۆ چرایەک که بـۆ ماڵێک ببـرێ لازمـه ئەو صـاحیب ماڵە له ئەوەڵەوه مـخـصص یەک دفعه له کیسـەی خۆی له شـەست ڕوپیـەوه هـەتا هـەشـتـا ڕوپیـه مـصـرف بکا و هـەمـوو مـانگێکیش هـەشت ڕوپیـه بدا به بلدیه. داخلـی ئەم شـرائطه کێ طـالب ئەبێ، تشـریف بفـەرمویتـه دائرەی بلدیه و اسـمی خـۆی قید بکات تاکو به نـظـر طـالبــەکـانەوە بلدیـەش له پاش مــوازنەکـردن تشـبـث به هێنانی ئەم ماکینەیە بکات).

محمود: رئیس بلدیة

لام وایە پێویست ناکات، شەرحی چرای لەمپا و بۆڕی و پڵیتە و شاپڵیتە بکەین، چونکە منداڵەکانیشمان ئەمڕۆ بە چاوی خۆیان ئەو شتانە دەبینن کە پێش هەشتا ساڵ بەکار هاتوون.. و ئێستا هاتوونەتەوە ناو ناوان.

ناشزانین بەگوێرەی (اعلان)ەکەی بەلەدیە کەس مراجەعەتی کردووە و لە بەینی ٦٠-٨٠ روپیە دراوە؟ و ماکینە هات یان نا؟

ئەوەی دیارە وەک لەمەودوا باسی دەکەین ماکینەی کارەبا لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابوردووا هاتە سلێمانییەوە.

ئینجا فەرموون بۆ ئەم هەواڵەی تر:

(تشکر)

لە سایەی هیمەتی وەطەن پەروەرانەی رئیسی بلدیەوە کە دائما بۆ اعمار و پێشکەوتنی ولاتەکەمان هەوڵ ئەدا و تێئەکۆشێ و بۆ تأمینی راحەتی میلەت ئانێ لە چاککردن و دروستکردنی جادە و ڕێگاکان فراغت نافەرموێ. وا ئەمجارەیش هەر بەو فکرەوە قسمێک لە جادەکانی بە چرا روناک کراونەتەوە. خەبەر زانراوە کە أکثری کۆلانەکانی تریش بەم نەوعە تنویر ئەکرێن. ئەمەیش هەرچەند دەرحەق بە ولاتەکەمان هیمەتێکی بچووکە. فقط ئێمە لە بەجێهێنانی تقدیر و تشکراتی خۆمان دواناکەوین. ئومێد ئەکەین لەمەودوا کە بە زوویەکی نزیک بۆ أعمار و خۆشکردنی ولاتەکەمان همت و بۆ بەرزبونەوە پێشکەوتنمان، هەرچی پێویست بێ لە کردنیا قصور نەفەرمورێ و لە جیاتی ئەم چرایانە بە نور الکتریک جادە و کۆلانەکانمان بۆ تنویر بکرێ، کە زۆر دەمێکە ئەم ئارەزویە لە تصوردایە. أملمان وایە کە بە واسطەی هیمەتی (موما الیە) وە بێتە مەیدانەوە. تاوەکو هیچ نەبێ بگەینە سەویەی دراوسێکانمان.

(ژیانەوە -٥٠- ٢٦ تشرین ثانی ١٩٢٥).

- ساڵی ١٩٢٩ ماکینەی کارەبا هاتە سلێمانییەوە. دوو ماکینەی بچووک بوون لە جۆری (دی. سی) لە شوێنی باخی پورە بەگی لە گەڕەکی گۆیژە نزیک بە مزگەوتی هەمزە ئاغا و نزیک بە قەڵەندەرخانەکەی پیرەمێردی نەمر. ئەو دوو ماکینەیە وردە وردە لێیان زیاد کراوە و گوێزراونەتەوە تا ئێستا لە شوێنی خۆی نزیک بە شەقامی سلێمانی- کەرکووک چەسپاون. لە کاتی خۆیدا دوو وەستا باشی دەیانبردن بەڕێوە جاسم تکریتی و عەباس هندی. ئەوانەی کە لە بەردەستی ئەم دوو وەستایەدا ئیشیان دەکرد بۆ رۆن گۆڕین یاخۆ ئیش پێکردنی ماکینە یاخۆ بۆ گەڕان بەسەر دار ئەلکتریک و تەلەکاندا بە قسەی وەستا عەباسی دارتاش بریتی بوون لە (غەفور بەگ) و (تۆفیقە سوور) و (خولە درێژ) و (عومەرە خڕە) و (حەمەی مەلا سابیر). بە دوو چەرخی گەورە و بچووک و قایش دەسووڕان. تانکی گەورەی ئاویان بۆ دانرابوو، بۆڕیەی دووکەڵکێش بۆ دەرەوەی ماکینەکان راکێشرابوون لە کارکردندا تەپ تەپ دەنگی دەهات. کە ماکینەکان کاریان دەکرد ئەوی ئاوی گەرم دەکرد و دەڕژایە ناو حەوزی مەکینەکە کە لە دەرەوەی مەکینەکە کرابوو وە لە حەوزی مەکینەکەوە دەچوو بۆ مزگەوتی هەمزە ئاغا بۆ وسڵخانەی مزگەوتەکە کە بووبوو بە حەمامی هەژاران (ل١٩-٢١) (سلێمانی لە بیرەوەریەکانما- وەستا عەباسی دارتاش).

هەر بە قسەی وەستا عەباس لە (ل٣٦)دا گوایە کارەبای هەڵەبجە ساڵی ١٩٣٨ و کارەبای پێنجوێن ساڵی ١٩٥٠ و کارەبای رانیە ساڵی ١٩٥٢ و کارەبای قەڵادزە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراون.

ئاو و ئەلکتریکی سلێمانی لەلایەن لیژنەیەکەوە چاودێری دەکرا کە سەرۆکەکەیان موتەسەڕیف و بریکاری سەرۆکی شارەوانی و ئەندامەکانی سەرۆکی تەندروستی و بەڕێوەبەری واریدات و ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەندامێکی ئەنجومەنی لیوا بوون.

له ساڵی ١٩٥٥دا وەک لە رۆژنامەی ژین کە وەک ساڵنامەی ١٩٥٥ی سلێمانیە: ئەو ماکینانە لێیان زیاد کراوە تا ژمارەیان گەیشتووەتە پێنج ماکینە کە بە هەموویان (٥٧٥) کیلۆوات هێزیان بووە. هەر بەگوێرەی ساڵنامەی ژین لە ١٩٥٥دا (٢٠٤٨) شوێن کارەبای وەرگرتووە. لەمە نزیکەی (٤٢٠) دائیرەی میری و دوکانەکان و ئەوی تری بۆ ماڵان. جا لەبەر ئەوەی ماکینە کۆنەکان بێ هێز بوون بیر لەوە کراوەتەوە بگۆڕرێن بە جۆری (ئەی. سی) وە پێنج ماکینەش بە (تەواو) زانراوە بۆ ئەو کاتە. دووان لەو پێنجە بۆ راکێشان و پاڵ پێوەنانی ئاو، دوو ماکینەش لەو سەردەمەدا گەیشتووە و خەریکی دانانی بوون کە ئەڵمانی بوون و هێزی هەریەکێکیان (٣٠٥) کیلۆ وات و پێنجەم ماکینەش گوایە بەڕێوە بووە.

لە بابەت (شبكة)ی تەلی ناو شارەوە دیسان لەو ساڵنامەی ١٩٥٥دا دەڵێت (نزیکەی هەشت مانگە دەست کراوە بەو (شبكة) تازەیە کە بەشی زۆری تەواو بووە لەسەر اصولی فنی و بە مەوادی تازە کە نیاز وایە ئەو بەشەی ناو شار کە شەبەکەی تەواو بووە کارەبای (ئەی. سی) بدرێتێ.

ئەوەی شایانی باسە: لە سەرەتای دروستکردنی سلێمانیدا خەڵکەکە تەنها بە ئاگرکردنەوە بە شەو ماڵ روون دەکرایەوە، تا وردە وردە نەوت لەم دواییەدا دەرهات و لە عێراقدا و بڵاو بووەوە.. ئەوسا واتە لە سەردەمی حوکمی مێجەرسۆنەوە (حوزەیران ١٩١٩-١٩٢١) چرای لەمپا دەخرایە ناو قەفەسێکی شووشە (جامخانەی شووشە) و لە هەندێک لە کۆڵانەکاندا هەڵدەواسران. ئەم کارە بە یەک دووانێک دەسپێررا بۆ نەوت تێکردن و بلور پاککردنەوە و داگیرساندنی چراکان و کوژاندنەوەیان. بێجگە لەوەی مێجەرسۆن فەرمانی دابوو کە هەر کەس بەشەو بچێتە دەرەوە یا ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکات دەبێ چرایەکی دەست بەکار بێنێ و لەگەڵ خۆیدا بیگێڕێ.

لە سەرەتاوە کارەبا و ئاو سەر بە شارەوانی بوون تا لە دواییدا جیا

کرانەوە و درانە دەست لیژنە و مودیریان بۆ دانرا، ئەو بەڕێوەبەرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دانرابوون خوا لێخۆشبووان ڕەمزی مەلا مارف، هەروەها نوری بەگی حەمە بەگی فەتاح بەگ و.. لەم دواییەدا ئاو و کارەبا خرانەوە پاڵ شارەوانی سلێمانی.

## مێژووی دایەرەی کشتوکاڵی سلێمانی

لە ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانیدا دەڵێت کەوا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی) ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە.

بەڵام من لە سەرچاوەیەکەوە کە ("جدول کشف الموظفين العاملين في الحكومة العراقية"ی ناوە) ناوی (مهران افندی گربیدیان)م بەرچاو کەوت کە لە ١٩٣٣/٤/١١دا (مأموری زراعەی لیوای سلێمانی) بووە.

وەک لەبیرم بێ دایەرەی زراعە لە سەرەتادا لە بەکرەجۆ بوو، یەکێکم لە بیرە ناوی (خلیل فدو) مووسڵاوی بوو کە (خەلیفە دۆ)یان پێ دەوت لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی پێشوودا بەڕێوەبەری دەستگاکە بوو لە بەکرەجۆ. هەروەها خوا لێخۆشبوو مەجید ئەفەندی سەلیم ئاغا مەئمووری زراعە بوو هەر لەو ساڵانەدا.

ئافاتی دەغڵوودان ئەوسا زیاتر (سن) و (کولله) و (مشک) بوون. دایەرەی زراعە بە ڕێگایەکی سەرەتاییەوە ئەوسا (مكافحة)ی سن و کولله بە (شبكة) دەکرد. لە ساڵەکانی پەنجاکاندا یەکدوو جار چارەسەری کوللەم بە فڕۆکە دەدی کە (کیمیایی) بە ئاسمانەوە بڵاو دەکردەوە.

لە سەرەتاوە (زراعة و غابات) یەک بوون، لەم ساڵانەی دواییەدا لە یەک جیا بوونەوە.

هەندێک لەو فەرمانبەرانەی لەوێ ئیشیان دەکرد وەک لە بیرم مابن (محمد محمد سعيد- ابو جاسم)، ئەحمەد سامی (عمادية) و بطرس عەلەکە و ڕوشدی حاجی عەزیز بەگ و فەرەیدون تۆفیق ئەفەندی و ئەنوەر عەلەکە و

نەوزاد تاهیر جەمیل بابان و (سهیل) ناو لەم دواییيەدا مودیر بوو هەروەها (ئەحمەد غولام) هەڵەبجەیی ئەویش بوو بە بەڕێوەبەری گشتی لەم دواییيە بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵ گەورە بوو لق و پۆپی لێ بووەوە لقەکانی لە (شارباژێڕ، شارەزوور، تانجەڕۆ، هەڵەبجە، خورماڵ، پێنجوێن، دوکان، قەرەداغ، پشدەر، رانیە، بازیان، بەرزنجە، بەکرەجۆ) دامەزران.

رووبەر (مساحة)ی ئەو زەوییانەی کە سەر بەم دایەرەن:

بەراو ٣١٣٤٠٨ دۆنم

دێم ٩٥٣٦٥٩ دۆنم

زەوی بێ کەڵک ٢١٩٥٥٣٦ دۆنم

(سەرچاوە: ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی)

**مێژووی ئینحیسار‌ی تووتن و کارگەی جگەرە و پوختەکردنی تووتن**

تووتن خۆی رووەکێکی (استوائیة) کریستۆف کولومب کە ئەمەریکای دۆزییەوە، هێنایە ئەوروپاوە و لەوێوە وردەوردە بڵاو بووەوە تا گەیشتە دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوسا عێراقیش لە رکێفی ئەو دەوڵەتەدا بوو لە سەدەی نۆزدەدا لە تورکیا کە ئاو و هەوای هەندێ شوێنی و لە ولاتی بەڵقان لەبار بوون بۆ پێگەیشتن و نەشونمای تووتن، لەوێ زۆر باش پێ گەیشت و لەوێشەوە هاتە عێراقەوە و کاروباری تووتن یەکسەر بە دایەرەی گومرگ سپێررا تا ساڵی ١٩٣٩. دوای ئەوە دایەرەی کشتوکاڵ (زەراعەت) وەری گرت و تا ساڵی ١٩٣٠ تووتن هەڕەمەکی بوو واتا زیاتر تووتنی رەشۆکی (غیر محسن) بەرهەم دەهێنرا، دوای ئەوەی هەندێک کەس نێررانە دەرەوە بۆ خوێندنی هەموو شتێک لەسەر تووتن و لە تورکیاوە هەندێک پسپۆڕ هێنرا، ئیتر وردەوردە لە ناشتن و پێگەیاندن و شلکردنەوە و قەدکردن و کردنی بە فەردە، خەڵکەکە فێر بوون. بەلام یاسای (انحصار)ی تووتن ساڵی ١٩٣٩ دەرچوو، لە ساڵی ١٩٥٢دا دایەرەی انحصار کە لەوەپێش سەر بە وەزارەتی

ئقتیساد بوو، کرا بە دەستگا (مؤسسة)یەکی وا کە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بۆ دانرا و بەگــوێرەی یاســای (انحــصــار) ژمــارە ٥٤ ســاڵی ١٩٥٢ بەڕێوەبەرێتی (انحصار) لە ناوچەی سلێمانی، هەولێر، بەغداد، کەربەلا، بەسرا دامەزرا بەڵام لە هەموویان زیاتر و گەورەتر (انحصار)ی سلێمانی بوو کە ڕێدانی چاندنی تووتن و ڕێدانی فرۆشتنی تووتن و جگەرە و ڕێدانی دروســتکردنی جگەرەی دەســتکرد و کــڕینی تووتن لە تۆو چێنەکــان و جیاکردنەوەی تووتنەکانیان بەگوێرەی پلەی چاک و خراپیان و... گەلێک شتی تری لەم بابەتەوە پێ سپێررا.

بە ڕاستی ئەو سەردەمە تووتن رەگی هەرە گەورەی داهات و دەستکەوتی ئابووری ناوچەی کــوردســتــان بوو، چونکە هێنانە بەرهەمی (ئەگــەر خاوەنەکەی شارەزا بوایە) هەر کات و ئەرکی بە قەدەر جۆرەکانی تری رووەک دەویست یا نەختێک زیاتر بەڵام پارەکەی یەکسەر لەلایەن تۆوچێن و دانیشتوانی دێهاتەکانەوە دوای (فەحس و دیاریکردنی پلەی باشی) لە (انحصار) وەردەگرت.

کاتی (فحص)ی تووتن چەند لیژنەیەک دادەنرا لە سلێمانی و رانیە و هەڵەبجــە و قــەڵادزە و چوارتا. ئەم لیــژنانە زیاتر بە ســەرۆکــایەتی فەرمانبەرێکی (انحصار) و ئەندامیەتی دوو یا سێ کەسی تر لە شارەزایان لە کاروباری تووتندا.

تووتن بۆ چاک و خراپی پلەی هەبوو کە بەمجۆرە بوو:

(مومتاز) و (محسن یەکەم) و (محسن دوو) (محسن سێیەم) (غیر محسن یەک) و (غیر محسن دوو) و (غیر محسن سێ) هەر (درجة- پلە)یەکیش نرخی خۆی هەبوو.

(فحص)یش بەگوێرەی (دۆنم) بوو. هەر دۆنمێک گوایە (٢٠٠) کیلۆ تووتن دەدا بە دەستەوە.

دۆنم بۆ ئەمە دانرابوو کە چاندنی تووتن بەگوێرەی پێویستیی هەموو

وڵاتی عێراق بێت و بۆ ئەوەی تووتن لە شوێنی خۆیدا بچێنرێت. هەر ساڵە لیژنەیەک کە برێتی بوو لە ناحیەدا لە مودیر ناحیە و دوو شارەزا دەچوونە دەرەوە بۆ دیاریکردنی شوێنی تووتن هەر کەس لە شوێنی خۆیدا و بەگوێرەی ئاو و زەوی و توانای فەلاح و بەروبوومی لەوەپێش.

لە سەرەتادا لەلایەن لیژنەیەکی بەرزەوە لە (انحصار)دا بۆ هەر دێیەک ژمارەی دۆنمەکان دادەنرا و مودیر ناحیە بەگوێرەی ئەو دانانە بەسەر فەلاحەکانیدا دابەشدەکرد باشترین تووتن لە ناوچەی سلێمانیدا تووتنی ناودەشت و شارباژێڕ و پشدەر و هەندێک شوێنی فێنک و ساردی تر لە پێنجوێن و قەرەداغ و سووورداش بوو..

باشترین شوێن بۆ پێگەیاندنی تووتن شوێنە ساردەکانە، ئەو شوێنانەی ئاوەکە و هەواکەی ساردە و وەک دێهاتەکانی دامێنی شاخی قەندیل لە ناوچەی ناودەشت. ئەو ئاوە ساردەی شاخی قەندیل کە دێتە خوارەوە بەفراوە. هەوایەکی فێنک، زەوییەکەش ئەگەر (سمادي حيواني) وەک (پشقلی بزن لەگەڵ میزەکەیا) بە دەرەجەی یەکەم، ئینجا پشقلی مەڕ و میزەکەی و میزی گا و مانگاکە، تۆوچێن ئەم ئاژەڵانە بە شەو لەو زەوییەی دەیچێنێ رای دەگرت و بەوە زەمینەی بۆ تووتنەکەی خۆش دەکرد. ئەو گەڵا تووتنەی زەرد وەک ئاڵتوون و تەنک بوایە رەگی گەڵای نەبوایە یا کەم و باریک بوایە، ئەو تووتنە بە (مومتاز یاخۆ پلەی یەک) دادەنرا. بۆیە ناوچەی شارەزوور کە ئاو و هەوای گەرم و ناسازە، تووتنی باش نادات بەدەستەوە، ئەگەر تووتنیشی تێدا بچێنرێت. تووتنەکەی رەش و سەوز و ناشرین دەبێ و لە (فحص)دا پلەی هەرە خواروو وەردەگرێت.

بۆ نموونە دەڵێین بەینێک لە پەنجاکاندا پێویستی هەموو عێراق بۆ تووتن لە بەینی ٥-٦ ملیۆن کیلۆ بوو. بەم پێیە (ئیجازەی چاندنی تووتن کە دەدرا بە هەموو لایەک (٢٩/٨٠٠) دۆنم بوو. لەوە (١٨٥٥٠) دۆنمی تەنها بۆ ناوچەی سلێمانی بوو. (١١٠٠٠) دۆنمی بۆ هەولێر و مووسڵ و (٢٥٠)

دۆنمی بۆ ناحـیـەی ئاغـجـەلەر لە کـەرکـووک بوو. جـا ئەگـەر (٢٩٨٠٠) دۆنم×٢٠٠ کـیلـۆ بۆ هەر دۆنمێک بکەین دەکـاتە ٥,٩٦٠,٠٠٠ ملیـۆن واتا پێویستی عێراق دابین دەکات کە وەک وتمان، ساڵانە لە بەینی ٥-٦ ملیۆن کیلۆ تووتن بوو. هەر لەسـەر ئەو ڕێوشـوێنە بیـر لە دانانی کارگەی (تنقیح واتا پاککردنەوەی تـووتن) کـرا. واتا کـردنـەوەی ئەو فـەردە تووتنانەی کـە (انحصـار) لە فەلاحی دەکڕێت، بۆ ئەوەی ئەو گەڵایانەی کە باش نین لێیان دەربهـێنرێت ئینجا ئەو گەڵا باشـانەش کـە ماونەتەوە ئەوانیش بەگـوێرەی باشی و گـەورە و بچـووکی لەیەک جیا بکرێنەوە و سـەرلەنوێ بکرێنەوە بە فەردە کە ئەمە لە گەلێک سەرەوە سوودی هەیە: وەک پاککردنەوەی تووتن لە گەڵای خـراپ و زیانبـەخش و پاراسـتنی تووتنی باش تا دەگـاتە کـارگـەی جگەرە و چاککردنی جۆری جگەرە و کردنە بازاڕیەوە لە دەرەوەی عێراق بۆ تووتنەکـەمـان و ئیش پێکردنی ژمـارەیەکی باش لە کـرێکاری ژن و پیـاو و ئاڕاستەکردنی تۆوچێن بۆ فێربوونی (تنقیح- جیاکردنەوەی تووتنی باش لە خراپ). ئەمانە هەموو بۆ پوختەکردنی تووتنە بەشێوەیەکی فەنی.

دوای ئەوە بیر لە دانانی کارگەیەکی جگەرە کرایەوە هەر لە سلێمانیدا، بۆ ئەوەی هەر لە جێدا، ئەو تووتنەی وەرگیراوە و پوختـە کـراوە یەکسـەر بکرێ بە جگەرە.

(سـەرچاوە: تەقریرێک لەم بارەیەوە کە وەختی خۆی دەستم کەوتبوو، هەروەها کتێبی "العراق الشمالي محمد هادي الدفتر ل٣٨٥-٣٩٤").

## کارگەی جگەرە و پوختەکردنی تووتن

ئەم پرۆژەیە لە سەرەتادا بەناوی کارگەی جگەرەوە بوو، بەوەدا کە تووتنێکی جـوان و پوخـتـە لە ناوچەی سلێـمـانیـدا دەهێنرێتـە بەرهەم و دوای تاقیکردنەوەی تووتنەکە لە دەرەوە. دەرکەوت کە ئەگەر پوخت بکرێ و هەندێ دەسکاری بکرێ، دەگاتە ریزی تووتنە باشە ناودارەکانی جیهان.

لەسەر ئەم ڕێوشوێنە (بەڕێوەبەرایەتی انحصاری توتن) بیرێکی باشی کردەوە لەم کارە لەوە پێشتریش قسەی لێ کرابوو. لە ساڵی ١٩٥٦دا و بە سەرمایەی پێنج ملیۆن دینار دەست کرا بە هێنانە دی ئەم پرۆژە ئابوورییە بەنرخە. پاشان موڵکایەتی پرۆژەکە گواسترایەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و لە ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١دا دەست کرا بە بەرهەمهێنان. سەرەتا بە بڕی ٢,٥ ملیۆن جگەرەی بێ فیلتەر لە یەک وەجبەی کاردا، پاش بەرەوپێشەوە چوونی کارگەکە، بەرهەمی گەیشتە چوار ملیۆن جگەرە لە یەک وەجبەدا.

ساڵی ١٩٦٥ دیاردەی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی جگەرەی بێ فیلتەر هاتەکایەوە، بۆیە کارگە هەوڵی دا هێڵی بەرهەمی تازە بخاتە کار بۆ بەرهەمهێنانی جگەرەی فیلتەردار و ساڵی ١٩٦٩ دەست کرا بە بەرهەمهێنانی جگەرەی غازی و جمهوری فیلتەردار. لە ساڵی ١٩٧٦دا ئامێر و ماکینەی نوێ دامەزرا و بەرهەمێکی هێجگار زۆر لە جگەرەی فلتەردار بە ناوی پاکەتی سەلاحەدین و بەغداد و سۆمەرەوە هاتە کایەوە.

کارگەی پوختەکردنی توتنیش سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٤دا کەوتە ئیش و ساڵی ١٩٦٩ کارگەی نوێی پوختەکردنی توتن کەوتە ئیش و ساڵی ١٩٧٥ کارگەی جگەرە و کارگەی پوختەکردنی توتن کران بە یەک کارگە و ساڵی ١٩٨٨ کارگەی ترشاندنی توتن کرایەوە و ئێستا هەر سێ پرۆژەکە لەژێر ناوی کارگەکانی جگەرە و پوختەکردنی توتندا کار دەکەن و کارگەی پوختەکردنی توتنی قەزا و ناحیەکانیش سەر بەم کارگەیە بوون.

ئێستا دیسانەوە دەست کراوەتەوە بە وەرگرتنی توتن لە جووتیاران بە نرخێک کە سوودی هەردوولای تێدا بێت.

(سەرچاوە: ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی)

بەڕێوەبەرانی کارگەی جگەرە

١- ئەفسەری پێشوو مەحموود تەها.

٢- ئەفسەری پێشوو ڕەسوڵ مەجید.

٣- حەمە سەعید بەگ ئەفراسیاب بەگ.

دوای ئەمانیش چەند ناوێکی تر هەن، ئومێد دەکەم لە بەرگی داهاتوودا بیاننووسم.

**مێژووی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار**

کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کە دامەزرا لە ١٩٥٧/٣/٧دا دەستی بە ئیش کرد. زیاتر ئەو دەمەی کە تیا دامەزرا بۆ دابینکردنی چیمەنتۆ بوو بۆ هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان کە بە هەزارەها تەن چیمەنتۆ دەکرایە قەبەڵیان.

ئەم کارگەیە یەکەم بەڕێوەبەری گشتیی جەلا ئاغای حاجی سەعید ئاغا بوو. کە بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە. جگە لەو ئەو بەڕێوەبەرانەی کە لەوێ ئیشیان کردووە بە (اصالەت) یا بە (جێگر) ئەم زاتانە بوون:

کەمال ڕەشید سدقی، سامی جەلال، ناجی جاف،.. ئەتروشی، شێخ نوری شێخ ڕەشید ساڵی ١٩٦٨، سەردار شاڵی، فازڵ محیەدین بەگ (تازەترین بەڕێوەبەر پەروین خانی بابەکر ئاغایە).

کارگەکە دەستی کرد بە بەرهەم لە سەرەتاوە ڕۆژی ٢٩١ تەنی دەردەهێنا و وردەوردە زیادی کرد.

لە ساڵی ١٩٨٥وە تا ساڵی ١٩٨٧ بە بۆنەی شەڕی بەینی عێراق و ئێرانەوە لە کار کەوت و هەر نەکەوتەوە ئیش تا ١٩٩٠/٨/١ دوای ئەوە لە کارکردن وەستێنرا و هەندێک لە ئامێرەکانی دران بە کارگەی چیمەنتۆی مووسڵ و تاسڵوجە. بەڵام دوای ئەوە واتا لە ساڵی ١٩٩٣ کەوتەوە گەڕ و تا ئێستا لە کاردایە و بەرهەمی لە ساڵی ١٩٩٨ بریتی بووە لە (٤٤٦٣٤) تەن.

هێڵی دووەمیش ساڵی ٢٠٠١ کرایەوە و کەوتە بەرهەمهێنان.

### کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە

لە ساڵی ١٩٨٤دا کەوتووەتە کار و لە دواییدا لە ساڵی ١٩٨٦دا بە تەواوەتی هاتووەتە بەرهەم، بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٩١ بەدواوە وەستا، لە ١٩٩٧/٢/ ١٧وە هێڵێکی کەوتەوە بەرهەم و تا ئێستا بەردەوامە. بەرهەمی چیمەنتۆکەی لە ١٩٩٨دا (٥١٣٦٨) تەن بووە.

### مێژووی دانانی کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی

ئەم کارگەیە لەلایەن دوو کۆمپانیای ئەڵمانیای رۆئاواوە لە ساڵی ١٩٨١دا، دانرا. هەر ئەو دوو کۆمپانیایە هەموو کارە تەکنیکییەکانی لە دانانی هەموو جۆرە ئامێرەکان و دروستکردنی بینای کارگەکەیان گرتە ئەستۆ، پانتایی شوێنەکەی هەژدە هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

یەکەم جار ناوی کارگەی (دامەزراوی گشتی دروستکردنی کاڵای ژنان) بوو، بە مەبەستی دروستکردنی گشت کاڵایەکی ژنانە بۆ هەموو عێراق.

- وزەی بەرهەمهێنانی دیاری کراوە بە سێ ملیۆن پارچە لە ساڵێکدا.
- ساڵی ١٩٨٤ بۆ یەکەم جار کەوتە بەرهەمهێنان بۆ تاقیکردنەوە.
- ساڵی ١٩٨٥ بەرهەمەکانی بە هەموو پارێزگاکاندا بڵاو کردووەتەوە.
- ئێستا هەموو جۆرە جلوبەرگی پیاوانە و ژنانە و منداڵانە دەهێنێتە بەرهەم لە چاکەت و پانتۆڵ و جلی کوردیی پیاوان و پانتۆڵ و کراس و بیجامە و قەمسەڵە و رۆب و زۆر شتی تر، ئەو شتانە بۆ ژنان و منداڵانیش دێتە بەرهەم.
- نزیکەی (٨٠٠) کارمەند بە فەرمانبەر و کرێکارەوە لە ژن و پیاو کاری تێدا دەکەن.
- رێگای داوە بە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، کاڵا بەرن بیفرۆشن و ئەوی بۆیان نەفرۆشرا بیگێڕنەوە.

- دەرگای کردووەتەوە بۆ هەموو فەرمانگەکان کە کارمەندانیان راسپێرن کالآی ئەم کارگەیە بەرن بە قەرز و هەر یەکێک لەو کارمەندانە بۆی هەیە تا نرخی ١٢٠٠ دینار جل بەرن بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان و مانگ بە مانگ لە ماوەی ساڵێکدا قەرزەکە بدەنەوە.
- ئێستا بەداخەوە فرۆشتنی بەرهەمەکانی ئەم کارگەیە کەم بووەتەوە چونکە هەر بازاڕی سلێمانی لە ئارادایە کە ئەویش پڕ بووە لە جلی کۆنە (لەنگە) و جگە لەوەی لەهەر چوار لاوە شتی بۆ دێت.

بەڕێوەبەرەکانی ئەم کارگەیە لە سەرەتاوە (کاک عادل سەعید ئەحمەد) دوای ئەو (خالید تۆفیق محیەدین/ئەندازیار/ هەولێری بوو) دوای ئەو (کاک عەبدوڵلا..)

سەرچاوە: ساڵنامەی ١٩٩٨ی سلێمانی ل٣٠٦ بە تۆزێک دەستکاری و زیاد خستنە سەری هەندێک زانیاری لە بابەت بەڕێوەبەرەکانیەوە.

## مێژووی لێکۆڵینەوەی ئاوی ژێر زەوی شاری سلێمانی

وەک لە گۆواری کاروانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٨٤دا لە یادی دوو سەد ساڵەی شاری سلێمانیدا باسێک لەلایەن مامۆستا محەمەد سەعید حەمە خورشیدەوە بڵاو کراوەتەوە، وا دەردەکەوێ لیژنەیەک تێکەڵاو لە عێراقی و بێگانە هاتوونەتە سلێمانی و لە ١٩٧٩/١١/٢٤و هەتاکو ١٩٨٠/٨/٣ ماونەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئاوی ژێر زەوی شاری سلێمانی. ئەمەی لە خوارەوە دەینووسین پوختەی ئەو لێکۆڵینەوەیە:

لە سلێمانیدا ئاو بەم شێوانەی خوارەوە دەست دەکەوێ:

١- ئاوی سەر زەوی وەک ئاوی کانی و کارێز.

٢- ئاوی ژێر زەوی وەک ئاوی بیر.

٣- ئاوی باران.

له رووی جۆر و باری ئاوی ژێر زەوی ناوچەکەوە (ئەنون ١٩٥٧ Anon) پاش توێژینەوە و لێکۆڵینەوە رایانگەیاندووە کە ئاوی ژێر زەوی سلێمانی ئاوی چاکە. هەروەها (یونسکۆ UNESCO١٩٧٦) گەیشتووەتە هەمان ئەنجام. بۆیە باری سەرنجیان راکێشاین تا زۆرتر ئەم بەرهەمە بەکار بهێنین و سوودی لێ وەرگرین. بۆ دابینکردنی پێویستی ئاو. لەبارەی سیستەمی ئاوەڕۆی ناو شاری سلێمانی (یوسف ئەنساری ١٩٧٥) دوای لێکۆلێنەوە بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەم سیستەمەی ئێستای ئاوەڕۆیە کۆنە و ئاوی زێراب و ئاوی بارانیشی تێ دەچێ. کۆنی و چۆنیەتی دروستکردنیشی رێگای تێکەڵبوونی ئاوی زێرابەکان بە ئاوی ژێر زەوی دەدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی شارەکە لە داهاتوودا.

لەبارەی ئاوی سەرچناریش توێژینەوەیەکی (مولودو هێنت ١٩٧٨) نیشانی داوە کە ئاوی ئەم سەرچاوەیە هیچ کێشەیەکی پیسی نییە. تەنها کەمبوونەوەی ئۆکسجینی تواوە نەبێ، کە لە کۆتایی وەرزی هاویندا روو دەدات و دەبێتە هۆی کوشتنی گەلێک لەو ماسییانەی لەناو ئاوەکەدا دەژین.

بێگومان لە ئەنجامی زۆرسبوونی دانیشتوانی شاری سلێمانی و زۆربوون و بڵاو بوونەوەی داوودەزگای جۆر بە جۆری بەڕێوەبردن و پیشەسازی، بوو بەهۆی ئەوەی زۆر تر خەڵکەکە رووبکەنە ئاوی ژێر زەوی.

ئەو لیژنەیە دوای ئەمانە هەموو لە راپۆرتەکەیاندا دەڵێن:

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆن و نوێ ئێمەش بیرمان لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی بەشی لەم کێشەیە کردەوە بە ناوی (دراسەیەک لەسەر پیسیی ئاو و خۆڵی پارێزگای سلێمانی) و بەشێکی سەرەکی باسەکەمان لەبارەی ئاوی ژێر زەوی شارەکە بوو کە لە ١٩٧٩/١١/٢٤وە تاکو ١٩٨٠/٨/٣ی خایاند.

له ئەنجامی توێژینەوە و دراسەکەمان (کە تەنها کاری دەرەوە و تاقیگای، زۆرتر لە ساڵێکی پێ چوو) زۆر تەمومژی سەر رووی ئەم کێشەیەمان لە روودا رەوایەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا بتوانرێ بخرێتە روو ئەم خاڵانەیە:

١- پێکهاتووی ئاوی ژێر زەوی زۆر جیاوازە. لەبەر ئەوە ناتوانرێ پێکهاتوویەکی تایبەت بە ئاوی ناوچەکەیەوە بڵاو بکرێتەوە.

٢- ئاوی بیرەکانی سەروو و سەرووی رۆهەڵاتی سلێمانی باشترە لە تایبەتییەکانیاندا لە چاو ئاوی بیرەکانی خوارووی شاردا. لەبەر ئەوە چاکتروایە بیر لە رۆهەڵاتی سەرووی شاردا لێ بدرێ و بەهۆی ماکینەی تایبەتی خۆیەوە هەڵکەنرێ.

٣- پێوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان کۆی ژمارەی بەکتریا و چڕی بەکتریای کۆڵۆن و کۆڵۆنی پیسایی لەو ئاوانەدا کە دراسە کراون.

٤- خەستیی نترات $NO_2$ بە گۆڕینی وەرزەکانی ساڵ، ئەویش دەگۆڕڕێ و سروشتی (ترکیز)ەکەشی زۆر بوونە لە زستاندا و کەمبوونەوەیە لە هاویندا. هەروەها ئەو (ترکیز- خەستییە) لەگەڵ باران بارینیشدا دەگۆڕێ و پێوەندییەکی پێچەوانەش لە نێوان خەستی و قووڵی بیرەکاندا هەیە. لە دواییشدا بۆمان روون بووەوە کە خەستیی نترات لەناو بیرەکاندا نەگەیشتووەتە پلەیەک کە مەترسی لێ بکرێ بۆ تەندروستی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئاوەکانیاندا بۆ خواردنەوە.

٥- بۆمان دەرکەوت کە کۆی بەکتریای کۆڵۆنی پیسایی بە رادەیەکی ناپەسند زۆرە لە ئاوی بیرەکانی شاری سلێمانیدا، ئەمەش گەیاندینیە ئەو بڕوایەی کە بەکارهێنانی ئاوی بیرەکان بەگشتی بە بێ دەستکاری بۆ خواردنەوە لەبار نییە (بۆ نموونە بەکارهێنانی کلۆر لەگەڵ ئاوەکە زۆربەی ئەو ناپەسندییانە ناهێڵێ بەڵام ئاوەکە بۆ کاروباری ئاودێری لەبارە).

# مێژووی هاتنی برا دیانەکانمان بۆ سلێمانی

# مێژووی سەردانی چەند کەسێکی ناودار لە سلێمانی

## مێژووی هاتنی برا دیانەکانمان بۆ سلێمانی

برا دیانەکانی سلێمانی لە گەڕەکی (گاوران) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی سلێمانییەوە دادەنیشن هەر لەگەڵ دروستکردنی شارەکە ئەوانیش بۆی هاتوون و تیایدا نیشتەجێ بوون، بە بەڵگەی ئەوەی کە (مستەر ریچ) باسی ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی دەکات (لە ساڵی ١٨٢٠ کە ریچ هاتووەتە سلێمانی دوای ٣٦ لە بنیاتنانی شارەکە) دەڵێت: نۆ ماڵی دیانی کلدانی تێدا بووە کە کەنیسەیەکی بچووکیشیان هەبووە (ل٨٣ رحلة ریچ سنة ١٨٢٠).

ئەم برایانەمان کاتی خۆی لە دێی (أرموطە) سەر بە کۆیە و لە (عینکاوە)ی سەر بە هەولێر و لە کەرکووکەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی.

ئەوانیش وەک دانیشتوانی شارەکە، هەریەکە بە ئیشێکەوە خەریک بوون، لە (بازرگانی و ئیشی ناو بازاڕ) و مووچەخۆری میری و مامۆستا و..(رستن و چنین و خومچییەتی جاو دروستکردن.. هتد) و ماشەڵڵا ئەمڕۆ پیاوی پیاوانەیان (وەک جاران) تێدا هەڵکەوتووە و هەموو کاتێک لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا وەک برا بوون و هیچ فەرق و گۆڕانی ئاین لەو برایەتییەی نەکردوون، لەهەر شوێنێک بووبن و لە شار دوور کەوتبنەوە، هەر خۆیان بە خەڵکی سلێمانی زانیوە و دڵسۆزی شارەکە بوون.

پیاوی گەورە و بەڕێزیان تێدا هەڵکەوتووە کە لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا (ل١٤٠-١٤١) ئاماژەمان بۆ کردوون، سەر قافڵەکەیان کەریمی عەلەکە بوو.. کە من وای پێ رەوا دەبینم بەرامبەر بەو خزمەتە گەورانەی کە لە حاڵی حەیاتیدا کردوویەتی و چەندەها هەژاری برسی لە گرانییەکەی

سەفەربەردا لە مردن رزگار کردووە و گەلێک شتی تری پیاوانەی لەم جۆرەی پێشکێش کردووە.. بۆیە پێی رەوا دەبینم کە هەر لە گەڕەکی دیانەکان لە سلێمانی هەیکەلێکی بۆ بکرێ چونکە ئەو پیاوە جگە لە خۆی نوێنەری ئەو برا بەڕێزانەیەشمانن.

کەنیسەی کلدان: جا لەبەر ئەوەی زۆری دیانەکانی شاری سلێمانی (کلدانی کاثۆلیکن)، لە ساڵی ١٨٦٢ لە گەڕەکی گۆیژە/ سابوونکەران/ گەڕەکی دیانەکان لەسەر ئەرکی بازرگانێکی دیان کە خەڵکی (سنە) بووە کەنیسەی سلێمانی دروست کراوە بە ناوی کەنیسەی (مريم الحزينة) و کەنیسەکە لەلایەن قەشە (صلیوە هما یوسف شەقلاوەیی)یەوە بەڕێوەدەچوو، و ئەم کەنیسەیە سەر بە (بطریرکی بابل لەسەر کلدان)ە کە سەرۆکەکەی (غبطة البطريرك مار رۆفائيل الأول بیداوید)ە هەروەها بنیاتنانی کەنیسەیەکی نوێش لە گەڕەکی رزگاری تەنیشت بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی لە تەواوبووندایە یاخۆ تەواو بووە. (ساڵنامەی ١٩٩٨ سلێمانی ل٨٣).

– مێجەرسۆن کە لە ساڵی ١٩٠٨دا بە خۆ گۆڕین بە ناوی (میرزا عولام حسێنی شیرازی)یەوە هاتووەتە سلێمانی لە گەشتنامەکەیدا باسی (٥٠) کەس لە کلدانییەکانی مووسڵ دەکات گوایە لە ساڵی ١٨٨٠وە هاتوونەتە سلێمانی و تێیدا دانیشتوون.

– جگە لەوانە لە (ل٢٦٠ب١) باسی (متی توما) لە کلدانەکانی مووسڵ دەکات و دەڵێت: ئەم پیاوە بازرگانە بیست ساڵ دەبێت لە مووسڵەوە هاتووەتە سلێمانی.

هەر لەوێدا باسی یەکێکی تر لە کلدانەکانی مووسڵ دەکات ناوی (حبیب بدریە)یە ئەویش هەر بازرگان بووە و دەڵێت کە زانی من ئینگلیزم و فارس نیم تکای لێ کردم (کامیرا– ئالەتی تەصویر)ی لە دەوەوە بۆ کێش بکەم.

**ئەرمەنییەکانی سلێمانی**

لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا (ل١٠٧-١٠٨) ئاماژەمان بۆ کردوون و ناوی پیاوە ناسراوەکانیان هاتووە.

ئەم برایانەمان لە بنچینەدا لە کوردستانی تورکیاوە دوای ئەو دەستەی لەلایەن تورکەکانەوە لێیان وەشێنرا لە بیستەکاندا کە هەریەکەی بە لایەکا رایان کرد و ئێستاش لە دەزگا دەولییەکاندا هەر ئاماژەی بۆ دەکرێ. هەندێک لەوانە هاتنە سلێمانی. بەڵام پێش ئەوەش هەر لە سلێمانیدا ئەرمەن هەبوون. ئەوەتا مستەر ریچ کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە سلێمانی بووە لە کتێبەکەیدا (ل٨٣ رحلة ريج في العراق) باسیان دەکات دەڵێت: جگە لە دیانە کلدانییەکان پێنج ماڵیش ئەرمەن هەبوون بەڵام نە قەشە و نە کەنیسەیان نەبوو..

## مێژووی هاتنی خێزانەکەی (ریچ) بۆ سلێمانی

وەکو لە بەرگەکانی تری ئەم کتێبەدا بە زۆری ناوی (ریچ)یان تێدا هاتووە، وتوومانە: ریچ (مقيم) واتا باڵیۆزی ئینگلیز بوو لە بەغدا لە سەردەمی داود پاشای والی عوسمانیدا (١٨١٧-١٨٣١) کە ئەو سەردەمە والی حوکمی هەموو عێراقی دەکرد و ولایەتەکانی مووسڵ و بەسرا و شارەزوور و لەم دواییەدا میرنشینی بابان هەموو سەر بە والی بوون و ئەویش سەر بە (قاپی بەرز- الباب العالي) لە (ئاستانە- ئەستەمبول) بوو.

بۆ گەشتوگوزار بێت، یاخۆ بە مەبەستی رامیاریی بێت، یاخۆ بە هەر خواستێکی تر بێت (مستەر ریچ) خۆی و بارەگای باڵیۆزخانە و ژنەکەی و گەلێک فەرمانبەر و بەراتخۆری باڵیۆزخانەیی لەگەڵدا و لە بەهاری ساڵی ١٨٢٠دا بە سواری و بە کەژاوە لە رێی کفری و کەرکوکەوە بەرەو سلێمانی کەوتنە رێ. یاداشتە گرینگەکانی (ریچ) خۆی لە بەرگی یەکەم و دووەم و

سێیەمی ئەم کتێبەدا تێروتەسەل لێیان دواوین.

لێـرەدا و لەم بـەرگـەدا یـاداشـتـی ژنەکـەی بڵاو دەکـەینـەوە کـە ئـەویش تیشکێکی زۆر دەخـاتە سـەر ئەو رۆژگارەی سلێمانی. ژنەکە لە یاداشتـەکەدا (ناوی نەنووسراوە)، هـەر لە وەرگێڕانەکەی (بهاء الدین نوری)دا بە (السیدة ریچ) ناوی هـاتووە. ئەوەندە وتراوە کـە ئەو ئافـرەتە کـچـە گـەورەی (سـیـر جیمس ماکنتوش)ە کە ئەویش باڵیۆزی وڵاتەکەی بووە لە بومبای.

ژنەکـەی ریچ لە یاداشـتـەکەی رۆژی ١٦ی نیـسـانی ١٨٢٠دا دەڵێت: پێش ئەوەی بارەگـا لە بەغدا بـەجێ بهـێـڵـم، هەسـتـام بۆ دوعـاخـوازی سـەر لە هەندێک لە هاوڕێکانم بدەم، یەکێک لەوانە (سـاڵحـە خـانی ژنی سلێـمـان پاشـای بابان) بوو، سەیرم کرد هانم نادا بۆ سـەردانی نیشتمانەکەی. هەر بەم بۆنەیەوە، چیرۆکی کشانـەوەیەکیانی بۆ گێڕامـەوە کە هەر لە کشانەوەی دە هەزارەکـەی دەکرد. کە لەگـەڵ مێـردەکەیدا لە کـۆیەوە بەرەو کرمـاشـان دەکـشـانە دواوە، بـە چیاکـانی رەوەندا بە نـاوچەی ئێلی بڵـبـاسـدا کـە چۆن پاشـای بەغـدا ئـەو بڵـبـاسـانەی هـان داوە کـە مـێـردەکـەی بکوژن، کـە ئەم گۆبەندە چل رۆژی خـایاندووە و دەیـوت (هەر گولله بوو بەمـلا و لامـا گـیـزەی دەهات و منیش بە سـواری وڵاخ بووم، هەر کە ئاوریشم دەدایەوە، لـە کوژراو و بـریندار زیـاتـر هـیـــچـی تـرم نەدەدی، بـەڵام بـەهـۆی قـــارەمـــانـیـــەتـی پیـاوەکـانیـانەوە و بەهۆی چەند هـاوڕێیـەکی دڵسـۆزەوە کـە لەکـاتی خـۆیدا فریامـان کەوتن، رزگارمان بوو.

ساڵحە خان بەڕاستی جوان و قەدباریک و ئافرەتێکی پێگەیشتوو بوو ئەم قـسـانـەی زۆر بە هێـمنی و لـەسـەرخـۆ بـۆ دەگـێـڕامـەوە وەکـو ئەو هـەمـوو ئەشکەنجەیەی لە بیر چووبێتەوە..

مـسـز ریچ دوای ئەوەی رۆژ بە رۆژ بـاسی ئەم سـەفـەرەیان دەکـات کـە بە دەلی عـەباس و نـاوچەی خـاڵس و حـەمـرین و قـەرەتەپەدا هـاتوون تـا

گەیشتوونەتە کفری، ئینجا لەوێوە بەلای توزخورماتوودا تێپەڕیون بەرەو تاووق... ئینجا بۆ (لەیلان) و (قەرە حەسەن) ئینجا بەرەو (گردی گۆپاڵە) و لەوێوە بۆ (دەرگەزێن).. تا گەیشتوونەتە سەرچنار کە ئەم ڕێگایەیان بە (٢٢) رۆژ بڕیوە، واتا لە رۆژی ٨ی ئایار (مایس)دا دەگەنە نزیک سلێمانی.

لە یاداشتی رۆژی هەشتی (ئایار- مایس)ی ١٨٢٠دا دەڵێت:

لە باخێک لە باخەکانی پاشادا کە تەواو نزیک بە سلێمانی بوو لامان دا و یەکسەر نەچووینە ناو شارەوە چونکە، خاوەن ماڵ هێشتا لە ڕێکخستنی شوێن و ڕێمان نەبووبوونەوە. بۆیە ناچار بووم بچمەوە ناو تەختە رەوانەکەم و لە سواری ولاخ دابەزم و خۆم زۆر باش داپۆشم، زۆر کۆدەبوونەوە بۆ بینینی ئەم ئەوروپاییانەی کە بۆ هەوەڵ جار رووده‌کەنە ولاتەکەیان. چونکە هەم جلوبەرگیان و هەم ئەو سەربازە هندییانەی کە لە گەڵماندا بوون، ئارەزووی دەجوولانن کە بیانبینن و بەتایبەتی حەزیان لە بینینی هەر شتێک بوو کە پێوەندی بە (شەڕ)ەوە بوایە.. بۆیە کە لە تەختەڕەوانەکە دابەزیم زۆر سەرم سوڕما کە کەسم نەدی، تومەز جگە لەوەی پاشا فەرمانی داوە کەس لەو ناوەدا نەمێنێ، (کلود)یش چووەتە ناو پیاوەکان بۆ قاوە خواردنەوە. دە ئەگەر وا نەبووایە خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆدەبوونەوە بە ژن و پیاو و منداڵەوە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بۆ بینینی ئەم دیمەنە نوێیە.

دوای گەیشتنمان بە ماوەیەکی کەم. ئەو تەتەرەی لە ئەستەمبوڵەوە هاتبووە بەغدا و نامە و رۆژنامە و شتی ئێمەی پێ بوو گەیشتە لامان، لەپێش هەموو هەواڵێکدا، باسی مردنی مەلیک لە ٢٩ کانوونی دووەمدا و هەروەها مردنی (دۆقی کنت) لە ٢٤ی هەر ئەو مانگەدا تێدا بوو.. دڵم ئارامی نەما تا ناوی باوکم لە رۆژنامەیەکدا هی ناوەڕاستی مانگی شوبات بەرچاو کەوت ئەوسا ئاهم تێگەڕا.. ئەم تەتەرە ئەو ڕێگایەی هەموو بە چوار رۆژ بە گەلی سەگرمەدا بڕیبوو.

لەو کاتەدا کە ئێمە خەریکی خوێندنەوەی ئەو هەموو رۆژنامە و کۆوارانە بووین و هەموو شتێکمان لە تاوا لە بیر چووبووەوە، هەواڵمان وەرگرت کە مەحموود پاشا حاکمی سلێمانی دوای نوێژی عەسر دێتە سەردانی (کلود). بۆیە ئێمەش کەوتینە خۆمان بۆ پێشوازی.

دوای ئەوەی سەربازەکان ریز بوون و سەلامیان بۆ کرد، ئەویش بە سەردانەواندن بۆ سەر سنگی وەڵامی دانەوە، من لە درزێکی چادرەکەمانەوە سەیرم دەکرد، بۆم دەرکەوت پیاوێکی کورتەباڵای لاوازە بە پێچەوانەی پیاوەکانیەوە کە هەموو بەرزەباڵا و لە شێوەی سەربازدا بوون.

ئەم پیاوە گەورەترین کوڕە لە هەر پێنج کوڕەکانی خوا لێخۆشبوو ئەوڕەحمان پاشای بەناوبانگ، تەمەنی لە (٣٥) ساڵاندا بوو، پیاوێکی نەرمە تەبیعەت و مرۆڤ هەر چەندە عەزم و بڕشتی کەم بوو. بەڵام زۆر لە خواترس بوو، بۆیە زیاتر بەلای زانا و پیاوە ئاینییەکاندا لای دەدا، کە ئەو چینە لە هەموو ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامدا بە رۆشنبیرترین مرۆ دادەنرێن لەگەڵ ئەوەشدا کە بە چینێکی سەر رەق و عیناد دەژمێررێن، بەڵام پاشا زۆر بە حیلم و نەرم و هەرگیز بەلای کەللە رەقییەکەی ئەواندا لای نەدابوو.. چونکە رەشبین بوو.

سەر لە ئێوارە لە باخەکەدا پیاسەمان دەکرد، هەواکەی زۆر خۆش و گوڵاوی بوو، بەڕاستی حەزم لەوە بوو، هەر لێرە بمێنینەوە، نەک بچینە ناو شارەوە کە وەک دەیانوت کە لاوەکانی هانی مرۆی نەدەدا تێدا بژی. بەڵام پاشای رەوشت بەرز و پیاو، حەزی بە چوونە ناو شارمان دەکرد بۆیە نەمان توانی رازی بکەین.

یاداشتی رۆژی (١٠)ی ئایار (مایس) ١٨٢٠ باسی چوونە ناو شار بەمجۆرە دەکات:

کە خۆمان کرد بە شاردا، خۆپیشاندانێکی جوان بوو، چونکە زۆر بووین

و هەریەکە جۆرە جلێکی لەبەردا بوو ئەورووپییەکان و کوردەکان هەموو تێکەڵ بووبوون بە بەرگە رەسمییەکانیانەوە، سەربازە هندۆسەکان و بە تەپڵ مۆسیقاوە، سەربازە رووسەکان بە بۆرییەکانیانەوە کە بە دەمیانەوە بوو، ئەمە جگە لە تورک و دیان تاکو جوولەکەش و خزمەتچییەکانی باڵیۆزخانە، کە هەموو پێکەوە ئاماژەیان بۆ جۆرە گەورەییەکی سەرەتایی تێکەڵاو دەکرد.. بەکورتی ئەم دەستەیە تاودانەوەی رەمزی ئەورووپا و ئاسیا بوو..

پاشا حەزی دەکرد لە شاردا بمێنینەوە، نەک بگەڕێینەوە بۆ چادرەکانمان بۆیە هەموو شتەکانمان کۆ کردەوە و منیش سواری تەختە رەوانەکەم بوومەوە و هەموو پەردە ئاڵەکانی دادرایەوە و لە هەموو لایەکەوە قایم کران بەجۆرێک کەس نینۆکیشم نەبینێ جگە لەوەی سەرپۆشیشم پۆشیبوو.. بەمجۆرە گەیشتمە ئەو خانووەی کە بۆمان تەرخان کرابوو، ناتوانم بڵێم ئەمە خانوو بوو تاکو سلێمانی خۆی و دانیشتوانی نەبینم. خۆشەویستی و بەرز پیاڕوانینی جارانم بەم پایتەختە بە ناخۆشی و رق وەرگەڕا، دوای ئەوەی جێگاکەمانم دی، کە بەڕاستی ئازایەتییەکی تەواوی دەویست کە خۆم بخەمە نەنگیینەوە و خۆم بکەم بەم وێرانەیەدا.

ئینجا بۆ رۆژی (٦)ی حوزەیران ١٨٢٠ ئەمەی نووسیوە:

پێویستە ئەم رۆژە لەگەڵ خێزانی پاشادا رابوێرم. کارەکەرەکانم و (دایکی میناس) لەگەڵمدا خۆمان کرد بە (حەرەم)دا، ئافرەتێکی زۆر بەلای راست و چەپمدا پێشوازییان کردم تا بە پلیکانەدا سەرکەوتم، لەبەر قاپی ژوورەکەدا، ژنی پاشا پێشوازیی کردم لە دوای ئەویشەوە یەکێک لە خوشکەکانی پاشا و گەلێک ژنی تری بنەماڵەکەیان. قاوە و حەلوا و شەربەت گێڕرا، بەڵام دڵم بەمجۆرە شتانە تەنگ بوو و ماندوو بووم.. باش بوو دوای ئەم بەخێرهاتنە ئیتر هەموو وەک خۆیان لەباری رەمەکیدا لێ هاتەوە و روویان لەگەڵمدا گەشایەوە و هەوڵی خۆشی و حەسانەوەی منیان دەدا، منیش کرامەوە.

ژنی پاشا ناوی (عادلە خان کچی عوسمان بەگ) و خزمی پاشا خۆی

بوو. له راستیشدا ئەم بنەماڵەیە هەر لەناو خۆیاندا ژن دەهێنن و شوو دەکەن و روو ناکەنە بێگانە. عادلە خان نزیک بیست و حەوت ساڵ لە تەمەندا دەبوو، ئەو لە ئافرەتەکانی تر کەڵەگەتتر بوو قژی رەش و گەنم رەنگ بوو. دوو چاوی خەواڵووی پێوە بوو، دیمەنی جوان و ئازای رێکوپێک و دڵی مرۆی رادەکێشا، وا دیاربوو لەوەپێش سەغڵەتی و پەستی زۆر دیوە، لە کردەوەیدا ئاغر و ساکارانە دەجووڵایەوە بە جۆرێک کە کارێکی زۆری تێ کردم، لەگەڵ پاشای مێردیدا زۆر رێک بوون و ئەو جۆرە پەستییەی بە رواڵەتی هەردووکیانەوە دەبینرا، ئەنجامی مردنی زۆر لە منداڵەکانیان بوو بە نەخۆشی ئاوڵە. ئێستا تەنها منداڵێکیان بۆ ماوەتەوە کە لەویش دڵنیا نەبوون کە بۆیان دەمێنێ، هەر کە سەیری ئەو منداڵەی دەکرد هەردوو چاوی دەبوو لە ئاو و ئەو فرمێسکانە دەهاتنە خوارەوە و دەیوت (ئەمە بۆ من نییە و بۆ خوایە و فەرمانی یەزدان رەت نابێتەوە). لە بابەت کوتانی منداڵەکەوە زۆر قسەم بۆ کرد بەڵام وا دیاربوو هیچ ئومێدێکی نەمابوو.

دوای ئەوەی رازی بوو کە منداڵەکەی بۆ بکوتم، زۆر بە گورجی هەوڵم دا کە بنووسم بۆ ئەوەی دەرمانی کوتانی ئاوڵەمان بۆ بنێرن، زۆر دڵخۆش و شاد دەبم بەوەی بتوانم ئەو منداڵە جوانە ئێسک سووکە لەو نەخۆشییە کوشندەیە رزگار بکەم. هەزارەها کەس لە کوردستاندا دەبن بە قوربانی دەستی ئەم نەخۆشییە. جا دوور نییە ئەگەر پاشا منداڵەکەی خۆی کوتا، ئەوسا خەڵکەکەش ئەو رێیە بگرن، هەر ئەوسا گەشتەکەی ئێمەش بۆ کوردستان پڕ سوود دەبێ. عادلە خانم چەند ساڵێکی زۆری لە تەمەنی منداڵی لە بەغدا بەسەر بردبوو، تاکو فێری تورکیش بووبوو بەڵام چونکە زۆر قسەی پێ نەدەکرد، بۆیە بە زەحمەت بەکاری دەهێنا.. زۆر هەوڵی دەدا کە قسەم لەگەڵ بکات، بەڕاستی رۆژێکی خۆشم لەگەڵدا بردە سەر، هەروەها لەگەڵ ژنەکانی تریشدا ئیتر کە گەڕامەوە شوێنەکەم کەمتر هەستم بە ماندووبوون کرد.

**سەرنج و روونکردنەوە:**

سلێمانی لەو رۆژانەدا وەک (کەلاوە) بووە لەبەر چاوی ئافرەتێکی ئەوروپایی، ئەگەر واش بووبێت، بەڵێ گلەیی مێژوو رووی میرەکانی بابان دەگرێتەوە کە لەسەر کورسی هەمیشە لەناو خۆیاندا لە شەڕدا بوون و لەشکری بێگانەش کە دەهاتە وڵاتەکەوە بۆ یارمەتی لایەکیان ئەوەندەی تر وێران دەبوو، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە وڵاتی بابان لە بەینی دوو ئاگردا بوو (ئێران و عوسمانی) بۆیە رۆژێک حەسانەوە و دەست پێداهێنانی شارەکەی بە خۆیەوە نەدی (هەر ئەو بەزمەش نییە ئێستاش هەر دووپات دەبێتەوە؟؟) نەک بەرامبەر تەنها سلێمانی بەڵکو دژی هەموو عێراق.

- ژنەکەی ریچ باسی ئافرەتی بابان دەکات ساڵحە خان و عادیلە خان و دایکی مەحموود پاشا. باسی ساڵحە خان بە ئازایەتی و باسی عادیلە خان بە (کەساسی بە بۆنەی نەخۆشی دوا منداڵیانەوە، کە ئەویشیان هەر بۆ نەما و مرد). و باسی دایکی پاشا دەکات کە وەک ژنێکی دبلۆماسی و ژیر لەو رۆژانەدا هەستێ بچێتە بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ والی (داود پاشا کە ئەو رۆژە وەک شای عێراق وابووە و هەر خۆی حساب بووە). کەوابوو ژن هەستێ بە کاری گفتوگۆ و دبلۆماسییەت، دەبێ ئەو ژنە چەند بە توانا و ژیر و لێهاتوو بووبێت؟
- لەو رۆژانەدا نەخۆشی ئاوڵەی دوابڕاو وەک داس دروێنەی ملی سەدەها منداڵ و گەورەی دەکرد و دەرمانیشی نەبوو، هەروەها رشانەوە تاکو لە ئەنجامدا (مستەر ریچ) خۆشی تووشی بوو، هەر بەو دەردەش رۆیشت.
- باسی سنوور هاتووە، بێگومان مەبەستی لە سنووری وڵاتی بابان دێ لەگەڵ سنووری ولایەتی بەغدا.
- باسی پۆستەچی (تەتەر) دەکات کە بە چوار رۆژ لە بەغداوە بە رێگای گەلی سەگرمەدا گەیشتووەتە سلێمانی. ئەمەش راستە چونکە ئەو رێگایە

سلێمانی لە کفری و بەغدا زۆر نزیک دەکاتەوە و راست بێ پێچ و پەنا دەیبڕێ.

## هاتنی مینۆرسکی بۆ سلێمانی

مینۆرسکی کوردناسێکی رووسیای قەیسەری، پیاوێکی زانا و رۆژهەڵاتناسێکی ناودار و دۆستی دێرینی کورد بوو، لەبەر ئەوە گەلێک نووسینی لەسەر کورد هەیە وەک (الاکراد- ملاحظات وانطباعات) د. مارف خەزنەدار وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی و بە چاپی گەیاندووە.

د. خەزنەدار لە پێشەکی ئەو کتێبەدا کە ساڵی ١٩٦٨ لە بەغدا لە چاپخانەی ئەلنجوم لە چاپ دراوە دەڵێت کەوا مینۆرسکی:

(مامۆستا "استاذ" لە جامیعەی لەندەن، ئەندامی ئەکادیمیەی علومی بەریتانی، ئەندامی ئەکادیمیەی علومی فەرەنسی، ئەندامی فەخری کۆمەڵەی ئاسیای ئەڵمانی و هەڵگری سامی ئاڵتوونی کۆمەڵەی ئاسیای بەریتانی دکتۆری فەخری جامیعەی کامبردج) بووە. ناوی تەواوەتی ڤلادیمێر فیو دوروڤیچ مینۆرسکییە لە ساڵی ١٨٧٧ لە نزیک مۆسکۆوە لە دایک بووە خوێندنی پێشەکی لە مۆسکۆ تەواو کردووە و لە دواییدا دانشگای (حقوق) و مەعهەدی لازاریف بۆ زمانەکانی رۆژهەڵاتی تەواو کردووە لە دواییدا لە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا لە قونسوڵخانەی تاران و تەورێز ئیشی کردووە و بەو بۆنەیەوە بە کوردستاندا گەڕاوە. کە لەو ئیشەوە وازی هێناوە دەستی کردووە بە کتێب نووسین و لێکۆڵینەوە. لە کۆنگرەی بیستەمی رۆژهەڵاتناسانی جیهاندا کە ساڵی ١٩٤٠ لە بروکسل گیرا راپۆرتێکی لە بابەت رەگ و بنەچەی کوردەوە پێشکێش کردووە، لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی (دائرة المعارف الاسلامیة) لە بابەت کوردەوە لەسەر (کرد و کردستان) و (لك) و (ئۆ)ی نووسیوە.

مینۆرسکی لە ساڵی ١٩٦٦دا لە لەندەن فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

مـینۆرسکی سـاڵی ١٩٣٤ هاتووەتە سلێـمـانی، هەر لەو سـاڵەدا خـوا لێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێردی نەمر دێتـە سلێـمـانـی و لە بابەت شـارەکـەوە نووسـینێکی دوور و درێژی تۆمـار کردووە کە د. کوردستان موکریانی لە کۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٠) سـاڵی ١٩٨٨ ل٣٢-٤٤دا بڵاوی کـردووەتـەوە. لە دووتوێی ئەو نووسـینەدا مامۆستا حوزنی بەمجۆرە باسی مینۆرسکی و هاتنی بۆ سلێمانی دەکات:

"ئەمساڵ لە تەنیشت خەستەخانەکەدا.. مەکتەبی متەوەستە لەسەر تەرزێکی زۆر جوان بە چیمـەنتـۆو شـێلمـان دروست کـراوە و لە مـانگی تشـرینی یەکـەمـدا، لە رۆژی جومـعـەی ٢٩ی ئەیلول لـەگـەڵ پرۆفـیـسـۆر مـینۆرسکی بەناوبانگ چاوم بەو مەدرەسەیە کەوت. دوای ئەوە دەڵێت:

رۆژی جومعەی (٢٩)ی ئەیلول (مینۆرسکی پرۆفیسۆری بەناوبانگ) هاتە سلێمانی، لە پێشدا چووە ئوتێل لە پاشان سیادەتی متصرف احمد بەگ بردیە مـاڵی خـۆی و زۆر بە حورمـەت خـزمـەتی کـرد.. منیش چوومـە مـاڵی موتەسـەڕیف ئەو پرۆفیسۆرە بەناوبانگە بە دڵێکی زۆر خۆش و میـهرەبان پێـشـوازی کـردم و دەسـتی گـوشـیم، لە دوای چای سـبـەینە خـواردنەوە بەیەکەوە چووینە مەکتەبی ئیبتیدائی بە سەرپێ گەڕاینەوە، چووینە مەکتەبی متەوەستە، ئەحواڵی ریز و مـەکتەب و قوتابی پرسی، رەشید کابان زۆر بە لوتفەوە خزمـەتی کرد لە پاشان فۆتۆغرافێکی من و رەشید کابان و مستەفا بەگ برای مـوتەسـەڕیفی لەبەر دەرگـای مـەکتـەب گرت. لەوێوە چووینە لای مـودیری مـعـارف. لیسـتـەی مـەکتـەب و خـوێندن و منداڵەکانی وەرگـرت و گـەڕاینەوە مـەطبـعـە فـائق بێکەس و مـەحـمـوود جـەودەت و شـێخ سـەلام و منداڵەکانی شاگردی مطبعـەی ریز کرد لـەبەر هەیوانی بەلەدیەی سلێمـانی فۆتۆغرافی گرتین.

د. کـەمـال مـەزهـەریش لە کـۆواری کـاروان ژمـارە (٢٠ی سـاڵی ١٩٨٤)دا باسـی هـاتنی مـینۆرسـکی دەکات. لـە سـەرەتـاوە دەڵێت (وا دیارە مـینۆرسـکی

دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠ بە بۆنەی یادی نۆ سەد ساڵەی کۆچ دوایی شاعیری گەورە ئەبولقاسم فیردەوسییەوە لە ڕێگەی عێراقەوە چووەتە ئێران یا لەوێوە بە عێراقدا گەڕاوەتەوە).

لە بەغدا لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی سەری لە چاپخانەی مەریوانی داوە. لە سلێمانیش لەگەڵ پیرەمێرد چووەتە چاپخانەی شارەوانی و بارەگای ڕۆژنامەی ژیان، بەڵام لە دواییدا پشت بە نامەیەکی سەعید ناکام و پشت بە دیوانی شیعری شێخ سەلام ساڵی هاتنی مینۆرسکی بۆ سلێمانی ڕاست کردووەتەوە کە ١٩٣٤ بووە وەک مامۆستای موکریانی ئاماژەی بۆ کردووە.

**ڕوونکردنەوە:**

خوا لێخۆشبوو حوزنی موکریانی باسی (متصرف- پارێزگار) ئەحمەد بەگ دەکات. مەبەستی لە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگە کە بۆ جاری دووەم بە (متصرف)ی هاتەوە سلێمانی. جاری یەکەم لەگەڵ (تشکیلات)ی حکومەتی عێراقدا لە سلێمانی ئەحمەد بەگ کە خۆی خەڵکی سلێمانییە و لە بنەماڵەی خەندانە یەکەم (متصرف) بوو، لە مانگی نیسانی ١٩٢٧دا گوێزرایەوە بۆ هەولێر بۆ شوێنی) ئەحمەد ئەفەندی هەولێری- احمد عثمان) کە ئەو بوو بە (متصرفی سلێمانی)، دوای ئەو تۆفیق وەهبی کە ئەوەندە نەمایەوە بۆ جاری دووەم ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ لە ٩٣٠/٩/٢٨وە لە سلێمانی مایەوە تاکو ٩٣٥/٤/٢٤ گوێزرایەوە و ساڵح زەکی ساحێبقران هاتە جێی.

باسی ڕەشید کابان هاتووە، کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری (معارف) بووە و کە خۆی خەڵکی سلێمانییە لە ئەفسەری ئەندازیارەوە لە سەردەمی عوسمانیدا، گەڕایەوە بۆ (سلكي مدني) و کرا بە (مدیری معارف- تربیە).

مامۆستای موکریانی باسی (بلدیة) دەکات، ئەو ساڵانە شارەوانی لەناو بازاڕدا بوو لای سەوزە فرۆشەکانەوە، ئەمیش ساختمانێکی فۆلکلۆری کۆنە

ئەگەر مابێ پێویستە دەستی تەعمیراتی پێدا بێتەوە و وەک جێماوێکی کۆن سەیر بکرێ. ئەو سەردەمە (چاپخانە) کە سەر بە شارەوانی بوو، هەر لەو بینایەی بەلەدیەی کۆندا بوو بۆیە مامۆستا حوزنی باسی منداڵەکانی شاگردی مەطبعە دەکات کە لەگەڵ مینۆرسکی و فائق بێکەس و شێخ سەلام و مەحموود جەودەت رەسمیان لەبەر هەیوانەکەی بەلەدیەدا گرتووە. هەر ئەو چاپخانەیە رۆژنامەی (ژیان)ی چاپ دەکرد. ئەو رۆژنامەیەی کە دەوڵەمەندترین دەنگوباسی ئابووری و رامیاری و نەتەوەیی.. بڵاو دەکردەوە.

**توحفەی سلێمانی هجری دەدە**

هجری دەدە ناوی مەلا مەحمموودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی دەدە نەزەرە ساڵی ١٨٧٧ لە کەرکووک لە دایک بووە و لە ١٩٥٢/١٢/١١دا کۆچی دوایی کردووە. دەدە لەناو تورکماندا بە برای گەورە دەڵێن کە بەرامبەر بە (کاکە)ی کوردییە بەڵام لەناو کاکەیییەکاندا (دەدە) پایەیێکە لەخوار (باوە) و (سەید)ەوەیە. کاکەیی وەک هۆزێک هەموو کوردن، بەڵام وەک ئاینێک تورکمانیشیان تێدایە. هجری دەدە یەکێکە لە دەدەکانی گەڕەکی (چای) لە شاری کەرکووک. نازناوی شیعری (هجری) بۆ خۆی هەڵبژاردووە و پایەشی لەناو کاکەیییەکاندا (دەدە) بووە.

ئافەرم بۆ پیرەمێردی نەمر و هەزار رەحمەت لە گۆڕی پیرۆزی کەوا پیاوی وەک حوزنی موکریانی و هجری دەدەی بانگ کردە سلێمانی و لای ئەو دادەبەزین و دەیگێڕان و لە بابەت سلێمانی و مێژوو و جوگرافیایی و بەرهەمی وڵاتەکە و بنەماڵەکانیان.. و هەزار و یەک شتی تری ئەدان بە گوێدا.. ئەوانیش بە هەموو دڵسۆزییەکەوە ئەنجامی ئەو گەشتانەیان دەخستە سەر کاغەز و بڵاو دەکرانەوە.

(رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٧ ساڵی ١٩٨٥) بە قەڵەمی مستەفا نەریمان).

ئافەرم بۆ خوا لێخۆشبوو مستەفا نەریمانیش کە زۆرشتی لەم بابەتە

وەرگێڕا و بڵاوی کردنەوە و نەیهێشت بفەوتێن کە ئێستا زۆربەی ئەو کتێب و نووسینانەی بوون بە سەرچاوەی روون و بەنرخ بۆ نووسەران.. هەمووی ئەم زانیارییانە لە بابەت توحفەی سلێمانییەکەی هجری دەدەوە لەو وەرگرتووە:

ساڵی ١٩٣٤ هجری دەدە هاتووەتە سلێمانی و بووە بە میوانی پیرەمێرد و ئەمیش خزمەتێکی زۆری دەکا و بە سلێمانی و دەوروپشتیدا گەشتوگوزار دەکەن و دەچنە ناو خەڵکەوە، لە نزیکەوە لەگەڵ دانیشتوانی شاردا هجری ئاشنایی پەیدا دەکا، لە ژمارە (٤٠٨)ی ژیان رۆژی ١٩٣٤/٨/٢٥ پیرەمێرد ئەم دووبەیتە شیعرە بۆ (هجری دەدە) نووسیوە:

هیـجـری دەدە، هات بۆ سلێـمـانی
نەشـئـەو نەشـیـدە و سـمێـڵـی هانی
خـۆی زوو ڕۆیەوە، شـیـعری جـێماوە
خـۆیشی و شـیـعـریشی بەناوداوە

هجـری دەدەش بە چوار دێر شـیـعـری فـارسی وەڵامی دەداتەوە هەر لە ژیاندا لە ژمارەی داهاتوودا ئەوەش بڵاو دەکرێتەوە بەڵام هجری دەدە دوای ئەو گەشتەی لە سلێمانی و کە گەڕایەوە کەرکووک لە ساڵی ١٩٣٥دا ئەو گەشتوگوزارەی کرد بە چامەیەک و لە (٢٤٢) دێر شیعردا بە ناوی (توحفەی سلیـمـانی)یەوە لە چاپخـانەی (سـریانی) لە تویی (٥٢) لاپەڕەدا بڵاوی کردەوە. کە ئەم توحفەیە دەگاتە پیرەمێرد لە سلێمانی لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٤٣٠٤)ی رۆژی ١٩٣٥/٢/٩دا بەمـجـۆرە لە سـەری دەنـووسـێت (.. تحفەی سلیمانی شاعیر هجری دەدە کە بە فارسی نظم و طبعی کردووە بۆی ناردوین، بە ڕاستی توحفەی تحف و یادگارێکی ئەلطەفە. ئەجدادی سلێمانی زیندوو کردۆتەوە. ئەشخاص حاضرەش دەژێنێ. حەقێکی وای خستۆتە سەرمان، بەهەرچەندێ دەبێ بیکرین..)

هجری دەدە لە توحفەی سلێمانیدا بۆ (مەشهودات ٢٤ دێرە شیعر) و بۆ

(مناظری سلێمانی ٢٦ دێر) و بۆ (بنەماڵەی بابان و دامەزراندنی شاری سلێمانی ٢١ دێر) و بۆ (سادات کرام) (واتە شێخانی سلێمانی (٢٠) دێر و بۆ (کتێبخانەی قادر ئاغای عطار ٢١ دێر) و بۆ (زانایانی سلێمانی دە دێر) و بۆ (سەر قەبران ١٦ دێر) و بۆ جاف و ئەمین زەکی بەگ و بەکر سدقی پاشای عەسکەری و عەلی کەمال و ماجید و حاجی رەمەزان و شێخ لەتیف و عەلەکە و سەعید پاشا و مەسرەف زادە و شاڵی زادە و شەریف زادە و قەزاز زادە و کەرکووکلی زادە و حاجی ئیبراهیم خەفاف.. هەریەکە و سەرو دێرێک یا دوو دێری بۆ وتوون.

لە (مشهودات)ەکەیدا بە واتا دەڵێت (.. بووم بە مێروولەی سلیمانی و زۆر دۆستی وەفادارم تێدا دی.. بە نەخۆشی سەفەرم کرد و کە گەیشتمە منزل شیفام هات. گەیشتم کە پرسیم لە هومید گەوهەرم چنیەوە. ئەزیەتم نەبوو، سوودم وەرگرت خۆشیم تێدا دی.. لە میوانداری و صولحسازی و سەربەرزیدا لە برا چاکتر لە خزم و خۆیش بە کەڵک ترم دی.. هەموو حازر وەڵام، خۆش قسە، ڕووخۆش بە گفت و لفت و نوکتەگۆ، رووگەش، دەم بە پێکەنینم دی.. هەزاری وەک ئەرسطو چاوەڕێی شەربەتی صافیە، هەرکەس بیخواتەوە لە دەست نەخۆشی رزگار دەبێت.. گەر شیرەخۆرە لێی بخواتەوە دەبێتە شێری مەیدان، شەرابی ئەو هێزی گیانە، وەک یاقووت بەنرخە، لەهەر بورجێکەوە سەد خۆری لێ هەڵدێ سەیری هەرکەسێکم دەکرد، زیرەکیم تێدا ئەدی، شەو لە مەکتەبی زانستیدا هەتا بەیان بێدارن.. قوتابیەکانم وەک بولبولی خۆشئاوازی گوڵستان دی).

لە پارچە شیعری (مناظر سلیمانی) واتە (دیمەنەکانی سلیمانی)دا. سلێمانی دەکاتە بەهەشتێک. یەکە یەکە ناوی چیا و دێهات و شارەکانی دەهێنێت و بەسەریاندا هەڵدەدات وەک (پیرەمەگرون، ئەزمەڕ، گۆیژە، زێوێ، لەغاوگیر، تاریەر، پیرمەلەک، گەمۆ، پێنجوێن) ئینجا بەرەو باشوور دەڕوات و باسی (هەڵەبجە و هاوار و عەبابەیلێ و تەوێڵە و بیارە)مان بۆ دەکات و

ناوی پایەبەرزان شـێخ عـومـەری زیائەدین و شـێخ عـەلادین و شـێخ حوسامەدینمان بۆ دەکات زۆر بەڕێزەوە. ئینجا دەگەڕێتەوە شار و دەچێتە سەرچنار، لە دوای ژماردنی ئەو شوێنە خۆش و بەناوبانگانە دەڵێت: (هیچ خۆشـویسـتنێک لە جـیـهـاندا بێ رەقـیب نەبووە. رەقـیـبی ئەم شـارەش رەشـەبایە، بەڵام رەشـەبای سلێـمـانی بێ دەرد و بەڵایە. ئەوەش بزانە لەم شارەدا لە گەزۆی تاڵ حەڵوایەکی شیرینت دەرخوارد دەدەن).

هجری دەدە کە دەچێتە سەر قەبران و سەردەکەوێتە سەر گردی سەیوان یادی مردووەکان بەمجۆرە دەکاتەوە (کە چاوی دڵم کردەوە، خودایا چیم دی، لەم جێیەدا؟ ناوی شاری خامۆشان بوو، بەڵام دڵڕفێن بوو، سەیوانی سەر قەبران، بەڵکو ئێرە جێی ژیانە، لەبن هەر دارێکدا بولبولێکی ژیانی ئەبەدیم دی".

دامەزراندنی سلێمـانی و بابانەکـانی لە یەک داوە و دەڵێت: (ڕوانیـمـە شەرەفنامە بینیم بابانەکان خاوەن شەرەفن و ئەوان دامەزرێنەر و گەورەی ئەم شـارە بوون و دەچنە سـەر مـیـر ئەبداڵ و لەوێشـەوە دەچنە سـەر پیـر بوداق). ئینجا یەک بە یەک میـرەکانی بابانمان بۆ دەژمـێرێ وەک (بەکرە سوور، خانە، ئەحمەد پاشا، سلێمان پاشا، محەمەد پاشا و مەحموود پاشـا) کە دەگاتە سـەر (ئیبراهیم پاشا) دەڵێت (چۆن حەزرەتی ابراهیم بناغەی کەعبەی دامەزراند، ئەم ابراهیمەش سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەم شوێنەدا بناغەی سلێمانی دانا). لە دواییدا ناوی وەچەکانی دوای ئەوان دەژمێرێ وەک (حەمدی، سەلاحەدین، جەمال، جەلال، تۆفیق، شەوکەت، قادر، ئیسماعیل حەقی، مستەفا، زهنی، ئیسماعیل، مەجید پاشا) و ناوی هەردوو کوڕەکانیشی دەهێنێت (جەمیل و بەهجەت) و کوڕەزاکانیشیان کە ئەوسا منداڵ بوون وەک (خورشید، قادر، مەحموود، محەمەد). هەروەها ناوی شەمسە دەهێنێت و دەیباتەوە سەر میرە بەگ کە دەچێتە سەر باسی (شێخانی سلێمانی) بە (سادات کرام) ناویان دەبات و دەڵێت: (ئەم بنەماڵە

پیرۆزە دەچنەوە سەر شێخ مەعروفی نۆدێی و نووری ئەم شێخەش وەک رۆژ سلێمانی رووناک کردووەتەوە و بنەماڵەکەشی وەک مانگ لە ئاسمانی سلێمانیدا دەدرەوشێتەوە). ناوی (کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مستەفا و شێخ سەعید) دەهێنێ و دەڵێت (شێخ سعید بەرزی و دلێری شێخ محمود و دەڵێت: (شێخ محمود لەم ولاتەدا وەک محمودی غەزنەوی وەها بگرە لەویش پایەبەرزترە چونکە لە ئەسڵی پاکی ئەحمەدە) و ناوی هەرسێ کوڕەکانیشی دەهێنێت (رەئوف، بابا عەلی، لەتیف). هەروەها لە ئافرەتانی ئەم بنەماڵەیە باسی ئایشە خان دەکات و بە (ام المسلمین) ناوی دەبات و دەڵێت: (ئەم ئافرەتە چ ئافرەتێکە، وەک شێر نەبەردە، دیوەخانەی جەمەی دێت، ئەم دوختەرە (ئەم کچە) چ حەکیمێکە کە لە حیکمەتا شیفای عەقل دەکات). دوای ئەوە باسی شێخەکانی سەرگەڵو دەکات و دیسان دەگەڕێتەوە سەر سلێمانی و زاناکانی ناوی (مەلا مەحمودی چاومار و زەهاوی و مەلای پێنجوێنی و شێخ عومەر مەلای مەریوانی) دەهێنێت.

ئینجا دەچێتە کتێبخانەی (قادر ئاغای عەتتار) و بە قرائەتخانە ناوی دەبات لەوێ شاعیرە کۆن و تازەکانی ئەو حەلەی سلێمانی یاد دەکاتەوە و دەڵێت: (گوڵ و گوڵزاری ئەم شارە شاعیر، مەلی شاعیر، پیاوی شاعیر، ژنی هەم شاعیر). ئینجا دێت ناوی ئەم شاعیرانە تێهەڵکێش بە شیعر دەکات، هەریەکەیان بە یەک دوو دێرە شیعر یان بە یەک دوو وشە ستایش دەکات (مەولەوی، نالی، مەلا خدری رۆدواری، بێسارانی، خانای قوبادی، ئەختەری کۆیی، شوکری فەزڵی، شێخ رەزا، حەمدوون، ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، مەحوی، ئەمین عەبنی، ئەمین زەکی، مەستی، تاهیر بەگی جاف، ئەحمەد موختار جاف، سالم، بێخود، گۆران، موجرم، زێوەر، تۆفیق وەهبی، بێکەس، پیرەمێرد، حوزنی). بۆ شوکری و شێخ رەزا دەڵێت: (ئەگەرچی شوکری فضلی معارض شێخ رضا بوو، بەلام زبانی شێخ رضا وەک شمشێری قضا تیژە). بۆ حەمدوون دەڵێت: (حەزرەتی حەمدون بە دڵ چاوی دنیا

بینینی هەیە، من ئەوم لە سلیمانیدا بە ئەبولعەلا داناوە). بۆ هەر دوو برا تاهیر بەگ و ئەحمەد بەگی جاف دەڵێت: (لەناوی هۆزی جافدا طاهری خۆش ڕەوشت بوو، زوو جوانەمەرگ بوو، احمدی مختاری برای ئەدیب و نجیب وەک عوسمانیش بە حەیایە). بۆ تۆفیق وەهبی دەڵێت: (توفیق لە خواوە تەوفیقی پێدراوە و مەوهەبەشی پێ بەخشراوە). بۆ ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: (امین زەکی بە ڕاستی پیاوێکی زەکییە و بێ گومان مامۆستایە و هەموو تەئلیفێکی ئەو دەدرەوشێتەوەو قەڵەمەکەشی هەمیشە لەکاردایە بەشبەحاڵم من زۆر سوپاسی ئەو زاتە دەکەم). بۆ بێخود دەڵێت: (بیخود بە روو بێخودە، بەڵام بە دڵ ئاگادارە). و دەڵێت (امینی عینی خاوەنی هەفت پەیکەرەو "گۆران"یش دوو گەشتی بە سوودی بۆ هەورامان و قەرەداغ هۆنیوەتەوە).

لە دواییدا دەگەڕێتەوە سەر رۆژنامەی (ژیان) و ئەوسا ناوی (پیرەمێرد و حوزنی موکریانی) دەهێنێت و دەڵێت: (پیرەمێرد مامۆستای سەردەستەی شاعیرانە، وەک لاوێکی بەهیمەت و بە چاوێکی نوێوە بناغەی بۆ کوردی نووسین داناوە، لە رۆژنامەی ژیاندا حوزنیم دی هەرچەندە ناوی حوزنییە بەڵام خۆی زۆر بە زەوق و خۆش صوحبەتە".

پاش ئەوەی باسی هەرێمی پژدەر و ناودارەکانی هۆزی پژدەر دەکات وەک (عەباسی مەحموود ئاغا و بابەکری سەلیم ئاغا) دەگەڕێتەوە و دەچێتە ناو جاف و ستایشی بەگزادەکان دەکات و دەڵێت: (بە ڕەگەز دەچنەوە سەر میرە بەگ) و ناوی حەمە پاشا دەهێنێت و دەڵێت (پێنج کوڕی هەبوو (عوسمان، مەحموود، حەسەن، محەمەد، عەلی، فەتاح) و دەڵێت هەر یەکێک لەم کوڕانە وەک دانەی گەوهەر بەنرخن و جافەکان لەگەڵ سەیدەکانی دۆڵپەمو لە حەسەندا یەک دەگرنەوە".

هیجری یەک بە یەک بنەماڵەکانی سلێمانی دەژمێرێت و ناویان تێهەڵکێش بە شیعر دەکات وەک ئەوەی حاجی سەعید ئاغا لە ناودارەکانی شارە، چاوم

بە جەلال و مستەفای کوڕی کەوت زۆر زیرەک و هوشیارن و لە بنەماڵەی (کرکوکلی زادە) ناوی حاجی مەلا سەعید و ئەحمەد ئاغا و کەریم ساڵح و فەتاح دەبات و دەڵێت: (حاجی مەلا سعید پیاوێکی خواپەرستە. عیراق حەقیە ئەگەر شانازی بە مەردی کەرکوکییەوە بکات، چونکە ئەمان وەک مانگی چواردەن). و لە باسی قەزازەکانا دەڵێت (قەزازەکان لە ئاوریشم کاڵا دروست دەکەن، رۆحی قەزازەکان سەعیدە و خۆشیان بە توفیقن).

دەربارەی شێخ لەتیفی دانساز دەڵێت:

(شێخ لطیفی دانساز لە نسلی کەریمە بە عقل و حیکمەت لە پیشەسازیا هونەرێکی تەواوی پیشانداوە). لە گۆرانی بێژەکان ناوی (حەمە شێر و حەمە مەعروف) دەبات و دەڵێت (دەنگ و ئاوازیان زۆر خۆش بوو).

ئێوارانێک هجری دەدە دەچێتە (یانە- نادي) لەگەڵ کۆڕێکدا یەک دەگرێت و دەڵێت: (شاعیران لە هەزار یەکیان دڵشاد نین، هەر یەکەیان گیرۆدەی دەردێکن وەیان زبانیان بڕاوە و سەریان لەسەر داناوە و دوور خراونەتەوە، هەندێکیشیان بێ کفن سەریان ناوەتەوە). لێرەدا قسە و شیعری هجری دەدە لە توحفەی سلێمانیدا کۆتایی دێ.

روونکردنەوە: ئەوەی پێشکێشمان کرد، کورتەیەکی (تحفە سلیمانی)یەکەی هجری دەدە بوو. ئینجا با بزانین هجری دەدە کێیە و ئەو کەس و بنەماڵە و شوێنانەی ناویان دەبات کێن و کامانەن؟

هجری دەدە پیاوێکی سمێڵ زل و تێکسمڕاو و باڵا مامناوەندی قات لەبەر و سدارە بەسەری کاکەیی بوو، بەزۆری لە چایخانەی مەجیدییەی کەرکووک دادەنیشت دووکەڵی نێرگەلەی بەبا دەدا. کە لەسەر بانگهێشتی پیرەمێرد هاتووەتە سلێمانی، ئەوەی دیویەتی وەک شریتی سینەما رەسمی گرتووە و هۆنیویەتەوە و خوا نەکا دەستی بۆ هیچ کەسێک درێژ کردبێ لە تۆڵە و ئەنجامی ئەو شیعر و باسانەدا کە کردوونی.. باسی بنەماڵەکانی سلێمانی

دەکـات هـەر بۆ ئەوەی بـە خـەڵکیـان بناسـێنێ. بـاسـی بنـەمـاڵەی بـابان و شـێـخـان و جـاف و ئەمین زەکی و بەکـر سـدقی (هەرچەندە بەکر سـدقی بە ڕەگەز خـەڵکی عەسکەری لای ئاغجـەلەرە) و عـەلی کـەمال عەبدولڕەحمـان و ماجید مستەفا و (حاجی رەمـەزان پاشا کە موتەسەڕیفی سلێمانی و خزمی میـرزا عارفی کاکـە حـەمـەی ئەلیـاسـە قـوچـەیە) و شێخ لەتیـفی دانسـاز و بنەمـاڵەی کـەریمی عەلەکە و (سـەعیـد پاشـای خـەندان کە بنەماڵەی خـەندان غـەواس و محـەمـەد فوئاد (حـەمـە بەگی قـادر پاشا دەگـرێتـەوە) و (مەسـرەف زادە بنەمـاڵەی حـەمـە ئـاغـای ئەوڕەحمـان ئاغـای ئەحـمـەد پاشـا) و (شـاڵی زادە: هـەمـوو بنـەمـاڵەی شـاڵی سلێـمـانی) و (شـەریف زادەش مـەبەسـتی لە بنەمـاڵەی میـرزا فەرەج و مـیرزا فـەتـاح و میـرزا کەریم و مـیرزا مـحیـەدین)ە. (قەزاز زادە کە زیاتر لەوێدا ناوی هێنـاون و میرزا تۆفیق و سەعید قەزاز کە ئەوسـاکـە دەرکـەوتبوو) و (کـەرکوکلی زادە مـەبەسـتی بنەمـاڵەی حـاجی مـەلا سـەعیـد و ئەحـمـەد ئاغـا و (حـاجی برایمی خـەفـاف مـەبەسـتی لە حـاجی برایماغـایـە). و لە باسـی (شـێخ عومـەری زیائەدین و شـێخ عـەلادین و شـێخ حسـامـەدین مـەبەسـتی لە شـێخـانی تەوێڵـە و بیـارەیـە). مـیر ئەبدال و مـیر بوداق باپیـرە گەورەی بابانەکانـن و نەوەکانیـان کـە باس دەکات بەکرەسـوور کــە بـەکــرەجــۆی بە نـاوەوەیە و کــە گــردی بەکــراوەش هـەر بۆ نـاوی ئەو دەگەڕێتەوە، خـانە، خانە پاشایە و ئەحمـەد پاشا و سلێمان پاشا و مـحەمەد پاشـا و مـەحـمـوود پاشـا هـەمـووی مـیری بـابان و حـوکـمـداربوون و باسـی حەمدی دەکات مەبەسـتی لە حەمدی بەگی بابانە کە دوای دوور خـستنەوەی شـێخ مـەحـمـوود ئینگلیـزەکـان هێنایـان کـە تاقـی بکـەنەوە و لە جـێی شـێخ مـەحـمـوودی دابنێن، بەڵام نە ئینگلیـز لەو رازی بوون و نـە ئەویش بە قسـەی ئەوانی کرد، سەلاحـەدین مەبەستی سەلاحـەدین بابـانە کە برای جەلال بابانە و هـەردووکیـان کوڕی رۆسـتـەم لامع بەگن. جـەمـال و تۆفیق مـەبەسـتی جـەمال بابان وەزیری سـەردەمی پاشـایەتی و تۆفـیق بابانیش برای بوو. شـەوکـەت و

قادر کوڕانی عەزمی بەگن و باوکی نووسەری ئەم کتێبەیە، ئیسماعیل حەقی مەبەستی لە ئیسماعیل حەقی بابانە کە گەیشتە پلەی وەزیری مەعاریف لە دەوڵەتی عوسمانیدا جگە لەوەی مامۆستای زانکۆ بوو و چەند کتێبێکی نووسیوە و مستەفا زهنی کوڕی حوسێن بەگ و کوڕەزای خەلیل پاشایە و لە دەوڵەتی عوسمانیدا گەیشتە پلەی موتەسەڕیف و ئەویش چەند کتێبێکی داناوە و ئیسماعیل بەگ مەبەستی لە ئیسماعیل بەگی کوڕی قادر پاشایە کە گەڕەکی ئیسماعیل بەگ لە کفری بەناوی ئەوەوەیە، و مەجید پاشا برای ئیسماعیل بەگە و قائمقامی سەردەمی عوسمانی و خاوەن دێهات و موڵکە لە کفری و باوکی جەمیل بەگ و بەهجەت بەگ و باپیری محەمەد بابان و ئەحمەد بابان و مەحمود بابان و خورشید بابان و عەبدولقادر بابانە. شەمسە مەبەستی لە شەمسە خانی ژنی جەمیل بەگە کە دایکی محەمەد و ئەحمەد و مەحموود عەقیقەیە و.. لە بنەماڵەی بەگزادەی جافە.

لە باسی بنەماڵەی شێخان (ساداتی کرام) باسی شێخ مستەفای نەقیب و شێخ سەعید باوکی شێخ مەحموود دەکات کە لە مووسڵ شەهید کرا و کە شێخ مەحموود بەراورد دەکات لەگەڵ سوڵتان مەحموودی غەزنەویدا پیاو ئەم ڕێکخراوەی بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت:

وەک مـــــەککە بێ بێ نەبی بێ
وەک نەجـــەف بێ، بێ عـــەلی بێ
وەک شاری غەزنەش بێ محمودە
ئێــســتــاکــەش داریکەلی بێ

کە دێتە سەر باسی کوڕەکانی شێخ مەحموود باسی شێخ ڕەئوف و شێخ بابا عەلی و شـێخ لەتیف دەکات، بەڵام لە باسی عـائشــە خـاندا لام وایە مەبەستی زیاتر لە حەپسە خانی خوشکییەتی
(حەپسە خانی نەقیب).

قادر ئاغای عەتتار پیاوێک بوو خاوەنی کتێبخانە و کۆوار و رۆژنامەشی دەفرۆشت و لە دووکانەکەشیدا شوێنی دانیشتنی هەبوو بۆ خوێندنەوە بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر کەم، باقی ئەو ناوانەی هاتوون وەک ناوی شاعیرەکان و هەندێک بنەماڵە. هەموو ناسراون و پێویست بە لێکدانەوە ناکەن.

# بەشی کۆمەڵایەتی-٢

## مێژووی شەریفەکانی سلێمانی

شەریفی عەرەبی بە واتای خاوەن شەرەف و قسەکەری راست و حەق و بە پیاوێکی بەرز و قورس دەڵێن کە ناوی نەزڕابێت و ناوبانگی لەکەدار نەبووبێت. ئەمانەی ئێمە باسیان دەکەین لەوە دەکەن کە ئەم ناوەیان لە شوێنی خۆیایەتی کە ئەمەش کردەوە و (موقف) دەری دەخات و ئەوسا خوێنەری ئەم باسەش بڕیار و حوکمی خۆی دەدات. یەکەم کەس کە لەم رووەوە باسی دەکەین:

### شەریف هەمەوەند

ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی ("تأریخ السلیمانیة و انحائها- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی محەمەد جەمیل رۆژبەیانی" لە لاپەڕە ١٥٧)دا دەفەرموێ: حەمە شەریف لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٢ک (١٨٣٦ز) سەرۆکی ئێلی هەمەوەند بوو، خۆی بە کوڕی (عەبدولڕەحمان پاشای بابان) دەزانی، بەوەدا کە (ڕەندانە)ی دایکی سەردەمێک گوایە دۆستی ئەوڕەحمان پاشا بووە کە سکی پڕ بووە ئەم حەمە شەریفەی بووە، کەوابوو دەبێ جێگری ئەو پاشایە بێت. حەمە شەریف پیاوێکی ئازا و کەس نەیتوانیوە بەرامبەری بوەستێ تاکو ئێلەکەشی بەجۆرێک لە ئازایەتی و خۆڕاگری و هەڵکوتانە سەردا وێنەی نەبووە، بۆیە بە سوپا هەزار سوارەکەیەوە شەڕی لەگەڵ سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشادا کرد و شەڕەکەش زۆری کێشا. دەڵێن پێش شەڕە گەرمەکە رۆژێک سەرتاش بانگ دەکات و پێی دەڵێت: "ئەم سەرەم بۆ بتاشە سبەینێ یا لە ژێر تاجدا دەبێت یاخۆ بەسەر ڕمەوە یاری دەکات". بۆ سبەینێ نزیک سلێمانی کە شەڕەکە گەرم بوو بە گوللەیەک

یەکسەر پێکرا و وەک خۆی نوقلانەی لێدا سەری کرا بەسەر ڕمەوە.

حەمە سەعید بەگی حەمە سەلیم بەگی جاف لە لاپەڕە ٨٢-٨٣ی کۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١دا پێشەکییەکی بە هەڵە لەو نووسینەی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگرتووە کە ڕاستییەکەی ئەوەی سەرەوەیە بەڵام حەمە سەعید بەگ شیعرێکی فۆلکلۆری جوانی نووسیوە کە گوایە لە خوا لێخۆشبوو (محەمەد تۆفیق وردی) وەرگرتووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

شەریف مەردێک بوو، لە شا بوو یاخی
ئەسپی دائەکوتا لە دەوری باخی

تالانی دەینا لە قەرەداخی
شەریف مەردێک بوو، مەردی مەیدانی

بە ئەسپی بۆرە دەیکرد جەوانی
تالانی دەینا لە مەریوانی

شەریف مەردێک بوو لای میرەدێیە
قەڵخان و شمشێر هەردووکی پێیە

شەریف مەکوژن، ڕۆڵەی دایکێیە
قەڵخانی زەردەو، ماینی بۆ دێنێ

هەوری لە سەریە و با ئەیشەکێنێ
شەریف مەکوژن، لاوی گەرمێنێ

قەڵخانی زەرد و ماینی شێیە
دەنگی تەپڵی دێ، لە میرەدێیە

شەریف مەکوژن، دۆست چاوی لێیە
چەندم پێگوتی مەچووە قەلاتێ

شـەشـخان بە حـوکمـە، گوللە ئەتگاتێ
جـێی کـارێت بگرێ، نات بێ نـەجـاتێ

یاخــوا ســەربازان، پەنجــەتان بشـکێ
گــوللـەکـیــان داوە لـە گــۆی مــەمـکێ

لە جــێی ئەو گــوللـە، زووخــاو ئەتکێ
قــەڵـخــانی زەردەو، مــاینی باڵەبان

دەنگی تـەپڵی دێ، لە گـردی سـەیوان.
شــەریف مــەکـوژن، ڕۆڵەی قـارەمــان

خـــەبـەرێک بدەنـە فـــاتمـە تیلـەکـــۆ
مــەمکێکی نـارنج، یەکــێکی لیــمــۆ

لـە پاشـی شــــەریف، کێ بیــانکا بـۆ
دەوری سلێـمــانی، ئەمــڕۆ گـیــراوە

جـاڕچی جـاڕیان دا، شـەریف کوژراوە
خــەڵکی خــەفـەتبـار، دڵ پڕ خـوێناوە

لە کـۆتایی حـەمــە سـەعـیـد بـەگ دەڵێت (بە دەسـتکاری و کـورتکردنەوەوە نووسیمەوە).

بەکـورتی شـەریف هـەمـەوەند لە کـارێک هەڵچـوو، خـۆی بە خـاوەن حـەق دەزانی، هـەر لەو ڕێگایەدا سەری لە تۆڵەیدا دانا.

سـەرنج: لە دووتوێی ئەم قـسـانەدا کـە دەدرێنە پاڵ ئەوڕەحـمـان پاشـای بابان، بۆنی کـردەوەی حـەرام لەگـەڵ ڕەندانەی دایکی شـەریفـدا بـە لووتدا دەچێ، بەڵام ئایا ئەوڕەحمان پاشـایەک کە خۆی بێجگە لەوەی حـاکمی وڵات بووە، لە هـەمـان کـاتدا زانایەکی ئاینی بـووە و سێ مـزگـەوتی لە سلێـمـانیدا

دروست کـردووه. بۆیه من ئەوە بە عـەقـڵـمـدا ناچێت رەندانە (مـخطیـة)ی ئەورەحمـان پاشا بووبێت، بەڵکو ئەگەر ئەم قـسـەیە راست بێت و شـەریف کـوڕی ئەو بێت دەبێ رەندانەی لـە ژێرەوە مـارە کـردبێ. بەڵام ئـایا شـەریف هەمەوەند بۆچی نەبوو بە شەریف بابان ئەکەر قسەکە راست بێ؟ چۆن دەبێ شـەریف (هەمەوەند بێ) و کوڕی ئەورەحمـان پاشای بـابان بێ؟ ئەم بەیت و بالۆرەیە گەلێک لە رواڵەتەکەی قووڵـترە. بەینی شـەریف هەمەوەند لە سـاڵی ١٩٣٦ پیرەمێردی نەمر کردی بە هەوێنی شانۆگەری و بەرهەمێکی شانۆیی مێژوویینی لێ دەرهێنا. قوتابخانـەی ناوەندی و قوتابی قوتابخانەی زانستی بۆ مـاوەی چوار شـەو، لە جـەژنی مـانگی کـانونی یەکـەمی ئەو سـاڵەدا پێشکێشیان کردووە لە ئوتێل (امراء) کە قاپیەکەی لەسەر ئەو شەقامە بوو کە دەچوو بۆ سابوونکەران لە نزیک سەراوە. مەبەست لەپێشکێشکردنی ئەم شانۆگەرییـە نیشاندانی چیرۆکێکی مێژوویینی کوردی دیاریدەدانی کۆمەڵی زانستی کوردان بوو.

لەبارەی پێشـکێشـکردنی ئەم شـانۆگـەرییـە لـە رۆژنامـەی (ژیـان)دا ئەم هەواڵە بڵاو کـراوەتەوە: (زانسـتی بـە عـادەتی سـاڵان بۆ جـەژن تەمسـیلێکی تاریخی و وەتەنی و غەرامی، لەگەڵ ئەوەشدا درامێکی عیبرەت بەخش کە لە خـاکی سلێـمـانیـدا رووی داوە، هەرای شـەریف چەلەبی هەمـەوەندی رێک خستووە، کورگەلی متەوسینە و دەستەی گۆرانیبێژیان بە ساز و عوود و کـەمـانەوە ئیـشـتـراک دەکـەن.. هەم سـەیر و هەم پارەکـەشی بۆ زانسـتی هەژارە).

(ژیان ٥٠٦و٥٠٧و٥٠٨ سـاڵی ٩٣٦. هەروەها سـەیری ئەدەبی فـۆلکلۆری کوردی بەشی یەکەم. کامەران موکری و سەیری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی د. عزەدین مستەفا رەسوڵ بکە) جگە لە رۆژنامەی (العراق رۆژی /١٩٨٦/٨ ٢٠ یاسین قادر بەرزنجی کە ئەویش پوختەی ئەم شانۆگەرییەی تێدایە).

**شەریف پاشای خەندان**

شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێنی پاشایە و لە بنەماڵەی بەناوبانگ و ناسراوی (خەندان)ی شاری سلێمانییە. حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای کوڕی حەسەن ئاغای کوڕی عەلیاغای کوڕی جەعفەر ئاغای سەرحەدە.

کاتێک میرنشینی بابان (لە ئەنجامی پەیمانی ئەرزورۆمدا) لە ساڵی ١٨٥٠دا بە تەواوەتی رووخا و سلێمانی لە بابانەکان پاک کرایەوە هەرچییەکیان بەردەست کەوت لێیان بردیانن بۆ ئاستانە (ئەستەمبوڵ) لە ژوور هەموویانەوە ئەحمەد پاشای دوا میری بابان. حسێن بەگ خەندان کە یەکێک بوو لە دۆستە هەرە خۆشەویستەکانی پاشا، ئەویش لەگەڵیدا چوو بۆ ئەستەمبوڵ و سەعیدی کوڕی حسێن بەگ کە ئەوساکە گەنجێک بوو تازە خەتی دابوو، دوایان کەوت، هەرچەند باوکی ویستی بیگێڕێتەوە دواوە بێ سوود بوو. کە گەیشتنە ئاستانە لە راستیدا سوڵتان زۆر رێزی لێ گرتن و سەعید خرایە دانشگای سەربازی تایبەت بە دۆستەکانی سوڵتانەوە. لەوێدا سەعید پێ گەیشت وردە وردە بەرز بووەوە تا گەیشتە پلەی سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکەران و وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی.

شەریف کوڕی سەعید پاشا خرایە دانشگای سەربازییەوە و ئەویش وردە وردە پێ گەیشت ئەویش گەیشتە پلەی باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە (ستۆکهۆڵم). بەڵام دوای لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید و هاتنی پارتی (اتحاد و ترقي)، شەریف پاشا وازی لە ئیشی میری هێنا و لە پاریس دانیشت. هەر لەو کاتەدا بوو کە کۆنگرەی ئاشتی دوای برانەوەی شەڕی گەورەی یەکەم لە بەینی ساڵەکانی ١٩١٨-١٩١٩دا گیرا و شەریف پاشاش وەک کوردێک و بە ناوی کوردەوە یاداشتێکی لە بابەت مافی کوردەوە پێشکێش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد و قبوڵ کرا و ناوەڕۆکەکەی خرایە ناو

پەیمانی (سیڤر)ەوە.

شەریف پاشا لە کاتی گەنجیەتیدا جارێک ڕێی کەوتووەتە قاهیرە و ماوەیەک تێدا ماوەتەوە، بە هۆی جوانی و قەد و بالآی ڕێکوپێک و کردەوەی بەرزیەوە ئەمیرە ئامینەی کچی (عباس حلمی خدیو) حەیرانی بووە، لە دواییدا شەریف پاشا هێناویەتی و ئێستا منداڵی لێی هەیە دەنگ هەیە لە پاریس یاخۆ لە ناپۆلی بن و شەریف پاشاش ساڵی ١٩٤٩ هەر لە ناپۆلی فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

**وەستا شەریف**

ئەو وەستا شەریفەیە کە (کارێزی وەستا شەریف)ی بە ناوەوەیە. ئەو کارێزەی دەکەوێتە دامێنی گردی مامەیارە لە ڕۆهەلآتی سلێمانی، وەستا شەریف (کارێزکەن) بووە لە کاتی خۆیدا، ئەو کارێزەی لە زەویوزاری خۆیدا هەڵکەندووە بۆ کشتسازی و باخ و بێستان و ئاودان، لە راستیشدا ئەو خزمەتەی ئەم وەستا شەریفە پێشکێشی کردووە، سوودێکی زۆری بە خۆی و بە دانیشتوانی شارەکەی گەیاندووە، کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، چونکە دامێنی گردی مامەیارە و یەکسەر لە دەوروپشتی کارێزی وەستا شەریف هەموو ساڵێک دەکرا بە مەیدانی ئاهەنگسگێڕان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە. کە شاعیر و فەیلەسووفی کورد (پیرەمێرد) ژیاندیەوە و هەموو (٢١) ئازارێک ڕۆڵەی سلێمانی ئەوەی توانای بووبێت دەڕژایە ئەو دەشتەوە دەست دەکرا بە سەیران و هەڵپەڕکێ بە تەقەی دەهۆڵ و دەنگی زوڕناوە، ژن و پیاو، کوڕ و کچ سەوز و سوور تێکەڵ دەبوون ئاهەنگ دەمەوئێوارە کۆتایی دەهات و پیرەمێرد بە مەنجەڵ یاپراخی دەدا بە دروستکردن لەسەر حیسابی خۆی و بە عەرەبانە ئەو مەنجەلآنە بە قاپ و قاچاخەوە دەهێنرایە لای کارێزەکە بۆ ئەوەی سەیرانکەر ئەو خواردنە کۆنە نەتەوەییەی خۆیان هەرگیز لە بیر نەچێتەوە و لە هەموو سەیرانێکدا یادی بکەنەوە. هەرواش

بوو بەڕاستی پیرەمێردی نەمر لە خاک و پای مامەیارە و وەستا شەریفدا ئاوێکی نەتەوەیی وای ڕشت کە زۆر باش بەرهەمەکانی چەسپان و هەتا هەتایە لەبیر ناچنەوە.. ئاخر چەپکە گوڵیش دانانی هەموو ڕۆژی ٢١ی ئازار (نەورۆز)ێک بە جەژنی ڕەسمی لە هەموو عێراقدا و دەرگای دەستگا میرییەکان و قوتابخانەکان.. دادەخرێن لەو ڕۆژەدا.

هەر لەم کارێزی وەستا شەریفەدا بوو، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦دا کاتێک کە (موتەسەڕیف- پارێزگار) خوا لێخۆشبوو مارف جیاووک بوو، سەیرانەکە مێژوویین بوو، بەوەی خەڵکێکی زۆر لەو شوێنەدا ئامادە بوون، فەرمانبەر و قوتابی.. مستەر ئەدمونس کە ئینگلیزێک بوو، راوێژکاری وەزارەتی ناوەوەی عێراق بوو زۆریش پێوەندی بە کوردەوە هەبوو، لەو ڕۆژەدا بە بۆنەی تەواوبوونی ئەرکی سەرشانی و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی، هاتە سلێمانی و هاتە کارێزی وەستا شەریف (بێگومان لەلایەن موتەسەریفەوە بانگ کرابوو) فائق بێکەسی شاعیری بێگەردی نەتەوەی کورد سەری گەرم بووبوو هەستا دڕی بە خەڵکەکە دا و چووە پێشەوە بەردەمی ئەدمونس و دەستی کرد بە خوێندنەوەی شاکارەکەی کە دەڵێت:

بیست و حەوت ساڵە، من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هەر هێشتا دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو، بەم دەردەت بردم
بۆچی بە ناهەق، وا سووکت کردم

بەمجۆرە هەموو شیعرەکەی کە یانزە پارچەیە و هەر پارچەی حەوت دێرە کە کۆی دەکاتە (٧٧) دێرە شیعر بە هەموو دڵێک و قاچ بە عەرزا دان و دەست

راوەشـــاندنـەوە نەچووە دواوە تـا تەواوی کــرد. ئـەوەی شـــایانی بـاســـە ئەم رووداوە بـە درێـژی و تـەواوەتـی لـە لاپـەڕە ٣١٣-٣١٤ی بـەرگـی دووەمـی ئـەم کتـێبـەدا نووسـراوە. درێژەی شـیـعـرەکەی بێکەسـیش لە (دیوانـی بێکەس- ڕێکخستنـی محـەمەدی مـەلا کـەریم- کتێبخـانەی الطليعة لە کەرکووک بڵاو کراوەتەوە).

**شەریف ئەفندی موختار**

گوایە وەختـی خـۆی (زەفتیـە- ضـبطیـە)ی سـەردەمـی عوسـمـانـی و پیـاوێکی دڵسـۆز و بە خـزمـەت بووە، بۆیە کـە میـجـەرسـۆن لە سلێـمـانیدا کـە جڵـەوی حوکمی گرتە دەست (حوزەیرانـی ١٩١٩-١٩٢١) شـەریف ئەفـەندی کـرد بە زەفتیە لە دایەرەی خۆیدا.

ڕۆژێک لە ڕۆژان مـێـجـەرسـۆن کـە ئۆتۆمـبـیلی هێنابووە سلێـمـانـیـیـەوە. هـەڵدەسـتـێ بـە ئۆتۆمــبـیلەکـەی ڕوو دەکــاتە بەرەو خـــواری سلێـمـــانی و شـەریفیشـی لەگـەڵدا. لەو کاتـەدا کە دەڕوات، سەگێکی خوێڕی بـەرەڵڵا خۆی دەداتە بەر ئۆتۆمـبیلەکـەی و هـەرچەند هۆڕنی بۆ لێ دەدا سـوودی نابێ، بۆیە ڕوودەکــاتە شــەریف دەڵێ: "شــەریف بیکوژە، شــەریف چـونکە زەفـتـیــەیە، هـەمـیشـە چەکی هـەڵگرتووە بۆ پاراسـتنی (ساحێب). شـەریف هیچ ناجووڵێ و بە قـســەی ناکـات، دیسـانەوە پێی دەڵێـتـەوە شــەریف دەڵێم ئەو ســەگـە خـوێڕییـە بکـوژە، سـوودێکی نـابێ، گـوایە هـەر لـەوێدا شـەریف لـە ئۆتۆمـبـیل دادەبـەزێنێ و پێی دەڵێ عەسر وەرە بۆ ماڵەوە".

مـاڵی مێـجـەرسـۆن لە خـانووە کۆنەکـەی مـیـرزا فـەتاحی حـاجی شـەریفدا دەبێ بەرامـبـەر بە ئورزدی ئێسـتـا و لەم دواییـیـەدا بوو بـە مـوڵکی تۆفـیق ئەفەنـدی ئـاغـا فـەتحـوڵڵا. شـەریف عـەسـر دەچێت، مـێـجـەرسـۆن دەڵێ وەرە ژوورەوە، کـە دەچێـتـە ژوورەوە سـەیر دەکـات ژنەکـەی مـێـجـەرسـۆن ڕووتە، شــەریف گـورج چاوی دادەخــا و دەگــەڕێتــە دواوە. هـەرچەند سـۆن بانـگی

دەکات وەرە، مەڕۆ.. گوێ ناداتێ.

لە دواییدا میجەرسۆن خۆی دەچێتە لای شەریف و ناوچەوانی ماچ دەکات و دەڵێت: "بۆم دەرکەوت کە تۆ پیاوێکی ئیسلامی راستی بەڵێ بە منت وت بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام گیانلەبەری وەک سەگ کوشتن بە خۆڕایی حەرامە، بەڵام ئەگەر بهاتیتایە ژووری و سەیری ژنەکەمت بکردایە بە رووتی ئەوە درۆزن دەردەچوویت. تۆ کە ئەمەت نەکرد، ئەوە وا دەگەیەنێت کە پیاوێکی ساغ و راستی".

شەریف ئەفەندی لەم دواییەدا بوو بە موختاری گەڕەکی گۆیژە.

شەریف ئەفەندی باوکی (رەشیدی موختار و عوسمان دانش و عومەرە) رەشیدی موختار و عوسمان دانش بەناوبانگن و کەس نییە نەیانناسێ لە دانیشتوانی سلێمانی.

**دەروێش شەریف**

دوای ئەوە لە شەریفەکانی سلێمانی باسی پاشا و وەستا و ئەفەندیمان کرد، مایەوە دەروێش.

هەرچەندە باسی ئەمانەم هەموو لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم نموونانە لەم پیاوە نیشتمان پەروەرە و راست و پاک و ئازایانەمان پێویستە هەموو کاتێک لەسەر دەم بێت، بۆیە لێرەشدا ناومان هێنانەوە. هەرچەندە لە بەشی دووەمدا دەروێش شەریفمان وەک چاپچییەک باس کردووە. بەڵام لێرەدا وەک (شریف)ێک باسی دەکەین کە بە هەموو مانایەکی ئەو وشەیە و ئەوانی پێش خۆشی شەریف بوون.

دەروێش شەریف پیاوێکی نوورانی لە خواترسی ریش تۆپی روومەت قووپاوی باریکەلە و باڵا مامناوەندی دەمی هەرگیز بە ویرد و دوعا بوو.

پیاوێکی خامۆش و بێدەنگ و چایەکانی پاکترین و خۆشترین چا بوون.

من خـۆم بە مـندالّی چەندەها جار بـاوکم بردوومـیـە ئەو چایخـانـەیە لەگـەڵ خۆی، کە چایخـانەکە لە شوێنی ریزە دووکـانەکـانی شێخ بابا عەلی حـەفید خوار مزگەوتی گەورە بوو.

باسـی چایخـــانەکـــەی دەروێش شـــەریف لە دیواخـــان و کــۆڕی پیـــاوە ناسـراوەکـانی شـاردا هـەمیـشـە لەسـەر زار بوو، بێگومـان چایخـانەکـە بە دەروێش شـەریف خـۆیەوە خـۆش بوو. دەروێش کـەم چیکلدانە بـوو، هەمـوو قسـەیەک یاخـۆ هـەمـوو جووڵانەوەیەکی پێ هەزم نەدەکرا، بۆیە هـەرچەند کـە تووڕە دەبوو رقی لە شـتـێک هـەسـتـایە، یاخـۆ دانـیـشـتـوانی چایخـانەکـە تووڕەیان بکردایە (کــە ئـەمــەش هـەر بۆ رابـواردن بەو پیـــاوە هـەژارە زۆر دووپات دەبوەوە) ئیتر دەروێش حـاڵەتێکی هـەسـتیری دەهـات بەسـەریا، دۆ و دۆشـاوی تێکەڵ دەکـرد، جنـێـوی دەدا، قـۆریـە و پیـاڵەی دەشکان، شـەکـر و چایەکـەی دەڕشت.. ئیتـر لە تـاوا دانیـشـتـوانی چایخـانەکـە هەمـوو رایان دەکـردە دەرەوە و دوور دەکـەوتنەوە، هـەتـا دەروێش دەهـاتەوە سـەر خـۆی و هێـدی دەبـووەوە، ئەوسـا دەگـەڕانـەوە دەچوون ئـاشـتـیـان دەکـردەوە و عــوزرخــوایـیــان بۆ دەهـێنایەوە، جگە لـەوەی هـەرچی زیانێکی دابووی هەموویان بـە زیادەوە بۆ دەبژاردەوە. لە چایخـانەکەدا کورسی بۆ دانیـشتن نەبوو، بـەڵکو (سـەکـۆ) بـوو کـە رایەخی پاک و تەمـیـزی لەسـەر راخـرابوو، (وەجاغ)ەکەشی لە ژوورێکی بچووکی جیاواز بوو. چایەکەی و چایخانەکەش بە هـەمـوو واتایەک پاک و تەمـیـز و رێکوپێک بوون، بـۆیە بووبوو بە یانە یاخـۆ شـوێنی کۆبوونەوەی پیـاوە گـەورە و ناسـراوەکـانی شـار، بەتایبـەتی ئەوانەی گەڕەکی شێخان و کانێسکان.

ئەوانـەی روویان کـردووەتـە ئەم چایخـانەیە. خـوا لێـخـۆشـبـووان شـێخ مەحموودی حـەفید و سەید برایمی حەفید و شـێخ رەوف و شێخ بابا عەلی و شێخ لەتیف کوڕانی شێخ مـەحموود و سەید ئەحـمەدی بابا رەسـوڵ و ساڵح پاشـا و شێخ محەمەدی گولانی و سـەید عەبدوڵلای زیوەر و مستەفا ئەفەندی

(باوكی فائق هوشیار) و برایم ئاغای خوبیله و ئەمین سامسۆن و.. زۆری تر هەر بۆ گاڵتە و رابواردن و توورەكردنی دەروێش شەریف و لە دواییدا ئاشتكردنەوەی.. زیوەر ئەفەندی شاعیر بەناوی (سەید برایمی حەفید)ەوە ئەم چەند شیعرەی وتووە و (سەید عەبدوڵڵای حاجی سەید حەسەن)یش بەیتێكی تێهەڵكێش كردووە:

ئەگەر دەروێش شەریف، دەروێشە، بۆ زیكری خودا ناكا؟
وە ئەگەر خۆ سۆفییە، بۆ ڕوو لە خەتمەو خانەقا ناكا؟

ئەگەر چاخانەگێڕە، مشتەری بۆ نارەزان یەک یەک
وەگەر خۆ بانگدەرە، بۆ سەر منارە، بۆ سەڵا ناكا؟

ئەوەم لا خۆش بوو، ڕۆژێک شێخ محەمەد، رووی لە پاشا كرد
وتی پاشا، شەریف بۆ فەرقی شێخان و مەلا ناكا؟

وتی ئینسان نییە، وەک بزنە، جرتە، توورەیە دایم
شیاكەی گەر لە پاش هەڵسووی، لە گاگەلدا، هەوا ناكا

بلوكم ماعیری شاعیر، زەریف بمناسە ئەی سۆفی
ئەزانی ماعیری وەک من، لە دنیادا حەیا ناكا؟

مەبەستی لە پاشا ساڵح پاشایە كە لە كاتی خۆیدا (سەر محاسب) بووە و لە بنەماڵەی غواسە، بلوكیش بچووككراوەی بلەیە، بلەش كورتكراوەی ئیبراهیمە. لێرەدا مەبەست لە سەید برایمی حەفیدە. شێخ محەمەدیش مەبەستی لە شێخ محەمەدی گولانییە.

(ئەوەی دەروێش شەریف ئێستا خانەی شەعب بەرێوە دەبەن و ساڵەهایە بۆتە مەڵبەندی نووسەرانی سلێمانی و شارەكانی تر).

وەک مســـتـەر ریچ لە گـەشـتـەکـەی ڕۆژی یـانزەی ئایار- مـایسی ١٨٢٠دا دەڵێت: کـورد مـیللەتێکی وەرزشـوانن، زۆر حـەز لە وڵاخ تاودان (رایسـز) و شـەڕەکەو و شـەڕەبەران و شـەڕەسـەگ دەکەن و دەڵێت: "محـەمـەد (ص) ڕێی گرەوی داوە لەسـەر وڵاخ تاودان، بەڵام کورد هێـجگار لەم ڕێگەدانەدا زۆر تێ پەڕیون، ڕێگـایان بە خـۆیان داوە بۆ شـەڕەکەو و شـەڕەسـەگیش. دوای ئەوە دەڵێت:

ئەم دوای نیوەڕۆیە (مەحـمود مەصرەف) هاتە لام کە بە سـەیری شەڕەکەو تۆزێک خـــەریکم بکات و زۆری پێ خـــۆش بوو کـــە زانـی من لـەوەپێش ئەم بەزمـەم نەدیوە. ئەم پیاوە چەند کەوێکی زۆر باشـی ڕاگرتبوو، هەر خـۆمم کە خـۆی هات و چوار لە کـوڕەکانی بە دوایەوە، هەمـوو بـاڵابەرز و قـەڵەم ڕێک و خۆی لە پێشیـانەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشـیان گرتبووە خۆ. کە ئەمەم پێ وت زۆری پێ خـۆش بوو وتـی: "چوار کوڕی ترم لە مـاڵـەوە هەن و هەردێن بۆ خزمەتتـان. ئەم کوڕانە زۆر بە سەربەستی لە ڕاستی باوکیاندا ئەجووڵانەوە، جگەرەیان دەخـوارد بە پێچـەوانەی تورکـەکان و عـەرەبەکـانەوە کە تاکـو لە حـزووری باوکـیـاندا دانەدەنیـشتن.. دوای بەینێک غـەڵبە غـەڵب و قـرتە قـرت پەیدابوو، کۆمـەڵێک پیـاو پەیدابوون، هەریەکە دوو قـەفـەس بە دەسـتـەوە، بە هـەمـوو سـی و دوو قـەفـەس بوون. کە هەر قـەفـەزێک کـەوێکی تێدا بوو، قـرتە قـرت و خـوێندنی ئەم کـەوانە هەرایەکی بەرپا کـرد وەک بە جـارێک هـەزار ســەعـاتی چاڵمــە پێکەوە لێ بدەن و بە هیچ جـۆرێک بێ دەنگ نـەدەبوون تا شــەڕ دەسـتـی پێ کـرد. لە دوای ئەوانیــشــەوە خـەڵکێکی زۆر کـە هـەمــوو خـواخـوای بینینی ئەو شـەڕە کـەوانەیـان بوو، کەوەکانیش هەمـوو نێرە کـەو بوون. قــەفـەز لە شـێـوەی بازنـەیەکی گـەورەدا ریز کـران، ئێـمــەش لـەژێر چادردا .. یەکێک دەرگـای قـەفەسێکی کردەوە، کەوێکی بە باڵەفڕێ لێ هاتە

دەرێ و لەسەر نووکی پێ بە خۆ گیڤکردنەوە بۆی دەڕۆیشت، هەرکە دەرگا بۆ کەوێکی تر کرایەوە، ئیتر شەڕ دەستی پێ کرد. بەڕاستی دیمەنێکی جوان بوو چونکە (زۆر)ی تێدا نەبوو، شتێکی جوان و خۆش بوو ئەو باڵیندانەت دەبینی لەسەر نووکی پێ خۆیان گیڤ دەکردەوە و دەنووکیان لە یەک دەدا و دەیانویست فێڵ لە یەکتر بکەن بەوەی شوێنێک لە لەشی ئەوی تر بگرن و زۆریش سڵیان لە یەک دەکردەوە، وام بۆ دەرکەوت ئازایی و وریایی لەوەدا بوو کە هەرکەوێک هەوڵی دەدا لە پڕ لاملی ئەوی تر بگرێ وەک (سەگە لووت بڕاوەکان- وولف دۆگ). هەر کەوێک هەوڵی دەدا لەپڕ لاملی ئەوی تری دەگرت دوو سێ دەورەی پێ دەکرد، ئەوسا یەکێکیان (ئەچوو) واتا رای دەکرد و ئەو ناوەی بەجێ دەهێشت. ئەوسا دەبوایە دوو سێ مانگی بەسەرا تێپەڕیایە ئینجا ئەو کەوەی کە چووە بگەڕێتەوە مەیدان بۆ شەڕکردن. کوردەکان زۆر بە پەرۆشەوە سەیری ئەم شەڕەیان دەکرد.. هەرچەندە ئەمە یارییەکی زیاتر منداڵانە بوو..

### شەڕەکەو لە گەڕەکی گاوران

وەستا عەباسی دارتاش لە (بیرەوەرییەکانی لە سلێمانی لە لاپەڕە (٦١)دا دەڵێت: (لە گەڕەکی گاوران لە پشت کلێسەوە توویەکی گەورە هەبوو، ژێر ئەو تووە بەتاڵاییەکی فراوان بوو، کرابوو بە شوێنی شەڕەکەو.

هەموو رۆژێکی جومعە پاش عەسران پاک دەکرایەوە و ئاوڕشێن دەکرا. (٣٠-٤٠) کەوباز خۆیان و کەوەکانیان لەو شوێنەدا خڕدەبوونەوە و بازنەیی دادەنیشتن و هەرکەس کەوی خۆی لە بەردەمی خۆیدا دادەنا و خەڵکێکی زۆر بەسەریاندا کۆدەبوونەوە، دەبوو بە قرە و چرەیەک مەپرسە. ئینجا یەک لە کەوبازەکان کەوێکی لە قەفەزەکە بەردەدا و بەرامبەرەکەشی کەوەکەی خۆی بەردەدا، ئینجا ئەم دوو کەوە چرەیان لە یەکتری دەبڕی بە دەوری یەکتردا هەڵدەسووڕان ناو بەناو شەقیان لەیەک هەڵدەدا، ئیتر دەبوو بە

هەرایەک شار باری بکردایە، کەوبازەکان بێ خەبەر بوون..).

بەڵام بەداخەوە وەستا عەباس وەسفی زیاتر لەوە نەکردووە.. من خۆم نووسەری ئەم کتێبە بە منداڵی لە بەرزنجە بووم بەهۆی ئەوەوە کە باوکم لە ساڵەکانی سییەکانی سەدەی پێشوودا و بە تەواوەتی ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٦ لەوێ فەرمانبەری میری بوو، ناوچەی بەرزنجە، واتا سرۆچک هەروەها هەموو ناوچەی شارباژێڕ شوێنی کەون. لە بەرزنجە شەڕەکەوم دەدی، جاری وا هەبوو ئەو کەوانەی کە باش فێر نەکرابوون، هەموو سەر و چاوی یەکتریان دەهێنایە خوارەوە و خوێنیان لە یەکتر دەهێنا، هەندێ کەو لە ئەنجامدا بەرگەی نەدەگرت بەو برینانەوە دەمرد.

ئێستاش لە سلێمانی لە هەندێ شوێن هێشتا هەر شەڕەکەو باوە. وەک گوزەری (سەعە تاکۆیی) لە نزیک گەڕەکی چوارباخ خەڵک لەوێ کۆ دەبنەوە و شەڕەکەو دەکەن.

**شەڕە کەڵەشێر**

شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە کەڵەشێری شەڕکەردا هەڵدەدا و دەڵێت:

کەڵەشێرێک بە رضا لازمە (کرماشان)ی
زیرەک و چابک و دەم گەرم و دڕو شەڕانی
کەڵەشێرێک کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بە دەم بیپچڕی وەک سەگی هەورامانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مصاف
ڕایفڕێنێ بە شەق مثلی کەری تاڵانی
بۆ حەواڵەی دوبری ئەو کەسە خۆم ئەیزانم
دوو گونی پێوە وەک دوو جەرەی لەیلانی

لێرەدا لە وەسفی شەڕەکەو و شەڕەکەڵەشێردا. قسەی مستەر ریچ و مامە شێخ رەزا یەک دەگرن، کەوا ئەو تەیرە هەوڵی ئەوە دەدا کە هەل بدۆزێتەوە لاملی بەرامبەرەکەی بگرێ و تەنها بەوە دەیبەزێنێ و بەسەریدا سەردەکەوێ.

هەروەها حەیوانی دڕندە لە بابەتی شێر و پڵنگ کە لە (تەلەفزیون)دا دەبینرێن. پڵنگەکە بە دوای (کەڵ) یاخۆ (کەری وەحشی- زێبرا)دا را دەکات هەر کە خۆی گەیاندە نێچیرەکەی یەکسەر کەڵبە بەهێزەکانی قورقوڕاگەی دەگرێ، ئیتر ئەو هەژارەش یەکسەر خۆی دەدا بە دەستەوە و بۆی دەکەوێ و هیچ چاری نامێنێ. هەروەها زەلام لە زۆراندا هەر کە ملی ئەوی تری گرت و خستیە بن باخەڵی، ئیتر کابرا ناچار خۆی ئەدا بەدەستەوە و تەسلیم دەبێ.

**مێژووی وڵاخ تاودان (ڕایسز) و سوارچاکیی و هەندێ شتی تر**

لەوکاتەوە کە هەڵسوکەوتی خێڵەکی و گەرمیان و کوێستانی عەشایەر و دوای ئەوەش کە خێڵەکی دانیشتن و دەستیان کرد بە تۆوچێنی و کشتسازی. لەوساکەوە کە هاتوچۆ بە وڵاخ بووە و هیچ جۆرە ماکینەیەک لەو وڵاتی ئێمەدا لە ئارادا نەبووە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژگارێکی دوورتر، بۆ سەردەمی دوانزە سوارەی مەریوان و هەڵمەتیان بۆ سەر زیاتر لە دوانزە هەزار چەکداری ئێران.. بۆمان دەردەکەوێ کە سواری و سوارچاکی لە کوردستاندا لە ریزی پێشەوەی کردەوە بەرزەکاندا بووە، کە خاوەنەکەی هەموو کاتێک بەڕێزەوە ناوبراوە و سەیر کراوە. راگرتنی وڵاخی باش و رازاندنەوەی و خزمەتکردنی، لە راگرتنی ئوتۆمبیلی (مرسیدسی شبح)ی ئێستا بەنرختر بووە. هێجگار ئەسپی رەسەن و چاکی عەرەبی (عبیدی و کەحێلە و نەجدی) دەست هەموو کەس نەدەکەوتن.

مستەر ریچ لە یاداشتی رۆژی ٢٠ ئایاردا دەڵێت: لە میوانی مەصرەف گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، دوابەدوای من وڵاخێکی بە دیاری پێشکێش کردم و لە

یاداشتی رۆژی ۲۱دا دەڵێت: ئەم ئێوارەیە لەگەڵ مەحمود مەصرەفدا باسی هەمە جۆرە رەسەنی ولاخمان کرد. بۆم دەرکەوت کە ولاخی عەرەبیی چاک وەک پێویستە لە کوردستاندا زاووزێ ناکات. هەتاوەکو ئەگەر ماینە ئەسپەکەش (نەجد)ی بن. نۆماکان هەر بەو رەسەنییە نامێننەوە. بەلام عەشرەتی جاف لە تۆوی ولاخی باش و بەهێزیان لایە و دەستیان پێوە گرتوون.

دوای ئەوەی لە یاداشتی رۆژی (۱۹ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۸۲۰)دا دەڵێت: کورد بەڕاستی ئازان بەلام بە رێورەسمی سوارچاکی شارەزا نین. چونکە ولاخیان لە هەموو زەمینێکدا و بەوپەڕی خێراییەوە تاو دەدەن جگە لەوەی سەر و خوار و پێچ و پەنا بە ولاخەکانیان بێ بەزەیی دەکەن. خۆیان دەنووسێنن بە پشتی ولاخەکەوە بە توندوتیژی مەقەستەیان پێ دەکەن لە راستیشدا لە رەگەزی ولاخ باش نازانن، ولاخەکانیان تاکو ولاخە عەرەبییە چاکەکانیان دوای بەینێک تووشی دەردێک دەبن، کورد حەز لە ولاخی سەرکێشی تیژڕەو دەکات، وا دەزانێ سوارچاکی بەو جۆرە ولاخانە دەردەکەوێ، بە پێچەوانەی ئەوانەوە عەرەب سوارچاک و لەسەرخۆن.. کورد زۆر خزمەتی ولاخ دەکەن و بە دەستی خۆیان رەنەکیان دەکەن، ئالیکی باشیان دەدەنێ و گەرمیان رادەهێنن.. کە ئەمە وا لەو ولاخانە دەکات کە کەمتر ئەرک و سەغڵەتییان پێ هەزم بکرێ.. ئێستا خوویان داوەتە راگرتنی ولاخی عەرەبی و پارەی زۆریان پێ دەدەن و گوێش نادەنێ هەتاوەکو ئەگەر ولاخەکەش رەسەن نەبێت.. کە ئەمەش کارێکی وای کرد ولاخی رەسەن و پاک نەمێنن ولاخی دووڕەگ شوێنیان بگرنەوە..

ئەوەی رابورد باسێکی سوارچاکی و رێزی ولاخی چاک بوو لای سوارچاکەکانی سلێمانی کە (مستەر ریچ) بە چاوی خۆی دیونی و لێی کۆڵیونەتەوە لە سەردەمی بابانەکاندا.

**ولاّخ تاودان له سەردەمی حوکمی ئینگلیزدا**

رۆژی (١٣)ی جون (حوزەیران) ئەشرەف و مەئموور و ئەهالی دیسان بانگ کرابوون له سەعات چوار و نیوی ئینگلیزییەوە دەست کرا بە تاودان. هەوەڵ تاودان جەنابی قوماندان و روتبەدارەکانی ئینگلیز تاویان دا. جەنابی قوماندان کابتن قیس کپن پێش هەمووان کەوت ٢- سارجنت عسکری ستیفنز ٣- سارجنت پولیس برادوفورت.

تاودانی دووەم:

١- عەلی محەمەد

٢- رەشید مەلا ئەمین.

٣- فەرەج حەبیب زابتانی بچووکی عەسکەری دەرچوون.

تاودانی سێیەم:

١- کەریماغای کاکە زاڵ ئەسپی رەزا بەگی لە ژێردا بوو.

٢- مەعروف حەمە رەش.

٣- قادر حەسەن. کە ئەمانە سوارەی قەزا بوون دەرچوون.

تاودانی چوارەم:

١- حەسەن عەلی.

٢- حسێن عەلی.

٣- حەسەن عەزیز.

سوارەی عەسکەری دەرچوون.

پاش تەواوبوونی یاری و تاودان هەرکەس بەپێی پێشکەوتن بەخشیشی وەرگرت. خوا بکات بە پێشکەوتن و خۆشی هەموو لایەک هەموو وەختێک وا لە سەیر و خۆشی و یاریدا بین.

(رۆژنامە پێشکەوتن ژمارە (٦٠) رۆژی ١٦ جون ١٩٢١).

– له ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (٥٤) ڕۆژی (٥) مایس ١٩٢١ لە بابەت وڵاخی بریندار و شەل و سەقەتەوە ئەم ئیعلانە بڵاو کرابووەوە:

(وەک زانراوە هەندێ کەس ئیش بە وڵاخی بریندار و لەڕیش دەکەن. وا بەپێی مادە ٢٠٧ و ٢٠٨ و ٢٠٩ لە قانونی عقوباتی بغدادی اعلان کرا. هەتا هەفتەیەکی تر هەر وڵاخێکی بار پشت بریندار، شەل یاخۆ لە ئیش کەوتوو بینرا لە دەست خاوەنەکەی وەردەگیرێت، بۆ دەرمانکردن دەبرێتە پۆلیسخانە. مەصرەفی دەرمان لە خاوەنی دەستێنرێت. ئەگەر زانرا کە ئەو وڵاخە هیچ چاک نابێتەوە، دەکوژرێت و هیچ پارە بە خاوەنەکەی نادرێت بۆ زانین اعلان کرا).

معاونی شار. کپتان هۆڵت

– هەر لە پێشکەوتن ژمارە (٥٨ ڕۆژی ٢ی مایس ١٩٢١) مەرجەکانی وڵاخ تاودان دوور و درێژ نووسراوە. ئێمە ئەم چەند ڕستەی لێ بڵاو دەکەینەوە:

(پرۆغرامی وڵاخ تاودانی (لیوی) و (خلقی سلیمانی لە ڕۆژی دوانزەهەمدا):

١– کۆمەڵی ئەوەڵ کە وڵاخ تاو دەدەن ضابطان و مامورانی ئینگلیزن، بۆ تێگەیشتن و چاوپێکەوتنی اصول و قاعدەی ئەم یارییە، ئەمانە کران بە هەوەڵ کۆمەڵ.

٢– وڵاخ تاودانی کۆمەڵی خەڵکی چمچمال.

٣– وڵاخ تاودانی أونباشی و چاوەشەکانی سوارەی لیوییە. پێویستە هەموو سوارێک سواری ئەو وڵاخە بێت کە لەوەپێش دراوێتی و سواری بووە. بۆ داخل بوونی ئەم یارییە لەم کۆمەڵە هەریەکێ (٣) ڕوپیەی لێ ئەسێنرێت. ئەوەل کەس کە لە هەموو کەس پێش ئەکەوێ بیست و پێنج ڕوپیە و نیوەی ئەو پارەیە کە لە تاودەرەکان سەنراوە ئەیدرێتێ. دووەم کەس لە پێشکەوتنا نیوەکەی تری ئەدرێتێ.

٤- ولاّخ تاودانی نەفەری سوارەی لیوی.

٥- ولاّخ تاودانی سوارەکانی خەڵکی سلێمانی.

٦- ولاّخ تاودانی ضابطانی لیوای سلیمانی. ئەبێ هەر ضابطێک سواری ئەسپی خۆی ببێ. ئەو ضابطانەی داخڵی ئەم ولاّخ تاودانە ئەبن یەکی بیست و پێنج ڕوپیەیان لێ ئەسێنرێت. بە ئەوەڵ کەسیان پەنجا و نیوەی ئەو پارەیەی کە لێیان سەنراوە ئەیدرێتێ. بە دووەم کەس نیوەکەی تری ئەدرێ.

٨- ئێستر تاودان. بە یەکەم کەس چل ڕوپیەی ئەدرێتێ و دووەم کەس پانزە ڕوپیە.

هەر لە پێشکەوتنی ژمارە (٦١ی رۆژی ٢٣ جون ١٩٢١) ئەم خەبەرەی تێدا بلاّو کرابووەوە کە لە هەڵەبجەوە بۆی هاتووە:

(لە رۆژی ١٠ و ١١ جون ١٩٢١ مەیدانداری ولاّخ و پیاوی گەورە و منداڵی مکتب و زۆران گرتن و بازبردن و نیشان پێکان کرا. لە غارکردنا ماینی حسین بەگ لەناو بیست ولاّخا دەرچوو، حەفتا ڕوپیە خەلاّتی وەرگرت و لە بازدان بە سەردار جەنابی حاکمی سیاسی کاپتان رکلسی صاحیب لە هەموو کەسێ زیاتر بازی دا و کەس نەیگەیشتێ. لە ڕاکردنا پیاوی احمد بەگی قائمقام باقی بەرکەوت و پەنجا ڕوپیە خەلاّتی وەرگرت. لە قوتابیەکانی مکتب لە صنفی دوەم اولی محمد مامەخان پێشکەوت و بیست ڕوپیەی وەرگرت. لە زۆران گرتنا میرزا عسکر دوو سێ کەسی دا بە عەرزا چل ڕوپیە خەلاّتی وەرگرت. لە نیشان پێکاندا احمد بەگ قائمقام و عزت بەگ عثمان پاشاو ابراهیم افندی نائب دوەم لە هەمو کەس زیاتر نومرۆیان وەرگرت بەلاّم ابراهیم افندی بە نومرو لە احمد بەگ و عزت بەگ زیاتر بوو، گوللەیەکی تصادفی مرکز کردبو. هەشتا ڕوپیە و لە طرف خان بهادیر عادلە خانم بە ئەموستیلەکی قیمەتدار خلاّط کرا).

### له سەردەمی حوکمی شێخ مەحموودا

وەکو بیستوومە لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودا زیاتر گرینگی بە وڵاخی رەسەن دراوە و بە دوایدا گەڕاون. ماینی کەحێلە و ئەسپی عوبێدی لە (سوپەر)ی ئەمڕۆ لە پێشتر بوون. بەتایبەتی خوا لێخۆشبوو شێخ مەحموود خۆی هەستی زیاتر بەلای عەشایەردا لێی دەدا و خۆشی سوارچاکێکی سەردەمی خۆی بوو. وڵاخی باشی رادەگرت و چەکی سەرکەوتووی هەڵدەگرت. دەمبیست لە کەسوکارم کە شێخ مەحموود خۆی و خوا لێخۆشبوو شێخ لەتیفی کوڕی، هەردووکیان سوارچاک بوون هەر بەو جۆرەش شێخ مەحموود هانی سوارچاکی داوە و گوایە لە دەشتی فرۆکەخانەکە (عەقاریی ئێستا) وڵاخ تاو دراوە و میر و قاچ بە ئەسپ و ماین کراوە. دەیانوت شێخەکانی عەرەب ئەوانەی دۆستی شێخ مەحموود بوون وڵاخی رەسەن و چاکیان بەدیاریی بۆ ناردووە.

لەناو عەشرەتی جافدا وڵاخی باش و رەسەن راگرتن زۆر باو بووە، هێجگار سەر ئێلەکانیان، هەمیشە بە دوای ئەو جۆرە وڵاخانەدا گەڕاون و بەهەر نرخێک بێ کڕیویانە و شانازییان پێوە کردوون. بەڵگەی ئەم قسەیەش شاکارەکەی پیرەمێردە (کزەی دەروون- دوا وانەکەی شوێن ماڵە گەورە):

ماڵە بەگزادە و سیرەی سەماوەر<br>
رووی ئەو ڕووباری وا ئەگرتە بەر<br>
دەنگی نەکیساو بەزمی خوسرەوی<br>
لای مەحمود پاشا ئەکەوتە نەوی<br>
ئاوازی سەقرو بازو باڵەبان<br>
حیلەی ماینی جنسی کەحیلان<br>
ئەمانە هەمووی، خوا دابووی بە جاف<br>
حوکمدارێک بوون بێ لاف و گەزاف

خۆم نووسەری ئەم کتێبە لەبیرمە خەلیفە یونس کوڕی موالی و کوڕەزای لالە سەرحەد، کە سەرۆکی تیرەی رۆغزایی بوو لە ئێلی جاف. لە چلەکانی سەدەی رابوردوودا لە ناوچەی شارەزووردا (لای دسکەرەی دێی خەلیفە یونس و بێستانسووری گەورە دێی ئەوڕەحماناغای ئەحمەد پاشا) بەرازێکی زۆر بڵاو بووبووەوە لە چەمی تانجەڕۆ و دەور و پیشتیدا کە زیاتر زیانیان بە مەرەزە و سەوزەی تر دەگەیاند. بۆیە جاڕی ڕاوە بەراز درا، من ئەو کاتە قوتابی و گەنج بووم بە بۆنەی خزمایەتیمان لەگەڵ ئەوڕەحماناغا، منیش بەشدار بووم لەو ڕاوە بەرازەدا. یەکانەیەک هەڵسا و کەوتە ئەو دەشتە و سوار بە دوایدا، خەلیفە یونس سواری ئەسپێکی بۆرە بووبوو (ئەو کڵاوە قووچەی لەسەریا و جزمەی چەرم لە پێدا و دوو سێ ریز فیشەکلغ راست و چەپ لە خۆی دابوو) بەتاو بە سواری ئەسپەبۆرە پێش هەموو سوارەکانی تر کەوت و نیشتە سەر بەراز، هەر بەسەر سوارییەوە و لە گەرمەی تاودانی وڵاخەکەدا بە یەک گولله بەرازی گوڵۆڵە کرد.

ئەوڕەحماناغا کە خاڵی باوکم بوو، ئەسپێکی کەحیلەی جوانی هەبوو ئەوەندە جوان بەخێو کرابوو، وا گۆش کرابوو، ئاغا بە قەدەر کوڕەکەی خۆی خۆشی دەویست. سەر کەڵلەی زیو و رەشوەی ئاوریشم و زینی ئاوێنە بەند، ئەو ئەسپەی ئەوەندەی تر جوان کردبوو بە جۆرێک پیاو دڵی نەدەهات سەیری بکات. مەیتەری تایبەتی هەبوو کە هەمیشە مشووری ئالیک (کا و جۆ و گیا)ی دەخوارد، دەیشت و رنەکی دەکرد و ناڵی دەکرد لای ناڵبەندی تایبەتی.. ئیتر ئەو خزمەتەی ئەو ئەسپە کەحێلەیە دەکرا، خزمەتی زەلام بەو جۆرە نەدەکرا.

**لەم دواییەدا:**

وەستا عەباسی دارتاش لە کتێبی بیرەوەرییەکانیا لە سلێمانی ساڵی ١٩٩٩دەری کردووە لە ل٢٠ دا دەڵێت:

له زەمانی (عومەر عەلی)دا لە سلێمانی نمایشێکی سوارچاکی کرا لام وایە لە پەنجاکاندا بوو، عومەر عەلی موتەسەڕیفی سلێمانی بوو، ڕۆژێک لەلای مەلعەبەکەی ئێستا لای گەڕەکی شارەوانی ئەمری دا بە پاککردنەوەی ئەو ناوە لە بەرد و لە چاڵ و چۆڵ و مەصافەکەی زۆری پاک و خاوێن کردەوە ئەوسا ئەو ناوە زۆری دەشت بوو. نیازێکی لەم کارەی هەبوو، کارەکەش ئەوە بوو دەستی کردبوو بە دەعوەتنامەی ڕەئیس عەشایەرەکان کەوا ئەمەوێت نمایشێکی سوارچاکی ببینم گەلێ لە ڕەئیس عەشایەرەکان بە دەنگ دەعوەتەکەوە هاتن.

ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر لەو مەیدانەدا خڕبوونەوە. حیلەی ماینی ڕەسەن و سمکوڵی ئەسپ و ئەو پیاوە جوانانەی ئەدی، کەوا دامێنی کەوا کراوە بەلادا و فەقیانەکە دراوە بەسەر شاندا و هەر لە تەمەنی حەفتا ساڵ تا تەمەنی (٢٠ ساڵ) بە سواری ئەو وڵاخانەوە سووڕیان دەخوارد و هیوا هەبوو لە تەماشاکارەکاندا کە ئەمەی دەدی خۆی بۆ نەدەگیرا و دەستی دەکرد بە گریان. ئەوانەی کە کورد بوون برینی چەند ساڵەیان لەو کاتەدا دەکولایەوە، کەوا لە بەردەمی کێدا و بۆ کێ ئا ئەم نمایشە دەگێڕن. ئینجا کە لەوسەری مەیدانەوە بەتاو دەهاتن و دەگەڕانەوە، چریکەی هەی هەی سوارچاکان ئاسمانی دەهێنایە لەرزە، زۆر لە تەماشاکەران خۆیان بۆ نەدەگیرا و فرمێسک بەسەر ڕوومەت و سمێڵ و ریشیاندا دەهاتە خوارەوە هەستی کوردایەتییان دەجووڵا و باو و باپیریان بیردەکەوتەوە.

ئینجا وەستا عەباس کۆتایی بەو باسە دەهێنێ و دەڵێت:

پرسیارم لەو یەک دوو پیاوانە کرد وتم توخوا خاڵە بۆچی دەگریان؟ یەکێکیان وتی: ڕۆڵە بۆ ئەوە دەگریاین، ئەم سوارچاک و جوانانە بۆ کێی دەکەن و لە بەردەمی کێدا ئەم سوارچاکییە دەنوێنن.. ئا بۆ ئەوە دەگرین. حەیف و خەسار.

وەختی خۆی لە دەرەوە، واتا لەناو عەشایەردا چونکە هەموو هاتووچۆ و گواستنەوە و ئیش و کاریان بە وڵاخی بەرزە و وڵاخی نزم بەجێ دەهێنا، ماڵ نەبوو، وڵاخی تێدا نەبێت لە ماین و ئەسپ و بارگیر و هێستر و کەر. بۆیە ئەودەمە هەرکەس بەگوێرەی بوون و نەبوون، وڵاخیان لە ماڵدا بوو، زۆری واش بووە کە حەزی لە وڵاخ کردووە و تەنها بۆ سواری و خۆ نواندن رای گرتووە و خزمەتی کردووە و خۆشی سوارچاکێکی باش بووە.

هەمەوەندەکانیش بەناوبانگن لە سوارچاکی و ئازایەتیدا، خۆ کەریم بەگی هەمەوەند هەر زۆر ناوی لەم مەیدانەدا دەرکردبوو.

**وڵاخی باش:** مەرجی وڵاخی باش ئەوەبوو لە گۆشت مامناوەندی بێت واتا نە زۆر قەڵەو و هەمیشە دابەستە و هەر ئالیکی بدرێتێ و لە تەویلەدا بێ ئەوە تەمەڵ و نەکردە دەبێ. نە زۆر (لەڕ) واتا لاواز بێ و پەراسووەکانی دەرکەوێ.

ئەسپ یاخۆ ماینی رەسەن (کەحێلە و عوبەیدی)یان پێ دەوتن عوبەیدییەکە دەگەڕێتەوە بۆ عەشرەتی (العبید)ی عەرەب کە ئەوان لە راگرتنی وڵاخی باش و رەسەندا بەناوبانگ بوون.

وڵاخی باش قاچی باریک و کەفەڵی لووس و رێک و بەرزایی مامناوەندی لە غار واتا لە تاودانا (کلک) هەڵگێڕێتەوە و بیکات بە ئاڵا (ئەو وڵاخەی کلک خوس بکات واتا بیکات بەناو گەڵیدا ئەوە هەر بۆ تێهەڵدان باشە). هەر لە غارا شەقاوەکانی گەورە بێت و بە پڕتاو بێت، وڵاخی باش نابێ سەرکێش بێت، واتا کە لغاوەکەیت توند کردەوە ئەویش بوەستێ و کە ئاوزەنگیت لێدا تاو دا و پێش وڵاخەکانی تر بکەوێ. ئەمانە و زۆر شتی تر هەن کە پێویستە لە وڵاخی رەسەندا کۆببنەوە، بێگومان ئەمەش بەگوێرەی رەوشتی خاوەنەکەی یاخۆ سوارەکەیەتی کە پێویستە هەر لە (نۆما)ییەوە وردە وردە وەک منداڵێک چۆن بەباشی پەروەردە دەکرێ، دەبێ ئەو هەڵسوکەوتەش

لەگـــەڵ (نۆمـــا)ی مـــاین یاخـــۆ ئەســـپـــدا بـکرێت بۆ ئـەوەی وڵاخـــێکی پەروەردەکـراوی بـاشـی لێ دەرچێ، خـۆ ئەگـەر وڵاخـەکـە خـۆی لە رەگـەزدا (ڕەسەن) بوو، ئەوە هەر شتێکی هێجگار باشی لێ دەردەچێت.

جا ئایا ئەمانە خەیاڵ بوون یا خەو..؟

ئەمە شیعرەکەی مامە شێخ رەزامان دێنێتەوە یاد کە دەڵێت:

لە بیرم دێ سلێمانی دار الملکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

تا لە دواییدا ئەڵێت:

درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو ڕۆژە

کە مەیدانی (جلیت بازی) لە دەشتی کانی ئاسکان بوو

- جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر رەسەنیی وڵاخی عەرەبی:

- ماینی (کەحیلەی عەمایر- کحیلة العمایر) هەیە کە باوکەکەیی ئەسپی (سەگلاوی)یە.

- ماینی عەرەبی هەیە حەمدانییەی شەمەرییە بە ڕەسەن و باوکی ئەسپی کەحیلانە.

- ماینی عەرەبی هەیە رەسەنەکەی (جلقة)یەو باوکەکەی ئەسپی سەگلاوییە.

- ماینی عەرەبی بە ڕەسەن حەمدانییە و باوکی ئەسپی کەحێلەیە.

- ماینی عەرەبی سەگلاوی بە ڕەسەن و باوکی ئەسپی عبیان کە وڵاخی عەشرەتی شەمەرە (شمر).

(الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٢٦ ص٥٢٥).

**ماوەتەوە سەر رەنگی وڵاخ:**

وڵاخێک سوور بوایە پێی نەدەوترا ئەسپە سوور یا ماینە سوور بەڵکو دەوترا

ئەسپە (شێ) یاخۆ ماینەشێ.

ئەسپێک رەنگی سپی بوایە پێی ناوترێ ئەسپە سپی بەڵکو پێی دەوترێ ئەسپە (بۆرە) و جار جاریش دەوترا (کەوە). تەنها ئەگەر رەنگی رەش بوایە پێی دەوترا ئەسپە رەش یاخۆ ماینە رەش.

ئەگەر تێکەڵاوی رەنگەکەی لە بەینی سپی و سوور (بۆر و شێ)دا بوایە پێی دەوترا (شڵ).

ئەگەر ناوچەوانی سپی بوایە پێی دەوترا (ناوچەوان مارۆ).

زانیاری تر لە بابەت وڵاخەوە:

ئەسپ و ماین لە پەڕین واتا سواربوونی ئەسپ بەسەر مایندا ئەوەی ماینەکە دەیبێ لە سەرەتاوە (جوانوو)ی پێ دەڵێن، تا وردە وردە گەورە دەبێ بە (نۆما)، دوای ئەوە پێ دەگات دەبێ بە ئەسپ یا ماین.

بارگیر: واتا بارهەڵگر. ئەو ئەسپەیە (کەمتریش ماین) کە بۆ بار گواستنەوە بەکار دەهێنرا، وەک گواستنەوەی فەردە تووتن کە لە دێهاتەکانەوە دەهێنرانە ناو شار، کۆمەڵێ بارگیر دەبوون بە قەتار و قەتارچی دەیهێنان و دەیبردن.

ئێستر یاخۆ هێستر: لە پەڕین واتا سواربوونی نێرەکەر بەسەر مایندا پەیدا دەبێ و هێستر خۆی نەزۆکە. هێستر دوورەگە، باوکی کەرە و دایکی ماینە. بۆیە کە لە هێستر دەپرسن (باوکت کێیە: دەڵێ: خاڵم ئەسپە) و رووی نایە بڵێ باوکم کەرە. نازانم بۆچی ناوی کەر وا زڕاوە و بە سووک دێتە پێش چاو و بەبێ عەقڵ دەدرێتە قەڵەم، ئەمە لە کاتێکدا کە حەیوانێکی باربەر و بەهێز و بێ ئەرک و گوێڕایەڵ. لێی دەخورێ دەڕوا. (هۆش)ی لێ دەکەیت دەوەستێ. لە سواریدا کە دوو لەقەت لە لاقەبرغەی دا یاخۆ تێتەوە ژەن غار دەدا.

بەهەر حاڵ (کەر)ی وڵاتی ئێمە، وەک (کەرە بەغدایی) نە بالایان بەرزە و

نە وەک ئەوان بەخۆوەن کە یەکی بە قەد بارگیرێک دەبن و ڕەنگیان سپییە. کەری وڵاتی ئێمە لە چاو کەرە بەغدایییدا (گولەک)ن واتا بچووکن. لە ڕەنگیشدا کەری وڵاتی ئێمە زۆربەیان (دێز)ن. ئەمە لە کاتێکدا کە کەری دێز قسە و باسی باشی بە دواوە نییە، ئەویش لەو پەندەی پێشینانەوە هاتووە کە دەڵێت:

(وەک کەری دێز وایە. تۆپینی خۆی و زەرەری خێوی).

ڕەنگی دێز: مەیلە و خۆڵەمێشییە و بە عەرەبی (رصاصي) پێ دەڵێن: بە کەری نێر دەوترێ (نێرەکەر)و بە مێی کەر دەوترێ (ماکەر) کە لە بنچینەدا لە مێکەرەوە هاتووە. بەو کەرەی کە تازە لە دایک بووە، وەک هی ماین (جوانوو)ی پێ ناڵێن، بەڵکو (جاش)ی پێ دەڵێن. کەر (کورتان)ی لێ دەکرێ و لغاو ناکرێ یاخۆ ڕەشوەی بە سەرەوە نییە، کورتانی کەر بەرامبەر بە زینی ماین و ئەسپە. ئەسپ و ماین و بگرە بارگیریش لغاو یاخۆ ڕەشوە دەکرێ بەسەریانەوە، بەڵام ئەوانە هیچیان بۆ کەر بەکار ناهێنرێن. چونکە حەیوانێکی ملکەچە و چۆنی لێ بخوڕی بەو جۆرە دەڕوات.

ئەم زانیارییانەمان پێشکێش کرد، چونکە ئەو شتانە ڕوو لە کز بوون و نەمانن و زیاتر ماکینە و ئۆتۆمبیلی هەمە جۆرە جێگایان گرتوونەتەوە.

## ژنە دەستڕەنگینەکانی سلێمانی

دەستڕەنگینی و بەکاریی ئەم ژنانەی شار بە بەرهەمە نایابەکان و هەوڵ و کۆششیاندا ڕەنگ دەداتەوە. کە هەریەکە دەستی داوەتە ئەو کارانە بۆ دابینکردنی ڕۆژانەی ژیانیان و تێیدا سەرکەوتوو بوون:

### حاجی ژنە مینا و بابەتەکانی لە قوڕ دروستکراو

حاجی ژنە مینا و هاوڕێکانی لە گەڕەکی مەڵکەندی لەسەر پیرمەسوور، ئەم ئافرەتانە دەستڕەنگین بوون، کارەکەیان کارێک بووە کە ماڵ نەماوە لەناو

شاری سلێمانی و دەوروبەری کە بابەتی کاری ئەو ئافرەتە دەسترەنگینانەی تێدا نەبێت، وەک گۆزەی سوور و گۆزەڵە و کووپە و کووپەڵە و دیزە و دەرخۆنە و سۆینە و ئاگردانی لابڕ و ئاگردانی کەوانوو، کوورەی تاسکەبابی و کوورەی چا و چیتر لە قوڕ دروست دەکرێ و بەکار دەهێنرێت لە ماڵاندا دروستیان دەکرد.

بابەت شێوەی دروستکردنەکەی، یەکەم گڵە سووری پاک، کە بە هێڵەک دەبێژرانەوە و هەرچی بەرد و زیخ و پووش و پەڵاشێک لە گڵەکەدا بوایە بژار دەکرا، دوای ئەوە چی تووکەسەر هەیە لە دووکانی دەلاکەکان کۆیان دەکردەوە و دەیان هێنا تێکەڵ بەو گڵە بێژراوەیان دەکرد، ئینجا بە ئاو دەیانکرد بە قوڕ، جوان جوان دەیانشێلا تا وەک بنێشتی لێ دەهات، ئینجا وردە وردە بە دەست بە هۆی پارچەیەک تەختەی بچووکەوە، دەستیان دەکرد بە دروستکردنی ئەو بابەتانە.. لە دوای وشکبوونەوەیان، لە پشت شەخسەکەی پیرمەسوور وەک گومەز لەسەریەک هەڵیان دەچنین و بە تەپاڵەی وشک دایان دەپۆشی و دواییی ئاگریان دەدا. ئەو ئاگرەش دووکەڵی نەبوو شەوقەکەی بە شەو ئەو ناوەی رووناک دەکردەوە، بەم کارەیان دەوت (کڵ). ئینجا ئەم کڵە شەو و رۆژێک سووتاندنەکەی دەوامی دەکرد، هەتا دادەمردەوە، ئینجا ژنانی ناو شار دەیانزانی کەوا کڵ نراوەتەوە، لە هەموو گەڕەکێکەوە بۆی دەهاتن بۆ کڕینی ئەو بابەتانە.

حاجی ژنە مینای خێزانی مام رۆستەم لەسەر پیرمەسووری مەڵکەنی و هاورێکانی بەم کارە هەڵدەسان، ئەم بابەتانە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن سیرامیک کە ئەمانە دوای سوورکردنەوە هەروەک مس زرنگەی لێ دەهات کە پەلەپیتکەت لێدایە.

(سەرچاوە: وەستا عەباسی دارتاش- بیرەوەرییەکانم- لاپەڕە (٧٧-٧٨)).

**فاته کوڕانی و کۆلارە و فڕفڕۆکە و باوەشێنی کاغەز..**

فاتە کوڕانی لە سییەکاندا لە گەڕەکی سەرشەقام لەگەڵ ڕەحمەی هاوڕێیدا چەند شاگردێک. دووکانەکەی لە تەنیشت دەرگای مزگەوتی حاجی مەلا عەزیزەوە بوو پوورە فاتم خۆی وەستا بوو، بەڵام ئافرەتێکی تا بڵێی وریا و قسەزان بوو هەروەها گورج و بەکار بوو، مەرد و مەستوور بوو، ناوی کوڕانیان لێ نابوو، پوورە فاتم کۆلارە و فرفرۆکە و باوەشێنی کاغەز و سنجوق و ئەم کەلوپەلانەی لە کاغەزی سەوز و سوور و شین دروست دەکرد، چەندەهاش شاگردی گەڕۆکی هەبوو کە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان ئەم بابەتانەیان ساغ دەکردەوە و ئەم کارەی پوورە فاتم زۆر لە برەودا بوو، دەستکەوتێکی باشی بۆ خۆی و شاگردەکانی دابین دەکرد. ئەو شتانەی ئەم بەرهەمانەیان لێ پێک دەهات برێتیی بوون لە کاغەزی سەوز و سوور و سرێش و قامیش و پارچەداری کورت کورت کە سنجوقی لێ دروست دەکرد.

(وەستا عەباسی دارتاش بە تۆزێک دەستکارییەوە لاپەڕە ٧٨).

**سەلە ماوزەر و هێنانە بەرهەمی دەڵەمە لە شیر**

ماڵەکەی لە پشت مزگەوتی ناو بازاڕی هەلاجەکاندا بوو لە گەڕەکی دەرگەزێن سەلە خان هەر لە ماڵەکەی خۆیدا کاری دەکرد. کارەکەشی دروستکردنی (دەڵەمە) بوو لە شیری پاک. هەردەم دوو مەنجەڵی پاک و خاوێنی لەسەر ئاگر بوو، ئەو شیرەی دەکوڵان و هەوێنەکەشی هەر لە شیر بوو کە پێی دەمەیان دوای تەواوبوونی کوڵاندن، سێ چوار سینی پاکی سپی لە دەوری خۆی دادەنا و چینی بچووک بچووکی جوان و کاشی شینی بچووکی پاکی لەسەر سینییەکە بە ریز دادەنا و بە کەوچکێکی پاک لەو دەڵەمەیەی دەکردە ناو ئەو چینی و کاشیانەوە و یەک قاپ دۆشاوی خۆماڵی لە ناوەڕاستی سینییەکەدا دادەنا و یەک پارچە کەتانی سپی بەسەر سینییە

دەڵەمــەکــەدا دەدا، هــەروەها چــەند شـــاگــردی گـــەورەی هــەبــوو، ئەوانــە سینییەکەیان دەنایە سەر سەریان و بەناو بازاڕ و چایخانەکاندا دەگەڕان، ئەوەندەی نەدەبرد دەخورا و دووبارە دەگەڕانەوە بۆ لای سەلمە خان، هەر بەهەمان شێوە سینییان بۆ پڕ دەکرایەوە لە دەڵەمە و دۆشاو.

(وەستا عەباسی دارتاش- بیرەوەرییەکانم لاپەڕە ٧٨-٧٩).

وەستا عەباس هەموو شتێکی روون کردووەتەوە ئەوە نەبێ کە ئایا ئەو (ماوزەر)ەی سەلمە خان لەچییەوە هاتووە، ئایا دەڵەمە لە کوێ و ماوزەر لە کوێ؟

**رابیعە خانی نانەوا**

من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە)، رابیعەی نانەوام دیبوو ئافرەتێکی چوارشانەی کەڵەگەت لەسەر (دەخیلە)ی نانەواخانەکە دادەنیشت. نانەواخانەکەی نزیک ناوەندی ناو بازاڕ (ئەوسا نزیک بە دووکانی حەمەی شازەمان) بوو، عەبا و پەچەی نەدەگرتەوە، سوخمەیەکی قۆڵداری ئاودامانی بەسەر کراسێکی کوردیدا لەبەر دەکرد و سەریشی دەبەست، رووی زەردباو بوو، یاخۆ دەموچاوی کفەلاتوو بوو، چاوەکانیشی وەک بیرم بێ (کل)ی تێ دەکردن.

قادر قەزای خوا لێخۆشبوو کاتی خۆی لە یەکێک لە کۆوارەکاندا لەسەر رابیعە خانی نووسی و بە ئافرەتێکی کارامە و بەهێزی داناوە لە مەیدانی ئیشکردن و نان پەیداکردندا. وەستا عەباسی دارتاشیش لە (لاپەڕە ٧٩ی یاداشتەکانم بەمجۆرە باسی دەکات: "رابیعە خان بەناوبانگە بە رابیعە سنەیی، دووکانەکەی لە ناوەڕاستی بازاڕدا بوو، چەند شاگردی هەبوو.. هەرچەندە ئافرەت بوو بەڵام وەک پیاو دەجووڵایەوە. لە سییەکاندا لە تەمەنی پەنجا ساڵ زیاتریش بوو، کراسێکی شینی ئاودامانی لەبەر دەکرد.

لەچکێکی شینیشی دەکردە سەری و عەگالێکی ئەستووری دەکرد بەسەر لەچکەکەدا، دووکانەکەی لە تەنیشت دووکانی ساڵح قیروانەوە بوو، ئەو عەگالە رەشبوونە هەریەک بازنەی خڕ بوو، لە گوریس ئەستوورتر بوو، ئافرەتێکی تریش هەبوو لە جادەی سابوونکەران (کا و خەڵووز)ی دەفرۆشت ناوی (باجی خورشید) دایکی (بابلی گۆڕهەڵکەن) بوو، ئەویش هەمان عەگالی لەسەری دادەنا و تەمەنی لە دەوری شەست ساڵیدا بوو.

**فاتمە خانی عەلاف**

فاتمە خان لەناو بازاڕدا لە مەیدانی ماست فرۆشەکان دووکانی عەلافی هەبوو، ماڵەکەشی لە پشت دووکانەیدا بوو بەر گەڕەکی (هۆلێ) دەکەوت. فاتمە خان ئافرەتێکی زۆر رێکوپێک بووە، کەڵەگەت و رووخۆش لە سییەکاندا لە دەوری شەست ساڵیدا دەبوو، کراسی ئاودامان و سەربەستی خۆمانەی دەبەست و ئەگریجە سپییەکانی بەملا و لای روومەتیدا دەبینراو خۆی بە دەستی خۆی تەرازووە چەرمەکەی پڕ لە ئارد دەکرد و دەیکێشا دەیدا بە کڕیارەکە. خۆی ئافرەتێکی بەتوانا بوو.

(وەستا عەباسی دارتاش- بیرەوەرییەکانم ل٧٩-٨٠)

**ئامەی چەقالە**

من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) ئامەی چەقالەم زۆرجار بە منداڵی دیوە و شتم لێ کڕیوە و لە رۆژنامەی هاوکاریدا لەسەرم نووسیوە بەوەدا کە ئافرەتێکی رەنجدەر و تێکۆشەر بووە لە رێی ژیاندا و هەرچەند کوێر و نابینا بوو، بەڵام بە گۆچان بە کۆڵانەکانی زیاتر گەڕەکی گۆیژەدا دەگەڕا، ئەو چەقالە و قەزوان و گوێزەی لە ماڵەوە خۆی سوێری دەکردن، دەگەڕا ئەوەی دەفرۆشت و ژیانی خۆی پێ دابین دەکرد. شتەکانی هەریەکە لە توورەکەیەکدا دادەنا و هەموویانی دەخستە چارۆکەیەکەوە و دەیدا بە کۆڵیا

و گـۆچانیش بە دەسـتـەوە. ئەگـەر یەکـێک قـەزوانی لێ بکڕیایە بـە پیـاڵە دەیفـرۆشت و گـوێز بە دانە و چەقـالە بە کـاسـە. سـەری بچـوایە نـوێژی نەئەچوو.

(وەستا عەباسی دارتاش لە ل٨٠ی یاداشتەکانیا باسی کردووە).

## مەنیج خان و تەونگەری

وەسـتـا عـەباسی دارتاش لە ل٨٠-٨١ی یاداشـتـەکانیـدا باسی دەکات دەڵێ: پوورە مـەنیج دانیـشـتـووی سلێـمـانـی، گـەڕەکی گـۆیژە لە کـۆڵانەکـەی لای حـەمـامی مـوفـتی. هـەر لە مـاڵەکـەی خـۆیدا تـەونگەری دەکـرد، بەڕەی هەمـەچـەشنە و مـەوجی دروست دەکـرد. تا شـەسـتـەکـانیش مـابـوو، لە حەفتاکاندا کۆچی دوایی کرد.

دوای ئەوە وەسـتـا عـەباس باسی ژنانی تر دەکات لە گەڕەکەکانی شـاردا هـەر لە خـەیات و گـۆرەوی و لفکە و کڵاشـچن و کڵاودروو و تـرشـیـاتگرەوە و مـامـان و دەمـوچاوهەڵگر، هەڵبـەسـتنی دەسرازە و گـوریس هـەر لەم رووەوە باسـی ئافـرەتێکی سـەربـەست و سـەربەرز بە ناوی حـەمدی کە ناوبـانگی بە حەمدی چاوەش دەرکردبوو کە نوکتەباز و قسەخۆش بووە و دووکاندار بووە.

## باجی تاووس- کۆڵهەڵگر

ئەم باجی تاووسە ئێرانی بوو، ئافرەتێکی رەقەڵەی لووت درێژی باڵا ناوەندی بوو لە سـیـیـەکـان و چلەکـاندا دەژیا و لەوەی دەکـرد کـۆڵهەڵگری ناو بازاڕ نەبێت. بەڵکو ئەگـەر مـاڵێک چـەڵتـووکـیـان کـرە بـکردایە، یاخـۆ باراشـیـان بناردایە بۆ ئاش، باجی تاووس بە سـاغ و سەلامەتی دەیبـرد و دەیهێنایەوە و حەقی خۆی وەردەگرت.

### باجی حەلاوی لفکە

ئەم ئافرەتە کچی مەحمموودی کوڕی ئەلیاسە قۆجەیە و خزمی بنەماڵەی حاجی ئەمینی کاکە حەمە و میرزا عارف و فایەق بێکەس و ئەوانە و ژنی سەعید دزکوژ بوو، بۆنەی خزمایەتی ئەم ژنە لەگەڵ دایکمدا کە هەر لەم بنەماڵەیەیە، من (نووسەری ئەم کتێبە) ماوەیەکی چەند ساڵیم لە ماڵیدا رابواردووە چونکە لە قوتابخانەی سلێمانی دەمخوێند و باوکم لە لادێ کاربەدەستی میری بووە.

ئەم ژنە بەهۆی کوڕێکییەوە کە منداڵی زۆری هەبوو، بەسەر ئەوانیدا بەجێ هێشتبوو، بە باقی ئەندامەکانی خێزانەکەوە هەشت نۆ کەس دەبوون و مام سەعید قۆڵچی و مانگانەکەی سێ چوار دینار بوو، ناچار باجی حەلاو لفکەی دەچنی بۆ ئەوەی ئەو رەشە خێزانەی پێ بەخێو بکات. دەچوو خۆی خوری دەکڕی یا رای دەسپارد لە لادێوە بۆی دەهات. پاک دەیشتنەوە و وشکی دەکردەوە ئینجا خۆی یاخۆ دەیدا بە رستن و لە بەنەکەی لفکە دروست دەکرد بەڵام چ لفکەیەک. بەرنەدەکەوت لە سییەکان و چلەکاندا هەر خەریک بوو، ئەوسا نرخی لفکە هەرزان بوو لە دواییدا وردە وردە زیادی کرد، هەر شەوەی نەدەنوست تا لفکەیەک تەواو نەکات بۆ ئەوەی نرخەکەی بۆ دابینکردنی ژیانی ئەو رەشە خێزانە خەرج بکات. باجی حەلاو ژنێکی زۆر فامیدە و عاقڵ بوو. بۆیە ماڵەکەیان کە لە گەڕەکی گۆیژە و پشت ماڵە گەورەکەی حاجی ساڵحی خەفاف بوو، وەک ئێستگەی سەرەڕێی خەڵک لە خزم و کەسوکار، وەک میرزا عارف باوکی ئەحمەد میرزا و فایەق بێکەس و زۆری تر لە خزمان ئینجا ئامەی چەقالە و باجی تاووس، مەلا فەرەجی حافز هەمووی بە روویەکی خۆشەوە پێشوازی دەکردن و بەڕێی دەکردن گەلێک جار لە رۆژنامە و کۆواردا لەسەر ئەم ژنە خەباتکەرە تێکۆشەرە لە رێی ژیاندا نووسیومە و هەتا لەسەریشی بنووسرێ هەر کەمە. خۆی

نەخوێندەوار بوو، کەچی زۆری جزمەکانی قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو، وەک دەڵێن سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو، هەرگیز درۆی نەدەزانی و راستگۆ بوو، ئەم باجی حەلاوە دایکی مامۆستای خوا لێخۆشبوو مەجید سەعیدی بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو. هەزار رەحمەت لە گۆڕی پیرۆزیان.

**مریەمی حەسەنەلی و کڵاو فرۆشتن**

باجی مریەم لە گەڕەکی سەرکارێز بوو بەرامبەر ماڵی مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوڵ، بەبۆنەی ئەوەوە کە (ماڵی باپیرم عەزمی بەگ) هەر لە سەرکارێز بوو، منیش ساڵەکانی قوتابخانەم لە ماڵی باپیرمدا تەواو کرد، ماڵی باجی مریەم لە سەرە رێگامدا بوو، زوو زوو یەکترمان دەدی و ژنێکی رووخۆش و قسەخۆش بوو، بۆیە منیش وەک دایکم سەیرم دەکرد و زۆر رێزم دەگرت. ئیشوکاری کڵاوچنین بوو، بەڵام کڵاوی نایاب لە قوماشی زەرد و سووری جوان و بەری پێدا دەگرت و نەقش و نیگارێکی جوانی لەو کڵاوانەدا دەکرد. لەم دواییەدا، دووکانە کڵاوفرۆشەکان لەگەڵیدا رێک دەکەوتن بۆ ئەوەندە دانە و لە ماوەی ئەوەندە رۆژدا، ئەویش شەو نەدەنوست تا رۆژ دەبووەوە، ئیشەکەی تەواو دەکرد.

حەسەنەلی مێردی مریەم بوو، مەولود کوڕی بوو کە قوتابخانەی سلێمانی پێ تەواوکرد، مەولود لە (معارف) بە مووچەخۆر دامەزرا و بەڵام لاموایە هەر لەبەر خاتری دایکی ژنی نەهێنا.

وەستا عەباسی دارتاش لە ل٨٢ی یاداشتەکانیدا باسی باجی خورشید و باجی مریەم دەکات کە گوایە پێکەوە ئیشی کڵاودروونیان کردووە و پێکەوە بردوویانە بۆ بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی.

**پیرۆزی تەپە چنە و ترشیات**

ماڵی باجی پیرۆز لە گەڕەکی گۆیژە و نزیک ماڵی حاجی ساڵحی خەفاف بوو. من لە چلەکاندا باجی پیرۆزم دیوە کە ئەوسا تەمەنی ٥٠-٦٠ ساڵ دەبوو باجی پیرۆز تایبەتمەند بوو لە ترشیات گرتنەوەدا، کە (سرکە)کەی لە ترێی رەش دەگرتەوە، چەندەها باری لە وەختی خۆیدا دەکڕی و جوان جوان ئەو ترێیەی دەشتەوە و لە کووپەی گەورە گەورەی ریزکراودا دەیگرتەوە بە سرکە.

دوای ئەوە (دان)ی ترشیاتەکەی زۆرتر خەیاری ناسک و جارجار لە ترۆزی، ئینجا خەیار و ترۆزی بە ساغی و سێوی بن عەرز و سیری عەجەم و فەریکە قەزوانی لەگەڵ دانەکەدا تێکەڵ دەکرد. ترشیاتەکەی زۆر بەناوبانگ بوو، ئەویش بەو کارە رەشەخێزانێکی بەخێو دەکرد.

ئەمانە مشتێک بوون لە خەروارێک، لە ژنی خەباتکەر و لە رێی ژیاندا و لە تێکۆشاندا هەر بۆ ئەوەی موحتاجی ئەم و ئەو نەبن و دەست بۆ کەس پان نەکەنەوە.

**مێژووی پاڵەوانی سلێمانی**

کاک حەمە بۆر لە کۆواری (بەیان ژمارە -٢٢- ساڵی ١٩٧٥) شتێکی جوان و پوختی لەسەر عەبوودی نووسیوە، وا لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

بەڵام پێش ئەوە دەڵێم: من خۆم لە کۆتایی سییەکان و لە چلەکانی سەدەی رابوردوودا عەبوودیم دەدی کە بە کۆڵانەکانی سلێمانیدا دەگەڕا، هەر ماڵێک قۆری و چینی و فەخفوری شکاوی ببوایە، ئەم پیاوە هەر لە کۆڵانەکەدا لنگی لێ ڕادەکێشا هەیتوهووتی لێ بڵاو دەکردەوە و منداڵی گەڕەکیش دەوریان دەدا، دەستی دەکرد بە چاککردنەوەی ئەو شتە شکاوانە، بە مەرجێک ئەگەر پارچەکان گەورە بوونایە پێکییەوە دەلکاننەوە، کە دەرمانەکەی دەیبەست

ئیتر تەواو چاک دەبوەوە، هەر لەوێدا عەبوودی بە خاوەن ماڵەکەی دەوت: تا خـۆم لێـرەم چایەک لە قـۆریەکـەدا لێنـێ و منیش پیـاڵەیەک دەخـۆمـەوە.. هەرواش بوو قۆریەکە تەواو چاک دەبووەوە و نە ئاو و نە چای لێ نەدەتکا.

ئەمەی لەمەودوا دێت لە بابەت عەبوودییەوە کورتەیەکە لەو نووسینەی کاک حەمە بۆر کە دەڵێت:

منداڵ بووم لە ١٩٢٩ بەملاوە بوو کە گوێم لە دەنگی عەبوودی بوایە لەگەڵ منداڵـی گـــەڕەک دەبـووینـە پـوورەی هـەنگ بـە دەوریـا.. لەپڕ هـەنـدێ منداڵ دەچوونە بن دەستی.. مامە وەرە بۆ ئەو ماڵە قۆری و قاپی شکاویان هەیە. عـەبوودی دەسـتـڕەنگین لە بن دیوارێکدا بۆی دادەنیشت، کـەرەسـەی ناو هەگبەی دەردەهێنا.. ئەوەندەی نەدەبرد لێواری پارچە چینی و فەخفورییە شکاوەکانی بە دەرمان بە شوێنی خۆیانەوە دەلکانەوە. ئەگەر دروونەوەشی بویستایە خێرا وەستایانە ئەی سمی و بە تەلی باریک تەقەڵبەندی دەکرد.

خۆ ئەگەر شکاوەکە قۆری عەجەم بوایە گورج بە تووڵی باریکی تەنەکە بەشێوەیەکی هەندەسیی جوان قۆریەکەی دەنەخشان و چاکی دەکردەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا گرانجان نەبوو..

لە ئاهەنگی دراوسێیەکماندا عەبوودی بە بوخچەیەک و چوار پارچە دارەوە هێنرایە ناو ئاهەنگەکەوە، چوار کەسیش بە جاجم بۆ ماوەی نیو سەعاتێک عەبوودیان شاردەوە، دوای ئەوەی جاجمەکەیان لادا.. چیمان دیی..؟

سەیر دەکەین عەبوودی بۆتە سێ زەلام، واتا هەر باڵێکی کردووەتە بووکە سەماکەرەیەک خۆشی لە ناوەڕاستدا. یەکەمیان بەرگی شوانی و فەرەنجی لەبەر، دارەکەی دەستی هەڵدەسووڕان و وەک ران بلەوەڕێنێ، پیخەی دەکرد، زەلامەکەی تریش کە قۆڵەکەی تری بوو بە بەرگێکی شڕۆڵەوە بێڵ بە دەستەوە وەک لەسەر زەوی کشتوکاڵی بێ بانگی دەکرد و بە نیوە زمانەکەی

خۆی دەیوت: هۆ توانە (شوانە) رانەکەت دوور تەرەوە (خەرەوە)..

شوانەش دەهاتە دەنگ دەیوت: دووری ناتەمەوە- (ناخەمەوە) تۆ گاڵت بدویزەرەوە (بگوێزەرەوە). دوای ئەوە لێیان دەبوو بە هەرا و ئەیاندا بە یەکدا، پاش ئەوە هەردوو دەستی خۆی دەکرد بە بووک و زاوا.. بەوەش بەزمێکی دڵداری و ماچ و مووچی لێک زوێربوونی دەنواند.

هەروەها لەسەر گازی پشت لێی دەکەوت و بەرگی پاڵەوانیەتی دەکردەبەر، بەهەر قاچێکی کوڕێکی زۆرانبازی و پاڵەوانیەتی دەگێڕا. جگە لە چەند کردەوەیەکی پاڵەوانانە کە خۆی پێشانی دەدا.. چونکە خۆی بە واتەی ئەوسا پاڵەوانیش بوو..

هەر بۆ شەوێ و لەو ماڵە دراوسێیەمان، عەبوودی لەگەڵ چەند زەلامێکی تردا چەند بووکە شووشەیەکیان لەسەر تەختەیەک دانا. سندووقێکی بە بەرزاییشەوە بە سەرەوە توند کرابوو، کە سەر و بنی سندووقەکە کراوە بوو، هەر یەکێکیش لە بووکە شووشەکان بەرگی تایبەتییان لەبەر کرابوو، عەبوودی و کابرای هاوڕێی لەناو سندووقەکەوە بەو دەزووانەی کە بە دەست و قاچ و هەموو ئەندامەکانی تری بووکەکانەوە بەسترابوونەوە، ئەو بووکانەیان جوان جوان هەڵدەسووڕان و هەڵدەپەڕان و بە زمانی ئەوانەوە قسەیان دەکرد (یەکێکیان زمانی دەیگرت کە عەبوودی خۆی بوو). بەوە چیرۆکێکی لاسایی خۆشیان پیشان دا.

لە دواییدا کاک حەمە بۆر دەڵێت: ئەم کردەوانەی عەبوودی و (شخصیەت)ی سەیری کەوا سەرەتای (قەرەقۆز- ئەراجۆز) و هونەرێکی پێشکەوتووی ئەمڕۆی جیهانن کە عەبوودی ناوی نابوون (ئیچک و پێچک) هەڵدەگرێ لێیان بکۆڵرێتەوە.

بەلای منەوە یەکێک هونەرمەندێکی لێهاتوو نەبێت ناتوانێ هەر خۆی بکات بە سێ زەلام و ئەو پەندی پێشینانە لاسایی بکاتەوە کە گوایە وەختی

خـۆی لە هاتوچۆ و گەرمـیـان و کـوێسـتـاندا بە دوای ئاژەڵەکانـیـانـەوە ئیل داویەتی بـەناو دەغـڵـی سـەوزی پێگەیشـتـوودا کـە خـاوەنەکـەی پێی وتووە ئاژەڵەکـەت بەناو ئەو دەغـڵـەدا مـەبە کـە (گاڵ) بووە. وتوویانە گۆرانە گـاڵت وەگوێزە.

ئەمەش لە کوێ و لە چییەوە هاتووە؟

لام وایە لە کتێبی (پەندەکانی پێشینان- کۆکردنەوەی کاکینە و مستەفا صائب و راڤەکردنی جەمال بابان کە ئێستا لەژێر چاپدایە) ئەم پەندە دوور و درێژ لێکدراوەتەوە. پەندەکـە دەگـەڕێتـەوە بۆ سـەردەمی کـۆچ و رەو لە کـوردسـتـاندا، ئەو کاتەی کـە گەرمـیـان و کوێسـتـان و دوای ئاژەڵ کـەوتن پیـشـەیەکی ئازایانـە و کـردەوەیەکی لەجێ بووە، بەو بڕوایەی جـمـوجـوڵ و هاتووچۆ و خـۆ نەبەسـتنەوە بـە شوێنێکەوە پیشـەیەکی گەلێک بەجێیـە و بە پێچەوانەی دانیـشـتوانی دێهاتەکانەوە کە خـەریکی کشـتوکاڵ و پێکەوەنانی ماڵ و خانوو بوون، واتا دەستیان لە کۆچ و رەو هەڵگرتبوو نیشتەجێ بوون. ئەوانەی کۆچەری بوون ئەوسـا (کورد)یان پێ دەوتن، و ئەوانەی نیشـتەجێ و (متحضر) بوون (گۆران)یان پێ دەوتن، کە ئەم گۆرانانە بەلای کوردەکەوە سـووک بوون و بە تەمەڵ و بێکارە دەدرانە قـەڵەم کە ئەمە پێچەوانەی هەمـوو کردەوەیەکی شارسـتانییەت بوو، هەر بە بەڵگەی ئەوەی ئەمڕۆ کۆچەری نەما و گۆرانەکە گرەوی بردەوە.

**بگەڕێینەوە سەر عەبوودی پاڵەوان:**

لەبیرمـە من خـۆم سـاڵی ١٩٤٥ قـوتابی بووم لـە ئامـادەیی سلێمـانی. رۆژێک بەڕێوەبەری قـوتابخانە پێی راگەیاندین کـەوا ئەمڕۆ دەمـەو عەسـر پاڵەوانێک لە بـەغـداوە هاتـووە ناوی (حـسـين تاجـر النجـيـفي)یە، دێت لە حـەوشـەی قـوتابخـانە هونەری خۆی پێشـان دەدا ئەوی ئارەزوو دەکات بێت و بلیتی بە پەنجا فلسە.

من یەکێک بووم لەوانەی کە چووم. پاڵەوانەکە زەلامێکی رەشتاڵەی تێکسمڕاو بوو لە پێشدا گەلێک لەو یارییانەی پیشان دا کە جوانیی لەشولار دەردەخەن دوای ئەوە زەلامێکی تر هات کە (عەبوودی) لای خۆمان بوو. لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەستیان کرد بە زۆران گرتن، جارێک ئەم ئەوی دەدا بە عەردا و جارێکی تر بە پێچەوانەوە، دوای ئەوە چەند (بوتڵ)ێکی شووشەیان هێنا. بە چەکوش تێی بەربوون، هەتا هەموویان شکاند و بڵاویان کردەوە. دوای ئەوە نەجەفی چوو لەسەر گازی پشت لەسەری راکشا، ئینجا عەبوودی هات پارچە ئاسنێکی لەسەر سنگی کابرا دانا و بە چەکوش وەک ئاسنگەر بە دیوە ئاسنەکە. لە دواییدا کە نەجەفی هەستا تۆزێک پشتی بریندار بووبوو بەڵام شتێکی وا نەبوو ئێمە دەمانسوت رەنگ هەیە ئازای تێک بشکێ. کەوابوو قسەی کاک حەمە بۆر لەمەدا تەواوە کە دەڵێت: هەر پاڵەوانێک بهاتایە سلێمانی، عەبوودی دوای دەکەوت.

## مێژووی ئاهەنگگێران بە تەمەنی بیست ساڵەی ژینەوە

رۆژنامەی ژین وەک لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا نووسیومانە لە ١٩٢٦/ ١/٢٦ دەستی کردووە بە دەرچوون کە بەڕاستی بەهۆی خاوەنەکەیەوە کە پیرەمێردی نەمر بوو، رۆژنامەیەکی حەفتەیی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و گەلێک بابەتی تریشی گرتبووە خۆی و بە تەمەنیش لە هەموو رۆژنامەیەکی ئەوسای سلێمانی عومر درێژتر بوو. دوای کۆچی پیرەمێرد خۆشی لە ساڵی ١٩٥٠دا ژین بە سەرپەرشتی جەمیل سائیبی خوشکەزای پیرەمێرد و دوای ئەویش بە یارمەتیدانی (نووری ئەمین- مەحامی) و خوا لێخۆشبوو گۆران و ئینجا ئەحمەد زرنگی کچەزای پیرەمێرد هەر لە دەرچوون نەکەوت.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا باسی ئاهەنگێکی قەشەنگ دەکەین کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر تەمەنی ژیندا کە لە رۆژنامەی ژین

ژمارە ٨١٧ی رۆژی (١٧) کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ بڵاو کرابووەوە، کە هەر کەسە لە بەشدارەکان مشتێکیان وتووە، ئەگەر هەمووی کۆ بکەینەوە زانیارییەکی باشمان وەدەست دێنێ. ئەوانەی بەشدار بوون لەم ئاهەنگەدا جەمیل سائیب و عەبدولواحێد نوری و گۆران و زێوەر و فایەقی کوڕی رەمزی و بێخود و بێکەس و قانع و موفتی پێنجوێنی و گەلێکی تر لە شاعیر و نووسەران.

پیرەمێرد بەم چەند دێڕە نیازی ئەم ئاهەنگەی بڵاو کردەوە:

ژین کـــە پەیامی، ژینی کـــوردانە
فـریشـتـەی مژدەی سـایەی یەزدانە

ئەم بیست و شەشەی کانوون دواییی
ساڵی بیستەمە کەوتووینە شایی

فەرمـوون با ئێوەش بەشتانی تیابێ
یاخـــوا زۆر رۆژی وەهای لە دوابێ

ســەعـات لە چواری دەمــەو ئێــوارە
شوێن شایی قەسری فایەق هوشیارە

رۆژی بیست و شەشی کانوونی دووەم لە کاتی چواری دوای نیوەڕۆدا لە ماڵی هوشیار کۆ دەبنەوە. موتەسەڕیف کە جەنابی مەعروف جیاووک بووە ئەویش ئامادە بووە، بەمجۆرەش ئاهەنگ دەست پێکراوە:

١- بەستەی (هەی ژین) لەلایەن جووتە بولبولی دەنگخۆش (رەشۆڵ) و لاوی تازە پێگەیشتوو (مەحمود محەمەد قادر)ەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقا لەلایەنی بەهجەت رەشیدەوە. ئەمەش سروودی (هەی ژین)ە کە لەلایەن پیرەمێرد خۆیەوە دانراوە.

هەی ژین و هەی ژین، گوڵی باخی ژین
هیمەتی پیرت بۆ بوو بە پەرژین
بەختت وەک تەختی سلیمان بەرزە
شیعرت وەک عەرشی بەلقیس خۆش تەرزە
بینای نەزانیت، هێنایە لەرزە
خۆشەویستی تۆ، لە لامان فەرزە
(هەی ژین و هەی ژین)
ئەمڕۆکە ساڵی بیستت تەواوە
زەماوەندێکی وات بۆ کراوە
لە کوردا جەژنی وا ڕووی نەداوە.
گشت ڕۆڵەت هاتوون، لەم لاو لەو لاوە
هەی ژین و هەی ژین،
نەورۆزت هانی، بە چلەی زستان
بە بانگی بەیان کورد لە خەو هەستان
ئاوازی بەرزیت، کەوتە کوردستان
یاخوا گەرم بێ هەروا مەجلیستان
(هەی ژین، هەی ژین).

٢- وتارێک لەلایەن مەعرووف جیاووکەوە.

٣- نامەیەکی بەنرخ لەلایەن مێژوونووس ئەمین زەکی بەگەوە کە ناردبووی و فایەق هوشیار خوێندیەوە.

٤- وتارێک لەلایەن شێخ محەمەدی خاڵەوە.

٥- چەند دێڕە شیعرێک لەلایەن مامۆستا زێوەرەوە.

٦- چەند شیعرێک لەلایەن فایەق بێکەسەوە.

٧- سەرگوزشتەی رۆژنامەی (ژیان و ژین) لەلایەن شێخ سەلامەوە.

٨- مەقامی قەتار لە شیعری پیرەمێرد.

٩- (سا بە عەشقی بەرزی خاکەکەم        بەیادی قەومە دڵ خەمناکەکەم)

لەلایەن رەشۆڵ و مەحموودەوە بە مۆسیقاوە.

١٠- شیعرێک لەلایەن رەمزی مەلا مارفەوە.

١١- شیعرێک لەلایەن أ.ب. هەورییەوە.

١٢- شیعرێک لەلایەن هێمن شاڵییەوە.

١٣- شیعرێک لەلایەن مەلا مستەفای سەفوەتەوە.

١٤- شیعرێکی بەختیار زێوەر.

١٥- شیعرێکی قوتابی زانستی (بەنگینە).

١٦- مەقامی خاوکەر لە شیعری مەولەوی.

"لە گۆشەی شەماڵ وەک لە هەورا بنوێنێ جەمال" لەلایەن رەشۆڵ و مەحموود محەمەدەوە بە مۆسیقاوە. دوای تەواوبوونی وتار و سروود و گۆرانی دەست کرا بە خواردنی کێک و چا، دوایی سێو و پرتەقاڵ و هەرمێ، ئینجا بەستەی هەی ژین تازە کرایەوە و دانیشتوان خواحافیزییان کرد، بەڵام هەندێک لە میوانەکان وەک بێکەس و سەلام لەوێ تا شەو درەنگ مانەوە.

لەمەش خۆشتر ئەوە بوو کە دەشتاییەکەی ئەوبەرەوە، کە (گازینۆی پیرەمەگروون)ی غەفووری وەستا بەکر بوو، کۆمەڵێک لە لاوان و خەڵکی تر دەستیان کردبوو بە هەڵپەڕین و دەهۆڵ و زوڕنایان هێنابوو بەنگینەی نانەوای شاعیریش پێنج سەد کولێرەی گەرمی هێنابوو بە چای گەرمەوە نۆش کرا، پیرەمێردیشیان هێنا بۆ سەرچۆپی هەڵپەڕکێ.

ئەمەش هەندێ کۆپلەیە لەو شیعرانەی شاعیرەکانمان خوێندیانەوە:

**مامۆستا زێوەر:**

پەروەردەیی پەنجەی ئەدەبی پیری بە تەسکین
نووری نەزەری میللەتی کوردە، غەزەتی ژین
بیست ساڵە ئەکات خزمەتی، قەومی بە دڵ و بە گیان
تەبریکی ئەکەم لاییقە بۆ حورمەت و تەحسین.

**فائق بێکەس:**

گردبوونەوەمان ئەمڕۆ لەم جێیە
ئیشێکی گەورە و جوان و بەجێیە
نیشانە و ڕەمزی تێگەیشتنە
بەڵگەی بەرزێتی پێگەیشتنە
حاجی تۆفیق بەگ، پیری بە غیرەت
ئەمە بیست ساڵە بە هەوڵ و هیمەت
خەریکە لەگەڵ ژیان و ژینا
لەگەڵ ئەدەب و شیعری شیرینا
بە نوکتەی جوان و ئەشعاری وردی
ڕەواجی داوە، بە نەزمی کوردی

**شێخ سەلام:**

دوای داخستنی رۆژنامەی ژیان و لە دایکبوونی رۆژنامەی ژین دەڵێت:

ژیان نازانم تاوانت چییە؟
بۆچ لەلای ئێمە ڕەواجت نییە؟
مەوزووعەکانت هەموو شیرینە
ئەدەبیاتەکەت هەموو ڕەنگینە

پەندی پێشینان، ڕۆحی مەولەوی
تاریخی ئەشخاص، کوردی دڵ قەوی

ئنجا ڕوو ئەکاتە ژین و ئەڵێت:

بەزمی ناو سکم تۆ بخۆ تاوتاو
تا گەورە ئەبێ، ئەوسا شیری خاو

مەمکەکەی فیکرم تۆ بگرە بە دەم
وەک شیر دای ئەدەم، مۆخی ناو کەللەم

بیمژە هۆش و بیر و شعوورم
دێمە ناو خوێنت چۆن لەتۆ دوورم

ئێشکت ئەگرم، نەک چل شەو چلساڵ،
لە ترسی شەوەو ترسی دایکی هاڵ

برژانگی چاوم ئەکەم بە سووژن
ئەیدەم لە بێخت لە ترسی دوژمن.

**رەمزی مەلا مارف:**

ڕۆڵەی خەیاڵی بەرزی نەوەی ئەزکیایە ژین
تولفێکی نازپەروەری هۆش و زەکایە ژین
بیست ساڵی ڕێکە خزمەتی دایکی وەتەن ئەکا
بۆ ئەم دیاری کوردە یەکەم جانفیدایە ژین

**أ. ب هەوری:**

بەبێ زیاد و کەم، بیست ساڵە تەواو
ڕووناکی ئەدا ژین وەک خۆرەتاو

لە ڕێی خزمەتی میللەتی کوردا
بە دەستوبردە و بەهێزو تەواو

**عەزیز شاڵی (هێمن):**

مـن کـــــەڕوو قـــــیـــــبلـەیی ژینـم
پیـــــری ئـەوە لـە مـــــحــــــرابا

تـەوافی فـــیکری پێـــویســـتـــــە
عـــەفــوی ایســـتـــای ســـحـــرتابا

کـە بیـست ســاڵە ئـەبا ســوجـدە
زیکـری قـــــــەت لـە بیـــــــر نـابا

نیـــــە هێـــــز و نیـــــە زانست
کـــــە ئـەو ســــرەی لـەســــەر لابا

لە خـــەڵوەتا ئـەناڵێنێ، ئـەفـەرمــوێ
(یـا لـیــــــــتـنـی کـنـت تـرابـا)

بـەڵام کــــــام گڵ بـشـێ بۆ (کـل)
کە تاریکی لەسـەر چاوی وەتەن لابا.

**مەلا مستەفا سەفوەت:**

لـە بازاڕی ئـەدەبدا نیـــمـــە مـــایە
لەگـەڵ پۆلی ئـەدیبـان، نیـمـە کـایە

**بەختیار زێوەر:**

پیـــری ژیر، ئەی خـــاوەن ژین و ژیان
ئەی یەکـە دڵسـۆزی خـاکی نیـشـتـمـان
غــایەتی هـەر ناوی خـۆی کـردبووە ژین
وەرنـە ئـامـــانجی وەکـــو ئـەوبێ ژیان

سەد سوپاس ئەمڕۆ لە چەرخی بیستەما
خۆی گەیاندە ساڵی بیستەم بێ وچان

**شاعیری میللی حاجی باقی نانەوا (بەنگینە):**

ژینی خۆشەویست چرای کوردستان
ڕۆشنایی چاوی وردو درشتمان
ئەمڕۆ کوڕێنیت گەیشتە بیست ساڵ
سەر گۆنای مەردیت بوو بە خەت و خاڵ

**عەلی کەمال باپیر لە نامەیەکدا کە ناردوویەتی:**

مامۆستای گەورەی بەناوبانگی کورد
پیرەمێرد دانای بیر و خەیاڵ ورد
ئەگەر هیمەتی تۆ نەبێ لە کوێ
(ژین)ی خۆشەویست ژیانی ئەبێ

**مەلا کەریم (ناطق) لە هەڵبجەوە شیعری ناردووە دەڵێ:**

شەماڵ گیان بچۆ بۆ خزمەت پیرم
بۆ خزمەت پیری ڕۆشن زەمیرم
ساحێب عیلم و فەن، نادرەی زەمان
شەعشەعەی ئەفزای سەفحەی نیشتمان

**شاعیری چینی کرێکار و هەژاران (قانع) لە نامەکەیدا دەڵێت:**

بنچینەی کوردی، جەریدەکەی ژین
بۆ بێ وەفاییت هەزار ئافەرین
پیر و موریدن بووین من و تۆ چەند ساڵ
زەمانمان ڕابوارد سا بە هەر ئەحواڵ

تۆ باخچەی گوڵ بوویت منیش وەک بولبول
لە بولبـــول زیاتر دەروون پڕ لە کـــوڵ
ســـــەیری لاپەڕە و ژمـــــارەی زوو کـــە
تەمــاشــای ژیانی دە ســاڵ پێـشــوو کـە
ئـەزانــی کـێ بـوو، کـــــــــریـداری تـۆ؟
کێ بوو دەروێش و خـــزمــــەتکاری تۆ؟
تۆ لەیل و من قــــەیس نامـــــرادی تۆ
تۆ شــیــرینی عــام، من فـــەرهادی تۆ
تۆ بژیت ئێـــمـــە، بەندە فــــەرمـــانین
بۆ ســــــەربەرزی تۆ ڕوو لە یەزدانین

بەمجۆرە کۆتایی بە ئاهەنگە خنجیلانەکەی ژین هێنراوە کە پیرەمێرد بەو پیری و دەست کورتییە، بەڵام دڵی خزمەت و نیشتمان پەروەریەتی هەمیشە تەڕ و گوڵی بەهار بوو، ئەم بەزمانەی لە ماڵا و لە کاریزی وەستا شەریف دەگێڕا.

شیعری شاعیرەکان هەموو جوانن و لە جێی خۆیاندان، بەتایبەتی شیعرەکەی خوا لێخۆشبوو (عەزیز شاڵی- هێمن) کە دەڵێت:

نییە هێزو نییە زانست
کە ئەو سرڕەی لەسەر لابا
لە خەڵوەتا ئەناڵێنێ ئەفەرموێ
یالیتنی کنت ترابا
بەڵام کام گڵ بشێ بۆ کل
کە تاریکی لەسەرچاوی وەتەن لابا

هەزار رەحمەت لە گۆڕی پیرۆزیان لەگەڵ هەزار چەپکە گوڵی رازاوە و بۆنخۆش.. و هەزار (فاتحة) بۆ گیانی پاک و بێگەردیان.

لە کتێبی (شاری سلێمانی بەرگی دووەمی کاک ئەکرەمی ساڵحی رەشە)دا هاتووە کەوا یەکەم دەستگای سینەما کە بە (پیل) ئیشی دەکرد لە ساڵی ١٩١٠دا هاتووەتە سلێمانی لە خانی شێخ ئەحمەد دامەزراوە لە (تووی قۆجە)، خەڵک بە شەو دەچوون بۆ سەیری، کە دەکەوێتە کۆتایی شەقامی سابوونکەران.

دوای ئەوە ئەگەر تاکوتەرا لە ماڵە خواپێداوەکاندا ئەوانەی کە زەوقیان لەسەر شتی وا بووە، رەنگ هەیە سینەمای سەرەتایی و فیلمی بێ دەنگیان هەبووبێت و ئیشیان پێ کردبێ. لەم بەینەدا لەجیاتی سینەما (صندوق الدنیا) هەبوو کە برێتیی بوو لە سندووقێک دوو سێ زەڕبین بە دیوارێکی سندووقەکەوە بوو، لە ناوەوە شریتێکی کاغەزی دوور و درێژ کە هەمووی رەسم بوو هەر سەرێکی شریتەکە بە تەلێکەوە قایم کرابوو، سەرەکانی ئەو تەلانە لە دەرەوە دەسکییان هەبوو. کە خاوەنەکەی بای دەدا وەک سینەما مناڵە وردکە لە زەڕەبینەکانەوە سەیریان دەکرد کابراش راڤەی دەکرد و بە دەم بالۆرەوە ئەمانەی دەوت کە خۆم سەیرکەری یەکێک لەو سندووقانە بووم: (ئەوە ئەستەمبووڵە، پەنجەرەکانی بلوورە، عەنتەر پاشا لە ژوورە.. ئەوە شاری سەگانە، حاشا لە رووی حازریانە، پاڵەوان لە پشتیانە، کتێب لە دەستیانە.. ئەوە گورجی فەرەنجییە، شەق شەق لە.. دەرچییە) بەمجۆرە بەپولێک یا دوو پوول سەیری سندووقی دنیامان دەکرد.. ئینجا ئەمە چووە دووکانێکەوە و دامەزراو وازی لە گەڕانی گەڕەکا و گەڕەک هێنا.

لە رۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە ٣١ ساڵی ١ رۆژی ١٦ تەمووز ١٩٢٥ ئەم بڵاوکراوەیەی تێدا بوو:

**( سینەما )**

لە طرف جنابی آمر منطقەی شرقیة علی رضا بگ عسکریەوە لەم رۆژانەدا سینەمایەکی بچووک هێنراوە بۆ ئێرە و لە جێگەی قشڵەی کۆنەکە کە

موقعێکیان بۆ ترتیب داوه و ڕێکیان خستووه، حەفتەیەکە شەو ئیش ئەکات و خلق ئەچن تەماشا ئەکەن و ڕائەبوێرن. ئەم زاتە لەگەڵ وظیفەی مهمەی عەسکەریشیا بۆ خزمەتی وڵاتەکەی وەکو نادی، سینەما کە هەموو آثار عمرانن دریغ همەت نافەرمون سعی و همەت واقعەی باعث شکرانە وەکو بیستومانە بلدیەی ئێرەش فکری وایە بنێرێ مەکینەیەکی گەورەی باشی سینەما بێنێ بۆ ئێرە و ئیشی پێ بکات لێرەیشدا قەمەرێکی عمران و مدنیت خۆی نیشان بدا، هەر چەند مەملەکەتەکەمان داخلا هێشتا لەپێش ئەوەدا محتاجی گەلێ شتی ترە فقط چونکە ئەوەیش علامەتێکی بەرزی و ئاوەدانیە بۆ مەملەکەتەکەمان دیسانەوە هەر شتێکی خۆشە. امید ئەکەین کە ئەم فکرە و فکری تری باشیش کە بۆ وڵاتەکە بە کەڵک بێت سەربگرێ و بچێتە سەر.

هەر لە ژمارەی (ژیانەوە)ی دوای ئەوەی سەرەوە واتا ژمارە (٣٢) ڕۆژی ٢٣ تەمووز ١٩٢٥ ئەم (اعلان)ەی تێدا بڵاو کراوەتەوە:

(شەوی یەک شەمە، سینەما بۆ منفعت مکتب ئیش ئەکات. هەموو معارفپەروەر صاحب حمیەتێک لازمە کە اشتراکی ئەم خەبەرە عظیمە بکا و ئەوانەی کە اشتراک دەکەن، مراجعت بە مکتب بکەن و بلیت وەربگرن).

نەمان زانی عەلی ڕەزا بەگ ئەو سینەمایەی بە خۆڕایی ئیش پێ کردووە یان بە پارە. ئەو ئیعلانە وای دەردەخات بە بەلاشە. سینەمای ئیعلانی دووەم بە پارەیە و پارەکەشی بۆ قوتابخانەیە.

لەم بەینەدا، واتا لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا جارجار سینەمای گەڕۆک دەهاتە شارەوە. لەبیرمە سینەمایەک هات لە چایخانەکەیی (أوقاف) دامەزرا، بەڵام فیلمەکەی بێ دەنگ واتا بێ قسە بوو.

**سینەماکەی ڕەمزی قەزاز (سینەمای سەلاحەدین):**

وەکو بیرم بێ یەکەم کەس کە سینەمای هێنابێتە سلێمانی، خوا لێخۆشبوو ڕەمزی قەزاز بوو کە لە جێگای چایخانە گەورەکەی (محمد یوسف)

بەرامبەر بە گەراجی (سید نوری نقیب- گەراجی حەمە فەرەج ئەفەندی) بوو، سینەماکە لە ساڵی ١٩٤٢دا دامەزرا تا ساڵی ١٩٤٩ دەوامی کرد.

نووسەری ئەم کتێبە لە کۆواری بەیان ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧٥ لەژێر ناوی (یادێکی جاران. جامەدان ساحیب و سینەماکەی شار) ئەمەی خوارەوەی نووسیوە کە تیشکێکی روون دەخاتە سەر ئەو سینەمایە:

(فیلمی "عەنتەر والی" هەر ئەمشەوی ماوە.. سبەینێ فیلمی "جامەدان ساحیب" ئیش دەکات، دوای ئەوە فیلمی "چاوەشی نەبەز باسی ئەم شەڕی دووەمەیە کە ئێستا هەیە").

ئەو زەلامەی ئەم بانگەوازەی دەکرد، بە تەنیشت عەرەبانچییەکەوە لێی دادەنیشت، وێنەی پاڵەوانی فیلمەکە بە تەختەیەکەوە بوو، لە بەردەمیدا بە جۆرێک کە ببینرێ. کە پڕ بەدەم هاواری دەکرد وەک لە سەرەوە وتمان چاوەشەکانیش لەناو عارەبانەکەدا یەکێک دەهۆڵی دەکوتا و یەکێک زوڕنای دەژەند، بە کۆڵانەکانی سلێمانیدا دەسووڕانەوە و منداڵە وردکە دوایان دەکەوتن هی ئەم کۆڵان دەیاندانە دەست منداڵی ئەو گەڕەک..

سینەمای سەلاحەدین کورسییەکانی یەک بابەت نەبوون، هەر لە قەنەفە و قوڵنخ و موبیلەوە بیگرە تا دەگاتە کورسییە چوار گۆشەییەکانی چایخانەکان، هەمووی تێدا بوو جاری وا هەبوو کە پیاو هەستایە شیڕ بزمار شەرواڵ یا پانتۆڵەکەی بۆ دادەڕی. لۆجەکانی سینەماکە زیاتر لە کەپر دەچوون کە لە تەختە دروست کرابوون و بە پەیژە بۆیان سەردەکەوتن. هەر دەچوویتە ناو یەکێکیانەوە دەتوت ئێستا هەرەس دێنێ. هەر ئەم لۆجانەش ئارەقیان تێدا دەخورایەوە بە دزی کاک رەمزییەوە. سینەماکە (توالیت)ی تیا نەبوو، یاخۆ لە سەرەتاوە ئاودەستخانەی نەبوو، هەرچەند لەم دواییەدا چەند تەنەکەیەک دانرا بۆ میز لە قوژبنێکدا کە میزیان تێ دەکرا و لە دواییدا شاگردێک دەیرشتن. بەڵام لە رۆژی ژناندا (چونکە رۆژانی ژن و پیاو جیاواز بوو) ژن منداڵەکەی هەر لای خۆیەوە رادەهێلا و میز چۆڕاوگەی

دەبەست، عەبای دووسێ ژنی لە نوێژ دەبرد. حەفتەی دوو ڕۆژ سینەما بۆ ژن بوو باقییەکەی بۆ پیاوە. ژن بە عەبا و پەچەوە دەهاتن.. سینەما ئیشی نەدەکرد تا (قەپات) نەبوایە، ئەوسا (حمادە) کە ئیشپێکەری سینەماکە بوو قۆڵی لێ هەڵدەکرد، بە دەستێک فیلمی ئیش پێ دەکرد، بە دەستەکەی تری پێکە ئارەقی دەنا بەسەریەوە، فیلم کۆن و ماکینە کۆن، خێرا خێرا ماکینەکە فیلمەکانی دەجووەوە و دەیپچڕاند. یاخۆ ڕەنگ هەبوو دەنگ نەبوو.. ئیتر دەبوو بە فیکە لێدان و هوها کێشان، دەنگ بەرز دەبوەوە، (حمادە.. صوت) حەمادە ئەوەندەی خواردبووەوە کەیل بووبوو ئاگای لە خۆی نەمابوو، تا یەکدوو شەپازلەیان دەگەیاندە بناگوێی ئەوسا بە ئاگا دەهاتەوە.. فیلمەکان بەزۆری هندی بوون لە بابەت بۆمبا والی و خەنجەر و والی و جامەدان ساحێب و عەرەبی (بعبع و ام أحمد) یاخۆ وەک کابرای عارەبانەکە هاواری دەکرد (ئەمە ئەو فیلمەیە کە عەبدولوەهاب فاتمە روشدی لە خشتە دەبات).

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، چونکە ئەمە هەوەڵ سینەما و تاکە سینەما بوو لەو ڕۆژانەدا، خەڵک بەزۆری سەریان تێ دەکرد، لەبەرئەوەی کە شوێنی تری رابواردن لە شارەکەدا نەبوو.. بەڕاستی ئەم هەنگاوەی کە خوا لێخۆشبوو ڕەمزی قەزاز نای شتێکی زۆر بەجێ بوو، پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەگەر یەکێک پارەی تەواوی بلیتەکەی پێ نەبوایە، کاک ڕەمزی چاوێکی دەبەستەوە و دەیکردە ژوورێ دەیوت: بڕۆ بایی پارەکەت بە تاکە چاوێک سەیر بکە.

**سینەمای گۆیژە**

ساڵی ١٩٤٩ کرایەوە. خاوەنەکانی ئەسکەندەری ئازاچی و ئەمیناغای حاجی مەلا محیەدین بوون. شوێنەکەی جێگای ئێستای بازاڕی زێوەر. ئەم سینەمایە هاوینە بوو تا ساڵی ١٩٦٠ دەوامی کرد دوای ئەمیناغا و ئەسکەندەر کەوتە دەست کەریماغای خەیات و قادری حاجی حسێن و

ئەحمەدی میرزا غەفوور.

ئەوەی شایانی باسە فیلمێکی پیشان دا (ستصبح ألأرض حمراء) فیلمێکی ئەڵمانی سیاسی بوو. هەر یەکەم شەو دوو جار پێشان درا سینەماکە زۆر قەڵەباڵغ بوو بەرنەدەکەوت. هەر دوای ئەوە حکومەت پیشاندانی ئەو فیلمەی قەدەغە کرد.

ئەوانەی لەم سینەمایەدا ئیشیان دەکرد:

غەفوور رەشید داراغا بەڕێوەبەر، ئەنترانیک مەکینەچی و ئەدوارد شەرام یاریدەدەری بوو. جگە لە چەند کەسێکی تر کە ئیشیان تێدا دەکرد.

(ل٤٣١-٤٣٢ شاری سلێمانی. بەرگی دووەم. ئەکرەم مەحموود ساڵحی رەشە)

**سینەمای رەشید**

ساڵی ١٩٤٨ دەست کرا بە دروستکردنی بیناکە و ساڵی ١٩٥٠ تەواوبوو. موڵکەکەی هی کوڕانی ساڵحی رەشەیە.

ئەوانەی سینەماکەیان گرتە دەست ئەمانە بوون:

١- ئیبراهیم مەعرووف (برایمی سنگەر).

٢- جەمیل سەعید بەگ.

٣- ئەحمەدی مستەفا بەگ.

٤- عومەر قەزاز.

یەکەم فیلم لەم سینەمایەدا پێشان درا فیلمی (غرام وانتقام) بوو نواندنی (ئەسمەهان و یوسف وەهبی و ئەنوەر وەجدی).

ساڵی ١٩٥٦ سینەماکە کەوتەوە دەست خاوەن موڵک خۆیان کە توانییان (پەردە و مەکینە)کەی بکەن بە (سکوب). یەکەم فیلم بە سکۆب و رەنگاوڕەنگ کە پێشان درا (سوارەکانی دەوری مێزی خڕ- فرسان المائدة المستديرة) نواندنی (روبرت تایلر و ئاڤاگاردنەر) بوو کە لە جەژنی قوربانی ئەو ساڵە پێشان درا.

لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجا و سەرەتاکانی ساڵانی شەستدا دوو فیلمی فارسی کە (سکوب و ڕەنگاوڕەنگ) بوون و ئەوکاتە ئەو جۆرە فیلمانە لای تەماشاکەران زۆر خۆش بوون. یەکەمیان (سوارەکانی کوردستان) و دووەمیان (حەسەن کەچەڵ). لەلایەن ڕەفیق چالاکەوە کرابوون بە کوردی و لەسەر فیلمەکان تەبع کرابوون. خەڵکەکە زۆرتریان لا خۆش بوو. ئەوانەی لەم سینەمایەدا ئیشیان دەکرد ئەمانە بوون:

عەلی ساڵح رەشە. عەزیز و ئەکرەمی ساڵح رەشە و جەمیل سەعید بەگ ئەمانە خاوەنی سینەماکە بوون و جەمیل بەگ شەریکیان بوو و بەڕێوەبەریش بوون. (ماکینەچی: عومەر عارف و عوسمان عارف و سەلاح حیکمەت و عەلی حیکمەت مەکینەچی بوون).

لەم دوایییەدا کارگێڕی سینەماکە هەر تەنها ئەکرەمی ساڵحی رەشە بوو. سینەماکە تا ئێستا لە کاردایە و بە دەست خاوەنەکانیەوەیەتی و شوێنەکەی بەرامبەر سەرایە واتا لە ناوەڕاستی شاردایە و باشترین شوێنە.

پروپاگەندەی سینەماکە بۆ فیلمەکانی، بە گێڕانی تەختەیەک بوو کە وێنەی فیلمەکەی پێدا دادەکوترا و کرێکارێک دەیگرت بەسەر شانیەوە و بەناو بازاڕ و کۆڵانەکاندا ئەگەڕا، جاری واش هەبوو بە عارەبانە و دەهۆڵ و زوڕنا و وێنەی فیلمەکە بەناو شاردا دەسووڕانەوە. (ل٤٣٢-٤٣٤ شاری سلێمانی ئەکرەمی ساڵحی رەشە).

**سینەمای سیروان**

لە ساڵی ١٩٥٦دا ئەم سینەمایە هەر لە شوێنەکەی ئێستای خۆیدا کرایەوە. بەڵام ئەو کاتە سینەمایەکی هاوینە بوو. ئەمە دووەم سینەما بوو کە بتوانێ فیلمی سکۆب پێشان بدا.

لە ساڵی ١٩٥٨دا کرا بە سینەمایەکی زستانە.

ئەو کەسانەی لەم سینەمایە ئیشیان دەکرد. خاوەنەکانی کە بەکرێیان

گرتبوو (برایمی مەلا مارف، ئیسماعیل عەبدوڵڵا و ئەحمەدی مستەفا بەگ) هەر خۆیان سەرپەرشتییان دەکرد. (ل٤٣٥ شاری سلێمانی. بەرگی دووەم. ئەکرەمی ساڵحی رەشە).

١- ئەوەی شایانی باسە لە رۆژنامەی (ژین)ی رۆژی ١٣/٢/١٩٥٨دا هاتووە دەڵێت: لەم حەفتەیەدا سینەمای سیروان کراوەتەوە.

٢- جاران سینەماکان دەنگی خۆیان و فیلمەکانیان بەهۆی عارەبانەی ئەو سەردەمەوە و بە دەهۆڵ و زوڕنا و وێنەی پارچەیەک لە فیلمەکە، یاخۆ تەختەگێڕ وەک لە شوێنی خۆیاندا باسمان کرد ئەگەر زۆرزۆر خۆیان بگوشیایە، لە رۆژنامەی ئەو سەردەمەدا کە (ژین) بوو هەواڵی فیلمەکەیان بڵاو دەکردەوە.

بێگومان ئێستا پێویست بەوانە ناکات، بەهۆی رۆژنامەو کۆوار و تەلەفزیۆن و هۆیەکانی تری راگەیاندن زۆر بە ئاسانی سینەماکان (هەرچەندە هاتوچۆکەریان بەهۆی تەلەفزیۆن و شتی ترەوە کەم بۆتەوە). دەتوانن پڕوپاگەندە بۆ فیلمەکانیان بکەن و بە خەڵکیان رابگەیەنن.

٣- ئەم سینەمای سیروانە ئێستا نەماوە.

٤- دوای بەینێک بەتایبەتی لە کاتی شەڕی گەورەی دووەمدا سینەمای گەڕۆک پەیدابوو، کە (استعلامات) ئینگلیزی و ئەمەریکی سەرپەرشتییان دەکرد. (انترانیک) کە یەکێک بوو لە ئەرمەنییە وەرزشوانەکانی سلێمانی، ئەویش خرایە سەر ئەو سینەما گەڕۆکانە. کە تەنها بۆ پڕوپاگەندەی شەڕ و بەلای سوێندخۆرەکاندا لای دەدا.

**سینەمای دڵشاد**

کاکە حەمەی حاجی ساڵحی قاسم دایمەزراند لەسەر شەقامی کاوە و بەناوی (دڵشاد)ی کوڕیەوە ناوی نا.

## بحر الأنساب

## بۆ حضور عموم سادات کردستان روم و عجم تقديم

له تأريخی سنة ١٢٩٠ وه تا ئەم ساڵ هەروه له دێ له سلسلەی طاهرەی نبوي صلی الله عليه وسلم که به ولد هاتووه و داخلی بحر الانساب نەبووه، لەبەر ئەمه که زۆر کەسان به درۆ خۆيان کردووه به سەيد، زۆر کەسانيش لەبەر بێ مبالاتی خۆيان ناوی سيادەتيان کەم بووه خلق به چاوی مسکين تەماشايان دەکەن. چونکه ئێمه ساکنی دێی بەرزنجەين، ئەويش منبع و سەرچاوەی عموم ساداتی حسينيه، تعقيبی ئەم ئيشه مبارکه لەسەر ئێمه واجب و لازمه، له تاريخی مانگی ذی القعدەی ١٣٤٠وه له دێی بەرزنجەدا پێنج کەس دادەنيشين لەسەر ئەو بحر الانسابة که واين له خزمەتيدا، به طول و تفصيل، هەرکەس لەم ساداته که داخل نييه، داخڵی دەکەين، له پاش تەواوبوونی دەيدەين به چاپخانەی سلێمانی بيدا له مطبعه و هەر فرقەی نسخەی خۆی بۆ بچێت. ئەمما بۆ مصرفی ئەم پياوانه که مدەی سێ چوار مانگ خەريک دەبن و له چاپی دەدەن. ئەو نفوسانه که له تاريخی ١٢٩٠ی هجريەوه تا ئەمساڵ به وەلەدبوون هەر سەری نفسی روپيه و نيوێک لەگەڵ دەفتەری نفوس و مفرداتی خۆيان بنێرنه دوکانی رؤفی عطار له راسته گوزەری سەر بازاڕ يا بەرزنجه، ناويش بنوسێت بۆ ئێمه و داخل بحر الانساب بکرێ و لەم شەرەفه محروم نەبێ. رجا له خوێندەواری غەزەتەی پێشکەوتن دەکەين، بواسطەی هاتوچۆکەرانی ئەملا و لاوه، ئايا عەينی غزاته يا به کاغز و سفارش خەبەر بدەن بەو سەيدانه که داخلی ئەم وڵاته دەبن، تاکو هەموو لايەکمان لەم ئيشه موبارەکه محروم نەبين و نائلی اجری عظيم ببين.

البرزنجي: السيد اسماعيل زاده

محمد نجيب

(پێشکەوتن ژماره –١١٥– رۆژی ٦ جولای/تەمووز ١٩٢٢).

**دوقتۆرێکی حاذق**

دکتۆرێکی حاذقی صاحیب دیپلۆما بە تخصیصاتێکی زۆر مستوفی بۆ بلدیەتی سلیمانی لازمە، لەهەر جێگایەک دوقتۆرێکی وا هەیە یا بە تحریرات یا بە تلغراف مراجعت بە بلدیەی سلێمانی بکا و بە چ تخصیصاتێک طالبی هاتنە بۆ سلێمانی ایضاحی بکات.

محمود: رئیس بلدیەی سلیمانی
(رۆژی کوردستان ژمارە (٧) کانون أول ١٣٤١ﻫ)

(هاتن)

جەنابی تۆفیق بەگی محمود ئاغا کە ٢٣ ساڵە لە وطن دوور کەوتۆتەوە شەوی ٣٠ کانون ثانی ١٩٢٥ تشریفی هاتەوە.

مەملەکەتەکەمان بە قدومی ئەم زاتە زۆر مسرور و پێ خۆشحاڵە بەناوی هەموو خۆ ولاٚتییەکەوە بەخێرهاتنی ئەکەین.

(ژیانەوە -١٤- شباط ١٩٢٥)

لە ڕاستیدا (٢٥) ساڵ بوو لە نیشتمان دوور بوو نەک (٢٣) ساڵ:

ئەوا ڕووم کردە تۆ، ئەی دایکی موشفیق بیست و پێنج ساڵە
لە غوربەتدا، بە یادی تۆ ئەژیم، خوا شاهیدی حاڵە

بەیانی دا، نەسیم لای تۆوە هات، بۆنی وەتەن پێوە
ئەوا نووسرایەوە پیرانە، سەر عومرم لەسەر نوێوە

ئەڵێن نەفخەی ژیانی پێوەیە، بادی بەهار وایە
بە سرووەی بای وەتەن ماوم بەهارو بای لەلام بایە

(ترێن) جووڵایەوە، وا کەوتەڕێ، باوەڕ بە خۆم ناکەم
خەوە یاخود خەیاڵ، یا ڕاستە، ئەم حاڵی فەرەحناکەم

هەوای تەختی سلیمانی هەیە، بادی ترێن بابێ
بلا بابێ، لە شەهبابێ، لە فیحابێ لە (زۆرا) بێ
بە چاوما بێ ئەگەر تۆزێک لە تۆزی بای سلێمانی
کە نووری توورە، تووڕێک ناهێنێ سوورمەی سلێمانی
کە با بۆنی گوڵێکی کانی با بێنێ لەلام وایە
تەڵای کەیخسرەوی وەک گەنجی باداوە و هەموو بایە
گزنگی خۆر ئەداتە بەفرەکەی شاخی عمر گدروون
بریقەی خۆشترە لای من لە دوڕو گەوهەری قاروون
بە ئاواتی ئەخوازن خەڵک طعامی مائدەی عیسا
هەموو حەڵوا گەزۆیەک ناهێنێ، دەستم کەوێ ئێستا
شەماڵ دێنێتە گوێم دەنگی منالانی قوتابخانە
نەشیدی میللیان لاهوتیە، قووتی دڵ و گیانە
هیوام پێیانە، ئەم دەستە کوڕانە، مەشخەڵێ هەڵکەن
لە تاریکی نەزانیندا، بە زانستی وەتەن دەرکەن
کزەی دەروون بۆ نیشتمان هەر ئەوەندە بە سۆز ئەبێ.

هەرکە (ترێن TRAIN شەمەندەفەر)ی ڕێگای بەغداد کەرکووک کە پیرەمێردی تێدا بووە کە لە تورکیاوە هاتووەتەوە بەغداد لەوێوە بە شەمەنەفەر بەرەو کەرکووک و لەوێوە بە گەڕێن بۆ سلێمانی و بڕوای بە خۆی نەکردووە ئەم خەوەی بێتە دی، بەتایبەتی کە لە زستاندا بووە و بەفری شاخی پیرەمەگروون کە هەتاوی لێ داوە و لە دوورەوە شەوقی داوەتەوە لای پیرەمێرد ئەوە لە هەموو سامانی دنیا بەنرختر و جوانتر بووە.

**صندوقی عرضحال (شکاوی)**

مدەتێکە صندوق عرضحال لەسەر محەجەرەکانی اطراف سەرا دانراوە رۆژی دوو دفعە ئەکرێتەوە و محتویانی ئەخوێنرێتەوە دوو کاتب لە هۆدەکانی خوارەوە با خصوص بە ئیشی عرضحال مشغولن. هەرکەسێک عرضحال ئەخاتە صندوقەوە رۆژی دوایی لای ئەو دوو کاتبە نتیجەکەی سؤال بکا.

متصرف سلیمانی

(ژیانەوە ژمارە-٣٥- رۆژی ١٣ ئۆگەستۆس ١٩٢٥).

**أولادی رؤسای عشائر بۆ مکتب عسکری ملوکانە**

هەروەکو لە وەزارەتی جلیلەی دفاعەوە تبلیغم کراوە ئەمساڵ چەند کەسێک لە اولادی رؤسای عشائر بۆ مکتب عسکری ملوکانە -لە بغدا- قبوڵ ئەکرێ. لازمە ئەو کەسانە حائزی شرائطی آتیە بن:

١- ئەبێ کوڕی ریس عشرەتێکی معروف و مشهور بێ.

٢- ئەبی خوێندەوار بێ.

٣- ئەبی عومری لە بەینی ١٥ و ٢٠ ساڵدا بێ.

هەر کەسی طالبە ئەبێ هەتا ١٥ مارت ١٩٢٦ مراجعت بەم دائرەیە بکات.

متصرف لیوای سلیمانی

(ژیانەوە ژمارە -٥٦- رۆژی ١٤ کانون ثانی ١٩٢٦).

**شاهێن آ. أیجیان و مزگەوت**

شاهێن آ. آیجیان دوکانێکی لەسەر شەقامی خەستەخانەی سەرەوە، داوە بۆ ئەوەی بکرێ بە دەرگا بۆ مزگەوتی (بن تەبەق) بۆ هاتوچۆکردن کە ئەگەر ئەو دوکانە نەدرایە بەو مزگەوتە، رێگای ئەوەی. تا ئێستا نەبوو کە لەسەر شەقامەکەوە، هاتوچۆی بۆ بکرێ. بێگومان ئەم ئیشەی جێگەی سوپاسە.

(ژین ژماره -١٣٧٠- رۆژی ٩٥٧/١١/٢٨).

بەڕاستی ئەم پیاوەتییەی ئەم پیاوە ئەرمەنییە کە لەگەڵ مزگەوتێکی ئیسلامدا کردوویەتی، بێ ئەوەی کەس زۆری لێ بکات بەڵکو لە کانگای دڵیەوە نەک هەر ئەم پیاوەتییەی کردووە، بەڵکو بیستوومە ئەم برا ئەرمەنییەی دانیشتووی ئەوسای شارەکەمان گەلێک پیاوەتی تری لەم بابەتەی هەبووە. بۆ نموونە (باجی رەحمە پیرێژنێکی بەساڵاچووی لاواز و بێ هێز ناتری ژنان بوو لە حەمامی فاتمە خان. هەمیشە یارمەتی ئەم پیاوە لەگەڵیدا وەک بارانی بەهار بوو). کەوابوو ئەم کردەوانەی ئەم شاهێنە جێی ئەوپەڕی بەرز پێدا ڕوانین و ئافەریمن.

## مێژووی سەیرانگاکانی سلێمانی

**- سەرچنار**

مستەر ریچ کە لە ساڵی ١٨٢٠دا هاتووەتە سلێمانی، پێش ئەوەی بێتە ناو شار لە سەرچنار چادری بۆ هەڵدراوە و کانی ئاو و باخات بووە و بە (سوورجینا) ناوی دەبات مێجەرسۆنیش بە (سورچینار) ناوی دەبات، مەولانا خالیدیش دەفەرموێ (عاقبەت کەردەم دەوا داغی فیراقی سەرچنار). هەندێک سەرچاوەی مێژوویین دەڵێن گوایە سەرچنار لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوا میری باباندا (١٨٣٨-١٨٥٠) لەشکرگا بووە. ناوەکەشی هەر لەو داری چنارانەوە هاتووە کە تێدا بوون و نەماون. سەرچنار دەکەوێتە رۆئاوای سلێمانی بەرەو ژوورتر.

ئێستا بووە بە شارێکی گەورە و هاوینەهەوارێکی رێکوپێک و دەستی پێدا هێنراوە. شوێنێکی تا بڵێی رێکوپێک و خۆشە و هەموو مەرجێکی (سیاحەت)ی تێدایە بەتایبەتی نزیکی لە سلێمانییەوە کە هەرکەس بیەوێ بە چەند دەقیقەیەک بە گەڕین دەیگاتێ.

**- کانیی با**

بە شیعرەکەی نالیدا کە دەڵێت لە پرسیارەکەیدا:

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری کانی با

یاخۆ بووە بە تەفرەقە و شۆڕش و نشور؟

وا دیارە کانیی با هەر لە زووەوە شوێنی سەیران بووە، جگە لەوەی خەڵک چوونەتە سەر شەخسەکەی کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سلێمانی- عەربەت نزیک بە زێڕینۆک و لەولای گردی سەیوانەوەیە (من خۆم) کە قوتابی ناوەندی بووم، جارجار لە بەهاردا ڕۆژانی چوارشەمووان کە ڕۆژی سەیران بوو لە شاردا چوومەتە کانی با و زۆر قەڵەبالغ دەبوو، کوڕ و کچ و ژن و پیاوی تێ دەڕژا دەڵێن شەخسەکەی باداری چاک کردووەتەوە بۆیە ناونراوە کانیی با.

**- دەشتی فەقێیان**

دەشتێک بوو لە دامێنی گردی سەیوان بەلای گردی حاجی ئەولادا لە ڕۆهەلاتی شار. پردێکی دارینەی بچووک لەسەر شیوی سەرقەبران (کە ئێستا ئەویش نەماوە) هەبووە کە پیا پەڕیونەتەوە بۆ دەشتەکە. فەقێکان ئێوارانی جومعە و سێشەمووان لە بەهاردا زیاتر دەچوون لەوێ یارییان دەکرد، وەک کەوشەک و قەلە مرداریێ و جغزێن و تۆپێن.. دانیشتوانی شارەکەش دەچوون بۆ سەیر و خەڵکێکی زۆری تێ دەڕژا. ئەوەتا نالی دەفەرموێ:

توخوا قەزای دەشتی فەقێیان ئەمیستەکەش

مەحشەر میسالە، یا بووەتە چۆڵی سەلم و توور

ئەم دەشتە هەر هیچی نەماوەتەوە و شوێنەکەی بە خانوو و قەبر پڕ بووەتەوە.

**- کارێزی وەستا شەریف و گردی مامەیارە**

لە شوێنێکی تردا لەم کتێبەدا باسمان کردووە.

**- شێخەباس ( شێخ عەباس )**

گوایە شێخەباس (قطب)یان پێ وتووە. شەخسێک بوو لە خوارووی سلێمانی نزیک ڕێگای (قەرەتوغان) بەرامبەر بە ماڵەکانی (وڵوبە).

ئەم شوێنە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا گوایە جوولەکەی تێدا دانیشتووە و ناونراوە گەڕەکی جوولەکان.

حەزرەتی نالی لە دێرە شیعرێکیدا دەپرسی:

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخەباس
یا بێ نەواو و بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور

لە کاتی خۆیدا دارەکەی شێخەباس لەسەر گردێکی پان و فراوان بووە هەر لەو ناوچەیەدا. دارەکە ئەوەندە گەورە بووە کە بە ئاسانی گوریسی پێدا هەڵواسراوە و دیلانییان پێ کردووە. بەڵام دوای هاتنی عوسمانییەکان دارەکەی شێخەباسیان بڕیەوە و ئیتر شوێنەکەش لەبیر چووەوە. ئەم شێخەباسە یەکێک بووە لە کوڕەکانی شێخ عیسای بەرزنجەیی.

- کارێزی عەزەجۆڵا، کارێزی دارۆغا، توو مەلیک، کارێزی حاجی بەگ، کارێزی مەجید بەگ، کارێزەوشک، قۆریە شکاو (شوێنی عەقاری ئێستا)، وەیس (شوێنی فیرقە)، وڵوبە، چەمی قلیاسان لای پردەکە، بەکرەجۆ، هۆمەرمەندان، هۆمەرەکوێر، پیرمیکائیل (وەک لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسمان کردووە)، کەمپی ئەرمەن، پیرمەسوور (چەرخ و فەلەکی لە دەشتاییەکی تەنیشتییەوە دادەنرا بۆ منداڵان)، دەشتەکەی بەر ماڵی قالەی ئایشە خان نزیک سەرا کە ئەویش منداڵی لێ کۆدەبووەوە ئەزمر (ئەمە لەم دواییەدا بوو بە سەیرانگا)، ئەمانە هەموو سەیرانگا نزیکەکانی شاری سلێمانی بوون.

- سەیرانگا دوورەکان

- ئەحمەداوا و سەرچاوەی زەڵم لە ناوچەی خورماڵ لە بەشی هەوراماندا. ڕێگای هاتوچۆی گەڕێنی هەیە.

- تەوێڵە: لە هەورامان: ئەویش ڕێگای گەڕێنی هەیە.

- قۆپی قەرەداغ لە ناوچەی قەرەداغ کە ڕێگای هاتوچۆی گەڕێنی هەیە.

لەم هەمــوو شـوێنـانەدا کـە باسـمـان کـردن ئەوەی (بەڕای من) مــەرجی سـیاحـەت و سـەیرانـی تێدا بێت تا ئێستـا تەنهـا سـەرچنارە کە شـوێنی حـەسـانـەوەی تێـدایە جگە لە هەمــوو جـۆرە خـواردن و خـواردنـەوەیەک لەو گازینۆ و شوێنە زۆرانەدا دەست دەکەوێت. لە هەمووی گرینگتر نزیکییەتی لە سلێمانییەوە. کە بە پێنج دەقیقە بە گەڕێن دەیگەیتێ.

## مێژووی ئەو (یاری)یانەی روو لە نەمانن

بەهۆی پێشکەوتنی رەوتی ژیانەوە. بەتایبـەتی ژیانی کـۆمـەڵایـەتی، زۆر لەو یارییـانەی رۆژ بە رۆژی منداڵان لە کوڕ و کچ، روویان کردووەتە کزی و کەم بوونەتەوە، رەنگ هەیە هەندێکیشیان هەر نەمابن.

لە شــوێنی ئەو یارییــانە، یاریی نوێ و ئامــێـری پێــشکەوتوو جگە لە پێــشکەوتنی هـەیتــوهووتی راگــەیاندن، ئـەمــانـە هـەمــوو مـنداڵ و بگرە مێرمنداڵیشیان لە یارییە کۆنەکانیان دابڕیون و ئەگەر بڵێی بە بیستنیش ئەو یارییانە ببیـەن، شتـێکی ئەوتۆ نابێ بەلایانەوە، چونکە هەمـوو یاریی سـووکەڵە و (سـطحی) و بیـرکردنەوەیەکی وایان نەویستــووە، بەڵکو تەنهـا ئەرکی لەشیان پێویست بووە.

جۆرەها بووکی باغە و پلاستیک و قوماشی، بە قورمیش و بە دەنگ و گۆرانی.. لە هاوکارییە تایبەتییەکانەوە ئەو شتانە دەردەچن، ئینجا شتی جۆربەجۆری کوڕانە تا دەگاتە کۆمپیوتەر.. خوا دەیزانێ لە پاشەڕۆژیشدا

چی تر زیاتر لەمانەی ئێستا پەیدا دەبێت.

بەکورتی ئەو یارییانەی کوڕان کە روو لە نەمانن هەر تەنها بەناو دەیانلێین و لێکیان نادەینەوە چونکە نەماون:

**یاریی کوڕان:**

- حەمامۆکێ
- چاوشارکێ
- هەلووکێن
- مزراحێن
- سنجوقێن
- ساف سافێن
- کەلەمشتینە
- تەقیلە لە بان تەقیلە
- مووشێن و هەڵماتێن و راغین و جوغزین
- چاڵ چاڵێن
- تەپکەو داو نانەوە
- کڵاوکڵاوێن و گۆرەوی بازی
- بوخچە بە گەردانێ
- هەڵمەقۆ
- چەڵەمشکێنە
- میر و گزیر
- قەلەمردارێ
- ئاگرە
- گەنم گەنم

**یاریی مێرمنداڵ یاخۆ گەورە:**

- کەوشەک (وا باو بوو کە یاری فەقێکانە)
- شەڕە گەڕەک
- سێ رسکێن و نۆ رسکێن (لە بابەتی دامەیە)
- راوە ژیژک
- راوە کەو
- راوە کەروێشک
- راوە بەراز
- گۆبازی
- شەڕە پەشتەماڵ (شەوی جەژن) لە حەمامەکاندا.
- ئاشە بە تەنووریێ.

**یاریی کچان:**

- ماڵ باجێنە
- چێشتە قوڵی
- جۆلانێ
- چاوشارکێ
-خەت خەتێن
- پەت پەتێن
- بووکە سەماکەرە
- بووکە بە بارانێ
- هەڵمەقۆ

**ئەو کار و پیشانەی روو لە نەمانن یاخۆ نەماون:**

لە هەر چەرخ و کاتێکدا و لە هەر رۆژێکدا هەر شتێک کە دێتە بەردەستی مرۆ، لە خواردن و پۆشین و هەیتوهووتی کشتسازی و پیشەسازی و هاتوچۆ و چەک و شتومەکی رابواردن و زۆر شتی تری لەم بابەتە هەموو لە ئەنجامی پێویستیدا پەیدابوون بۆ دابینکردنی ئەو (احتیاج)یە کە هەیە، هەر لەبەر ئەوەی رەورەوەی ژیان هەرکات بەرەو پێشەوە دەڕوات و هەمیشە مرۆ بیر لە شتی باشتر و سووکتر و ئاسانتر دەکاتەوە کە رەوتی ژیانی خۆی و خەڵکی تری پێ دابین بکات، بۆیە شتی نوێ دێتە پێشەوە و شتی کۆن واز لێ دەهێنرێ و بەسەر دەچێ. ئەمەش سوننەتی ژیانە و هەروا هاتووە و هەرواش دەڕوات. مانەوە بۆ شتی ئاسان و سووک و قایم و تونگوتۆڵە و نەمانیش بۆ شتی قورس و جەغلەمە و شل و شێواوە، یاخۆ بۆ شتی کۆنە و خەڵک روو لە تازە و نوێ دەکات. کەوابوو، لەبەر ئەوەی رەوتی ژیان هەرگیز بەرەو نەشونما و پێشکەوتن و سەرکەوتن دەڕوات، بۆیە شتێکی ئاساییە کە واز لە کۆن بهێنرێ و روو بکرێتە تازە. ئێمە و هەر میللەتێک خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ بەم ئاڵوگۆڕ و بەرەو پێشەوە چوونەدا بڕوا بکات و ئیمانی پێی هەبێ.

ئینجا فەرموون بەرەو ئەو شتانەی روو لە نەمانن یاخۆ نەماون:

– خان: بە دوو شوێن دەوترێ:

یەکەمیان: خان لەناو قەیسەری یاخۆ بە جیا کە نووسینگەی بازرگان بە مێز و کورسی و تەلەفۆن و رایەخەوە، کە جگە لەوە ماڵیاتی بازرگانی گەورەشی تێ دەهات، تا ساغ دەبووەوە.

دووەمیان: خان کە ژووری تێدا بوو بۆ حەسانەوەی میوان و تەویلەی تێدا بوو بۆ وڵاخەکانیان کە زۆربەیان قەتارچی بوون.

جۆری دووەم روو لە کزبوونە یاخۆ هەر نەماوە.

– مەیدان: ئەو شوێنەیە کە شت دەهاتە ناو شارەوە لەوێ پێشانی خەڵک

دەدرا بۆ کڕین.. وەک مەیدانی دار و خەڵووز، مەیدانی ماست فرۆشەکان، مەیدانی برنج.. ئەمانە ئێستا ئەوەی کە مابێت لە سەوزە و میوە دەبرێتە (علوە) و دانەوێڵەش شوێنی (سایلۆ)یە لەجیاتی عەلافەکان.

– هەلاجی: لۆکە شی دەکەنەوە بۆ لێفە و دۆشەک و سەرین و شتی تر. ئەم پیشەیە هێشتا ماویەتی.

– کارگەچی: لە لباد، فەرەنجی و پەستەک و سەرزین و نەرمە زینی وڵاخ و زۆر شتی تریان دروست دەکرد.

– جۆلایی: برێتییە لە بەرماڵ و جاجم و پۆپەشمین و شاڵ دروستکردن.

– موتابچییەتی: لە مووی بزن شاڵی ئەستوور و سفتیان دروست کردووە بۆ کۆپانی وڵاخ و توورەکەی ئالیک و خەراری فەردە تووتن.

– وەتراقچییەتی: عەنتیکە یاخۆ شتی کۆن فرۆشتن لە بابەتی مەسینەی حەوت جۆش و زەنگوڵەی گەورە و جاجم و پۆپەشمین.

– خومچییەتی: بە (رەنگ)ی تایبەتی جۆرەوجۆر قوماشی خام و بلووری و کڵافە بەنیان دوای کوڵان لە مەرکانەی گەورەدا رەنگ کردووە.

– چەخماخسازی: ئەو هونەرمەندانە بوون کە چەکیان چاک دەکردەوە، جگە لە دروستکردنی کلیل و قفڵی لوولە و ئەڵقەرێز و زۆر شتی تر.

شیرگەریی: ئەوانە بوون کە خەنجەریان دروست دەکرد کە بە دەگمەن پیاوی عەشایر لە دەرەوە خەنجەری هەڵنەگرتبێ.

کەوش دروو: ژێرەکەی چەرمی گامێش و سەرەکەی پێستی خۆشەکراوی بزن و بە ساج رەشیان دەکرد. پێڵاوێکی سووک و قایم و هەرزان بوو، لادێییی هەر ئەوەیان لە پێ دەکرد.

جاش کەوشیش هەبوو کە ژێرەکەی لاستیکی تایە و سەرەکەی چەرمی پێستی گا بوو.

پانی بەرزی ژنان: جۆرە پێڵاوێک بوو ژن لە پێی دەکرد کە ژێرەکەی برێتی

بوو له چەرمی گا و سەرەکەی قەیفە بوو جگە لە جامفاز (گونیە) و مێشن (چەرمی مـەڕ) و پەڕۆ ئەویش پێـڵاوێکی سـووکـەڵە و هەرزان بـوو بە زۆری چینی دەستکورت لە شاردا لەپێیان دەکرد.

– زین: لە وڵاخی بەرزە وەک مـایـن و ئەسپ دەنرا ئینجـا سـوار دەیتـوانی سواری ئەو وڵاخە ببێت. زین لە قەڵتاغ و تەختە و لە ژێرەوە لباد دروست دەکرا.

مزگـەریی یاخـۆ (مـس) گـەری: واتا ئەوانەی (حـاجـەتیـان لە مس دروست دەکرد. وەک مـەنجەڵ و مسینی و تەشت و لەگەن..) هەروەها بەو کەسانەش دەوترا (مـزگـەر یاخـۆ مسگـەر) کە ئەو حـاجـەتانـەیان سپی دەکـردەوە و بە پاکی و جوانی دەیاندایەوە دەست خاوەنەکانیـان. سپی کردنەوەکەش بە لم و خاکە خەڵووز و قەڵایی بوو.

کۆپان درووو: کـۆپان ئـەو بەرگە بوو کە لە بارگیر و ئێسـتر و کـەر دەنرا. ئەویش دوو جـۆر بـوو، یەکـەمـیـان لەمـسـەرە و لەوسـەرەوە بەرزایـی هەبوو، سـوار لە ناوەڕاسـتـیـدا دەبوو، ئەوی تر درێژکـۆڵە بوو زیاتر ئـەوەیان بۆ بار لێنان بوو. کۆپان لە خەرار و جەنفاس و پووش دروست دەکرا.

ناڵبـەند: نـاڵ (نعل) ئەو پارچە ئاسنە پانـەیە کـە لەهـەر چوارپەلی وڵاخ دەدرا و بە بزمـار پێـوەی قـایم دەکـرا بۆ ئەوەی پەلی وڵاخـەکـە بپـارێزێ لە بەردی تیـژ و بزمـار و شـووشـە و.. شـتی تر کـە عـەزێتی دەست و قـاچی وڵاخەکە نەدات، جگە لەوەی کە سمی وڵاخەکەش دەتاشرا کە زیاد بهاتایە.

نەقـاری: لە (نقـر)ی بەردەوە هـاتووە کـە بە چەکـوش بەردی مـەڵکەندییـان رێک دەخـست بۆ بـەکـارهـێنانی لە بنیـاتدا هێـجگار بـۆ رازانەوەی پێـشـی بیناکان، ئێستا ماکینەی بەرد بڕین ئەو ئیشە دەکات.

ئاسـنگەری: لە ئـاسن (گـاسن بـۆ عـەرد و کـێـڵان بـە وڵاخ) و تەورداس و خـاکـەناز و پاچ و بێڵ و.. زۆر شـتی تریان دروست دەکـرد.. ئێـسـتـا چەند ئاسنگەرێک ماون.

تەنەکەچی: لە تەنەکە (زیاتر تەنەکەی نەوت و بەنزین کە ئەوسا ئەو شتانە بە تەنەکە دەفرۆشران)، هەروەها لە لەوحی چینکۆ، سەماوەر و سۆپا و بۆرییەکەی و رەحەتی و قەعەدەی منداڵ و.. هەندێ شتی تریان دروست دەکرد.

بەرگدرووی ژنان: واتە دوورینی جلی کوردی بەتایبەتی کەوایی بەردار و کراس و دەسماڵ.. ئەمانە لەگەڵ لەبەر نەکردنی (کەوا)دا.. خەیاتەکانیشیان کەم بوونەوە یاخۆ نەماون.

ئوتووچی: ئەوانەی کە بە (وتووی خەڵووز) ئیشیان دەکرد، ئێستا (لوندری) جێگای گرتووەتەوە کە جلەکەش دەشۆن و ئوتووشی دەکەن.

تووتنچی: ئەمانە تووتنی وردە و جگەرەی قامیشی تێکراویان دەفرۆشت..

عەرەبانچییەتی: عەرەبانە کە دوو ئەسپ رایان دەکێشا و بۆ گواستنەوەی خەڵک لەناو شار لەجیاتی گەرێن بەکار دەهێنرا.

بەفری گۆیژە: ئەو بەفرەی زستانان دانیشتوانی گەڕەکی مەڵکەندی دەیاننایە چاڵەوە و بە خوێ و کا و پووش و لە دواییدا بە گڵ سەریان دەگرت و لە هاویندا کە ئەوسا (کارگەی بەفر و ثلاجە) نەبوو، دەیانهێنایە ناو شار و دەیانفرۆشت.

بەردی مەڵکەندی: ئەو بەردانەی دانیشتوانی گەڕەکی مەڵکەندی خشتیان دەکرد و لە کانە بەردەکانی پاڵ گۆیژە و ئەزمڕەوە دەیانهێنایە ناو شار بۆ فرۆشتن (بۆ بنیاتنانی خانوو و دووکان و.. شتی تر).

ناتری حەمام: ئەو کەسانە بوون کە لە گەرماوە گشتییەکاندا خەڵکیان بە لفکە و سابوون دەشت و جارجار دەیان شێلان.

حەسحەس: واتا ئێشکگری دووکانەکانی ناو بازاڕ و قەیسەرییەکان و هەندێ شوێنی تر بە شەو.

حەقایەتخوان: لە هەندێ چایخانەکانی ناو شاردا، بە شەو لەبەر چرا و لۆکس پیاوی توانا عەرەبی و فارسی زان لەبەر کتێب یاخۆ لەبەر، چیرۆکی درێژی بە دەنگی بەرز بۆ دانیشتوانی دەخوێندەوە وەک (حەکایەتی رۆستەم

له فارسییەوە و ئەمیر حەمزەی عەرەب لە عەرەبییەوە..).

شوفێری تایبەتی لە ماڵاندا: هەندێک لە ماڵە خواپێداوەکان شوفێری تایبەتییان هەبوو بۆ هاژوانی ئۆتۆمۆبێل چونکە خۆیان لێیان نەدەخوڕی..

دیوەخان: جاران هەندێک لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی دیوەخانیان هەبوو کە لە رۆژێکی دیاریکراودا خەڵک روویان تێ دەکردن، قاوە و چا یاخۆ شەربەتی تێدا دەگێڕدرا.

کێش و تەرازووی کۆن: ئەو تەرازووەی لە پێست و قوماش دروست دەکرا دوو تاک بوون، بە قایش یا پەت دەبەستران بەم سەرەوسەری دارێکەوە و زەلامی تایبەتی هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی و شت کێشان پێی.

جگە لەوانەی باسمان کردن، سەقا (ئاوی دەبرد بۆ ماڵان)، جارچی، بانگوش (سەربانی بە باگردێن دەگێڕا بۆ بەرگریی لە دڵۆپە)، مەلای گەڕۆک (کە ماڵە و ماڵ دەگەڕا و قورئانی دەخوێند)، دەلاکی سەر باگردێن و گەڕۆکی کۆڵانان، کوتاڵ فرۆشی گەڕۆک، بەنەخوێن فرۆش و گەلێک پیشەی تری لەم بابەتە کە بەداخەوە هەموو روو لە نەمانن یاخۆ زۆریان هەر نەماون. کە بەڕاستی ئەگەر هەوڵ بدرێ ئەو پیشە فۆلکلۆرییانە زیندوو بکرێنەوە و بکەونەوە ناوناوان (مەرج نییە یەکسەر وەک جاری جاران) ئەوانە نرخی خۆیان هەیە بۆ خاوەنەکەشیان و بۆ وڵاتەکەشمان. بەڵێ راستە ئێستا شتی باشتر و جوانتر و رێکوپێکتر شوێنیان گرتوونەتەوە.. بەڵام ئەوانیش نرخی خۆیان هەیە. داوای ئەو شتانە ناکەین کە هەر لە بنچینەدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و کارەبا و ماکینە و شتی ترەوە، نرخیان نەماوە و بوونیان بێ سوودە، بەڵام گەڕانەوەی هەندێک لەو بەرهەمانە وەک جاجم و بەرماڵ و پۆپەشمین و پانی بەرز و خەنجەر و سەماوەری تەنەکە و کەوای بەرداری ژنان و.. ئەمانە چاو روون دەکەنەوە و دڵ دەگەشێننەوە.

ئومێد هەیە خوا بیکات (خواحافیزی هێجگاری) لە شتە فۆلکلۆرییە بە نرخەکان نەکرابێ و زۆر نەخایێنێ ئەوانە بگەڕێنەوە ناومان.

## مێژووی سلێمانی لە روانگەی شیعرەوە- تۆزێکیش خۆ پەرستی لە روانگەی لێکچواندنەوە..

## مێژووی سلێمانی لە روانگەی شیعرەوە

سەرەتا بە کورتەی نووسینێکی مامۆستای قەڵەمڕەنگین (دڵشاد عەلی) دەست پێ دەکەین کە لە کۆواری رۆشنبیری نوێدا ژمارە (١١٢) لاپەڕە (٥٩-٧٤) لە ساڵی ١٩٨٦ بڵاوی کردووەتەوە. جگە لەوە لە کۆتایی نووسینەکەی کاک دڵشادا ئێمە خۆشمان شیعری گونجاوی چەند شاعیرێکی ترمان نووسیوە.

لە راستیدا ئەو نووسینانە بۆ ئەم کتێبەی ئێمە ئەوەندە گونجاو و لەجێن بۆیە نەمانتوانی هەروا بە سەریدا تێپەڕین. چونکە هەر لە روانگەی شیعرەوە رووی رامیاری و ئابووری و سوپایی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی.. شارەکەمان لە رۆژی بنیاتنانیەوە تا ئەمڕۆ روون کردووەتەوە شیعری کەڵە شاعیرەکانی خۆمان هەموو بەڵگەن بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەمان. کاکە دڵشاد دەڵێ:

دانانی یەکەم بەردی بناغەی شاری سلێمانی لەلایەن برایم پاشای بابانەوە لە ساڵی ١٧٨٤دا بەهەر مەبەست و هۆیەکەوە بووبێت، ئەوا هەر ئەو بەردە بووە بناغەی قۆناغێکی نوێ و سەردەمێکی تازە لە مێژووی میللەتەکەماندا و تا رادەیەکی زۆر بوارەکانی بەرەوپێشچوونی مرۆڤی کوردی گۆڕی و گەلێ بواری پێشکەوتووی لە ژیانی کوردەواریماندا کردەوە، هەر لە رووی رامیاری و فەرمانڕەواییەوە میرنشینییەکەی بابان پایە و شکۆیەکی بڵندتری بە دەست هێنا نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە سەرتاپای ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا و لە کێشە سیاسییەکانی ئەو سەردەمانەدا دەوری گەورە و کاریگەری بینیوە. سەربەخۆیی ئەو رۆژانەی میرنشینیی بابان لە سلێمانیدا هیوا و ئاواتێکی دێرین بوو کە هاتە دی.

لەناوچوونیشی شکستییەک بوو کە تا ئێستاش هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشرێ و لە لاپەڕەی یادگاری میللەتەکەماندا نەوە بە نەوە نوێ دەبێتەوە. شان بەشانی ئەم لایەنە رامیاری و کاردانەوەی لە باری ئابووری و کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا، لایەنەکانی تری ژیانیش نەشونمای کرد و پەرەی سەند، چالاکیی بازرگانی و بەرەوپێشچوونی هەندێک لە پیشەسازییە سەرەتاییەکان و سەرهەڵدانیان لە بۆتەیەکی پێشکەوتوودا، جموجووڵێکی رۆشنبیری و بزووتنەوەیەکی دا بە سلێمانی کە لەگەڵ سەدان کۆسپ و چەرمەسەری ژیاندا هەر بەردەوام بوو لە کاروانی بەرەو پێشەوەچووندا. ئاوڕدانەوەیەکیش لە مێژووی ئەو شارانەی کە گەلێک لە سلێمانی کۆنترن و هەمیشە لە باوەشی ئاسایشدا بوون ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات. ئەم راستییەش دووبارە وەک ئەنجامێکی گشتی مێژووی سلێمانی و میرنشینییەکەی بابانە و ژیانی ئەمڕۆمان دڵنیامان دەکات لێی. لێرەشدا تەنها ئاوڕ لەلایەنی رۆشنبیری و بزووتنەوە ئەدەبییەکەی سلێمانی دەدەینەوە و هەوڵ دەدەین رەنگدانەوەی ژیان و باری کۆمەلایەتی خەڵکی ئەو شارە لە بەرهەمی شیعریی ئەو سەردەمەدا، دەستنیشان بکەین.

دوای ئەوە مامۆستا دڵشاد دێتە سەر یەکێک لەو پارچە شیعرانەی کە لەو سەردەمەدا لە دایک بووە و ئاوێنەی رۆژانێکی پڕ شکۆی ئەو رۆژانەیە کە ئەو شیعرەی شاعیری گەورەی کورد (نالی)یە کە بۆ سوپای بابانییەکانی وتووە و دەڵێت: رێکخستن و گرینگیدان بە سوپا هەر لەگەڵ لەدایکبوونی میرنشینەکەوە بیری لێ کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای بابان و سەردەمی ئەحمەد پاشای کوڕی واتا ساڵانی ١٨٣٥–١٨٤٧ سەردەمێکی زێڕینی سوپای بابانییەکان بووە ئەم راستییەش لە دوو پارچە شیعردا بەرچاو دەکەوێت، پارچە شیعرێکی نالی و پارچە شیعرێکی شێخ رەزای تاڵەبانی کە چەندەها ساڵ لە دوای رووخانی میرنشینییەکە وتراوە. ئینجا کاک دڵشاد عەلی دەڵێت:

**نالی لە شیعرەکەیدا بەم شێوەیە وەسفی سوپای بابانییەکان ئەکات ئەڵێت:**

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتی شوعاعن
حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن

نێرگس نیگەهە و ساقە سەمەن کورتە وەنەوشەن
موو سوونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن

گوڵزاری دەرو دەشتن و غیلمانی بەهەشتن.
ئاهوو سەف و ئاتەش بە کەف و تیژ نیگاهن

تەنهایی سەمەن بەرگی وەنەوشە کە دەپۆشن
وەک نووری دڵی فەرقەیی زوڵماتی گوناهن

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەروو قەدانە
سۆفی لە تەڵەبدان و هەموو ساڵێکی ڕاهن

بۆ زولف و ڕۆخ و پەرچەم و ئەبرۆیی سیابان
عالەم وەکو (نالی) هەموو بەناڵەو و ئاهن

دوای ئەوە مامۆستا دڵشاد بە بۆنەی کۆچکردنی سلێمان پاشای بابان لە ساڵی ١٨٣٩دا و هاتنە سەر تەختی ئەحمەد پاشای کوڕی لە شوێنی، ئەم پارچە شیعرەی هێناوەتەوە بە بەڵگە بۆ ئاسوودەیی و خۆشی گوزەرانی میرنشینییەکەی بابان کە ستایشی هەردوو (باوک و کوڕە) و دەڵێت: ستایشکردنی ئەو دوو میرە لەلایەن نالییەوە کە دڵنیاین لەوەی شیعرەکەی لە دەروونێکی ڕاست و بێگەردەوە هاتووەتە دەرەوە و هەڵگری سۆزێکی ڕاستەقینەیە، دەبێتە ئاوێنەیەکی واقعی ئەو ڕۆژانەی سلێمانی:

تا فـەلـەک دەوری نەدا، سـەد کـەوکـەبەی ئـاوا نەبوو
کەوکـەبەی مـیـهری مـوبارەک تەلعەتی پـەیدا نەبوو.

تـا نەگـــریـا ئـاســــمـــــان و تـەم وڵاتـی دانـەگـــرت
گوڵ چەمـەن ئارا نەبوو، هـەم لێوی غونچـە وا نـەبوو

تا چەمــەن پیــرانە ســەر ئەســڵی درەخــتـی لانەدا
فـــەرعی تـازە و خـــورەم و بـەرز و بڵند بـاڵا نـەبوو

تا سلیـمـانان نـەبوونە سـەدری تـەخـتی ئاخـیـرەت
ئەحمـەدی موخـتـاری ئێمـە شـاهی تەخت ئارا نەبوو

قیصـە بێ پەردە و کینایەت خۆشە شـاهی من کەوا
عـادیلـێ بوو، قـەت عـەدیلی ئەو لە دونیـادا نـەبوو.

(بۆ لێکدانەوەی واتـای ئەو بـەیتـــانـە ســـەیری لاپـەڕە ٩٤ و ٩٥ لە بـەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بکە).

دوای ئەوە مـامۆسـتا دڵشـاد گواسـتوویەتییەوە بۆ شـاکارە بەناوبانگەکەی تری نالی کە لە غەریبایەتییەوە ناردوویەتی بۆ (ئەوڕەحمان بەگی سالم) لێی دەپرسێ کە بێتەوە بۆ سلێمانی (ئایا مـەقامی روخسـەتە لەم بەینەدا بێمەوە؟ یا مەصلەحەت تەوەقوفە هەتا یەومی نەفخی صوور)

قــــوربـانـی تـۆزی ڕێگەتم ئـەی بـادی خـــــۆش مـــــروور
ئـەی پەیکی شـــارەزا بـە هـەمـــوو شـــاری شـــارەزوور

تاکـو دەڵێ: داخل نەبی بە عـەنبـەر سـارایی خـاک و خۆڵ
تـاکـــو نـەکـــەی بـە خـــاکی سلێـــمـــانیـــیـــا عـــوبـوور

شارێکە پڕڕ لە عەدل و کەرەم، لە جێگەیەکی خۆش و نەرم
لـەبۆ دەفـــــعی چاوەزار، دەڵێن شـــــاری شـــــارەزوور

ئەهلێکی وای هەیە، کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازیمی عقوودن و هەم نازیری ئوموور
سەیرێ بکە لە دارو لە بەردی مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسیش و تەفتیشی خوارو ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی سەرشەقام؟
پیر و فتادە تەن نەبووە داری پیرمەسوور؟
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخەباس؟
یا بێ نەواوو بەرگە، گەڕاوە بە شەخسی عوور؟
ئایا بە جەمع و دایەرەیە، دەوری کانی با؟
یاخۆ بووە بە تەفرەقەیی شۆڕشی نوشوور؟
سەیوان نەزیری کەیوانە سەوز و ساف
یاخۆ بووە بە دائرەی ئەنجوومی قوبوور؟
ئێستەش پڕە لە ئاهوویی بەڕ کانی ئاسکان
یاخۆ بووە بە مەلعەبەی گورگ و لوورە لوور؟
داخۆ دەروونی سافە، گوڕڕەیی ماوە تانجەڕۆ
یاخود ئەسیری خاکەو بەلێڵی ئەکات عوبوور؟

وەڵامی (سالم) بۆ نالی دوور و درێژ لە لاپەڕەکانی (١٢٥–١٢٨) بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا نووسراوەتەوە لەگەڵ لێکدانەوەی لەبەر ئەوە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا دووپاتی بکەینەوە. جگە لەوە لە لاپەڕەکانی (١١٢–١٢٤) هەر لەو بەرگەدا قەسیدەکەی تری (سالم)ی تێدایە کە باسی کوژانەوەی چرای بابانەکان و شەڕەکەی عەزیز بەگ دەکات دژی عوسمانییەکان..

دوای ئەوە مامۆستا دڵشاد دێتە سەر پارچە شیعرێکی (حاجی قادری کۆیی) و دەڵێت: ئاوڕدانەوە لەو ڕۆژە پڕ شکۆیانەش تەنیا پابەندی گوێ ئاگردان کاتی شاری سلێمانی نەبووە، بەڵکو لە سەرتاپای کوردستاندا و ئەوەی ڕۆژێک سلێمانی دیبوو یا ناوی بیستبوو، ئاهی ساردی بۆ هەڵدەکێشا و لە لاپەڕەی یادگارەکانیش بە سەردێڕێکی گەورە نووسرابوو، هەروەک لەم پارچە شیعرەی (**حاجی قادر کۆیی**)دا بەرچاومان دەکەوێت:

لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هایم و حەیران
لە ڕەنگا تێگەییم کوردە بە شێوەی کوردی کوردستان

کە چوومە خزمەتی پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای
لە کام جێ هاتووی؟ گریاو گوتی بابان. گوتم بابان؟

دڵم داوە وتم باوکە هەموومان بێکەسین لێرە
چ قەوماوە گەلێ حەیفە مەگریێ هەروەکو باران

گوتی بۆ غوربەت و ڕووتی نییە گریان و هاوارم
لە داخی حاکمی خۆمە لە شان و شەوکەتی کوردان

گەلێکم بیستووە پەستی و بڵندی دەوڵەتان ئەمما
جیهان نەیدیتووە پەستی میسالی حاکمی کوردان

لە وەختی خۆی هەموو شا بوون، سەراپایان خرۆشابوون
لە بەخشین حاتەمی تایی لە شەڕدا ڕۆستەمی مەیدان

لە پێشا خاکی مە لانکی پڵنگ و شێری ئازا بوو
ئەوێستا مارو مێروو گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران

دەهاتە جونبوش و لەرزین لە ماهی بگرە تا ماهی
لە تەقەی ناڵ و شەقەی سم لە ڕەقەی تۆپزو قەڵغان

سـەراو هـەیوانیـان ئێـسـتـا کـەلاوەی کـوندو دالاشـە
ئەگـەر مـەیدان و دیوانـە سـەراپا بۆتـە جـێی ڕۆمـان

دوای ئەوە مـامـۆسـتـا دڵشـاد دێتـە سـەر باسی دووبـەرەکی و دەڵێت: دووبەرەکـییـەکەی سـەردەمی بابانییـەکان لـەم ڕۆژانەدا روخسـارێکی تری وەرگرت، ئەم جارە کێشەکە کەوتە نێوان (شـێخان و ئەصناف).. کە ئەم بارودۆخەش لە پارچە شیعرێکی (**زێوەر**)دا ڕەنگ دەداتەوە:

ئەوا مـەنعی لە جـەردەو دز کـرا شـاری سلێـمـانی
لە دەست بارەش چ تەدبیرێک ئەکەن مەئموری عوسمانی

بـەهەر نـەوعـێک بوو سـەد دێ کـرا بـۆ بارەش و تۆزی
لەتاو قـوڕ چی ئـەکـەن؟ کـە قـووت ئەدا بازاڕ و کـۆڵانی

بە شـۆسـەو وشکەسی، ئەوا چاری قـوڕیشـمـان کـرد
عـیـلاجی چۆن ئەکـەن بۆ کـۆمـەڵی کـێـچی بەهارانی

بە تـەنزیفـات و تەرتیـبـاتی خـانـەش کـێچ ئەوا کـەم بوو
مـوحـەبەت چۆن ئەخـرێتـە دڵی ئەسناف و شـێـخـانی

هـەروەها زێوەر لە شیعرێکی کەیدا دەفەرموێت:

لەم وەخـتـە کـە پڕ فـیـتنە و ڕێ بەسـتنە ئێـسـتـا
خـۆشی کـەیی مـردنە یا نوسـتنە ئێـسـتـا

دوویاری وەفـادارو بـەبێ غـەش نیـە ئێـسـتـا
هەرچی کـە تەمـاشـای ئەکـەم دوشـمنە ئێـسـتـا

ئاشـووب و بـەڵاو فـیـتنە وەکـو تـەرزە ئـەبارێ
هـەر جـەردەیی و هـەر دزیی و کـوشـتنە ئێـسـتـا

لەم شـــارە كـــەوا مـــەنبـــەعی ئاشـــووب و فـــەســـادە
دەرمـانـی شـیـفـای خـەسـتـە دلان ڕۆوینە ئێـسـتـا.

دوای ئەوە مامۆستا دڵشاد دێتە سەر پارچە شیعرێکی **حاجی مستەفا پاشای یامولکی** کە تێیدا دەڵێت:

دەترسم ئەی وەتەن بمرم لە داخی هجـــری دەردی تۆ
بە ئاواتم لە باوەشـــتـــا بکەم ڕۆحم ســـپـــردەی تۆ

لە وەختی غەرغەرە، توخوا دوو قەترە ئاوی کانێسکان
فـقط تابووتەکـەم دانێن لە بەرزی گـردەکـەی سـەیوان

لەگەڵ هەم شەهریانی خۆم بم لە بن گردی گولانیشدا
لە کن من خۆشترە بەخوا لەگەڵ سولتان لە یەڵدزدا

لە داخی شـیـوی زێڕینۆک دووچاوم بەکـرەجـۆ ئاسـا
درێژەی ئەشکی حەسرەت دڵ بە دایم سەرچنار ئاسا

چ خـۆشـە گـردەکـەی یارە، لە دووری بۆنی شـەوبۆ دێ
لەتیفە چیمەنی بەر تەکیە، هەموو شەو دەنگی تەسبێح دێ

لە سـەرکـارێزی دارۆغـا هەتا تووی قـۆجـە بەولاوە
بەهار عـەینی فـیـردەوسـە، گـولاڵەی سـووری زۆر لاوە

پێم بڵێ مـسـتـەفـا توخـوا چلۆنە سـا، سلێـمـانی؟
بڵێ پاشـایەتی و ڕۆمـیش فـیـدای خـاکی سلێـمـانی

لێکدانەوەی هەندێک ناو کە لەم شیعرەدا هاتووە:

گردی گولان: لە راستیدا خۆی گردی (گولان)ە نەک گولان و ئێستا گردەکەی مامەیارەیە.

یەڵدز: کۆشکی سوڵتانەکانی عوسمانییە لە ئەستەمبوڵ.

زێڕینۆک: ناوچەیەک زەوی بوو بۆ کێڵان و چاندن لەودیو گردی سەیوانەوە ئێستا هەندێکی بە بینا پڕ بووەتەوە.

بەکرەجۆ ئاسا و سەرچنار ئاسا: وەک ئاوی بەکرەجۆ و سەرچنار فرمێسک دەڕێژم.

بەرتەکیە: مزگەوتی تەکیە لە گەڕەکی سابوونکەران و لە گەڕەکی دەرگەزێن هەن.

کارێزی دارۆغا: کارێزێک بوو لە ژوور سلێمانییەوە لە گەڕەکی دارۆغا.

تووی قۆجە: توویەک بوو لای کانی باوە بەناوی ئەلیاسە قووچەی باپیری حاجی ئەمینی کاکە حەمە و میرزا عارف و عەبدوڵڵا ئەفەندی باوکی فائق بێکەسەوە چونکە ئەو تووە لە موڵکی ئەلیاسە قوجەدا بوو.

رۆم: مەبەستی دەوڵەتی عوسمانییە و رۆمییەکان بە عوسمانییەکان دەڵێن.

لێرەدا نووسینەکانی مامۆستا دڵشاد تەواو دەبێ.

ئێمەش هەر لەسەر ئەو رێوشوێنە، هەندێک لە شیعری شاعیرەکانی تر لەم بابەتە دەخەینە پاڵی کە هەموو پێوەندییان بە رۆژگارێکی شارەکەمانەوە هەیە بە (ایجاب یاخۆ سلب). چونکە لەو بڕوایەداین کە تەنها (ایجابیات) دەرخستنی و شاردنەوەی (سلبیات) زیانی زۆرترە لە قازانجی.

**عبدولخالق ئەسیری:** لەژێر ناوی (سەردەمێکی رابوردوومان)دا دەڵێت:

سنەو سابڵاخ و کرمانشاو کەرکوک و سلێمانی
شنەو لاجان و سەردەشت و بەناو شا سەیوانی

عمادیەو عەقرەو دهۆک و سنجار و هەم زاخۆ
ڕەواندزو قەڵادزەو ڕانیەو زێبارو بەرزانی

سـەڵاحـيـيـە لەگـەڵ اربـيل كـۆيـێ و شـەقـڵاوەو پردێ
شـەهربـازارو هـەڵەبجـەو چـەمچـەماڵ ئـەهلی بـازيـانی
جــوانرۆ و ســەقــزو بـانـە، ســەرال و ئەبر ئـەمــانـە
لەگـەڵ بيــجـارو ئەفـشـارە لە ئـيـلاخ و مـەريـوانـی
كـــرنـدۆ ئەســــعـــەدئابـادو بـروجــــردو نـەهاوەنـد
سەهەندو قەسری شيرين و لوڕو سەرپێڵ و گەيلانی
دەعــيـــەی ئەردەڵانی لـوڕزبان و قـــەومی جـەنگاوەر
ئەمـــانـە يەكــدگـــيـــربوون لـەژێر بـەيداخـی بـابـانی
ئەسـيـری بۆ تەرەقی و ئتيـحـادی شـەئنی ئەم قـەومـە
فـيـداكـە سـەروەت و مـاڵت بە ناوی حەقی ئينسـانی

هـەروەها ئەسيری لەو پارچە شيعرەيدا كە دەڵێت:

(بێرە كوردســتـان عـەزيزم گـەر تۆ سـەيرانت ئەوێ)

لە كۆتـاييـيـەكـەيدا هـەسـتی پاک و بەرزی بـۆ خـاكی نيـشـتـمـان بەمـجـۆرە دەردەبڕێ:

(ئەی ئەسيری هێندە عەشقی ميللەتی كوردت هەيە
بشـمـری لام وايە قـەبری گـردی سـەيوانت دەوێ).

**ئەوڕەحمان بەگی بابان** (بابە)ش دەفەرموێ:

وەكـــو لاوی سلێـــمـــانـی حـــوڕڕو ئازادەيە ژينـم
لـە پێناوی وەتـەندا، دائـەنێـم ســەد ڕۆحی شــيــرينـم
بەلای ڕاست و چـەپا نارۆم بەهێـزی پشـتـم ئەسـتـوورە
وەكو شاخـی وەتەن، سەر بەرزو دڵ ڕەق پڕ لە تەمكينم

له نەزعا نامەوێ یاسین، لە قەبرا نامەوێ تەڵقین
وەتەن یاسین و تەڵقینم وەتەن ئیمانمەو دینم
لە خەودا نەقشی ئازادیم لە ئیقبالی وەتەن دا دی
موبەددەل بوو بە خۆشی و پێکەنین، گریانم و شینم
لە دەوری بەردەوە میراتی کوردە خاکی کوردستان
بۆ ئەم باخی بەهەشتە (بابە) من دیوار و پەرژینم

**ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان (حەمدی)**

لە چەند بڕگەیەکی ئەو پارچە شیعرەیدا کە بەبۆنەی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول/ واتا شەڕی بەر دەرگای سەراوە وتوویە:

بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سووره ئاسمان؟
گێژەڵووکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخرزەمان؟
ڕەنگی گوڵ بۆچی پەڕی، بلبل دڵی بۆچی شکا؟
ناکرێ ئەوەل بەهاری شادمانی بێ خەزان
بەفرە باریوە لەسەر بەختی ڕەشی خاکی وەتەن؟
یا بە دەم شەست تیرەوە مێشکی هەزارانە پژان؟
بۆ وەتەن زەردهەڵگەڕاوە بەرگی سووره شین ئەکا؟
ڕەنگە ئەشکالی شەهیدی بێ نەوامان دا نیشان
وەک برێشکە قرچە قرچی جەرگی سکسووتاوە دێ
یا گوڕڕەی مەترەلۆزە قرمە قرمی طۆپەکان؟
ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باخچەیە
ڕیشەیی کوردایەتی بوو، یەعنی بۆمان نێژران

جـــەژنـی قـــوربـانـی سلێـــمـــانی بـە مـــەزبەح دانـرا
کــورد مـــەڕن بۆیە بـە جـــارێ، هەر لـەوێدا ســـەربڕان

بـۆ شـــەریفی کـــورد خـــەڵاتە هـاتووە ســـەرتا بەپـێ
یا کـەلەپـچـەی دەسـت و تەوقی گـەردن و پێـوەندییــان

بۆچ مەغۆل هەڵساوە یاخـود دەوری نەحسی جـەنگیزە؟
قـــەتڵ و عـــامی ئەرمـــەنە یا حـــادیثـــەی ڕۆم بەبان؟

جا وەتەن فـەرمـووی لە پەردەی سـینەما وەک سـینەما)
صـوورەتی گیـراوە فـەرمـوو بۆیت بکا یەکسەر عـەیان

جــــارێ تـأریخی بـنووســـــە، جـــا بگـۆڕە قـــافـــیــــە
تـا بـەیاناتم بـنووسی، لێت نـەبێ حـــــەرفێ نـهـــــان

بێ هەزار ناوی سلێمانی بە تاریخ (مشهدە)ە (٣٤٩)
ئەم حـســـابە عـاقــیــبــەت ڕۆژێ ئـەبێ بیکا زەمـــان

مەقصەدی ئەصلی و ئەساسی هەر دووعاکەی پێشووە
ئێـــســـتـــە تکراری بکە بەڵکە بکا مـــەبحـــەث ڕەوان

ڕەبی مـــووی لێ بێ زبـانـی پەنجـــەکـــانی هەڵوەرێ
هەرکـەسێ گوڵشـەن بە دەردی گوڵخـەنی دۆزەخ بەرێ

تێبـینی: سێـیەم بەپێی پێش دوایی (بێ هەزار ناوی سلێمانی بە تاریخ (مشهدە) ٣٤٩ی هجری بەبێ هەزار. بە هەزارەوە دەکاتە ١٣٤٩ی کۆچی کە ئەویش دەکاتە ١٩٣٠ ئەو ساڵە کە شەڕی بەر دەرگای سەرای سلێمانی تێدا رووی دا.

**شێخ نووری شێخ ساڵح**

لە بابەت رووپۆشەوە (عەبا و پەچە) بە زمان کچێکی شارەوە دەڵێت:

گـــوێم لە نـاڵینـی کـــچـــێک بـوو دوێنـێ ئـەیلاوانـەوە
وابـە تـەئثـــیـــر و بـە ســـۆز ئـەیوت، دڵـی ئەتوانـەوە

ئەیوت ئەم ڕووپۆشـــە تەنهـا ڕووی نەپۆشـیـون و بەس
ڕووبەڕووی خـۆمـان حـقـوقی ناینە ناو نـەسـیـانەوە

ئەوەل و ئاخـر خـەتای ئەم ڕووەڕەشـەی ڕووپۆشـە بوو
بوو بـە مـانیـعـمـان بچـینـە کـۆمـەڵی پیـاوانەوە

قـەت نەبوو ڕۆژێک بە سـەربەسـتی حـەقێ داوا بکەین
بۆ حـقـوق و حـەقی خـۆمـان بێـینە نـاو مـەیدانەوە

دایگرن تـوخـوا فـڕێی دەن، بیـخـەنـە تەندوورەوە
حـەیفـە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شـەوی دەیجـوورەوە

**محەمەد شێخ حسێن بەرزنجی (ع. ح. ب)**

شـارە نازدارەکەی دەلاوێنێتـەوە. لە (تریفـە و ڕێژاو لاپەڕە (٢٥٢ تا ٢٦٢) بە سۆز و بە کوڵ پێیدا هەڵدەدا لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:

ئـەی شـــارەکـــەم- ئـەی شـــارە کـــۆڵەوارەکـــەم
شـارە خـەم لـەسـەر بـارەکەم هـاوارەکـەم- دەوارەکـەم
لەسـەر ئەم گـشت ئازارەدا- لەناو ئەم هەمـوو مـارەدا
وەک کێـو سـەربڵند بووی- وەک با قـایم و توند بووی
نە لەژێر بەستەڵەکا تەزیت- نە بەرامبەر ستەم بەزیت

سـولەیمانی: ئەی شـاری هـەڵـمـەت و قـوربـانی- ئەی شـارەکـەم- ئەی شـارە نازدارەکەم- ئەی شارەکەم- ئەی شارەکەم

هەر ئەو مامۆستایە لە پارچە شیعرێکی کەیدا رەشبینییەک پێشان دەدا بە پێچەوانەی شیعرەکەی سەرەوەی، خۆی لەگەڵ فەڵەستینییەکدا لێک دەچوێنێ و دەڵێت: وەک ئەو فەڵەستینییە:

وەک ئەو فەڵەستینییە- کە بستێ خاکی نییە- وەک ئەو- لە خەرمانی عومرم ئەکرێ شەن و کەو. نییە بستە خاکێ- نەکوژرابێ تێدا لاوچاکێ- نییە شوێنێ- پێوە دیارنەبێ جۆگەلەی خوێنێ- کام لووتکە بەرز و هەڵدێرە- گورگ و ورچی پێ فێرە- کوێ ڕەکەن و سەخت و کاوە- شوێنی ڕاوە- تەنانەت بێشەڵان و چەم- داپۆشراوە بە هەوری خەم- وەک ئەو فەلەستینییەی کە بستێ خاکی نییە- وەک ئەو..

**کامەران موکری** (محمد احمد طه) لەژێر ناوی (چلێک ئەرخەوان)دا:

ئەو ئەرخەوانەی کە ئالای گردی سەیوانە ئەڵێت:

وەک هەنگ ناوی دەمیم مژی
وتم ئاخ تۆ بلێی بژی

کۆرپەکەم پیایا هەڵزنا
پێی وت بابە لەگەڵ منا

وەرە بۆ ناو ڕەزی چیا
گریاو دڵی منیش گریا

وتی بابە ئەچی بۆ ڕاو
وتی نە بۆ چەمی خوێناو

چلێکم دایە ئەرخەوان
وتم بۆیاد هاوڕێی ژیان

شەو بوو لە پەنا بەردێکا
دوژمن پەرەی دڵی پێکا

ئەستێرەی وشەی کوردستان

هەڵهات لە ئاسۆی لێوی جوان

ئەوکاتەی چاوی لێک ئەنا

لەناو باوەشی مـــردنا

لەگـــەڵ یادی منا دووا

ئەرخەوانەکەی من ڕووا.

**لەیلان (شەفیقە عەلی حسێن ئاغا)**

لەم پارچە شیعرەیدا کە بە بۆنەی یادی (٢٠٠) ساڵەی شاری سلێمانییەوە دانراوە لەژێر ناوی (گەرووی بازیان)دا:

سلێمانی:

قەڵا سەختەکەی بە هیچ کەس نەگیر- بەهەشتی شیرین، ڕازاوەو دڵگیر

بە دەستی (پاشا برایم بابان)، بنیاد نراوی بە شان و باهووی ئەم گەلە مەردە

داڕێژراوی، بەهێزی بازووی شێرانی چیا، پارێزراوی،

بۆیە تا ئێستا وێنەی فریشتە، بە پاکی ماوی

ئەی خاوەن مێژووی پڕ لە شانازی، شاری سلێمانی

بووکی ڕازاوە شاجوانی شاران، گشت کوردستانی

خاوەن داستانی دەربەندی بازیان

جێی ڕووداوەکەی

جووتێک پاڵەوان

شێخی نەمر و میرانی بابان

..

هـاتـەوە یـادم جـــــــووتـێک پـاڵـەوان
شێخ مەحمودی نەمرو پاشا ئەوڕەحمان

ســـوپاکـــەی بەبەم بـەڕێز وەســـتـــابوو
چـەکی نـایابیـــــان لـە خـــۆیان دابـوو

چەندە لام جـوان بوو لاوی کـوردسـتـان
هەڵیـــان گــرتبــوو خـــەنجـــەری دەبان

ئەوڕەحــمـــان پاشــا ســـەرداری بـابان
هاتـە دیدەنـی ســـوپای کـــوردســـتـــان

بـەنـاو ســــــوپـادا دەســــــــووڕایـەوە
دڵـی ســـــــەربـازی پـێ دەکــــــرایـەوە

ئنجا بەدیم کرد شێخ مـەحـمـودی نـەمـر
لـە گـــیـــانی دوژمـن بـوو بوو بـە ئاگـــر

هـەر لەو دەربەندەی باسمـان کرد ئێستا
ڕووبەڕووی دوژمـن وەک پڵنگ وەســـتـــا

بـا دروست کـــــرێ دوو پەیکەر لـە زێڕ
بە دەست و بازووی کـورد گـەلـی دلێـر

یەکـێک بۆ شـێـخی بەردە قـارەمـــان
دووەم بـۆ پاشــــای بـە جــــەرگی بابـان

بەرامبـەر بە یەک لـە گەرووی بازیان بدرەوشێنەوە- بە دیدەنییـان با دیدەی ئێمەش بگەشێتەوە.

**قانع (شاعیری چەوساوەکانی کوردستان)**

لەگەڵ گردی سەیوان (لاپەڕە ٢٩٦ دیوانی قانع چاپی ١٩٧٩)

ئەی گـردی سـەیوان، شـاری خـامـۆشـان
ئـارامـگـای کــــۆڕی بـلووری پۆشـــــان

تۆ هـەوارگــەی خــێڵ دەســتــەی بابـانی
کــوێســـتـــانـی کــۆچی نـەوجـــەوانانـی

کــاتێ گـــوڵ ئەکـــا ئەرخـــەوانەکـــەت
ســەوز ئـەکـاتـە بەر، خـاکـە جـوانـەکـەت

ئەڕازێیـــتـــــەوە بـە گــــوڵی زەردو شـین
چەند مـن و بلـبل دێنێـــتـــە گـــرین

تۆ کــە هـەر لاوێک کــۆچی کــرد بـۆ لات
ئیـتـر نابینرێ، لە ڕووی ســەر بیـسـات

دەسـتی گـەییـە تۆ، هەر کۆچ هەر خـێڵێ
قـــــەت دڵی نایـە، تۆ بـەجـێ بێـــــڵێ

هەوات هـێند خـۆشـە لە ڕووی ســەرزەمـین
دانیــشـــتــوانت بـە کـــراســێک ئەژین

بـەڵام نـازانم لـە کــــەی تـۆ شــــــاری
بیـنـاکـــردەی دەسـت کـــام شــــەهریـاری

وتـی: ئـەی قـــــانـع گــــردی لاشـــــارم
بە ســــەیوان مـــەشـــهـوور لە عــام دیارم

ئیـــبـــراهیـم پـاشـــا لـە قــــەڵاچوالان
بۆ گـــوێزاننـەوە، هـیـــمــــەتی نووان

دەشـتـی مـەڵكەندی بۆ خـۆی كـرد بە شـار
تیـــایا دروست كـــرد قـــەیســـەری و بازاڕ

لـەو ســـاوە منیـش گــۆڕخـــانەی شـــارم
هـەوارگـــەی لاوی زرنگ و هـوشـــیـــارم

چەن شــێـخی ڕاسـتـی چەن عـالمی دین
چەن شـۆڕە سـواران خـاوەن ئەسپ و زین

چـەن پـاڵـەوانـان كـــڵاوخـــود لـەســـەر
چەن ڕم وەشێنان، چەن دەست بە خـەنجەر

چەن گـەورە كـچـان، خـانـی كـچی خـان
چەن كوڕی لاوچاك، شێری ڕووی مەیدان

چەندە فـەیلەسـووف، چەند ئەدیبی چاك
چەن قـــەڵەم وەشـــێن، نەترس و بێـــبـــاك

یەك یەك لەلای من جـەمـاتیـان جـەمـە
قـانـع بە ڕاسـتـی هـەر تۆمـان كـەمـە

زێوەرو خـــاكی، بێكەس و هـوشـــیـــار
سـالم و حـەمـدوون، مـەحـوی جـەوهەردار

یا سـاحـێبـقـڕان حـەمـدی فـەیلەسـووف
لەناو ئەدیبـان مـەشـهـوورو مـەعـرووف

حـاجی تۆفـیق بەگ- مـامـۆسـای كـوردان
پیـرەمـێـرد مـەشـوور لەناو هاو فـەردان

فـــــایەقی زێـوەر، دواكـــــۆچی یاران
هـەمـــــــــوو لای مـن پـۆلـی نـاوداران

ئـەرخــــەوانـەکــــەم، بـۆیـە وا ســـــوورە
نموونـەی خـــــوێنـی لاوی مـــــەغـــــروورە

هـەر ســــــاڵـی جـــــارێک تـارا ئـەپـۆشـێ
خـــوێنـی شـــەهیـــدە، لە خـــاک ئـەجـــۆشـێ

یانـێ ها، خـــەڵکە، خـــوێنـمـان ون مـــەکـــەن
بـاوەڕ بە گــــەزاف دڵ دوژمـن مــــەکـــــەن

جەماتیان جەمە: مەبەسی لە کۆبوونەوەو گردبوونەوەیانە لەو شوێنەدا

**شێرکۆ بێکەس**

لەژێر ناوی (کـە منداڵ بووم) باسـێکی ورد و جـوانی ئەوسـای نـاو شـاری سلێـمـانـی دەکات.. هـەرچەنـد زۆرە، بەڵام بەپێـزە، بۆیە لەگـەڵیدا هـەنگاو بە هەنگاو هاتین. کە وەک فیلمێکی سینەمای چاک دەرهێنراو بارودۆخی ئەو ڕۆژانەمان پیشان دەدا.

١- گەڕەک:

قاپی تەختە دوو دەروازە
هەر تاکێ نەخشی جیاوازە
دوو ئەڵقەڕێزی بەدەس قورس
گۆپگەی زۆری ئاسن و مس..
بۆ چاوەزار..
بۆ تەماشای دیاری ڕێبوار
بەسەر دیواری دەرگاوە
ناڵێکی زل داکوتراوە
مورووی شینی تێ خراوە

گۆیسەبانەی نزمی نیشتوو
درەختی ناو حەوشەی هەڵچوو
کۆڵانی تەنگ..
پەنجەرەی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ
دووکانی دەرگا لەسەر ماڵ
نەخشی خەتخەتێنی مناڵ
سەکۆی درێژی ناو داڵان..
ئاوڕشێنی ڕێی بەرماڵان
مێوی سەر حەوزی بن فێنک
هێشووی پڕچنگ
گۆزەی ژێر سێبەری تەزیو
تووی هەڵوەریو
هێلانەی سەرپێشی هەیوان
بۆ کۆتری نەشمیلە و جوان
تاشە بەفری پێشی دووکان
چیغ و مانگەشەوی سەربان
ژووری گەورە کەللەگی ناو
چاک سواغ دراو
بە چواردەورا ڕەفەی درێژە
چینی و کاشی لەسەر ڕیزە
بەرماڵی نوێژ، هەڵواسراوە زۆر ئازیزە.
مەوجی سەرنوێنی هەڵچنراو
سەماوەری زەردی وەرشاو

تاقی قووڵی، زۆری دیوار
باڵا ئاوێنەی بەرەو خوار
باڵە خانە پێش تەختە بەنگ
سەوزو سوور ڕەنگ
بەچاو تۆزێ خوارو لاسەنگ
بەسەر حەوشەی ناو گەڕەکا
ئەڕوانێت و کەشخە ئەکا
پاشماوەی کۆنە گۆڕستان
تاک تاک کێلی بەدەرەوە
مەرقەدی شەخسی، ئاین پیران
بەیداخی سەوز بە سەرەوە
شەویش مۆمێکی داگیرساو
لای کێلی ژوورسەر دانراو
دەوری مەرقەد، ڕووناک ئەکا،
نرا بۆ پیاوی چاک ئەکا.
یان لە کەلاوەی چەپەکا
کە زۆرن لەناو گەڕەکا
دیمەنی شەڕە کەڵەشێر
لەگەڵ یەکا
تا خوێن لە پۆپنە ئەتکا
تا یەکێکیان ئەکەوتەژێر
تا لەتەک و تاس ئەچۆوە
ئێوارەمان درەنگ ئەکرد
چێشتەکانمان سارد ئەبوەوە

٢- شایی:

ڕۆژی شایی هەر بەیانی
بەردەم دەرگا، ناو کۆلانی
سەر، سەربانی
ماڵی بووکێ یان هی زاوا
بە گشت ماڵی گەڕەک ئاوا
پڕ ئەبوو لە جل زەردو سوور
لە میوانی گەڕەکی دوور
لە مناڵە وردکەی گرۆز
لە لاوی قۆز
لە ژنان و کچی گەڕەک
لە بۆنی خۆش
لە دەسگێڕی وردەفرۆش
کە قارس ئەبوون بە ناخوونەک.
وا دەسبەردانی پیاوانە
نۆبەی هەڵپەڕکێی ژنانە
بۆ لاوی سەر گوێسەبانە
کاتی گەرمەی سەرنجدانە
سووراوی زۆر، سپیاوی خەست
خەنەی قاچ و بازنی دەست
کەوای تاقە، چەفتەی سوورمە
ورشەی دەسماڵی تێل قرمە..
هاڕەی خشڵی زۆری خواستراو

چاوی بە کل هێجگار ڕێژراو
لەرزەی ئاشق بەنگ و کرمەک
ورشەو پرشەی کراسی خامەک
مێخەک بەنگی تا ناوک شۆڕ
پانی بەرزی ڕەنگ مەیلەو مۆر
گۆبەرۆکی سوخمەی گوڵ گوڵ
لە گوڵە هێرۆ، ملوانکەی مل
جووڵە جووڵی، کابرای شایەر
بەدەس، بەسەر
پیاهەڵدانی بێ سەروبەر
دزە دزەی ئێمەی مناڵ
بۆ بەستنی لکی دەسماڵ
تا ببینین
تا پێکەنین..
بەو ئەنجامەی کە دەسبەردان
دەسماڵی لەیەک ئەئاڵان.

٣- نان خواردن:
مەنجەڵی گەورەی زنجیردار
بە چەند ژنێ ئەهاتە خوار..
پڕە مەنجەڵ و لێوان لێو
تێکە یاپراخی گەڵامێو
غەڵبەی قسە
بانگی مناڵ

تەقەتەقی قاپی بەتاڵ
بەر نەکەوتن بۆڵەو خووتە
لە مریشک و لە پشیلە
کشەو ختە
دەوری فرِان
بۆ قوژبنی کەس پێ نەزان
گریانی مناڵ نووکە نووک
جێگەی سەغڵەت، حەوشەی بچووک
لە دەر.. لە قوژبنێکی کەلاوە
لەبەر سووری ئەو هەتاوە
چەند سواڵکەری برسی داماو
سەریان بە یەکەوە ناوە
لەسەر یاپراخی هەڵوەشاو

٤- بووک بردن:
لە ژوورەوە بووک ڕێک ئەخەن
ئەڵێن قەیرێکی تر ئەیبەن
وا هاتە دەر
تارا بەسەر
تارا ڕەنگی ئەرخەوانی
بووکیش پەری کوردستانی
شەرم لەناو چاوی گەشا
جوانی وا لەناو باوەشا
تکەی ئارەقی سەرگۆنا

قەترەی شەونمە لە خوێنا
دوو پەری دەستیان گرتووە
کەمێ پێش خۆیان خستووە
وەکو بەهار..
ڕازایەوە بووکی نازدار
نەشمیلەو جوان
وەکو کچی شیعری گۆران.
بۆ تەماشای بووکێ کردن
پاڵەپەستۆیە و ڕەتبردن
جێگە نابێ تەنگتر ئەبێ
سەربان و دەر پڕتر ئەبێ
دەنگی زوڕناو غەڵبە و دەهۆڵ
ئەگاتە چۆڵ
هەنگاوی ورد، نەرمە ڕۆیشتن
وەستانی زۆر، ئارەق ڕشتن
ئەوا بەرەو ماڵی زاوا
شایی و بووک پێکەوە ئەڕوا
هەر لە پاش هەشت نۆ هەنگاوێ
نووچدانێکی کەم بۆ تاوێ
ئاوێنەی چوارچێوە تەختە
جیازی بەختە
پشت لە خەڵکی، ڕوو لە بووکە
دیمەنێکە ئێسک سووکە
ماڵی ناو کۆڵانی سەرڕێ

بۆ سەیر هاتوونە دەرێ
خۆزگەی کچی شوونەکردوو
بەکزەوە مل لار گرتوو.
لە سەرنجی چاوا دیارە
ڕووهێمنە..
بەڵام دەروون بێ قەرارە
گۆمی ئارەزووی بێ بنە
چرپەی کوڕان بە گوێی یەکا
نەهێنی قسە دەرئەخا
لە پڕێکا پێکەنینێ
نەهێنی دەرئەپەڕێنێ
منداڵە وردکەی بێ شومار
وەک گەڵای دار
هەتاکوبن.. زۆرتر ئەبن..
نەبۆ بووکە و نە بۆ جوانی
نە بۆ هەڵپەڕکێ و گۆرانی
نە بۆ خۆشی زەماوەنگە
نە بۆ کیژی شۆخ و شەنگە
وا شوێن کەوتوون
لە پێشەوە پێ هەڵگرتوون
بۆ نوقڵی ترش و شیرینە
بۆ ماجوومی ناوقەد شینە
بۆ نۆک و خورماو حەڵوایە
کە ناو بەناو عانەی تیایە

٥- کۆتایی

شایی هەردوولا لەیەک دا
تێکەڵ بوون و لە یەکیان دا.
زاوای مل قوتی پشتێن پان
چاوەڕوانە، لەسەر سەریان
ڕیشی زبرو سەرتاشراوە
خۆشۆراوە
جامانەی تازە بەستراوە
کە بووک گەیشتە بەر دەرگا
سمێڵی ڕەش بزە ئەکا
بە قامیشێ
تۆزێ قایم کە نەیەشێ
بەسەری بووکا ئەکێشێ.
گوڵدان، گوڵاو ئەپرژێنێ
نوقوڵ، مناڵ ئەورووژێنێ
کوڕو کچی حەزلێکردوو
فرسەتە بۆیان دوو بە دوو
وردە وردە گەرمەی ئاهەنگ
لەگەڵ تاریکی هاتنا
سارد ئەبۆوە بۆ کۆتاییی
لەگەڵ دەرگا داخستنا
شەوی خامۆش، ماڵئاوایی
ئەکرد لە گەڕەک و شایی

(تریفەی هەڵبەست لاپەڕە ١٥١-١٦٤ چاپخانەی سلمان الاعظمي- بەغدا)

**محەمەد ئەمین پێنجوینی**

لە کاروانی ژمارە (٣٥) ساڵی ١٩٨٥ لاپەڕە (٢٨) ئەمەی بڵاو کردووەتەوە:

سلێمانی:

گۆیژە سنگی لە دامێنی ئاسمان ئەسوێ، ئەزمەڕ لووتی، بەرەو تیشکی هەتاو ئەنێ. گڵەزەردە لارە ملە و، ماچی گزنگی خۆر ئەکات، ئاوا نەبێ.. هەورازەکەی تاسڵووجەش، تەخت بووە وەک بازیان، ئەوەی ڕەق و زەق و دیارە، دیارە هەر (بەردە قارەمان). ڕەشەبای گەرمی هاوینە، کە جارجار ئەلووریێنێ، خەلفە نەمامی باخچەکان ئەقرتێنێ. شاریش کپ و خامۆشییەک دایگرتووە، وەک ئەشکەوتی هەزارمێردە، بۆ تویێشووی مێژوو زیندووە. سەرچناریش مەنگ و گێژە، وەکو گۆمی دەربەند- دووکان. ماسییەکان باریان خستووە.

**فائق بێکەس**

ئینجا با نەختێک لە گێژاوی کوشتن و بڕین و زۆرداری.. بەرامبەر بەوانە خۆڕاگرتن و خەبات و قوربانی.. با نەختێک لەم لایەنە دوورکەوینەوە و ئاوڕێک بەلای سەوزایی و گوڵاڵە سوورە و دەشت و چیمەن و مێرغوزاری بەهاری سلێمانیدا بدەینەوە.. خۆمان بەناو سەیرانکەراندا بکەین لەو دەشت و مێرگە.. با لەگەڵ فائق بێکەسی نیشتمان پەروەردا سەرێک لە سەحرا بدەین:

سەحرا ئەڵێی بەهەشتە
دڵ ئارەزووی لە دەشتە
حەزی لە سەیرو گەشتە
کوژراوی چاوی گەشتە

گـیـرۆدەی خـاڵـی ڕەشـتـە
یارم شـــازادەی ڕەشـــتـــە
ڕۆژێکی بێ قـــوســـــووره
دنیـــا بـاغ و قـــوســــووره
پڕ لـه غــیلمــان و حـــووره
خــــەفــــەت له دڵ بـەدووره
گـوێت لـه نەغـمـەی تـیـووره
وێنەی سـاز و سـەمـتـووره
(پیـــر مـــیکائیل) ببـــینه
دڵگیـــرو خـــۆش و شـــینه
هـەروەک تـاووس ڕەنگـینـە
بێـی بـەزم و هـەڵپــــەڕینه
ســـــــەیران و پێـکـەنـیـنه
پـــڕڕ نـــازو نـــازەنـــیـــنـــە
جێ هـەر قـــــۆریە شکاوە
وێنـەی خـــــــۆنەبـینـراوە
مـــەشــــهـــوور و زۆر بـەناوە
بـــڕوانـــــی لــــە هــــەرلاوە
دەســـتـــەی کـــچـــان و لاوە
وەک چــــــنـــــــار و لاولاوە
خـــۆشـی لە ســــەرچـنـارە
چیـمـــەن و مـێـرغــوزارە

هەواکەی مێشک بارە
داروبەردی خومارە

سەیرانکەری هەزارە
جێی بولبل و هوزارە.

چوار شەمموان هەرایە
ڕۆژی بەزم و سەفایە

ئازادی ئاشکرایە
ڕەشبەڵەک و سەمایە

بۆ دەردی دڵ دەوایە
کاشکی هەروا بوایە

خوایە هەموو بەهاران
بە خۆشی خزم و یاران

بچینە بەزم و سەیران
ئێمەش هەروەکو شاران

بە نووری عیلم و عیرفان
ئاوابێ وەتەنمان

**شێخ سەلام:**

لە هەڵبەستەکەیدا (بە یادی گیانی پاک و خاوێن و بەرز- سالم ساحێبقڕان) دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ لەناو تەنگی و نەهامەت و زۆرداری بە سالم دەڵێت شیعرەکانت وەحی و ئیلهامن هەموو وەک موعجیزە هاتوونەتە دیی.

پڕڕ لە حالوتە سلێمانی سەراسەر ئەی خوا
یا بەجارێ غەرقی کە، یا ڕاپەڕێ داوودمان

ئنجا ڕوو ئەکاتە عەزیز بەگی بابان کە لە چامەکەی سالمدا ناوی هاتووە:

سەر لە خاک بێنەدەر تاکەی ئەسیری خاک ئەبیت
ئەی عەزیز بەگ شۆڕە سواری گەورەیی قەومی بەبان

با ئەمینەی پیاوی ئەمین و شیرنت ڕاپەڕێ
ئەسپەکەت بۆ زین بکات و سواری بە، شێری زەمان

تۆ بە شمشێرۆ هجوومت کردە سەر تۆپ و تفەنگ
ناوی پیاوە دوژمنی ئێستا وەلی عەینا ژنان

وەک هەڵۆ هەڵمەت بەرە بۆ دوژمنی ڕێوی صفەت
چەشنی کەوبارە لە عاستی هەڵمەتت شێری ژیان

تۆ لە ئێمە عاجزی ئەی گیانی شیرینی عەزیز
ڕاپەڕە قوربانی تۆ بێ کوردی سۆران و بەبان

**کاکە حەمەی بێلو (ناری)** شاعیریش لەژێر ناوی (شاری بێ هەمتا)دا دەڵێ:

کە جێی جیلوەی ڕوخی والآیە ئیمڕۆ
(سلێمانی) ئەڵێن، ئاوایە ئیمڕۆ

حیجاز ئاسا لە سەفحەی خاکی (ڕۆما)
حەقیقەت شاری بێ هامتایە ئیمڕۆ

لە سایەی تۆیە وا، ڕوونەق شکێنی
شکۆهی بەسرەو بەغدایە ئیمڕۆ

لە نێو فنجانی دڵدا خوێنی جەرگم
وەکو قاوەی یەمەن ئاسایە ئیمڕۆ

ئەگــەر جـویای ئـەحـواڵی عـەجــەم بێ
ســەراپا شــۆڕش و غـەوغـایە ئیـمـڕۆ

لەهـەر جـێگەو مــەقــام و داســتــانی
لەتیـفی عەکسی ئـەحمـەد شایە ئەمڕۆ

مـەشــایەخ گـەر ڕەواجی دا بە ســالار
لەسـەر (شـا) ئـەهلی دڵ پڕ بایە ئەمـڕۆ

ئەفـەرمـوی بـێ هونەر، ئاخـر بـەتۆ چی؟
(مــەلا) بۆ کـۆمــەکی ئازایە ئیــمــڕۆ

لـە دنیـــــــادا هــەتا (نـاری) بمـێنـێ
بە دەست و دڵ لـە لایەن شـایە ئیـمـڕۆ.

## تۆزێکی تریش خۆپەرستی لە روانگەی بەراوردکارییەوە

میللـەتەکەمان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی ژنی کارامـە و پیاوی گـەورەی تێــدا هەڵکەوتووە، کـە دەتوانرێ کـەم یا زۆر لەگــەڵ ژن و پیــاوە ناودارەکانی جیـهاندا بەراورد بکرێن و بخرێنە تای تەرازووەوە. سا ئەگەر ئەو دەســتـەی سـەری تەرازووەکـە ئیش پێ دەکـات، فـێڵ نەکـات و بە ویژدان بێ، هەر بە داد و ویژدانەوە سەنگەکە بکێشێ.. (پیرەمێرد لە تای تەرازوودا لەگەڵ برناردشۆ) و (سالم لەگەڵ شکسپیر) و (مەدهۆش لەگەڵ نزار قەبانی) و (مـەحوی لەگـەڵ حافـزی شیـرازی) و (مـەلا حەمـدوون لەگەڵ مـعەڕی) یاخـۆ قـەیناکـا با لەگەڵ هی ترا بکێـشرێن.. رەنگ هەیە (ئەگـەر جیـاوازی کات و شــوێن و کــەش و هــەوای ســیــاسی و هـەندێک شــتی تر نەبن بـە کـۆسپ) تەرازووەکە یاخۆ قەپانەکە ئەوەندە سەرناکات.

**نالی و لافونتین و أبو تمام**

مەولەوی فۆلتێر و بێسارانی و خاڵۆی کۆماسی بێکەس و
بیرنز و فلیب سدنی و أبو نواس

لەم دەوری دواییـیـەی شـیـعـردا لەوانـەیە بوێژەکـان بووبن بـە سێ بەشــەوە، بەشـێکیـان هێـجگار خـۆیان بە وشـەوە مـاندوو کـردووە بۆ ئەوە بـە دەنگی زەنگی وشـەکانی گوێی بزرنگێنێتـەوە، ئەم بەشـەیان یەکێک لەوانە (نالی)یە، گوایە گـەڕاوەتەوە بۆ سەدەی حـەڤدەیەم بۆ (شـەمپانیا) لە فـەڕەنسـا بۆ لای (لاڤۆنتین)ی شـاعیر، یا ئەو هـاتبێتە (خاک و خۆڵ) بۆ لای نالی..

بەشـێکیـشـیـان هەمـوو ئـامـانجـێکیـان دەربڕینی مـەعنا بـووە و هەمـوو کۆششـێکیان خسـتووەتە سـەر مەعنا. شـاعیرە بەرزەکەی کورد (مـەولەوی) یەکێکە لەمانە. تۆ بڵـێی گـەڕابێتـەوە بۆ سـەدەی هـەژدەیەم بۆ لای (ڤۆڵتیـر)ی شـاعیری بەرزی پاریس، یا ڤۆڵتێر هـاتووە بۆ (تاوەگۆز) بۆ لای مەولەوی؟

بەشــێکی تریشــیـان خــەریکی رۆحـی ئاژاوە و پەلامــاردانی پیــاوەکــانی مزگـەوت بوون کە (بێکەس) یەکێکە لەم بەشـە، نـابێ ئەمیش گـەڕابێتـەوە بۆ سـەدەی هـەژدەیەم بۆ لای (روبرت بیـرتر)ی شـاعیـری (ئوسکتلندە) لە (ئەیەر) یاخۆ ئەو هـاتووە بۆ لای بێکەس لە گـەڕەکی گۆیژە لە سلێمانی.

بوێژەکانی کورد تێکڕا بێـجگە لەو شـەپۆلانەی بە سـەرمـانا هـاتوون هـەوای ناوچەکە کـارێکی زۆری تـێ کـردوون. لەگـەڵ ئەوەی کـە زۆربـەی شـاعیـرەکـان (ئەگـەر خـوێنـەواری بۆ شـاعـیـر شـەرت بێت) بـوێژەکـانی کـورد بێـجگـە لە بەشـێکی کـەمـیـان ئـەو خـوێندەوارە نەبوون کـەچی سـەیر دەکـەیت بەرزیی فیکرەکەیان ئەگەر لە شـاعیری قـەومەکـانی تر بـەرزتر نەبێ، وەک ئەوان هـەر دەبێ.

بەڵـێ دەڵێن لە شــاعـیــرەکــانی عــەرەب (أبو تمـام) لە شــیــعـردا لانکەی دروسـتکردنی ئیسـتیـعـارە و پەیداکـردنی مـەعنای ورد و ئارەزووی جناس و

پێکهێنانی سیفەت بووە. بەڵام ئەگەر لەگەڵ (نالی) خۆماندا بخرێنە دوو تاکی تەرازووەوە بێگومان شایەن بەلای نالیدا گەلێ دەڕوا.. چونکە نالی دوو ڕێچکەی گرتووە یەکێ عیلم یەکێ ئەدەبیات ئیتر گوێی بە هیچی تر نەداوە بەتایبەتی ڕێچکەی شێخایەتی و تەریقەت..

مەولەوی لە عەنعەناتی نازکی شیعردا یادی بێسارانی و خاڵۆی کۆماسی کردووە و جارجار قسەکەیانی کردووە بە تانی ئاوریشمی تەونی زەردکفتی شیعر خۆی وەکو دەڵێت:

بێسارانیەت نەتۆی فەردی من
خەم چەنی خەمان زو مەبو ساکن
بولندکەر مەقام دڵسۆزی ڕاسی
نەزیلەش بۆ فەرد، خاڵۆی کۆماسی.

بێینەوە سەر بێکەس لە وتووێژەکەیدا لەگەڵ مانگدا کە دەڵێت:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار، یەک ئاهی سەردین..

لێرەدا مامۆستا عەلادین سجادی دەفەرموێ:

بەڵێ (سێر فلیب سدنی ئینگلیزی) (١٥٥٤-١٥٨٦) شیعری بۆ مانگ وتووە، بەڵام پیاو دەبێ ئینساف بدا بە فلیب وەکو چۆن شاعیرێک بوو، هەروەها قائد و سیاسی و نائیبی ناوچەی (کنت) بوو. لە ئۆکسفۆرد خوێندبووی. بێجگە لەوەی پاریس و هەموو ئەوروپاشی دیبوو. ئایا بێکەس چ شوێنێکی چاو پێ کەوتبوو لە چ دانشگا و قوتابخانەیەکی بەرز دەرچووبوو، ئەگەر تەماشای ئەم دوو پەردەیە بکرێت بێگومان بێکەس گەلێ بلیمەتتر بووە لە سێر فلیب سیدنی.

بێکەس هەر ڕێگایەکی گرتبێ سەربەست و بێ پەروار بووە ڕاستەوڕاست

هاتووەتە مـەیدانەوە و لەباری ژیانی دنیـاییـدا تا دوا پلە دڵ بریندار و پڕ ئازار بووە. ویستوویە بە سەرخۆشیی مەی، خۆی لە خەمی دنیا دوورخاتەوە، وەکو هەر لە ئاخری ئەم شیعرانەدا دەڵێت:

حەقمە گەر عارەق بخۆم، توخوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن

زەحــمــەتە بێ مــەی ژیـانم، بەم دڵەی تـاریکەوە

ئەو شۆڕشی سەرخۆشی و بادە پەرستییە کە لە مێشکی بێکەسدا بووە، هەر ئەو شۆڕشە بووە چووەتە مێشکی (أبو نواس)ی ئەهوازییەوە، لە ساڵەکانی (٧٢٩-٨٨٥ز)دا کەچی ئەبو نەواس ناسرا و بێکەسیش قاو درا.

### مەحوی و حافظی شیرازی

مەحوی بە بیرێکی زۆر ورد لە فەلسەفەی ژیان و نەفس دەدوێ ڕێگەیەکی گرتووە کە فەلسەفەچییەکانی دەوری ناوەڕاست لە عالەمی ئەڕواحدا گرتوویانە.. بەڵێ هەر بە فەلسەفەپەرستی و دەروێشی و عیبارەت ڕێکخستنەوە خەریک بووە.. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی قسەی نەستەق و حکیمیاتی بەرنەداوە.. لە باری زوهدا و بەشوێن باوەڕی فەلسەفەچییەکانی پێشوودا گەلێک سووراوەتەوە و ویستوویەتی ئەدەبیاتی کوردیش لەو جۆرە شتانە بێ بەش نەبێ بۆیە هاتووەتە سەر ئەم قسەیە کە دەفەرموێت:

شێخێ، هەمەوەندێکی ئەدا وعظ و نصیحەت

ئەو قوڕبەسەرەی دابوە بەر فەحش و فضیحەت

خۆش هاتە جواب، وتی تۆ حەقتە، فقط من

قطاعی طریقم، نەوەکو قطاعی طریقەت

حافزی شیرازی لەم بابەتەوە دەڵێت:

شـێخی بەزن فـاحـشە گـفتا: مستی

هر لحظە بە دام دگـــردی یا بستی

گـفـتـا: شــيـخــا هر آنچــه گــوئی هــســتم
امــــاتو چنانگه مــــيــــخــــای هـســـتی؟

واتا:

شێخێ بۆ تەمێی ژنێکی بەدخوو
قیرە قیڕی بوو، ئەهات و ئەچوو
ژن وتی: یا شێخ، چی ئەڵێی من وام
بەڵام تۆ وەهای وەک ناوت دەرچوو؟

قسەکە و فەلسەفەکەی زۆر جوانترە لەوەی خواجە حافزی شیرازی. مەحوی بۆیە (هەمـەوەند)ی وتووە، چونکە لەو ڕۆژانەی ئەوی تێدا دەژیا هەمـەوەند بە ڕێگاگرتن بەناوبانگ بوون.

**سالم لەگەڵ شکسپیردا**

مـامـۆسـتـا عـەبدولڕەزاق بیـمـار لە هاوکـاری ژمـارە (٢٧٠١)ی دووی حوزەیرانی ١٩٩٧دا نووسیویەتی دەڵێت:

دوو خاڵ تۆمار دەکەم لە دیوانە کۆنەکەی سالم. یەکەمیان نزیکیی سالم و شکسـپیر لـە نەخشـاندنی وێنەیەکدا بە هەڵبەسـتی سالم و شکسـپیـر لە شانۆییيـەکەی (ڕۆمـیـو و جولێت)دا پیشانـی داوە، هەر کە باوکی جولێت بە جولێت دەڵێت: بۆچی وا ماتی کچی خۆم؟ چییە هەر دەگری و هەر فرمێسک دەبارێنی؟ من لەشی بچووکی تۆ بە کەشـتی و دەریا و زریان دەبینم، کەوا چاوەکانت لە دەریا دەکەن، فرمێسک سـەرڕێژ دەکات، پاشـان ئارام دەبنەوە لەشی تۆش ئەو کـەشـتییـەیە لەو لێشـاوە گێژدراوەدایە، هەناسـەکانت ئەو بایەیە کە فرمێسکەکانت دەدەنەبەر، پاشان دوای دەکەون، ئینجا لەشی بەر زریان کەوتووت نوقم دەکەن، بێ ئەوەی دەریاکە ساتێک بسرەوێ. وێنەکەی شکسـپیر بە پەلوپۆ و پان و بەرینە. چاوی بە دەریا و لەشی بە کەشـتی و

هەناسەی بە (با) وێنە گرتووە و دیمەنی خنکانی کەشتییەکی لە دەریایەکی بە زریان و گێژدراوی هەڵچوودا نەخشاندووە.

سالم نەک وا بە پەلوپۆ وەک شکسپیر بەڵکو بە خەستی و لە یەک دێڕە هەڵبەستدا دیمەنی کەشتی و دەریا و شەپۆڵی دەریا و ترسی نوقمبوونی کەشتی وێنە کێشاوە زیاد لە کەرەستەکانی وێنەکەی شکسپیر هاتووە و دڵی بە کەشتی، چاوی بە دەریا، کەشتییەوانی مەردم و تا رادەیەک هەستی و سۆزی دڵ و نەهەنگی بە غەم و لەنگەری کەشتی بە ئازار لێک داوەتەوە و وردەکارییەکی جوانی پێشان داوە. ئەوەتا دەڵێت:

زەورەقــــــــە دڵ، دیـدەیـە
دەریـاو و مـــەردم نـاخـــودا
جـۆشی خـاتر وەک شـەپۆڵ و
غـەم نەهەنگ، لەنگەر جـەفـا

ئینجا مامۆستای بیمار دەڵێت:

هەر بەمجۆرە سالم وێنەیەکی تری هەیە دەڵێ:

غـــــەمم دەریا، دڵـم زەورەق
مـنم تـاجــیــر، وەسڵ بەنـدەر
دەبێ یا تەرکی بەندەرکەم وەیا
تـر دایـکـی ئـافـــــەت بم.

لێرەدا دەریا و کەشتی و بەندەر و بازرگانی لە باری خەم و غایلەدا شاعیری لە دوو رێیانی بیرکردنەوە و بڕیارداندا وێنە کێشاوە.

**مەلا حەمدوون و ئەبو عەلای معەڕی**

لە کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد بەرگی یازدەیەم (من نووسەری ئەم کتێبە) لێدوان و شیکردنەوەیەکی (٣٠) پەڕەییم لەسەر مەلا

حەمدوون نووسی لەژێر ناوی (مەلا حەمدوون لە بێ چاوێکی هەژارەوە بۆ بلیمەتێکی بەهرەدار) کە لە بەینی ساڵەکانی (١٢٨٠ک/ یاخۆ ١٢٧٦ک بەرامبەر بە ١٨٦٠ز هاتووەتە دنیاوە و لە ساڵی ١٣٣٩ک/ ١٩٢٠ز) جیهانی بەجێ هێشتووە. ئەم پیاوە ناوی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئیسماعیل کوڕی یوسفە و خەڵکی شاری سلێمانییە و هەردوو چاوی بە نەخۆشی ئاوڵە هەر لە منداڵییەوە کوێر بووە.

ئەگەر ئەم پیاوە لەگەڵ (ئەبو عەلای معەڕی)دا بەراورد بکەین هەرچەندە رۆژگاریان لە یەکەوە دوور بووە. چونکە مەعەڕی لە بەینی (٣٦٣-٤٤٩ک بەرامبەر بە ٩٧٣-١٠٥٧ز) ژیاوە بەڵام هەردووکیان لە منداڵییەوە بە نەخۆشی (ئاوڵە) کوێراییان داهاتووە. هەردووکیان رۆژگارێکی ستەمیان بە کولەمەرگی بردووەتە سەر، هەردووکیان لە زیرەکی و وریاییدا تاکی سەردەمی خۆیان بوون. مەعەڕی دوا رەنگ بە منداڵی دیبییەتی رەنگی ئەو بەرگە سوورە بووە کە لەبەریان کردووە دوای ئەوە کوێر بووە و هیچی تری نەدیوە. خۆی لە هەموو خۆشییەکی جیهان دوور خستووەتەوە و هیچ بەرهەمێکی ئاژەڵ یاخۆ گۆشتی نەخواردووە لە خواردندا هەر بە (نیسک و هەنجیر ژیاوە) و ژنی نەهێناوە چونکە نەیویستووە ئەو بەدبەختییەی خۆی وەک تەوق بکاتە ملی (نەوەی) خۆی و لەم بابەتەوە قسە بەناوبانگەکەی لە گوێی گوێگراندا ئەزرنگێتەوە کە دەڵێت (هذا جناه أبي عليّ و ما جنيت على أحد- باوکم ئەم تاوانەی لەگەڵ من کرد، من تاوان لەگەڵ کەسدا ناکەم).

مەعەڕی زۆر زیرەک و شتی زوو هاتووەتە بەر بەجۆرێک گوایە هەرچییەکی بیستبێ، تێ گەیشتبێ و تێ نەگەیشتبێ لەبەری کردووە، بێ چاوییەکەی لە لێکچوواندن و هاوکاری یاری لەگەڵ چاو ساغەکاندا و یاری شەترەنج و نۆڕسکێن و خۆکردن بە قاپی قسەی دروست و قسەی گاڵتەوگەپدا دیاری داوە. لە بابەت فەرمانڕەواکانی سەردەمی خۆیەوە وتوویەتی:

مل المقام، فكم اعاشر امة- أمرت بغير صلاحها امراؤها
ظلموا الرعيته واستجازو كيدها- وعدوا مصالحها وهم اجراؤها

هەروەها وتوویەتی:

تعب كلها الحياة في أعجب- الامن راغب في ازدياد
ان حزنا في ساعة الموت- اضعاف سرور في ساعة الميلاد

لەم بابەتە شتی فەلسەفیشی زۆرە:

ئینجا با بێینە سەر مەلا حەمدوونی لەمەڕ خۆمان

حەمدوون بەجۆرێک کارەساتە ناهەموارەکانی شەڕی گەورەی یەکەم دەگێڕێتەوە و وەسفی دەکات، چاوساغ بەو جۆرە بۆی نەکراوە و ناکرێ هەر کە دەڵێت:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە
هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمەکراوە

شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلچ و ڕم و سوننی
لەمعی قەسەتۆرەش بەدەلی عەکسی هەتاوە

تەیارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە

باڵۆنی هەڵوەشیوە لەگەڵ دێتە تەحەروک
عالەم لە نەزەریا بە مەسەل پۆڕی خواردووە

پڕ گەردی غەم و دەردە سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقاس و جەڕو زەمبەلەک و چەرخی شکاوە

باشە کوێرێکی نادیدە چۆن دەزانێ بەرقی قلچ و سوننی و لەمعی قەسەتۆرە (کە ئەمانە هەموو چەکی شەڕ بوون) چییە؟ فڕۆکەی نەدیوە کەچی وەسفی

هاتوچۆ و بۆردومانی دەکات سەعات بە (رەقاس و جەرِو زەمبەلەک و چەرخ)ەوە کە بۆ چاوساغ لەیەک جیا ناکرێنەوە، ئەو بەو وردییە و یەکەیەکە دەیانژمێرێ.. ئەمە جگە لەوەی دەست راست و نیشا شکێن بووە، لە شەترەنج و دامەدا کەس لێی نەبردووەتەوە.

خوا لێخۆشبوو شێخ سەلام بۆی گێرامەوە وتی: جارێک لەگەڵ حەمدوون چووینە دەرەوە لە یەکێک لە کۆڵانەکانی سلێمانیدا تووشی جۆگەلەیەک هاتین نەختێک پان بوو، دەبوایە بە باز لێی بپەرِینەوە چونکە ئەوسا وەک ئێستا کۆڵان و شەقامەکان قیرتاو نەکرابوون. شێخ سەلام وتی لە حەمدوونم گەیاند کە ئەمە جۆگەیەکی بچووکە بە سووکە بازێک دەپەرِیتەوە، بەڵام ئەو لە من زیرەکتر بوو، داوای لێ کردم لە پێشدا من بپەرِێمەوە، بۆ ئەوەی مەزندەی بازدانەکەم و شەقاوەکانم تێ بگات ئەوسا ئەویش باز بدا. سەلام وتی: من گورِم لێ بەستەوە و بازم دا ئینجا وتم دەی کوێرە نۆبەی تۆیە. وتی: سەیرم کرد حەمدوون لە جۆگە دوورکەوتەوە و گورِی لێ بەستەوە بە راکردن هات، لە قەراغ جۆگاکە تا توانی خۆی هەڵدایە ئەو بەرەوە بەڵام بازێکی تەواو گەورەی دا. ئینجا وتی: سەلام هێشتا تۆ نەبوویت بەو پیاوەی من لە خشتە بەریت. من لە گور بەستنەوە و تەکانی تۆ زانیم درۆم لەگەڵ دەکەیت و جۆگاکە پانە و دەتەوێ کەتنێکم پێ بکەیت. بەڵام ئەمن لە خشتە نابرێم.

هەر لەسەر بێ چاوی و زیرەکیی خۆی بیستراوە لێی کە وتوویەتی:

هەرچەندە کە چاوم نییە تەعریفی قەمەرکەم

ئەمما بە زەکا مومکینە سەمعم بە بەصەر کەم

ئەم مەلا حەمدوونە هەر سی جزمی قورئانی لەبەربووە ئەمە هیچ، بەڵام توانیویەتی لەو سەرەوە بۆ ئەمسەر بیخوێنێتەوە کە ئەمە گرانترین ئەرکە.

ئەوی دەیەوێ زیاتر لەم بلیمەتە بگات ئەو نووسینەی من کە لە سەرەتاوە

ئاماژەم بۆ کردووە بخوێنێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بەلای هیجری دەدەی شاعیر کە لەم کتێبەدا کونجێکی بۆ تەرخان کراوە بە بۆنەی تەشریف هێنانیەوە بۆ سلێمانی: سەیر دەکەین ئەویش مەلا حەمدوون بە ئەبولعەلا ئەلمەعری دەشوبهێنێ و دەڵێت: (حەزرەتی حەمدوون بە دڵ چاوی دنیا بینینی هەیە، من ئەوم لە سلێمانیدا بە ئەبولعەلا داناوە).

## پێرەمێرد و شکسپیر و برنادشۆ

عەلی کەمال بەگ لە چلەی وەفاتی پیرەمێردا (ل٩٦) دەڵێت: ئەگەر بهاتایە پیرەمێرد لەناو گەلێکی پێشکەوتووی وەک خۆراوا بوایە لە زومرەی هەرە پیاوە بەرزەکان دەژمێررا. جا ئەگەر بێت و لاوانی کورد خوانەخواستە، بیر و باوەڕ و چیرۆک و نووسینە بەرزەکانی پیرەمێرد فەرامۆش بکەن، ئەوا ئەمیش وەک پیاوە بەنرخەکانی ترمان لەبیر دەچێتەوە.

قادر قەزازیش هەر لەو کۆڕەدا (ل١٠١) دەڵێت:

جیاوازی لە مەیانی پیرەمێرد و شکسپیررا تەنها هەر ئەوەیە: ئەو لەناو گەلی کوردی هەژار و بێچارە و پاشکەوتوودا بووە کە لەبەر دەردی سەری ناپەرژێتە سەر تەقدیری پیاوە دڵسۆزەکانی، ئەمیشیان لەناو میللەتێکی بەرز و پێشکەوتووی ئینگلیزدا سەری هەڵداوە کە بە زیندوویی و مردوویی قەدری پیاویان دەزانن و ناویان بەرز دەکەنەوە تا دەیان گەێیننە ئاسمان.

ئینجا قادر قەزازیش دەڵێت: پیرەمێرد شۆڕەسوار لە مەیدانی شیعر، ئەدەب فەساحەت و بەلاغەتدا گەلێک پێش حافزی و سەعدی ئێرانی، نامیق کەمالی تورک و شەوقی میسری کەوتووە.. پیرەمێرد مرد و ناوی چووە لاپەڕەی مێژووی پیاوە بەرز و ناودارەکانی جیهانەوە.. کوردی بێ چارە ئەگەر سوپاسی خوای گەورە بکات هەر بۆ ئەوەیە کە ئەم چەن پیاوە ناودارەی تێدا پێ گەیشتووە و ئەگەر رووی بێ لەناو گەلە پێشکەوتووەکاندا

خۆی دەربخات، هەر بە سایەی ئەو دەسمایە گرانبەهایەوەیە کە ئەم پیاوانە بۆیان بەجێ هێشتووە.

منیش نووسەری ئەم کتێبە دەڵێم: پیرەمێرد لە رووی فەلسەفە و قسەی بەجێ و نەستەق (کە ئەمانە زیاتر لە سەروبنی پەندەکانی پێشینان‌دا دەردەکەون، ئینجا لە شیعر و ئەدەبیاتی پیرەمێردا) ئەگەر لە برناردشۆ زیاتر نەبێ کەمتر نییە، تەنها کەموکوڕی پیرەمێرد ئەوەبوو لە قسەدا و لە مەیدانی (مناقشة)دا دەم و پلی تێکەڵ دەبوو، ئەگینا وەکی تر بلیمەتێک بوو بە ڕای من لە هەموو سەرێکەوە لووتکەی گرتبوو.

**مەدهۆش و نزار قەببانی**

مەدهۆش دەستی بۆ بیر و بابەتی کەس درێژ نەکردووە، خۆی ڕێچکەی تایبەتی لە هەڵبەستدا بۆ خۆی هەڵبژاردووە.. ئێمە لە بابەت ژن و جوانی و دڵدارییەوە لە باسەکە دەدوێین:

مەدهۆش بە زمانی کچەوە دەدوێ، باسی جلوبەرگ و ئارایشتی خۆی دەکات. ڕەنگە یەکەم شاعیری کورد بێت کە بە زمانی ژنانەوە شیعری هۆنیبێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

خۆ لەگەڵ ئاوێنەکەم دایم بەرەو ڕووی یەکترین
ئەمگرێتە باوەشی ئەو حەزئەکا من لانەچم
دایە گیان من سەیری شێوەی خۆم دەکەم لە جوان ئەچم
تۆش دڵم خۆش کە بەیانی جەژنە بۆ مالان ئەچم

هەروەها نزار قەببانیش بە زمانی کچێکەوە کە داد و بێدادییە لە دەست کۆتی خێزان و نەریتی کۆمەڵایەتی و لە زمانی ئەو کچەوە دەڵێت:

لا امه لانت و لا امي
وحبه ينام في عظمي

ان خبأت امي بصندوقها
شالي، فلي شال من الغيم
او اوصدوا الشباك كي لا ارى
فتحت شباكا من العظم

واتا: نە دایکی ئەو و نە دایکی من نەرمییان نەنواند، خۆشەویستی ئەویش لە ئێسکەکانمدا دەخەوێت. هەتاکو ئەگەر دایکم دەسماڵەکەم لە سندووقدا بشارێتەوە، ئەوسا من هەور دەکەم بە دەسماڵ. یان ئەگەر پەنجەرەیان لێ داخستم بۆ ئەوەی هیچ نەبینم، ئەوسا کولانەیەک لە خەیاڵ بۆ خۆم دروست دەکەم.

هەر بۆ تەڕوبڕی و ساکاری شیعرەکانی مەدهۆش ئەم بەیتەی کە بەرامبەر بە قانع وتووە پێشکێشی دەکەین:

بیستبووم قانع هەیە و شاعیرە
فەیلەسووفێکی زانا و ماهیرە

هەر کەشکۆڵێکم ئەکەوتە بەرچاو
یا گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو

بە شیعری قانع ڕەنگین کرابوو
لای هەموو کەسێک تەحسین کرابوو

گەلێ شیعریشم لای خۆم نووسیبوو
زۆرم لاجوان بوون، خۆیشیم نەدیبوو

هەر ئەمگوت خۆزگەم ئەم شەمامەیە
بۆنی وا خۆشە ڕەنگی کامەیە

بەڕێکەوت وابوو، خۆی هات بەوێدا
بەبێ تاقەتی ئەڕۆی بەڕێدا

وتیـــــان ئەوەتـا مــــژدەمـــــان بـەرێ
منیش ســــەرێکم کــێــشــــایە دەرێ

کــــــە دیم زەلامـــــێـک زەبـەلاح و بـەرز
چڵکن خوار و خێچ وەک سێوی بن عـەرز

گـــــڕی تێ بـەردەی بۆســــۆی لێ نـایـە
زۆر پەشـیـمـان بووم، خـۆزگـە نـەمـدیایە

درۆ بۆ بکەم، قــســەی ڕاست خـــۆشــە
کـــە دیم وامـــزانی دەمـــار فـــرۆشـــە

تێــر تێــر پێکەنیم، بەم ســینەمــایە
وتم چۆنە شـــاعـــیـــر، ئاوا، ئاوایە؟

هـاوڕێیـــەکی خـــۆم لێم هـاتە پێــشێ
وەخـتـە بـوو گـوێچکەم لەبن دەرکـێـشێ

وتـی هـەی نەفـــام، دەمـی خـــۆت بگرە
ڕەخنە لـە سـیـمـای شـاعـیـران مـەگرە

شــاعـیـر کـەی لـەمــە چاکـتــر ژیاوە
نـابینـی پـاکـی. بـە خــــەم فــــەوتـاوە

ئەم پارچە شـیـعـرە دەنێرێ بۆ (ژین) بڵاوی بکاتەوە، پیـرەمێـردیش لەلایەن خۆیەوە ئەم بەیتەی تێهەڵکێش دەکات و دەڵێ:

ڕەخـنـە لـە کـــاری خـــوایی مـــەگـــرە
بـۆچی پیـــرەمـــێـــرد لـەو پۆشـــتــەترە؟

قـانع کـە ئەم (لطیـفـە)یەی (مـدهۆش) دەخـوێنێـتـەوە بەمـجـۆرە وەڵامی دەداتەوە:

برای خــۆشـــەویست یاری نـەدیدەم
شـــاعـــیــر بـەرزی زۆر پەسـندیدەم

لـە برادەران: بـۆ منت پرســـیـــبـــوو
لەناو گـۆڤـارا شـیـعـرت نـووسـیـبـوو

مـنـت نـەدیبــــوو، کــــە ئـایـا چـۆنم
پێت نەزانیــبـوو، کــە کــەوڵـە کـۆنم

نووسیبووت هـەرگیز بۆسۆی لێ نایە
زۆر پەشــیـمــانم خـۆزگـە نەمـدیایە

بەڵێ ڕاست ئەکـەی، هەمیشـە ڕووتم

هەتـا شــاعـیـری کـوردســتـانت بم
ئەبێ هەر شـــڕ و شـــیـــتـــاڵانت بم

پارە بە جـۆرێک دێتـە دەست ئینسـان
شــاعـیــر ئەو پارە ئـەکـا بە سـندان

**شێخ حەسەنی گڵەزەردە و (ئولوغ بەگ)ی ئۆزبەکی**

شـێخ حـەسـەنی گڵـەزەردە کوڕی شـێـخ مـحـەمـەدی نۆدێیـە و سـاڵی ١٠٨٨ک ١٦٦٧ز لە دایک بووە و بـە رەگەز دەچێـتـەوە سـەر شـێـخ عیسـای بەرزنجـە. پیـاوێکی زانا و رابـەرێکی ئاینی پیرۆز بووە، لووتکەی شـاخی گڵـەزەردە کـە زنجـیـرەیەکـە لە زنجـیـرە چیـای قـەرەداغ و (٣٠) کـیلـۆمـەترەیـەک لەخـوار سلێمانییەوە دوورە، ئەو لووتکانەی شاخـەکەی بۆ ئەستێرەناسی بەکار هێنا بۆ تاقـیکردنەوەی هەندێک زانیـاری لـە بابـەت ئەسـتـێـرەکـانی دەوری ڕۆژ و ئەسـتێـرەی ترەوە، بۆ زانینی دەسـتـپـێکردنی وەرزەکـانی سـاڵ و گـۆڕانی هـەور و هـەوای ئـاسـمـان و دەرکـەوتنی مـانگ و زۆر شـتـی تر (کـە ئەمـانە

هەمووی دوور و درێژ لەلایەن مامۆستای هێژا عەبدولڕەقیب یوسف روون کراوەتەوە) بەجۆرێک کە ناوچەی سلێمانی و دەوروپشتی تا کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوو هەر بەو ئاگرەی لە گڵەزەردە دەکرایەوە، دەیانکرد بە رەمەزان و جەژن و جەژنی نەورۆز. بۆیە تەکیەیەکی بۆ ئەم ئامانجە دروست کردبوو بە تەنیشت مزگەوتەکەی دێیەکەوە کە بەداخەوە لەم دواییەدا هەمووی وێران کرا بەڵام مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف ئەوەی توانی لە پاشماوەکەی کۆی کردەوە و شتێکی لێ پێکهێنا.. ئەمە لە بابەت ئەستێرەناسی و شێخ حەسەنەوە.

بەڵام شێخی گڵەزەردە (پاشەڕۆژ بینی)شی هەبوو، ئامۆژگاری نادر شای ئێرانی کرد (نادرقولی) کە بەسەر ناوچەی سلێمانیدا هێرشی دەبردە سەر مووسڵ لە ساڵی ١١٥٦ک/ ١٧٤٣ز کە پاشەوپاش بگەڕێتەوە و هێرشەکەی بوەستێنێ، ئەگینا خۆشی و سەربازەکانی تێدا دەچن. و تێداچوونی خۆی بە دەستی یەکێک لە خزمەکانی دەبێت. نادر شا هێرشی هەر نەوەستاند و لە بەینی ساڵەکانی ١٧٤٣-١٧٤٧ز. ئینجا مێژووناسێک لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەستێرەناسێک زەنگی فەوتانی نادر شای لێدا کەوا ئەستێرەکەی لە (مریخ)دایە کە ئەوسا لە سووتاندا بوو، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە نادرشا، دەفەوتێ، هەرواش بوو لە ئابڵوقەی مووسڵدا سەرنەکەوت و گەڕایەوە دواوە و هەر لەسەر دەستی خزمێکی نزیکی خۆشیدا کوژرا". ئەمە لە بابەت ئەستێرەناسینی شێخ حەسەنەوە.

ئینجا بێینە سەر باسی (ئولوغ بەگ) من خۆم (نووسەری ئەم کتێبە) ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ (وەفد)ێکدا (وەفدی صەداقەی ئوزبەکی) چووین بۆ مۆسکۆ، لەوێوە بۆ (کۆماری ئوزبەکستان کە هێشتا لە تای تەرازووی سۆڤیەتدا بوو) کە پایتەختەکەی تەشقەندە.

لەو شتانەی لەوێ دیمان (مرصد)ێک بوو کە (ئولوغ بەگ) دروستی

کردبوو. ئولوغ بەگ کوڕی (شاهروە)یە و دەبێ بە کوڕەزای (تەیموری لنگ) ئولوغ بەگ لە بەینی (١٤٠٩-١٤٤٩)دا ژیاوە و تەیمووری لەنگ لە بەینی (١٣٧٠-١٤٠٥)دا ژیاوە. ئولوغ بەگ بە پێچەوانەی باپیریەوە، زانا بووە و گەلێک ڕێزی لە زانایان گرتووە و حەزی بە بڵاوکردنەوەی خوێنەواری کردووە. لەبەر ئەوە هەمیشە پیاوە ئاینییەکان رقیان لێی بووە و هەتاکو لە دواییدا بە لادان لە ئاین گوناهباریان کرد و هەروەک خۆی لە کاتی ژیانیدا و بەهۆی ئەستێرەناسییەوە پاشەرۆژی خۆی دیاری کرد کەوا دەکوژرێ، هەر واشبوو بە کوشتن کۆتایی بە ژیانی هێنرا.

ئولوغ بەگ لە (طشقند) لە ساڵی ١٤٢٨دا (مرصد)ێکی دروست کرد و بەگوێرەی جێماوەکەی کە ئێمە دیمان، بە گەورەترین (مرصد) دانراوە لە ڕۆهەڵاتی ئەو دەمەدا، چونکە وێرانەی ئەو (مرصد)ە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرلەنوێ دەستی پێدا هاتەوە.. بۆمان دەرکەوت کە دانراوەکەی ئولوغ بەگ برێتییە لە (جدولی فلکی) و لەسەر تێڕوانینی ئولوغ بەگ خۆی دانراوە. لەپێش هەموو شتێکدا ڕۆژنامەی هەموو میللەتانی خۆیانی کۆ کردبووەوە جگە لەوەی پەنای بردووەتە بەر زانیاری لە بابەت ئەستێرەوە و سەرچاوەی کۆ کردووەتەوە. بنچینەی کارەکەی (ئولوغ بەگ) نەزەریەی (مرکزیەی ئەرز) بووە. (ئەحداسیاتي جوغرافي (٦٨٣) خاڵ بووە لە جیهاندا، (کەتەلۆکەکەی) برێتی بووە لە (١٠١٩) ئەستێرە، کە بەگوێرەی (کەلو- أبراج) ڕێکخراوە. هەر ئەستێرەیەکیش ژمارەی تایبەتی خۆی و وەسفێکی کورت لە بابەت شوێنەکەیەوە لە کەلودا لەگەڵ ئاماژە بۆ ئەحداسیات (طول و عرض) و پانتایی، ئولوغ بەگ بەگوێرەی ئەو (مرصد)ە، ساڵی بە (٣٦٥ رۆژ و سەعات و دە دەقیقە و هەشت سانیە) داناوە.

هەردوو زاناکە (ئولوغ بەگ و شێخی گڵەزەردە) لە شارەزاییدا لە زانینی ئەستێرەناسیدا و لە نوقڵانە لێدان بە پاشەڕۆژدا، گەلێک سەرکەوتوو بوون. ئەوە بوو وەک نوقڵانەکەی شێخ حەسەن بۆ نادر شا لە ئابڵوقەی مووسڵدا

شکستی هێنا و له دواییدا به دهستی برازاکهی خۆی کوژرا. ئولوغ بهگیش که زانایهکی هەرە بەناوبانگی ئیسلام بوو لەو رۆژانەدا، هەر بە دەستی پیاوە ئاینییەکان کوژرا و نوقڵانەکەی خۆی هاتە دی.

لێرەدا هەر لەسەر (نوقڵانە) لێدان واتا پاشەڕۆژ دیاریکردن. بە پێویستم زانی (نوقڵانە)کەی پیرەمێرد بێنمەوە یاد کە بۆ (هتلەر)ی لێدا لە ساڵی ١٩٢١–١٩٤٢دا کە هیتلەر لە شەڕی گێتیی دووەمدا لەوپەڕی سەرکەوتن و وڵات داگیرکردندا بوو پیرەمێرد لە پەندەکانی پێشیناندا وتوویەتی:

هیـتلەر، چووە سـەر، قـەبری ناپلیـۆن
وتـی نـاوداری، تـأریـخ، چـۆنـی چـۆن؟
دەنگێک هات لە خاک زۆر بە مەحزوونی
وتی وا تـۆش دێیت، بـۆ خـۆت ئـەیبـینی

ئەمە لە رۆژنامەی ژینی یەکێک لەو ساڵانەی سەرەوەدا بڵاو کراوەتەوە.

بگەڕێینەوە سـەر باسی (ئەستێرەناسی- کەشناسی واتا منجم یاخۆ فلکی) و چاوێک بە یاداشتەکەی مستەر ریچدا بخشێنینەوە. ئەم پیاوە لە ل٩٤ی گەشتەکەیدا، لە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٠دا دەڵێت:.. (دوای ئەوە پاشا هاتە سەر باسی عیلمی کەشناسی لە ئەوروپادا، کە چەند جارێکی تر ئەم باسە هاتووەتە پێشەوە، بەتایبەتی پرسیاری ئەو شاخانەی کـرد کە لە (مـانگ)دا هەن، وتی ئەوەی لە رێی ئاینەوە بۆی دەرکەوتووە، گوایە مانگ پارچەیەکە لە ئاسن خوای گەورە رێکی خستووە کە شەوقی رۆژ تاو بداتەوە. ئینجا پاشا فەرمانی بە "ئەستێرەناسی یاخۆ سەرۆکی کەشناسەکان"دا کە نەخشەیەکی گێتی "خەریتەی عالەم"م بۆ خەت بکێشێ بەگوێرەی رێڕەوی رۆهەڵات، دوای ئەوەی دروست کرا و دایان پێم، سەیرم کرد بەڕاستی بەشێوەیەکی باش کرابوو).

### حەپسە خان و نەنە تێرێزا

هەرچەند جــاروبـار ناوی دایکە تێــرێزا یـاخــۆ نەنـە تێــرێزام لە دووەرەوە دەبیسـت هەزار خـۆزگەم دەخـواست کە بزانم کێـیـە و چییـە؟ ڕۆژ نەبوو لە رادیۆ و تەلەفـزیۆن و ڕۆژنامـەدا ناوی نەبەن تاکـو جیـهانی بەجـێ هێشت.. ئەوسـا بەزمـەکە گەرمـتر بوو، ئەوە بوو لـە هندسـتـان گیـانـی پاکی بە خـاک سـپــارد.. بەجـارێک جـیــهـانی بۆ خـرۆشــا بە جـۆرێک هەر بۆ نـاشتن و شاردنەوەی چەندە ژن و پیاوی بەناوبانگی جیهان ئامـادە بوون.. دەی باشە ئەم ئافرەتە چی کردبوو وا گەیاندیانە ئاستی غاندی و هەر بەو عەرەبانەیەی ئەو لاشـەکەیان گـواسـتـەوە بۆ شـوێنی حـەقی خۆی.. چونکە ئەوەندەی من بزانم هەر غـاندییەک هەبـوو لەم جیـهانە پـان و بەرینەدا و وێنەی نەبوو رەنگ هەیە تا پاشـەڕۆژێکی دووریش وێنەی نەبێـتـەوە.. غاندییـەک کە برێتی بوو لە ئێسـقـانێک و چوار پلـێ گۆشت، بگرە بەقـەدەر سـیـقـەتۆرەی عـەلیـشـیـشـێک گۆشت بە لاڕان و قـۆڵ و سـمـتـییـەوە نەبوو، واتا هـەر چڵ و چێـوێک بوو بۆ خۆی، کەچی گیانێکی سەختی نەبەزی وەها لە دووتوێی ئەم چڵ و چێوەدا بوو، خــاوەنەکــەی کـردبـوو بە نموونـەی مـرۆڤی پـاک و راست و خــاوێن و خۆبەختکەر لە رێی میللەت و نیشتماندا، وەک لای خۆمان دەڵێن (سـان جمۆ بەغداش گەرۆ)*.

هەر غاندی بجووڵایەوە، یا ڕۆژووی بگرتایە، ئیتر ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانی ئەوسـای دەهەژان، ئەو غـاندییـەی قـارەی هـیند (کـە ئەوسـا هندسـتـان و

* ئەمە پەندێکی کوردییە و ماناکەی بەم جۆرەیە:
سان کورتکراوەی (سوڵتان- سلطان)ە. ئەمەش مسکێنە هەورامییەکان بە بەگزادەکان یاخـۆ بە سـەرۆکەکـانیـان دەوت وەک (جافـرسـان- جعـفـر سلطان). ئەم پەندەش لە ئەنجامی وتووێژێکدا هاتووە لە بەینی هەورامییەک و پیاوێکی (سان)دا کە زۆر پشتی بە ئاغاکەی ئەستوور بووە و بە بەهێزی زانیوە و وتوویەتی: (ئانە چەشەن، سان جمۆ بەغداش گەرۆ) واتە جا ئەوە چییە، سان بجمێ بەغداش داگیر ئەکات.

پاکستان و بەنغلادیش بوو) لە دەست ئیستیعماری ئینگلیزی رزگار کرد. ئەو غاندییەی هەتا مرد لە (خەرەک)ێک و بزنەکەی کە شیرەکەی دەخوارد هیچی تری لەپاش بەجێ نەما.

جا خۆ ئەگەر بڵێی نەنکە تێریزاش هەروەک غاندی چڵ و چێوێک بوو بۆ خۆی، بەڵام ئەویش هەروەک غاندی بیر و باوەڕێکی پۆڵایینی ئەوەندە بەهێز و سەختی هەبوو، ئەوەندە خزمەتگوزار و بۆ مرۆڤایەتی بووبوو بە ئاڵای شەکاوە و لەسەر ئەوە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت و لاموایە لە خزمەتی نەخۆش و نەخۆشخانەوە لە خوارووی ئەفریقاوە دەستی پێ کرد و تا دەهات لێی زیاد دەکرد بەجۆرێک رێز و دڵی گشت جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا. بۆیە لە بەڕێکردنی تەرمەکەیدا دنیا خرۆشا. گەورە و منداڵ، ژن و پیاو، گەنج و پیر، رەش و سپی هەموو وەک یەک فرمێسکیان بۆ دەرشت و گوڵیان دەنایە سەر گۆڕەکەی ئینجا منیش هەزار ئاخم هەڵکێشا و دوو ئەوەندە داخ و خەفەت چووە دڵمەوە، تۆ بڵێی لەناو ئێمەشدا یەکێکی وەک دایکە تێریزا نەبووبێت و ئافرەتێکی بەو جۆرە هەڵنەکەوتبێ؟

باشە حەپسە خانی نەقیب کە ئەویش لە بەژن و باڵادا هەروەک ئەوانەی باسمان کردن و چڵ و چێوێک بوو بۆ خۆی.. چی لە دایکە تێریزا کەمتر بوو؟ کەچی بەو جۆرەش ناوی دەر نەکرد. حەپسە خان هەردەم بەدەم هەژار و دەست کورتەوە بوو، یارمەتی دەدان، گرێ کوێرەی ژیانی زۆر کەسی کردووەتەوە، منداڵی هەتیوو و بێ باوکی بەخێو کردووە و پێی گەیاندووە، زۆر دڵداری مایەپووچی لە کوڕ و کچی بە یەک گەیاندووە و ژیانی دابین کردوون، لە رووی نەتەوە و نیشتمانیشەوە، هەر ئەو بوو کە برووسکەی بۆ (عصبة الامم) نارد لە بابەت مافی میللەتەکەیەوە؟

حەپسە خان ئەو دەوڵەمەندەش نەبوو، کە ئەمەی دەکرد، بەڵام ئافرەتێکی بەرچاو تێر و دەست کراوە بوو. بەداخەوە ئەوەندە لەسەر حەپسە خانی

نەقیب نەنووسراوە کە ئەویش دەرکەوێ، لە سەرەتاوە خوا لێخۆشبوو شاکر فەتاح و نووسەری ئەم کتێبە، ئینجا نووسینێکی کاک یوسف محەمەد ئەمین لە کۆواری رەنگیندا و دوو سێ نووسەری تر بەڵام کتێبەکەی خوشکی بەڕێز درەخشان خانی شێخ جەلال کەمێک حەقی ئەم کەمتەرخەمییەی کردەوە بەرامبەر بە حەپسە خان، وا چاوەڕوانی بەرگی دووەمیشی دەکەین کە ئومێد دەکەین لە بەرگی یەکەم بەهێزتر و پڕتر و رازاوەتر بێت بەجۆرێک کە شایستەی ئەو ئافرەتە بەنرخەی کورد بێت.

## مێژووی هەندێک لە رووداو و بەسەرهاتی سلێمانی

رووداو و بەسەرهات بە خۆش و ناخۆشییەوە، شیرین و ترش و تاڵییەوە، لە رۆژی بنیاتنانی شارەکەوە تا هەشتاکانی سەدی رابوردوو.

بۆیە وتوومانە هەندێک، چونکە بێگومان شتی تر هەیە و رەنگە زۆریش هەبێ، کە مێژوو تۆماری نەکردووە، یاخۆ ئێمە ئاگامان لێ نییە و بەسەرماندا تێ پەڕیوە.

ئەوانەی دەست ئێمە کەوتوون و لێرەدا نووسیویانن هەریەکە بەگوێرەی خۆی، جۆرە گرینگییەکی هەیە لە مێژووی شارەکەماندا، سا، زۆر بێ یا کەم. ئێمەش بەگوێرەی زنجیرەیەکی تەنراو یەک لە دوای یەک بەگوێرەی رۆژ و مانگ و ساڵ ریزمان کردوون و هۆنیومانەتەوە.

ئومێد وایە توانیبێتمان بەمە مێژووی (هەندێک) لە رووداوی شارەکە و بەسەرهاتی وەک ئاوێنەیەکی روون و درەوشاوە بخەینە بەرچاوی دانیشتوانی، سا ئەگەر هەڵەیەک یا کەموکورییەک یا زیاد و کەمێک هەبوو، ئەوا داوای لێبووردن دەکەین وەنەبێ ئێمەش لە سنگی خۆمانمان دەرهێنابن، بەڵکو هەمووی لە سەرچاوەی مێژوویین و باوەڕ پێکراوەوە هەڵیەنجراون.

| ڕووداو | ڕۆژ/مانگ/ساڵ |
|---|---|
| دروستکردنی گردی قشڵه (دەبۆ کۆنەکە، لەلایەن مەحموود پاشای کوڕی خالید پاشای بابانەوە (پێش دروستکردنی شاری سلێمانی). | ١٧٨١ |
| گواستنەوەی ناوەندی میرنشینی بابان لە قەڵاچۆلانەوە بۆ سلێمانی (بە قسەی کاک حەمە بۆر) دوای بنیاتنانی شار. | ١٤/تشرینی دووەم/١٧٨٤ |
| بنیاتنانی مزگەوتی گەورە لەگەڵ دروستکردنی شارەکەدا لەلایەن برایم پاشای بابانەوە. | ١٧٨٤ |
| دروستکردنی مزگەوتی حاجی شێخەمین لەلایەن برایم پاشای بابانەوە. | ١٧٨٤ |
| لابردنی برایم پاشا لەلایەن والی بەغداوە و دانانی عوسمان پاشای ئامۆزای لە شوێنی. | ١٧٨٦<br>١٢٠١ک |
| ڕووداوی زەلزەلە (بوومەلەرزە) لە سلێمانی (بە قسەی ریچ). | ١٧٨٨ |
| گەڕانەوەی برایم پاشا بۆ سەر تەختی بابان. | ١٧٨٩ |
| لابردنەوەی برایم پاشا لەلایەن والی بەغداوە و دانانی ئەوڕەحمان پاشای ئامۆزای لە شوێنی. | ١٧٨٩ |
| لابردنەوەی ئەوڕەحمان پاشا دوای هەشت ساڵ حوکم و هێشتنەوەی لە بەغدا چوار ساڵ و ناردنی بۆ حیلە دەست بەسەر. | ١٧٩٧<br>١٢١٢ک |
| گەڕانەوەی برایم پاشا بۆ سەر تەختی بابان. | ١٧٩٧ |
| بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون. | ١٧٩٧ |
| ناردنی برایم پاشا بە لەشکرەوە بۆ سەر یەزیدییەکان و شێخەکانی عەرەب لەلایەن والییەوە و وەفاتی لە ڕێگا و ناشتنی لە نزیک مەرقەدی یونس پێغەمبەرەوە و گێڕانەوەی ئەوڕەحمان پاشا. | ١٨٠٠ |

| | |
|---|---|
| ١٨٠٤ | یەخسیرکردنی والی بەغدا (سلێمان کەهیە) لەلایەن ئەورەحمان پاشای بابانەوە. |
| ١٨٠٤ | لابردنی ئەورەحمان پاشا و دانانی خالید پاشا. |
| ١٨٠٦ | دانانەوەی ئەورەحمان پاشا لەسەر تەختی بابان. |
| ١٨٠٦ | دروستکردنی مزگەوتی سەی حەسەن لەلایەن ئەورەحمان پاشاوە. |
| ١٨٠٧ | شەڕی دەربەندی بازیان لە بەینی والی بەغدا و ئەورەحمان پاشای بابان. |
| ١٨٠٨ | ڕووداوی شەڕی دووەمی دەربەند بە سەرۆکایەتی سلێمان پاشای بچووک والی بەغدا و نێوان لەشکری ئەورەحمان پاشا. |
| ١٨٠٨ | لابردنی ئەورەحمان پاشا و دانانەوەی هەر لەو ساڵەدا و هاتنی بۆ بەغدا و دەست گرتنی بە سەریا. |
| ١٨١٢ | شەڕی کفری و لابردنی ئەورەحمان پاشا و دانانەوەی جارێکی تر. |
| ١٨١٣ | وەفاتی ئەورەحمان پاشا و ناشتنی لە مزگەوتی گەورە و دانانی کوڕی گەورەی کە مەحموود پاشا بوو لە شوێنی. |
| ١٨١٣<br>١٢٢٨ک | هەڵاتنی مەولانا خالید بۆ بەغدا لە تاو بوختانی ناحەزان و گیرسانەوەی لە (المدرسة الاحسائية). |
| ١٨١٥–١٨١٦ یا<br>١٢٣١–١٢٣٢ | مەحموود پاشا چوو بە شوێن مەولانا خالیدا بۆ بەغدا و هێنایەوە بۆ سلێمانی. |
| ١٨١٧ | دروستکردنی خانەقای مەولانا خالد لە لایەن محمود پاشای بابانەوە. |
| ١٨٢٠/١٠/٢٥ | مەولانا خالید لە پڕ هەڵات بە شێوەیەکی نەهێنیی و توانی هەر چوار ژنەکەشی لەگەڵ خۆی دەرباز کات. |
| ١٨٢٠ | ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی دە هەزار کەس بووە. |

| | |
|---|---|
| ١٨٢٠ | هاتنی (ڕیچ) و ژنەکەی بۆ سلێمانی. |
| ١٨٢٠ | دایکی مەحموود پاشای بابان (خێزانی ئەورەحمان پاشا) لە شێوەی (باڵیۆز- سفیر)دا بە کاروباری ڕامیاری چووە بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ داود پاشای والی. |
| ١٨٢١ | پشتگیری محەمەد عەلی میرزا و کەیخسرەو بەگی جاف بۆ عەبدوڵڵا پاشا و پشتگیری داود پاشای والی بۆ محمود پاشا لە (قەرەگۆل) و شکانی محمود. |
| ١٨٢٢<br>١٢٣٨ک | مەولانا خالید بە هێجگاری کوردستان و هەموو وڵاتی بەجێ هێشت و گەیشتە شام لەوێ وەفاتی کرد. |
| ١٨٢٢ | دیسانەوە شەڕی بەینی مەحموود پاشا بە یارمەتی والی بەغداد دیاربەکر و بەینی عەبدوڵڵا پاشای مامی و گەڕانەوەی مەحموود. |
| ١٨٢٣ | نەخۆشی ڕشانەوە. |
| ١٨٢٦<br>١٢٤٢ک | وەفاتی مەولانا خالید لە شام. لە ساڵی ١٧٧٩ (١١٩٣ک) هاتووەتە دنیاوە. |
| ١٨٣٠ | بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن حەزرەتی نالییەوە. |
| ١٨٣٠ | سوپای والی بەغدا بۆ دانانەوەی سلیمان برای مەحموود پاشا هاتەوە سەر مەحموود دیسانەوە لە (قەرەگۆل) بەیەکیاندا دایەوە. |
| ١٨٣٤- ١٢٥٩ک | گرانی و قات و قڕ لە سلێمانی. |
| ١٨٣٤/١١/٣١ | جەیمس بیللی فریزر (گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناس)ی ئینگلیز هاتووەتە سلێمانی. |
| ١٨٣٤ | والی بەغدا دیسانەوە لەشکری ناردەوە سەر مەحموود پاشا دەری پەڕان و سلیمان پاشای برای لە شوێنی دانا. |
| ١٨٣٥ | شەڕی نێوان سلیمان و پاشا و حمە پاشا (کوڕە پاشا)ی ڕەواندز لە (قەمچوغە) لەسەر سنوور کە زێی کۆیە کرا بە سنوور. |

| | |
|---|---|
| وەفاتی سلێمان پاشا و ناشتنی لە گردی سەیوان (گومەز) و دانانی ئەحمەد پاشای کوڕی لە شوێنی. | ١٨٣٨ |
| وەفـاتی شـێخ مـارفی نـۆدێ دوای سلێـمـان پاشـا. (سـاڵی ١٧٦١ (١١٧٥ک) هاتووەتە دنیاوە). | ١٨٣٨<br>١٢٥٤ک |
| فلیکس جونز (گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناس) هاتووەتە سلێمانی. | ئەیلولی ١٨٤٤ |
| وەفاتی شاعیری بەناوبانگ مستەفا بەگی کوردی | ئەیلولی ١٨٤٩ |
| کۆتایی میرنشینیی بابان و دانانی (ئیسماعیل پاشا) بە قائیمقام. لێم گەڕێن با گرشـەگیر بم. دەست بە نەژنۆ، کەف زەنان گێژووڵەکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان. | ١٨٥٠-١٨٥١<br>١٢٦٧ک |
| کردنەوەی حـوجرەی خـواجەفـەنی (عزیزی وەسـمـاناغای گەلاڵی). | ١٨٥٨ |
| وەفـاتی مـەلا ئەحـمـەدی مـوفـتی (چاومـار) (سـاڵی ١٨٠٥ (١٢٢٠ک) هاتووەتە دنیاوە). | ١٨٧١<br>١٢٨٨ک |
| وەفـاتی شێخ حسـێنی قازی کوڕی شێخ مـەحـموود نەقیب (ساڵی ١٨١٠ (١٢٢٥ک) هاتووەتە دنیاوە.) | ١٨٧٥<br>١٢٩٢ |
| (دۆقسان أوج) چوونە سـەر تەختی سـوڵتان عـەبدولحـەمید شەڕی (قارس و بایزید) بەینی روس و عوسمانی و گرانی لە سلێمانی کەوتەوە. | ١٨٧٦<br>١٢٩٣ک |
| وەفـاتی حـاجی کاک ئەحـمـەدی شـێخ کوڕی شـێخ مـارفی نۆدێ (ساڵی ١٧٩٣ (١٢٠٨ک) هاتووەتە دنیاوە). | ١٨٨٧<br>١٣٠٥ک |
| وەفـاتی مـوفـتی گەورە (مـحـمـد فـیـضـی زەهاوی) لە بەغدا. (ساڵی ١٧٩٣ (١٢٠٨ک) لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە). | ١٨٩٠<br>١٣٠٨ک |
| کردنەوەی قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری. | ١٨٩٣ – ١٣١١ک |
| خـانەقـای مـەحـوی بە فـەرمـانی سـوڵتان عـەبدولحـەمـیدی عوسمانی دروستکراوە. | ١٨٩٣<br>١٣١١ک |

| | |
|---|---|
| ١٨٩٧ | یەکەم دەستگای تەلگراف لە سلێمانی دامەزرا. یەکەم کەس ئیشی لەسەر کرد (شاکر محەرەم) خەڵکی ڕەواندز بوو. |
| ١٨٩٧ | ناونانی قەزای پشدەر بە (معموره الحميد) بەناوی سوڵتان حەمیدی عوسمانییەوە. |
| ١٩٠٠ | قارەفەنی گەورە عەرەبانەی دروستکرد کە وڵاخ ڕای دەکێشا. |
| ١٩٠٦<br>١٣٢٤ک | وەفاتی شاعیری بەناوبانگ (مەحوی) (ساڵی ١٨٢٠ (١٢٤٦ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩٠٧ | ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی ٨٩٦٣ کەس بووە. |
| ١٩٠٧ - ١٣٢٥ک | ئیعدادیەی موڵکی لە سلێمانی کرایەوە. |
| ١٩٠٨ | یەکەم سندوقی گۆرانی لەلایەن حاجی ئەمینی کاکە حەمە و حاجی عەبدولئیلاھ عزیزەوە هێنراوەتە سلێمانی. |
| ١٩٠٨<br>١٣٢٦ک | شەهیدبوونی شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی کوڕی لە موسڵ. |
| ١٩١٠ | خنکاندنی چەتە (نالە پێ پان) لەبەر دەرگی سەرا. |
| ١٩١١<br>١٣٣٠ک | دروستکردنی پردی قلیسان لەلایەن حاجی عزیزی قەرەنی و یارمەتیدانی سەعیدی مارف. |
| ١٩١٥-١٩١٧ | سەفەربەر و قات و قڕی و گرانیی. |
| ١٩١٦ | هێنانی یەکەم ئۆتۆمۆبیلّ بۆ سلێمانی لەلایەن خلیل پاشای والی بەغداوە. |
| ١٩١٦ | یەکەم فڕۆکە ئەفسەرێکی ئەڵەمانی هێناویەتی و کەوتووەتە شێوەی (دۆزەخ مینە)وە و فڕۆکەوانەکەش مردووە. |
| ١٩١٨ | کتێبخانەی مەلا عەلی سەحاف لە شارا دانرا. |
| ١٩١٨<br>١٣٣٦ک | وەفاتی زانای بەناوبانگ شێخ ئەحمەدی سەردار (شێخ ئەحمەد فائیزی بەرزنجی). (ساڵی ١٨٤٢ (١٢٥٨ک) هاتووەتە دنیاوە). |

| | |
|---|---|
| تشرینی دووەم ۱۹۱۸ | (نوئیل) بانگی دانانی شێخ مەحموود بە حوکمداری کوردستاندا. |
| مایسی ۱۹۱۹ | هاتنی مەحموود خانی دزڵی لەسەر داوای شێخ مەحموود بە لەشکرەوە بۆ سلێمانی. |
| ۱۹۱۹ ۱۳۳۸ک | وەفاتی حاجی مەلا رەسولی دێلێژەیی (ساڵی ۱۸٦۳ (۱۳۸۰ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ۹ی حوزەیران ۱۹۱۹ | شەڕی دەربەندی بازیان بەینی ئینگلیز و شێخ مەحموود. |
| حوزەیرانی ۱۹۱۹ | تاکۆ ساڵی ۱۹۲۱ حوکمی مێجەرسۆن. |
| ۱۹۱۹-۱۹۲۰ | دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە ڕەفیق حیلمی و حاجی مستەفا پاشا و مەحموود جودت و عەبدولڕەحمان سعید.. |
| ۲۹ نیسان ۱۹۲۰ | ژمارەیەکی ساڵی یەکی ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەرچوو دوا ژمارەی (ژمارە ۱۱۸) لە ۲۷ی تەمموزی ۱۹۳۲ دەرچوو. |
| ۱۹۲۰ | یەکەم دەستگای چاپ مێجەرسۆن هێنایە شارەوە. |
| ۱۹۲۰ | ژمارەی دانیشتوانی شار دە هەزار کەس بوون. |
| ۱۹۲۱/٦/۱۳ | رایسز لە سەردەمی ئینگلیز لە ۱۹۲۱/٥/۲ دەستی پێکرد و لە ٦/۱۳دا کۆتایی هات. |
| نیسان ۱۹۲۲ | سەیرانە گەورەکەی گەڕەکی دەرگەزێن کرا و دەنگی دایەوە. |
| ۲۱ تەموز/۱۹۲۲ | هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری (جمعیەتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی حاجی مستەفا پاشا و دەرکردنی (بانگی کوردستان) |
| ئاب/۱۹۲۲ | چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە. |
| ۲ی ئاب/۱۹۲۲ | ژمارە (۱)ی ساڵی یەکی ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) و دوا ژمارەی (۱۳) لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا دەرچوو. |
| ۳۰ ئەیلول/۱۹۲۲ | هاتنەوەی شێخ مەحموود و دانانی بەحوکمداری کوردستان. |

| | |
|---|---|
| ٩ی تشرینی یەکەم/١٩٢٢ | دەرکردنی (ارادە)ی شێخ مەحموود بەناوی حوکمدارەوە. |
| ١٥ی تشرینی دووەم/١٩٢٢ | ژمارەیەکی ساڵی یەکی (ڕۆژی کوردستان) دەرچوو. دوا ژمارەی (١٥) لە ٣ی مارتی ١٩٢٢دا دەرچوو. |
| ٣٠ کانونی یەکەم/١٩٢٢ | دەرکردنی (ارادە)ی شێخ مەحموود بەناوی (مەلیکی کوردستانەوە). |
| ١٩٢٣ | کۆمەڵی (لاوانی کورد لە بەغدا) پێکهات (معتمد) یان مستەفا سائیب بوو. |
| ١٩٢٣ | تووی مەلیک (باخی مەلیک) لەلایەن شێخ مەحموودەوە دروستکرا. |
| ٣ مارت/١٩٢٣ | یەکەم بۆردومانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە. |
| نیسان ١٩٢٣ ١٣٣٩ ڕۆمی | ڕۆژنامەی (بانگ حەق) سێ ژمارەی لێ دەرچوو. |
| ٣١ مایس- ٢ حزیران ١٩٢٣ | دوو جار بۆمباردومانی سلێمانی چۆڵکردنی لەلایەن شێخ مەحموود و لەشکرەکەیەوە بەرەو چیاکانی قەرەداغ. |
| ١٩٢٣/٥/١٦ | کوشتنی ڕۆشنبیری بەناوبانگ جەمال عیرفان. |
| ١٩٢٣/٥/٦ | داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و کشانەوەی هێزی شێخ مەحموود بەرەو سورداش. |
| تەمموز ١٩٢٣ | چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ شار. |
| ٣ ئاب ١٩٢٣ | بۆمباردومانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە و چۆڵکردنی لە لایەن شێخ مەحموود و لەشکرەکەیەوە بەرەو ئەشکەوتی جاسەنە. |
| ٢٠ ئیلول ١٩٢٣ | ژمارەیەکی ساڵی یەکی لە ڕۆژنامەی (امید استقلال) دەرچوو. |
| ٢٥ کانونی یەکەم ١٩٢٣ | (ڕۆژی کرسمس). بۆمباردومانی سێیەم کە لە ماڵی حاجی عارف بەگی عەلاف حەوت کەسی کوشت. ماڵی ئەحمەد موختاری قازی و عیزەت بەگ وەسمان پاشاش دابێژرا. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢٤ | عەونی ئەفەندی حاجی گورون یەکەم پایسکلی هێنایە سلێمانی |
| ١٩ تەمموز ١٩٢٤ | لەشکری شێخ مەحموود سلێمانی چۆڵ کرد. |
| ١٢ ئاب ١٩٢٤ | هاتنی سوپای عێراق بۆ سلێمانی و ڕۆیشتنی شێخ مەحموود بەرەو مەریوان. |
| ١٨ ئاب/١٩٢٤ | دەرچوونی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دوا ژمارەی (٥٦) لە ١٤/١٢/١٩٢٦دا دەرچوو. |
| ١٩٢٥ | دیدەوانی (کشافە) بە هاندانی مامۆستایان عەبدولواحێد ونوری و مستەفا سائیب و سەرپەرشتی فوئاد رشید پێکهات. |
| ١٩٢٥ | چیرۆکی شانۆیی (قارەمانی کورد) لە خانووەکەی (بەهیە خانی دایکی باباعەلی کە قوتابخانە بوو لە خوار مزگەوتی گەورەوە) پیشان درا. |
| ١٩٢٥ | چیرۆکی شانۆیی (عیلم و جەهل) لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە پیشان درا. |
| ٧ مارت ١٩٢٥ | ئەحمەد بەگ توفیق بەگ بە یەکەم موتەسەریفی سلێمانی دانرا دوای ئەوەی سلێمانی هاتە ژێر ئاڵای دەوڵەتی عێراقەوە. |
| ٣٠ کانونی دووەم ١٩٢٥ | حاجی تۆفیق (پیرە مێرد) کە ٢٥ ساڵ بوو لە تورکیا گەڕایەوە بۆ خاکی نیشتمان. |
| ١٩٢٦ | برازایەکی کەریمی عەلەکە یەکەم ئاشی مەکینەی هێنایە سلێمانییەوە. |
| ١٩٢٦ | یەکەم تیپی مۆسیقا دامەزرا. ئەوانەی بەشداریان تیاکرد. شاکر فەتاح. ساڵح عەلی. رەحیم عەبدولکەریم و چەند کەسێکی تر. |
| ١٩٢٦ | (کۆمەڵەی زەردەشت) کە معتمدەکەی مستەفا سائیب بوو پێکهات و تا ساڵی ١٩٢٩ درێژەی کێشا. |
| ٢١ نیسان ١٩٢٦ | یەکەم قوتابخانەی کچان لە خانوەکەی عەلی بەگ فەتحوڵڵا بەگ لە ڕێی سابوونکەران کرایەوە بەڕێوەبەری گوزیدە خانم ژنی عەزیز یامولکی بوو. |

| | |
|---|---|
| ٣١ ئاب/١٩٢٦ | پێشکەشکردنی سکاڵانامەی دانیشتوانی سلێمانی بۆ کاربەدەستانی بەغدا دژی لێپرسراوی پۆلیس. |
| ٤ ئەیلول ١٩٢٦ | کۆبوونەوەی (کورنوالیس) لەگەڵ شێخ مەحموود لە خورماڵ. |
| ٢١ کانونی دووەم ١٩٢٦ | دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژیان) تا ساڵی ١٩٣٨ (٥٥٣) دانەی لێ بڵاوکرایەوە. |
| ١٩٢٧ | پیرەمێرد چاپخانەی (ژین)ی لە گەڕەکی (باخی پورە بەگی) دامەزران. |
| ١٩٢٧ -١٩٢٨ | مستەفا بەگ (کارگەی سودە و سیفۆن و نامليت)ی هێنایە شارەوە. |
| ١٩٢٧ | تیاترۆکە بریتی بوون لە سێ ئافرەت و دوو پیاو لە گەڵیاندا لە تورکیاوە هاتوون و لە دەشتی ئەحمەدی ساغا سوڕیان داوە. |
| ١٩٢٧/٤/١٩ | ئەحمەد عوسمان هەولێری بوو بە موتەسەریفی سلێمانی و سێ ساڵ مایەوە. |
| ١٩٢٧/٤/٢٠ | چۆڵکردنی پێنجوێن لەلایەن شێخ مەحموود لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکە و سەربازی لیوی. |
| ١٩٢٧/٦/٢٨ | چوونی جەعفەر عەسکری بۆ پێنجوێن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحمووددا. |
| ٢٠ ئاب/ ١٩٢٧ | وەزیری معارف ئەمین زەکی بەگ بەردی بناغەی مەکتەبی کچانی دانا لای مزگەوتی گەورەوە. |
| ١٩٢٨ | ماکینەی کارەبا (الكتريك) هاتووەتە سلێمانی. |
| ١٩٢٨/٥/٧ | سەیرانی قەسابەکانی سلێمانی بە سەرپەرشتی کردنی (فرج کوردی). |
| ١٩٣٠ | یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی بە دروشمی (ڕەوابێ مەطلەبی کورد) و (بژی عەدالەتی عصبة الأمم) پێکهات. |
| ١٩٣٠ | تیاترۆی (زنوبە) لە سابوونکەران کە بریتی بوو لە سێ ئافرەتی گۆرانی بێژ و سەماکەر دەستیان بە ئیش کرد. |

| | |
|---|---|
| ١٩٣٠ | یەکەم تیپی فوتبۆڵی پێ بەسەرپەرشتی شاکر سەی حەکیم دامەزرا. |
| ١٩٣٠/٥/١١ | تۆفیق وەهبی بەگ کرا بە موتەسەریفی سلێمانی و زوو لابرا. |
| ٩ ئاب/ ١٩٣٠ | هاتنی (نائب رئیس الوزراء جعفر عسکري ووزیر داخلیة جمیل المدفعي و وزیري عدلیة جمال بابان) بۆ سلێمانی. |
| ١٩٣٠/٩/٦ | ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول. شەڕی بەردەرگای سەرا هەڵگیرسا. وەکیلی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداری ئینگلیزێک بوو ناوی (الیان) بوو، ئەو فەرمانی تەقەی دا. (٢٥) کەس کوژراو، (٣٥) بریندار، (٣٠٠) کەس گیران. |
| ١٩٣٠/٩/٧ | حەپسەخانی نەقیب بروسکەی بە (عصبة الامم)دا و داوای مافی کوردی کرد. |
| ١٩٣١ | قانونی (اللعات المحلیة) دەرچوو کە نووسین و خوێندنەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و دادگا بە کوردی بێت. |
| ١٩٣١<br>١٣٥٠ک | وەفاتی پیری پیرۆز حاجی شێخەمین خاڵ (ساڵی ١٨٤٤ (١٢٦٠ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩٣١ | تیاترۆ (صدیقة الملایة و عفیفة اسکندر) دوو سێ پیاویان لەگەڵ ئوتێل (سعادة) ئیشیان کردووە. |
| ١٩٣١ | شەڕی ناوباریک نێوان حکومەتی عێراق و شێخ مەحموود. |
| ١٣ مایس/ ١٩٣١ | شێخ مەحموود تەسلیمی حکومەتی عێراق بوو. دووریان خستەوە بۆ سماوة- ناصریة- عانة- بەغدا. |
| ١٩٣٢ | تیپی فوتبۆڵی پێ لە سلێمانی لەگەڵ تیپی کەرکووک یاریان کرد و لێیان بردنەوە. |
| ١٩٣٢/٥/٦ | وەفاتی نووسەر و مێژوونووس و ڕۆژنامەچی حوسێن نازم. |
| ١٩٣٤ | دروستکردنی خەستەخانەی سەرەوە لەسەر (تەرزی ئەورووپی). |
| ١٩٣٤ | چیرۆکی شانۆیی (شێر و نازەنین) نووسینی أ. ب. هەوری لەلایەن قوتابیانی زانستەوە پیشاندرا. |

| | |
|---|---|
| ١٥حزيران/ ١٩٣٤ | مەلیک غازی هاتە سلێمانی و ١٧ی مانگ گەڕایەوە بۆ بەغدا. |
| ئەیلول/ ١٩٣٤ | پرۆفیسۆر مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناس و ئاشنای مێژووی کورد، هاتە سلێمانی. |
| ١٩٣٥ | چیرۆکی شانۆیی (مەم و زین) لە ئوتێل سعادەی حاجی برایماغا بەسەرپەرشتی حسێن حەمە مارف پێشکەش کرا. |
| ١٩٣٥ | کرمەڵی (فیدای وەتەن) بە سەرۆکایەتی حەماغای ئەورەحماناغا پێکهات و تا ساڵی ١٩٣٦ی خایاند. |
| ١٩٣٢/٥/١ | ساڵح زەکی بەگی صاحێبقران بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی و ساڵێک و دوو مانگ مایەوە. |
| ١٩٣٦<br>١٣٥٥ک | وەفاتی شێخ "عمری ابن القرەداغی" (ساڵی ١٨٨٥ (١٢٠٣ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩٣٦ | رشید کابان یەکەم بەڕێوەبەری (معارف) بۆ سلێمانی دامەزرا. |
| ١٩٣٦ | لە هەموو شاری سلێمانیدا تەنها ١٨ تەلفۆن هەبووە. |
| ١٩٣٦/١١/١٢ | وەفاتی شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد بەگ صاحبقران (حەمدی) |
| ١٩٣٧ | (کۆمەڵەی برایەتی) بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف شێخ مەحموود و ئەندامیەتی ئەسعد مەحوی و د. نووری فەتوحی و ماجید مستەفا و حەمە بۆر.. دامەزرا. |
| ١٩٣٧/٧/١ | مەجید یەعقوبی بوو بەموتەسەڕیفی سلێمانی ساڵێک و چوار مانگ مایەوە، لە هەموو کەس زیاتر دەستی بە سلێمانیدا هێنا. |
| ١٩٣٧/٩/١٢ | شارەوانی سلێمانی (ڕۆژنامەی زبان)ی دەرکرد. |
| ١٩٣٨ | لە سەردەمی موتەسەڕیف مەجید یەعقوبیدا شەقامی مەولەوی ڕاکێشرا. |
| ١٩٣٨ | (کۆمەڵەی ئازادی کورد) لەلایەن دەستەیەک لە قوتابیانی کۆلێجی هەندەسەی بەغداوە دامەزرا. |
| ١٩٣٨/٢/٢٥ | ساڵح قەفتان (گۆڤاری زانستی) دەرکرد. |

| | |
|---|---|
| ١٩٣٩ | چەتری پۆلیسی هاتووچۆی بەردەرگای سەرا و ئەسحابە سپی لەلایەن شارەوانییەوە دامەزرا. |
| ١٩٣٩ | رێکوپێک ترین، گەورەترین پارتی سیاسی کورد (هیوا) دامەزرا و هەتا ١٩٤٤ لە کارا بوو. |
| ١٩٣٩/١/٢٦ | رۆژنامەی ژینی پیرەمێرد دەرچوو، تا شوباتی١٩٦٣ بڕی کرد. |
| ١٩٤٠ | (کتێبخانەی ئازادی) لەلایەن مەحموود ئەحمەدی مامۆستا و محەمەد خدرەوە دەرچوو. |
| ١٩٤٠/١١/٢٧ | وەفاتی زانای ئاینی و پیاوی قسەخۆش و نوکتەباز شێخ باباعەلی قەرەداغی (تەکیەیی). |
| مایس ١٩٤١ | شێخ مەحموود لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی رەشید عالیدا خۆی لە بەغداوە کە دەست بەسەر بوو، دەربازکرد. |
| تەمموزی ١٩٤١ | جاڕی حوکمی عورفی لە ناوچەی سلێمانیدا درا. |
| سەرەتای ئاب ١٩٤١ | شێخ مەحموود لەگەڵ حکومەتی عێراقدا رێک کەوتەوە و لە (داریکەلی) دانرا. |
| ١٩٤٢ –١٩٤٣ | کتێبخانەی گشتیی دامەزرا. سەرەتا بەرامبەری مزگەوتی گەورە بوو. زۆر ئاڵوگۆڕی پێکرا.. بەڵام یەکەم کتێبخانەیی گشتیی لە قوتابخانەی زانستیدا کرایەوە. |
| ١٩٤٢ | رەمزی قەزاز (سینەمای سەلاحەدینی دامەزراند تا ساڵی ١٩٤٩ دەوامی کرد. |
| ١٩٤٣ ١٣٦٢ک | زانای بەناوبانگ مەلا رەشید بەگی بابان لە تورکیا وەفاتی کرد (ساڵی ١٨٨٢ (١٣٠٠ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩٤٤ | کتێبخانەی (بیری نوێ) لە شەقامی مەولەوی لەلایەن ئەحمەد غەفوورەوە دامەزرا. دوای ساڵی ١٩٤٨ کتێبخانەی بیری نوێ لەلایەن (غەفووری میرزا کەریم و ئەحمەدی سەید حەسەنەوە) ئەبرا بەڕێوە و ئەویش زوو داخرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨دا کتێبخانەی بیری نوێ لە لایەن ئەحمەد عەباسەوە لە شەقامی کاوە ئەبرا بەڕێوە و تا ساڵی ١٩٦٠ بڕی کرد، بەڵام پەیوەندی بە کتێبخانەکەی پێشووەوە نییە. |

| | |
|---|---|
| ١٩٤٤/٢/١٢ | ليوا بەهائەدين نووری بوو بە موتەسەڕيفی سلێمانی. |
| ١٩٤٤/٨/٧ | مەعروف جياووک بوو بە موتەسەڕيفی سلێمانی و هەتا ١٩٤٦/٤/٣ مايەوە. |
| ١٩٤٥ | كتێبخانەی ڕووناكی لە شەقامی مەولەوی لەلايەن جەمال عەبدوڵڵا دامەزرا. |
| شوباتی ١٩٤٥ | پارتی ڕزگاری كورد دامەزرا سێ لە ئەندامەكانی نووری شاوەيس، نووری محمدئەمين، تەها محێدين بوون. |
| سەرەتای نيسانی ١٩٤٥ | مێجەر ئەدموندس هاتە سلێمانی، بێكەس لە كارێزی وەستا شەريف شيعرەكەی بۆ خوێندەوە (بيست و حەوت ساڵە..) |
| ١٩٤٥/٤/٤ | شەو لە گردی مامەيارە، ئاگری نەورۆز كرايەوە. |
| ٤ نيسان ١٩٤٥ | پيرەمێرد لە كارێزی وەستا شەريف ئاهەنگی گێڕا. |
| ٥ نيسان ١٩٤٥ | شێخ مەحموود مێجەر ئەدموندس لە تەينال كۆبوونەوە. |
| ٢٠ نيسان ١٩٤٥ | حەمائاغای ئەوڕەحماناغا و ميرزا تۆفيقی قەزاز گيران و زوو بەردران. |
| ٢ مايس ١٩٤٥ | دوكاندارەكانی قەيسەری وەسمان پاشا سەيرانێكی پەرلاخيان بۆ سەرچنار ساز دا. |
| ٨ی مايس ١٩٤٥ | بە بۆنەی سەركەوتنی سوێند خۆران (حلفاء) لە شەڕی گێتی دووەمداو وە بە بۆنەی چەک داماڵينی ئەڵەمانياوە قوتابخانەكان و دائرەكانی ميری (تعطيل) بوون. |
| ٢٤ی مايس ١٩٤٥ | حەماغای ئەوڕەحماناغا گيرايەوە و ميرزا تۆفيقی قەزازيش دوور خرايەوە لە شار. |
| ٥ی ئاب ١٩٤٥ | محاكەمەی تۆفيق قزاز كراو بە (١٢٠) دينار حوكم درا. ئەوسا موتەسەڕيف مەعرووف جياووک بوو. |
| ١٩٤٦ | كتێبخانەی كوردستان لە شەقامی مەولەوی لەلايەن كەمال ميرزا كەريمەوە دامەزرا. |

| | |
|---|---|
| ٢١ مايس ١٩٤٦ | دارتاشەکانی سلێمانی بە سەرپەرشتی حەمە سەعیدی جەعفر و وەستا ئەورەحمان وەستا گورون سەیرانێکی پەرلاخیان بۆ قەڵاچوالان کرد. |
| ٨ی ئاب ١٩٤٦ | بوومەلەرزەی پێنجوێن رووی دا و وەسی عەبدولئیلاه چوو بۆ پێنجوێن و کۆکردنەوەی یارمەتی دەستی پێ کرد. |
| ١٦ ئاب ١٩٤٦ | دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد. |
| ١٩٤٧ | سەیرانی بەنناکانی سلێمانی بە سەرپەرشتی حاجی بارام و وەستا مارفە درێژ. |
| ١٩٤٧<br>١٣٦٧ک | دەورەی مۆسیقا لە سلێمانی کرایەوە: هەندێک لەوانەی بەشداربوون قادر دیلان، روبین ئوفیک. شەماڵ سائیب. مەحموودی حەمەی لەیلا بەهجت رەشید سەعاتچی، عەلی ئیحسان حیکمەت و ئەحمد زرنگ... وەفاتی زانای ئاینی مەلا حسێنی پیسکەنی. (ساڵی ١٨٦٥ هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩٤٧ | ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ٣٣٤٧٥ کەس بوون. |
| ١٩ حوزەیران ١٩٤٧ | هێنانەوەی تەرمی شەهیدەکان محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو دوای لە سێ دارەدانیان و ئاژاوە لە سلێمانیدا. |
| ٢٠ ئاب ١٩٤٧ | وەفاتی مەلا عەبدولعەزیزی موفتی سلێمانی (ساڵی ١٨٧١ (١٢٨٨ک) هاتووەتە دنیاوە). |
| ١٩ تشرینی یەکەم ١٩٤٧ | رۆژی سەرژماردن لە سلێمانی و ناوچەکەدا. |
| ١٩٤٨ | دەست کرا بە بینای سینەمای رەشید و لە ساڵی ١٩٥٠دا لەلایەن خاوەنەکانییەوە بنەماڵەی ساڵحی ڕەشە کرایەوە. |
| کانونی دووەم و شوبات ١٩٤٨ | خۆپیشاندان لە سلێمانی، بەتایبەتی دوای هێنانەوەی تەرمی قادر عەبدوڵڵا چاوشین لە بەغداوە. |
| ١٩٤٨/٧/١٠ | وەفاتی باوکی مێژووی کورد ئەمین زکی بەگ |
| ١٩٤٨/٨/١٨ | وەفاتی عەبدولکەریم عەلەکە لە بەغدا کە یەکێک بوو لە پیاوچاکە دیانەکانی سلێمانی. |

| | |
|---|---|
| ١٩٤٨/١١/١٠ | وەفاتی مامۆستای ئاینی و شاعیر مەلا عەبدوڵڵا (زێوەر). |
| ١٩٤٨/١٢/١٨ | وەفاتی شاعیری بەناوبانگ فایەق بێکەس. |
| ١٩٤٩ | سـینەمـای گـۆیژە لەلایەن ئەسکەندەری ئەجـزاچی ئەميناغای حاجی مەلا محێدينەوە دامەزرا. |
| ١٩٥٠ | کتێبخانەی گەلاوێژ لەلایەن رەئووف مەعرووفەوە دامەزرا. |
| لە مانگی مارت بە دواوە ١٩٥٠ | رۆیشتنی جولەکەکانی سلێمانی. |
| ١٩٥٠/٦/١٩ | وەفاتی شاعیری بەناوبانگ پیرەمێردی نەمر. |
| ١٩٥١ | کوشتنی چەتەکانی (خولەپیزە و عەلی گوڵچین) لە شاخی (کەتو) و هێنانەوەی تەرمەکانیان بۆ سلێمانی خەڵک بیان بین. |
| ١٩٥٣/٤/١٢ | وەفاتی شاژنی سلێمانی حەپسە خانی نقیب. |
| ئیلول ١٩٥٤ | هەڵبژاردنی نوێنەران و خۆپیشاندان و دەرچوونی فەرمان بۆ گرتنی ئیبراهیم ئەحمەد مەعرووف بەرزنجی کە خۆیان دانابوو بۆ هەڵبژاردن. |
| ١٩٥٤/٩/١٧ | لیوا رۆکن عومەر عەلی بوو بە موتەسەریفی سلێمانی و تا ١٩٥٧/٥/١٦ مایەوە. |
| ١٩٥٥ | دامەزراندنی تیپی مۆسیقای مەولەوی. ئەوانەی دایان مەزران: قادر دیلان. ولیام حنا، نەجات عەبدە، بەهجەت رەشید، ئومێد مەدحەت موبارەک، حاتەم سەعید.. |
| ١٩٥٦ | کارگەی جگەرە و پوختەکردنی توتن دامەزرا. |
| ١٩٥٦ | خۆپیشاندان بە بۆنەی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر. |
| ١٩٥٦/١٠/٩ | وەفاتی شێخ مەحموود لە بەغدا لە نەخۆشخانەی حەیدەری و هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ سلێمانی و ئاژاوە. |
| ٢٤ ئاب ١٩٥٦ | کردنەوەی پیشانگای ئابووری بۆ ماوەی هەفتەیەک، وەزیری ئابووری ئەو سەردەمە ئامادە بوو. |

| | |
|---|---|
| ١٧ ئەيلول ١٩٥٦ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی سلێمانی تیپەکانی ئەزمەڕ، خەبات، ئاکۆ، هیوا، ئاسۆ، برسی پەیوەندیان بەم یانەیەوە بوو. |
| ١٩٥٧ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی هێرش. |
| ١٩٥٧ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی خەبات لەلایەن مامۆستا یاسین حەمە ساڵحەوە. |
| ١٩٥٧ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی هیوا لەلایەن مامۆستا حەمە کاکەوە. |
| ١٩٥٧ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی ئاسۆ لەلایەن سەرۆکی تیپ ئەنوەر چاوشینەوە. |
| ١٩٥٧ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی ئەزمەڕ لەلایەن ڕاهێنەری نووری بەدەوییەوە. |
| ١٩٥٧ | چیرۆکی لاسایی (پیسکەی تەڕپیر) لە چیرۆکی (البخیل)ی مۆدلێرەوە. کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بە سەرپەرشتی رەفیق چالاک پێشکەشیان کرد. |
| ١٩٥٧/٣/٧ | کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دەستی بە ئیش کرد. |
| ١٩٥٧/٤/١٦ | دامەزراندنی تیپی وەرزشی (برسی) لەلایەن قادر برسییەوە. |
| ١٩٥٧/٥/١٨ | یەکەم جاری موتەسەڕیفیەتی عەبدولموتەلیب ئەمین ئەلهاشمی تا ١٩٥٨/٩/٤ی خایان. |
| تەمموزی ١٩٥٧ | هەڵبژردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵی هونەرە جوانەکان: رەفیق چالاک، نووری وەشتی، رەئووف یەحیا، قادر دیلان، ولیام یوحنا، بەهجەت رشید، جەمال بەختیار، خالید سەعید، ئازاد شەوقی، مستەفا شێخ ئەحمەد، مستەفا ساڵح کەریم.. |
| ١٩٥٧/١٠/١٨ | لافاوەکەی سلێمانی کە چەند کەسێکی خنکان و زیانێکی زۆری دا. هاتنی وەسی عەبدولئیلاه بەم بۆنەیەوە. |

| | |
|---|---|
| ١٩٥٨ | دامەزراندنی کتێبخانەی ئازادی لەناو بازاڕ لەلایەن محەمەد رەسوڵ هاوارەوە. |
| ١٩٥٨/٧/١٤ | شۆڕشی تەمووز و کۆتایی (ملوکیەت) لە عێراقدا و دامەزرانی کۆماری عێراق و گۆڕانکاریەکی زۆر لە ئایندەی میللەتی عیراقدا. |
| ١٩٥٨ | دامەزراندنی کتێبخانەی خەبات لە شەقامی کاوە لەلایەن بەکر جاهدەوە. |
| ١٩٥٨ | دامەزراندنی کتێبخانەی بیری نوێ لە شەقامی کاوە لە لایەن نەوزاد نوورییەوە. |
| ١٩٥٨ | دامەزراندنی یەکەم کارگەی سەهۆڵ (کارگەی قندیل) لە ناوچەی مشیراوا لەلایەن گرەبیت نعلبدیانەوە. |
| ١٩٥٨ | دامەزراندنی چاپخانەی (کامەرانی) لە لایەن محەمەدی حاجی عەزیزی قەفتانەوە. |
| ١٩٥٨/٢/٢٢ | وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبیڵ لە ڕێی دوکان و مردنی هەشت کەس و بریندار بوونی چل کەس. |
| ١٩٥٩ | دەرچوونی گۆڤاری بەیان. |
| ١٩٥٩/١١/١ | دەرچوونی (هیوای کوردستان) لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە. |
| ١٩٦٠ | دروستکردنی مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی لەلایەن لوتفی خۆیەوە. |
| ١٩٦٠ | چیرۆکی لاسایی (ئەمەرەکەیت بەگم) بۆ جاری دووەم پێشکەشکرا لە نووسینی (یوسف العانی) وەرگێڕانی ئەمینی میرزا کەریم. |
| مارت/ ١٩٦٠ | یەکەم ژمارەی (ڕۆژی نوێ) و هەژدە ژمارە لەم گۆڤارە دەرچوو. |
| ١٩٦٠/٧/٢ | دەرچوونی ڕۆژنامەی (بڕوا). (٩٥) ژمارەی لێ دەرچوو دوا ژمارەی لە ١٩٦٣/١/٢٥دا بوو. |
| ١٩٦٠/٨/٤ | وەفاتی نووسەری بەناوبانگ ڕەفیق حیلمی. |

| | |
|---|---|
| ١٩٦٠/١١/٢٤ | وەفاتی حەمدی بابان لە لەندن. |
| ١٩٦٢/١١/١٨ | وەفاتی شاعیری بەناوبانگ عەبدوڵڵا گۆران. |
| ١٩٦٣/٤/٢٣ | وەفاتی نووسەری بەناوبانگ و مامۆستای قوتابخانەی کەشتیی نوح نەجمەدین مەلا. |
| ١٩٦٦ | لەم ساڵەدا کەمترین باران باریوە (٤, ٣٨٣ ملم). |
| ١٩٦٧ | تیپی مۆسیقای سلێمانی لەلایەن ئەنوەر قەرەداغی و فرنسیس داود و محەمەد حوسێن خالید سەرکار دامەزراوە. |
| ١٩٦٨ | دانشگای سلێمانی (زانکۆ) دامەزرا و یەکەم سەرۆکی د. محەمەد محەمەد ساڵح مەحموودی عەلی بوو. |
| تەمموز/ ١٩٦٨ | دەرچوونی گۆڤاری شارەوانی سلێمانی (١٥) ژمارەی لێ دەرچوو. جەمال بابان دایمەزران. |
| ١٩٦٩/٢/٤ | تیپی نواندنی (فرقة السليمانية للتمثيل) دامەزرا. |
| ١٩٦٩/٤/٢٠ | گۆڤاری (ڕزگاری) دەرچوو. خاوەنەکەی نەوشیروان مستەفا و سەرنووسەری سائیبی پارێزەر بوو. دوا ژمارەی (ژمارە- ١٥) لە ١٩٧٠/٣/٢٧دا دەرچوو. |
| ١٩٦٩/١٢/٣١ | کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی دامەزرا کە لەوەپێش کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوو. |
| ١٩٧٠ | دروستکردنی مزگەوتی حاجی حەسەنی خەفاف لەسەر ڕێگای سلێمانی کەرکووک لە لایەن حاجی حەسەن خۆیەوە. |
| ئاداری ١٩٧٠ | گواستنەوەی تەرمی نەجمەدین مەلا بۆ ئەزمەڕ لەسەر وەسیەتی خۆی. |
| ئاداری ١٩٧٠ | دەرچوونی بەیانی ئادار لە لایەن حکومەتەوە و تایبەت بە مافی کورد لە عێراقدا. |
| شوباتی ١٩٧١ | دەرچوونی گۆڤاری دەنگی مامۆستا. دوا ژمارەی (ژمارە- ١٠) ساڵی دووەم ١٩٧٣ دەرچوو. سەرنووسەر د. کەمال خۆشناو. |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٢ | دامـەزراندنی تیپی مـۆسـیـقـای زانـکۆ کـە ئـەنوەر قـەرەداغی ڕابەری بوو. |
| ١٩٧٣/٧/٢١ | تیپی پێشڕەو دامەزرا. |
| ١٩٧٤ | تێپی مـۆسـیـقـای (زێڕین و زیوین) بە سـەرپەشـتی ولیـەم یوحەنا دامەزرا. |
| ١٩٧٧ | ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی ٣٢٥٦٠٢ کەس بوون. |
| ١٩٨٠ | دروستکردنی مزگەوتی عەلی کەمال بە سەرپەرشتی خۆی. |
| ١٩٨١ | دامەزراندنی کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو. |
| ١٩٨٤ | دامەزراندنی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە. |
| ١٩٨٤/١/١٥ | هێنانەوەی تەرمی توفیق وەهبی بەگ لە لەندنەوە و ناشتنی لەپاڵ چیای پیرەمەگروندا لەسەر وەسیەتی خۆی. |